
# عەلمانیەت؟ إیان أین؟!

لە دارِماندنی رِۆمانی پیرۆزەوە بۆ هەلوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی.
رِۆژهەلاتی ئیسلامی لە داگیرکاری سەربازیەوە بۆ شالاوی داگیرکاری فیکر ...



**ناوی کتێب: عەلمانیەت؟! یان ئایین؟!**

**لە دارماندنی رۆمانی پیرۆزەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی .**

**رۆژهەڵات، لە داگیرکاری سەربازییەوە بۆ شاڵاوی داگیرکاری فیکر ....**

**بابەت: مێژوویی، سیاسی، فیکری .**

**نوسینی: دانا حمەعلی عبدالله .**

**تایپ: ریاز کاکە محمود، یاسر یەحیا، ناز، سۆزان .**

**دیزاینی بەرگ: یاسر یەحیا عبدالله .**

**ژمارەی سپاردن:........................ .**

**چاپخانە:................................. .**

**تیراژ:...................................... .**

**ساڵی چاپ:............................ .**

............................................ .

.................................. .

.................................. .

..........................

## نێوەرۆك:


*بەشی یەکەم: مەسیحییەت لەسەرهەڵدانەوە بۆ هەرەسی لەهەمبەر عەلمانیەت :

بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت..........................................................

بەدەسەڵاتگەیشتنی مەسیحییەت (بەهی......................................................

کڵێساو قۆرخکردنی ڕۆشنبیری ئەورووپا و دژایەتی زانست و زانایان....................................

دەسەڵاتی پاپا و هەڵوێستی لەهەمبەر ژنان......................................................

دادگاکانی پشکنین................................................................................

هەڵوەشاندنەوەی پاپایەتی و سەرهەڵدانی پاشایەتی.......................................

دەرکەوتنی مەزهەبەکانی مەسیحییەت و ململانێی نێوانیان...............................

سەرهەڵانی بزاوتنەوەی چاکسازی خوازی نائایینی و دەرکەوتنی بیری هیومانیستی (عەقڵانیەت)..........................

بەدەوڵەتکردنی کڵێسا...................................................................................

شکستی چاکسازیخوانی ئایینی و زاڵبوونی بیری هیومانیستی....................

جەنگی سی ساڵەی ئایینی................................................

پەیمانی ویسڤالیا ١٦٤٨............................................................................

دووبارە ڕاڤەکردنەوەی ئینجیل..................................................

شەرهەڵدانی پاشایەتی ڕەها...............................................................

سەرهەڵدانی بۆرژوازیەت و بەدەسەڵاتگەیشتنیان..................

شۆڕشی فەرەنسی و زاڵبوونی عەلمانیەت..................

سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری لە فەرەنسا...................................................

کۆشش لەپێناو گۆڕینی سیستمی سیاسی فەرەنسا..............................................

بارودۆخی فەرەنسا پێش بەرپابوونی شۆڕش...............................................................................

تێکچونی ڕەوشی فەرەنساو بەرپابونی شۆڕش.....................................

بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی و ڕاگەیاندنی کۆماری عەلمانیەت..................................

دەسپێکی شۆڕش............................................................................

*بەشی دووەم: گەڵاڵەبوونی عەلمانیەت، مانا و پێناس و شرۆڤە :

ناساندنی عەلمانیەت..............................

دەرگیری عەلمانیەت و ئایین..................................

بنەماکانی فیکری عەلمانیەت...............................................

تێڕوانینی عەلمانیەت دەربارەی خوداو ئایین...............................................

بنەما سیاسیەکانی سیستمی عەلمانیەت.............................................

بنەما ئابوریەکانی سیستمی عەلمانیەت............................

بنەما کۆمەڵایەتیەکانی سیستمی عەلمانیەت.................................

بنەما کلتوری و ڕۆشنبیریەکانی سیستمی عەلمانیەت...............................................

دەرەنجامەکانی عەلمەنەکردنی ژیانی مرۆڤ.......................................................................................

*بەشی سێ یەم: دەرکەوتنی عەلمانیەت لە رۆژهەڵات، سەرەتای هەرەسی خیلافەت :

دەوڵەتب خیلافەتب ئیسلامی.........................

سوتاندنی کتێبخانەکانی جیهانی ئیسلامی........................

پێشکەوتنی ئەورووپا...................................

پاشکەوتنی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی.............................................

چاکسازیکردنی دەوڵەتی عوسمانی..........................................

کاریگەربوونی خوێنکارانی عوسمانی بە باوەڕە خۆرئاواییەکان...................................

سەبارەت بە خۆرئاواخوازان..................................

سەرهەڵدانی گروپ و ڕوێکخراوە نەتەوەییەکان...................

بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت............................

پەیماننامە ناهاوسەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی...........................

پرۆسەی گۆڕانکاری دەستوری......................

یەکەم سوڵتانی گۆڕانخوازی عوسمانی........................................

بنەماو پرەنسیپە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی چاکسازی و نوێبوونەوەی عوسمانی...............................

سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵەی تورکیای لاو..............................

عوسمانیەکان ڕووبەڕووی زنجیرەیەك جەنگی نوێ دەبنەوە...................................

دانانی دەستوری شێوە خۆرئاوایی.............................

ڕاگەیاندنی گروپی تورکیای لاو..............................

ڕاگەیاندنی پارتی ئیتحادو تەرەقی....................

شۆڕشی دەستوری...............................

شۆڕشی ئیتحادیەکان و گێڕانەوەی مەشروتیەت............................

ناسیۆنالیزم و ئیتحادو تەرەقی.................................

تورکیزەکردنی دەوڵەتی عوسمانی.................................

نەتەوەکانی نێو دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی.................................

ڕۆژەکانی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی............................

بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا......................................

شکستهێنان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی................................

سەرهەڵدانی کەمال ئەتاتورك.................................

هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت.............................

هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی.....................................

*بەشی چوارەم: عەلمانیەت و ئیسلام، جەنگی فیکر :

جەنگی داگیرکردنی فیکر..................................

زنجیرەپیلانەکانی خۆرئاوا کە بۆ دارماندنی خیلافەتی ئیسلامی گرتیانەبەر..............................

یەکەمین بەریەککەوتنی سەربازی و فیکری خیلافەتی ئیسلامی و خۆرئاوا.........................

کاریگەرییە ترسناکەکانی جەنگی داگیرکردنی فیکری..........................

لەبڕیارەکانی کەمال ئەتاتورك..............................................

پیلانەکانی موژدەدەرانی مەسیحی...................................

پیلانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان.......................

پیلانەکانی ماسۆنیەت.............................................

پیلانەکانی زایۆنیزم................

دەرکەوتنی نوخبەی خۆرئاواخواز....................

نوێکردنەوەی ئایینی ئیسلام.........................................

نوێگەرایی و عەقڵانیەت........................

کشانەوەی ئیستعمارو بەدەسەڵاتگەیشتنی کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخواز........................

شۆڕشەکانی ئیسلامخوازان و بەربەرەکانێی خۆرئاواخوازان............................

شکستی خۆرئاواخوازانی عەلمانی........................

گەڕانەوەی ئیسلام........................

کۆتا پیلانی عەلمانیەکان....................................

تەفسیرکردنەوەی قورئان؟ یان عەلمەنەکردنی....................................

موفەسیرەکانی عەلمانیەت و تەفسیرە سەیرو سەمەرەکانیان..............................

گرفتی خۆئاواخوازانی عەلمانی لەهەمبەر حەقیقەتی ژیاری خۆرئاوا.................................

ئاشکرابوونی حەقیقەتی دروشمەکانی خۆرئاواخوازانی عەلمانی......................

دەرەنجام......................................................

کۆتایی................................

سەرچاوەکان

.....

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

ڕۆژهەڵات، یاخود جیهانی ئیسلامی، لەمێژە گیرۆدەی ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی کراوە . زانراویشە کە هەریەکە لەو بیر و باوەڕباوەڕانە بیانیین و لە دەرەوە ڕا هەناردەی نێو گەلانی موسڵمان دەکرێن . واتا هەریەکە لەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیایانە دەرهاویشتەی قەیرانی نێوخۆییەکانی خودی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکانن، کە لەڕابردوودا و لەمێستاش دا گەلانی ئیسلامیان پێ گرفتار کراوە . وەك ئاشکرایە هەڵگرانی ئەو فیکر و باوەڕە داهێنراو و مرۆڤکردانە، تەنها ڕوکاری دەرەوەی ڕێبازە فەلسەفیەکانیان بۆ گەلانی موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی پێش چاو خستووە، وەگەرنا کرۆك و جەوهەری ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازەکانیان کە خۆی لە باوەڕ و بنەما و ڕێساکانی دا دەبینێتەوە، هەمیشە و تا هەنووکەش لە خەڵکی پەنهان دەکەن . بەڵکو بە کۆمەڵێك دروشم و بانگەشەی بریقەدار و ناڕوون و گشتگیر، لەوانیش، ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتن، ئەو فیکر و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازانەیان ڕازاندۆتەوە و وەبەر دیدی گەلانی ڕۆژهەڵاتیان خستوون .

گەلانی ناوچەکەش هەر لەو ڕوانگەیەوە لێیان گەیشتوون، ئیدی لە نێوەرۆکی فیکر و بنەماکانی باوەڕ و بنچینە یاساییەکانیان نەکۆڵیونەتەوە . هەر بەم چەشنە بوونەتە هەواداری بانگەشەکارانیان و لەوانیش کەسایەتی و ڕێکخراو و پارتەکانیان بوون .هەڵبەت لە حاڵێکدا کە کەمترین زانیاریان لەسەر پێرۆ و پرۆگرام و ئامانجی ئەو کەس و کۆمەڵ و پارتانە نییە . ئەمە سەباری بێئاگایی هەریەکە لەو مرڤانە لە باوەڕی ڕەسەنی لەمێژینەی خۆیان کە ل ئیسلام دا خۆی دەبینێتەوە .

لەمرۆدا باوەڕی عەلمانیەت بۆتە زەقترین دیاردەی ئایدیۆلۆژی کە لەتێکڕای کایە و بوارە جیاوازەکانی ژیانی چالاکی ژیانی مرۆڤ دا خۆی وەك تاکە نموونەی وێناکردنەوەی دووبارەی ژیان بەگشتی، نومایش دەکات . هاوکات ڕەتی هەر نەزمێکی دی بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیان

دەکات، بە ئایینی ئیسلامیشەوە، وەلێ ئەم ئایینە زیندووە لەدرێژایی پتر لە سەدەیەك و تا ئەمێستا و حاڵی حازر، جگە لە خۆڕاگرتنی، هاوکات پارێزگاریکردنی فیکر و عەقیدەکەی، هەروەها بنەما و بەها و قییەمە باڵاکانی، توانیویەتی تەوای کەینونەی عەلمانیەت و فیکر و فەلسەفەکەی بەسەختی بخاتە ژێر پرسیاری جدی هەژێنەرەوە . هاوشان لەگەڵ ئەوەی چەمکی عەلمانیەت و هزر و باوەڕە ئایدیۆلۆژییەکەی بەناڕشنی و لەژێر سێبەری پڕوپاگەندەی کریستاڵەیی دا دەزرقێنرێتەوە، بەهەمان چەشن لایەنەکانی دەرگیربوونیشی لەگەڵ ئیسلام بەپەنهانی و لە تاریکی دا گوزەدەکات و بەردەوامی بەو ململانێیە دەدات . ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانی ئەم جەنگە فیکرییە و شیکارکردنی ڕەهەندەکانی ڕووە جۆرا و جۆرەکانی، پاساوی زەرورەتی ئەنجامدانی ئەم لێتۆژینەوەیەیە .لەهەمانکات ئاشنابوون بە خودی عەلمانیەت و زانینی مێژووی گەڵاڵەبوون و سەرهەڵدانی یەکێکی دییە لە هۆیەکانی پێویستی بوونی وەها توێژینەوەیەك .

ئەوجا ڕۆچوون بەنێو مێژووی سەدەتاریکەکانی نێوەڕاست لە ئەورووپای مەسیحی و تێوردبوونەوە لەو ئاینە، واتا لە چۆنیەتی دەرکەوتن و پێکهاتنی، دواجار لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی بەنێو گەلانی کیشوەری ئەورووپا و پاشان بەدەسەڵاتگەیشتنی، لەگەڵ تیشکدانان لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایی پاپا و پیاوانی کلێسا لە چۆنیەتی ئیدارەدانی ژیانی گەلانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز، هەروەها کۆڵینەوە لە هۆیەکانی دەرگیربوونی عەقڵی مرۆڤی ئەورووپی لەگەڵ ئەم ئایینی مەسیحی و دواجار تێگیرانی لەگەڵ پاپا وکڵسا، لەدەرەنجامی دەستوەردانی پیاوانی ئایینی لە سەرچاوەی بنچینەیی ئایینی مەسیحیەت، واتا (ئینجیل) و شێواندنی، بەچەشنێك کە لە پاشتر و لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن دژی عەقل و سروشتی ژیانی مرۆڤەکان وەستایەوە . ئەمەش ئەو بۆچوونەی لە هزری مرۆڤی ئەورووپی دا گەڵاڵەکرد کە دۆزینەوەی بەدیلێك وەیان پێکهێنانی باوەڕێکی نوێ بۆ مرۆڤەکانی ئەو کیشوەرە، زەرورەتێکی ناچارییە . هەروەك لە درێژەی دەسەڵاتی مەسیحیەتدا و لەڕێنیسانی یەکەم و دووەم دا چەند هەوڵێك لەو پێناوەدا درا، وەلێ بێ نەگەیشتە ئەنجام . بەڵام بەگەڵ نزیك بوونەوە لە سەدەکانی شازدە و حەڤدە، بیرمەندانی ئەورووپی بەسوود وەرگرتن لە فیکری یۆنانی و ڕۆمانی کۆن، هەرەها بە کەڵك وەرگتن لە بۆچوونە گەڵاڵەکراوەکانی ڕێنیسانس، بیرۆکەی عەلمانیەتان گەڵاڵە

کرد . هاوکات بە بەرپاکردنی شۆڕشی فەڕەنسی، یەکەمین ئەزموونی دەسەڵاتی عەلمانیەتیان بەکرداری وەپێش چاەی گەلانی ئەورووپی خست .

پاش دارِماندنی دەسەڵاتی پاپا و پیاوانی ئایینی و لەکارخستنی شەریعەتی مەسیحیەت و یەکلا بوونەوەی ئەو کیشوەرە بۆ خۆی، عەلمانیەت و عەلمانیەکان، بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و ڕووەو دووەمین گەورە دەسەڵاتی ئایینی ملینا کە ئەویش خۆی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی دا دەبینیەوە . لەگەڵ شکست خواردنی عوسمانیەکان لە جەنگی دووەمی جیهانی، وە بە هاتنەناوەوەی هێزەکانی دەوڵەتانی ئیستعمار بۆنێو هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامی، ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەتیش خۆی دەخزێنێتە نێو بیر و هزر و ژیانی گەلانی ئیسلامییەوە . بەهۆی کاریگەربونی کەمینەیەك لە موسڵمانان بەم باوەڕە خۆرئاواییە، لەگەڵ پاشەکشەی ئیتعمار لە دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیەکان و بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەم نوخبە خۆرئاواخوازە، هەڵبەت بە یاریدەی ئیستعمار، ئیدی لەو ساوە و تا ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامیی بەناچاری خزاوەتە نێو جەنگێکی فیکری و ئایدیۆلۆژی دژوارەوە، کە لەمەشیاندا کەمینەی خۆرئاواخواز و خودی خۆرئاوا، مەبەستیان داگیرکردنی عەقڵی مرۆڤی موسڵمانە .

لە ڕابردوودا و لەسەردەمی باڵادەستی دەوڵەتی خاچی دا، خۆرئاواییەکان هەوڵی داگیر کردن و دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژهەڵاتیان دا و چەندین جەنگی سەختیان ڕووبەڕووی گەلانی ناوچەکە کردەوە، پاشتر و لەسەردەمی باڵادەستی دەوڵەتی نەتەوەیی عەلمانی دا، خۆرئاواییەکان جەنگی ئیستعماریان ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵات کردەوە و سەرلەبەری ناوچەکەیان خستە زێر هەژموون دەسەڵاتی خۆیانەوە، وەلێ ڕووبەڕووی بەرەنگاری سەختی گەلانی ئیسلامی بوونەوە . پاش ئەم دوو هەوڵە سەربازییە شکست خواردووەیان، هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی ئیستعمار، ئیدیی خۆرئاوا جەنگە سەختەکەی دەستپێکرد، واتا جەنگی داگیرکردنی فیکر و بیر و باوەڕەکان . ئەویش بەهۆی شۆردنەوەی عەقڵی مرۆڤ لە عەقیدە و باوەڕی ڕەسەنی خۆیی و پاشتر زاخاودانەوەی بە فیکر و باوەڕەکانی خۆی، لەوان و دیارترینیان لە ئەمێستادا عەلمانیەتە .

زانراوە کە مەترسی دارترین جۆری داگیرکاری، داگیرکردنی فیکرییە، واتا داگیرکردنی عەڵەکان . چوون ئەو مرۆڤەی کە عەقڵی ئازادە، مانای ئازادی و سەربەخۆیی دەزانێت، لەهەمانکات

تێدەکات لە مانای زەبونی و ژێردەستەیی، لەبەر ئەوە ملکەچی هیچ داگیرکارێك نابێت و ژێردەستەیی و قبولٚ ناکات، گەر لەحاڵێکدا نیشتمانەکەی ڕووبەڕووی داگیرکاری بویەوە و سەروەری وڵاتەکەی ژێرپێ نرا و بۆخۆیشی بەندکرا، ئەوا شعور بە زەبوونی مەزلۆمیەتی خۆی دەکات، هەروەك دەرکی بەدکرداری و ستەمی زۆرەکەشی دەکات، ئەمەش خواستی دووبارە کۆشش کردن و دەستپێکردنەوەی خەباتی لەپێناو رزگارکردنەوەی نیشتمانەکەی و بەدەستهێنانەوەی ئازادی و کەرامەتی خۆیی لەلا گەڵاڵە دەکات . وەلیٚ ئەو مرۆڤەی کە فیکری داگیرکراوە و عەقڵی دەستبەسەرکراوە، لەحاڵێکی وادا نەك هەست بە لەدەستدانی وڵات و ئازادی خۆی ناکات، بەڵو شانازی بە داگیرکارەکەشیەوە دەکات ! یاخود هەربۆخۆی داوای لەشکرکێشی بۆسەر نیشتمانەکەی دەکات ! ئەوجا هەر ئەو مرۆڤە عەقڵ کۆلۆنیالکراوە دەبێتە پێشەنگ و چاوساغی داگیرکار و باشترین و دڵسۆزترین هاوکاریان دەبێت لە پرۆژە ئیستعماریەکەیان .

شکستی خۆرئاوا لە داگیرکردنی سەربازی ڕۆژهەڵات، گەورەترین هاندەری وولاتانی خۆرئاوایی بوو لە درێژەدان بەم جەنگە و پەرەپێدان و فراوانکردنی شاڵاوی داگیرکاری فیکری بۆ سەر بیر و باوەڕی گەلانی ڕۆژهەڵاتی، کە ئەوەش لە ئیسلام دا خۆی دەبینیێتەوە . تا لەم ڕێگایەوە درێژە بە دەسەڵات و هەژموونی خۆی بەسەر جیهانی ئیسلامی بدات . لەهەمانکات بەرلە سەرهەڵدانەوەی ئیسلام وەك ئایینێکی خاوەن گوتاری سیاسی بگرێت .

پتر لە یەك سەدەیە ئەم ململانێیە دەستی پێکردووە و تەشەنەی بۆ تەواوی بوارەکانی چالاکی ژیانی مرۆڤەکان کردوە و هەریەکەیان لەهەوڵی سڕینەوە، یاخود لانی کەمی وەدەرنانی ئەوی دیان لە کۆمەڵگا و دواجار پەراوێزخستنی لە ژیان گشتی دەکات .

ئەوانەی کە نوێنەرایەتی هەریەکە لەم دوو ڕێبازە دەکەن، ئیسلامخوازانن، کە لایەنێکی مەزنی هاوکێشەکەن، ئەم ڕەوتە ڕزگاری و پێشکەوتنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی لە گەڕانەوەیان بۆ ڕەسەنایەتی مێژوویی خۆیاندا دەبیننەوە . بەواتای دووبارە و سەرلەنویٚ بەئیسلامکردنەوەی دەوڵەت و یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگا و گشت کایە و بوارە جیاوازەکانی ژیانیان، بە ڕەهەندی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە . ئەمەش بە ئامانجی بەرپاکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئیسلامی . وەلیٚ بەرەی دووەم کەمینەیەکی کاریگەر بە فیکری خۆرئاوان،

که ڕزگاری و پێشکەوتنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی لە دەستبەرداربوون لە ئیسلام و عەقیدە و شەریعەت و کلتورەکەی دا دەبیننەوە ! هەروەك پێیانوایە کە ئایینە هۆی دواکەوتن و نەزانی و هەژاری ئەم نەتەوانەیە ! هەربۆیەش پڕوپاگەندەی باوەڕیانوایە کە تاکە ڕێگای دەربازبوون لەم بارودۆخە، شوێنکەوتنی بێ پەندوچوونی خۆرئاوا و فیکر و باوەڕەکانی ئەوان پەسەنکردنی ئەو شێوە ژیانەیە بەبێ بژاردەکردنی چاك و خراپی !

بەهۆی عەلمانی بوونی ژیاری خۆرئاوا، کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخواز پێیانوایە کە بەپیرۆکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لە ڕۆژهەڵات، هەمان ئەو پێشکەوتنە زانستیانەی خۆرئاوا پێی گەیشتووە، گەلانی ڕۆژهەڵاتیش پێی دەگەن ! شاراوەنییە کە نوخبەی خۆرئاواخواز لەژێر کاریگەریەکانی مژدەدران و ڕۆژهەڵاتناسان و ئیستعماردا ئەم بیرۆکەیەیان لا گەڵاڵە بووە . هەروەك لەپاش سەدەیەك لە دەسەڵاتداریان لە تێکڕای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و پاش تاقیکردنەوە و ئەزمونکردنی گشت باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەکانی خۆرئاوا، نەیانتوانی تاقە نموونەیەکی سەروکەوتوو پێشکەشی گەلانی ناوچەکە بکەن . لەحاڵێکدا بەرەی ئیسلامخوازان لەچەندین وڵاتدا توانیان چەندین ئەزموونی سەرکەوتوو پێشکەش بکەن و بەرپەرچی ئەو تۆمەت و پڕوپاگەندەی خۆرئاواخوازان بدەنەوە، لە نموونەی ئەوانەش، مالیزیا و (ئێران)...هتد .

لێرەوە خواستی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی ڕووی لەپەرە کردووە، تا شکۆی ڕاستەقینە بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی بگێڕدرێتەوە و لە تەقلیدکردنەوە قوتار بن . یاخود روونتر بڵێین دەرکەوت کە بیرۆکەی عەلمانیەت نوێگەری نیە و پێشکەوتنیش ناخولقێنێ، بەڵکو ڕاستر واتای پاشکۆیەتی و وابەستەگی کردنەوەی گەلانی ڕۆژهەڵاتیە بە خۆرئاوا و دەسەڵاتی ئەو ژیارە مادییەوە . بەواتا ململانێی عەلمانیەت و ئیسلام، جەنگە لەپێناو بڕیارێکی چارەنوس ساز، بڕیاری پاشکۆیەتی و شوێنکەوتنی خۆرئاوا، یاخود بڕیاری سەربەخۆبوون و بوژاندنەوەی شارستانیەتی ئیسلامی .

هەرکام لەو دوو بژاردەیەش بەنیسبەت گەلانی ڕۆژهەڵاتیەوە سەختن . چوون لەلایەك کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخواز، سەرباری شکسهێنانیان، چنگیان لە دەسەڵات و دامەزراوەکانی گیرکردووە و لەهەمانکات خۆرئاواش بەتەواوی توانایانەوە لەپشتیانەوە وەستاون . لەلایەکی دی بەرەی ئیسلامخوازانیش دەرفەتی دەسەڵات گرتنەدەستیان پێ نادرێت، جاخۆ بەرێگای دیموکراسی بێت

یاخود بەهەر ڕێگایەکی دی، گەرچی خاوەن جەماوەری فراوان و فیکری کارا و پڕۆژەی مەزنن . هەربۆیەش لەئێستادا نوخبەی عەلمانی لە هەوڵی لێدانی بنەما  فیکریەکانی ئیسلامن، وە کۆششی هەمەلایەنەیان بەگەڕخستووە بەئامانجی بەرکەنارکردنی ئەم ئایینە لە مەیدانی سیاسەت و دەوڵەتڕانی دا . تا بەو چەشنە بەردەوامی بەمانەوەی خۆیان بدەن و لەهەمانکاتیش وا بخەنە لە گەلانی ناوچەکە بگەیەنن کە عەلمانیەت و عەلمانیەکان بەدیل و جێگرەوەیان نییە ! ئالێرەشەوەیە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە پەنا بۆ جەنگی فیکری دەبات و دەست دەداتە هەوڵی دووبارە ڕاڤەکردنەوەی بنەمای بنەڕەتی ئەم ئایینەو دەکۆشێ بۆ لەقالّب دان و کورت هەڵێنانی لە پەرستشە ڕۆحییەکانی وەك نوێژ و ڕۆژ و حەج دا .

هاوکات بەرەی ئیسلامخوازانیش دەگەڕێنەوە بۆ ڕەسەنایەتی مێژوویی ئیسلام و هەوڵی بەگەڕخستنەوەی شەریعەت و شەرعییەتی مێژوویی ئەم ئایینە دەدەن . لەم دوو دیدگا و تێفکرینەوەیە کە جەنگی فیکری بەرۆکی ڕۆژهەلاتی گرتووە، ناسینی حەقیقەتی ئەم ململانێیە و ڕەهەندەکانی، هەروەها کاریگەریەکانی لەسەر تێکڕای بوارەجیاوازەکانی ژیانی گەلانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی، زەرورەتی بوونی ئەم توێژینەوەیە .

# بەشی یەکەم

## مەسیحییەت، لەسەرهەڵدانەوە بۆ دارمانی لەهەمبەر عەلمانیەت:

لەگەڵ وەدەرکەوتنی مرۆڤ و دابەزینی بۆ سەر ڕوی زەوی، ئاین وەك ڕێنوێنی کار و ڕێنیشاندەری مرۆڤ بوونی خۆی وەدەر خستووە، هیچ چاخ و زەمەنێك لە مێژووی مرۆڤ خاڵی نیە لە ئاین و ڕۆڵی لە کار و چالاکیەکانیدا هەبوە. هەر گۆشە و کەنار و پارچەیەکی سەر ڕووی زەمین تەی بکەین چاومان هەڵدەتۆقێ بە دیاردەی ئاین، بە چاوپۆشی لە چۆنیەتی و ڕاستی و دروستی ئەو ئاینە. مێژووی دروست بوونی یەکەم ئاین و بەخشینی بە مرۆڤ لە لایەن پێغەمبەرانی (خودا) وە بووە. بە چاو خشاندنەوەیەکی خێرا بە مێژووی مرۆڤدا، نێو و نێو بانگی پێغەمبەر گەلێك وە بەر دیدەمان دەکەوێت کە بە خۆ و کتێبی ئاینی ئاسمانیەوە بۆ نێو مرۆڤ گەلی سەردەمانی خۆیان نێردراون. بەلاّم لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا سەرکەشی مرۆڤ، وە ڕۆڵی وارسکە (غەیزە ) و ئارەزواتەکانی مرۆڤ بۆ ترازان و دەرچوون لە سنوری یاسا و ڕێساکانی ئاین و پابەند بوون پێیەوە لەگەڵ خودی خۆیان و کۆمەڵگا و ژیار و شارستانیەتیان، ئاینیشیان لە ئاراستەی خۆی وەرچەرخاندووە و ڕووەو هەڵدێریان بردووە. ئەمەش خواستی نێردرانی پێغەمبەرێکی نوێی، بە کتابێکی نوێ وە هێناوەتە ئاراوە هەر بۆیەش لە دوای تەحریف کردنی (تەورات) ئاینی جولەکایەتی و خاڵیکردنەوەی ئەو کتابە لە نێوەڕۆکە داڕێژراوە ئاسمانیەکەی و بە دنیایی کردنی لە لایەن حاخام و پیاوانی ئەو ئاینەوە و لێوان کردنی لە خورافە و خواستی مرۆڤ، وە بەکار بردنی ئەو ئاینە لە پێناو وە چنگ خستنی دەست کەوتی مادی، پێویستی و زەمینەی سەرهەڵدانی ئاینێکی نوێ بەرەو وەدیهاتن دەچوو. لێرەشەوە ئاینێکی نوێ بە نێوی مەسیحیەت ڕووی لە سەر دەرنان کرد، مەسیحیەت وەك یەکێك لە گەورەترین ئاینەکانی مێژوو لە لایەن (عیسای کوری مەریەم / علیە السلام) لە ماوەی تەمەنی دا (١-٣٣ز) وەك پەیامبەری ئاینەکە ڕاگەیەنرا و (ئینجیل) بە واتای مزگێنی ، وەك (کتێبی پیرۆز ) ناسێنرا.(١)

---

(١) ئەوروپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا — کەیوان ئازاد / چاپی دووم -٢٠٠٤

لە پاش مەسیح، مەسیحیەت بەماوەیەکی دور و درێژی تاریکی دا تێپەڕی کرد، چونکە دانەرە ڕۆمانیەکانی هاو سەردەمانی هیچی ئەوتۆیان لە بارەوە نەدەنوسی کە شایەنی باسکردن بێت، چونکە هەموو ئیمانێك، بەو پێیەی باوەڕێکی مێژوویيە، لەسەر کتێب گەلێك دادەمەزرێت، کە وەك گرەنتیەك پێویستی بە جەماوەرێکی خوێندەوار هەیە کە دەکرێت بەهۆی نوسەر گەلێکی هاوچەرخەوە بە تێوە گلانی تایبەت لەگەڵ بانگەشە کارانی سەرەتاییدا تاوانبار نەکرابن، چاودێری تیادا بکرێت ئیدی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ دانراوە هاوچەرخەکاندا بیَ دابڕان هەر بەردەوام بە (متواتر) مایەوە. لەوەتی ئەم سەرەتایانەوە هەتا ئەو کاتەی کە تیایدا مەسیحیەت جەماوەرێکی خوێندەواری بۆ خۆی دروست کرد، مێژووەکەی بەو پێیە مێژوویەکی نا ڕۆشن بوو ئێمەش لە کاریگەری ڕێبازەکەی لەسەر ئەخلاقیاتی ئەو کەسانەی کە باوەریان پیَ هێنا بیَ ئاگاین، ئایا مەسیحیەکانی سەرەتا کەس گەلێك بوون دروست ئاکاریا چاك بوو بوو یاخود کەس گەڵکی ئاسایی باو بوون.(٢) واتە لە زەمەنی خودی (عیسا پێغەمبەر /د.خ) و هەوادارانی سەرەتای ئەو ئاینە نوێیەدا خوێندەوار گەلێکی ئەوتۆ لە نێو مەسیحیە سەرەتاییەکاندا نەبوو کە ڕاستەوخۆ و لە زاری خودی عیسا و هاوڕێیانی (حەواریەکان)ـەوە دەق و تێکستە کانی ئاینە نوێیەکە بژنەون و هاوکات لەگەڵیشی دا دایرێژن و لەسەر پەڕاو وەك خۆی، واتە وەك دەقە بیستراوەکەی بینوسنەوە و دواتریش بکرێتە کتێبی بنەڕەتی و سەرچاوەی ئاینەکە و خەڵکی لەسەر ڕێنوێنی بکرێت. ئەم دۆخە نەخوازراوە تیکستە بنچینەییەکانی ئاینە نوێیەکەی ڕوو بە ڕووی لە نێو چوون کردەوە و ئەوەشی کە دەماو دەم گواسترایەوە لەگەڵ زیادە بێژی گێڕەرەوەکانی ڕو بە ڕو بوو، وە تێکەڵ بە خواستی کەسی کرا و کەوتە ژێر پرسیار و گومانی توندەوە. ئاینی مەسیحیەت بە پێچەوانەی هەردوو ئاینەکەی دیکەوە (جولەکایەتی – ئیسلام ) بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە و گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر دا هاتووە، بە پێی سەرچاوەکان ئەو مەسیحیەتەی دوای چوار مێخە کێشانی یەسوعی مەسیح ( عیسای کوڕی مەریەم ) بە گوتەی خۆیان خەت و خاڵی داوە، جیاواز بووە لەوەی (عیسا /علیه سلام ) سەرگەرمی بلاْوکردنەوە و جێگیر کردنی بووە.

---

(٢) فەلسەفەی ئاین و پەروەردەی لای کانت – عبدالرحمن بدوی – ل ١٢٠-١٢١

ڕابەرانی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی دوای عیسا پێغەمبەر جویەك بووە، وەك خۆی گوتەنی ڕەب لە ڕێگای دیمەشق موعجیزەی نیشانداوە و بووە بە سەحابەی عیسا پێغەمبەر، ڕێوشوێنی ئایینەکەی تاوەکو وڵاتی یۆنان و ڕۆمی بلاْوکردۆتەوە.(٣) وە هەندێك لە سەرچاوەکان ئاماژە دەدەن بەوەی کە (پۆڵس) بلاْوکەرەوەی ئاینی مەسیحیەت لەسەرەتادا جولەکەیەکی دەمارگیر بووە و حیقدێکی توندی لە بەرابەر عیسا و ئاینەکەشی دا هەبووە بەلاّم دواتر بە تۆبزی و لە دوای گەڕانەوەی لەگەشتێك بۆتە شوێن کەوتەی عیسا و مەسیحی بوونی خۆیی ڕاگەیاندەوە و خۆی وەك جێگری عیسا ناساندوە، بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە خودا لەو گەشتەی دا بەر جوو (موعجیزە ) ی نیشانداوە، ئیدی لێرەشەوە مرۆڤانێکی بێ شومار واداری خۆی دەکات و بۆ خۆیشی وەك سەرچاوەی بنەڕەتی ئاینی مەسیحایەتی، خۆی بە خەڵکی دەناسێنێت. وە پۆڵس دەبێتە جێیاری عیسا و گوفتارەکانی پۆڵسیش جێگای گوفتارەکانی مەسیح دەگرنەوە لەوە بەدواش هێندەی ناو و قسەکانی وی مان بەر گوێ دەکەوێت هێندە ناوی عیسا و گوفتەکانی وی ناژنەوین. جگە لە پۆڵس خەڵکانی دی وەك (پترۆس) هەروەها ... هتد. دەستیان لە دروست کردنی ئینجیل دا هەبووە وە زۆرانیکی دیش لە دوای ونبوونی عیسا خۆیان بە ڕاوی و گێڕەرەوەی گوفتارەکانی عیسا پێغەمبەر ناساندوە. هەر بۆیە دەبینین لەدوای تێپەڕینی (٢٠٠) ساڵ بەسەر ونبوونی پێغەمبەری ئەم ئاینە وادارانێکی خوێندەوار لە نێو هەڵگرانی ئەم ئاینە (مەسیحیەت ) پەیدا دەبن و دەست دەکەن بە نوسینەوەی. لێرەشەوە گرفتە گەورەکە خۆی وەدەر خست کە ئەویش خۆی لە زۆری ژمارەی ئەو کەسانە دا دەبینیەوە کە بە نێوی عیسا دوانیان دابوو، وە قسانێکیان بەر گوێی خەڵکی دەخست کە گوایە بەشێکە لەو ئاینە و فەرمایشتی عیسا پێغەمبەرە لە هەمان کاتیشدا هەر خودی ئەو گوفتارانە لەگەڵ یەکدی ناکۆك و پێك دژ بوون، ئەمە سەرباری نەگونجانیان لەگەڵ لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق دا.

هەر بۆیە دەبینین لەگەڵ دەست کردن بە کۆکردنەوە و نوسینەوەی دەق و تێکستە پێك هێنەکانی ئەو ئاینە شومارێکی زۆر لە ئینجیل کەوتنە بەر دەست و دیدی مەسیحیەکان بە چەشنێك هەندێك سەرچاوە ژمارەی ئینجیلەکان بە (٣٦٠ )ئینجیلی جیاواز و جۆراو جۆر دیاری کردووە،

---

(٣) فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا – حەمید عزیز - چاپی یەکەم

له هەندێ سەرچاوەی دیش دا ژمارەی ئینجیلەکان بە (١٤٠) دانەی پێك ناکۆك دیاری کردووە. ئەم ژمارەیە لە ئینجیل لە سەرەتادا بەکار هێنراوە، تا لە کۆبوونەوەی (نیکیتا) چواریان (ماتۆس ، مارکۆس ، لۆکاس، یۆهاس ) هەڵبژێردراون و لە لایەن کلێساوە دانیان پێدا نراوە و ئەوانی دیکە فەوتێنراون. ئەو چوار کەسە گوایا یاوەر و سەحابەی یەسوعی مەسیح بوون و چییان دیوە و بەگوێی خۆیان چییان لە عیسا بیستووە تۆماریان کردووە .فۆرفۆریوس کە کتێبی بە ناوبانگی مەنتیق (ئیساغۆجی ) بەناویەوە ناسراوە، فەیلەسوفێك بووە لەو فەیلەسوفانەی بە کردەوە و نوسین بە گژ بڕوای ئایینی جولەکە و مەسیحیەت دا چوەتەوە و هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە تەورات و ئینجیلی جولەکە و مەسیحی چەندین ناکۆکی و ناشیاوەکیان تێدایە و ئەو ناکۆکیانەش ناشێ لە کتێبێکدا هەبن کە لافی ئاسمانی لێبدەن (٤) ڕەخنەکانی فۆرفۆریوسیش بەو هۆیەوە بوو کە جیاوازی ئاشکرا و سەرنج ڕاکێش لەو چوار ئینجیلەدا هەست پێ دەرێت. وە (ڕۆدۆلف – بۆلتمەن ، زانای تیۆلۆژی ڕادیکاڵ و نوسەری کتێبی عیسای مەسیح و ئستورە ناسی لە ساڵی ١٩٥٨ ز) لەسەر ئەو بڕوایەن کە نێوەڕۆکی ئینجیلەکان بە زۆری دروست کراوی دەستی دانەرەکانیانن(٥) .

ئەمە دەمانگەیەنەتە ئەو ڕاستیەی کە ئاینی مەسیحیەت هەر لە بنچینەوە لەرزۆکە و لەسەر ڕستێك (کۆمەڵێك ) گوفتاری گوماناوی قەشە و ڕاویەکانی نێوەڕۆکی ئەو ئایینە پێك هێنراوە، ئەو ئینجیلانەش داڕێژراوی گوفتاری ڕاویەکانن نەك ( عیسا-علیە السلام ). وە گەر گوفتارێکی عیسا پێغەمبەری لە نێوی دا بوونی هەبێت ئەوا کەم و دەگمەنن و لە مەبەستەکەشی هەڵخرێنراوە بە ئاراستەیەکی دی دا .

بە پێچەوانەی ئاینی ئیسلام کە هەر لە سەرەتاوە و لە گەڵ ژنەوتنی ( بیستنی ) لە زاری خودی پێغەمبەر (محمد/ρ) و هەر لەلایەن صەحابیەکانیەوە (هاوڕێ یەکەمینەکانی ) کۆکرایەوە و نوسرایەوە بە یەك پەرتووك( مصحف ) خرایە بەر دەست و دیدی شوێن کەوتوانی،

---

(٤) فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا – حەمید عزیز - چاپی یەکەم

(٥)سەرهەڵدانی مەسیحیەت – داناردۆ – چاپی یەکەم – ل٣٩

به بێ بوونی هیچ چەشنە ناکۆکی و پێك دژیەك لەو کتابەدا و سەرجەمی شوێن کەوتوانیشی کۆکن لەسەری .

## بلاَوبوونەوەی مەسیحیەت :

*بەهۆی گەشتەکانی هەردوو باوەڕداری مەسیحی (پوترس – پۆڵس ) گواسترایەوە بۆ چەند ناوچەیەکی باشووری ئەورووپا .

* باوەڕهێنانی (قوستەنتینی یەکەم ) ئیمپراتۆری بیزەنتی بە مەسیحیەت بە پێی پەیمانی (میلان)، لە ساڵی (٣١٣ز ) و کردی بە ئایینی ڕەسمی دەسەلاَتەکەی .

* باوەڕ هێنانی (کلۆفیس)ـی ئیمپراتۆریەتی فەرەنجە لە ساڵی (٤٩٧ز)، گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خۆرهەلاَت و باشوری خۆرهەلاَتی ئەوروپا.

* هەوڵی خێڵە سەکسۆنیەکان لە باکوری ئەوروپاو گواستنەوەی ئایینەکە بۆ ئەسکەندەنافیا و دورگەی بریتانیا.

*هەوڵەکانی قەشە مەسیحیەکانی باشوری ئەوروپا و گواستنەوەی ئایینەکە بۆ ناوچە جیا جیاکانی ئەورووپا.(٦)

هاوکات لەگەڵ بلاَوبونەوەی ئاینی مەسیحیەت، هەوادارانی ڕوبەڕوی ئەشکەنجە و ئازاری توند بونەتەوە و یەکەمین خەنیمیی سەرسەختی مەسیحیەکانیش ئیمپراتۆری ڕۆمانی بوو کە لە تەواوی ناوچەکانی کەوتە ڕاوەدونان و گرتن و کوشتنی مەسیحیەکان و ڕێگری کردن لە بلاَوبونەوەی ئاینەکە بە ڕێگە و شێوازگەلی جۆربەجۆر، لەو سزا و ئەشکەنجانەش کە ڕوبەڕوی ئایندارانی مەسیحی دەبوویەوە ئەشکەنجە دانی تامەرگ، یاخود ڕوبەڕو کردنەوەی هاو ئایینە مەسیحیەکان، وە ناچار کردنیان بە جەنگان لەگەڵ یەکدی تا یەکدی کوشتنیان، ئەمەش لە پێش چاوی جەماوەر و لە مەیدانی گلادیاتۆرەکان،

---

(٦) ئەوروپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا – کەیوان ئازاد –چاپی دووەم .

وه فڕێ دانیان بۆ نێو قەفەزی ئاژەڵە دڕندەکان و خواردنیان لە لایەن ئەو ئاژەڵە دڕندانەوە، هەروەها بەندی هەتایی و ناچارکردنیان بە ئەنجام دانی کاری قرس و تاقەت پڕوکێن. هەروەها گوشار خستنە سەریان لە پێناو پاشگەز بونەوە لە ئاینە نوێیەکەیان و گەڕاندنەوەیان بۆ سەر ئاینی پێشینیان، هۆی ئەو دژایەتیە توندەی دەسەلاَت دارانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە بەرابەر ئایندارە مەسیحیە نوێیەکان ملکەچ نەبوونی وان بوو بۆ وی. مەسیحیەکان پەرستنی (عبادە الأمبراگور) یان ڕەت دەکردەوە، چونکە وایان دەبینی کە ئەو پەرستنە جۆرێکە لە بت پەرستی و هەرگیز نابێت سازشی لەسەر بکەن. لە کاتێکدا پەرستنی ئیمپراتۆر ئەرکێکی بنەڕەتی بوو سەبارەت بە ئایینی ڕۆمانی کۆن و یەکێك بوو لە پایەکانی حوکمی ڕۆمانی و ڕگەزێك بوو لە ڕگەزەکانی یەکێتی و لە هەمان کاتدا دیاردەیەکی پەیوەندی دارێتی ئایینەکە بوو. کاتێك دەسەلاَت دارێتی ڕۆمانی ئەم هەڵوێستە دژ کاریەی لە مەسیحیەت بینی کە چۆن دژ بە پەرستنی ئیمپراتۆر ڕادەوەستێت، ئەمەی بە هەڕەشەیەکی ترسناك دانا نەك بۆ دەسەلاَت و پایەی بالاَی ئیمپراتۆر بە تەنها، بەڵکو بۆ ئیمپراتۆریەت و قەوارەی ئیمپراتۆریەتیش، بۆیە لە دیدی دەسەلاَت داراندا ئەنجام دەری تاوانی لەم شێوەیە شایستەی هەموو جۆرە سزا دانێك بوو.(٧) هەر بۆیە مەسیحییەکان پێداگرییان دەکرد کە خودای ئەوان فەرمانڕەوای سەرجەم جیهانە ... بەڵکو لێبڕاوانە پێداگرییان دەکرد کە سەرجەم خواداکانی دیکە درۆن. نوسەرە مەسیحییەکان خوداکانی دیکەیان بە(خودای درۆین )ـــیان (شەیتان ) ناودەبرد و ژمارەیەك لە مەسیحیە ئازاو شەڕانیەکان کاتی تێپەڕبوون لە پاڵ پەرستگەی موشریکەکاندا پەنجەیان بۆ دەکێشان ... (گاڵتەیان پێ دەکردن ). وە زۆربەی موشریکەکان نیگەران بوون کە گروپێکی خودا نەناسی زێدە ڕۆ لە نێو ئەواندا لە وانەیە تورەی خواداکان بە نیسبەت ئیمپراتۆر هەڵخرێنن. لە هەمووشی خراپتر لانیکەم لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە مەسیحییەکان لە دۆعاکردنی ئیمپراتۆردا بەشدارییان نەدەکر. (٨)

---

(٧)مێژووی جەنگە خاچیەکان – د. ئاراس فەریق زەینەڵ .

(٨)سەرهەڵدانی مەسیحیەت –داناردۆ – چاپی یەکەم

ئەمە هێندەی دی دژ بەرایەتی نێوان مەسیحییەکانی لەگەڵ ئیمپراتۆر و هاولاّتیانی موشریکی نێو ئیمپراتۆریەتدا توند تر دەکردەوە و نێوانیانی زێدە تر لێکدی دور دەخستەوە. بەم پێیە ململانێی ئایین دارانی مەسیحی لەگەڵ دەسەلاّتی ئیمپراتۆری و هاولاّتیانی موشریکی نێو ئیمپراتۆری بەردەوام درێژەی هەبوو تا لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی زاینی دا گۆڕاو ئیمپراتۆر قوستەنتین هێزێکی ڕێکخراوی ئایدیۆلۆجی لە مەسیحییەت دا بەدی کرد کە دەکرا لە ململانێی دژ بەرەکەی لەسەر دەسەلاّت بەکاری بهێنێت. بۆیە لە ساڵی (٣١٣ز) دا مەرسومی میلانی دەرکرد کە تیایدا دانی نا بەوەی مەسیحییەت وەك ئایینەکانی تری ناو ئیمپراتۆریەت یەکسان بێت، دواتر خۆیشی بوو بە مەسیحی و هەژموونی بەسەر هەموو ئیمپراتۆریەتەکەدا چەسپاند. وێڕای ئەو چەوساندنەوەی لەسەردەمی جولیان ( ٣٦١ز-٣٦٣ز) دا بەرەو ڕووی مەسیحییەت بویەوە، بەلاّم لەگەڵ کۆتایی سەدەی چوارەم دا، بوو بە ئایینی ڕەسمی خاوەن هەژموون بەسەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵی بەرز ڕاگرتنی دەدا.(٩) لێرەشەوە ئایندارانی مەسیحی وێڕای ڕزگار بونیان لە جەور و ستەمی دەسەلاّتدارانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەرفەتی بلاّوکردنەوەی ئازادانەی ئایینەکەیان بۆ ڕەخسا و دەیان توانی ئازادانە پەرستشەکانی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن، ئەمەش خولیای بینا کردنی جێگایەکی کۆبونەوەی بۆ تەواوی هاو ئایینە مەسیحییەکان لە هزری چالاکوانانی مەسیحی دا خولقاند تالەوێدا پەرستشە ئایینیەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و ڕاو تەکبیریش بۆ کاروبارە ئایینیە کانی دیان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە پەرستگاکانی خۆیان لە شار و ناوچە جیاجیا کانی نێو ئیمپراتۆریەت بونیادنا و دواتریش بە کڵێسا ناسران. تێکڕای ئایندارانی مەسیحی ڕویان تێدەکردن تا لەوێدا بە هاوبەشی لەگەڵ برا هاو ئایینەکانیاندا پەرستشەکانیان جێبەجێ بکەن و زێدە تریش لە ئایینەکەیان شارەزا بن ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە شارەزایی قەشەکانی ئەو ئایینە و گوێ ڕادێران لەوانە و مۆچیاریە ئایینیەکانیان .

**خۆچەسپاندنی ئایینی مەسیحیەت " هەڵوێستی لە هەمبەر دەرەبەگ و کۆیلەدا " :**

---

(٩) پوختەی مێژووی ئەورووپا- پرۆفیسۆر دکتۆر جیفری برۆن .

کڵێسا لەڕووی پێکهاتە و ڕێکخستنی نێوخۆییەوە لەم پۆست وپێگە و پلانە پێك هاتبوو :

* خزمەتکارانی کەنیسە ـــ بە ( ڕەبەن )ـە کان ناسرابوون.

* قەشەکان ـــ بەرپرسی کەنیسە، کە تەنیا نێرینە بوون.

* ئوسقوف ـــ بەرپرسی چەند کەنیسەیەك لە هەرێمێکدا.

* کاردینالْ ـــ بەرپرسی کەنیسەکانی چەند هەرێمێك.

* پاپا ـــ گەورەی تێکڕای کەنیسەکان و ڕابەری ڕۆحی مەسیحیەکان و وەك باوکی ئایین مەسیحی ناسرا، کە لە شاری ڕۆما بوو.(١٠)

بەر لە بلاْوبوونەوەی ئایینی مەسیحی و دروست بوونی کڵێسا، هاوشان لەگەڵ دەسەلاْتی مەرکەزیی ئیمپراتۆری ڕۆمانی، دەسەلاْتی ناوچەیی بوونی خۆیان لە سەرجەمی ناوچە و هەرێمەکانی ژێر دەسەلاْتی ئمپراتۆری لە شێوەی سیستمی دەرەبەگی دا داسەپاند بوو بەسەر گەلانی ئەورووپی دا، وە دەرەبەگەکان خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەلاْتی ناوچە و هەرێمەکان بوون، هەروەها مافی خاوەن دارێتی تەواوی زەوی و زار و مەزرا کشتیاریەکان و تێکڕای جوتیاران و خاو و خێزانیان و کۆی داهاتی وەبەرهێنراویان بوون.

لەم ڕەوشە پڕ گرفتاریەی کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و بە تێپەڕ بوونی کات کڵێسای کاتۆلیکی بۆ توخمێکی کاریگەری پێك هاتەی کۆمەلاْیەتی و فیکری و سیاسی ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەورووپا، گۆڕا دوای ئەوەی لە ڕێیی بەخشین و سەدەقە و لێبوردن لە دانی تەواوی باجە دونیاییەکان بوو بە خاوەنی گەورەترین سەروەت و سامان و سێ یەکی باشترین زەوی و زاری ئەورووپای کەوتە دەست، لەوساوە کڵێسا بۆ خۆی بووە گەورەترین دەرەبەگ و پارێزەری ئەو بارودۆخە و لەم پێناوەشدا بووە پێك هێنەری بنەمای فیکری سیستەمی دەرەبەگایەتی، وە بەجۆرێك پرەنسیپەکانی دادەتاشی،

---

(١٠)ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەریدا – کەیوان ئازاد –چاپی دووەم

که بتوانێت خزمەت بە ڕەوشی باو بکات.(١١) هەروەك چۆن (سانت پۆل) دەڵێت " بە کۆیلەکان ڕابگەیەنن گوێ ڕایەڵی گەورەکانیان بن و ڕازییان بکەن، سەرپێچییان نەکەن.(١٢)

ئەمە لە حاڵێکدا گەلانی ئەورووپی لە ژێر باری جەور و ستەمی نالەبار و تاقەت پڕوکێنی ئەو سیستەمە دەرەبەگیەدا بڕستی لێ بڕابوو، وە بە هیوای ڕزگاری بوو لە ستەمی، بەلاّم ستەمی کلێسا و پیاوانی کلێساشی هاتە سەر. لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا ئایینی مەسیحییەت ڕەگ و ریشاڵە فیکرییەکانی خۆی لە نێو کۆمەڵگا ئەورووپییەکاندا ڕەگاژۆ دەکرد و هاوکات کلێسا و پیاوانیشی هێزی زێدە تریان وە چنگ گیر دەبوو، لێرەشەوە دەسیان دایە هەڵپەی کۆکردنەوەی سەر و سامان و کەڵەکەڵەی کۆکردنەوەی سەرمایە و پێکەوەنانی موڵك و ماڵ، وە مەیلی وەدەست هێنانی دەسەلاّتی سیاسیشیان کەوتە سەر لەگەڵ دەست خستنی هەر هۆ و پێناوێك بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ بەردەوامی ئەم ڕەشەدا و لە دوا جار دا توانیان بگەنە مەبەستەکەیان.

پیاوانی کلێسا بوونە خاوەنی دەسەلاّتی سیاسی و ئابووری، پاشان ئەمیرەکان دانەدەمەزران بێ ڕەزامەندی کلێسا نەبایە، پیاوانی ئایینی مەسیحی پابەند بوون بە بیر و باوەڕی مافی خودایی بۆ پاشاکانیان لە حوکم دا، کلێساو پیاوەکانی بوونە خاوەنی سامانێکی بێشومار کە لە زۆر حاڵدا زێدە تر بوو لە سامانی دەوڵەت و پاشاکان، لە ساڵی ١٥٢٢ز دا کلێسا خاوەنی نیوەی سامانی ئەڵمانیا بوو، وە نیوەی زەویەکانی دانیمارك هەروەها خاوەنی بەشێکی کۆبن هاگن بوو لەگەڵ سێ بەشی نمچە دوورگەی ئیتالی (ویلایە البابویە ) وە چواریەکی سامانی فەرەنسا، کە لەو کاتەدا فەڕەنسا دەی نالاّند بە دەست گرفتی ئابووری سەختەوە.(١٣)

بەمشێوەیە دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی بوونە هاوکار و پشتیوانی یەکدی لە زەوت کردنی سەروسامانی گەلانی ئەورووپا و دەستیان لە بەر بینیان توند کرد .

---

(١١) ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا – سامان حوسێن احمد – چاپی دووەم –ل ٥٥

(١٢) هەمان سەرچاوە – ل ٥٥

(١٣)النظام السیاسی الاسلامی و الفکر اللبرالی – محمد الجوهری حمد الجوهری – القاهرە - دار الفکر .

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحییەت نەك گەلانی ئەوروپی ڕزگار نەکرد لە جەوری دەرەبەگ، بەڵکو ئەو ڕەوشە تا هەموارەی بە ئاقارێکی نالەبار تردا برد.

دەرەبەگایەتی (فیوداڵیزم) لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست دا سیستەمێکی ئابووری و نیزامی و حکومەتی دروست کرد. کە لە هیچ کات و ساتێك و لە هیچ شوێنێکی جیهاندا دووبارە نەبۆوە، ئەو نیزامە لەسەر بنەمای سوێندی فیودالی لە نێوان میرەکاندا (لۆرد ) و جێگرە، باجگرەکاندا (واسالّ) بوو، باجگری خزمەتکار جەنگاوەرێکی سوارچاك بوو، تەوەری ئەو سوێند خواردنە بەڵێن دانی خزمەت کار بوو لە هەمبەر وەفادار بوون و خزمەتی سەربازی بەرامبەر بە میرەکەی. لە جیاتی ئەمەش میر پاداشتی دەدایە باجگرە خزمەتکارەکەی کە ئەو پاداشتە (تیول، یان فی ) بوو. یان بە دیاریەك خەلاتی دەکرد. وە خانوو بەرەو خزمەتکار لە ژێر کۆنترۆڵی دا بوو تا مردن.(١٤) باجگرەکان مافیان هەبوو بڕیار لەسەر چارەنوسی تەواوی زەویەکەی بدات. وە باجگرەکان دواتر لە بریتانیا بە لۆرد و لە فەرەنساش بە دۆك یان کۆنت ناسران. بۆ ئەم کارەشیان دەرەبەگ و دەسەلاّت داران پشت ئەستوور بوون بە پیاوانی ئایینی، هەروەك قەدیس پۆڵس ڕاشکاوانە بنەما سیاسی و هزریەکانی دەسەلاّتی دونیایی لە مەسیحییەتدا دیاری دەکات کاتێك دەڵێت : (لە دەسەلاّتی خوا یان ئەو دەسەلاّتەی سپاردوویەتی بە کەسانێك بەو لاوە هیچ دەسەلاّتێکی تر نیە، هەر کەسیش لە دژی ئەو دەسەلاّتە بوەستێتەوە واتە لە دژی خودا وەستاوە، سزای ئەو کەسانەش لە ناوچوونی دۆزەخە ).(١٥)

یاخوود ( سانت پۆل) دەڵێت : ( بە کۆیلەکان ڕابگەیەنن گوێ ڕایەڵی گەورەکانیان بن و ڕازییان بکەن، سەرپێچییان نەکەن ).(١٦) ئەمە ئەو ڕاستیە دەچەسپێنێت کە ئایینی مەسیحی نەك هەر دژی سیستەمی دەرەبەگی نەبوو بەڵکوو بۆ خۆشی بوویە گەورەترین پشتیوانی،

---

(١٤) سەردەمی فیودالّی – تیموتی لیڤی بیەل – چاپی یەکەم – ل ١١

(١٥)مێژووی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاست دا – دکتۆر عبدالامیر محمد أمین، محمد توفیق حسین – ل ٣١-٣٢

(١٦) ڕەهەندەکانی ریفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا – سامان حوسێن احمد – چاپی دووەم – ل ٥٥

وە گەر لە ڕابردوودا کۆیلەیەك سەرپێچییەکی بکردایە تەنها بەمانای شکاندنی فەرمانی گەورەکەی بهاتایەتە هەژمار، ئەوا لەم ڕۆیا و لە سایەی بالآدەستی ئایینی مەسیحییەت و کڵێسادا جگە لە فەرمان شکێنی گەورەکەی وەك تاوانێکی گەورەی ئایینیش لێك دەدرایەوە و حسابی بۆ دەکرا .

بارودۆخی گەلانی ئەورووپا و بە تایبەت چینی هەژاران دژوار تر بوو، دەرەبەگ و کلێسا بە جووتە و بە تەواوی جەبەرووتی خۆیانەوە سواری شان و پشتی ئەو چینە بوون، ستەمیان دەرهەق بەو ڕەعیەتانە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شەوی زاوایشیان زەوت کەن .

وەك ویستر مارك دەڵێت : ئەو کارە بەردەوام بوو تا سەدەی ١٧، مافی بووك لە شەوی یەکەم بۆ پیاوانی ئایینی و شاو بەر پرسەکانیان بوو، ئەو مافەشیان ناو نابوو ( jus prima enocti) جارجاریش دەدرایە زانا و فەیلەسوفانی سەر بە دەسەلآت، لەو بارەیەوە (مالکۆلمی سێیەم - شای ئیقۆسیا ) بڕیارێکی فەرمی لە (١٠٥٧-١٠٩٣ز) دەرکرد و تیایدا مافی شەوی یەکەمی بووکی پیاو ماقولآنی قۆرخ کرد بۆ خۆی و جێ نشینەکانی، بەلآم بووکی ماڵە هەژارەکان بەر ئەوانی تر بکەوێت، دوایی (مالکۆلمی چوارەم ) لە ژێر فشاری ژنەکەی ئەو یاسایەی هەڵوەشاندەوە و لە (١١٤١-١١٦٥ز)، هەندێ جار وەك خەلآت هەندێ کەس لەوە دەبوردران و شەوی یەکەم و لادانی پەردەی کچێنی بۆ زاوا خۆی دەمایەوە.(١٧)

هەر لە سەرچاوە مێژووییەکانی دیش دا هاتووە و پشتڕاستی ئەو ڕەوش و بارەی ژیانی کۆیلەکانی ئەو دەمانەیان کردۆتەوە، ڕەشاییەکان (نۆکەرانی ئاغا) زۆر سەربەخۆ نەبوون، بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە ئاغا نەیان دەتوانی پیشەکەی خۆیان بگۆڕن، یان ژیانی هاوبەش لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی هەرێمی ئاغایەکی دی دا پێك بهێنن، ئەگەر چی ڕەشاییەك (نۆکەرێك) نیازی بایە شوو بکات بە کەسێکی دەرەوەی موڵکی ئاغاکەی خۆی، بنەماڵەکەی ئەو کچە نەك هەر دەبوایە ڕەزامەندی ئاغاکەی خۆی وەربگرێت، بەڵکو دەبوو جەورەکەشی بکێشێت.(١٨)

---

(١٧)ئافرەت لە ڕوانگەی عەلمانی و ئایینەوە – مەسعود عبدالخالق – چاپی یەکەم –ل٢٩

(١٨) ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی – جیمز .ئەی .کۆریك – چاپی یەکەم –ل٢٥

واتا چینی هەژاران (نۆکەران) کە زۆرینەی گەلانی ئەورووپا یان پێك دەهێنا جگە لە بێ بەشییان لە ژیانی سیاسی و ئابووری، لە سەرجەمی مافە کۆمەلآیەتیەکانیش مەحروم کرابوون و بە هەر چەشنێك کە ئاغا و پیاوانی ئایینی بۆیان لوا بێت ستەمی یەکجار گەورەیان دەر هەق کردوون و تەواوی بەهای مرۆڤانەیان ژێر پێ ناون، وە هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان بۆ دانەناون، بەڵکو زێتر وەك کالآو ئامێری کارو وەبەرهێنان بەرخورد (تعامل) یان لەگەڵ کردوون. هەر بۆیەش دەبینین وەبەرهێنانی تەواوی کێڵگاو مەزراکانیان لە ئەستۆ دا بوون بەلآم کەمترین پشکیان لە بەرهەمیاندا هەبووە و زۆرینەی دەغڵ و دانی ڕەنێو هێنراویان بۆ ئاغا و پیاوانی ئایینی خاوەن زەوییەکان بووە. هاوشانی دەرەبەگەکان پیاوانی ئایینیش ڕۆژ دوای ڕۆژ سامانیان پتر دەبوو لەگەڵیشی دا هەژموونیان ڕووی لە پەرەگرتن دەکرد.

دەسەلآتی کلێسا، پیاوانی ئایینی لە ڕووی دارایی یەوە بە شێوەیەك بوو، وە بە چەشنێك دەژیان کە زۆر لە ئیمپراتۆرە زلهێزەکان زەنگین و دەوڵەمەند تر بوون، بە جۆرێك کە سامان و دارایی و زەوی زارو کۆیلەیەکی زۆر بێ ئەژمار یان هەبوو، سالآنە سەرانە و باجیان لە هەژاران وەردەگرت و سوغرەیان بە خەڵکی دەکرد و هەموو بارگرانیەکیان بە هەژاران دەکرد، وەهیچ کەس خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نەبوو لە تەك پیاوانی کلێسادا، زۆر و زوڵم و شتی ناشیاویان بە ناوی ئایینەوە دەکرد.(١٩) دەسەلآتی کلێسا بە ڕادەیەك گەیشت کە ژمارەی فەرمانبەر و کارگێڕانی کلێسا گەیشتە حەوت سەد هەزار کەس، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەورووپا ٤٦ ملیۆن کەس بوو. هاوکات لەگەڵ بلآو بوونەوەی ئایینی مەسیحی و باڵکێشانی بەسەر کیشوەری ئەورووپاو زۆر بوونی پەیڕەوانی و زیاد بوونی ژمارەی قەشە و کردنەوەی کلێساکان لە ناوچە و هەرێمەکانی ئەو کیشوەرە، وە فراوان بوونی موڵك و ماڵ و هێزی دارایی کلێسا، لەگەڵی دا دەسەلآتی سیاسیشیان هێدی هێدی بەرەو پێش دەچوو، ئەمەش بە شێوازی جیاوازو بە پێی هەلومەرجی ئەو قۆناغە مێژووییانەی کە ئایینی مەسیحییەت پێیدا گوزەری دەکرد، واتا لە ساتێکدا کە پشتگیری کردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە بەرژەوەندی دا بوو،

---

(١٩) چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم – علی باپیر – ٢٠٠٥ – ل٨٢ .

ئەوا پاڵپشتی لێدەکرد و قەشەکان داوای ملکەچی خەڵکیان بۆ گەورەکانیان دەکرد، لە قۆناغێکی دی دوای دانپێهێنانی ئیمپراتۆر و پاشاکانی ئەورووپا بەو ئایینەدا، ئەوا دیسان کەوتنە پشتگیری کردنی ئەوانیش، وە قەشەکان دووان و گوزارشتی ئایینی وایان بە گوێی پەیڕەوانی مەسیحییەتدا دەدا کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئەواندا بایە، هەر بۆیەش مۆچیاری خەڵکییان دەکرد کە گوێ ڕایەڵی ئیمپراتۆر و پاشاکانیان بن .

## بە دەسەڵات گەیشتنی مەسیحییەت (بەهێز بوونی) :

ڕۆژ داوای ڕۆژ ئایینی مەسیحییەت پەیتا پەیتا هەژموونی بەسەر کایە جیاوازەکانی مرۆڤەکاندا دەکرد لە ئەورووپا، ئەمە لە دوای بلاّو بوونەوەی وەك تاکە ئایینی زاڵ لەو کیشوەرە و دەوڵەمەند بوونی بێ ئەندازەیی، لێرەشەوە کەوتە هەوڵی قۆرخ کردنی دەسەڵاتی سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستی، لەم کارەشیدا هەنگاوی بەبڕشتانەی هەڵهێنایەوە .

لەوە بەدوا ئایینی مەسیحییەت کەوتە دەرگیری ڕاستەقینە لەگەڵ ئیمپراتۆر و پاشاکاندا، لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ئایینە قەشەکانی پشتگیری ئیمپراتۆر و پاشاو  دەرەبەگەکانیان دەکرد وەلێ لە دوای چەسپاندنی ئایینەکە بەسەر گەلانی ئەوروپادا، پاپا و قەشەکان بۆ خۆیان کەوتنە هەوڵی وە دەست هێنانی پلە و پایە دەوڵەتیەکان، بۆ دەستەبەر کردنی ئەم خواستەشیان، کەوتنە دارشتنی گریمانە و بیردۆزی جۆراوجۆر تا دەسەڵاتی کلێسا بخەنە سەرو دەسەڵاتی دەوڵەتەوە (ئیمپراتۆر)، وە بڕیاری کلێسا بسەپێنن بەسەر بڕیاری ئیمپراتۆر و پاشاکاندا.

پیاوانی کەنیسە سەرەتا بیردۆزەیەکیان دانا بۆ دەسەڵات کە ناسرابوو بە بیردۆزی مافی پیرۆزی خوایی یان هەڵبژاردنی ڕاستەوۆی خوایی، ئەم بیردۆزە لە دارشتنی پیاوانی کەنیسە بوو، وە بەرەنگار بوونەوەی ئەوان بوو لە هەمبەر فکرەی خوایەتی فەرمانڕەوایان و تا ڕادەیەکیش ڕەوایەتی بەخشین بوو بە دەسەڵاتەکەیان، لەگەڵ داواکردنی ملکەچی بۆیان. بیردۆزەکەش جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەی فکرەی خوایەتی فەرمانڕەوا، لە بەرابەر ئەویش دا دەسەڵاتی ئەوە بە فەرمانڕەوا دەدات کە دەسەڵاتەکەی ئەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە خواوە وەرگیراوە، چوانکە

خوای گەورە هەڵی بژاردووە تا بە پێی (مافی خوایی ڕاستەوخۆ) فەرمانڕەوای خەڵكی بكات، وە فەرمانڕە وا پیرۆزە و ملكەچی واجبە.(٢٠) تا ئەمێستاش دەسەڵاتی ئیمپراتۆری زاڵ بوو لە ئەورووپادا وە بڕیار بڕیاری وی بوو، بۆیە هەر فەرمانێك لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە دەربچوایە كڵێسا و پیاوانی ئایینی شی دەگرتەوە، هەندێك جار ئەو، پلە و پایەكانی نێو كڵێساشی دیاری دەكرد. وە ئیمپراتۆر لە ساڵی ٤٤٥ز دا بڕیارێكی دەركرد كە سەرۆكی ئسقوفەكانی ڕۆمای كردە سەرۆكی گشتی كڵێسا مەسیحییەكان. (گریگۆر) ی سەرۆكی ئسقوفەكانی ڕۆما (٤٤٠-٤٦١ز) لە ڕۆما دەستی گرت بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا، لەو ماوەوە كڵێسای ڕۆما لە لە پاڵ دەسەڵاتی ڕۆحی دا دەستی گرت بەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئیمپراتۆریەتدا و بەوەش كڵێسا دەوڵەتێكی دامەزراندلا و بانگەشەی ئەوەی دەكرد مافی هەیە دەسەڵاتی بلاو بكاتەوە و هەموو مەسیحیەكانی گشت ناوچە و هەرێمەكان بخاتە ژێر دەسەڵاتی و پایەشی بالاترە لە پایەی پاشاكان، پاپا دەسەڵاتی بالای دادوەری و كارگێڕی هەیە و خۆی یاسا دانەر و ڕاڤەكاری تەواوی كتێبی پیرۆزە، دواتر كڵێسا دەستی گرت بەسەر داوەریدا و مافی حورمانی وەگ گەورەترین سزا بەرامبەر بە نەیارانی بەكار دەهێنا، ئیتر هەموو كار و باری خێزان وەك هاوسەرگیری و تەلاق كەوتە دەست كڵێسا، پیاوانی كڵێسا خۆیان بە نوێنەری خودا دەزانی و مافی ڕێبەری بیرو كاری خەڵكییان بۆ خۆیان دانا بوو.(٢١) لێرەشەوە هەڵوێستی قەشەكان لە بەرامبەر دەسەڵات گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات. لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەیەمەوە هاوكات لەگەڵ هەڵبژاردنی گریگۆریوسی حەوتەم بۆ پایەی پاپا ناكۆكی نێوان كڵێسا حكومەت توند تر بوو. گریگۆریوسی حەوتەم خوازیاری دەست تێوەردانی كڵێسا بوو لە هەردوو بواری ئایینی و دەونیایی دا، ئەم بۆچوونە لە نێوان پیاوانی ئایینی مەسیحی دا پەیدا بوو كە ڕاستە ئیمپراتۆریی وەك جەستە و كڵێساش وەكو گیانە و ئەم دووەیش وەكو گیان و جەستە تەواو كەری یەكترن، بەلام هەر بەو شێوەیەی كە گیان سەرپەرشتی جەستە دەكات، پایەی ڕۆحانیش سەرپەرشتی پایەی دونیایی دەكات،

---

(٢٠) بونیادە سیاسیەكانی ئیسلام – فاتح سەنگاوی – چاپی یەكەم .

(٢١) بەراوردی ئایینەكان – انور الجندی – چاپی یەكەم – ل ٢٢٠-٢٢١ .

له ساڵی ١٠٧٦ز دا گریگۆریوسی حەوتەم لە ئەنجومەنی ئسقوفەکاندا بە ئامادە بوانی ووت کە ئەگەر کاروباری ئاسمانەکان لە دەستی ئێوەدایە، ئەوا دەتوانن حوکم ڕانی کاروبارە دونیاییەکانیش بکەن. ئێوە دەتوانن پایەی ئیمپراتۆری بە هەموو کەسێك بسپێرن کە بە شایستەی دەزانن.(٢٢) لە ساڵی ١٣٠٢ ز دا شێواز ی حوکم و دەسەلاّت لە ئەورووپا وەرچەرخانێکی نوێی بەسەردا هات، ئەویش بەوەی قەشەکان ڕایان گەیاند کە خوا کەسێك هەڵدەبژێرێت و دیاری دەکات بۆ کاروباری دونیایی، ئەویش پاشا حاکمە و کەسێکیش بۆ کاروباری ڕۆحی و کەنیسە بەڕێوەبردن کە ئەویش پاپایە، کەسیش بۆی نیە ململانێی بکات و گوێڕایەڵی نەبێت، هەر کەس ملکەچ نەبێت بۆ ئیرادەی پاشا و پاپا ئەوە ململانێ لەگەڵ دەسەلاّتی خوادا دەکات. لێرەشەوە پاپاکان دەسەلاّتیان لە جەماوەر وەرگرتەوە بەوەی کە خوا حاکم دیاری دەکات و ئەو سەرۆکەی دەست نیشان کراوە هەڵبژاردەی خوایە و کەس ناتوانێت دەست بخاتە کاروباریەوە، وە سەرۆك دەسەلاّتی ڕەهای هەیە بەسەر کار و کردەوەی گەل و جەماوەر دا. ئەمەش بە ڕاشکاوی لە لایەن پاپا نیقۆلای یەکەمەوە ڕاگەیەنرا کە مەسیح کوڕی خوایە و ئەو کەنیسەی دامەزراند (بگرس) کە هەڵبژێردراوی خوایە کردوویەتیە یەکەم سەرۆك. وە قەشەکانی ڕۆما حوکم و دەسەلاّتیان لەوەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە بە شێوەی زنجیرەیەکی بەردەوام پەیوەست بە خوا، لەبەر ئەوە پاپا نوێنەری خوایە لەسەر زەوی، دەسەلاّت و سەروەری ڕەهای هەیە بەسەر هەموو مەسیحییەکانی سەر ڕوی زەمین دا.(٢٣)

لە دواتردا دەسەلاّتی سیاسی بە ڕەهایی کەوتە دەست پاپا و بڕیاریش تەنها بویە بڕیاری وی، ئەوەی پاپا گوتبای واتا لە لایەن خواوە گوتراوە و سەرپێچی کردنیشی دەرچوون بوو لە مەسیحییەت کە دەکاتە کافر بوون، ئەوەش سزای مەرگ بوو، ئەمەش پاساوێکی پێش وەخت بوو بۆ سەرکوت کردن و داپلۆسینی هەر دەنگێك کە بە ڕووی پیاوانی ئایینیدا هەڵی بدایەتێ و ناڕەزایی بنواندایە یا خود بە باشی فەرمانەکانی کلێسای بە ڕێوە نەبردبایە.

---

(٢٣) ئیسلام و سیاسەت – ئارام قادر – چاپی یەکەم – ل ١٠٠

(٢٢) مێژووی هیزری سیاسی لە ڕۆژئاوا – کەمال پولادی – چاپی یەکەم –ل١٣٥ .

## کڵێسا و قۆرخ کردنی ڕۆشنبیری ئەورووپا و دژایەتی زانست و زانایان :

کڵێسا و پیاوانی ئایینی تەنها بە دەست گرتن بەسەر موڵك و ماڵی ئەورووپا و کۆیلە کردنی مرۆڤەکانی و دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی دا دانەسەکان و سوکنا نەبوون، بەڵکو دەسەڵاتی کڵێسا هەژموونی کرد بەسەر زانست و ڕۆشنبیریشدا، وە لە قۆناغی یەکەم و دووەمی سەدەی ناوەڕاست، واتە ساڵانی (٣٠٠-١٠٠٠ز) و (١٠٠٠-١٣٠٠ز) دا کڵێسای مەسیحی ڕۆشنبیری ئەورووپی قۆرخ کرد و دژ بە چەمك و دەربڕینە هزریە ئازادگەرا و پێشکەوتن خوازەکان وەستا، ئەو چەمك و دەربڕینانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی چینی دەرەبەگدا پێچەوانە بوون.(٢٤) ململانێی نێوان زانست و ئایینیش لە ئەورووپا دوای دەرکەوتنی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئەندەلوس بوو کاتێك ئەورووپییەکان لە جەنگە خاچییەکاندا لە گەڵ موسڵمانانندا بەر یەك کەوتن، دادگاکانی پشکنین دانران لە غەرناتە (کەردینالْ ئەکمینس) نزیکەی (هەشت هەزار) کتێبی ئیسلامی دەست نووسی سوتاند، مەسیحییەت پێی وابوو زانستە یەکەمینەکان مەترسیین بۆ سەر کڵێسا بۆیە لە هەموو شوێنێ کتێبەکانی دەسوتاندن، کتێبخانەی ئەسکەندەریە لە ساڵی ٣٩٠ز سوتێنرا، کتێبخانەی قوستەنتینیە لە ساڵی ٤٧٦ ز دا سوتێنرا، (لاوی لۆزریانی) کەوتە سوتاندنی ئەو کتێبانەی تر کە مابوون، ئەمە لە ساڵی ٧٤٠ی ز دا بوو (٢٥) لە پەیکەری ئەپۆلۆی شاری ڕۆما کتێبخانەیەکی ناوازەی پڕ لە کتێبی سەردەمی ئۆگەستس هەبوو سوتێنرا و خەڵکی لێ بێ بەش کرا تەنها چەند کتێبێکی مانەوە کە موسوڵمانان زیندویان کردنەوە و هەڵەکانی ئەو کتێبانەشیان ڕاست کردنەوە و بەرەو بونیادی ڕێبازی زانستی یان بردن (٢٦)

وە دژایەتی کردنی کڵێسا و پیاوانی ئایینی بەرابەر زانست و زانایان بەهۆی ئەو گشتە خورافانەوە بوو کە لە نێو ئینجیل دا هەبوون،

---

(٢٤) پوختەی مێژووی ئەورووپا – پرۆفیسۆر دکتۆر جفری برۆن

(٢٥) بەراوردی ئایینەکان - انور الجندی – چاپی یەکەم – ل٢٦٤

(٢٦) بەراوردی ئایینەکان - انور الجندی – چاپی یەکەم – ل ٢٦٥

هەروەك پێشتر گووتمان ئەو كتابە ئاینیە قەشەكان بۆ خۆیان هۆنیبوویانەوەو نوسیبویان و دابوویانە پاڵ عیسا پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەوەشدا ویستبوویان، ئینجیل كتێبێكی گشتگیر بێت، بۆیەش دید و لێكدانەوەی بە ناو زانستی یان تێ ئاخنی بوو لەوانەش لە ئینجیل دا هاتبوو كە زەوی چەقی گەردوونە و خۆر و هەسارەكانی دی بە دەوری دا خوول دەدەن واتە زەوی وەستاوە و هیچ جوڵەیەكی نیە. ئەم لێكدانەوە ئاینییەش لەلایەن زانایانەوە پووچ كرایەوە.

نیكۆلاس كۆپەرنیك بۆ یەكەم جار ڕایگەیاند كە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، تیۆری (ناوەندێتی خۆر) ی زۆر نەكەوتە بەر سەرنج. بەرهەمە گەورەكەی (سوڕانی هەسارە ئاسمانیەكان ) لە ساڵی ١٥٤٢ز دا، بڵاو بوۆە، بەڵام ڕەگەزە سەرەكیەكانی لە ساڵی ١٥٣٠ز دا ناسرابوون. لە ساڵی ١٥٣ ز دا لۆسەر لە ماڵەكەیدا دەستی دایە گفتوگۆ كردن لەسەر تیۆرەكەی كۆپەرنیك. ئەم باسە لە لایەن یەكێك لە پەیڕەوەكانیەوە تۆمار كرا. ملانكتۆن ئەم تیۆرەی زۆر بە جدی وەرگرت، بەڵام لە هەمان كات بابەت گەلێكی لە كتێبی پیرۆز دا بە دژی كۆپەرنیك هێنایەوە. كەنیسەی كاتۆلیك تا ئەو جێیەی كە ئەم تیۆرە تەنیا وەك گریمانەیەك لە بەرچاو دەگیرا، هیچ دژایەتیەكی لەگەڵدا نەكرد و تەنیا كاتێك كە خەڵك وەك حەقیقەتێكی جێگیر هەڵسوكەوتیان لەگەڵ كرد، لە بەرامبەریدا ڕاوەستا، هەر بەوجۆرەی كە لەگەڵ ئەستێرە ناسی ئیتالی (گالیلا گالیلە ) جولایەوە. ئەوەبوو گالیلە لە ساڵی ١٦٣٣ز دا تەكفیر كرا و خرایە خرایە بەندینخانەوە، لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو ناڕاستی تیۆرەكەی كۆپەرنیك پەسەند بكات.(٢٧)

هاوشانی كڵێسا و پیاوانی ئاینی، دەرەبەگەكانیش (فیوداڵەكان) بە هەموو جۆرێك كەوتنە نەیاریكردنی زانست. ئیدی فیوداڵەكان و پیاوانی بە گشت شێوەیەك بەربەرەكانێی پەرەسەندنی زانست یان دەكرد، كە بە زیانی خۆیان و بە قازانجی چینی بۆرجوازی تەواو دەبوو. هەر بۆیە كەوتنە گرتن و ئەشكەنجە كردن و سوتاندن و ئیعدام كردنی زانا و پیتۆڵ و ڕابەران و كەسانی لایەنگری پێشكەوتن، برۆنۆ پاش ئەوەی هەشت ساڵی ڕەبەق لە زیندانەكانی دادگاكانی پشكنین لە ژێر زەبری ئازار و ئەشكەنجە دا ناڵاندی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٠٠ز،

---

(٢٧) چاكسازی ئاینی – سەرا فلۆوەرز .

لە گۆڕەپانێکی شاری ڕۆمادا، لە پێش چاوی خەڵکەوە ئاگری تێبەردرا.(٢٨)

ئەم کارانەش سەرەتا و دەست پێکی جەنگ و ململانێیەکی دوور و درێژ ی تراژیدی و پڕ لە قوربانی نێوان پیاوانی ئایینی و دەرەبەگ لەگەڵ زانست و زانایان بوو، کە تێیدا هەزاران لە زانایان و چاکسازی خوازان تێیدا بوونە قوربانی و بۆ زەمەنێکی زۆریش ئەورووپای لە تاریکی و ستەمکاری و زەبر و زەنگ دا نغرۆ کرد و ڕووناکی زانستی لێ خامۆش کرد.

## دەسەڵاتی پاپا و هەڵوێستی مەسیحییەت لە هەمبەر ژنان :

والنتی نیانووسی یەکەم، لە ساڵی ٣٦٤ ز دا ئیمپراتۆری ڕۆمی کرد بە دوو نیوەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، ئەوجا لە بری ئیمپراتۆرێك دوو ئیمپراتۆر بە هاوبەشی حوکمیان دەکرد. والنتی نیانوس لەبەشی نێوەی ڕۆژئاوا، والنسی برای لە ڕۆژهەلاتیەوە. وە قوستەنتەنیە پێتەختی نیوەی ڕۆژهەلات و میلان پێتەختی ڕۆژئاواییەکەی بوو.(٢٩)

لە سەدەی پێنجەم دا لەسەر داهێنان (بدعت) ێك کە ئایینی یەکێتی سروشتی پێدەگوترا، قوستەنتەنیە لەگەڵ ئەسکەندەریە تووشی شەڕ بوو. یەکێتی سروشت باسی لە سروشتی مەسیح دەکرد. بیروباوەڕی وابوو مەسیح بەشێکە لە سیانە، ئەوا سروشتی یەزدانی هەیە. ئەوانەی باوەڕییان بە تاکە وجودە بەو ئاکامە گەشتوون کە ڕەوشتی مەسیح تەواو خواییە. ئەمە بۆچوونی قوستەنتەنیە بوو. لە لایەکی دیکەوە دژ بەرانی ئەم باوەڕە پێیان وابوو کە سروشتی مەسیح تێکەلایەکی یەکسانە لە لایەك خوایی لە لایەکی دی مرۆیی.(٣٠)

لە ساڵی (١٠٥٤ز) دا ڕۆما و قوستەنتەنیە بە تەواوی لە یەك جیا بوونەوە و کلێساش بووبە دوو بەشەوە :

---

(٢٨) جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ – ئارام ڕەشید – چاپی شێیەم -٢٠٠٨

(٢٩) ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی – جیمز ئا . کۆریك – چاپی یەکەم – ل ١٨-١٩

(٣٠) ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی – جیمز ئا . کۆریك – چاپی یەکەم – ل ٥٦

کڵێسای ئەرسەدۆکسی یۆنانی لە ڕۆژهەڵات – وە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی لە ڕۆژئاوا .(٣١)

لێرەشەوە ئەو ڕاستییە چەسپا کە ئایینی مەسیحییەت هەر لەسەرچاوەوە لە قەیراندایە و پێك دژی و ناکۆکی عەقیدەیی و تیۆری و زانستی توندی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، وە لە دوای بە مەسیحیی بوونی ئەورووپا و خەڵکانێکی زۆری ئەو کیشوەرە لە گشت چینەکان و لە زانایان و عەوام و دەسەڵات داران و ڕەعیەت و سەرمایەداران و هەژاران و فراوان بوونی ڕووبەری دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و جوگرافی کڵێسا، سەرەتای لێکترازانی سیاسی و فیکری و جوگرافی ڕووی لەو ئایینە کرد لە سەرجەمی ئاستەکاندا، دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوەکانی بە خودی سیستەمی دەرەبەگایەتیشەوە پەیتا پەیتا ڕووی لە مەترسی دەکرد، نە کتێبی پیرۆز و نە پیاوانی ئاینییش وەڵامێکیان نەبوو بۆ ئەو دۆخە و توانای جواب دانەوەی پرسیارەکانی خەڵك و پووچ کردنەوەی تیۆرە زانستیەکانیان نەبوو، کە لە بنەڕەتەوە هەڕەشەی لەو ئایینە و کتابەکەشی(ئینجیل) دەکرد. ئەمەش بویە هۆی ئەوەی کە پیاوانی ئایینی پەنا بۆتوند و تیژی بەرن لە هەمبەر ئەو کەسانەدا کە ملکەچی کڵێسا و بۆچوونەکانیان نەدەبوون .

تێکگیرانی کڵێساو پیاوانی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ئەورووپا دا بەو هۆیەوە بوو کە کتێبی پیرۆز داڕێژراوی قەشەکان بوو، واتە ئەو پەرتووکە (ئینجیل) لەوە دەرچووبوو کە گوفتاری خودا بێت بەڵکو بووبوویە گوفتاری قەشەکانی سەدەی یەکەم ودووەمی سەرەتایی دەرکەوتنی ئایینی مەسیحییەت، وە ئاخافتنەکانی نێو ئەو پەڕاوە پێچەوانە و دژ دەوەستایەوە لەگەڵ (فگرت) سروشتی مرۆڤ و واقعی ژیانی، وە تێڕوانینی نادروستی لە بەرابەر سەرجەم کایە و ڕەهەندەکانی ژیاندا هەبوو.

هەر بۆ وێنەش پاپا و قەشەکان بوونە نوێنەری خودا لەسەر زەمین، ئەگەر مەسیحییەك ویستبای لەگەڵ خودا بئاخڤێت ئەوا دەبوو لە ڕێگەی پیاوانی ئاینییەوە ئەو کارە ئەنجام بدرایە، وەگەر نا نەدەکرا. هەروەها سەرجەمی پەرستشەکانی مەسیحیەت هەر دەبوو تەنها لە نێو کڵێسا و بە سەرپەرشتی خودی پیاوانی ئایینی مەسیحی بهاتبایە جێ بە جێ کردن.

---

(٣١) چیرۆکی ئاینەکان – سلێمان مەزهەر – ل٤٥٢ .

هەروەك هیچ هاولاَتیەکی مەسیحی بۆی نەبوو کتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە و ڕاڤەی بکات. بەڵکو ئەوە تەنها قەشەکان بوون کە مافی ئەنجامدانی وەها کارێکیان هەبوو. ئەمە جگە لەوەی پاپا لە بری خودا بڕیاری لێبووردنی گوناهی هەر هاولاَتیەکی مەسیحی دەکرد، وە یاخوود تەکفیری دەکرد گەر بۆ خۆی بیویستایە وەها کارێك بکات، هەروەها بڕیاری چوونە بەهەشت یان دۆزەخی دەردەکرد، لەگەڵ ئەنجامدانی کاری پێکەوەنانی خێزان کە ئەویش هەر لە دەست پاپا و قەشەکاندا بوو، هاوسەرانیان لێك مارە دەکرد و هەر بە خۆشیان گەر بیان ویستبایە بە بێ ڕەزامەندی لێکیان جودا دەکردنەوە و تەلاَقیان دەخستە نێوانیان. خۆ گەر لە حاڵێکدا کەسێکی مەسیحیشیان تەکفیر بکردبایە ئەوا جگە لە ژنەکەی منداڵەکانیشیان لێ دەستاندن و تەواوی موڵك و ماڵەکەشیان لێ زەوت دەکردن و دەستیان بەسەر هەر شتێك دا دەگرت کە مافی خاوەنداریەتی کەسی تەکفیر کراوی لەسەر بوایە.

لەنێو ئەم بارودۆخەشدا ڕەوشی ژیانی ژنان لە هەمووان خراپتر بوو بە ڕادەیەك کە نەك هەر وەك مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵکو وەك کۆلیەیەکیش لێیان نەدەڕوانی، لەم نێوەشدا تێڕوانینی پیاوانی ئایینی دەرهەق بە ژنان لەهەمووان خراپتر بوو.

(ئاگۆستین قدیس) پێگەی ژن بەم شێوەیە وەسف دەکات : ئاژەڵێکە نە پێداگرە نە ڕاوەستاو، بەڵکو ڕقاوی و خەسار خولقێنەرە... سەرچاوەی هەموو کێشە و شەڕ و ئاژاوە و بێ عەدالەتی و ناحەقییەکانە.(٣٢) باوکان (قەشەکان) و کاربەدەستانی کەنیسە ژنیان بە دوژمن دەزانی. دەیان گووت ژن هۆی خراپبوونی مرۆڤ و تەڵەی شەیتان و ماندوکەری ڕۆحە. وە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژن وەك موڵك بۆ پیاو سەیر دەکرا و بەشێك بوو لە سەروەت و سامانی پیاو و چارەنووسی بە دەست ئەو بوو، پیاو بۆی هەبوو مامەڵەی خراپ لەگەڵ ژنەکەی بکات و لێی بدات و سزای گونجاوی بدات و بیبەخشێ و تەنانەت بیفرۆشێت.(٣٣)

---

(٣٢) فیمینیزم وچەند خوێندنەوەیەکی تازە – جەلال سەتاری .

(٣٣) سۆسیالیزم و پرسی ژن – کۆمەڵێك نوسەر – ساڵی چاپ -٢٠٠٧ – ل٤ .

ئەمە لە حاڵێکدا کە لەو زەمەنەدا و لە خۆرهەڵاتدا ئایینی ئیسلام لە هەوڵی ئازاد کردنی ئافرەت و هاوشان کردنی لەگەڵ پیاواندا بوو، وە مافی بڕیاری ئایینداری و هاوسەرگرتن و خاوەنداری موڵك و ماڵ و بەشداری دروستی لە کاروباری سیاسی دا پێ بەخشیبوو، وە بە توندی دژی کوشتن و ستەم کردن دەرهەق بە ئافرەتان دەوەستایەوە. لە لایەکی دی ئیسلام دەستی بەسەر سەر و سامانی خەڵکیدا نەگرت و پیاوانێکی بە ناوی ئایینەوە نەکردە گەورەی خەڵکی تاکو بریکاری نێوان ئەوان خودا بکەن، بەڵکو تەواوی مرۆڤەکانی یەکسان کرد و هاوشانی یەك لە بەرابەر خودا وەستاندنی، هەروەك تەنها لە هەمبەر ئەویش بەرپرسیاری کردن مافی سزا دان و بەخشینیانی ڕاستەوخۆ هەر بەو سپاردبوو، دیسان ئەمەشی وابەستە کردبوویەوە بە کردەوەی خودی مرۆڤەکان خۆیانەوە، نەك بە لێبووردنی پیاوانێکی بەناو ئایینی و ئەویش بە دراو (پارە) و بە کڕینی پسولەی لێبووردنی داهێنراو لەلایەن پاپا، هەر وەکو چۆن دەبینین لە مەسیحییەتدا خەڵکانێك بەرگی ئایینیان لە خۆیانەوە پێچاو بە نێوی ئەو ئایینەوە کەوتنە هەوڵی وە چنگ خستنی پلە و پایەکانی دەسەڵاتی دونیایی و کۆکردنەوەی سەر و سامان و خۆ دەوڵەمەند کردنیان لەسەر حسابی هاو ئایینە مەسیحییە ڕەنجکێش و هەژارەکان، لەسەر بەری ڕەنج و کۆششی وان دەژیان و لە ژێر بەرگی ئایینیدا بووبوونە مشە خۆر بەسەر گەلانی ئەورووپاوە.

(پاپا لیئو) بۆسەر لە نوێ بنیات نانەوەی بینا مێژووییەکانی کەنیسە لە ڕۆمادا، پێویستی بە پارە هەبوو. ئالبرێشت براند نبورگ، نەجیب زادەیەکی لاوی ئەڵمانی کە خاوەنی بینا گەلێکی زۆر بوو، بۆ نیشتەجی بوونی ئوسقوفەکان، لە دانی باج بە پاپا، بە شێوەیەکی بەرچاو وە دوا کەوتبوو، بەلاّم پاپا پێشنیاری مامەڵەیەکی کرد : ئەو بۆ ماوەی هەشت ساڵ مۆڵەتی فرۆشتنی پسولەی لێبووردنی لە ماینس دا، بە ئالبرێشت دەدا و لە بەرامبەر دا ئالبرێشتیش نیوەی پارەی بە دەست هاتووی بۆ ئەو دەنارد.(٣٤) فریدریك، نوێنەری سەکسۆنی، لە ناوچەی سەکسۆنی دا ئیزنی بە تێتزل نەدا بۆ ووتار دان و ئامۆژگاری کردن سەبارەت بە لێبووردن، ئەو بە باشتر زانی کە پارەی ناوچە ژێر دەستەکانی خۆیدا بمێنێتەوە و بۆ خەرجی ناوخۆیی بەکار بهێنرێ،

---

(٣٤) چاکسازی ئایینی – سارا فلۆوەرز – لـــــــــــــ ٢٥ .

بەلاَم تیێتزل لە ماوەی کۆبونەوەکانی پڕوپاگەندەی خۆیدا لە ماینس ئەوەندە لەسەر زەویەکانی فریدریك نزیك ببوەوە کە زۆرێك لە سەکسۆنییەکان بە تێپەڕین لە سنور، گوێیان دا بە ئامۆژگاریەکانی و پارەکەیان پێشکەش کرد. دانپێنەرەکان لە بەرامبەر دیارییەکاندا پسولە نامەیەکی لێبووردنیان وەردەگرت کە بنەماکانی لێبووردنی گوناهەکانی تێدا نوسرا بوو، زۆرێك لە هاوشاریانی ویتنبێرگ بە پسولەکانیانەوە گەڕانەوە و نیشانی مامۆستا لۆسەریان دان و داوایان لێکرد کە ڕاستی ئەو بانگەشانە پشتڕاست بکاتەوە، ویژدانی لۆسەر ئیزنی وەها کارێکی نەدەدا. کاتێك کە تیێتزل بەم دژایەتییەی لۆسەری زانی دەستی دایە ڕخنە گرتن لێی (٣٥).

لە وەها بارودۆخێکدا و لە سایەی سیستەمی ئایینی مەسیحی بە ڕابەرایەتی پاپا و پیاوانی کلێسا و بە پشت ئەستوور بوون بە دەسەلاَتی دەرەبەگە ناوچەییەکان، دانیشتوانی کیشوەری ئەورووپا دابەش بوون بەسەر دوو چیندا، کە ئەوانیش چینی دەسەلاَتداران واتا پیاوانی ئایینی (قەشەکان)، وە نەجیب زادکان (دەرەبەگەکان) کە خاوەنی دەسەلاَتی ڕۆحی و دونیایی بوون لەگەڵ تەواوی موڵك و ماڵی کیشوەرەکە و باقی دانیشتوانی بە خۆیان و کۆی داهات و بەروبوومی ڕەنێو هێنراویانەوە، چینی دووەمیش کە خۆیان لە سەرجەمی ڕەعیەتدا دەبینیەوە، بریتی بوون لەو وەرزێر و نۆکەرانەی کە لە زەوی کلێسا و دەرەبەگەکاندا کاریان دەکرد، کە نەك خاوەنی هیچ شتێك و تەنانەت بەرهەمی کاری خۆیشیان نەبوون، بەڵکو خاوەنی خودی خۆیان و هاوسەر و زارۆکەکانیشیان نەبوون، وە چارەنووسیان لەدەستی چینی یەکەمدا بوو.

## دژ وەستانەوەی ئەورووپاییەکان لە هەمبەر مەسیحییەت – سەر هەڵدانی ڕێنیسانس و دروست کردنی دادگاکانی پشکنین :

لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن و زیاد بوونی جەور و ستەمی پیاوانی ئایینی، وە بەدەرکەوتنی زانایان و چاکسازی خوازان و بەرز بوونەوەی هێدی هێدی ئاستی هۆشیاری خەڵك،

---

(٣٥) هەمان سەرچاوە – ل ٢٨

پەیتا پەیتا دەنگی نارەزایی دژ بە ستەم کاری هەمەلایەنەی کلێسا ڕووی لە هەڵکشان دەکرد چوون قەشەکان داوای زوهد و دونیا نەویستی و پشت کردنە خۆشی و چێژەکانی ژیانیان دەکرد لە پەیڕەوانی ئایینی مەسیحییەت، بەلاّم بۆ خۆیان هەڵپەی کۆکردنەوەی سامان و خەریکی کەیف کردن بوون بەو داراییە بێ شومارەی کۆیان کردبووەوە و لە ژیانێکی تەواو جیاواز لە خەڵکی ئاسایی ( ڕەعیەت و نۆکەران ) دەژیان سەرباری گەندەڵی دارایی، وە لە دوای ئەوەی پاپا ژنهێنانی لە قەشەکان یاساغ کرد و داوای ڕەبەنی کرد زۆرێك لە ئافرەتان و پیاوانی مەسیحیی لە کلێساکاندا خۆیان کەنار گرت و ژیانی گۆشەگیرییان هەڵبژارد، بەلاّم دوای سالآنێك داوێن پیسی و بەد ئەخلاقی و لەنیو ئەو دێر و کلێسایانەدا تەشەنەی سەند و شومارێکیش لە قەشەکان هەریەکەیان چەندین دۆستی ژێر بە ژێری هەبوو، وە چەندان منداڵی بیژۆ (زۆڵ) یان هەبوو هەموو ئەمانەش پێکەوە سومعە و پێگەی کلێسا و ڕابەرانی ئایینیان ڕوشاند و متمانەیان لای خەڵکی لە کەمی دا، وە بەهۆی گۆڕانکاری و ئالۆزییە سیاسیەکان و هەندێ جار لاواز بوونی دەسەلاّتی مەرکەزییەوە، دەوڵەت شار و دەسەلاّتی خۆ جێی لێرە و لەوێ سەری وەدەرناوە و هەژموونی کلێسا و پیاوانی ڕووی لە لاوازی دەکرد و ڕەعیەتەکان ئاهێکیان وەبەر دەهاتەوە و باری گوزەرانیان ڕووی لە باشی دەکرد، لەگەڵیشیدا زانست و زانیاریش کەم کەم سەری وەدەرۆ دەنا و ژیار و شارستانییەتی مرۆڤ پێشکەوتنی بە خۆوە دەدی و داهێنانی زانستیان دەخولقاند لە پێناو خزمەت کردن بە مرۆڤەکاندا، وە لێ کلێسا و پیاوانی هەر زوو وە خۆ دەکەوتن بۆ لە یناودان خەفە کردنی.

ڕێنیسانسی یەکەم لە دەوڵەت شاری فلۆرانس، دەوڵت شارێکی بوژاوە لە باکوری ئیتالیا دادەستی پێکرد . فلۆرانس لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەهەمەوە تا سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم لە ناوەندە بزۆز خولقێنەرەکانی هونەر و مەعریفە بوو. فلۆرانسییەکان لە شێوە کاری، پەیکەر تاشی و بینا سازی دا سەرتلێ بوون، زۆربەی هونەرمەندانی دیاری ئەو سەردەمە، یان لە فلۆرانس لە دایك بوون، یان باشترین بەرهەمەکانی خۆیان لەوێدا خولقاند. لە نێو ئەو هونەرمەندانەدا برونلسکیی بینا ساز، مازاتچۆی شێوەکار و دۆناتلۆی پەیکەر تاش هەبوون. زانا فلۆرانسییەکانیش بەشێکی گرنگیان لە ڕێساکانی مێژوو، فەلسەفە، ئاکار، مافەکان، تیۆلۆژی و پزیشکی دا هەبوو. جۆوانی پۆکاچۆی ئەدیب، لیۆناردۆ بیرونی زانا و مێژوو نووس و فێرکار،

باتیستا ئالبیّرتی بیناساز، نامیلکه گەلی سەبارەت بە هونەر و بیناسازی دەنووسی، گیوم دوف ی مۆسیقا زان و ئاواز دانەر.(٣٦) هەروەها پاشایەتییەکانی سیسیل و ناپیل خاوەنی میراتێکی فەرهەنگی بە نیسبەت دەوڵەمەند تر بوون.(٣٧)

هاوشان لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێنیسانس دا دژایەتی توندی کڵێسا دەستی پێکرد، چوون زانایان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەچاوی دیدی ئایینیان نەدەکرد و زیاتر مەیلی دوور لە ئایینیان دەکرد، لە ڕاستی دا ڕاڤەکانی خودی کتێبی پیرۆزیش لەگەڵ زانستدا نەدەهاتەوە، بەلاّم لەم قۆناغەدا هێشتا فکرەی مرۆڤ گەرایی یاخود دونیا گەرایی (عەلمانیەت) سەری وەدەر نەنابوو وە ئەم قۆناغەش زۆر درێژەی نەکێشا و بەهۆی جەنگەوە خەفە کرا.

ئیتالیا لە سەردەمی ڕێنیسانسی یەکەمدا بەسەر چەند دەوڵەتێکی بچوکی بێبایەخ و شاری جۆراوجۆر دا دابەش ببو، بەردەوام دژی یەکتری بوون و ڕکابەری یەکدییان دەکرد و ستەم گەرە ئۆلیگارشییەکان لە ژێر پەردەی کۆماری دا حوکمییان دەگێڕا. لەو دەوڵەتانەش / فلۆرانس، میلان، ناپۆل، ڤینیسیا، ڕۆما. وە بەردەوام لەسەر تەخت و دەسەلاّتی سیاسی لە نێوان پاپا کانی ڕۆما و پەترپارکەکان و ئەڵمانی ئیدیعا کەرانی میراتگری شارلمان لە ململانێ دا بوون.(٣٨) لێرەشەوە کڵێسا بە هەموو هێزی هاتە مەیدان بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەلاّت بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەم پێناوەشدا کۆی لە هیچ کارێك نەکرد، پیاوانی ئایینی هەستان بە دروست کردن و دامەزراندنی دادگاکانی پشکنین، بۆ دادگایی کردن و بە سزا گەیاندنی سەرجەمی ئەو کەسانەی کە وشەیەکی پێچەوانە لەگەڵ نێوەڕۆکی کتێبی پیرۆز یاخود کارێکی ناپەسەند لە دیدی پیاوانی ئایینی وە یان هەر کردەیەکی دی نەخوازراو ئەنجام دەدەن یانیش دەیانەیت ئەنجامی دەن.

## دادگاکانی پشکنین :

(٣٦) ڕێنیسانسی ئیتالی – کارین ئۆسمەن – چاپی یەکەم – لـــــــــــ ٣٣ .

(٣٧) هەمان سەرچاوە – لـــــــــــ ٣٤ .

(٣٨) مێژووی ڕێنیسانس – سیدنی دارك - ساڵی چاپ / ٢٠٠٢ .

دادگاکانی پشکنین لە سەرەتای سەدەی سیانزەوە لە ئەورووپای مەسیحیی دا بە بڕیارێك لە لایەن پاپا (گریگۆری یەکەم) دامەزران و تا سەدەی هەژدە بەردەوام بوون، ئەم دادگایانە ئەو پەڕی دەسەلاٚتی خۆیان لە ئیسپانیای کاسۆلیکی پەڕگیردا مومارەسە کردووە. بە بڕیاری ئەو دادگایانە موسڵمانەکانی ئەو ولاٚتە دەرکران تەنانەت دوایی ئەوەش کە لەژێر فشاردا بوونە مەسیحیی و دەستبەرداری ئایینی خۆیان بوون. وە دژایەتی کردنی بیریاران و زانایانیش لە سەدەی سیانزەوە بەردەوام بوو تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و تەنانەت ڤاتیکان لیژنەیەکی تایبەتی بۆ قەدەغە کردنی کتێب دروست کرد، ئەرکی ئەو لیژنەیە سانسۆر کردنی ئەو کتێبە فەلسەفی و زانستیانە بوو کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا لە بیر و باوەڕی مەسیحیی کاسۆلیکی لایان دابێت.(٣٩) لە ساڵی ١٥٥٩ز، پاولۆسی چوارەم، بەکاربردنی سانسۆری سپاردە لقێك لە کەنیسە کە بە دادگای پشکنینی بیروباوەڕ (The in quistion) ناسرا بوو. ئەرکی دادگای پشکنینی بیروباوەڕ کە لە ساڵی ١٢١٧ز دا پێك هاتبوو، بریتی بوو لە ناساندن و سزادانی بیدعە کاران. واتا کەسانێك کە باوەڕیان لەگەڵ باوەڕێکدا کە بە شێوەیەکی فەرمی جێ بەسەندی کەنیسە بوو، جیاواز بوو. ئەم کارە لە ڕێگەی تۆڕێك لە لێپرسینەوە، دادگایی کردن و زیندانی کردنەو بەکار دەبرا.(٤٠)

دادگاکانی پشکنین بوونە چەکێکی هەمیشە ئامادە باش کراو بە ڕووی تەواوی ئەو کەس و گروپ و چین و توێژانەی کە ملکەچی دەسەلاٚتی کلێسا نەدەبوون، یاخود بیروبۆچونەکانیان وە یان کار و نوسینەکانیان پێچەوانە خواست و ویستەکانی پیاوانی ئایینی بوون. بەمشێوەیە گرتن و کوشتن و سوتاندن و سزادانی تۆقێنەر دژی سەرجەمی دژبەرانی کلێسا دەستی پێکرد.

لە سیستەمی پشت ئەستوور بە پشکنینی بیروباوەڕەکان، ئەو کەسەی بە چەوتی و لادان لە کاروباری ئایینی دا تۆمەتبار دەکرا، بەگوناهکار دادەنرا و بێ سێ و دوو مافە مەدەنییەکانی خۆی لە دەست دەدا، گومانلێکراوان بە بیدعە کاری،

---

(٣٩) سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی – هاشم صالح – چاپی دووەم – لـــــــــــ ١٩١-١٩٢ .

(٤٠) چاکسازی ئایینی – سارا فلەوەرز .

که له چاوی کڵێسا و دەوڵەتەوە بە خائین دادەنران، خاوەندارێتی موڵك و ماڵیشییان دەدۆڕاند، هاوسەر و منداڵەکانیشیان لە گشت دەروەستەیی و پابەندییەکانیان بەوانەی بە گومانی بیدعەکاری گیرا بوون، دەبەخشران و هان دەدران کە بە ڕوو لێوەرگێڕان و جێ هێشتنی کەسی تۆمەتبار، بێ گوناهی خۆیان بسەلمێنن.(٤١) پاولۆسی چوارەم کە ئیدی لە شەڕدا نەبوو، بیری لەوە کردەوە کە دەست بداتە قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکانی ناو کەنیسە. ئەو لە ساڵی ١٥٥٩ ز داو لە دواپین ساڵی حکومەتەکەی یەکەمین پێڕست لەو کتێبە یاساغانەی بلاو کردەوە کە هیچ کاتۆلیکێك نەدەبوو، خوێندبانیەوە. ئەم پێڕستە لە خۆگری تەواوی بەرهەمەکانی لۆسەر و وەرگێڕان گەلێکی دیکە لە کتێبی پیرۆز بوو کە بە باوەڕی کەنیسە لادەرانە (بیدعەکارانە) بوو.(٤٢) لێرەشەوە سوتاندنی کتێب و نوسراوە زانستیەکان و ڕاوەدونانی زانایان و گرتن و کوشتن و سوتاندنیان دەستی پێکرد، وە تێز و تیۆریەکانیان یاساغ کران یاخود ناچارکران بۆ خودی خۆیان لێی پاش گەز ببنەوە و بە درۆی بخەنەوە، گەر نا سوتماك کردنی خۆیان و بەرهەمەکەشیان دوا چارەنوسیان دەبوو، ئەم بارە شکستی بە هەر هەوڵێکی زانستی هێنا و تەواوی پێشکەوتنەکانی ڕێنیسانسی یەکەمیی لەبار برد، ئەورووپای لە دۆخی تاریکی دواکەوتوویی دا چەق بەستوو کرد و دەسەلاتی کڵێسای هێشتەوە وپتەو تریشی کرد.

دادگاکانی پشکنین لە سەرانسەری ئەورووپا و بە تایبەت لە بەشی ڕۆژئاوای بلاوبوونەوە و لەسەر گومانێك ئامادەی گرتنی هەر کەسێکیان هەبوو. لە پێناو ناچار کردنیشی بە داننان بەو تۆمەتانەدا کە خرابوونە پالی و خۆیشی هیچ ئاگاییەکی دەربارەیان نەبوو، دەیان جۆر و شێواز لە ئەشکەنجەی تۆقێنەریان پێك هێنا بوو بۆ سزادانی گومان لێکراو و ناچارکردنی بە دان پێدا هێنان و وە ئەستۆ گرتنی سەرجەمی ئەو تۆمەتانەی کە بۆی هۆنرابوونەوە لەلایەن پیاوانی کڵێساوە. لە جۆرەکانی سزا :

---

(٤١) پشکنینی بیروباوەڕەکان – دیبۆرا بەکراش – چاپی یەکەم – لـــــــــــ ٤١ .

(٤٢) چاکسازی ئایینی – سارا فلۆوەرز .

(بەرائەت و ئەشکەنجە کردن تا لە سێدارەدان، شمولی تۆمەتباری دەکرد).(٤٣) ئامێرەکانی ئەشکەنجە دانیش (کورسی دانپیانان کە پڕ بوو لە بزمار، سێدارە بە ئازارەوە، دەمامکی ئابڕوو چوون، سەر شکێن—ئامێرێك بۆ سەر شکاندن بەکار دەهات، چنگی پشیلە—بۆ لێکردنەوەی گۆشت لە ئێسك، لەولەبی بۆ هاڕینی دەست، دڕکی گومڕایی، نەقیزە تێبڕین بە کۆم، قامچی کە پارچە ئاسنێکی دڕکاوی بوو، قولاپی ترسناك بۆ دەرهێنانی زمان و پارچە پارچە کردنی یان بۆ لەت لەت کردنی گۆی مەمکی ئافرەت، تابووتی خانمە قەشەنگەکە کە مرۆڤێکی تێدا ڕادەکێشراو تەنیشتی تابووتەکە پڕ بوو لە چەقۆ و خەنجەر و بە داخستنی مرۆڤەکەی ناوی پارچە پارچە دەبوو، مشار بۆ دوو کەرت کردنی مرۆڤ، قەفەز بە قەبارەی لاکێشە بۆ وەستانی مرۆڤ بە پێوە تا مردن، گوریسی ئەستوور بۆ ڕاکێشاتی چوار پەلی تۆمەتبار، ئامێری کوشتنی لەسەرخۆ—حەلقەی ئاسن و دەسك ).(٤٤)

دەسەلاتی کلێسا و پیاوانی لە ڕێگای زەبر و زەنگەوە بە ڕادەیەك پەرەی گرت کە نەك هیچ مرۆڤێکی ئاسایی توانای سەرپێچی کردنی ئەوانی نەبوو بەلکو ئیمپراتۆرەکانیش کەوتنە ژێر هەژموون و دەسەلاتی پاپا کانەوە و لە حەژمەتی وان ناچار بە ملکەچی تەواو بوون بۆ دەسەلاتی ئایینی سەرباری ئەوەش چەندین ئیمپراتۆر و دەسەلاتداری مەزن وەبەر سزای ئەوای کەوتن. لەو ئیمپراتۆرانەش کە ڕوو بە ڕووی لێپێچینەوەی توندی پاپای مەسیحی بوونەوە و سزا دران (هەنری چوارەم، فریدریك ) بوون.

(هەنری چوارەم) کە ئیمپراتۆرێکی ڕۆمەکان بوو، لە ساڵی (١١٧٧ز) مرد، پاپا سزا و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر سەخت و دژوار و نامرۆڤانەی دا، تەنها لەسەر هەندێك ڕەئی و تەرح (بۆچوون و پێشنیار) کە لە بەرامبەر پاپا کردبوونی.(٤٥) هەروەها سزادراوێکی دی (ئیمپراتۆر فریدریك ) بوو .

---

(٤٣) سەدەکانی ناوەڕاست - دادگاکانی پشکنین —شۆڕشی فەڕەنسی— کۆمەڵێك نوسە لـــــــ ٧٥

(٤٤) هەمان سەرچاوە — لـــــــ ٨٣ .

(٤٥) چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم — عەلی باپیر — ٢٠٠٥ — لـــــــ ٨٢ .

لەبەر ئەوە (٣) ڕۆژان لە نێو بەفردا بە پێ پەتی و خاوسی ڕایگرت و تۆبەی پێکرد، پاشان خەڵك تكا (شەفاعەت)یان بۆ کرد، ئینجا پاپا عەفووی کرد و لێی گەڕا، ئەوەش تەنها لەبەرئەوەی کە گوتبووی بۆچی پاپا دەستی لە کاروباری سیاسی دەوڵەت و حوکمڕانی وەردەدات ؟(٤٦) ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەلأتی ڕۆما و پاپای ڕۆما لە ژیاد بووندا بوو. سەرپێچی کردن لە فەرمانەکانی پاپای ڕۆماش بە گوناه دادەنرا و سزاکەشی لە سێ دارەدان بوو نەك هێندە بەڵکو بە تاوانیش دادەنرا لە دژی حکومەت.(٤٧) دواتر لە سەردەمی پاپ(ئینوسنتی سێیەم)دا (١١٩٨-١٢١٦ز) دەسەلأتی پاپا گەیشتە لوتکەی هێز.(٤٨) واتا تەنها لەبەر نارەزایی دەربڕین وەبەر ئەو سزایەی پاپا کەوت، ئەمەش ڕادەی زاڵیەتی دەسەلأتی ئایینی لەو زەمەنە و قۆناغە مێژووییەدا پیشان دەدات.

ئەم ڕەوشەش وای کرد کە کڵێسا لە دامەزراوەیەکی ڕۆحییەوە ببێتە دزگایەکی تۆقێنەری بێ پێشینە کە لە مێژووی ئەورووپا دا بێ نمونە بوو. هەروەها قەشە و پیاوانی ئایینی لە مرۆڤانی ڕۆحانییەوە بوونە کەسانی خاوەن زەبر کە دەبوو هەر مەسیحییەك سڵی لێ بکردبانەوە، بە تەواوی گوێ ڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانیان ببێت نەك هیچ کەسێك مافی نەبوو لە ڕوویاندا هەڵبداتێ و نافەرمانییەکیان بکات بەڵکو یاساغ بوو گوتوبێژیش لەسەر ئەو بڕیارانە بکات کە لە لایەن ئەوانەوە دەردەرکران. ئەم بارە درێژەی کێشا و شومارێکی زۆر لە هاو ئایینە مەسیحییەکان و زانایان و کەسانی دی بوونە قوربانی ستەمکاری دادگاکانی پشکنین کە لە لایەن کڵێساوە پێکهێنرا بوون و قەشە و ڕابەرانی ئایینی بڕیار دەر و دادوەر بوون تێیدا. لەوە بەدوا تەواوی نەیارانی کڵێسا و لەوانیش بە تایبەت جولەکەکان کەوتنە بەر ڕحمەتی ئەو دادگایانە و بە شێوەیەکی فراوان ڕوبەڕوی گرتن و کوشتن و تالأن و بڕۆ و ڕاوەدونان بوونەوە. گریمانەی گشتی ئەوەیە کە لە هاوینی خەمناکی ١٤٩٢ز دا نزیکەی چوارسەد هەزار جولەکە ئیسپانیایان بەجێ هێشت.(٤٩)

---

(٤٦) چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم –علی باپیر – ٢٠٠٥ – ل ٨٢ .

(٤٧) چیرۆکی ئایینەکان – سلێمان مەزهەر – چاپی یەکەم – ل ٤٥٤ .

(٤٨) ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا – سامان حوسێن احمد – چاپی دووەم – ل ٥٥ .

(٤٩) پشکنینی بیروباوەڕەکان – دیبۆرا بەکراش – چاپی یەکەم – ل ٨١ .

ئەم كارەی كڵێسا و دادگاكانی پشكنین لەبەر هیچ نەبوو تەنها هێندە نەبێت كە ئەو مرۆڤانە ئاینیان جودا بوو ئیدی لە تێڕانینی ئەوانیشدا هەر هێندە بەس بوو بۆ سزا دان و وەدەرنانیان لە زێدی خۆیان و زەوتكردنی تەواوی موڵك ماڵیان.

ساڵی ١٤٩٢ز بەساڵی دەست پێكردنی سامناكانەی ڕاوەدونان و ئازاردانە ئاینییەكان لە ئیسپانیا دەستنیشان كرا. ئەمەش لەبەر گەورەیی ئەو جەنگ و كوشتار و ڕاوەدونان و چەوساندانانە بوون كە كڵێسا بەهۆی دادگاكانی پشكنینەوە بەرپایان كرد لەو وڵاتەدا. دادگاكانی پشكنین نزیكەی (٣٠٠) هەزار كەسیان لە نەیارانی كڵێسا و زانایان كوشت و سی و دوو هەزاریان بە زیندوویی سوتێنران. (٥٠) دادگاكانی پشكنین بە بڕیاری پاپا( گریگۆری یەكەم ) دامەزران، بە چاودێری وسەرپەرشتی و بڕیاری پاپاكان بەڕێوەدەبران، كەچی كڵێسا وپیاوانی ئاینی پێیان وابوو پاپاكان بێ تاوانن و دوورن لە هەر هەڵەیەك، سەرباری ئەو گشتە تاوانانە.

لە دوای خامۆش بوونی ڕێنیسانسی یەكەم، بەهۆی جەنگ و ململانێی دەوڵەت شارەكانی نیمچە دوورگەی ئیتالیا لە لایەك، ململانێی ڕۆما و فەڕەنسا و ئیسپانیا لە پێناو دەست بەسەردا گرتنی ئەو شارانە و فەرمانڕەوایی كردنیان. وەلێ كاریگەری دەستكەوت و پێشكەوتنەكانی ڕێنیسانسی یەكەمی دەوڵەت شارەكان لە نێو ناوچە و هەرێمەكانی ئەو كیشوەرەدا شوێن دانانیان هەبوو، هەر بۆیە لە ساڵی ١٤٩٢ز كاتێك (كریستۆفر كۆلۆمبس) دونیای نوێی دۆزیەوە لەگەڵیشیدا ڕێنیسانسێكی نوێ بە درێژە پێدەری ڕێنیسانسی یەكەم لە ئەوروپا دەستی پێكرد. ئەم دۆزینەوەیە گۆڕانكایەكی گەورەی لە ئەوروپادا خولقاند لە تێكڕای بوارەكانی ژیاندا، گەر ئەوروپا تا پێش ئەو دۆزینەوەیە ناوچەیەكی داخراو و دوورە پەرێز بووبێت چ لە ناوخۆدا (ناوچە و هەرێمەكان) لەگەڵ یەكدی، وە چ لەگەڵ كیشوەرەكانی جیهاندا. وە گەر سیستەمی دەرەبەگایەتی لەهەر هەرێمێكدا بۆ خوودی خۆیان پێداویستی ناوخۆیی دانیشتوانەكەیان بەهۆی خودی خەڵكەكەیانەوە لەسەر بەروبومی زەمینە كشیتیارییەكانیان ڕەنێو هێنابێت و دابین كردبێت،

---

(٥٠) بەراوردی ئاینینەكان – انور الجندی – چاپی یەكەم – لـــــــ ٢٢١ .

ئەوا لە دوای ئەو دۆزینەوەیە ئەو سیستەمە داخراوە دەرەبەگیە وەبەر زەبری گەورە کەوت بە شێوەیەك کە پایەکانی هەژاند. ئیدی بازرگانی ناوچەو هەرێمەکان لە لایەك هەروەها کیشوەرەکانیش پێکەوە سەری هەڵدا.

ئەو بارانەی لە دونیایی نوێوە دەهات، زیو، شەکر، ڕەنگ، وانیل، کاکائو، پەموو بوو. دۆزەرەوانی پرتوگالی وەك پاتولۆ میۆدیاش و واسکۆدۆ گاما ڕێگا نوێیە بازرگانیەکانی رژهەلاتی دۆزییەوەو دەرگای بازاڕەکانی ئەفریقیا و هیندستانیان بە ڕووی پرتوگالییەکاندا کردنەوە، بەهارات، شەکر، ڕەنگ، بەردی گرانبایی، ئاوریشم، کلکاف، عاج و دیکەی شتە ڕازێنەرەکان لە ڕۆژ هەلاتەوە و لە ڕێگای بەندەری پرتوگالی لیسبۆنەوە بەرەو ئەورووپا شۆڕ بوونەوە. ئیسپانیا و پرتوگال وەك ناوەند گەلی بازرگانی بە زووترین بە ئاستی دەولەت شارەکانی ئیتالیا گەیشتن و پاشان لەسەر جێگاکەشیان دانران.(٥١)

بەمشێوەیە ڕێنیساسێکی نوێ سەری هەڵدا و سەر لەبەری کایەکانی ژیانی کۆمەڵگاکانی ئەورووپای گرتەوە. وە مەیلی گۆڕانکاری تەواوی ڕەهەندە جیاوازەکانی بە خودی ئایینی مەسیحیشەوە گرتەوە، شانبەشانی زانایان و دۆزەرەوان لەنێو پیاوانی ئایینیش دا شومارێك لە قەشەی گۆڕانخواز وەدەر کەوتن و دژی پاپا و کڵێسا و جەبەروت و ستەمی پیاوانی ئایینی وەستانەوە و کۆششی گەورەیان کرد و بەبڕشتانە بەرەنگاری هەموو چەوسانەوەیەك بوونەوە کە بە نێوی ئایینەوە ئەنجام دەدرا. هەروەها ڕەتی ئەو زیادەڕەویانەی پاپا و قەشەکانیان کردەوە کە لە ژێر بەرگی پیرۆزی ئایینی مەسیحییەتدا دەرهەق بە هاوئایینە بن دەستەکانی خۆیان ئەنجامیان دەدا، لەو قەشانەش (مارتن لۆسەری ئەڵمانی نەژاد، ئۆلریش تسوینگلی سویسرایی، کالڤین، هتد.) بوون کە هەر یەکەیان لە وڵاتی خۆیاندا کەوتنە بەربەرەکانێی زیادە ڕەویەکانی پاپا و ستەمکاریەکانی پیاوانی کڵێسا.

(مارتن لۆسەر / ١٤٣٨- ١٥٤٦ز ) وەك سەرکردەیەکی چاکسازی ئایینی وەدەرکەوت و بە توندی ڕەخنەی لە گەندەڵ کاریەکانی پاپا و کەنیسە گرت وە لۆسەر لە وەلامی ڕەخنەگرەکانیدا،

---

(٥١) ڕێنیسانسی ئیتالیا – کارێن ئۆسمەن – چاپی یەکەم – لـــــ١١٤ ، ١١٥ .

نوسین وتار گەلی زۆرتر و ڕەخنە گەلێکی تایبەت و توند تری خستە بەرچاو، ئەو تا ساڵی ١٥١٨ ز نەك تەنیا پسولەی لێبوردنی بانگەشەکراوی تێتزل، بەڵکو تەواوی کردەکانی ئەو دواییانەی پاپای لە فرۆشتنی پسولەی لێبوردندا، ڕەتکردبوونەوە. سەرەڕای ئەمە، ئەو ڕایگەیاند کە ئەنجومەنی ئسقوفەکان خاوەنی دەسەلاتێکی زیاترە لە چاو پاپاکاندا. پاپا لیئۆی دەیەم کە هێشتا دەستەو داوێنی دابین کردنی خەرجی دروست کردنی سانپیترۆ و چالاکیە هونەری و عەسکەرییەکان بوو، لە لۆسەر تورە بوو و ئەم ڕاهیبەهەراسانکەرەی بانگهێشت کرد بۆ ڕۆما. لۆسەر تا ئەو شوێنە چووە پێشێ کە ٩٥ مەسەلەی بە بەڵگە کاری و بە زمانی لاتینی تۆمار کرد و تێیاندا هەوڵیدا کە مەسەلەی لێبووردن لە ڕوانگەی خودا ناسیەوە ڕوونبکاتەوە، ئەو ئەم ناوەی لەم بەڵگەیە نا (جیاوازی بیروڕا بۆ ڕونکردنەوەی هێزی لێبووردن ) ئەم بەڵگە بە ناوبانگە لەو کاتەوە بە ناوی (نوسراوەی ٩٥ مەسەلەیی ) دەناسرێت.(٥٢)

لۆسەر دوای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ کاتیانۆس، پاپای بە دژی مەسیح دانا و پێداگری کرد لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی گشتی، هەم لە بابەت گەلی ڕۆحانی و هەم لە بابەتی مادی دا. وە سێ نامیلکەی لە ساڵی ١٥٢٠ز دا نوسی و لە ڕێی نامەی (سەرکراوە بۆ ئەشرافە مەسیحییەکانی میللەتی ئەڵمانی، کە لەو نامانەدا ڕایدەگەیەنێت و دەڵێت—ئێستا کە ڕۆمییەکان شیلەی ئیتالیایان مژیوە، بڕیاری ئەوەیان داوە کە بێنە ناو ئەڵمانیاشەوە... ئێمە ئەڵمانییەکان چۆن دەتوانین مل بۆ دزینی ماڵ و موڵکەکانمان لە لایەن پاپاوە بدەین )؟ لە ساڵی ١٥٢٠ز پاپا لیئۆ بڕیاری تەکفیر کردنی لۆسەر دەدات.(٥٣) دوا بەدوای ئەویش چاکسازی خوازانێکی دی لە نێو پیاوانی ئایینی وەدەر کەوتن و هاوشێوەی لۆسەر هەمان هەنگاویان بە دژی پاپا و کڵێسا نا لەوانیش (ئۆلریش تسوینگلی).

چاکسازی خوازی مەزنی سویسرایی، ئولریش تسوینگلی بووکە تەنها چەند هەفتەیەك لە مارتن لوسەر گەنجتربوو،

---

(٥٢) چاکسازی ئایینی – سارا فلۆوەرز – لـــــــ ٣٠ .

(٥٣) هەمان سەرچاوە – لـــــــ ٣٤ .

که ئاگای له چالاکیەکانی لۆسەر بوو لەسەرەتاکانی١٥٢٠ز دا چالاکییەکانی خۆیی دەست پێکردن ئەو له شاری ئەڵمانی زمانی زویخ دەژیا، تسونگلی له  پۆستی قەشەی ناوچەیی دا شیکردنەوەکانی خۆی له کتێبی پیرۆزەوە دەردەبڕین و دەستی دەدایه ڕەخنه گرتن له کرده گەلێکی وەك فرۆشتنی پسولەی لێبوردن و فرۆشتنی پۆستی ڕۆحانیەکان، هەروەها به دژی دانپێدانانی تایبەتی، ڕەهبانیەت، ڕۆژوو گرتن و هەبوونی هونەر و مۆسیقا له کەنیسه دا، وتاری دەدا و دەی گوت که هیچ کام لەم کردەوانه له کتێبی پیرۆز دا نین و بەم پێیه نابێت وەك بەشێك له ڕێوڕەسمی ستایشکردنی مەسیحییەت بناسرێن.(٥٤) له پێشڕەوانی تری چاکسازی خوازی : یان هۆس (Jan Hus) بوو که له پراگ دا—شوێنێك که بۆ ماوەیەکی زۆر ناوەندی کەلتوور و بازرگانی ئەورووپای سەدەکانی نێوەڕاست بوو—وەعزی دەدا. ئەو  هەندێك له وەعز و نامەکانی ویکلیفی خوێندبوونەوە و لەگەڵ زۆربەی باوەڕەکانی ئەم چاکسازی خوازه بەریتانیه هاوڕا بوو. هۆس، وەکو نەیارانی تر دژی بوونی چەند پاپا بوو، لەبارەی چاکسازی له کەنیسه دا باسی دەکرد و باوەڕی وابوو (یاخی بووون له پاپایەکی خەتا کار، وەك گوێ ڕایەڵی کردنی مەسیح وایه ).(٥٥)

شیانی گوتنه لەو سەدانەدا پاپاکان و زۆرێك له پیاوانی ئایینی وێڵی دوای سامان و خۆش ڕابووردن کەوتبوون له گشت چەشنه گەندەڵیەکی دارایی و ئەخلاقی و سیاسی تێوەگلا بوون. یەکێکی دی له چاکسازی خوازانی بەر له سەردەمی چاکسازی : چاکسازی خوازی بەریتانی جۆن ویك لیف (John Wycliffe) بوو که مامۆستا و گوتار بێژی زانکۆی باوەڕ پێکراوی ئۆکسفۆرد بوو. ئەو نەکەوتبووە ژێر کاریگەری ئەو ڕۆحانیانەی (قەشه و ئوسقوفەکان ) که له وڵاتەکەیدا کاریان دەکرد، باوەڕی وابوو که ئەوان تەنیا له بیری کۆکردنەوەی دارایی و هەروەها ژیانی خۆشگوزەرانین. ئەو وای بیر دەکردەوە جیایی پاپا کان ڕیسوایی بوو، خەڵك تەنها دەبوو تا کاتێك باوەڕیان به پاپا کان هەبێت، که پەیڕەوی له مەسیح بکەن، ئەو ئازایانه زۆربەی قەشه و ئوسقوفەکانی به (دز، ڕێوی فێڵزان، گورگی دڵڕفێن، مرۆڤی زۆر خۆر، شەیتان و مەیموون ) بانگ دەکرد. ویکلیف باوەڕی وابوو،

---

(٥٤) هەمان سەرچاوە — لـــــــ ٦٧ .(٥٥) چاکسازی ئایینی — سارا فلۆوەرز — لـــــــ ٢٢ .

کەنیسە پێویستی بە ڕزگار بوونێکی تەواوە لە گشت دارایی و دەسەلاتەکانی خۆی. تا ئەم قۆناغە، ویکلیف تەنیا گەڕانەوە بۆ ئایدیالەکانی مەسیح و هاوەڵەکانی پەرە پێدەدا. بەلام ئەو لەمەش زۆر تر ڕۆیی و بۆچوون گەلێکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەسمە دینیەکان خستە بەرچاو و کە بە تەواوی لە بەرامبەر (لە دژی) باوەڕەکانی کەنیسە دا.(٥٦) لە ساڵی ١٤١٥ز دا ئەنجومەنی وەفاداری (ئەو ئەنجومەنەی کۆتایی بە چەند پاپایی هێنا )، کارەکانی ویکلیف و هۆسی مەحکوم کرد، بێ شك ئەم ئەنجومەنە بە بلاو کردنەوەی ڕاگەیەنراوێکی بەهێز، لە هەوڵی چارەسەر کردنی ئالۆزیەکانی حوکم کردن بەسەر کەنیسە دا بوو لە سەردەمی چەند پاپایی دا. سەرەڕایی ئەوەی کە ویکلیف لە ساڵی ١٣٨٤ز دا کۆچی دوایی کرد بوو، بەلام هۆس لە ژیاندا بوو. ئەنجومەن (یان هۆس ) یان کە بە زەمانەتی ئاسایشی بانگهێشت کرد بوو دەستگیر کرد، نووسراوەکانیان سوتاند، دایانە دەستی کاربەدەستە بەرپرسەکان. (یان هۆس ) بە تاوانی هەڵگەڕانەوە و لادان لە ئایین، مەحکوم کرا و بەزیندوویی سوتێنرا.(٥٧) هاوشان لەگەڵ ستەمکاری پاپا و باقی پیاوانی کڵێسا، هەمیشە و لە هەر کام لە قۆناغەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست ئەورووپا بڕوانین، دەبینین کە بەردەوام خەڵکانێکی ویژدان زیندووی حەق خواز چ لە نێو پیاوانی ئایینی، وە چ لە نێو بیرمەند و زانایان، یاخود لە نێو خەڵکانی ئاسایی دا هەبوون کە لە بەرابەری فرت و فێڵ و ساختەکاری و جەور و ستەمی دەسەلاتی پاپا و پیاوانی کەنیسە و گەندەڵیەکانیاندا بوەستنەوە، وە قوربانی ئێجگار گەورەش لەو پێناوەدا بدەن.

لەگەڵ دەستپێکی دۆزینەوە جوگرافیەکان لە ساڵی ١٤٩٢ز و سەرهەڵدانی ڕێنیسانسی دووەم شومارێکی فرە لە زانایان و بیرمەندان سەریان وەدەر نا. ئەمە جگە لەوەی ڕەوشی ژیان ڕووی لە باش بوون دەنا.

ئەورووپا بە گشتی ڕووی لە گۆڕانێکی گەورەی گشتگیر و هەمەلایەن کرد، بەهۆی باشبونی باری دارایی خەڵك گەشە کردنی شارەکان، ڕۆڵی ماسی و سامانی ئاویی لە بازرگانی دا،

---

(٥٦) چاکسازی ئایینی – سارا فلۆوەرز –ل٢٢ .

(٥٧) هەمان سەرچاوە .

کۆچ کردنی جووتیار بۆ شار، زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان، کەڵەکە بوونی سامانی ئەرستۆ کرات و خاوەن موڵك و لۆردەکان، زیاد بوونی بایەخی دەریاوانی و دۆزینەوە جوگرافیەکان، لاواز بوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی. ئەمانە وایان کرد : باری دارایی زۆرینەی ناوچەکانی ئەورووپا بەرز ببێتەوە لەوانەش (جەنەوا، ناپۆلی، فلۆرانسا، مەرسیلیا، لەندەن، پاریس، لشبۆنە )، گەشەی کۆمەلاّیەتی و نیشتەجێ بوون لە شارەکاندا پێویست بوو، دۆزینەوەی جوگرافی فراوان بوو، سەروەدەر نانی بازرگانی نێوان ناوچەکانی ئەورووپا و دروست بوونی تێکەلاّوی نێوان هەرێمەکانی ئەورووپا و ئاشنابوونیان بە کلتوور و زمانی یەکدی، هەروەها دەرکەوتنی کارگەکان و گەشەکردنی بازار.نمونە : شاری فلۆرانسا (٢٠٠) دوو سەد کارگەی تێدا بوو لە سەدەی (١٦) شانزە دا. وە لە ڤینیسیا (٢٠) بیست هەزار کەس سەرقاڵی ڕستن و چنین بوون.(٥٨)

لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی باری دارایی و ئابووری و گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی، بزاوتی ڕوناکبیری و ڕۆشنبیران سەری وەدەرنا و چەندین بیرمەند و داهێنەر کەوتنە چالاکی و خولقاندن کارە ناوازەکانی خۆیان، خزمەتی فراوانیان بە کۆمەڵگەکانی ئەورووپا کرد، هەروەها لە ڕێنیسانسی یەکەم لە فلۆرانسیش شومارێك لە بیرمەند و ڕۆشنبیران هەڵکەوتن، لێرەشدا نێوی هەندێك لە بیرمەند و ڕۆشنبیرانی هەردوو ڕێنیسانسی یەکەم و دووەم دێنین.

لەوانیش : ( دانتی ئەلیگیری/ ١٢٦٥– ١٣٢١ ز ) شاعیری ئیتالی خەڵکی فلۆرانسا، (فرنچیسکۆ پەترارك/ ١٣٠٤- ١٣٧٤ز ) نوسەری گەورەی ئیتالی، (جیۆڤانی پۆکاشیۆ/ ١٣١٣- ١٣٧٥ز ) چیرۆك نووسی ئیتالی، (لۆرێنزۆ ڤالا/ ١٤٠٧- ١٤٥٧ز) مێژوو نووسی ئیتالی، (گالیلۆ گالیلی / ١٥٦٤-١٦٤٢ز) زانای ئیتالی، (جیۆردان و برۆنۆ/ ١٥٤٨- ١٦٠٠ز) زانای ئیتالی چەندین تیۆری گرنگی لە بواری ئەستێرە ناسی دانا و بە شێك لە باوەڕە هەڵەکانی ئەو سەردەمەی کەنیسەی بە درۆ خستەوە،

---

(٥٨) ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا –کەیوان ئازاد –چاپی دووم – ٢٠٠٨ .

(لیۆناردۆ داڤینشی / ١٤٥٢ – ١٥١٩ز ) وێنە کێشی گەورەی ئیتالی، (میخائیل ئینجیلۆ/ ١٤٧٥- ١٥٦٤ز ) وێنە کێشی گەورەی ئیتالی، (نیقۆلای ماکیاڤیللی/١٤٦٩-١٥٢٧ز) بیرمەندی گەورەی ئیتالی، (ولیەم شکسپیر/١٥٦٤- ١٦٥٤ ز ) شانۆ کاری گەورەی بەریتانی، (تۆماس هۆبز/١٥٨٨-١٦٧٩ز ) بیرمەندی بەریتانی ڕۆڵی خۆی لە دەرخستنی مافەکانی تاك و کۆمەڵ لە کۆمەڵگا و شێوازەکانی گەشە کردنی بینی و تیۆری (دۆخی سروشتی ) سەلماند. (جۆن لۆك/ ١٦٣٢-١٧٠٤ ) بیرمەندی بەریتانی ماف و ئاستی توانایی ئەندامانی کۆمەڵگا و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگادا ڕوونکردەوە و خستە ڕوو، ( ڕینیە دیکارد/ ١٥٩٦ -١٦٥٠ ز ) بیرمەند گەورەی فەرەنسی و دۆزەرەوەی ئەندازەی شیکاری و بنەماکانی سروشت، ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا پۆلێکی کەمی ئەو زانا و ڕوناکبیر و بیرمەندانە بوون، هەوڵ و ماندووبونیان بە نەترسی لە دژی دەسەلاتی کەنیسە و پاپاکان خستە کار. ڕۆلێشیان لە کۆتایی پێهێنانی شەوەزەنگی تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست و خولقاندنی بوژانەوەی ئەورووپی بینی هەروەها کۆمەڵگاکانی ئەورووپایان ووریا کردەوە و بە ڕووی دەسەلاتی کەنیسەیاندا کردنەوە، تا ئەو کاتەی سەردەمی بووژانەوە بوونی خۆی سەلماند و ئەورووپای بەرەو پێشکەوتن برد.(٥٩) کۆمەڵگاکانی ئەورووپای لە جەبەڕووتی پاپا و پیاوانی کلێسا ڕزگار کرد و کۆت و بەند و لەمپەرەکانی بەردەم پرۆسەی زانست و کاروانی پێشڤە چوونی ڕامالّی و زانایان و داهێنەران لە کەشێکی ئازاد دا تێز و بیروڕاکانی خۆیان دەخستە پێش چاوان، دوور لە هەر ترس و ڕاوەدوونانێك، وە زەمینەیان ڕەخسا تا داهێنان و دروست کراوە ماددیەکان لەسەر زەمینەی واقیع بەرجەستە بکەن و بیانخەنە ڕوو.

هەرچەندە شومارێکی زۆر لە زانایان و داهێنەران بە دەستی پیاوانی ئایینی بوونە قوربانی داهێنراو و نوسراوەکانیان و باجێکی هێجگار گەورەیان لەسەر دان، جا بە گرتن و ئەشکەنجە دان و سوتاندن و لە سێدارەدان یاخود بە ناچار کردنیان بە پەشیمان کردنەوە لەکارەکانیان، وە تەنها زانایان و بیرمەند ڕۆشنبیر نەبوون کە ببوونە قربانی ستەم و چەوساندوەنەکانی کلێسا،

---

(٥٩) ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا –کەیوان ئازاد –چاپی دووم .

بەڵكو چاكسازی خوازانی نێو خودی پیاوانی ئاینیش لە دەست هەمان ئەو ستەم كاریانەی هاوڕێیانی خۆیان لە پیاوانی ئایینی واتا (قەشەكان)ـە وە گرفتار بوون، ژمارەیەكیش لەوان گیران و تووشی ئەشكەنجە و كوشتن و سوتاندن و ڕاوەدوونان هاتن.

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانكاریە هەمەلایەنانەوە دەسەڵاتی پاپا لاواز بوو، یەكێتی ئایینی مەسیحیەت و مەزهەبی كاتۆلیكی و زمانی لاتینی كە زمانی ئایین و ڕۆشنبیری كیشوەری ئەورووپا بوو تووشی لێكترازان هاتن.

(لۆرێنزۆ ڤالا) ی مێژوو نووسی ئیتالیش پەردەی لەسەر ئەو ڕاستیە هەڵماڵی، كە پایەی پاپا وەك ڕابەری ڕۆحی مەسیحیەكان، پایەیەكی دەستكردی قەشەكانی مەسیحییەتە نە لە ئینجیلدا باسی كراوە و نە پایەیەكی خوداییە بۆ مەسیحییەكان. بەم بانگەوازەش ئەو بەڵگەنامە ساختەیە بە درۆ خرایەوە، كە گوایا (پاپا) پایەیەكی گەورەی دنیاییە و سەرباری ئەوەی لە ئینجیلدا باسی كراوە، لەسەرەتای سەدەی چوارەمی زاینیشدا قوستەنتینی یەكەمی ئیمپراتۆری ڕۆمای بیزەنتی چەسپاندویەتی. بەو ڕووداوەش سەرەڕای ئەوەی گەورەیی ئەو پایەیە لە ناو كۆمەڵانی خەڵكدا ئەو قورساییەی نەما، ناوەڕۆكی قەشە و ئسقوفەكانیش بۆ خەڵكی دەركەوتن و لە ناو ڕوناكبیراندا وەك دەرەبەگ و خاوەن موڵكی چەوسێنەر ناسران. سەرباری ئەوەی ڕووی كارە نا ئایینی و بەد ڕەوشتی و كۆكردنەوەی سامان لە ژێر پەردەی مەسیحییەت دا بۆ كۆمەلانی خەڵكی ڕوون بوەوە و ئەورووپیەكان لەو ڕاستیە گەیشتن، كە پیاوانی كەنیسە، مەسیحیەتیان بۆ بەرژەوەندیە تایبەتەكانیان بەكار هێناوە و ئامانجیان خودا پەرستی و پاراستنی ڕاستی ئایینەكە نەبووە.(٦٠) وە لە پێناو مەرامە ناڕەواكانیان ڕەوایەتیان بەخشیبووە هەر چەشنە ستەمكارییەك.

(دۆلییە) كە زمانەوانێكی فەڕەنسی بوو بەهۆی چاپخانە تایبەتەكەی خۆیەوە، بیر و باوەڕی هیومانیستی بلاو ئەكردەوە، لە مانگی ئابی ١٥٤٦ ز دا لە مەیدانێكی شاری پاریس دا سوتێنرا. هەروەها برۆنۆ پاش هەشت ساڵ زیندانی لە زیندانەكانی دادگاكانی پشكنین،

---

(٦٠) ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەریدا – كەیوان ئازاد ئەنوەر – چاپی دووەم – ٢٠٠٨ .

له مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٠٠ ز، له گۆڕەپانێکی شاری ڕۆمادا، به پێش چاوی خەڵکەوه ئاگری تێبەردرا.(٦١) هەروەها لەسەر بڕیارەکانی دادگای پشکنین و به دەستی پیاوانی کڵێسا :

(چیرۆم ساڤۆرنارۆنا/١٤٩٨ز) سوتێنرا. لەنێو قەشه چاکسازی خوازەکاندا (ئەلریك زوینگلی/١٤٨٤-١٥٣١) سوتێنرا. وه (جۆن هس/١٣٦٩-١٤١٥ز) سوتێنرا. هەروەها (جۆن ویکلیف/١٣٢٤-١٣٨٤ز) سوتێنرا.(٦٢) سەرباری ئەم قوبانیانه به سەدان له زانایان و چاکسازی خوازان کەوتنه بەر هەمان سزای دادگاکانی پشکنینەوه. ئەمه جگه له کوشت و بڕ کردنی زیاتر له (٣٠٠) هەزار له هاو ئایینه مەسیحیەکانی دی که ( ٣٢ ) هەزار لەوانه به زیندووی سوتێنران. ئەمه بێ لەو زیانه زۆر و زەوەندانەش که له زانست و زانیاری و شارستانێتی مرۆڤایەتیان دا له ڕێگای سوتاندنی ئەو گشته کتێب و کتێبخانانەوه.

شەڕکەره مەسیحییەکان له ساڵی ١٢٠٤ز قوستەنتەنیەیان تاڵانکرد و لەگەڵیشیدا کتێبخانه مەزنەکەی ئەو شارەیان ئاگردا.(٦٣) وه کتێبخانەی گەورەی شاری ڕۆمایان ئاگردا، هەروەها کتێبخانەکانی ئەندەلوس (ئیسپانیا ی ئێستا) یان سوتاند، ئەمەش له دوای داگیر کردنی ئەو وڵاته له لایەن پاشا ئیزابێلا و شا فردیناند، دوابەدوای دامەزراندنی دادگاکانی پشکنین تێیدا. ئەم کارەساتەش لەسەر دەستی خودی قەشەکان ئەنجام درا. هەروەها کتێبخانەی ئەسکەندەریەی میسریش لەسەر دەستی وان به هەمان دەرد برا، ئەمه جگه لەوەی پاپا دەسەڵاتدارە مەسیحیەکانی فەرمانڕەوایانی ئەو سەدانه دنەی مەغۆلەکانیان دا بۆ پەلامار دانی خەلافەتی عەباسی و داگیر کردنی بەغدادی پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی و وێرانکردنی تەواوی شاری بەغداد به کتێبخانه گەورەکەی ئەو شارەشەوه، که لەو زەمەنەدا به گەورەترین کتێبخانه دادەنرا و ژمارەی کتێبەکانی خۆیان دەدا له ملیۆنان کتێب،

---

(٦١) جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ – ئارام ڕەشید – چاپی سێیەم -٢٠٠٨ .

(٦٢) ڕەهەندەکانی ریفۆرمی ئایینی له ئەورووپا- سامان حسێن ئەحمەد –چاپی دووەم -٢٠١٢ .

(٦٣) ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی – جیمز .ئەی. کۆریك- چاپی یەکەم –لـــــ ١٣٤،١٣٦ .

کاتێك کە سەربازانی هۆلاکۆ دەستیان کرد بە لەناو دانیان، سەجەمیان هەڵدانە نێو ئاوی دیجلەوە و قمیان کردن، لە حاڵێکدا کە ڕەنگی ئاوی دیجلە شین داگەڕا، کە ئەمەش شایەت و نیشاندەری ڕادەی مەزنی ئەوکتێبخانە و زۆری کتێبەکانی بوو.

دژایەتی هەمە لایەنەی بێ پسانەوەی کلێسا لە دژی زانست و زانایان، هەروەها چەوساندنەوەی بەردەوامیان دەرهەق بە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و قەتڵ و عام کردنیان، وە درێژەی سیستەمی ستەمکارانەی دەرەبەگایەتی، هەوڵی زانایان و بیرمەندان و ڕۆشنبیرانیش لە پێناو گۆڕینی ئەو ڕەوشە، هاوکات سەرهەڵدانی چاکسازی خوازانێك لە نێو ڕیزی پیاوانی ئایینی لەگەڵ نارەزایەتی خەڵکی لەو نەزمە و سەرهەڵدانی دۆزینەوە جوگرافیەکان، هەموو ئەمانە پێکەوە ئەورووپایان هەڵ خڕاند بەرەو ویستی گۆڕانخوازی و ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیان و ئایین و سیستەمی فەرمانڕەواییاندا، هەروەك دۆزینەو جوگرافیەکان فاکتەری گرنگ بوون لەو وەرچەرخانە هەلامەلایەنانەدا.

شیانی گوتنە کە ئیسپانیا و پرتوگال بە سوود وەرگرتن لە دۆزینەوە جوگرافیەکانیان سەروەتێکی بێ شوماریان دەسکەوت. کەڵەکە بوونی سەرمایە و سامان لە ئەورووپا لەسەر بنەمای پێشێلکردنی مافی گەلانی ئەفریقیا و ئەمریکای باکور و ئەمریکای باشوور بوو ئەویش بە قەسابخانە کردن و لەناو بردنی دانیشتوانی ڕەسەنی هەردوو کیشوەری ئەمریکا کە زیاتر لە (٨٠) هەشتا ملیۆن هیندی سوری تێدا بوونە قوربانی و دواتریش ئیسپانی و پرتوگالیەکان سامانی ولاتەکانیان تالانکردن. ئیسپانیەکان لەسەر زەوی نوێدا گەنجینەکانی ئاڵتوون و زیویان دیەوە، وە زۆربەی ئەو ئاڵتوون و زیوەی لە ئەمریکا هەبوو هی یەکێك لە دوو شارستانیە خۆ جێیەکانی ئەو سەر زەویە بوو، ئەزتەکەکانی مەکسیك و ئینکاکانی پیرۆ.(٦٤) گەنجینەکانی ئەوو دوو شارستانیەتە لە لایەن ئەورووپیەکانەوە تالانکران و گواستنیانەوە بۆ ولاتەکانی خۆیان و خستیانە خزمەت ئیمپراتۆر و پاشاکانیان و لە پرۆژەکانی دروستکردنی هێزی سەربازی گەوەردا بەکار بران،

---

(٦٤) ڕێنیسانس – جەیمز.ئەی. کۆریك – چاپی یەکەم – لـــــــ ٧٣

وەك ئامادە سازیكردنێك بۆ بەجێ گەیاندنی مەرام و پلانە  داگیركاری و تالاّن و برۆكانی ئاینده لەهەمبەر گەلانی دەرەوەی كیشوەری ئەورووپا. سەرجەمی ئەو پرۆسەی كۆمەڵكوژی و تالاّنكاریانە بە ئیزن و فەرمانی پاپاكان بەڕێوە دەچوون و لەگەڵ هەریەكە لەو لەشكرە تاوانكارانەی ئیسپان پرتوگالەكاندا چەندین قەشە لە لایەن پاپاوە دەنێردران بۆ بە مەسیحی كردنی ئەو كەس و گر وپ و كۆمەلاّنەی كە ڕزگاریان دەبوو لە كوشتارگاكانی لەشكری ئیسپان و پرتوگال كە لە هەمبەر گەلەكانیان ئەنجامیان دەدان تاوەكو باشتر بیانخەنە ژێر بار.

كاتێك دروسكراوەكانی ئاڵتوون زیو كۆتاییان پێهات، ئیسپانیەكان بۆ هەڵكۆڵینی كانەكانی ئاڵتوون و زیو كەڵكیان لە كۆیلە ئەفریقی و سورپێستەكان وەردەگرت و كانەكانی ( زیو ) لە پیرۆ بوون بە سەرچاوەیەكی گرنگی داهات لە ئیسپانیا.(٦٥) دەریاوانە پرتوگالیەكان لە ساڵی ١٤٤١ز یەكەمین كاروانی كۆیلە ئەفریقەكانیان هێنایە نێو ئەورووپاوە و بەم جۆرە بازرگانی كۆیلە ئەفریقاییەكان كە چەندین سەدە درێژەی كێشا و بوو بە هۆی دیل بوونی ملیۆنەها ڕەش پێست دەستی پێكرد.(٦٦)

سەرجەمی ئەم ڕووداو و دۆزینەوانە و ئەو كارانەی كە سەربازانی ئیسپان و پورتوگال بە پاڵپشتی و ئیزنی پاپا و قەشە مەسیحییەكان ئەنجامیان دا بە شێوەیەكی هێندە نا مرۆڤانە و دڕندە ئاسا بەڕێوە چوون، بە گێڕانەوەیان مرۆڤ تووشی سەراسیمە بوون و شۆك دەبێت لە ڕادەی وەحشیگەری سەربازانی مەسیحی ئیسپان و پورتوگال كە دەرهەق بە دانیشتوانی بێگوناهی هەریەكە لەز كیشوەرانە ئەنجامیان داون، بە چەشنێك جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو و پیر و گەنج و منداڵ و خەڵكانی جەنگاوەر و سڤیلدا نەكراوە و وەك یەك كۆمەڵكوژ كران و لەنێو بران، ئەمە سەرباری دەسدرێژی سێكسی بۆسەر ئافرەتان و شكاندنی بەهای مرۆڤانەی ئەو گەلانە و بێڕێزی كردن بە تەواوی پیرۆزیەكانیان،

---

(٦٥) هەمان سەرچاوە – لـــــــ ٧٤ .

(٦٦) ڕێنیسانس – جەیمز ئەی . كۆریك – چاپی یەكەم – لـــــــ ٧٢-٧٣ .

له کۆتایشدا قەلاچۆ کردن و بنبڕکردنیان و کۆچ پێکردن و گواستنەوەی خەڵکانی ئەورووپی بۆ ئەو کیشوەرانە و نیشتەجێ کردنیان لەسەر زەمینی ئەو نەتەوانە، هەروەك دانیشتوانی ڕەسەنی ئوستورالیاش هەر بە هەمان دەردی ئەو هیندییانە بران .

زۆرینەی ئەو خەڵکە مەسیحییەی لە کیشوەری ئەورووپا وە کۆچیان دەکرد بۆ زەوییە نوێیەکان ئەوانە بوون کە لە تاو ستەمی کلێسا هەڵدەهاتن، بەو هیوایەی کە لەو سەر زەمینە نوێیانەدا ژیانێکی نوێ و باشتر دەست پێبکەن، چ لە ڕووی ئازادی ئایینی و سیاسی و کۆمەلاًیەتیەوە، یاخود لە ڕووی ئابووریەوە گوزەرانێکی باشتر بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەم دۆزینەوانە خاڵی گرنگ پێك دێنن لە وەرچەرخانی کۆمەڵگای ئەورووپی بەرەو گۆڕان، هەر دوابەدوای ئەمە و بە هێنانەوەی سامانی بێشوماری ئەو گەلانە بۆ ئەورووپا پرۆسەی گۆڕانکاری لەوە بەدوا بەشێوەیەکی کاریگەر دەستی پێکرد. وە لە پاش ڕاگەیەندراوە (٩٥) خاڵییەکەی لۆسەر یەکەمین گورز وێرانکەر ئاراستەی دەسەلاًتی پاپا کراو هەژاندی.

لەو ساتەدا کە ڕۆمیەکان نیازی داگیر کردنی ئەورووپایان هەبوو، لۆسەر گووتی ئێمەی ئەڵمانی چ پەیوەندیەکمان بە قەدیس پەترۆسەوە هەیە؟ شیانی گووتنە لۆسەر ئەڵمانی بوو دژی دەسەلاًتی بێگانە ڕاپەڕی و گەورەترین هۆکاری لەبەر یەك هەڵوەشانی ئەورووپا بوو لە کۆتایی سەدەکانی ڕێنیسانس دا و پەیوەندیەکانی (زمان و ئایین و نەتەوکان)ـی پچڕاند.(٦٧)

چاکسازییەکانی لۆسەر یەکێتی ئەورووپای هەڵتەکاند، گەلانی ئەورووپی پەرت کرد و شەڕی بەرپا کرد، هەروەها لۆسەر بە سەختی دژایەتی دەسەلاًتی پاپایەتی دەکرد. دووانی توندی دژی پاپاکان دەدا.

لۆسەر دەیگووت ئێمەی ئەڵمانییەکان چۆن دەتوانین مل بۆ دزینی ماڵ و موڵکەکانمان لەلایەن پاپاوە بدەین؟ وە بانگێشتی بۆ ڕاپەڕین دژی کەنیسە کرد.(٦٨)،

---

(٦٧) مێژووی ڕێنیسانس – سیدنی دارك – ساڵی چاپ - ٢٠٠٢ ز .

(٦٨) چاکسازی ئایینی – سارا فلۆوەرز – لـــــــ ٣٤ .

هەروەك لە بواری پەرستشدا لۆسەر دژی ناوەند گیری پاپا و قەشەکان بوو، بە شێوەیەك کە هیچ مەسیحییەك بە پێی ئەو چەشنە ئایینداریەی کە جێ پەسەندی کلێسا بوو نەیدەتوانی لەگەڵ خوادا بئاخڤێت، بەڵکو دەبووا لە ڕێی پاپا و قەشەکانەوە ئەو کارە ئەنجام بدرایە. هەر بۆیەش لۆسەر دەیگوت کە تاك مافی هەیە بێ واسیتە لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا ڕاز و نیاز بکات.(٦٩) لۆسەر پووچیەتی پسولەی لێبووردنی پاپاکانی سەلماند و دژی تالانکردنی سەروسامانی خەڵکی لەلایەن قەشەکان وەستایەوە ، هاوکات دژی پاوانکردنی کتێبی پیرۆز بوو لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە کە تا ئەو دەمانە تەنها ئەوان مافی خوێندنەوەی (ئینجیل) و ڕاڤەکردنی ئەو پەڕاوەیان بۆ ئاینداراانی مەسیحی هەبوو کە ئەویش بە زمانی لاتینی نوسرابویەوە.

## هەڵوەشاندنەوەی پاپایی و سەرهەڵدانی پاشایەتی :

کەنیسە تا پێش دەرکەوتنی لۆسەر بەرپرس و پارێزەری ئایینی مەسیحیی بوو، فەرمانڕەوا ناوچەییەکانی دادەنا، بە پادشا و ئیمپراتۆرەکانیشەوە، خاوەنی چەند هەزار پارچە زەوی کشتوکاڵی و لەوەڕگای ئاژەڵان بوو، باجی دەستاند و خەڵکی باگێشت دەکرد بۆ بە مەسیحیی بوون و سزای سەرپێچی کارانی دەدا، شەڕی ڕادەگەیاند و بەرپرسی ڕاپەڕاندنی مارە کردن و سەرپەرشتی و چاودێری جێ بەجێ کردنی کاروبارە ئایینیەکانی کۆمەڵانی خەڵك و هەروەها بەرپرسی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبە ئایینیەکان و کردنەوەی خوێندنگاکانیان بوو. زۆرێك لە دەسەڵات و ئیمتیازەکانی خۆیی لە دەستدان.(٧٠) لەوەبەدوا کلێسا و پیاوانی ئایینی هێدی هێدی دەسەڵاتەکانی خۆیان یەك لە دوای یەك لە دەست دەدا و چیدی ئەو ڕێز و پیرۆزی و دەست ڕۆشتوویەی جارانیان نەما و هەر مەسیحییەك بۆ خۆی دەستی بە کتێبی پیرۆز ڕادەگەیشت و بۆ خۆیشی دەیخوێندەوە و ڕاڤەی دەکرد ،

---

(٦٩) مێژووی ڕێنیسانس – سیدنی دارك – ساڵی چاپ -٢٠٠٢ .

(٧٠) ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا – د. کەیوان ئازاد –چاپی دووەم – لـــــــــــ ٢٦- ٢٧ .

ئەمەش لە دوای چاکسازییەکانی لۆسەر و وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی نەتەوەی گەلانی ئەورووپا. چیدی مەسیحییەکان متمانەیان بە پسولەی لێبوردن نەما، زۆرێك لە قەشەکان ژنیان هێنا و بوونە خاوەنی خێزان و ماڵ و منداڵ و دەستبەرداری ڕەبەنی بوون. شومارێکی فرەیشیان چاویان لە لۆسەر کرد و هەمان ڕێبازی ئەویان گرتە بەر و دژی پاپا و ستەمکاریەکانی وەستانەوە و هەوڵی چاکسازی خوازانەیان خستە گەڕ و هەر لە ڕوانگەی دید و تێڕوانینەکانی خۆیشیانەوە ڕاڤەی نوێیان بۆ ئینجیل دارشتەوە و دواتر هەریەکەیان لە وڵات و زێدی خۆی کەوتە بانگەشە بۆ بیر و بۆچوونەکانی و خەڵکانێکی زۆریشیان واداری لێکدانەوە و باوەڕە نوێییەکانی خۆیان کرد کە بە نێوی مەسیحییەتەوە بڵاویان کردوە وە پەرەیان پێدان. ئەمەش سەرەتای پەرتبوونی ئایینداڕانی مەسیحیی و کڵێسای کاتۆلیکی بوو. وە چەندین مەزهەبی نوێ سەریان هەڵدا، کە هەریەکەیان ڕەهەندی ناوچەیی و هەرێمی بەسەریاندا زاڵ بوون و دواتریش بە یەکجاری لە کڵێسای ڕۆمانی کە تا ئەو دەمانە سەنتەر و ناوەندی تێکڕایی مەسیحییەکانی ئەورووپا بوو، جودا بوونەوە و بۆخۆیان کڵێسا و سەرۆکی ڕۆحی تایبەت بە خۆیان پێك هێنا و دەستنیشان کرد. لە ژێر کارتێکەری ئەم گۆڕانکاریە مەزن و هەمەلایەنەدا، لە دوای لاواز بوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی ڕۆما، هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی هەروەك ئایینداڕانی مەسیحی ڕویان لە ڕۆما وەرگێڕا و کەوتنە هەوڵی جودا خوازی سەربەخۆ بوون، ئیدی لەگەڵ لێکترازانی ئایینی، لێکترازانی سیاسی و نەتەوەیی و جوگرافی قوڵ لەسەر زەوینی ئیمپراتۆریەت ڕوویاندا ، بە چەشنێك کە برینێکی وایان کردە جەستەی ئیمپراتۆری کە بۆ تا هەتایە سارێژ نەبوو، بەوەندەش نەوەستا تاوەکو تەواوی جەستەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی پیرۆزی دارژاند و لێك و پێکی هەڵوەشاند.

بەهۆی کاریگەری بیروڕاکانی (مارت لۆسەر) بوو ساڵی (١٤٨٣-١٥٤٦ز ) کڵێسای ئەڵمانی لە کڵێسای دایك جیا بوویەوە و ناوی کڵێسای پرۆستانتی لە خۆی نا دواتریش گوازرایەوە بۆ بەریتانیا لەسەر دەستی هینری هەشتەم (١٤٩١-١٥٤٧ز) لە وێشەوە لەسەر دەستی ( کالڤین ) ساڵی (١٥٠٩-١٥٦٤ز) برا بۆ فەڕەنسا .

له ساڵی (١٥٣٢ز) هینری هەشتەم ، پاشای زنجیرەی تیۆدۆر و باوکی ئیلیزابێتی یەکەم، سەرجەم پێوەندیەکانی لەگەڵ کڵێسای کاتۆلیکی و پاپای ڕۆم بڕی و خۆی بە سەرۆکی کڵێسا ناساند. بەم کارەی، مەزهەبێکی دەوڵەتی نوێی لە ئینگلیز دامەزراند : کڵێسای ئینگلیز یان مەزهەبی ئینگلیکەن. هۆی ئەم کارەی هینری هەشتەم ئەوەبوو کە بۆ تەلاقدانی هاوسەرەکەی کاترین، داوای لە پاپا کرد ئیزنی پێبدات (لەبەر ئەوەی میراتبەرێکی نێرینەی لەم ژنە نەبوو )، بەلاّم پاپا داواکاریەکەی هینری پەسەند نەکرد. هینری هەشتەم، وەك پاشایەکی سەرەڕۆ و سەرۆکی کڵێسا ، دەیتوانی بۆ خۆی ڕێساکانی خۆی دابنێت و بەم چەشنە ئان بۆلینی مارە کرد.(٧١) شیانی گوتنە کە لە زەمەنی هەژموونی دەسەلاّتی پاپا و کڵێسای مەسیحی دا هاوسەرگرتن و لێك جودا بوونەوەی ژن و مێردان بە ئیزن و ڕەزامەندی پاپا و پیاوانی کڵێسا بوو، پاشاکانیش بەدەر نەبوون لە خەڵکانی ئاسایی مەسیحیی لەو بارەیەوە لە حالێکدا کە پرۆسەی ئەنجامدانی زەواج یاخود هەڵوەشاندنەوەی پەیوەستە بە خودی هەر مرۆڤێك ، وە مافێکی خودی و کەسی تاکەکانە، ئەمەش وای کرد هەریەکە لەو گەلانەی نێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بۆ خۆیان کڵێسا و سەرۆکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و لەم ڕوانگەیەوە ئەڵمانیەکان بە ڕێبەری لۆسەر ئەو کارەیان ئەنجام دا و لە دواشیدا بەریتانیەکان و پاشتریش فەرەنسا و باقی گەلانی دی چاویان لەوان کرد و هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر.

لەگەڵ بەردەوامی ئەم وەرچەرخانە و بەردەوامبوونی چاکسازی خوازانی ئایینی لەهەوڵەکانیان، جیاوازی بۆچوون و بیر و ڕا لە نێوان ئەو قەشە چاکسازی خوازانەدا سەری وەدەرنا و کار و کۆشش و چالاکیەکانی هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی جیاواز لەوانی دی ڕێی گرتە بەر و وەرلا سوڕا. ئەمە بوو بە هۆی دروست بوونی چەندان مەزهەبی ئایینی لێك جودا، بەڵکو دژ یەکیش. کە دواتر و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا، درز و قەڵشتی نێوانیان فراوان بوونی بێرادەی ی بەخۆوە دی، بەچەشنێکی وا کە جەنگ و کوشت و بڕی هێجگار گەورە لە نێوانێندا قەوما کەچەندین دەیەی خایاند و چەندان قەسابخانەی نامرۆڤانەی گەورەیان دژ بە یەك ئەنجام دا،

(٧١) شۆڕشی شکۆمەند – کلایس سۆیشێر – چاپی یەکەم – ل ١٤ .

که له مێژوودا نمونەی کەم بوو. لەو کارەساتانەش دا هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەدا نەدەکرد. هەریەك لەو لایەنانەش سەر و ماڵی ئەوانی دی بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینی .

## دەرکەوتنی مەزهەبەکانی مەسیحیەت و ململانێی نێوانیان :

لەگەڵ دەرکەوتنی مەزهەبە جیاجیاکانی ئایینی مەسیحییەت، بەهۆی لێدوانەکانی لۆسەرەوە که جگە لە دەمارگیریە ئایینیەکەی مەیلێکی نەتەوە خوازیش لە ئاخافتنەکانی دا بە دی دەکرا. بە شێوازێ کە دوانی دەدا لە زێد و وولاتی خۆی لە بری برا مەسیحییەکان یاخوود هاو ئایین و هەر چی شتێکی دی لەو ووشە گەلانە، ئاماژەی بە (گەلی ئەڵمانی، ئێمەی ئەڵمانی ) دەدا، داوای ڕاپەڕینی دەکرد بەلاّم نەك لە مەسیحییەکانی سەرجەمی ناوچە و هەرێمەکان، بەڵکو داوای ڕاپەڕینی گەلی ئەڵمانی دژ بە پاپای ڕۆم دەکرد، دەی گووت نابێت ئێمەی ئەڵمانی مل بۆ دزینی موڵك و ماڵەکانمان بۆ بێگانەکان بدەین. ئەمە لە حاڵێکدا کە ڕۆمیەکان لە سەرچاوەوە هاو ئایینی لۆسەر و ئەڵمانیەکان بوون.

لە ئەنجامی دەرکەوتنی مەزهەبی پرۆستانتی کە لە سەرەتاکانی سەدەی شانزە لە ئەڵمانیادا دەرکەت و بلاّو بوویەوە بە سەرجەمی ناوچەکانی ئەورووپا دا، لە فەرەنسا هەر کەس لە ئاکاری ئەو کاتی کڵێسای کاتۆلیکی بێزار بووایە دەی دایە پاڵ مەزهەبی پرۆتستانتی، ئەو کات لەسەر دەستی کڵێسای کاتۆلیکی کوشتارێکی بە کۆمەڵ ڕووی دا، کاتێك لە شەوی (٢٤) ئۆگوستسی (١٥٧١ز) زەنگی لێدا ئەوە سەربازە خۆبەخشەکانی وروژاند تا بکەونە تەفر و تونا کردنی پرۆتستانتەکان و کەوتنە ڕووخاندنی ماڵەکانیان و بە مەشخەڵی دەستیانەوە لەو شەوە تاریکەدا ڕێیان دەبینی دەکەوتنە لەناو بردنی کەسانی بێتاوان و ئەو پەڕی دڵ ڕەقی و دڕندەیی کەم وێنەی ناو مێژووی مرۆڤایەتیان نیشان دەدا، سکی ئافرەتی سك پڕیان هەڵدەدڕی و کۆرپەکەیان دەردەکرد و دەیان خستە بەدەم سەگ و بەراز، ئەو منداڵانەش کە لە بێشکەدا بوون دەیان دانە دەست ئەو منداڵانەی خۆیان کە لە خوارووی دە ساڵیەوە بوون و فەرمانیان پێدەکردن لە ناو بازاڕی پاریسدا بە سەربڕین بیان کوژن، بەو جۆرە وازیان نەهێنا تا شەقامەکانی شار جۆگەی خوێنیان لێ هەستا و هاوارەکان گەیشتنە ئاسمان لە زۆر شاری تری ئەمە دووبارە بوویەوە،

سەرسوڕهێنەر ترین شتێ کە ڕووی دا لە ڕۆژی دووەمدا جارێکی تر زەنگی کڵێسا لێدرا، شوێنکەوتوانی کینەی ئایینی وایان زانی ئەوە، ڕێپێدانێکی نوێیە تا جەنگ دەست پێبکەونەوە و کەوتنە کوشتن و بڕین و جەستە شێواندنی براکانیان و تا ڕۆژی سێیەم بەو بارەوە قەسابخانەکە بەردەوام بوو، دواتر لە مانگی سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەر دا لە پاریس و چەند شارێکی تر دا ئەو بارە گۆڕا بۆ باری سەر بڕینی تاکە کەس.(٧٢)

ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە مەزهەبی پرۆتستانتی تازە دەستی وە سەردەرنان کرد بوو لە فەڕەنسا دا و کڵێسای کاتۆلیکی هێشتا خاوەنی دەسەلاتێکی مەزن بوو لەو وولاتەدا، جگە لە سەر و سامانێکی بێشوومار چ لە زەوی و زار، وە چ لەوەڕگا و ئاژەڵ و هەروەها باج و خەراج، کە ڕۆڵی یەکلا کەرەوەی لە کاروبار و بڕیارە سیاسیەکان هەبوو.

جۆرێکی تر لە پرۆتستانتیزم لە سویسرا دەستی پێکرد و بە خێرایی کێشرا بۆ ئەڵمانیاو هۆڵەندا و بەلجیکا. دوای شۆڕشەکانی وەرزێرەکان لە نێوان ساڵەکانی (١٥٢٤-١٥٢٥ز) گروپ گەلێك لە خەڵك دەستیان کرد بە خوێندنەوەی ئینجیل و هەڵێنجانەکانی خۆیان لە دین خستە بەرچاو. ئەم کەسانە دواتر بە ئانا پاپتیست ( Ana : دووبارە، Baptist: تەعمید کەر ) بە ناوبانگ بوون. چوون ئەوان باوەڕیان بە تەعمیدی گەورەکان هەبوو و بە پێویستیان دادەنا سەرەڕای ئەوەی لە منداڵیدا تەعمید کرابوون، سەر لەنوێ تەعمید بکرێنەوە. توند ڕەوترین ئانا پاپتیستەکان باوەڕیان بە میتۆدی کۆمۆنیستی ژیان هەبوو. ئەوان دەیانهەویست ڕێگای مەسیحییە یەکەمینەکان درێژە پێبدەن و بە شێوەیەکی هاوبەشی کەڵك لە پێداویستی شوێنی ژیان وەربگرن. هەروەها باوەڕیان وابوو کەکەنیسە لە کاروباری دنیایی جیایە و حوکمڕانە نا مەزهەبییەکان (پاشا و شازادە و سەرۆکی دادگاکان و کەسانی تر ) ناتوانن لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوایانی هەزهەبیش بن. ئەوان لەبەر ئەم باوەڕە نەك تەنیا خۆیان لە بەرابەر کەنیسەدا، بەڵکو لە بەرابەر مەزهەبە نوێیەکانی پرۆتستانتدا دانا. لۆسەریەکان،

---

(٧٢) بەراوردی ئایینەکان – أنور الجندی – چاپی یەکەم – لـــــــ ٢٢٢-٢٢٣ .

کەنیسەی چاکسازی تێدا کراو، و کەنیسەی بەریتانیا کە پێوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ فەرمانڕەوا سیاسیەکان دامەزراند، ئانا پاپتیستەکانیان بە بێگانە، توندڕۆ، لادەر، (بیدعەکار) و ترسناك دادەنا.(٧٣)

لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەم و سەرەتاکانی سەدەی شانزەیەمی زایینی ، شۆڕشی وەرزێرەکان لەسەر زەوی ئەڵمانیادا ، بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوویاندەدا ، وەرزێرەکان خوازیاری عەدالەت بوون . لە ساڵی ١٥٢٤ز دا ، ئاڵوگۆڕەکان لە کەنیسەدا ، ڕێگا گەلێکی نوێیان بۆ هێرشی وەرزێرەکان بۆ سەر ڕێخستنی کۆمەڵایەتی بەرهەڤ کرد . گوندیەکان وەهایان لێکدایەوە کە ئەگەر دەسەڵاتی کەنیسە ڕووەو کەم بوونەوەیە، لەوانەیە دەسەڵاتی حکومەتیش ڕووەو لە ناوچوون بێت . هەروەها ئەلبیجنسەکان (Albigenses) و والدینسەکان (Waldenses) دوو نمو نەی هەرە دیار و کاریگەری ئەو هەوڵە رادیکاڵیەن کە لە سەدەی دوازدەدا بە جۆرێك بوونە مایەی ترس لای کلێسا کە لە سەدەی سێزدە لە لایەن پاپا (ئینۆ سنتی سێیەم) وە بانگەشەی لەشکرکێشی خاچی بۆ لەناوبردن و بنەبڕکردنیان کرا.(٧٤) ئەم ئەلبیجنسانە ِهەر لە سەدەی یازدەوە لە ناوچەکانی باشووری فەڕەنسادا دەرکەوتن، بانگەشەی ژیانی هەژارییان دەکرد و ڕەخنەیان لە زۆرێك لە پەیڕەوەکانی کلێسای کاتۆلیکی دەگرت، وەك پەرستنی سانتەکان و حەوت نهێنییەکان، پەیڕەوێکی تایبەتی ئایینیان هەبوو، هەر لە ناوچەکانی باشووری فەڕەنساوە والدینسەکان لەسەر دەستی (پیتەر والدۆ- Peter Waldo ) وە سەریان هەڵدا، (والدۆ) بارزگانێکی شاری لیۆن بوو ساڵی (١١٧٠ز) چەند زانایەکی بە کرێ گرت بۆ وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی میللی باشوری فەڕەنسا و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت تاکی فەڕەنسی بگەڕێتەوە سەر شێوازی ژیانی سەردەمی نێردراوەکان، بۆیە سەروەت و سامانەکەی بەسەر لایەنگرەکانیدا دابەشکرد، هەرچەندە سەرەتا ئەم کۆمەڵە لە لایەن پاپاوە مۆڵەتیان پێدرا،

---

(٧٣) چاکسازی ئایینی – سارا فلۆوەرز – لـــــ ٦٩-٧٠ .

(٧٤) هەمان سەرچاوە – لـــــــ ٦١ .

بەلاٌم هێندەی نەبرد لە ژێر کاریگەری ئەلبیجنسەکاندا بوونە کۆمەڵێکی ڕادیکاڵ و بە توندی هێرشیان کردە سەر کلێسا و بە ناوچەکانی بیدمۆنت و ئەڵمانیا و بۆهیمیا و هەنگاریا و تەنانەت ئیسپانشدا بلاٌوبوونەوە. کلێسای کاتۆلیکی بۆ دامرکاندنەوەی ئەم هەولاٌنە و خەفە کردنی تەوژمی هێرشە فیکری و تیۆ لۆجییەکان جگە لە لەشکر کێشی چەکدارانە ڕێگای جۆراوجۆری تریشی گرتە بەر، هەر لە سەرەتای سەدەی سێزدەوە بە پشتیوانی دەسەلاٌتی دونیایی، (دادگاکانی پشکنین – Inquisition)ــی دامەزراند بۆ ڕاوەدوونانی ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێ دەکرا کە دژ بە کلێسا دەوەستن و بە نامرۆڤانەترین شێوە کەوتنە وێزەی ئەو کەسانەی کە تاکە وشەیەکیان دژی بدرکاندایە و دڕندانە ترین شێوازی ئەشکەنجەیان دەرحەقیان پیادە دەکرد و قورسترین جۆرەکانی سزایان بەسەردا دەسەپاندن، لە ماوەی نزیکەی دوو سەدەدا دەیان هەزار کەسیان لە ئاگردا سوتاند و بە زیندانی هەمیشەیی سزایان دان و سزای ماڵیان بەسەرهەزاران کەسدا سەپاند، تەنانەت بەسەر مردووەکانیشدا و منداڵەکانیان لە زۆربەی مافەکانیان بێبەش دەکرد.(٧٥) ئەمە سەرباری ئەو ململانێ و دژ بەرایەتیە توندەی کە پاپا و کلێسای کاتۆلیکی دەرهەق بە پرۆتستانتەکان لە تەواوی ئەورووپادا ئەنجامیان دەدا، وە بە هەموو شێوازێك کەوتبوونە ڕیشەکەن کردنیان .

هاوشان لەگەڵ ڕەوتە توندڕەوە چاکسازی خوازەکانی ئەلبیجنس و والدینسەکان و پرۆتستانتەکاندا، چەندین بزاوتی ڕادیکاڵی(توندڕۆ)ی دیکە هەر لە خودی کەسانی نێو ئەو مەزهەبە تازە سەرهەڵداوانە پەیدا بوون و جوودابونەوە.

ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵیانە هەر لە سەرەتای ساڵەکانی بزوتنەوەی (لۆسەر)ــەوە دەرکەوتن، ئەویش لەسەر دەستی یەکێك لە لایەنگرەکانی خودی ( لۆسەر ) بە ناوی (تۆماس مونتزیر-١٤٦٨-١٥٢٥ز) (Tomas Muntzer)ــوە کە پیاوی ئایینی بوو لە ناوچەی سەکسۆنیا، بە تایبەت دوای ئەوەی ساڵی (١٥٢١ ز) لەگەڵ گروپێکدا چوونە ڤیتەنبرگ و کۆمەڵێك بیرۆکەی ڕیفۆرم خوازانەی زۆر ڕیشەییان بۆ (لۆسەر) پێشنیار کرد،

---

(٧٥) ڕەهەندەکانی ڕفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا – سامان حسێن ئەحمەد – چاپی یەکەم – لـــــ ٥٤-٥٥ .

(لۆسەر) یش پێیان ڕازی بوو بەمەش کێشەی فیکری لە نێوان (لۆسەر) و (مونتزیر) دا کەوتەوە و دواجار (مونتزیر) لە ڤێتەبەرگ وەدەرنرا. لێرەوە ئیدی دەستی بە بلاّوکردنەوەی بیروڕاکانی لە سەرانسەری ئەلّمانیا کرد و (ئاناپاپتست- Anabaptist) ی ڕاگەیاند.(٧٦)

ڕیفۆرمیستەکان ئەگەر چی سەرەتا بانگەشەی ئازادی باوەڕ و ڕأ دەربڕینیان دەکرد و (لۆسەر) بە ئاشکرا دژی بەکرداری سوتاندن و خەفەکردنی بیروڕا بوو، بەلاّم ئەمانە هەمووی تا ئەو شوێنە بڕیان کرد کە بوون بە خاوەن دەسەلاّت، ئیدی لێبوردن و یەکدی قەبولّکردن لە زەینی هیچ یەکێکیاندا نەما و ئەمانیش تا سووتاندن لەگەلّ ئەو کەسانەدا چوون، کە باوەڕێکی دژ و ناکۆکیان لەگەلّ تێگەیشتنی ئەواندا بۆ ئینجیل ببوایە. سزای لە سێدارەدا لە سەرجەم ناوچە پرۆتستانتیەکاندا دژ بەم کەسانە پیادە دەکرا، (لۆسەر) زۆر بە ڕاشکاوی بە دەسکردی شەیتان لە قەلّەمی دەدان و بانگەشەی لە ناوبردنی دەکردن و لە کوشتنی ئاناباپتیستەکاندا بارتەقای کاتۆلیکیەکان توندڕەو بوو، ئەمە لە کاتێکدا سووتاندنی ( سیرڤیتس ) بە بڕیاری ( کالڤن ) دیار ترین گەواهی دەری هەلّوێستی ( کالڤن )ـــە لەم بوارەدا ، بۆیە ڕیفۆرمیستان لەم بوارەدا ئەوەی کردیان تەنها گۆڕینی دەسەلاّتی کلێسا بوو بە دەسەلاّتی ئینجیل، بەم جۆرە هەریەك لە کاتۆلیك و پرۆتستانتیەکان درێغیان نەکرد و زۆر بێبەزەییانە کەوتنە وێژەی یەکدی و کوشتن و بڕین و ئەشکەنجە دانی لایەنە دژەکانیان بێ ئەوەی دەست لە ژن و پیر و منداڵ ببوێن و بە هەموو جۆرێك کەوتنە زەوتکردنی مالّ و مولّکی یەکدی.(٧٧)

ئاناباپتست کە مانای( نوێکردنەوەی ڕاگیران ) دەبەخشێت لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەم ڕەوتە پێیان وایە ڕاگیر کردنی مرۆڤ لە منداڵیدا مەسیحیی بوونی ناگەیێنێت، بەلّکو دەبێت ئەم ڕاگیر کردنە لە تەمەنی بالّغ بووندا بکرێت، بۆیە ئەمانە لایەنگرانی خۆیان ڕاگیر دەکردەوە. ئەم بزوتنەوە جگە لە بۆچوونە تیۆلۆجیە ڕادیکالّیەکانی، تێڕوانینێکی رادیکالّییان بۆ کێشە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکان هەبوو،

---

(٧٦) ڕەهەندەکانی ریفۆرمی ئاینی لە ئەورووپا – سامان حسێن احمد – چاپی یەکەم –لـــــ ١١١ .

(٧٧) هەمان سەرچاوە- لـــــــ ١٢٩-١٣٠ .

بانگەشەی دامەزراندنی کۆمەڵێکی یەکسانیان دەکرد ڕۆڵیٚ کلێسا و هەر سروود و پەیڕەوێکی ئایینی تریان بە پێویست نەدەزانی، بەو پێیەم کە ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆ لە نێوان مرۆڤ و یەزدان دا دەبێت، هەر لەم سۆنگەیەشەوە تەواوی دەسەلاٚت و یاسا و ڕێسا کۆمەلاٚیتیەکانیان ڕەتدەکردەوە، بۆیە دواجار بەشدارایەکی بەرچاویان لە جەنگی جوتیاری گەورەی ساڵی (١٥٢٥ز)ـی ئەڵمانیادا کرد کە تۆماس مونتزیر وەك سەرکردەیەکی دیاری ئەم جەنگە دەرکەوت و هەر لەم جەنگەشدا بە دیل گیرا و لە سێدارە درا. ئەم هەڵوێستە ڕادیکاڵیە توندە و ڕەتکردنەوەی تەواوی پێکهاتەی کۆمەلاٚیەتی و سیاسی، پێچەوانەی بەرژەوەندی هەریەك لە کاتۆلیك پرۆتستانتیەکان بوو بۆیە هەردوولا سەرسەختانە کەوتنە قەلاچۆکردنیان و ڕاوەدوونانیان، بەلاٚم ئەم زەبر و زەنگە نەیتوانی بەر لە تەشەنە سەندنیان بگرێت.(٧٨) ئیدی ئەورووپا بە تەواوی ناوچە و هەرێمەکانیەوە ڕۆچوویە نێو ململانێی سەختی مەزهەبە نوێیەکانی ئایینی مەسیحییەتەوە، لە لایەك پاپای ڕۆم و کلێسای کاتۆلیکی دژی سەرجەمی مەزهەبە تازە سەرهەڵداوەکان لە جەنگ و پێکدادانی سەربازی و سیاسی و فیکری دا بوو، لە هەمان کاتدا خودی مەزهەبە نوێیەکانی مەسیحییەت بە دروست بوونی جیاوازی بیروڕا لە نێویاندا ناکۆکی قووڵ کەوتە نیوانیان کە دواجار ئەمەش سەری کێشا بۆ جەنگی سەر و ماڵییان لە دژی یەکدی، وە خەڵکانێکی بێشومار لە پیڕەوانێکی هەر لایەکیان لەو جەنگ و ململانێیانەدا بوونە قوربانی، دواجار ئەمە کۆمەڵگە ئەورووپیەکانی لێك هەڵوەشاندەوە و بە ئاقارێکی دا بردن کە هاولاٚتیانی یەك ولاٚت لە حاڵێکدا کە هاو نەتەوە و هاو زوبان و لە نێو یەك شاردا و بە تەنیشت یەکەوە و بۆ سالاٚنێکی زۆر پێکەوە دەژیان بوونە دوژمنی سەرسەختی یەکدی و شالاٚو پەلاماریان دەبردە سەر یەکدی دەستیان لە ماڵ ومنداڵی یەکدی نەدەپاراست. لەگەڵ بەردەوامی ئەم ڕوشە دژوارەدا چەندین مەزهەبی دیکەش هاتنە سەرهەڵدان و هەر یەك لەمانەش چەندین ڕەوتی دیکەیان لیٚ خولقا و گرفتی گەورەیان بۆ ئەورووپاییەکان بەرپا کرد کە هەر لە خودی پرۆتستانتەکان و ئەلبیجنس و والدینسەکان جودابوونەوە لەوانیش (مینۆپیتس- Mennohites)،

---

(٧٨) ڕەهەندەکانی ریفۆرمی ئایینی – سامان حسێن احمد – چاپی یەکەم – لـــــــ ١١١-١١٢ .

یەکێکی تری ئەم ڕەوتانە کە پێدەچێت باڵێك بووبێت ئە ئاناباپتیسەکان جیا بووبێتەوە کە لە لایەن (مینۆ سیمۆنیس –Mennosimonis) ساڵی (١٤٩٢-١٥٥٩ز) هۆڵەندیەوە دەرکەوت، (سیمۆنیس) پیاوێکی ئایینی کاتۆلیکی بوو، بەلاّم لە ساڵی (١٥٣٦ز) دا لارێ بوو و لە ساڵی (١٥٣٩ز) شدا لە دووتوێی کتێبی (Fundament book)ـەوە بیروڕاکانی بەرجەستە کرد، کە بانگەشەی نوێکردنەوەی ڕاگیر کردن و ساکاری ئایین و جیاکردنەوەی کلێسا لە دەوڵەت، هەروەها ڕەتکردنەوی توندوتیژی و سوێند خواردنی دەکرد کە دواتر بیروڕاکانی لە ڕۆژهەلاّت ئەورووپا و ئەمریکا لایەنگرانی زۆر بوو.(٧٩) ئەرمینیانیزم (Arminiaism) ڕەوتێکی تر بوو لەم بزووتنەوە ڕادیکاڵیانە کە لەسەر دەستی زانای تیۆلۆجی کالڤنی (جاکوب هیرماسین ئەرمینۆس- Jaco Hermansen Arrminuis)ـی هۆڵەندی (١٥٦٠-١٦٥٩ز) دەرکەوت.(٨٠)

بەلاّم لە هەمووان ڕەیشەیی تر (یەکێتی خوازان – Untitrinitarian) یان (سوزینیان- Scoinian)ـەکان بوون کەهەوڵی ئایینزایەکی تەواو عەقلاّنی و خاڵی لە دیاردە ئەفسانەیی و موعجیزەییەکانیان دەدا و بانگەشەی ڕەتکردنەوەی خوایەتی مەسیح و بیرۆکەی (سێ کوچکەی – Trinity - پالوپ) یان دەکرد، کە بۆ خۆی هەڵگەڕانەوە بوو لە بیروڕای مەسیحییەت. بۆیە دامەزرێنەری ئەم بزووتنەوەیە کە پزیشکێکی ئیسپانی بوو بە ناوی (مایکل سیرڤتس- ١٥١١-١٥٥٣ز) (Miguile Servetus) ساڵی (١٥٥٣ز) لە جنێف بە بڕیاری خودی (کالڤن) لە ئاگردا سوتێنرا.(٨١) هەروەها یەکێکی تر لەم ڕەوتە ڕادیکاڵیانە لە ئینگلستان دەرکەوت لەسەر دەستی (ڕۆبێرت برۆن- (١٥٥٠-١٦٣٣ز) (Robert brouune) بە ناوی (کۆنگریگاشتالیست – Congregation alist)ـوە، لایەنگرانی ئەم گروپە داوای سەربەخۆیی کلێسایان دەکرد.(٨٢) هەر لە ئینگلستان و لە نێو باوەڕدارانی پرۆتستانتیەکانەوە گروپێکی تر لەم ڕادیکاڵیانە دەرکەوت بە ناوی (پیورتان -Puritan)ـەکانەوە واتا(پاکتاوخوازەکان) داواکاری گۆڕنکاری ڕیشەییان دەکرد.(٨٣)

---

(٧٩، ٨٠ ، ٨١، ٨٣،٨٢) ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا –سامان حسێن ئەحمەد –لـــــ ١١٢، ١١٣، ١١٤ .

## سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چاکسازی خوازی نا ئایینی و دەرکەوتنی بیری هیومانیستی(عەقڵگەرایی) :

سەرهەڵدانی بزوتنەوەی چاکسازی خوازی ئایینی، هیوای ڕزگار بوونی لەدەست ستەمکاری پاپا و کڵێسا و پیاوانی ئایینی لە دڵی ئەوروپییەکاندا دروستکرد، وە خەڵکانی ئەوروپا پێیان وابوو ئەم بزووتنەوانە هۆی ئازادی ئەوان و ئاسۆی ڕزگار بوونی مەسیحییەکانن، لەو ڕەوشە نەخوازراوەی کە داسەپێنراوە بەسەریاندا و ناچاری پابەند بوون پێیەیەوە کراون، کە خۆی لە یەك ئایین و لە یەك مەزهەب و یەك کلێسا و یەك پاپا و یەك زوباندا دەبینیەوە. ئەمە جگە لە ستەمکاریە ئابووری و کۆمەلاّیەتیەکان کە تەواوی ئەم جەورانە دەستیان لە قەبرەغەی خەڵکی ئەو کیشوەرە توند کردبوو بە ڕادەیەك کە مرۆڤەکانی ئەورووپای لە مرۆڤ بوون خستبوو، وە کەمترین ڕۆڵی لە نێو ژیانی تایبەتی خۆشیاندا بۆ نەهێشتبوونەوە. بەلاّم ئەم هیواو ئاواتانەی مەسیحییەکانی نێو ئەم پیمراتۆریەتە زۆر درێژەی نەکێشا، چوون هەر زوو چاکسازی خوازانی ئاینیش سەنگەریان لێکدی گرت و هەریەکەیان سەرو ماڵی ئەوی دیکەیانی بۆ خۆی و وادارانی ڕەوا کرد، واتە هەریەکە لەو ڕەوتە چاکسازی خوازە ئاینیانە تەنها باوەڕی خۆیان و پێڕەوانی خۆیانیان بە ڕاست دەزانی، ئیدی باقی چاکسازی خوازانی دی و ڕێبازەکانیشیان بە لادەر و گومڕا وەسف دەکرد و هەوادارانی ئەو باوەڕانەشیان بە کافر و گومڕا ناو دێر دەکرد. ئەمەش بوو بە هۆی تێکدانی پێکەوە ژیانی دۆستانەی گەلانی ئەورووپا و ئاشتی و ئارامی لەو کۆمەڵگایانە دوایی پێهێنا، وە گەر مەسیحییەکانی ئەورووپا پێشتر لە دەس ستەم و جەبەرووتی پاپای ڕۆما و کلێسای کاتۆلیکی و پیاوانی ئەو مەزهەبە جەوریان دەدیت، ئەوا لە ئێستادا لە دەست چاکسازی خوازان و بە دەست چەندین ڕێبەری ئایینی و چەندان مەزهەبی جیاواز و کلێسای جۆراوجۆر و هەوادارانی هەریەك لەوانەوە، وە زاڵە هاتبوون و ڕەزاڵەتیان دەچەشت، لێرەوە بەدواش لە بری بەرەنگار بوونەوەی پاپای ڕۆما و کلێسای کاتۆلیکی، ڕووبەڕووبونەوەی مەزهەبی دەستی پێکرد و خوێنێکی هێجگار زۆر لە پێناو هەریەکە لەو ئایینەنوێیانەدا ڕژا و جەنگ و هەرایەکی درێژخایەنی بەرپاکرد، وە برینێکی قووڵی لە جەستەی کیشوەری مەسیحی لاتینی ئەورووپی دا دروست کرد، بە چەشنێك ئیدی جارێکی دی سارێژ

بوونەوەی بەخۆە نەدیت، وە جگە لە یەکێتی خاك و زوبان، برایەتی ئایینیشی لێك ترازاند و پێکەوە ژیانی ئایینداڕانی دوایی پێهێنا. ئەم ڕەوشە ناهەموارە خەڵکانی ئەورووپای بەو بڕوایە گەیاند کە لەوە بەدواوە ژیان لە ژێر سایەی وەها ئایین و دەسەڵاتی گەلێکی ئایینی لەو چەشنەدا کارێکی دژوارە، وە ئەو چاکسازی خوازە ئایینیانەش لە کارەکەیاندا نەك هەر شستێکی گەورەیان خوارد، بەڵکو ڕەوشی پێشوویان بە دۆخێکی خراپیتر گەیاند. لێرەشەوە جڵەوی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە هێدی هێدی لە دەستی پیاوانی ئایینی دەردەچوو، وە مەیلی نا ئایینی یاخوود دژە ئایینی لە کۆمەڵگاکانی ئەورووپادا پەیتا پەیتا ڕووی لە سەروەدەرنان دەکرد، ئیدی بیروباوەڕ گەلێکی نا ئایینی ڕووەو گەڵاڵە بوون دەچوون، لەوانیش یەکەمین فیکرە کە لە دەرەوەی ئایین و بەدەر لە ڕۆڵی پیاوانی ئایینی وەدەرکەوت، بیروباوەڕی مرۆڤ گەرایی بوو. کە لە زەمەنی ڕێنیسانسی ئیتالیادا ئەم هزرە گەڵاڵەبوو و لەسەر دەستی هێومانیستەکان، وە لە پێشەوایانی ڕێنیسانس و بناغە دانەرانی:

دانتی ئەلیگێری شاعیری ناسراوی ئیتالی، فرانچیسکۆ پەتراریکی شاعیر و نوسەر و داهێنەری فلۆرەنسی، جیۆڤانی پۆکاشیۆی نوسەری ناوداری ئیتالی، ئارازمسی ڕۆتەردامی زمانزان و لێکۆڵیاری هۆڵەندی. هەروەها لە هونەرمەندانیش لیۆناردۆ داڤنشی نیگار کێشی فلۆرانسایی، میکائیل ئەنجیلۆی نیگارکێش و پەیکەرتاش و ئەندازیار و شاعیری ئیتالیایی، ڕۆفائیل سانتی نیگارکێش و ئەندازیاری بەناوبانگی ئیتالی. وە لە سیاسەتمەداران و مێژوو نوسانیش نیکۆلا دی بیرناردۆ ماکیا ڤیللی سیاسەتمەدار و مێژوو نووسی فلۆرەنسایی، هەروەها شاعیری گەورەی ئینگلیز و درامانوسی جیهانی ولیەم شکسپیر، لەگەڵ سێرڤانتسی بەناوبانگ ترین نوسەری ئیسپانیا ... هتد.

لەبەر ئەوەی هیومانیستانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس بەردی بناغەیان بۆ تەلاری ڕۆشنبیری نوێی دونیا دانا، دەتوانرێ هەر ئەوانە بە بنیاد نەری ئایدۆلۆژیای چینی بورجوازی لە قەڵەم بدرێن. سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی هیومانیزم و هیومانیست Humanism,Humanistic وەك دەربڕینێکی فیکری و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم. ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە

وشەی Humanitas ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە مانای مرۆڤایەتی دەگەیێنێ. ئەمەی دواییش لە ووشەی Homo وەرگیراوە کەلە مانای ئادەمیزاد وەرگیراوە.(٨٤) مەبەست لەمەش گێڕانەوەی ڕێز و قەدرە بۆ مرۆڤ و ڕزگار کردنیەتی لە هەر چەشنە ستەمکارییەك، جا خۆ ئەو ستەمە لە ژێر پەردەی ئاییندا بێت وە یان لە ژێر سایەی سیستەمی دەرەبەگایەتی دا بێت .

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەرەبەگەکان بە حوکمی بنەماڵە و بە ئەندازەی ئەو میراتەی بۆیان لە پاش بە جێ دەما، پلەوپایەی کۆمەلآیەتیان دەستنیشان دەکرا. لەم حاڵەدا دەرەبەگ بەرهەمی ڕەنج و تەقەلای خۆی نەبوو. بەلآم لە ڕۆژگاری ڕێنیسانسدا خێزان و خانەوادەی تاکەکەس بۆی نەبوو سنوور بۆ دەسەلآتی توێژە کۆمەلآیەتیەکانی سەرو دابنێت و دەبوو سەرمایەدار – بە تایبەتی لە سەرەتای قۆناغی سەرمایەداری دا – کار بکا و لە مەیدانی ئابووری دا بکەوێتە داوی بەربەرەکانە و سازش و بە ووردی ئاگای لە ئاڵوگۆڕی بازاڕ هەبێت.(٨٥) هیومانیستەکان جگە لە ڕزگار کردنی مرۆڤەکان لە ستەمکاری پیاوانی ئایینی ئەو دەمانە د، مەبەستیان بوو کە لە چەوساندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیش ڕزگاری بکەن. وە مرۆڤ وە تاك ببێتەو بونەوەرێکی ئازاد لە ڕووی فیکری و ئابووری و کۆمەلآیەتیەوە.

ئالەم تێڕوانینەوە و ڕۆشنبیرانی ڕێنیسانس بایەخیان بە نرخی تاکە کەس و خودی مرۆڤ دەدا و ئادەمیزادیان کردە پێوانەیەك بۆ هەموو ئەوشتانەی ئادەمیزاد بەرهەمی دەهێنا. هەر لەم بۆچوونەوە هیومانیستان پێیان لەسەر مەسەلەکانی ژیانی تاکەکەس و چۆنیەتی باری سەرنجی بەرامبەر بە دیاردەکانی کۆمەڵ دادەگرت شانبەشانی ئەمەیش بایەخیان بە هەموو ئەو کردارانە دەدا کە لە ژیانیدا خۆشی و لەزەتی دونیایی بۆ دابین دەکات. بە ڕادەیەك حاڵ گەیشتە ئەوەی کە زۆربەیان دەیان ووت : مەرجی بنچینەیی ئەوەیە خودی ئادەمیزاد بەختیار بێت، جا ئیتر بە چ ڕێگایەك دەگاتە بەختیاری، ئەوەیان گرنگ نیە. بە نمونە " لۆرێنزۆ ڤالا " بە کووڵ ڕایدەگەیاند کە ئامانجی ژیان بەختیاریە و پێویستە خەڵکی هەڵپەی بۆ بکەن،

---

(٨٤) ڕێنسانس لەگەڵ باسێکی تر بە ناونشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ- د. کەمال مەزهەر – چاپی دووەم – لـــــــــ ٤٢ .

(٨٥) ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ-د.کمال مەزهەر – چاپی دووەم – لـــــــ ٤٣ .

چونکه خواستی سروشت خۆیەتی.(٨٦)

لە سەدەکانی نێویندا پاپا و قەشەکان بانگەشەی پوچیەتی و بێ ئەرزشی ژیانی دونیایان بە گوێی خەڵکی دا دەدا و هانی دونیا نەویستی و دەستبەردار بوونی چێژ و خۆشیەکانی ئەم دونیایەیان دەدا، لە خاڵکدا بۆ خۆیان لە دونیا ویستی و خۆش ڕابووردن و کەیف و سەفادا ڕۆ چوو بوون، هەریەکەیان خاوەنی سەروسامانی بەرچاوی خۆی بوو. وە هیومانیستی یەکەمین بیروباوەڕ بوو کە هەڵقولاوی غەیری ئایین و دەرهاویشتەی خودی ئەقڵی مرۆڤ بوو.

دەرکەوتنی فیکرەی هیومانیستی دەرەنجامی مەئیوس بوونی کۆمەڵگاکانی ئەورووپا بوو لە مەسیحیەت وەك ئایین، هەروەها لە چاکسازیخوازانی ئایینی وەك نوێگەرا، لەوەی کە بێ توانا بوون لە ڕزگارکردنی مرۆڤی ئەورووپی لە ستەمکاری دەرەبەگ، لەوەی کە ئازادی و ڕێز و بەهای مرۆڤانەی خۆی بۆ بگێڕنەوە و لە ژێر دەستە بوونی دەرەبەگ ئازادی بکەن، لە حاڵێکدا کە مرۆڤی ئەورووپی لە ژێر جەور و ستەمی دەرەبەگدا تەواوی وجودی ڕووبەڕووی تێکشکاندن بوو بویەوە و بە ها و کەسایەتی لە ژێر سایەی ئەو سیستەمەدا دەهاردڕا. جگە لەوەی کەمترین مافی سیاسی و ئازادی بیر و ڕا و ڕا دەربڕینی نەبوو، خاوەنی هیچ مافێکی ئابووریش نەبوو. مرۆڤی ئەورووپی لەو دەمانەدا لە کێڵگە و مەزراکانی دەرەبەگەکاندا وەك کۆیلەیەك لەو پەڕی بێ مافی و ژێر دەستەیی دا دەژیان، کاریشیان تەنها وەبەرهێنانی ئەو زەویانە بوو کە موڵکی خۆیان نەبوو وە بە درێژایی ڕۆژ و لە تەواوی ماوەی ساڵدا ڕەنج و زەجر یان لەو مەزرایانەدا دەکێشا و لە کۆتایی ساڵ و ڕەنێو هاتنی بەرهەمی ئەو زەویانەدا، دەرەبەگ سەرجەمی داهاتی زەویەکەی بۆ خۆی دەبرد و ئەو نۆکەرانەش جگە لە ماندوو بوون، تەنها نانە سکێکیان پێ دەبڕا. شیانی گوتنە ئەو نۆکەرانە جگە لەوەی لە ڕۆژدا بەکار کردن لەو زەویانە دەیان گوزەراند، شەویش هەر لەوێ لە خانۆچکە یان لە کوخێك دەمانەوە. ئیدی هەر کاروبارێك کە پەیوەندی بەوانەوە هەبووایەوە هەر لەلایەن خودی دەرەبەگ یان سەرپەرشتیکاری زەویەکەوە (واساڵ — باجگر )ە کەیەوە بەڕێ دەکرا، واتا مرۆڤی ئەورووپی لەو دەمانەدا خاوەنی خودی خۆی نەبوو،

---

(٨٦) هەمان سرەچاوە – لـــــــــــ ٤٣-٤٤ .

**بەڵكو دەرەبەگ خاوەنی ئەوان و تەواوی ماڵ و منداڵیشان بوون، هیچ نۆكەرێك بێ ڕەزایەتی دەرەبەگەكەی مافی گواستنەوەی ماڵ یان گۆڕینی پیشە یاخود زەواج وە یان خوێندن ... هتد، نەبوو. دەبوو لە تەواوی ماوەی ژیانیاندا لە خزمەت ئەو دەرەبەگانەدا بوونایە و بە دڵسۆزیەوە ملكەچ و گوێ دێری فەرمانەكانیان بوونایە، كارەكانیان بۆ ڕاپی بكردنایە ئەوەش بێ چاوەڕوانی كردنی كرێ و پاداشت.**

## **بە دەوڵەت كردنی كڵێسا :**

**بە هاتنی ئاینی مەسیحیەت و گەشەكردنی لە ئەورووپا، پیاوانی ئایینی لە بری دارِماندنی ئەو سیستەمە دەرەبەگیەی ڕۆمانی پێشوو وە گۆڕینی بارودۆخی كۆمەڵگاكانی ئەورووپا و باش كردنی باری گوزەرانیان و ئازاد كردنی مرۆڤی ئەورووپی لە جەوری دەرەبەگ، كڵێسا و پیاوانی ئایینی مەسیحیەتیش بوونە سەرباری دەرەبەگ و ستەمكاری وان. لێرەشەوە پیاوانی ئایینی مەسیحیەت كڵێسایان بونیاد نا كە ئەویش لە نێو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و ئەو سیستەمە دەرەبەگیەدا بوو بە دەوڵەتێك لە نێو دەوڵەتێكی دی دا، واتا ستەكاریەك لەسەر ستەمكاریەكی دی.**

**كڵێسا وەك شوێنێك بۆ ئایینداراني مەسیحی بونیاد نرا تا وەك ناوەندێك بۆ كۆبوونەوەیان و ئەنجامدانی پەرستشەكانیان بەكاری ببەن، وە كڵێساش لەم پلە و پایانە پێك هاتبوو، لە نزمترینەوە بۆ بەرز ترینیان ئەمانەن :**

- **خزمەتكارانی كەنیسە بە (ڕەبەن)ـەكان ناسرابوون .**
- **قەشەكان – بەرپرسی كەنیسە كە تەنیا نێرینە بوون .**
- **ئوسقوف – بەرپرسی چەند كەنیسەیەك لە هەرێمێكدا .**
- **كاردیناڵ – بەرپرسی كەنیسەكانی چەند هەرێمێك .**
- **پاپا – گەورەی هەموو كەنیسەكان و ڕابەری ڕۆحی مەسیحیەكان و وەك باوكی ئایینی مەسیحیەكان ناسرا، كە لە شاری ڕۆما بوون.(٨٧)**

---

**(٨٧) ئەورووپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا – د.كەیوان ئازاد ئەنوەر –چاپی دووەم – لـــــــــ ٢٥- ٢٦ .**

کڵێسا دروستکراوی خودی پێڕەوانی ئایینی مەسیحی بوو، هەر بۆ خۆشیان ئەو پلە و پایانەیان دیاری کرد و سپاردنیانە ئەو مرۆڤانە، وە لە پاشتردا کۆمەڵێك ئەرکی گران و زۆر و زەوەندیان سپاردە کلێسا لە تەواوی کایە و بوارەکانی ژیاندا، ئەمە بێ لە ئەرکە ئایینی و ڕۆڵە ڕۆحیەکەی، لە نمونەی ئەوانەش وەك ئەرکی سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و بەڵکو بۆ ڕۆڵ گێڕانیش لە بوارە هونەری و ڕۆشنبیری و کلتووریەکان. ئەمە کلێسای کردە دەوڵەت و لە بری ئەویش  لە کۆمەڵگەدا چالاکی دەکرد. پاش ترازاندنی کلێسا لەو ئامانج و ئەر کەی کە پێشتر و لە سەرەتای دانانی بەردی بناغەی دا، لە پێناوی دا بونیاد نرا بوو، وە سپاردنی کۆمەڵە ئەرکێك بەو دامەزراوەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، وای کرد کە کلێسا ببێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان و گشتگیر لە نێو کۆمەڵگاکانی ئەورووپادا.

لە دەسەڵاتەکانی کلێسا ئەمانە بوون :-

- بەرپرس و پارێزەری ئایینی مەسیحی، کە کەنیسەکان هۆکاری بلاْو بوونەوەی بوون لە سەرتاسەری ئەورووپا و جیهاند.
- ڕۆڵیان لە دانانی فەرمانڕەوا ناوچەییەکان و پادشا و تەنانەت ئیمپراتۆرەکانیشدا هەبوو.
- خاوەنی چەندین هەزار پارچە  زەوی و کێڵگەی کشتوکاڵی و لەوەڕگای ئاژەڵان بوون.
- بەرپرسی شێوازەکانی سەپاندن و کۆ کردنەوەی باج بوون لە کۆمەڵانی مەسیحی لە ئەورووپا و سەرجەم ناوچە مەسیحی نشینەکانی جیهان.
- ئەرکی ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵکیان لە باوەڕ هێنان بە ئایینی مەسیحی و فێر کردن و شیکردنەوەی  ئینجیل و ڕێنماییەکانی ئەو ئایینە لە ئەستۆ گرتبوو.
- لە کاتی سەرپێچی خەڵکانی ئاسایی و خاوەن موڵك و گەورە بەرپرسان دەسەڵاتی سزادانیان هەبوو.
- بەرپرسی ڕاگەیاندنی شەڕ بوو لە دژی ئەوانەی گاڵتەیان بە ئایینی مەسیحی کەنیسە دەکرد، یان لێی هەڵدەگەڕانەوە.
- بەرپرسی ڕاپەڕاند نی مارەکردن و بەیەك گەیشتنی ژیانی هاوسەری کوڕ و کچی مەسیحی بوون.
- ئەرکی سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن و جێ بە جێ کردنی کاروبارە ئایینیەکانی کۆمەڵانی خەڵك یان لە ئەستۆ بوو.

- بەرپرسی چاپکردن و بلاّوکردنەوەی کتێبە ئایینیەکانی تایبەت بە ئایینەکە و کردنەوەی خوێندنگاکانیان بوو.(٨٨)

واتا کلێسا ببو بویە سەنتەر و بڕیار دەری کاروبارەکانی کۆمەڵگا بە گشتی، دەبوو لە هەر کارێکدا و بۆ هەر مەبەستێك دواجار کۆمەڵگای ئەوروپی بگەڕابایەوە بۆ لای کلێسا و پیاوانی، چاوەنواڕی فەرمان و ڕەزامەندی ئەوانیان کردبا. هەر کارێکیش هەرچەندە گچکە بایە ئەوا دیسان دەبوو هەر بە ئاگایی ڕێبەرانی ئایینی مەسیحی ئەنجام بدرایە.

بە بلاّو بوونەوەی ئایینی مەسیحی و دامەزراندنی کلێسا هێندەی دی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەسەر زەوینی ئەوروپا ڕیشەی داکوتا و بەهێز تر بوو، وە ئەم جار بە هاوبەشی کلێسا و پێکەوە کەوتنە ویزەی گەلا نی ئەوروپا و پێشێل کردنی ئازادییان و ڕوتاندنەوەی موڵك و ماڵیان و بە کۆیلە کردنیان .

ئیدی مرۆڤانی ئەوروپا یاخود ڕاستر نۆکەرانی ئەوروپا گەر لە پێش ئایینی مەسیحی دا تەنیا لە ژێر دەستی دەرەبەگدا بوون و باجیان بەوان دەدا و کاریان تەنیا بۆ وان دەکرد، ئەوا لە زەمەنی بلاّو بوونەوەی ئایینی مەسیحی و بالاّ دەستی کلێسە دا کەوتنە بەر ستەمی پاپا و پیاوانی کلێساش، دەبوو باج لە ژێر ناوی ئایین و بە ناوی جۆراوجۆرەوە بەوانیش بدەن، وە لە زەویەکانی کلێسادا کاری سوغرەیان بۆ وانیش کردبا. واتا لە بری ئازاد کردنی مرۆڤانی ئەوروپا و کۆمەڵگاکانی لە ژێر نیری دەرەبەگ و هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمە ستەمکارە، کلێساش کەوتە داکۆکی کردن لێی و بۆ خۆشی هاوشێوەی ئەو دەستی دایە پێشێل کردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵکانی ئەوروپا، هەروەها لە بری گێڕانەوەی مافە ئابووریەکانیان و ڕێز گرتن لە بەها کۆمەلاّیەتیەکانیان، پیاوانی کلێسا بە وێنەی دەرەبەگەکان کەوتنە خۆ دەوڵەمەند کردن لەسەر حسابی وان، ئەمە سەرباری پێشێل کردنی ماف و بەهاکانیان .

لەدوای پیاوانی کلێسا، چاکسازی خوازانی ئاینی وەدەر کەوتن،

---

(٨٨) ئەوروپا لە هەردوو سەردەمی بوژانەوە و ڕۆشنگەری دا – د.کەیوان ئازاد ئەنوەر –چاپی دووەم – لـــــــــ – لــــــــ ٢٦-٢٧ .

ئەوانیش هەر وەك لە پێشتر دا ئاماژەمان پێدان لە بری باشتر کردنی ڕەوش و باری ژیانی ئایینداراانی مەسیحی و ڕزگار کردنیان لە ستەمی پیاوانی کڵێسا، بارەکەیان بە ئاقارێکی خراپتر دا برد نەك بێتوانا بوون بوون لە لادانی جەوری پاپا و قەشەکان لەسەر خەڵکی، بەڵکو بۆ خۆشیان بوونە نمونەی ستەمکاری و پێشێل کردنەی مافەکانی مرۆڤی مەسیحی و تێکدانی ڕەوشی سەرجەمی کیشوەری ئەورووپا بوون. ئەمە سەرباری بلاو کردنەوە و تەشەنە پێدانی شەڕی مەزهەبی و دروست کردنی چەندین ڕێبازی ئایینی پێك ناکۆك بە چەشنێك کە دواتر یەکڕیزی گەلانی ئەورووپا و ڕۆحیەتی پێکەوە ژیانی لەو کیشوەرە دوایی پێهینا و جەنگ و ململانێ و تەفرەقەیان لە جێگەی دا چاند، کە بوویە هۆی ڕژانی خوێنی دەیان هەزار مرۆڤی مەسیحی و ئەورووپاشی خستە سەر ڕێگای بەرەو هەڵدێر و لێك هەڵوەشان.

## شکستی چاکسازیخوازانی ئایینی و زاڵ بوونی بیری هیومانستی :

پاش شکستی چاکسازی خوازانی ئایینی گەلانی ئەورووپا بەو ڕاستیە گەیشتن کە نە ئایینی مەسیحی و نە چاکسازی خوازانی تونای وەلامدانەوی خواستەکانی ئەوانیان نیە و هەر هەوڵ و کۆششێك لەو پێناوەدا واتا لە پێناو ئازاد کردنی مرۆڤی ئەورووپی و شاد کردنی بە مافە ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتوریەکانی گەر لەسەر بنەمای ئایین بێت ئەوا ئەنجامەکەی بێسوودە .

ئیدی شکستی یەکجاری مەسیحیەت لە چاکسازی کردنی کۆمەڵگا بەڵکو لە خودی خۆشیا زەمینەی سەر هەڵدانی فیکری نا ئایینی ڕەخساند. لێرەوە فیکرەی هیومانستی ڕوو لە گەشەکردن دەکات، وەك وەلامدەرەوەیەکی ئەو واقیعە ئەوەش لە لایەن کەسانێکی نا ئایینیەوە .

مرۆڤ گەراکان مرۆڤیان لە هەموو شت پێ بە ڕێز تر بوو وە لەسەرو ئایین و ڕێسا و یاساکانەوە دەیان دیت، خواستی بونیاد نانەوەی سەرجەمی ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤیان دەکرد لەسەر بنەمای هیومانستی و غەیرە ئایینی، واتا وەلا نانی ئایین لە ژیان و دارماندنی دەسەلاتی ستەمکارانەی پاپا و کلێسا و پیاوانی ئایینی، بەم شێوەیە مرۆڤ گەراکان بە توندی کەوتنە بەربەرەکانێی ئایین و دەسەلاتەکەی.

دانتی ئەلجیری لە کۆمیدیادا گوایە دەچێتە جیهانی پاش مردن و سەرەتا دەگاتە دۆزەخ. لە یەکەم سرودی دۆزەخەوە دانتی کەوتۆتە پەلامار دانی ئەو پاپا و کاردینالّ و قەشانەی لە ژیاندا خراپەیان کردووە و نوشتەی تاوان ڕەوێنیان فرۆشتووە و خزمەتی نیشتمان و گەلیان نەکردووە، ئەوانەی بە چاو برسی و خۆ فرۆش ناوبردووە و لە ڕیزی دز و جەردە و دلّڕەقانی جیهاندا دای ناون و سەرەو ژێر هەلّیواسیون و ئاگری دۆزەخی بۆ کردوونەتە هێلانەی هەتایی. لە سروودی نۆزدەمینی دۆزەخدا، بۆ وێنە، توشی پاپا بۆنیفاتشۆی هەشتەم دێ و بێ سلّ کردنەوە بە تاوانبار و بەرتیل خۆر و خائین و جەردەی کلّێسە و دوژمنی نیشتیمان ناوی دەبات، بۆنیفاتشۆ لای دانتێ (پەلّەی شەرم و نزمیە بە ناو چاوی سەر تا پای مرۆڤەوە) وە دانتێ تەنانەت بە ئاشکرا ناوی کلّێسا دەبا و لە سروودی سی و دووەمینی ئەعرافدا ئافرەتێکی خراپی کردووەتە دروشمی.(٨٩)

ئەمەش بەو هۆیەوە بوو کە لەو دەمانەدا شومارێك لە ئافرەتانی مەسیحی و قەشەکانی ئەو ئایینە بڕیاری ژیانی تەنیاییان دابوو، واتا شوویان نەدەکرد و قەشەکانیش هەر بە ڕەبەنی خۆیان دەهێشتەوە و ژمارەیەکی فرە لە کەسانە لە دێڕەکاندا کەناریان گرتبوو، بەلاّم دواتر خراپەکاری لە نێویاندا پەرەی گرت .

یەکێك لە پاپا کانی ئەو ڕۆژگارە کە ناوی ئەنۆسێنتی سێیەم بوو (١١٩٨-١٢١٦ز) بۆ خۆی لە بەلّگەیەکدا دەربارەی (دێری ئاگاشا) نوسیوە و دەلّێ (گشت ناوچەکانی پیس کردووە).(٩٠) فرانچیسکۆ پێترارکیش لە بەشێك لە نامەکانی دا زۆر بە توندی ڕەخنەی لە کلّێسە و ڕەفتاری نا هەمواری سەردارانی دەگرت. لەبەر ئەوەی پترارك لە کلّێسە خوێندبووی ماوەیەك فەرمانبەری دەزگایەکی ئایینی بوو بەشی زۆری ژیانی لە ئەڤینیۆنی پایتەختی ئەوسای پاپا و کاردینالّەکانی بردبووە سەر، لەبەر ئەوە زۆر چاك ئاگاداری بەد فەری کار بەدەستانی کلّێسە بوو. نەشتەری ڕەخنەی نامەکانی هێندە لێیان تیژ بوو،

---

(٨٩) ڕێنیسانس لەگەلّ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ – کەمال مەزهەر ـــــ ١٤٣ .

(٩٠) ڕێنیسانس لەگەلّ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ – کەمال مەزهەر ـــــ ١٤٣ .

تا مردن زاتی نەدەکرد بەشێکیان بلاّو بکاتەوە ( نامە بیّ ناونیشانەکان ) ناونیشانی ئەو شیعرانەی پیّتراركە كە كلیّسە و پاپا و قەشە و ڕەبەنە بەرەلاّکانی ڕیسوا دەکرد.(٩١)

مرۆڤ گەراکان زۆرینەیان خویّنکاری کلیّسا بوون و لەبەر دەستی پیاوانی ئایینیدیدا خویّندبوویان و شارەزاییی فراوانیان دەربارەی کتیّبی پیرۆز و تەواوی ئایینی مەسیحی هەبوو، بەو هۆیەشەوە کە لە کلیّساکانداو لە نزیکەوە لەگەل قەشەکاندا ژیاون ئاگاداری تەواوی وردەکاریەکانی ژیانی ئەوان و گەندەلّکاریە ماددی و ئەخلاقیەکانیان بوون، هەر ئەو هۆکارانەش وایان کرد دەستبەرداری کلّیسا بن و ئەو بڕوانامە ئایینیانە بدەنە دواوە کە لە ویّندەر پیّیان درا بوو، هەندیّك لەوان تەواوی پلەکانی خویّندنی کلیّسایان بڕیبوو دواتریش بوو بونە قەشە، بەلاّم هەر زوو وازیان لەو پلە پایەیە هیّنا و دەستبەرداری ئاینی مەسیحیش بوون، بەلّکو بۆ خۆیان بوونە دوژمنی سەرسەختی کلّیسا و پیاوانی ئاینی، بە برِشتانە بە گژ خۆیان و گەندەلّکاریەکانیان چوونەوە و هانی خەلّکیان دا لە دژیان.

نمونەی ئەوەش بۆکاشیۆ کلّیسە و پیاوە چاوچنۆکەکانی لە (دیکامیرۆن )ـدا ڕیسوا کردووە، بەشیّك لە چیرۆکەکانی ئەوشاکارە، قەشە و ڕەبەنەکانی بۆ هەلّواسییوییین و ئابرووی ڕەفتارە ناشیرینەکانی بۆ بردووین و بیری دواکەوتووییانی بۆ خستوینەتە سەر پشت، خویّنەر پڕ بەدلّ پیّیان پیّدەکەنیّ و هەست دەکات چۆن ڕۆژی ئەو فیّلّبازانە لەسەر دەستی بۆکاشیۆ و مامۆستاو هاوەلّ و شاگردەکانی دا دەستی کردووە بە ئاوا بوون، لەو چیرۆکانەی ( دیکامیرۆن ) دا بۆکاشیۆ پیّمان دەلّیّت ئەوانەی دەیانەویّت ڕیّگەی ڕاست نیشانی خەلّك بدەن دەبیّت بەر لە هەمووان بیر لە خۆیان بکەنەوە تاوەکو ببنە نمونە و قسەیان بە فیرۆ نەڕوات، پیّی وایە و ڕاستیش دەکات، کە نابیّت کەس قسەی ئەو میّزەر بەسەرانە بە پولیّك بکریّت کە بۆ خۆیان دەقاودەق دیوی ئاوەژووی فەرمایشتەکانیانن.(٩٢)

---

(٩١) هەمان سەرچاوە —لـــــــــــ ١٥٦ .

(٩٢) ڕێنیسانس لەگەلّ باسیّکی دی بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ- کەمال مەزهەرـــــــ ١٦٣ .

هەروەها یەکێکی دی لە مرۆڤ گەراکان ئیرازمۆسی ڕۆتەردامی بوو کە لە بەرهەمەکانی دا بە شێوازێکی ڕازاوەی پڕ لە تەوس و توانج گاڵتە بەو پیاوە ئایینیانە دەکات کە لە هەموو بازاڕێکدا زۆر هەزان خۆیان دەفرۆشن، ئەوانەی لە خۆیان بەولاوە بیر لە هیچی تر ناکەنەوە و داردەسی کاریشیان، بە داخەوە ئایینە. کەم کەس وەك ئیراز مۆسی ڕۆتەردامی توانیویە وێنەی قەشە ورگنە گوپ هەڵئاوساوە سوور هەڵگەڕاوەکانمان لەسەر تەختی برسیەتی هەژاران بۆ بکێشێ، ئەو قەشانەی خۆی گووتەنی( زیانیان لە قازانجیان زێدە ترە ) ئەوانەی کە (بە مەی تاوانی خەڵکی لە ناو ورگیاندا دەتوێننەوە و بە نوشتەی تاوانڕەوێنیە بێ فەڕەکانیان ) دەخەنن و ئینجا لەگەڵ ئەوەش هەریەکەیان وای نیازە بە خۆیی و تەسبیح و ڕیشی درێژیەوە بێتە دەستە ڕاستی عیسای پێغەمبەر!) جا ئەگەر کەریەتی و سادەیی خەڵکی نەبوایە کڵێسە چۆن خۆی پێڕادەگیرا؟! بەو جۆرە پرسیارانە ئیرازمۆس ڕوناکبیرانی دەهەژاند و هۆشی دەهێنانەوە بە بەبەریاندا.(٩٣)

هەر بەو جۆرە مرۆڤ گەراکان یەك لە دوای یەك کەوتنە دژ وەستانەوە بە ڕووی ستەمکاریەکانی پیاوانی ئایینی و لە بەرهەمەکانیاندا بە ڕوونی باسی گەندەڵیە ماددی و ئەخلاقی وماڵیەکانی وانیان دەکرد و خەڵکیان لێ بە ئاگا دێنانەوە، لە هەمان کاتیشدا لۆمەی خەڵکیان دەکرد لە سەر ئەوەی کە سەرباری ئەو گشتە لادانە ئەخلاقی و درۆ و گزی و فزیەی قەشەکان هێشتا ئەوان متمانەیان پێدەکەن و وەك فریاد ڕەسێك لێیان دەنوارن و بۆ چارەی دەرد و گرفتەکانیان پەنا دەبەنەوە لایان، لە حاڵێکدا کە هەر خودی ئەو پیاوە ئایینیانە سەرچاوەی گرفتەکانی ئەوان بوون، مرۆڤگەراکان (هیومانستەکان) خەڵکانێك بوون کە لە هەناوی خودی کڵێساوە سەریان وەدەر نابوو، دەرچووی خوێندنگا ئایینیەکان بوون و شاگردی بەر دەستی قەشەکانی کڵێسا بوون و لە هەوادارانی دڵسۆزی ئایینی مەسیحیەت بوون. بەڵام دوای تێگەیشتنیان لە حەقیقەتی ئەو ئایینە و نێوەڕۆکەکەی، وە پاش ناسینی پیاوانی ئایینی و ئاگادار بوون لە ڕەوش و باری نێو کڵێسا لەوەی کە چی لەوێندەرێ دەگوزەرێت،

---

(٩٣) هەمان سەرچاوە – ل ١٧٢ .

ئیدی پشتیان له مەسیحیەت و هەر چ شتێکی هاوپەیوەند بەو ئایینەوە هەڵکرد، لەوە گەیشتن کە قەشەکان گوفتاری خۆیان ئاخنیوەتە نێو کتێبی پیرۆز و نێوەرۆکی (ئینجیل) یان گۆڕیوە لە بەرژەوەندی خۆیان. وە خەریکی هەڵپەی کەڵەکە کردنی سەروسامانن. پاپاش کەڵکەڵەی دەسەلاّت بیر و هۆشی داگیر کردووە و ئەو ئایینەشیان کردووەتە داردەستیان لە پێناو گەیشتن بە مەرامە ناڕەواکانیان. چاکسازی خوازانی ئایینیش نەك سەرکەوتوو نەبوون لە کارەکەیاندا بەڵکو ڕەوشەکەیان بە ئاقارێکی خراپر لە پێشوو گەیاند. لێرەوە مرۆڤ گەراکان لەوە هەستیانکرد کە ڕاست کردنەوەی ئەو بارە نا هەمووارەی کە ئەو ئایینە تەحریف کراوە و پیاوانی وە دییان هێناوە کارێکی دژوارە، وەلێ باشترین ڕێگە چارە بۆ دەرباز بوون لەو ڕەوشە نالەبارە، خۆ ڕزگار کردنە لەو ئایینە و پیاوانی. وە دۆزینەوی جێگرەوە (بەدیل) یکی فکریە بۆ ئەو سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتووریەی کە ئەو ئایینە بونیادی ناوە، بە چەشنێك کە لە بری هەر کەس و چ شتێك مرۆڤ تێیدا کەسی یەکەم و سەنتەر بێت. واتا مرۆڤ وەك تاکە ئامانج لێی بڕوانرێت و مەبەستیش لە ژیان تەنها ڕەزامەندی مرۆڤ بێت، وە چەند گۆڕانکاریەك لە سەدەکانی نێوێدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە دروست بوونی فیکری نا ئایینی مرۆڤ گەرایی و وە دیهاتنی ڕێنیسانسی دووەم و تەشەنە پێدانی، هەر یەکە لەو ڕووداو و گۆڕانکاریانەش خۆیان لە کەوتنی قوستەنتەنیە و نوساندنی سنورەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی کە لە ئەندەلوس دا سنوری شارستانیەتی ئیسلامی لەگەڵ جیهانی مەسیحیەتی سەدەکانی ناوین لەگەڵ فەڕەنسادا بەر یەك کەوتن.

ئەمە و شیانی گوتنە عوسمانیەکان لە ساڵی ١٤٥٣ز بەرەو قوستەنتەنیە وەڕێ کەوتن بە سەرکردایەتی سوڵتانی عوسمانی محمدی دووەم، دەسیان بەسەدا گرت لە زەمەنی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆر قوستانتینی چواردەهەم دا.(٩٤)

بە کەوتنی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی وەك سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان پێداوە ،

---

(٩٤) ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی – جیمز . ئا. کۆریك – چاپی یەکەم –لـــــــ ١٣٢ .

**کۆچڕەوێك لە نێو دانیشتوانی ئەو پێتەختە مێژووییە دەست پێدەکات ڕووەو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، شومارێك لەو ئاوارانە لەگەڵ خۆیان هەندێك لە کتێب و سەرچاوەی فەلسەفی لەوانەش ( کتێبە فەلسەفیەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، کتێبە مێژوویی و سیاسیەکانی کۆنی یۆنان ) لەگەڵ خۆیان دەبەنە ئەو ناوچانەی کە لێی نیشتەجێ دەبن، لەوانە ئیتالیا کە بەشی زۆری ئەو پەنا هەندانە ڕووی لێ دەنێن. هەر لەو سالانەدا بوو کە ( یوحەننا گۆتینبرگ \ ١٤٠٠- ١٤٦٨) توانی یەکەم ئامێری لە تەختە دروست کراوی چاپکردن دروست بکات. ئامێرەکەی (گۆتینبرگ) بە دەست ئیشی دەکرد و پیتی بزێو (الحروف المتحركه) ی بەکار دەهێنا و لە ماوەی سەعاتێکدا دەی توانی (١٠٠) لاپەڕە چاپ بکات.(٩٥) ئەمە یارمەتی خێرا لەبەر گرتنەوە و لە چاپ دانی ژمارەیکی بێشوماری ئەو سەرچاوە مێژووییانەی دا کە هێنرابوونە ئیتالیا، کە مێژوویان بۆ زەمەنی هیلینی و هەروەها بۆ سەردەمی کۆنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دەگەڕایەوە، ئەم سەرچاوانە زیاتر فەلسەفی بوون و لاگیری و پاڵپشتی مرۆڤ گەراییان دەکرد و پێچەوانەی ئایین بوون و ڕەفزی بیر و بۆچوونی ئایینیان دەکرد.**

**هۆکاری دووەم، پێشکەوتنی هەرێمی ئیسلامی ئەندەلوس بوو کە لەو دەمانەدا بێنمونە بوو، لە تەواوی بوارەکانی زانستدا هەنگاوی گەورەی نابوو وە لە هەموو لایەکی ئەورووپاوە خەڵکانی مەسیحی بۆ فێر بوونی زانست ڕوویان لێدەنا و لە خوێندنگاکانی ئەندەلوسدا دەبوونە خوێندکار، هەوڵی گواستنەوەی ئەو زانستەشیان دەدا بۆ ناوچەکانی دیکەی ئەورووپا، ئەمە کاریگەری فراوانی لەسەر خەڵکانی ئەورووپا جێهێشت و وەرچەرخانی لە مێژووی ئەو کیشوەرەدا خولقاند، ئەوەش خۆی لە وەئاگا هێنانەوەی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەبینیەوە لەو ڕەوشە نالەبارەی کە تێیدان. هەروەك کۆمەکی فراوانیشی کردن بۆ ڕزگاربوون لە و ناهەمواری و نەزانی و پاشکەوتووییە.**

**(ج.و.داپێر) ی مێژوو نوس دەڵێ : هێشتا عەرەبەکان لە ئیسپانیا جێگیر نەبوو بوون لە زۆربەی شارە گەورەکاندا کتێبخانەیان کردەوە،**

---

**(٩٥) ڕێنیسانس بەگەڵ باسێکی تر بە ناونیشانی ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ — کەمال مەزهەر ـــــ ٥٨**

وا باس دەکەن ژمارەی ئەو کتێبانە لە ٧٠ بابەت و ژانر کەمتر نەبوون، لە پەنا هەر مزگەوتێك قوتابخانەیەکی حکومی کرابۆوە تا مندالآنی هەژارو بێنەواکان تێیاندا فێری نوسین و خوێندنەوە بن، بۆ چینی دەوڵەمەندیش کە قوتابخانەی تایبەتی هەبوو لە قورتووبە ... چەند زانکۆیەکیش هەبوو ... کە چەند مامۆستایەك لەویَ ئەدەبیاتی کلاسیکی عەرەبیان دەگوتەوە ... و وانەی رێزمان و رێنووس، ماتماتیك و ئەستێرە ناسی و کەشناسی لێدەخوێندرا ... بەشێکی زۆر لە شێوازەکانی وانەگوتنەوەی ئەورۆی زانکۆکان هەر لەو جۆرە دامەزراوە گەلە وەرگیراوە. ئەوان جگە لەو قوتابخانە گشتیانە، خوێندنگەی تایبەتی پیشەیی بە تایبەت پزیشکییان هەبووە. (ویل دۆراند ) دەنوسیَ : کە زانایان و لێزانەکانی ئسلامی یەکەمین کیمیازانە هەڵکەوتووەکان بوون، کە بینینی وورد و تاقیکاری وەلاّمدەر و تۆمار کردنی ووردیان کردە باو. ئەوان کەرەستەکانیان لە رووی زانستی کیمیاییەوە لێك دەدا یان لێکیان جیا دەکردنەوە ... توانیان سەدان جۆرە دەرمان بۆ نەخۆشەکان بدۆزنەوە. وە نوسەرێکی ئیسپانی ئاوا دەڵیَ: هاو ئیمانە مەسیحیەکانی من پتر چێژ لە چیرۆکەکانی عەرەبەکان وەردەگرن و بەرهەمی فەیلەسوفانی موسوڵمانەکان دەخوێننەوە، نەك بۆ ئیدانە کردنی، بەڵکو بۆ لێفێر بوونی رێزمان و نوسین و ئەدەبی عەرەبی. هەروەها دەڵیَ ئەورۆ کیَ دەتوانیَ مرۆڤێکی ئاماتۆر ببینێتەوە کە راڤە و شیکردنەوە لا تینیەکان و کتێبە پیرۆزەکان (ئینجیل ) بخوێنێتەوە ؟ مخابن ئەو مەسیحیە شارەزا و لێهاتوانەش جگە لە زمانی عەرەبی هیچ زمانێکی دیکە نازانن، وە ئەورووپیەکان دواتر لە قورتووبەوە دەقی ورگێردراوی بەرهەمە یۆنانیەکانیان بە زمانی عەرەبی دیتەوە کە ئاسەواری هیچکام لەو بەرهەمانە لە ئەورووپادا نەمابوو . ئەوان لەو دەقانە بۆ بنیادا نانی سەدەکانی ناڤین، دواتر و رێنیسانس کەڵکیان وەرگرتبوو.(٩٦)

(جیمس بریستد) دەڵێت: سەردەمی ئیسلامی ئیسپانیا گەورەترین هۆکاری مەدەنیەت بوو لە ئەورووپا ،

---

(٩٦) سەدەکانی بەرایی ناوەڕاست – جیمس . ئا . کۆریك – چاپی یەکەم .

شکستی موسوڵمانان لە ئیسپانیا واتای شکستی شارستانیەت بوو بەرامبەر بە شاخاوی و نا شارستانی. وە (هینری دیشامبون) دەڵێت : ئەگەر شارل ماتلی شالاوبەری خێڵەکی پێشکەوتنی موسوڵمانانی نەوەستاندایە، فەڕەنسا نە دەکەوتە تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست و تووشی کارەسات نەدەبوو، وە واوەتر دەچێ و دەڵێت ئەگەر ئەو سەرکەوتنە بەر بەریە بەسەر موسوڵماناندا نەبوایە بەدڵنیاییەوە ئیسپانیا لە جەنگی دادگاکانی پشکنین ڕزگاری دەبوو و هەشت سەدە شارستانیەتی مرۆڤایەتی دوا نەدەکەوت.(٩٧)

هەموو ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوانە ڕۆڵی گەورەیان لە بەرپابوونی ڕێنیسانس و خولقاندنی زەمینەی دروست بوونی دا بینی. وەلێ بەهۆی جەنگی خاچیەوە کە لە سەدەکانی یازدە و دوازدە دا بە بڕیاری پاپا و هاندانی قەشەکانی مەسیحی بە بەشداری دەیان هەزار جەنگاوەری مەسیحی گەلانی ئەورووپی دژ بە موسوڵمانانی خۆرهەلاّت بەرپایان کرد، خەڵکانی خۆرئاوا قارێکی توندیان لە دڵدا دەرهەق بە ئیسلام و موسوڵمانان بۆ دروست بوو کە ئەمەش دروستکراوی دەستی پاپا و قەشەکانی مەسیحیەت بوو، شوێنەواری ئەو ڕق و غەزەبەی گەلانی خۆرئاوا لە زەمەنی ڕێنیسانس و پاش تریش لە هەمبەر گەلانی خۆرهەلاّت و ئایینەکەیاندا هەرمایەوە. هەر بۆیەش گەلانی ئەورووپا ئایینی ئیسلامیان وەك بە دیلی مەسیحیەت پی قووت نەچوو، وە پەسەندیان نەکرد، وەك لە پێشتریشدا ئاماژەمان پێدا ئەورووپییەکان بە هێجگاری لە مەسیحییەت و لە چاکسازی خوازانی و تەواوی چاکسازیەکانیشیان بێ هیوا بوون، چوون بۆچوونەکانی ئەوانیشیان بە کرداری تاقیکردبۆ وەو ئەنجامەکەشیان دیبوو. لێرەوە دوو خیار لەپێشی گەلانی ئەورووپی دا بوو، کە یەکیان خیاری مۆرڤ گەراکان و دووەمیشیان خیاری ئیسلام بوو کە لە لایەن خەڵکانی ئەورووپا ڕەتکرابوو بوویەوە.

بەم پێیە تەنها یەك خیار لە هەمبەر ئەو گەلانەدا مایەوە، واتا فیکرەی هیومانستی، کە خۆی لە ڕەت کردنەوەی ئاین دا دەبینییەوەو تەرکیزی لەسەر بۆچوونی خودی مرۆڤ دەکردەوە.

---

(٩٧) بەراوردی ئایینەکان – أنور الجندی – چاپی یەکەم – لـــــــ ١٣٨،١٣٧ .

به گواستنەوە و لە چاپ دانەوەی بەرهەمی فەیلەسوفانی یۆنانی وەك ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سوقرات و ... هتد ، هەروەها بە زیندوو کردنەوەی بەرهەمە مێژووییەکانی ئیمپراتۆریەتی رومانی کە ئەوانیش، واتا فکر و فەلسەفەی یۆنانی و رۆمانیەکان، هەردووکیان خاوەنی شارستانیەتێکی دوور لە ئایین بوون، وە گەلانێکی موشریك و بت پەرست بوون، هەر بۆیەش ئەوی کە لە پاش ئەوانیش بە جێ مابوون لە فکر و فەلسەفەیان رۆشنبیریەکی دوور لە ئایین و ئیلحادی بوو.

وە جەختیان لەسەر خودی مرۆڤ و ئەقڵی لەگەڵ غەرائیز و چێژەکانی دەکردەوە. ئەمە بوویە هاندەرێکی زیاتری ئەو گەلانە بۆدوور کەوتنەوە لە ئایین، لە هەمان کات سەرچاوەیەکی فیکری بوو بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو رێچکە و رێبازەی کە تازە سەرە داوەکەیان دیتبۆ وەو هەوڵی شوێن کەوتن و جێ بە جێ کردنیان دەدا لە ژیانی واقیعی خۆیاندا.

دۆزینەوەی ئەو سەرچاوە دێرینە فەلسەفیە یۆنانی و رۆمانییانە لە لایەن مۆرڤ گەراکانی زەمەنی رێنیسانسەوە، لە حاڵکدا کە دیتیان تەبەنی (پشتگیری) هەمان بیر و بۆچوون و رێبازەکەی ئەوان دەکات، ئیدی خیاری دووەم واتا( هیومانستی) کە خۆی لە واز هێنان لە ئایین و دەرکردنە دەرەوەی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتووری، وە پێڕەو کردنی رێچکەی مرۆڤ گەرایی بوویە ئەمری واقیع لای ئەورووپیەکان وەك تاکە رێبازی بێ رکابەر خۆی سەپاند. لێرەشەوە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا کەوتنە تەبەنی کردنی باوەڕی مرۆڤ گەرایی.

فیکری مرۆڤ گەرایی لە ئیتالیا و لە سەدەکانی ١٤-١٥ ز دا سەری وەدەر نا، سەدەکانی چواردەهەم و پازدەهەمی ئیتالیا سەردەمی گۆڕانکاری بزۆزی فەرهەنگی و پێشکەوتنی گەورە لە زاینیدا بوو، پێشەگەکانی فێرکاری، شاگردەکانی خۆیان بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبیات، رێزمان، ئاخافتن، مێژوو، نوسین لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیە ئاشنا کرد.(٩٨)

## جەنگی سی ساڵەی ئایینی :

---

(٩٨) رێنیسانسی ئیتالیا – کارین ئۆسمەن – چاپی یەکەم – لـــــــــــ ٤٧ .

سەرهەڵدانی فیکری مرۆڤ گەرایی تەنها بەهۆی کاری لێبڕاوانەی بیر مەندەکانی ئەو دەمەی ڕێنیسانسەوە نەبوو، بەڵکو چینێکی ساماندار کە بە چینی نێوەند یان بە سەرمایەدار نێو زەد دەکران سەریان وەدەر نا بوو، کە داکۆکیان لە مرۆڤ گەرای دەکرد، وە پشتیوانی زانست و هونەریان دەکرد، لەوانەش (ماڵباتی مێدیتچی، لۆرنێستۆی شکۆمەند، ... هتد ). لە نێو ژمارەیەکی ڕوو لە زۆری قوتابی و خوێندەوارەکانەوە، زانا گەلێك پەیدا بوون کە قوتابخانەی مرۆڤ گەراییيان بە دی هێنا، وە لە نێو یەکەمین مرۆڤ گەراکاندا، دەتوانین (فرانچیسکۆ پەترارك کە لە ساڵی ١٣٠٤ ز) لە دایك بووە، کە لە سەرچاوەکاندا وەك باوکی مرۆڤ گەرایی و ڕێنیسانس ناودێر کراوە، پەترارك زۆرێك لە بەرهەمە لە بیر کراوەکانی ڕۆمانی و یۆنانی کۆنی خوێندنەوە و زیندووی کردوونەتەوە. هەروەها لە مرۆڤ گەراکانی دیکە (مارسیلۆ فیچینۆ / ١٤٣٣-١٤٩٩ ز ) سەرۆکی ئاکادیمیای ئەفلاتوونی، وە شازادەی مرۆڤ گەراکان (دسیدێریوس ئەراسموس/١٤٦٦ ز) هەروەها (جوکولێتی ئۆکسفۆردی و ڕابێلە / ١٤٨٣، ولیام شکسپیر / ١٥٤٦ – ١٦١٦ ) (٩٩).

بەم پێیە ڕۆژ دوای ڕۆژ فیکری مرۆڤ گەرایی لە تەشەنە سەندن و بلاَو بوونەوەدا بوو، ئەمە هاوشان بوو لەگەڵ سەرهەڵدان و بلاَو بوونەوەی چەندین مەزهەبی جیاواز و پێك دژ لە نێو ئايینی مەسیحیەت دا، ئەوانیش هەریەکەیان لە ناوچەکانی ئەورووپا دا و بە ئاستی جیاواز بوونە خاوەن پێگەی جەماوەری خۆیان. لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن دا، جیاوازیەکانی نێوان ئەو مەزهەبانە قووڵ بوونەوە و دواتر سەری کێشا بۆ دووبەرەکایەتی نێوان هەوادارانیان، وە لە پاشتر دا کەوتنە تەکفیر کردنی یەکتری و لە ئەنجامی ئەوەشدا جەنگی خوێناوی لە نێوانیاندا بەرپا بوو لەو جەنگانە و بە ناوبانگترینیان جەنگی سی ساڵە بوو. لە پاش لاواز بوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و سەرهەڵدانی دەسەلاَت گەلی هەرێمایەتی بەهێز و هەڵپە کردنیان لە پێناو داگیر کردنی هەرچی زیاتری زەوی و زار و موڵك و ماڵی ئەو ئیمپراتۆریە ئايينیە و کلێسا کانی،

(٩٩) ڕێنیسانس- جەیمز.ئەی . کۆریك – چاپی یەکەم .

ئیدی ئیمپراتۆریا هەر وەك ڕەمزێك مایەوە و فەرمانڕەوایانی سەر ئەرزی واقیع تەنها پاشا و میرەکان بوون، ئەوانیش هەر یەکە لای خۆیەوە کەوتە هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆی لەسەر حسابی ئەوی دی.

پاش سەرهەڵدانی پەشێوی و ئاڵۆزی لە نێو ئیمپراتۆریەتدا لایەنە پێك ناکۆکەکان ئاشتەوایی (ئۆکسبرگ)ـیان لە ساڵی ١٥٥٥ز دا بە ئەنجام گەیاند، بەڵام ئەم ئاشتەواییە درێژەی نەکێشا، بەهۆی بەردەوام بوونی میرە پرۆتستانتەکان لە دەست بەسەردا گرتنی زەویەکانی کڵێسا لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە پیاوانی ئایینی کاسۆلیك داهات و سامانی کڵێسایان بۆ خۆیان هەڵدەگرت، ئەمەش پێچەوانەی ئاشتەوایی ئۆکسبرگ بوو. هەروەها ڕێککەوتننامەی ئۆکسبرگ دانی هێنا بە لۆسەریزم و کاسۆلیکیەت، لە کاتێکدا کالڤینیزمیش لە باشوور و ناوەڕاستی ئەڵمانیا و بۆهیمیا سەری هەڵدا بوو. ئەمانیش داوایان دەکرد کالڤینیزم لە مافدا یەکسان بێت بە لۆسەریزم و کاسۆلیکیەت و بە یەك چا و سەیر بکرێن و بە فەرمی دان بنرێت بە کڵێسای کالڤینی.(١٠٠)

لە پێناو چاوگێڕانەوە بە ڕێککەوتننامەی ئۆکسبرگ و وە دەست هێنانی دەست کەوتی زیاتر دا میرە پرۆتستانتەکانی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی ( فردریك)ـی هەڵبژێردراوی ویلایەتی (پلانتینات لەسەر ڕایین )، لە ساڵی ١٦٠٨ز یەکێتیەکیان پێك هێنا. لە بەرابەریشدا میرە کاسۆلیکیەکانی ئەڵمانیا بۆ بەرەنگار بوونەوەی پرۆتستانتیەت و ڕێگە گرتن وپێشگری کردنیان لە دەست بەسەردا گرتنی موڵکی کڵێسای کاتۆلیکی، هەوەها بۆ گێڕانەوەی ئەو زەوی و زارانەی کە کڵێسای کاسۆلیکی لە دەستی چوو بوو، بە سەرکردایەتی (ماکسیملیان) ی میری (پاڤاریا) یەکیان گرت و جۆرە یەکێتیەکیان بە دی هێنا، بۆ دروست کردنی کۆمەڵەی کاسۆلیکی لە ساڵی ١٦٠٩ ز دا. بەم چەشنە ئەڵمانیا دابەش بوو بۆ دوو بەرەی دژ بە یەك.(١٠١)

---

(١٠٠) مێژووی ئەورووپا لەسەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی- محمد محمد صالح – لـ ٣٨٠ .

(١٠١) مێژووی ئەورووپا لەسەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی- محمد محمد صالح – لـ٣٨٠-٣٨١ .

شۆڕش له بۆهیمیا ڕوودەدا و میره کالڤینیەکانی چیك هێرش دەکەنە سەر ئیمپراتۆر له ٢٣/مایسی /١٦١٨ز و لەسەر کار لای دەدەن و فردریك لەسەر بۆهیمیا دەکەنە پاشا.(١٠٢)

ئیمپراتۆری نوێ له ڕۆم هەڵبژێردرا له ١٦١٩-١٦٣٧ز به خێرایی دژی فردریك وەستا و به پاڵپشتی فلیپی پاشای ئیسپانی و تیلی سەرکردەی نەمسایی له جەنگی ( گردی سپی ) پاشای بۆهیمیا تێك شکێنرا و بۆهیمیاش خرایە جوغزی ئمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز. وە دروشمە پرۆتستانتیەکانیش لەو هەرێمە یاساغ کرا، ئیسپانیاش بوویە تاکە دەوڵەتی زلهێزی ئەورووپی که ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا.(١٠٣) جەنگ له نێوان هۆڵەندا و ئیسپانیا سەر هەڵدەدات و ئیسپانیا سەرکەوتنی تیا وە دەست هێنا. ئەمە کاری کردە سەر پرۆتستانتیەکانی ئەڵمانیا و ڕای چەنین. وە دانیمارك له ساڵی ١٦٢٥- ١٦٢٩ ز هەڵخرێنرایە نێو جەنگەوە و کریستنی چوارەم له ساڵی ١٦٢٥ز هێرشی کردە سەر ئەڵمانیا بۆ پشتیوانی کردنی سوپای پرۆتستانتی لۆسەری کالڤینی، ئینگلتەراش هاوکاری مادی خۆی پێشکەشی پرۆتستانتەکان کرد له دژی ئیمپراتۆری کاسۆلیکی. وە دانیمارك لەو جەنگەدا شکا و پرۆتستانتەکانیش کەوتنە ژێر ڕکێفی ئیمپراتۆریەتی کاسۆلیکی.(١٠٤)

سوید دەچێتە نێو جەنگی سی ساڵە (١٦٣٠-١٦٣٥ز) :

(گۆستاڤ ئەدۆلف) ١٦١١-١٦٣٢ لەسەر سوید دەسەلاّت دار بوو. لۆسەریزمی کردە کلێسای ڕەسمی ولاّتەکەی و له هەوڵی دامەزراندنی سویدی گەورە دا بوو، دەی ویست زاڵ بێت بەسەر باکوری ئەورووپا دا. توانی دەریای بەڵتیق بکاتە دەریایەکی سویدی، بەهۆی دەست گرتن بەسەر فلەندا و ئیستوانیا دا. بۆ ئەمەش لەگەڵ پۆڵەندا کەوتە ململانێ وە. له ساڵی ١٦٢١-١٦٢٩ز، سوید (لیۆڤینیا) و ڕێژگەی ڕوباری (ڤیستولا)ی کەوتە چنگ و پەیمانیشی لەگەڵ ڕوسیادا بەست، ڕوسیا وازی له هەنگاریا هێنا بۆ سوید،

---

(١٠٢) هەمان سەرچاوە –ل ٣٨١-٣٨٢ .

(١٠٣)هەمان سەرچاوە – ل ٣٨٢-٣٨٣ .

(١٠٤) هەمان سەرچاوە – ل ٣٨٤,٣٨٥,٣٨٦ .

دواتریش چاو تێبڕینەکانی ڕووەو کەنارەکانی باکور لە ئەڵمانیا وەرچەرخا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئیمپراتۆر فەرمانی گێڕانەوە و دەست گرتنەوەی بەسەر موڵکەکانی کڵێسای پرۆتستانتی لە ئەڵمانیا دەرکرد. لە هەمان کاتیشدا کاردینال ڕیشیلۆی وەزیری لویسی سێزدەی پاشای فەڕەنسا دەیویست جەنگی سی ساڵە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بنەماڵەی هپسبرگ لاواز بێت و بنەماڵەی بۆربۆنی فەڕەنسی جێگەی بگرێتەوە . هەروەها لەسەر حسابی ئەڵمانیا هەندێ سوود و قازانجی دەست بکەوێت. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە ڕیشیلۆ هاوپەیمانی لەگەڵ (گۆستاڤ ئەدۆلف) بەست. لەسەر ئەوەی هاوکاری پاشای سوید بکات بە ماڵ و چەك، لە بەرابەردا (گۆستاڤ ئەدۆلف) ئازادی ئایینی بدا بە کاسۆلیکی ئەو ناوچانەی کە داگیری دەکات.(١٠٥)

ساڵی ١٦٣٠ز (گۆستاڤ ئەدلف) لە پۆمیرانیا (باکوری ئەڵمانیا ) دابەزی و دەستی کردە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ میرە پرۆتستانتەکان بە تایبەت میری براندنبرگ و سەکسۆنیا. لەو لاش تیلی سەرکردەی ئیمپراتۆری لە ساڵی ١٦٣١ز دەستی گرت بەسەر شاری (مەگدبرگ) ی قایم و سەنگەر بەند و نزیکەی بیست هەزار کەسی لە دانیشتوانی کوشت و بڕ کرد، وە دەسیان کردە ڕاو و ڕووت و وێرانکاری بۆ لە ناو بردنی خەڵکی ئەم شارە. بەهۆی ئەوەی خەڵکی ئەم شارە لۆسەری بوون، میرە ئەڵمانیەکان تورە و دەهری بوون. لە هەمان کاتیشدا گۆستاڤ ئەدۆلف لەگەڵ میری براندنبرگ و سەکسۆنیا و میرە پرۆتستانتەکانی تر سووپای (تیلی) یان لە ناوچەی (برایتن فلد ) لە نزیك شاری (لاییزیك ) لە ئەیلولی ١٦٣١ز تێك شکاند. پاش ئەوە ڕووەو باشوری خۆرئاوای ئەڵمانیا بە ئاراستەی ڕووباری ڕاین ڕۆشیتن، بە مەبەستی هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ کالڤینیەکانی ئەویێ.(١٠٦) پاشان گۆستاڤ ڕووی کردە خۆرهەلاَت، شالاَوی بردە سەر پاڤاریا و داگیر کرد و سووپای تیلی جارێکیتر لە جەنگی (لیك) لە نیسانی ١٦٣٢ز تێك شکاو تیلیش لەم جەنگەدا کوژرا، پاشان سوپای سوید ڕووی کردە نەمسا،

(١٠٥) مێژووی ئەورووپا لەسەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەڕەنسی – د.محمدمحمد صالح – لـــــــــ ٣٨٧-٣٨٨ .

(١٠٦)هەمان سەرچاوە – لـــــــــ ٣٨٧-٣٨٨ .

ئیمپراتۆری سەرکردەی لابراو (ۆلّشتاین) ی گێڕایەوە سەر پۆستەکەی بۆ ئەوەی بۆ ڕوبەڕوو بونەوەی گۆستاڤ ئەدۆلف، هەروەها لەگەلّ فیلیپی چوارەم ڕێککەوتننامەیەکی بەست، بۆ ئەوەی لەگەلّ خۆی بەشداری جەنگی پێبکات.(١٠٧) لە پایزی سالّی ١٦٣٢ز سوپای سوید گەیشتە (ۆلّشتاین) و لە جەنگێکی یەك لاکەرەوەدا، کە لە (لوتنزن) ڕووی دا سوپای (ۆلّشتاین) تێك شکا، بەلاّم گۆستاڤ هەر لەو جەنگەدا کوژرا و سەرکەوتنی نەبینی. ئیمپراتۆر هەوالّی پێگەیشت کە (ۆلّشتاین) هەولّ دەدات لەگەلّ پرۆتستانتیەکان پەیمانی ئاشتەوایی ببەستێت، وەلیّ لە لایەن یەکیّ لەو کەسانەی کە پێوەندی بە ئیمپراتۆرەوە هەبوو لە سەربازگەکەی خۆی لە سالّی ١٦٣٤ز پەنهان کوژ کرا.(١٠٨)

پاش کوژرانی هەردوو سەرکردە و شەکەت بوونی هەردوولا، زیانی زەوەندی ئابوورییان، وە بیّ ئەنجامی جەنگەکە. ویستی ئاشتەوایی لە لایەن هەردوولاوە پەرەی گرت و ئاشتەوایی پراگیان لە سالّی ١٦٣٥ز دا، بە ئەنجام گەیاند لە نێوان ئیمپراتۆر و ئەو میرانەی کە ئارەزووی وەستانی جەنگیان دەکرد، وە بەیانی ئەلّمانیان ڕاگەیاند.(١٠٩)

بە گوێرەی ئاشتەوایی پراگ بڕیاردرا میرە ئەلّمانیەکان چەك دابنێن و سووپای ئەلّمانی بکەوێتە ژێر دەسەلاّتی ئیمپراتۆر، جگە لە میری سەکسۆنیا کە هەندیّ جیاوازی بۆ دەستەبەر کرد، هەروەها بڕیار درا کوتلە گەری کاسۆلیکی و پرۆتستانتی نەهێلّدریّ سەبارەت بەو زەویانەش کە هەردوولا دەستیان بەسەردا گرتبوو بڕیاردرا بگێڕدرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان. (١١٠)

### هەلّخراندنی فەڕەنسا بۆ نێو جەنگی سی سالە – ١٦٣٥-١٦٤٨ز :

---

(١٠٧) مێژووی ئەورووپا لەسەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی – د.محمدمحمد صالح – لـــــــــ ٣٨٩ .

(١٠٨) هەمان سەرچاوە – لـــــــــ ٣٨٩ .

(١٠٩) هەمان سەرچاوە – لـــــــــ ٣٨٩ .

(١١٠) هەمان سەرچاوە – لـــــــــ ٣٩٠ .

کاردینالّ ڕیشیلۆ باوەڕی وابوو مەزن بوونی فەڕەنسا بەندە بە زالّ بوونی بەسەر بنەمالّەی هەپسبرگی نەمساوی و ئیسپانی، جەنگی لە دژی بنەمالّەی هەپسبرگ و ئیسپانیا ڕاگەیاند، مەبەستی ڕیشیلۆ سەر کز کردنی ئیمپراتۆر و دەست گرتن بەسەر هەرێمی ئالازاس وە مەبەستی سەرەکیشی خۆ ڕزگار کردن بوو لە فیلیپی چوارەمی پاشای ئیسپانیا. سوپای ئیسپانی لە هۆلّەندا و ڕاین و باکووری ئیتالیا بە تەواوی تێك شکا. خانەدانانی پورتوگال لە لیسبۆنە کۆبوونەوە بۆ لابردنی فیلیپی چوارەم و دانانی (جۆنی چوارەم ) وەك پاشایەك بەسەر پورتوگال، ڕاگەنرا. لە جەنگی ( ڕوکر ) لە سالّی ١٦٤٣ز، فەڕەنسیەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر ئیسپانیادا بە دەست هێنا و ئیدی سەرەتای نوشوستی ئیسپانیا دەستی پێکرد. لەو لاشەوە ( فردیناندی سێیەم ) توانی ڕووبەڕوی پرۆتستانتەکان ببێتەوە، بەلاّم لە پاش تێکشکاندنی ئیسپانیا، فەڕەنسیەکان توانییان سووپا بۆ پشتیوانی پرۆتستانتەکان بنێرن. فردیناند هەولّی دا ئاشتەوایی لەگەلّ فەڕەنسا دا بکات، بەلاّم تا مردنی ( ڕیشیلۆ ) لە سالّی ١٦٤٦ز هەولّەکان شکستی خوارد. سوپای فەڕەنسی سەکەوتنی بە دەست هێنا و (پاڤاریا) یان لە سالّی ١٦٤٦ز داگیر کرد. تا لە کۆتاییدا ژمارەیەك پەیمان بەسترا لە شارەکانی (مونستەر و ئوزنابرك ) لە هەرێمی (وستڤالیا ) لە سالّی ١٦٤٨ز ، کە بە پێی ئەم پەیمانە جەنگی سی سالّە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز کۆتایی پێهات.(١١١)

بەهۆی سەرهەلّدان و بلاّوبوونەوەی مەزهەبە نوێیەکان ئایینی مەسیحی لە ئەورووپا دا، کۆمەلّگای ئەورووپی توشی لێکترازانی قولّی هەمەلایەنە بویەوە، ئەمەش لەگەلّ خۆیی دا گۆڕانکاری لە سنورە جوگرافیەکاندا وەدی هێنا بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی ڕوبەڕوی دابەشکاری کردەوە، ئەو جەنگە سی سالّیە درێژ خایەن و وێرانکاریەی وە دووی خۆی هێنا، کە تێیدا هەر لایەك درێخی لە لایەنی بەرامبەری نەدەکرد لە کوشتنی نەیارە مەزهەبیەکەی وە لە ژن و مندالاّنی هەروەها لە ئیختیار و بەسالاّچوانی،

(١١١) مێژووی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەڕەنسی –دکتۆر محمد محمد صالح – لـــــــ٣٩١-٣٩٢ .

ئەمە جگە لە تالاَن کردنی موڵك و ماڵی یەکدی، هەروەهاوە بلاَوکردنەوەی ترس و تۆقین و ڕاوەدونان و دەربەدەر کردنی نەیارە مەزهەبیەکانیان، پەیمانی وەستڤالیاش کۆتایی ئەو جەنگانە بوو.

## پەیمانی ویستڤالیا ١٦٤٨ز :

بە گوێرەی پەیماننامەی ویستڤالیا بنەماڵەی هپسبرگی نەمساوی فەرمانڕەوایی ناوچە ویراسیەکانی دەکرد لە هەریەکە لە (نەمسا، بۆهیمیا، هەنگاریا ) وە لێ دەسەلاَتی سیاسیان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز دای لە کزی، هەروەك گۆڕانکاری گەورە و گرنگ لە خودی ئەڵمانیا دروست بوو کە بریتین لە :

١-هەموو میرێك فەرمانڕەوایی ڕەهایە لە ویلایەتەکەیدا، دەتوانێ جەنگ ڕاگەیەنێ و پەیمان ببەستێ، بە بێ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە لایەن ئیمپراتۆر.

٢-فەرەنسا هەرێمی ئەلازاسی چنگ کەوت جگە لە شاری ستراسبۆرگی ئازاد کە هەلاَوێر بوو لەمەدا. هەروەك دانهێنرا بە خاوەن داریەتی فەرەنسا لە هەمبەر هەر سێ ئوسقوفەی ئەڵمانی (مینز، تول، ڤێردون).

٣-سوید پۆمیرانیای کەوتە دەست، کە کەوتبووە سەر ڕێژگەی ڕووباری ئودر، هەروەها بالاَدەست بوو بەسەر ڕووباری (ئیلپ و، لیر). هاوکات توانی ئوسقوفەی بریمنی دەست کەوێت لەگەڵ زەویەکانی دەوروبەری.

٤-فەرەنسا و سوید مافی دەست وەردانیان هەبوو لە کار و باری ئەڵمانیا، بەهۆی ئەوەی خاکیان هەبوو لە ئەڵمانیا. تەنانەت مافی ئەوەیان پێدرا دەنگ بدەن لە دایتی ئەڵمانیا.

٥-میرنشینی براندنبرگ، پۆمیرانیای خۆرهەلاَت و ژمارەیەك ئوسقوفیەی وە چنگ کەوت، لە ناویاندا ئوسقوفیەی مگدبرگ، بەمە تۆوی دەوڵەتی پروسیا چەکەرەی کرد.

٦-ویلایەتی پلانتینات لەسەر ڕاین، دابەش کرا لە نێوان ماکسی ملیانی پاڤاری سەرۆکی کۆمەڵەی کاسۆلیکی لە جەنگ، وە کوڕی فردریکی میری پلانتینات و سەرکردەی پرۆتستانتی

لەگەڕی بۆهیمی یەکەم لە جەنگی سی ساڵە. بەمەش پاڤاریا و پلانتینات مافی بەشداری کردنیان هەبوو لە هەڵبژاردنی ئیمپراتۆر و دەنگدان لە دایت.

٧-هەریەك لە هۆڵەندا و سویسرا بوون بە دەوڵەتی سەربەخۆ و لە لایەن ولأتانەوە لە پەیمانبەستی ویستڤالیابە فەرمی دانیان پیادا هێنرا. هەموو ئەم خالأنە لە ڕووی سیاسیەوە بوو. وە لە ڕووی تریشەوە دەتوانین بلێین :

أ-دانهێنرا بە کلێسای کالڤنی و هەمان ئەو مافانەی پێبەخشرا کە بە لۆسەریزم بەخشرا بوو.

ب-خاوەنداریەتی زەویەکانی کلێسای کاسۆلیکی و پرۆتستانتی بە گوێرەی بنەمای ساڵی ١٦٢٤ز دانرا.

ج-هەریەکە لە پرۆتستانتی و کاسۆلیك لە دادگای ئیمپراتۆریدا وەك یەك دادوەریان دەکرا.(١١٢)

ڕێککەوتننامەی ویستڤالیا واتای هەرەسی ئیمپارتۆریەتی ڕۆمانی و کۆتایی هێنان بوو بە دەسەلأتی ئایینی و جەنگە مەزهەبیەکان، هەروەك سەرەتای دامەزراندنی فیعلی دەسەلأتە دونیا گەراکانیش بوو، وە لە بری پاپا، پاشاکان بوونە فەرمانڕەوا، وە لە بری کلێسا و پیاوانی ئایینی، دەوڵەت و کاربەدەستانی بوونە ڕاپەڕێنەری کاروبارەکانی ئەو کۆمەڵگا و شانشینانە. لە بری گوێدێری بۆ پاپا و ئینتیما بۆ ئایین، گوێدێری بۆ پاشا و ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتیمان جێگەی گرتەوە، هەروەها تاك بوویە دڵسۆزی گەل و ولأت نەك پاپا و کلێسا.

## دووبارە ڕاڤەکردنەوەی ئینجیل :

پاش تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە مەزنە، گەلانی ئەورووپی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەبێت یەکدی قبووڵ بکەن بە تەواوی جیاوازیەکانی نێوانیان،

(١١٢) مێژووی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەڕەنسی –دکتۆر محمد محمد صالح – لــــــ ٣٩٢-٣٩٣ .

**به جیاوازیە مەزهەبیەکانیشیانەوە. لێرەشەوە خوێندەوارانی دیاری مەسیحی، سەر لە نوێ پیا چوونەوە بە کتێبی پیرۆز (ئینجیل) دا دەکەن، دیسان لە دوای ئەو گشتە ئاڵوگۆڕ و زیاد و کەم لێکردنەی قەشە یەکەمینەکان و ئەوانی دواتری کلێسا، وە سەرباری دەستکاری و ڕاڤە جۆراوجۆرەکانی چاکسازی خوازەکانی پرۆتستانتی و کالڤینی، جارێکی دی هەڵدەستنەوە بە شیکارکردن و ڕاڤەکردنەوەی ئینجیل. وەك ئەوەی کە خۆیان ناوی دەنێن (توێژنەوەی مێژووی ڕەخنەیی بۆ کتێبی پیرۆز (ئینجیل) ) وولێ ئەمجار لە ڕوانگەی ئەقڵی خۆیان، ماناکانی تێکستەکانی ئەو پەرتوکەیان دارِشتەوە، کە دواتر بە ئایینی ئەقڵ نێو بانگی دەرکرد و ناسرا.**

**( ڕیشارسیمۆن ) لە ساڵی ١٦٨٧ ز دا کتێبە بە ناوبانگەکەی بڵاو دەکاتەوە بە نێونیشانی (توێژینەوەیەکی مێژووی ڕەخنەی بۆ کتێبی پیرۆز- پەیمانی کۆن- تەورات)، پاشان بۆ تەواو کردنی کتێبی یەکەم لە ساڵی ١٦٨٩ز کتێبێکی دیکە بڵاو دەکاتەوە بە ناوی (پەیمانی نوێ) واتە ئینجیل. لێرەوە( ڕیشارسیمۆن ) تەفسیری زانستی دەبەخشێتە تێکستە پیرۆزەکان و لەم بوارە زۆر هەستیارەدا شۆڕشێکی کۆپەرنیکی بەرپا دەکات، ناو برا و بەم کارە سەرەتای تێگەیشتنی عەقلانی گەڵاڵە دەکات بۆ ئایینی مەسیحی و پاشان سەرەتای سەردەمە تازەکان دادەمەزرێنێ و دواتر ڕۆشنگەری بە دوادا دێت.(١١٣) ئەم شێوازە لێکدانەوە و ڕاڤە کردنە بۆ ئایینی مەسیحی بەو هۆیەوە بوو کە ئەو ئایینە هەر لە دەمی سەرەتای بڵاوبوونەوەی دا ڕاستەوخۆ دەق و تێکستەکانی لە پەیامبەرەکەی (عیسا – علیە السلام ) وەر نەگیراوە و نەنوسرایەوە، بەڵکو دوای پتر لە دوو سەدە بەسەر کۆچی پەیامبەر (عیسا – علیە السلام )لە لایەن قەشەکانی ئەو کاتی مەسیحیەتەوە نوسرانەوە، کە لە ڕاستی دا ئەوەی تۆمار کرا، زیاترینی قسەو گوفتاری خودی قەشەکان بوو، لە گرنگترینیشیان پۆڵس و پترۆس و هاوشێوەکانی ئەوان. لەگەڵ تێپەڕینی سەدەکاندا، و بە گواستنەوەی ئەم ئایینە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی گۆڕانکاریەکی زێدە تری تێدا وەدی هێنرا و لە پاش تریش زیاتر لە (١٤٠) ئینجیل بڵاو کرایەوە و هەندێ سەرچاوەی دیش ژمارەی ئینجیلە بڵاوکراوەکان بە زیاتر لەم ڕێژەیە بەیان دەکەن،**

---

(١١٣) فەندەمێنتاڵیزم ململانێ ژیارییەکان – هاشم صالح – چاپی یەکەم

که جگه له پێکدژییان لەگەڵ یەکدی، لەگەڵ ئەقڵ و زانستیشدا ناکۆك بوون. ئەمە وایکرد کە ئەمجار له بری قەشەکان، خوێندکار گەلێك بە نێوی رۆشنبیرانەوە بکەونەوە راڤە کردنەوەی دووبارەی ئینجیل. لەم پرۆسەیەشدا گۆڕانکاری ریشەیی و گشتگیری بەسەر تەواوی ئینجیل و نێوەڕۆکی دا هێنرا و مانایەکی جیاواز له پێشووتری پێ بەخشرا.

## سەرهەڵدانی پاشایەتی ڕەها :

ئەو سانایی و خۆشحاڵیەی کە خەسڵەتی تایبەتی بوژانەوەی فێرکارانە و فەرهەنگی ڕێنیسانسی یەکەم بوو، جێگای خۆی بە تێڕوانینێك بۆ ژیان دابوو، کە کردەنی بوو، بەڵام ئامانجەکانی فەزیلەت پاڵەوان پەوەری نەبوو، مرۆڤ خوازی کە له ڕێنیسانسی دووەمدا وەدەر کەوت، بۆ دونیا تەوەری ( سیکۆلاریزم ) گۆڕا. پاپاکان و میرەکان وەك یەك له دوای دەسەڵات و سامانەوە بوون.(١١٤) پاشاکان بوونه دەسەڵات داری ڕەها و پیاوانی ئایینیش کەوتنە پاڵپشتی کردنیان، لە هەمان کاتدا چینی خانەدانەکان کە پاشماوەی دەرەبەگەکان بوون، ئەوانیش خاوەنی زەوی و زارێکی فراوان بوون و له هەمان کاتدا پۆستی باڵاشیان هەبوو له دەوڵەتدا و چەندین ئیمتیازی دیکەشیان هەبوو، بەهۆی ئەو بەرژەوەندیانەیان داکۆکی توندیان لەو سیستەمە پاشایەتیە دەکرد. لێرەشەوە خواستێکی جەماوەری سەری هەڵدا کە ئەویش خۆی له جودا کردنەوەی دەسەڵاتی دونیەوی و دینیدا، دەبینیەوە. واتە کۆتایی بهێنرێت بە ڕۆڵی ئایینی مەسیحی و کڵێسا و پیاوانی ئایینی (پاپا و قەشەکان) له نێو دەوڵەت و دامەزراوەکانی و هەر کارێکی هاوپەیوەند پێوەی، وە کڵێساش تەنها جێگای پەرستش کردن بێت و پیاوانی ئایینیش بگێڕدرێنەوە بۆ نێوی و لەوێ پەرستشە ئایینیەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەواتایەکی دی تەنها له نێو کڵێسا چالاکی بکەن و دەستبەردای دەرەوەی کڵێسا بن بۆ دەوڵەت و کاربەدەستانی .

له دوای پەیمانی ویستڤالیا، ڕۆڵی ئایین له دەوڵەت و کۆمەڵگا دای له کزی، هاوکات فەلسەفەی عەلمانیەت لەگەڵ گەلاڵە بوون و سەرهەڵدانی بە خێرایی ڕووی لە گەشە و پەرەسەندن دەکرد،

---

(١١٤) ڕێنیسانسی ئیتالیا – کارێن ئۆسمەن – چاپی یەکەم – لـــــــ ٩٥ .

خواستی گەلانی ئەورووپی بۆ ڕزگار بوون لە ستەمکاری کلێسا و پیاوانی لە هەمان کات بۆ عەلمەنە کردنی دەسەلآت ڕوو لە هەڵکشان بوو. ئیدی ڕۆژ دوا ڕۆژ کلێسا کان ڕوویان لە چۆڵی دەکرد و زیارەتکارانی لێدەتەکینەوە و دەسبەرداری مەسیحیەتیش دەبوون، نەك هێندە، بەڵکو زۆرینەشیان دەبوونەوە بە دوژمنی مەسیحیەت و کلێسا و پیاوانیشی. وە لە نێو عەلمانی خوازاندا شێوازێك لە خوێندنەوە و دوبارە ڕاڤە کردنەوەی ئایین گەلآڵە ببوو، لەو ڕوانگەیەشەوە چەندین پێناسەی عەلمانیان بۆ ئایین دارێژا ، وە چەندین دەقی نوێی ئایینی لە نێو کتێبی پیرۆز دەرکەوتن، لەو تێکستانەشدا داخوازی لێکدی جوادا کردنەوەی دەسەلآتی کلێسا و دەوڵەت خرابووە ڕوو.

لە پاش کۆتایی هێنا بە ڕۆڵی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و دابەش بوونی ئەورووپا بەسەر دەوڵەتە پاشاییەکان و پەراوێز خستنی پاپا و لاواز بوونی ڕۆڵی پیاوانی ئایینی، هەروەها دامەزراندنی سەرۆکی ئەو کلێسایانە لە لایەن خودی پاشاکانەوە، هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی چینی بۆرژوا (چینی نێوەند) کە لە دەمی ڕێنیسانسەوە ڕوی ل گەڵاڵە بوون کردبوو، کەتبووە سەر ڕێڕەوی خەملێن و شێوە گرتن، ئیدی لەو دەمانەوە هەر لە لایەن ئەم بۆرژوازیانەوە پاڵپشتی مرۆڤ گەراکانی زەمەنی ڕێنیسانس دەکرا، لە پێناو پەرەپێدان بە بیر و هزرەکانیان کە لە کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاست فکری عەلمانیەتی لەسەر گەلآڵە بوو.

## سەرهەڵدانی بۆرژوایەت و بە دەسەلآت گەیشتنیان :

لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکریەکاندا و لە پاڵ هەردوو چینی خانەدانان و یاوانی ئایینی دا، چینی سێیەمیش واتە بۆرژوا (چینی نێوەند) یش گەلآڵە بوو، لە زۆربەی ولآتە تازە سەرهەڵداوە پاشایەتیەکاندا بوونە خاوەن پێگەی جەماوەری خۆیان و لە هەندێك حاڵەتیشدا و لە چەند ولآتێك لەو ولآتە ئەورووپیانەدا، ئەم چینە بوونە زۆرینەی گەل و کەوتنە بەربەرەکانێی هەردوو چینی خانەدانان و پیاوانی ئایینی و هەوڵی شوێن گرتنەوەیان دەدان لە دەسەلآت داری کردنی دەوڵەت و خاوەنداری موڵك و ماڵی کلێسا و سەر و سامانی ولآتدا. ئەو ڕەوشە سیاسی و

ئابووری و کۆمەڵایەتیە لاوازەی ئەورووپا ڕووبەڕوی تەوژمێکی توندی گۆڕانکاری هەمەلایەن بوویەوە لە لایەن چینی سێیەمەوە، وە هەردوو چینی خانەدانان (دەرەبەگ) و پیاوانی ئایینی کە لە پێشتردا بە سەختی پاڵپشتی یەکدی و بەرژەوەندیەکانی یەکدیان دەکرد، هەر یەکەیان بووبویە پشتیوانی ئەوی دی لە پێناو حوکمڕانی کردنی کۆمەڵگاکانی ئەورووپا و ئیدارە دانیان، بۆ یەکەمین جار خۆیان لە هەمبەر نەیارێکی ئاوهادا ببیننەوە، کە ململانێی فکری و سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریان لەگەڵدا بکات و هەوڵی تێکڕماندن و لە ڕیشەوە دەرکێشانی ئەو سیستەمە ئایینی و دەرەبەگیە بدات. لە هەمان کات بکۆشێت لە پێناو جارێکی دی و سەر لەنوێ بینا کردنەوەی کۆمەڵگا و تەواوی ڕەهەندەکانی لەسەر بنەمای فیکری عەلمانی، ئایین و پیاوانیشی تووڕ بداتە دەرەوەی و جێگایەکیان لە نێو ئەو سیستەمە نوێیەدا پێنەبەخشێت. لێرەشەوە کۆمەڵگاکانی ئەورووپا ڕۆ چوونە نێو ململانێیەکی سەختی هەمە لایەنەوە. ئەم گۆڕانکاریانەش لە هەندێ وڵاتدا خێرا و لە هەندێ وڵاتی دیکەدا دێر تر ڕوویان دەدا. بەم شێوە سەردەمێکی نوێ دەستی پێکرد ، واتا لە پاش ساڵی ١٦٥٠ز ، کە لەو بەروارەوە بەدوا بە سەردەمی ڕۆشنگەری ناسرا .

**سەرهەڵدنی سەردەمی ڕۆشنگەری پرۆسەی عەلمەنە کردنی دەسەڵاتی ئینگلتەرا :**

لە نێو وڵاتانی ئەورووپادا، ئینگلتەرا پێشڕەوی ئەو وەرچەرخانانە بوو. ئەم دەوڵەتە خاوەنی پەرلەمانی خۆی بوو گەرچی لاوازیش بوو. لە ساڵانی ١٥٥٣ز پەرلەمان دەستی کردبوو بە هەندێك بزاوتن بۆ کۆتکردنی دەسەڵاتی پاشایەتی و جڵەو کردنی، بەڵام خزمەت و کاری زۆری (ئیلازابێس) بۆ ئینگلتەرا و نەرمی سیاسەتی لە بەرابەر پەرلەمان و پیاوانی سیاسەت وان و گەلی ئینگلیزی، وای کردبوو، ئیلازابێس جێگەی خۆی بکاتەوە لە دڵی خەڵکی. جا هەر لەبەر ئەوانە پەرلەمان نەیدەویست لە کۆتایی ژیانی دا زۆری لێبکەن و وەڕەس و بێزاری بکەن، ئەمەش بەهۆی وەفا و دڵسۆزی نواندن بۆی، بەڵام کاتێك ئیلازابێس مرد، پەرلەمان لە گوێڕایەڵی کردن بۆ پادشا ڕزگاری بوو.(١١٥)

---

(١١٥) مێژووی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەڕەنسی- محمد محمد صالح – لـــــــــ ٤٤٦-٤٤٧ .

لە دوای ویش جیمسی یەکەم لەسەر تەخت دانیشت و لە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی ساڵی ١٦٠٤ز لەگەڵ پەرلەمان تێك گیرا. پەرلەمانی یەکەم ١٦٠٤ – ١٦١١ز بەردەوامی دا بە خۆی. پاشا دانی نابوو بە ماف و دەسەلاتەکانی پەرلەمان، هەروەك پەرلەمانیش ئەوەی بە پادشا ڕاگەیاند بوو کە سەپاندنی باج مافی پەرلەمانە و پادشایەتی لە ئینگلتەرا کۆت کراوە و یاسا سەرووەرە لەسەر پاشا و گشت هاولاتیەك. بەلام ئەم بارە زۆر درێژەی نەکێشا لەسەر مەسەلەی دارایی و گرفتە ئابووریەکانی ولات، جیمس لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان تێك گیراو دوای دەمە تەقێیەکی توند پاشا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی دا و ژمارەیەکیش لەو پارلەمانتارانەی دەستگیر کرد کە بە زبری دوابوون لە گەڵی. ئیدی لە ماوەی سالانی ١٦١٤-١٦٢١ز پادشا بە بێ پارلەمان فەرمانڕەوایی دەکرد.(١١٦) لە دوی هاتنە سەر تەختی چارلز و ئەندامانی، جەنگ لە دژی ئیسپانیا و شکست هێنانی لەو جەنگەدا و بە خەرج دانی خەزێنەی ولات و نابووت کردنی، پارلەمان گەلاڵە نامەیەکی خستە بەردەم پاشا بە ناوی (داواکاری ماف)، تیایدا داوایان کردبوو باج و قەرزی زۆرە ملێ لە هاولاتان نەسەندرێ، هەروەها کۆتایی بە حوکمی عورفی بهێنرێت. پاشا ڕەزامەندی نواند، بەلام ناکۆکیەکان درێژەیان کێشا، تا چارلز لە ساڵی ١٦٢٩ز پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و دەستی کرد بە فەرمانڕەوایی کردنی ئینگلتەرا بە شێوەیەکی تاك ڕەوانە بۆ ماوەی یازدە ساڵ، واتا تا ساڵی ١٦٤٠ز. لە ساڵی ١٦٣٩ز و لە سکۆتلەندا شۆڕش لە دژی چارلز بەرپا کرا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەیویست تەعالیمی کلێسای سکۆتلەندی کالڤنی بگۆڕێ و ڕێکی بخات بە گوێرەی تەعالیم و سیستەمی کلێسای ئینگلیز، کە پاشماوەی سیستەمی کاسۆلیکی بوو، وە لە یەکەم تێهەلچوون دا لە ساڵی ١٦٣٩ز نەی توانی بەسەر شۆڕشگێران زاڵ بێت، لە ساڵی ١٦٤٠ز بانگهێشتی پەرلەمانی کرد بۆ کۆبوونەوە بە مەبەستی دەستکەوتنی خەرجی پێویست بۆ سەرکوت کردنی شۆڕش. لە دوای ڕازی نەبوونی ئەندامانی پەرلەمان بە داخوازیەکانی، دیسا پادشا پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە.(١١٧)

---

(١١٦) هەمان سەرچاوە – لـــــــــ ٤٥٢ – ٤٥٥ .

(١١٧) مێژووی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی –محمد محمد صالح – لـــــــــ ٤٥٢ –٤٩٨ .

**وەلیّ لە دوا دوایەکانی ساڵی ١٦٤٠ ز جارێکی دی پەرلەمان ڕاگەیەنرایەوە، بەڵام بە دەسەلأتێکی فراوانتر لە پێشوو، ئەم پەرلەمانە هەستا بە ئەنجام دانی چاکسازی و لەوانەش هەڵوەشاندنەوەی دادگا تایبەتیەکان، ڕێگری کردن لە سەپاندنی باج و کۆکردنەوەی ... هتد. لێرەشەوە پارلەمان بوویە خاوەن سوپا، بەڵام هەروەکو جارانی پێشوو چاکسازیەکان جیّ بەجیّ نەکران و پادشا و پەرلەمان تێك گیران، لە ساڵی ١٦٤٢ز چارلز لەندنی جیّ هێشت و لە ( ئەیدج هیلّ ) توانی ڕوویەڕووی پەلەمانی ببێتەوە و سەرکەوتنیش بە دەست بهێنێت، وەلیّ بەم سەرکەوتنە کۆتایی بەو بارە نەهێنرا، بەڵکو لە ساڵی ١٦٤٤ و ١٦٤٥ز دا جەنگی گەورە لە نێوان بەرەی پاشایەتی و بەرەی پەرلەمانی دا قەوما و جەنگەکەش بەسەرکەوتنی پارلەمان یەکلا بوەوە و پادشاش وەك پەنابەر لە (ئۆکسفۆر) بە تەنها مایەوە و لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٦٤٦ز خۆی ڕادەستی سکۆتلەندیەکان کرد. ئیدی لە ساڵی ١٦٤٧ز سوپا شۆڕشی کرد و تا ساڵی ١٦٤٩ز فەرمانڕەوایی کرد.(١١٨)**

**ساڵی ١٦٤٩-١٦٥٨ز سیستەمی کۆماری بە سەرکردایەتی ئۆلیڤەر کرۆمۆویل ڕاگەیەنرا، بەڵام ئەویش پەرلەمانی بەزەبری هێز چۆڵکردو حوکمی تاکڕەوانەی پیادەکرد. وەلیّ پەرلەمان هەر مایەوە و بە لاوازی کاری دەکرد تا لە ساڵی ١٦٥٨ز کرۆمۆویل کۆچی دوایی دەکات، وە پادشا چارلزی دووەم دەگەڕێتەوە و لە (دۆڤەر) دا دەبەزێت و لە مایسی ١٦٦٠ز بوو بە پادشای ئینگلتەرا و ڕەزامەندی تەواوی دەربڕی لەسەر ڕێککەوتننامەی (ماگنا کارتا، پەیمانی مەزن ) و (داواکاری مافەکان)، ئەوەی کە باوکی لە ساڵی ١٦٤٨ز ڕەزامەندی لەسەر دابوو. هەروەها ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر گشت ئەو قانون و یاسایانەی کە باوکی لە ساڵی ١٦٤٢ز واژوو کردبوو.(١١٩) ئیدی پارلەمان پاشماوەی مافە دەرەبەگیەکانی هەڵوەشاندەوە، ئەو مافانەی پادشا بۆ کۆکردنەوەی داهات پشتی پێدەبەست. ئەم ڕێوشوێنەی کە پارلەمان لە هەمبەر مافە دەرەبەگیەکان گرتیە بەر،**

---

**(١١٨) مێژووی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی –محمد محمد صالح – لـــــــ ٤٧١-٤٨٨ .**

**(١١٩) مێژووی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنیسانس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی –محمد محمد صالح – لـــــــ ٤٨٨-٤٨٩ .**

خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ ئاوا بوونی هەموو تیۆرە دەرەبەگیەگان لە ئینگلتەرا، هەروەك پێداگریش بوو لەسەر تیۆرە سەرمایەداریەکان و تایبەتیەکان، دواتر لە ساڵی ١٦٧٩ز پارلەمان ڕەزامەندی نواند لەسەر یاسای (هیبس کورپس) بە گوێرەی ئەم یاسایە دەست بەسەر کردن و زیندانی کردن بە بێ بڕیارو فەرمانی دادگا و ڕوونکردنەوەی هۆی گیران و بەندکردن، قەدەغە دەکرێت. لە دواتردا و دوای شۆڕشی جەلیلە لە ساڵی ١٦٨٩ز پەرلەمان ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر گەلاڵە نامەی مافەکان، کە تیایدا دەستەبەری تەواوی دەسەلاتی پەرلەمانی دەکرد و ئینگلیکانی بوونی پادشای بە پێویست دادەنا، هەروەها دەسەلاتی پەکخستنی یاسای لە پادشا سەندەوە و ڕێگری کرد لە پاشا کە باج کۆبکاتەوە و لە تاوان ببورێت. واتە کۆتاییان هێنا بە دەسەلاتی ڕەهای پادشا. هەروەك پەرلەمان داکۆکی دەکرد لەسەر پاراستنی ئەندامەکانی و مافی گەلی ئینگلیز لە هەڵگرتنی چەك و پێشکەش کردنی سکالا و دەستەبەر کردنی ئازادی قسەکردن و ئازادی دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بە بێ هیچ کۆت و بەندێك ... هتد.(١٢٠) لە ماوەی دەسەلاتی ولیەمی سێیەم و شاژنە ئان، پەرلەمان ژمارەك یاسای دەرکرد و لەوانەش لە ساڵی ١٧٠٧ز یاسای یەکیەتی دەرکرد، بە گوێرەی ئەم یاسایەش سکۆتلەندا و ئینگلتەرا بە یەکخستنی پەرلەمانەکان بوونە یەك دەوڵەت و وڵاتێکی نوێیان دروست کرد بە ناوی بەریتانیای مەزن.(١٢١) لە پاش ئەم ڕووداو و گۆڕانکاریانەش پارتە سیاسیەکان سەریان هەڵدا و وەزارەت پەیدا بوو.

کۆتایی هێنانی بە دەسەلاتی ئایین و پیاوانی، وە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشایەتی ڕەها و کۆت کردنی دەسەلاتی پاشا و خانەدانەکان لە ئینگلتەرا، گەرچی چەندین دەیەی خایاند و قوربانی زۆری ویست، بەلاَم دواجار سەرکەوتنی وە دەست هێنا. سەرکەوتنی گەلی ئینگلیز لە شۆڕشەکەیاندا بوویە هۆی جێگیر کردنی پەرلەمان و دەستوور لە وڵاتەکەیاندا و دەستەبەر کردنی ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان،

---

(١٢٠) هەمان سەرچاوە — ل ٤٨٩-٤٩٣ .

(١٢١) هەمان سەرچاوە— ل ٤٩٦-٤٩٧ .

بەلاّم ئەمەش سەرکەوتنی یەکجاری نەبوو، چوون زۆر بواری دیکەی ژیانی ئینگلیزەکان مابوو کە بۆ چاکسازی کردنی پێویستی بە شۆڕشێکی بنەڕەتی و گشتگیر هەبوو، سەرباری ئەو شۆڕشە یەك لە دوایەکانەی گەلی بەریتانی و ئەو پرۆژە چاکسازیەخوازیە یەك یەدوای یەکانە پەرلەمان، هێشتاش نا دادگەری و نا یەکسانی و مافە بەربژێریەکان بۆ خانەدانان و پیاوانی ئایینی مانەوە. وە زۆرێك لە پۆستە ئیداری و سەربازیە بالاّکانیان هەر لە دەستدا مابوونەوە و ئەوان کاریان تێدا دەکردن، هەروەها دەرگەی شوێنە بەرز و پێشکەوتووەکان بەڕووی ڕۆلّەکانی ئەواندا والاّ بوو، ئەمە لە حالّێکدا بەڕووی ڕۆلّەی چینە نزمەکاندا کلّۆم درا بوو. هەروەها خانەدانان نازناوە بازرگانیەکانیان قۆرخ کردبوو، وە تایبەت بوو بەوان، ئەمە جگە لەوەی هەر خانەدانێك خاوەنی کۆشك و ڕووبەری زەوی فراوان بوون و دیاری تایبەتیشیان لە لایەن پادشاوە بۆ دەنێردرا، وە لە هەر باجێکیش بەخشرا بوون .

پیاوانی ئایینی هاوشانی خانەدانان هێشتاش خاوەنی بەرژەوەندی و ئیمتیاز و بەربژێری تایبەت بە خۆیان بوون، لەوانەش زەوی و زار و کۆشك ، هەروەها سالاّنەش زێڕ و زیو و سەروسامانێکی بێشومار دەچوویە کلّێسا و پیاوانی ئایینی سوود مەند دەبوون لێی. هەر بۆیە دەتوانین بلّێین شۆڕشەکانی گەلی ئینگلیزی توانیان بە شێوەی نوسراو کۆتایی بە بەشی زۆری ستەمکاری پادشا و خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی بهێنن و لایەنی زۆری مافەکانیان دەستەبەر بکەن، وەلێ لەسەر ئەرزی واقیع نەیان توانی تەواوی ئەو گۆڕانکاری و چاکسازیانە جێ بەجێ بکەن. ئەمە وای کرد کە شۆڕشی ئینگلیزەکان کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر گەلانی ئەورووپی نەبێت. خالّی جیاوازی شۆڕشی بەریتانیەکان لەگەلّ شۆڕشی فەرەنسیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گشتگیری و خێراییەی کە لە شۆڕشی گەلی فەڕەنسی دا بە دی دەکرا، کە لە فەترەیەکی زەمەنی کورتدا تەواوی فەڕەنسای ڕووبەڕووی گۆڕانکاری قوولّو ڕیشەیی کردەوە و لەگەلّ خۆشیاندا ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی سەرانسەری ئەورووپایان گۆڕی و پرۆژەی ڕۆشنگەری عەلمانی مادییان بە نێو گەلانی ئەورووپادا بلاّوکردەوە.

## شۆڕشی فەڕەنسی و زالّ بوونی عەلمانیەت :

**گەلی فەڕەنسی لە زەمەنی پێش شۆڕشدا لە ڕەوشێکی دژواری هەمەلایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی دا بوون، تا ڕادەی بێ سەروبەری و پاشا گەرەدانی. لە ڕووی سیاسیەوە خاوەنی سیستەمی پاشایەتی ڕەهای پشت بەستوو بە مافی خودایی بوون. پاشا خاوەنی دەسەلاّتی ڕەها بوو، ئالّوگۆڕ پێکردنی دەسەلاّتیش ویراسی بوو، ئایینی ڕەسمی شانشین کاسۆلیکی بوو.**

**لە سەدەکانی پازدە بۆ شازدە و لە دەمی سەرهەلّدانی مەزهەبی پرۆتستانتی و تەشەنە سەندنی لە پێتەخت و هەرێمەکانی ئەو ولاّتەدا، کۆمەلّگای ئایینداری فەڕەنسی ڕوبەڕوی جەنگ و کوشتارێکی ئایینی دژوار بوویەوە و ئەمەش بە فەرمانی ڕاستەوخۆی پاپا (بیۆسی چوارەم)، لە سالّی ١٥٦٠ز و لە ماوەی فەرمانڕەوای (کاترین دی مدیتشی) کاتێك کە مدیتشی هەندێك ئازادی ئایینی دایە پرۆتستانتەکان بەلاّم بە مەرجی واز هێنانیان لە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی سیاسی، پرۆتستانتەکان کردیانە خۆشی، بەلاّم هێندەی پێنەچوو پرۆتستانتەکان کە لە خوارووی فەڕەنسا و لە هەرێمی( کاستر ) فەرمانێکیان دەرکرد بۆ هەموو هاولاّتیان کە ئامادەیی ڕیێو ڕەسمە پرۆتستانتیەکان بن، وە ڕێوڕەسمە کاسۆلیکیەکانیان قەدەغە کرد، بە شێوەیەکی ڕەسمی حوکمی تێکدان و شکاندنی پەیکەرە ئاینیەکان درا، لە (ئاجن) و (مۆنتوبن ) پرۆتستانتەکان دەستیان گرت بەسەر ئەو کلّێسایانەدا کە بەکار نەدەهێنران، پەشێوی و ئالّۆزی لە پاریس و ڕوان و بۆفیە و شوێنانی دیکە دەستی پێکرد، (کاترین دی مدیتشی) ناچار بڕیار نامەی تەموزی ١٥٦١ز دەرکرد، شاژن لەم بڕیارنامەی دا بە توندوتیژی چی ڕێوڕەسمی ئاشکرای پرۆتستانتەکان هەبوو، هەر هەمووی قەدەغە کرد. بەلاّم پرۆتستانتەکان ئەو بڕیارنامەیان پشتگوێ خست و بە هەندیان وەرنەگرت، لە شارەکاندا پەلاماری کاروانی کاسۆلیکیەکانیان دەدا. چوونە ناو کلّێسا کاسۆلیکیەکانەوە و شوێنەوار و گۆڕە پیرۆزەکانیان سوتاند و پەیکەرەکانیان شکاند، دواتر لە پاییزی ١٥٦١ز دەستیان کرد بە تالاّنکردنی کلّێسا و دێرەکان، ژمارەیەکی زۆر قەشە کوژرا، لە (مۆنتوبن ) دێرێکی پەرپوت سوتێنرا و ڕاهیبە ئافرەتەکانی پەرتوو بلاّو کرانەوە و ئامۆژگارییان کردن مێردێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە لەوە باشترە لەو دێرە پەرپوتەدا ژیان بەسەر بەرن.(١٢٢)**

---

**(١٢٢) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسا١٧٨٩-کۆمەلّێك نوسەر- لـــــــ ١٣٠-١٣٥ .**

ئا لەم کات و ساتەدا (لۆبیتال) لە ڕێگەی ڕەزامەندی (کاترین دی مدیتشی)ــە وە داوای لە پیاوانی ئایینی کاسۆلیك و پرۆتستانت کرد کۆببنەوە، تاکو بارودۆخەکە هێور بکەنەوە، بەلاّم ئەم کۆبوونەوەیە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و لە نێو هەرا و زەنای هەردوو لادا کۆتایی پێهات. وەلێ (کاترین دی مدیتشی) هەستی کرد لێبووردەیی ئایینی هۆکارێکە بۆ تێکدانی یەکێتی خاکی فەرەنساو دروست کردنی ئینشیقاق. پرۆتستانتەکان گەرچی لە فەرەنسادا کەمینە بوون، بەلاّم باشترین خەڵکانی دەوڵەمەندی سەر بە چینی ناوەڕاست و ڕۆشنبیرانی ئەو کاتی فەرەنسای لە خۆ گرتبوو. وە لێ پێداگرتنی پرۆتستانتەکان لەسەر لێبوردەیی ئایینی بۆ خۆیان و سور بوونیان لەسەر کۆبوونەوەی پەرلەمان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و پێدا گرتنیان لەسەر ئەوەی نوێنەرانی میللەت دەبێ دەست بگرن بەسەر خەزێنەی دەوڵەتدا، هەموو ئەوانە لەگەڵ گەورەیی و شان و شکۆی پاشایەتی ڕەها و یەکێتی نیشتیمانی خاکی فەرەنسا یەکی نەدەگرتەوە. لەبەر ئەمە هێرشێکی زۆر کرایە سەر پرۆتستانتەکان و لە هەموو کوچە و کۆلاّنێکدا دەچەوسێنرانەوە، هەروەها کوشتارگا و جەنگێکی ئایینی زۆر لە دژی پرۆتستانتەکان بەرپا کرا. لەنێوان سالاّنی ١٥٦١-١٥٧٢ز هەژدە قەسابخانە دژ بە پرۆتستانتەکان و پێنج قەسابخانە دژ بە کاسۆلیکیەکان ئەنجام درا و زیاد لە سی حاڵەتی تیرۆر کردنیش ڕووی دا. وە لە بەناوبانگترینی ئەو قەسابخانانەش کە دژ بە پرۆتستانتەکان ئەنجام درا، کوشتن و بڕینی ساڵی ١٥٧٢ز بوو کە بە قەسابخانەی قەدیس (سانت بارتیلمی) بەناوبانگە. کە زیاد لە پێنج هەزار پرۆتستانتی لە ژن و پیاو و پیر و گەنج و مندالّی تیا بوونە قەوربانی ئەمە جگە لە کوشتنی هەشت سەد کەسی دی لە لیۆن و هەزاری دیش لە ئۆرلیان. تا لە پەیماننامەی (لاروشیل) ئاشتی، ئازادی دەرایە پرۆتستانتەکان.(١٢٣) هەروەها لە زەمەنی پاشایەتی هینری سێیەم و لە ساڵی ١٥٧٦ز لە ڕێگەی مۆر کردنی ڕێککەوتنی (مۆسیۆ) وە پێنجەم جەنگی ئایینی کۆتایی پێ هێنرا، بە پێی ئەم ڕێککەوتنە پرۆتستانتەکان ئازادی پەرستنیان لە هەموو شوێنێکی فەرەنسادا وەرگرت، هەقی ئەوەیان هەبوو لە هەموو پلە و پایەکاندا مافی وەرگرتنیان هەبێت،

---

(١٢٣) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسا١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- لـــــــ ١٣٠-١٣٥ .

ڕێیان پێدرا لە هەشت شاردا دەسەلاَتی تەواوی سیاسی و سەربازییان هەبێت.(١٢٤)

پاش ئەوەی ( هنری چوارەم ) چووە سەر تەختی پاشایەتی، جەنگی ناوخۆی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت لە فەرەنسا بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکەش درێژەی کێشا، هنری لە پێناو بەهێز کردنی پێگەی خۆی وازی لە پرۆتستانتی هێنا و چوویە سەر مەزهەبی کاسۆلیکی و بەو هۆیەشەوە جەنگە مەزهەبیە نێوخۆییەکان کۆتایی پێهات. ( هنری چوارەم ) لە ساڵی ١٥٩٨ز و لە شاری نانت بڕیار نامەیەکی دەرکرد کە بە ناوی شارەکەیەوە بە بڕیارنامەی ( نانت ) ناسراوە ، بە پێی ئەو بڕیارنامەیە پرۆتستانتە فەرەنسەویەکان ئازادی ئایینیان پێ بەخشرا. وە لەو بڕیارنامەیەدا هاتبوو کە پرۆتستانتەکان مافی ئەوەیان هەیە لە شوێنە تایبەتەکانی خۆیان، سروت و ڕەسمەکانیان ئەنجام بدەن، مافی ئەوەشیان هەیە لە شوێنە گشتیەکان و لە ( ٢٠٠ شار ) و لە (٣٠٠٠ قەلاَ ) ی فەرەنسا سروت و ڕەسمەئایینیەکانی خۆیان جێ بە جێ بکەن، حکومەتی فەرەنسیش یارمەتی قوتابخانە پرۆتستانتیەکان دەدات، لە پێدانی مافی بلاَوکردنەوەی کتێب و بلاَوکراوەی پرۆتستانتی، لەگەڵ مافی ئایینی و سیاسی تەواو، ئەمە جگە لە مافی کۆبوونەوە و مەسەلە دادوەریەکان و پێدانی دادگای قەزایی تایبەت بە خۆیان، وە ڕێگە درا پۆستی سەربازی و مەدەنی لە هەموو فەرەنسادا وەربگرن. وە حکومەت مووچەی قەلاَ پرۆتستانتەکان و بەڕێوەبەری قوتابخانە پرۆتستانتیەکان بدات، لەگەڵ وەرگرتنی مندالاَتی پرۆتستانتیەکان وەك مندالاَنی کاسۆلیکیەکان لە هەموو قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆکان و نەخۆشخانەکاندا. هەروەها ئەو شارانەی پرۆتستانتەکان دەستیان گرتبوو بەسەری دا وەك شارەکانی ( لاروشیل، مۆنبیلیە، مۆنتۆبان ) وەك خۆیان مانەوە و حکومەت خەرجی زانکۆکانی و قەلاَکانی دابین دەکرد، لەگەڵ دستبەسەردا گرتنی (٢٠٠ شار) ی قایم و بەهێز لە کۆی هەشت سەد شار لە سەرجەمی شارەکانی فەرەنسا، بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەخشیە پرۆتستانتیەکان.(١٢٥)

---

(١٢٤) هەمان سەرچاوە - لـــــــ ١٣٠-١٣٥ .

(١٢٥) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسا١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- لــــــــ ١٣٠-١٣٥ .

کاسۆلیکیەکان بەم بڕیار نامەیە ڕازی نەبوون هەر بۆیەش لە ساڵی ١٦١٠ز لە لایەن کاسۆلیکێکی توند ڕەوەوە هنری چوارەم تیرۆر کرا وە ماری دی مدیتشی بوویە وەصی لویسی سیازدەهەم ئەمەش بەهۆی کەم تەمەنی لویسی سیازدەهەمەوە. لەو دەمانەش دا ئەنجومەنی چینەکان پێکهێنرا بوون، لە هەر سێ چینی خانەدان و پیاوانی ئایینی و چینی ناوەڕاست، کاتێ لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٦١٤ز ئەنجومەنی چینەکان لە پاریس کۆ بووەوە، خانەدانەکان لە پێشنیار و ئەو هێزە گەورەی چینی سێیەم ترسان کە گوزارشتی لە چینی ناوەڕاست و خواست و ئارەزووی ئەم چینە دەکرد. چینی سێیەم لەو کۆبوونەوەیەدا داوایان کرد، لێکۆڵینەوە لەو بەخشش و مووچە قەبە و زۆرانە بکرێت کە خانەدانەکان لە حکومەتەوە وەریاندەگرت. هەروەها داوایان دەکرد چاکسازی لە گەندەڵیەکانی کڵێسا دا بکرێت و پێویستە پیاوانی ئایینی ملکەچی هەمان ئەو یاسا و دادگایانە بن کە خەڵکانی دیکە ملکەچی بوون. داوایان کرد کڵێسا کە لە دانی باج بەخشراوە، چیتر دەست بەسەر زەوی زیاتر دا نەگرێت و قەشەو کاهینەکان لە پێناو جێ بەجێ کردنی کاری تعمید و مەراسیمی ژن هێنان و مردوو ناشتن، کرێ وەرنەگرن. بەڵام کۆبوونەوەکە شکستی هێنا و شاژنیش بەو بیانووەی پێویستی بە هۆڵەکەیە بۆ سەما کردن، بڕیاری داخستنی داو نوێنەرانی چینەکانیش گەڕانەوە ماڵەکانیان. ئیدی لەو کاتەوە بۆ ماوەی (١٧٥) ساڵ ئەو ئەنجومەنە کۆ نەبوەوە.(١٢٦)

لە لایەن لویسی سیازدەهەمەوە لەمانگی ئابی ساڵی ١٦٢٤ز "ڕیشیلۆ" کە لەو کاتەدا تەمەنی ٣٩ ساڵ بوو دەکرێتە سەرۆك وەزیرانی حکومەتەکەی.(١٢٧) لە ساڵی ١٦٢٦ز بەناوی پادشاوە بڕیارێکی دەرکردبوو، بە پێی ئەو بڕیارە چی قەڵا و قولەی سەخت و پتەو هەیە کە وڵات بۆ بەرکری کردن لە هێرشی دەرەکی پێویسی پێیان نیە، بە تایبەتی ئەوانەی ناوچە و هەرێمە دوورەکان، بڕوخێنن، لەمەشدا جوتیاران کە لە دەست ستەمی خانەدانەکان جەوریان چەشتبوو،

---

(١٢٦) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسا١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- لــــــ ١٥٨ .

(١٢٧) هەمان سەرچاوە-ل ١٦٦ .

**پێشوازییان له بڕیارەکه کرد.(١٢٨) بەم کاره هەرێمەکان سەربەخۆیی خۆیان له دەست دا.**

**ڕیشیلۆ کەوته دژایەتی پرۆتستانتەکان و کەوته هەوڵی گێڕانەوەی شار و ناوچه و هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتیان و لەو پێناوەشدا سوپایەکی زەبەلاحی وەڕێخست و لەگەڵ پاشادا گەمارۆی شاری ( لاروشیل ) یان دا و سەرەڕای پشتیوانی ئینگلتەرا له پرۆتستانتەکان، ڕیشیلۆ بەهۆی گەمارۆی درێژخایەنەوه سەرکەوتنی به دەست هێنا و له ساڵی ١٦٢٨ز چویه نێوی. قایم وەك ئامادە سازی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ناوەند، بۆ خۆحەشاردان له هێرش و پەلاماردانی ناوەند، دواتر و له بڕیار نامەی (لێبووردن) دا و له ساڵی ١٦٢٩ز دا ڕیشیلۆ دامەزراندن له سوپا و هێزی دەریایی و حکومەت دا له بەردەم هەموو کەسێك دا کردەوە، به بێ ئەوەی تەماشای عەقیدە و مەزهەبەکەیان بکات. سەبارەت به خانەدانانیش که لەلایەن دەوڵەتەوه وەك حاکمێك له ناوچه و هەرێمەکان دا دادەمەزرێنران، بەلاّم ئەوان کەوتنه یاخی گەری و دروست کردنی هێزی سەربازی تایبەت به خۆیان و بنیاتنانی قەلاّ و قوللەی دەمەش بۆ ئەوەی هەرکات ویستیان سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن. وه ژمارەیەکی زۆریش لەو خانەدانانه له نێو کۆشکی پاشایەتی دا بوونیان هەبوو، پیلانیان دژی ڕیشیلۆ دەگێڕا و له هەموو شوێنێك دا تەنگیان پێ هەڵ چنی بوو. سەردەستەی ئەو خانەدانانەش (دۆق ئۆف ئورلیان ) و (ماری دی مدیتشی ) شاژن بوو، ( ڕیشیلۆ ) بۆ له ناوبردنی خانەدانەکان و کۆتایی هێنان بەو فەوزایه، وه بۆ سەرکوت کردنی خانەدانەکانی کۆشك و ئەوانەش که له هەرێمه دوورەکانەوه وەك یاخی یەك له دەسەلاّت هەڵسو کەوتیان دەکرد، سیخوڕ و به کرێ گیراوێکی زۆری لەسەر تاپای فەرەنسادا بلاّو کردەوە، ئیشی ئەو سیخوڕ و به کرێ گیراوانه ئاشکرا کردنی نەخشه و پیلان و مەرامی خانەدانەکان بوو ( ڕیشیلۆ ) هیچ دوو دڵ نەبوو له کوشتنی سەرانی خانەدانەکان و دامرکانەوەی یاخی بوون و پەشێوی و ئاژاوەکانیان گەرچی ئەو کارانەی شوێنی مەترسی بوون، لەوانەیه لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە.(١٢٩)**

---

(١٢٨)هەمان سەرچاوە-ل ١٧٥ .

(١٢٩) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسی١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- لـــــــ١٧٤-١٧٥

ڕیشیلۆ ئەو بناغەیەی بۆ پاشایەتیەکی ستەمگەر پێویست بوو دامەزراند و دەسەلاٚتی دەرەبەگ و خانەدانەکانی لەناو برد و هێزی سیاسی پرۆتستانتەکانی کەم کردەوە، ئیدی سوپا بووە سایەی پاشا و خەزێنەی دەوڵەت بووە خەزێنەی پاشا.(١٣٠) هەروەها ڕیشیلۆ کەوتە هاندانی زانا و شاعیران و ئەکتەر و هەونەرمەندان و داوای لێکردن سەردانی فەرەنسابکەن، (ڕیشیلۆ ) بە هاوکاری پاشا ئەکادیمیای فەرەنسای دامەزراند، بە ( ٤٠ ئەندام )ـە پێشەنگەکەی کە ئەو ئەکادیمیایەیان دامەزراند دەوترێت ( ٤٠ نەمرەکە ).(١٣١) وە لە ٤ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٦٤٢ز و لە تەمەنی ٥٧ ساڵی کۆچی دوایی دەکات.(١٣٢) دواتریش لە زەمەنی پاشایەتی لویسی چواردەهەمدا (١٦٣٨-١٧١٥ز) لە دوایی کۆچی دوایی سەرەك وەزیرانەکەی ( مازارین ) بە تەواوی دەسەلاٚت دەگرێتە دەست، کە لەو کاتەدا تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو، وە بە هاتنی لویسی چواردەهەم خانەدانەکان ئەو دەسەلاٚتە کەم و سادەیەی کە مابوویان ئەویشیان لە دەست دا. خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەش لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانی ولاٚتدا، هیچ دەنگ و سەنگێکیان نەبوو، پاشاش بە پاساوی مافی خودایی بوویە حاکمی ڕەهای فەرەنسا. ( لویسی چواردەهەم ) لە یەکێك لە قسەکانی دا دەڵێت (من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منە ) پاشا بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی لە جێ بەجێ کردنی حوکمێکی ڕەهادا بێنێتەی دی، بۆ ئەوەی خۆی وەك پاشای تاك و تەنهای فەرەنسا پیشان بدات.(١٣٣) وە دەستی وەردایە کاروباری ئایینیەوە، هەوڵی دا پرۆتستانتەکان بهێنێتە سەر مەزهەبی کاسۆلیك. پاشا نەیدەویست لە مەملەکەتەکەیدا مەزهەبێکی دیکە جگە لە مەزهەبی کاسۆلیك هەبێت، داوای کرد لە پرۆتستانتەکان دەستبەرداری مەزهەبەکەیان بن، ئەوانیش داواکەیان ڕەتکردەوە، لە بەرابەریشدا پاشا بڕیارنامەی نانتی هەڵوەشاندەوە، ئیدی بە هەزاران هاولاٚتی پرۆتستانتی شارەزا و زیرەك و بەتوانا، بە هەزاران پرۆتستانتی خاوەن پیشە و خاوەن سەرمایە،

---

(١٣٠) هەمان سەرچاوە-ل١٧٩ .

(١٣١) هەمان سەرچاوە-ل١٨٠ .

(١٣٢) هەمان سەرچاوە-ل١٨١ .

(١٣٣ )سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسا١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- ل١٨٤

فەڕەنسایان بەجێ هێشت و لە وڵاتانی بیانی گیرسانەوە.(١٣٤)

بەپێی بڕیارنامەی ( فۆنتێنبیلۆ ) داوا لە پڕۆتستانتەکان کرا دەست بەردارای عەقیدەی خۆیان بن. هەروەك ڕێوڕەسم و سروتە ئاینیەکانیان و کردنەوەی قوتابخانەکانیان قەدەغە کرا. بڕیاردرا هەموو ئەو شوێنانەی کە شوێنی پەرستنی پڕۆتستانتەکان بوون، بڕوخێنرێن یاخود بکرێن بە کڵێسای کاسۆلیکی.(١٣٥) فەرماندرا بە پیاوانی ئایینی پڕۆتستانت لە ماوەی چواردە ڕۆژدا فەڕەنسا بە جێ بهێڵن. وە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار پڕۆتستانتی هەڵهاتن. گەوەر نوسەرانی وەك ( بۆسیە )، ( فنیلۆن )، ( لافۆنتێن ) و تەنانەت قەشە ( ئارنۆ ) ی جانسینی ستایشی ئەو ئازایەتی و جوامێریەی پاشایان کرد. هەروەها پاشا لە ساڵی ١٦٨٦ز فەرمانێکی شاهانەی بە لە سێدارەدانی هەر وەزیرێك دەرکرد کە پاڵپشتی ( چاکسازی ئایینی ) دەکات، واتا پاڵپشتی چاکسازی ئایینی پڕۆتستانتی دەکات.(١٣٦)

پاشا لەگەڵ پاپاش دا کەوتە ناکۆکی و ئەمەش لەسەر کێشەیەکی ئایینی سادە و ساکار، ئەو گرفتەش بریتی بوو لە کۆکردنەوەی پارەی ئەو باجانەی (لویسی چواردەهەم )لە پیاوانی ئایینی وەردەگرت، کاتێ وەك فەرمانبەرێکی ئایینی لە کڵێسەکاندا دادەمەزران، مشتومڕەکە تەنها لەسەر مافی کۆکردنەوەی ئەو باجانە نەبوو، بگرە ئەو مشتومڕە لایەنی دەستوریشی گرتەوە، بەوەی ئایا پاشا مافی ئەوەی هەیە دەست وەربداتە نێو کاروبارەکانی حکومەتی فەڕەنسا و کڵێسەکانی، بەم مشت و مڕە ناکۆکی نێوان کڵێسای کاسۆلیکی و حکومەتی فەڕەنسا سەری هەڵدایەوە. لەو سەردەمەدا بزۆتنەوەی جیاکردنەوەی کڵێساکانی فەڕەنسا لە پاپا، بزوتنەوەیەکی هێجگار بەهێز بوو. فەڕەنسیەکان دەیان ویست و پێیان باش بوو کڵێسایەکی سەربەخۆ لە چەشنی کڵێسای ئینگلیز دابمەزرێنن، بۆ ئەمەش کۆمەڵێك لە پیاوانی ئایینی پشتگیری ( لویسی چواردەهەم ) یان کرد،

---

(١٣٤) هەمان سەرچاوە-ل١٨٧ .

(١٣٥) هەمان سەرچاوە-ل٢٠٧ .

(١٣٦) هەمان سەرچاوە-ل٢٠٨-٢١٠ .

ساڵی ١٦٨٢ز ئەنجومەنی ئەکلیرۆسی فەڕەنسی بڕیارنامەیەکیان دەرکرد کە ئەسقوف ( بۆسییە ) گەلاڵەی کرد بوو، ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو بڕایر نامەیەیە :

*پاشا بۆ ڕایی کردنی کاروباری دنیایی، هیچ پەیوەندیەکی بە پاپا وە نیە .

*دەسەلاتی ئەنجومەنی ئەکلیرۆس لە دەسەلاتی پاپا بەرزترە .

*ئەو بڕایارانەی کە پاپا دەری دەکات و لەگەڵ تەقالیدی کڵێسای فەڕەنسی دا ناگونجێت، باتیلە .

*پێویسە ڕەزامەندی پیاوانی ئایینی فەڕەنسا لەسەر هەموو بڕیارەکانی پاپا وەربگیرێت . ئەم ڕاگەنراوە ناکۆکی نێوان (لویسی چواردەهەم ) و پاپا (ئەنۆسنیتی یازدەهەم ) توند کرد، بووە هۆی تێکچوونی نێوانیان.(١٣٧)

لە دوای ساڵی ١٦٩٢ز بەهۆی جەنگە زۆر و زەوەندەکانی ( لویسی چواردەهەم ) لەگەڵ ولاتانی دەرەوەدا، پاشای ناچار کرد لەگەڵ پاپا ئاشت ببێتەوە و خاڵەکانی ئەو بڕیار نامەی سەرەوەش هەڵبوەشێنێتەوە. ئەم هەنگاوەی لویس نەی توانی کۆتایی بە ناکۆکیە ئاینیەکان بهێنێت، ئەمەش بەهۆی سەرهەڵدانی مەزهەبێکی نوێ بە نێوی ( جانسینیەت ) لە لایەن پیاوێك بە نێوی ( کۆرنیلێس جانسین ) بڕوایان وابوو مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو ئیشانەی کە لە ئیرادەیەکی ئازادەوە دەیان کات دەتوانێت لە ژێر دەسەلاتی قەشە ڕزگاری بێت. هەروەها لە ڕووی ئابووریەوە داوای کەم کردنەوەی خەرجیەکانی کۆشك و حکومەتیان دەکرد، لەوانەش گرنگتر جانسینیەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد لە ئاییندا هیچ بنەمایەك بۆ پلە و پایەی ئایینی نیە و پاپا کەسێکی مەعسوم نیە، پاپا وەك هەر مرۆڤێکی دیکە لەوانەیە هەڵە بکات و بکەوێتە حاڵەتی هەڵچوونەوە و بڕیاری نا ڕاست دەربکات، پاپا لەبەر ئەوەی مرۆڤە و مرۆڤیش بەردەوام ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت هەڵە بکات و کاری نایاسایی ئەنجام بدات ، کەواتە ئەم حاڵەتە بۆ ( پاپا )ش ڕاستە و ئەگەری ڕوودانی هەیە،

---

(١٣٧) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسا١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- لـــــ ٢١١ .

ئا لەم تێڕوانینەوە خەڵکانی سەر بە چینی ناوەڕست پشتگیرییان لەم مەزهەبە تازەیە دەکرد، بەلاَم لە لایەن برایانی مەسیحیەوە دژایەتیان دەکرا و ڕووبەڕوویان بوونەوە. هەروەها پاپا و کاردینالّ و ئسقوفەکانی تورە کرد. چوون ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی پاپا و پیاوانی ئایندا نەبوو. هەر بۆیەش لە ساڵی ١٧١٣ز بە شێوەیەکی ڕەسمی پاپا مەزهەبی جانسینیەتی حەرام کرد و کۆمەڵێك ڕێو شوێنی گرتە بەر و ناچاری کردن دەستبەرداری زۆرێك لە بیر و باوەڕەکانیان بن. ئەمە ڕێگەی بۆ ( لویسی چواردەهەم ) خۆشکرد کە بزوتنەوەکەیان ( مەزهەبەکەیان ) لە ناو بەرێت.(١٣٨) دواتر لویسی چواردەهەم ولاَتی ڕووبەڕووی ڕەوشێکی نالەباری ئابووری و سیاسی و کۆمەلاَیەتی کردەوە، لە ئەنجامی ئەو خەرجیە زۆر و زەوەندانەی کە لە ئاهەنگە یەك لە دوای یەکەکانی ڤێرسایی و شەڕە بەردەوامەکانی لە دژی ولاَتانی دراوسێی وەك هۆڵەندا و ئیسپانیا و بنەماڵەی هاپسبۆرگ، خەزێنەی ولاَتلا ڕوبەڕوی ئیفلاسی کردەوە، وە لە ساڵی ١٧١٥ز بەهۆی نەخۆشیەوە دەمرێت.(١٣٩) وە هەر لەزەمەنی فەرمانڕەوایی لویسی چواردەهەم و لە سەدەی ١٦ دا ڕۆشنگەری سەر هەڵدەدات .

## سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری لە فەڕەنسا :

ڕۆشنگەری سەردەمێکی پڕ لە جموجوڵی فکری توند بوو، کە لە ساڵی ١٦٥٠ز وە بۆ ساڵی ١٧٨٩ز درێژەی کێشا. ئەمە زۆرتر هەڵچونێك بوو تا بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو، ئامانجە دیارەکەشی وەشانی ڕووناکی تێگەیشتن و دەرك کردن بوو بەسەر تاریکی نەزانی خۆخوازی و دەبەنگی مرۆیی، بەریتانیا لانك و شوێنگە و فەڕەنسا سەر زەوی گەشە و پەرەسەندنی ڕۆشنگەری بوو، کە سەرەنجام بۆ ولاَتەکانی تریش پەرەی سەند : لەوانە ئەمریکا کە لەوێ دا زیاد لە هەر شوێنێکی تر ئامانجەکانی بەدی هات. لەگەڵ ئەوەی لەم خەباتە مێژووییەدا زۆر کەس ڕۆڵیان هەبوو، بەلاَم ناودار ترین پیشەگەکانی هزرمەند، نوسەر، سیاسەتمەدار، بازرگان،

---

(١٣٨) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩-کۆمەڵێك نوسەر- لـــــ ٢١٢-٢١٣ .

(١٣٩) هەمان سەرچاوە-ل٢٢٧ .

ئەشراف، شۆڕشگێڕ و فەیلەسوفانی فەڕەنسی بوون. لە یەکەم ڕۆژەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری دا، فەیلەسوفان — لە جیاتی بەرگری لە باوەڕ، سۆز، وەفا، خورافە و گوێڕایەڵی دەسەلاّت — وەك باشترین ئامرازی چارەسەری کێشە ئازار دەرە کۆمەلاّیەتی، سیاسی و ئابووریەکان، بەرگرییان لە هزری عەقڵی مرۆیی و میتۆدی زانستی دەکرد.(١٤٠)

ڕۆشنگەری واتای ئازاد بوون بوو لەهزرو فکرە تاریکەکانی سەدەکانی ناوین، وە ڕزگاربوون لە پاپاو دەستەلاّتە ڕەهاکەی، هەروەها لە کلێساو پیاوانی، وە لە خورافاتەکانی ئاینی تەحریف کراوی مەسیحییەت و کیتابی پیرۆز(ئینجیل)، کە ئەگەر نەڵێین سەرجەمی دەق و تێکستەکانی، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەشی زۆری هەڵبەستراو و داڕێژراوی خودی قەشەکانی بوون و لەبەرژەوەندی خودی خۆیان خزاندبویانە نێو ئەو کتابەوە. سەرباری ئەوەی گوفتارەکانیان پێچەوانەی زانست و عەقڵ و واقیعی ژیانی مرۆڤی ئەوروپی بوو. ڕۆشنگەری واتای ڕزگار بوون بوو لە ستەمکاری پاشاکان و دەسەلاّتە ڕەهاکانیان و لە هەمان کات هەڵوەشاندنەوەی چینایەتی و مافە ناڕەواکانی چینی ئەرستۆکرات بوو. لەگەڵ بلاّو کردنەوەی یەکسانی و دادگەری و خۆش گوزەرانی، هەروەها دەستەبەر کردنی ئازادی ڕا دەربڕین و مافی هەڵبژاردنی بەرپرسەکان لەلایەن خودی تاکەکانی کۆمەڵگاوە، هاوکات یەکسان کردنی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا لەهەمبەر یاسا، وە کۆتایی پێهێنانی حوکمی ئاینی و وە لانانی یاسا ئاینی یەکان و ڕاگەیاندنی حوکمی دونیایی و پیرۆز کردنی دەستوری دانراوی عەلمانی بوو. هەروەك بە سەنتەر کردنی عەقڵی مرۆڤ بوو لە تەواوی ڕەهەندو بوارە جیاوازەکانی ژیان، و لێکۆڵینەوەو کنەکردنی هەر شتێك و وە بەر باس خستنی هەر بۆ چوون و بابەتێك بوو، لەگەڵ ئەنجام دانی تاقی کردنەوەی زانستی لەسەریان و پاش سەرکەوتنیان ئەو کات بڕیاری ئەزموون کردنیان دەدرا.

بیرۆکەی گومان گەرایی تەشەنەی پێدراو لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا پەرەی سەند، بەتایبەتی لە نێو چینی خوێندەواران و بیرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەو دەمانەدا، ئیدی لێرەشەوە گومان لە هەموو شتێك دەکرا، گومان لە خودا، گومان لە ئایین و پیاوانی،

---

(١٤٠) سەردەمی ڕۆشنگەری -جۆن ئێم. دان- چاپی یەکەم- ل ٩ .

وە لە خودی مرۆڤ، لە بوون و گەردوون، وە لەو نەزمە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی یەی کە لەو دەمانەدا گەلانی ئەورووپی ژیانی خۆیان لەسەر بونیات نابوو، هەروەها گومان لە هەر شتێکی دی کە پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەبووایە. لێرەشەوە ڕۆشنبیرانی زەمەنی ڕۆشنگەری تیری نەشتەری ڕەخنە ئاگرینەکانی خۆیان ئاڕاستەی تەواوی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگا ئەورووپییانە دەکەن. گەلی فەڕەنسیش لە پێشینەی ئەو گەلانە بوو کە وەبەر یەکەمین شەپۆلی ڕۆشنگەری کەوت. ئەمە بەهۆی هەڵکەوتنی ڕۆشنبیران و بیرمەند گەلێکی دیارو بوێرو کارا لە نێو ئەو گەلەداو کۆشش کردنی بێ پسانەوەیان لەو پێناوەدا.

لەوانیش فەیلەسوف ( پییەر بێل ) کە بەباوکی ڕۆشنگەری ناسراوە و لە گوندی کارلای نزیك (پییەر بەند ) ی فەڕەنسی لە دایك بووە. پییەر مامۆستای زانکۆ بوو، لە بواری ئەستێرە ناسی دا لێکۆڵینەوەی دەکرد، هەروەها گۆڤارێکی بەناوی (ماڵی کۆماری ئەدەبیات) دەرکرد، هەروەها بەرهەمێکی مەزنی بەناوی (فەرهەنگی مێژوویی و ڕەخنەگرانە ) پێشکەش کرد، دەستپێکی چالاکیەکانیشی بۆ سەرەتای ساڵی ١٦٨٠ز دەگەڕایەوە، هەروەها بێل کتێبی پیرۆزی دایە بەر ڕەخنەو هەرچەندیش لەلایەن کەنیسەوە مەحکوم کرا بەلاّم هەر لە چالاکیەکانی بەردەوام بوو.(١٤١) هەروەها( ڤۆڵتێر )، شانۆ نووس، چیرۆك نووس، ووتار نووس، مێژوو زان، خاوەن لێهاتوویەکی چەند لایەنە، یەکێك بوو لە تیژ ترین ڕەخنە گرانی سەردەمی خۆی. ڤۆڵتێر بەکەڵك وەرگرتن لە چەکی قسە کردن، دەستی دایە هێرشێکی بەهێزو بەردەوام دژی هەر کردەوەیەك، کەبە باوەڕی ئەو نمونە سەرەکیەکانی مۆڕاڵی مرۆیی، دەخستە ژێر پێوە. ئەو جارێك ڕایگەیاند: لەگەڵ هەڵسوکەوتی زاڵمانە سەبارەت بە بەندیەکان و گوێ نەدانی دەسەلاّت بە هەژارو بێ نەواکان، دژایەتی دەکات. بەتایبەتی بێزار بوو لەو فەزا چەق بەستووەی کە کەنیسەی کاسۆلیك و ئەشرافەکان سەپاندبوویان بەسەر کۆمەڵگادا. بەرهەمە ئەدەبیەکانی ڤۆڵتێر، بوون بەهۆی بەناوبانگ بوونی وەك سیمایەکی ئەدەبی بەلاّم شێوازی گاڵتە جاڕانە، تەوس لێدان و بەزۆری جنێو دەرانەی دوژمنی بۆ خۆی خولقاند. لەساڵی ١٧٥٨ز دا،

---

(١٤١) سەردەمی ڕۆشنگەری -جۆن ئیم. دان- چاپی یەکەم- ل ٤٠-٥٠ .

دەوڵەتی فەرەنسا ئەوەندە لە هێرشە بەردەوامەکانی ڤۆڵتێر بێزارو تووڕە بوو کە لە پاریس دووری خستەوە. بەڵام دوژمنەکانی نەیانتوانی بێدەنگی بکەن.(١٤٢)

هەروەها فەیلەسوفێکی وەك دیدرۆ دەیهەویست کە گەلاڵەی لێکۆڵینەوەکەی، ڕووناکی تێگەیشتن بەسەر هەموو ئەزموونە مرۆیەکاندا بلاٌوبکاتەوە. ئەو حەزی لێ بوو مانای گەلێك چەمکی وەك ماف، دەسەلاٌت، حکومەت، ئازادی، یەکسانی و کۆمەڵە باوەڕە فەلسەفیەکانی دیکەش، بخاتە بەر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن.دیدرۆ سەرەرای هەوڵی دوژمنەکانی، سەرکەوت و توانی پاش ماوەی کتێبەکانی بەنهێنی بلاٌو بکاتەوەو بیانگەیەنێتە دەستی هەزاران مرۆڤی هاوڕاو هاوبەش، کەپشتیوانی کردنیان، بلاٌوکردنەوەی ئەنسکلۆپیدیای فەراهەم کرد. وەکتێبەکەی لەدەرەوەی فەرەنساش پێشوازی لێ کرا. ئەو ئەنسکلۆ پیدیایەش، بە ڕوانینی دژەمەزهەبی و پێداگری لەسەر زانست، تەکنەلۆژی و فەلسەفە، زیاد لە هەر بەرهەمێکی لێکۆڵینەوەیی و بلاٌوکراوەی دی، یارمەتی شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی باسەکانی ڕۆشنگەری دەدات.(١٤٣)

یەکێکی دی لەبیرمەندانی زەمەنی ڕۆشنگەری ڕۆسۆیە کەلە سویسرا لەدایك بووەو لەساڵی ١٧٤٥ز کۆچی کرد بۆ پاریس و چووە ناو کۆبوونەوە کۆمەلاٌیەتیە باوەکانی ئەو سەردەمەوە کەتیایدا لەگەڵ زۆرێك لە فەیلەسوفە بەناوبانگەکان و ژنان و پیاوانی خاوەن بڕوانامەی بالاٌ لەچینە بالاٌدەستەکان ئاشنابوو، کە بۆ باسکردنی دوایین تیۆرەکانی ڕۆشنگەری، بەردەوامەوو بەرێك و پێکی کۆدەبوونەوە. بەلاٌم زوو تێگەیشت لەگەڵ زەوقی هاونشینە نوێیەکانی سەبارەت بە عەقڵ هاوڕانی یە. وە ڕۆسۆ لە وتارێکی دا بەناونیشانی (وتارێك دەربارەی سەرچاوەی نایەکسانی مرۆڤەکان) لەساڵی ١٧٤٥ز دا بلاٌو دەکاتەوەو دڵگرانی خۆی لەبارەی ڕژێمی کۆن دەربڕی، ئەو مووڵکایەتی تایبەتی بە خراپەیەکی مەزن دانا. بەپێی نوسینەکەی، حکومەت و یاساکان بۆ پشتیوانی لە کەسانێك بەدی هاتوون،

---

(١٤٢)سەردەمی ڕۆشنگەری -جۆن ئیم. دان- چاپی یەکەم- ل٤٠-٥٠ .

(١٤٣)هەمان سەرچاوە — ٤٠-٥٠ .

کەلەسەر حیسابی ئەوانی تر داراییان بەدەست هێناوە. هەروەها ڕۆسۆ لەسەرنج ڕاکێشترین بەرهەمی خۆیدا (پەیمانی کۆمەلآیەتی) کەلەساڵی ١٧٦٢ز دا بلآوکرایەوە، تیایدا دەڵێت: مرۆڤ بەئازادی دێتە دونیاوە بەلآم لەهەموو شوێنێکدا زنجیرکراوە. بەباوەڕی ئەو، ئەم زنجیرانە، ئەودامەزراوە کۆمەلآیەتیە ناسراوانە بوون، کەمرۆڤیان لە ئازادییە سروشتیەکانی مەحروم دەکرد. ڕێگەی شکاندنی ئەم چوارچێوانە، گەڕانەوە بوو بۆ پەیوەندییە سروشتی ترەکانی نێوان مرۆڤەکان، کەسەردەمانێك هەبوون و دواتر کۆمەڵگە بەلا ڕێیدا بردوون.(١٤٤)

لەهەمانکات فەیلەسوفێکی دی وەك مۆنتیسکۆ لەفەڕەنسا سەر هەڵدەدات و لەشاکارەکەیدا (ڕۆحی یاساکان) کەلەساڵی ١٧٤٨ز دا، بلآوکرایەوە، تیایدا داوای جیاکردنەوەی دەسەلآتەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری کردبوو، هەروەها دژی دیکتاتۆری بوو. وە بەشان و باهوی پەرلەمانی بریتانیشی دا زۆر هەڵدەگوت.(١٤٥)

بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری بایەخی لەڕادەبەدەریان بە عەقڵ دەدا و داوای گەڕانەوە بۆ سروشت و یاسا سروشتیەکانیان دەکرد هەروەك بانگەشەی پیڕۆکردنی یاسا سروشتیەکانیان دەکرد لەسەرجەمی بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا.

بۆ فەیلەسەفەکان هیچ شتێك لە چاکسازی مەزهەبی گرنگتر نەبوو. ئەوان کەنیسەیان بە ڕێگرێکی سەرەکی دادەنا لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلآیەتیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەفەیلەسوفە فەڕەنسیەکان سەبارەت بە هەموو مەزهەبەکان بە گومان بوون، بەلآم هێرشەکەیان بۆ سەر کەنیسەی کاسۆلیك لە فەڕەنسا. کە باشتر دەیان ناسی، چڕ تر دەکردەوە. (١٤٦)

---

(١٤٤) سەردەمی ڕۆشنگەری -جۆن ئێم. دان- چاپی یەکەم- ل٧٢-٧٥ .

(١٤٥) سەردەمی ڕۆشنگەری -جۆن ئێم. دان- چاپی یەکەم-ل٩٥-٩٦ .

(١٤٦)هەمان سەرچاوە-ل ٥٣ .

فەیلەسوفان دەیان ویست کۆتای بەو شێوازە ئایندارییە بهێنن کە لەوەدەمانەدا خەڵکی پەیڕەوی یان لێ دەکرد، هەروەك دەیان ویست ئەوسیستەمە کۆمەلایەتیەی کەلەسەر بنەماکانی کتێبی پیرۆز رەنگ ڕێژ کرابوو تێك ڕمێنن، ئەمە جگەلە گۆڕینی نەزمی سیاسی و ئابوری و کلتوری.

## کۆشش لەپێناو گۆڕینی سیستەمی سیاسی فەرەنسا :

بیرمەندانی فەرەنسی بە نیازی ئەنجامدانی گۆڕانکاری سەرلەبەری بوون لەنێو کۆمەڵگای فەرەنسی دا، واتە گۆڕینی دەسەڵاتی پاشایەتی و دوایی پێهێنانی سیستەمی دەرەبەگی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازو بەربژێرییەکانی چینی ئەرستۆکراتی، لەگەڵ گۆڕانکاری کردن لەئاینی مەسیحی و کۆتای هێنان بەدەسەلاتی کلێساو پیاوانی و گێڕانەوەی موڵك و ماڵەکانی بۆ گەلی فەرەنسی، هەروەها ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەی لەفکرو تێگەیشتنی مرۆڤی فەرەنسی و شێوازی ژیانی. ئیدی مەیلی گۆڕانخوازی و خواستی ڕزگار بوون لە ڕابردوو لەنێو گەلی فەرنسی دا بە خێرایی ڕووی لە پەرەگرتن دەکردوو بەتایبەتیش لەسەردەمی فەرمانڕەوای هەروو پاشا لویسی پازدەهەم و لویسی شازدەیەم دا. بەم شێوەیە بیروباوەڕەکانی ڕابردوو لەچەشنی پیرۆزی پاپاو کلێساو پیاوانی ئاینی، لەوانیش گرنگ تر کتێبی پیرۆز (ئینجیل) متمانەی خۆی لەدەستداو لەهەموو لایەکەوە درایە بەر ڕەخنە، خەڵکی دژی بەربژێرییەکانی پاشاو ئەرستۆکراتەکان و پاپاو پیاوانی ئاینی وەستا بوونەوەو داوای یەکسانی هەموان و سەروەری یاسایان دەکرد. بەسەرهەڵدانی ئەم چەشنە بیروبۆچونانەش چینی هەژارانی کۆمەڵگای فەرەنسی کەلەوەدەمانەدا زۆرینەی گەلیان پێك دەهێنا کەوتنە ململانێکی سەختەوە لەگەڵ هەردوو چینەکەی دی، کەخۆیان لەهەردوو چینی خانەدانان و پیاوانی ئاینی دا دەبینییەوە.

لەناوەڕست و کۆتاییەکانی حکومڕانی(لویسی چواردەیەم) دا فەرەنسا لە حاڵێکدا بوو شایەنی بەزەیی پێداهاتنەوە بوو، حاڵێك لەڕووی ئابورییەوە تا بڵێی لاواز بوو، دوژمنایەتی ناوخۆو دەرەکی بەرۆکی خەڵکەکەی گرتبوو، دانیشتوانە فەرەنسا لەژێرکاری گەری نەبوونی و برسێتی دا دەیان نالاند، وەلێ ئەونالاندنە لەنێو سرودەکانی سەرکەوتنی پاشا لەجەنگەکانیدا ون ببوو، برینەکانی فەرەنسا لەژێر سایەی ئەو تاجە گوڵینانەی سەرکەوتن کەپێشکەش بە(لویسی

چواردەیەم) دەکران شادرابونەوە. بەلاّم لەگەلّ مردنی پاشاو ژێرگلّنانی لەگەلّیشیدا سرودەکانی سەرکەوتن و تاجە گولّینەکانیش کۆتاییان پیّ هاتوو ئەوانیش خرانە ژێر گلّەوە.(١٤٧)

ئیدی حەقیقەتی فەڕنسای بریندارو هەژارو برسی لەسەر دەستی (لویسی پازدەیەم) دەرکەوت. فەڕنسا کەوتە بەردەستی خراپترین(وارس). (لویسی پازدەیەم) تەنها بیری لەخۆی و لەخانمانی دۆستی دەکردەوە، هەموو تەمەنی خۆی لە جێبەجێکردنی شەهوەتەکانی دا بەسەربرد، ئەم پاشا لیّ گەڕا خەنمە عەشیقەکانی بەپێی حەزو ئارەزووی خۆیان هەلّی سوڕێنن.(١٤٨)

سالّی ١٧٥٠ز وولاّت خۆی لەبارو دۆخێکی شلۆقدا بینییەوە، هەجوکردنی(لویسی پازدەیەم) بەربلاّوترین شێوازی ئەدەبی بوو، بەلاّم ڕەخنەکان زیاتر ئاراستەی ئەو ئافرەتە دەکرا کە پێش چەند سەعاتێك ببوە عەشیقەی پاشاو کاریگەریەکی قولّی بەسەر پاشاوە هەبوو. کەناوی (دیتیول) بوو، دواتر پێشکەشی کۆشکی پاشایەتی کرا. یەکێکی دی لەو خانمانەی کاریگەری لەسەر پاشا دانا بوو (مەدام پومپادۆر) بوو. ئەم خانمە لە جوانی و شوخ و شەنگی دا نێوبانگی دەرکرد بوو. وە زیرەکی و توانایەکی یەکجار باشی هەبوو لە جیبەجێکردنی کاروباری ئیداریدا، هەربۆیە ئەم خانمە هیچ ناڕەحەتیەکی نەدی لە کۆنترۆلّکردنی ئەم پاشا تەمەلّ و خاوخلیچکەدا. توانی بەئاسانی پاشا بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بەئارەزوی خۆی هەلّیسوڕێنێت.(١٤٩)

لەدوای مردنی پۆم پادۆر (لویسی پازدەیەم) لەگەلّ خانمێکی دیکەدا کەنێوی (مەدام دووباری) بوو دەستی تێکەلّ کرد. هاتنی ئەم ئافرەتە بۆ نێو کۆشکی پاشایەتی و بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی ئەوەی ببێت بە عەشیقەی پاشا، گەورەترین ئابڕوچونی حکومەتی پاشایەتی لیّ کەوتەوەو بووە هۆی ئەوەی هەم ناوی (لویسی پازدەیەم) و هەم سومعەی کۆشکی پاشایەتی بزڕیّ و لەکەدار بێت. نەیارەکان (مەدام دووباری) یان بە گەورەترین سۆزانی، ئافرەتێکی بیّ حەیاو حورمەت وەسف دەکرد، ئەم ئافرەتە بیّ ڕەحمانە ئەو دەسەلاّتەی ئیستیغلال کرد کەپاشا پێی بەخشی بوو،

---

(١٤٧) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ – کۆمەلّێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل ٢٣١ .

(١٤٨)سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ – کۆمەلّێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل ٢٣١ .

(١٤٩) هەمان سەرچاوە – ل ٢٤٠ .

ئەم عەشیقە تازەیە شەرعیەتی (لویسی پازدەیەم) ی هێنایە خوارو ڕوبەڕوی ناڕەزای زۆربەی کردەوە. ئەم خانمە هەروەك (پۆمپادۆر) پارەو سامانێکی زۆری گەلی فەرەنسی لە کڕینی جل و بەرگ و مجەوهەرات و خشڵ و زێڕو زیودا خەرج کرد، یارمەتی کەسوکارو خزمەکانی دەدا، مولکو نازناوێکیشی بۆ دایکی کڕی و مووچەی بۆ پوری و کوڕەکانی پوری بڕییەوە...هتد.(١٥٠) لەگەڵ عەشیقەکانی پاشا، ئەو جەنگە یەك لەدوای یەکانەی کەپاشا بۆ خۆی بەپای کردن، هێندەی دی باری ئابوری ولاّتیان بەرەو خراپی برد، لەوجەنگانەشی کە بەرپای کردن، جەنگی پۆڵەندە (١٧٣٣-١٧٣٨ز)، جەنگی میراتی ئیسپانیا (١٧٤٠-١٧٤٨ز)، جەنگی حەوت ساڵەی فەرەنسا لەگەڵ بریتانیا (١٧٥٦-١٧٦٣ز) وە ئەم جانگانە تێچویەکی زۆریان ویست و ئابوری ولاّتیان ئیفلاس کرد. لویسی پازدەیەمیش وولاّتی لە بارێکی ئابوری نابوتدا جێهێشت، لەپاش کۆچی لە ١٠ی ئایاری ساڵی ١٧٧٤ز، فەرمانڕەوایی لویسی شازدەیەم و کۆتا پاشای فەرەنسی یەکان دەست پێ دەکات.(١٥١)

لەسالی ١٧٧٤ز دا لویست ئوگوست وەك شا لویسی شازدەیەم گەیشتە بەختی پاشایەتی. ئەو یەکێك بوو لە ئەندامانی بنەماڵەی بوربوون و باوەری وابو و کە بەمیرات بردنی پاشایەتی، مافێکی خواییە بۆی. ئەم باوەڕە بەمافی خودایی پاشاکان ناو دەبرا، باوەڕێك کە زۆر لەخەڵکانی ئەورووپی و پاشاکانیان بڕوایان پیی بوو، بەپێی ئەم باوەڕە ، پاشاکان مافی فەرمانڕەوایی خۆیان نەك لە خواستی خەڵکەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ لە خواوە وەردەگرت. لەو شوێنەوە کە خوا پاشای هەڵدەبژارد، پادشا دەبوو تەنیا وەڵامی خودا بداتەوە، نەك وەڵامی خەڵك. باوەڕێك کە بوە هۆی خراپ کەڵك لێوەرگرتنێکی زۆر.(١٥٢) لەحاڵێکدا کەلویسی شازدەیەم لە دەسپێکی پاشایەتییەکەیدا جێی پەسەندی زۆرێك لە فەڕەنسیەکان بوو، بەڵام شاژن ماری ئەنتوانێت، لەلایەن خەڵکەوە نەفرەتی لێدەکرا. کاتێك کە ئەو دووە پیکەوە زەماوەندیان کرد،

---

(١٥٠) هەمان سەرچاوە – ل ٢٤٧ .

(١٥١) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ – کۆمەڵێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل ٢٥٥ .

(١٥٢) شۆڕشی فەڕەنسا-فیلیس کۆرزین-ل١٣ .

**لویس شانزە سالْی بوو، ماری کچی ماریا تیریزا شاژنی بەهێزی نەمسا بوو. لەو شوێنەوە کە نەمسا دوژمنی نەریتی فەرەنسا بوو، ماری ئەنتوانێت بەزۆری بەدەنگێکی بێ نرخەوە بە(شاژنی نەمساوی) بانگدەکرا. ماری ئەنتوانێت هۆشمەند، سەر زیندوو و جوان بوو، ڕوالەتێکی سەرنج ڕاکێشی هەبوو، لەگەلْ چاوی شین و پرچی بۆر. ئەو ژنێکی پڕلە ووزەش بوو، دەیگوت: (من پێویستم بە جولْان هەیە، من پێویستیم بە گۆڕینی بەردەوامە).(١٥٣) لویس لەگەلْ پاشایەتییەکەیدا، کیشەگەلێکی گەورەشی بەمیرات بردبوو. لویسی پانزەیەم قەرزێکی زۆر و وەزیرگەلێکی گەندەلْ و میللەتێکی خوازیاری چاکسازی بەجی هیشتبوون. لویسی شانزەیەم، کە ئارەزویەکی لەوە گەرەتری نەبوو کە خەلْك خۆشیان بوێ، ئامادەبوو تا دەست بداتە چاکسازی گەلێکی گرنگ. ئەو کەسانێکی ڕاستگۆتر و شایستەتری کردنە جێنشینی وەزیرەکانی باوکی یەکێك لەم کەسانە وەزیری نوێی دارایی بوو، پیاوێك بەناوی ئان-ڕوبر تورگۆ کە هاوڕێی ڤۆلْتێری فەیلەسووف بوو. هزرمەندە ئازادی خوازەکان لە دیاریکردنی تورگۆ خۆشحالْ بوون و لویسیش لە ڕەزایەتی خەلْك خۆشحالْ بوو.(١٥٤)**

**کارێکی دیکە کە لویس ئەنجامیدا دامەزاندنەوەی پارلەمان-دادگای مافی پاریس-بوو. کە لویسی پانزەیەم ئەندامەکانی دوور خستبوونەوە. دیاریکردنەوەی وەزیرەکان و دامەزراندنەوەی پارلەمان وەك دەستپێکی سەردەمێکی نوێ، دەکەوتە بەرچاو. خەلْك بە ئومێدی چاکسازی ڕەسەن دەستیانکرد بە خۆشی وشادی. بەو جۆرەی کە ژان لو ڕون داللامبێر، بیرکاریزان و فەیلەسوف، ڕایگەیاند:(تەواوی میللەت پێکەوە هاواریان دەکرد، ڕۆژێکی باشتر لە چاوەڕوانیماندایە)، بەلْام ئەم ئومێدانە زۆریان نەخایاند. یەکێك لە کارە یەکەمینەکانی لویس، ڕەواندنەوەی قەیرانی دارایی بوو، کە بۆ ئەم مەبەستە حسابی لەسەر تورگۆی وەزیری نوێی دارایی، دەکرد. تورگۆ جێی سەرنجی چینی ناوەندی ڕووناکبیر و ئازادی خواز بوو، بەلْام دەرکەوت کە لە دەرباردا وەزیریکی پەسەند و جێی سەرنج نییە،**

---

(١٥٣) شۆڕشی فەرەنسا-فیلیس کۆرزین-ل١٧ .

(١٥٤) شۆڕشی فەرەنسا-فیلیس کۆرزین-ل٣٤ .

چاكسازييه پێشنياركراوەكانی- هەڵگرتنی ڕيگری لەسەر ڕێگەی بازرگانی و پيشەسازی و دانانی ماڵيات لەسەر داهاتی ئەشراف و كەنيسه و دووباره بڵاوكردنەوەی دانەوێڵەی زياد. توڕەيی ئەشراف و ڕۆحانی و جووتيارەكانی وەك يەك وروژاند و سەرەنجام بووه هۆی ئەوەی كه پاشا لەسەر كاری لاببات.(١٥٥) لێرەوه پياوانی بانكی پاريس قەناعەت به پاشا دەكەن (نيكەر ) بكاته وەزيری دارايی (لويسی شازدەيەم ) له ٢٢ ی تشرينی ساڵی ١٧٧٦ ز له ڕێگای تەزكيەی (ماوری پاس) ەوه (نيكەر)ی وەك بەڕێوەبەری خەزێنەی پاشايەتی دادەمەزرێنرێت.(١٥٦)

ئەم وەزيرەش هەستا به ئەنجام دانی چاكسازی له ڕێگای كەم كردنەوەی خەرجيەكانی كۆشك و لابردنی ٥٠٠ وەزيفەی تەشريفاتی. هەروەها نيكەر له ساڵی ١٧٨١ز پەيڕەوی له پلانێكی تازه كرد كه پێشتر ولاَت لەسەری ڕانەهاتبوو، ئەويش بريتی بوو له بلاَو كردنەوەی حساباتی دەوڵەت بۆ جەماوەر، گەرچی ڕاپۆرتەكه هەڵبەستراو بوو، زۆر شتی له بابەت بودجەو خەرجی جەنگەكانی باس نەكردبوو، لێ ڕاپۆرتەكه خەرجی كۆشك و مووچه قەبەو زلەكانی ئاشكرا كرد كه دەدرانه لايەنگران و ئەندامانی دارو دەستەی كۆشك. ئەمەش لايەنی باشی ڕاپۆرتەكه بوو كه ڕێگای خۆشكرد بۆ كۆبوونەوەی ئەنجومەنی چينەكان.(١٥٧)

وا چاوەڕوان دەكرا بەهۆی پلانەكەی (نيكەر) قەيرانی دارايی فەڕەنسا بڕابێتەوه، بەلاَم بەشداری فەڕەنسا له جەنگی سەربەخۆيی ئەمەريكا، فەڕەنسای خسته ژێر باری كۆمەڵێ قەرزی تازەوەو گوزەرانی ميللەتيش دژوارتر بوو، پلانەكەی (نيكەر)يش شكستی هێنا. لێرەشەوه (ماری ئەنتوانێت) بەئاشكرا له مەيدانی سياسەت و حوكم كردندا دەركەوت، وه شاژن بۆ خۆی فەرمانی له پاشا وەردەگرێت و (كالۆن) له ساڵی ١٧٨٣ز دا دەكاته چاودێری دارايی. ئەم وەزيرەش پەنای برده بەر قەرز كردن له ڕێگای يانسيب،

---

(١٥٥)شۆڕشی فەڕەنسا-فيليس كۆرزين-ل٣٤-ل٣٥ .

(١٥٦) سەدەكانی ناوەڕاست دادگاكانی پشكنين شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ – كۆمەڵێك نوسەر – چاپی يەكەم -ل ٢٨٦ .

(١٥٧) هەمان سەرچاوه–ل٢٨٥ .

**وە پەنا بردن بۆ پیاوانی ئایینی و بانکەکان سەرەڕای ئەوانە (کالۆن) خەمی یەکەمی ڕازی کردنی شاژن و بەدی هێنانی داواکاریەکانی کۆشك بوو. هەروەها پرسیاری لەو خەرجیە زۆرەی براکەی شاژن نەکرد، وە خەرجیەکانی خودی پاشاش زیادی کردو خەرجیەکانی ماڵەوەشی لە چوار ملیۆن و شەش سەد هەزار جونەیهی ١٧٧٥ زیاد کرد بۆ شەش ملیۆن و سێ سەد هەزار جونەیھ لە ساڵی ١٧٨٧، بە زیاد کردنی قەرزەکان سووی قەرزەکان زیادی کرد، هەروەك ژمارەی ئاهەنگ و خۆ ڕازاندنەوەکانی بە ڕادەیەك زیادی کرد خەڵکی تووشی شۆك و سەرسوڕمان کرد. خەڵکی وا تێگەیشتن (کالۆن) لە سیاسی دارایی دا لە (تورگۆ) باشترەو لە (نیکەر)یش سەرکەوتوو ترە. بەڵام دواتر لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام دراو دەرکەوت (کالۆن) قەرزێکی زۆری کردووەو عەجزی ساڵانەشی بە ڕادەیەکی هێجگار زۆر زیادی کردووە، جگە لەوەش (لاڤایت) بەوە تۆمەت باری کرد کەوا هەندێ لە زەوی و زاری پاشایەتی بەبێ ئاگاداری پاشا فرۆشتووە، ئیدی پاش ساغ بوونەوەی تۆمەتەکان لەسەری (کالۆن) دەرکی بەوە کرد کە پاشا لێی ناڕازیەو پارلەمانی پارسیش بەدوایەوەن تاکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن، لە ساڵی ١٧٨٧ ز بە نهێنی بەرەو ئینگلتەرا هەڵدێت.(١٥٨) لە دوای ئەویش لەسەر داوای شاژن، پاشا کارو باری دارایی ڕادەستی (دی بریین) دەکات کە سەرۆکی ئوسقوفەکانی شاری تۆلۆس بوو. بەڵام ئەویش هیچی بۆنەکرا لەگەڵ ئەو قەیرانە داراییەدا.(١٥٩)**

**گەڕانەوەی نیکەر ١٧٨٨-١٧٨٩ز :**

**نوێنەرانی ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی لەخۆگری هەرسێ چین، واتا ئایینیەکان، ئەشرافەکان، و خەڵکانی تر، بوون. ئەم دامەزاوەیە بۆ ماوەی ١٧٥ساڵ، واتە لە ساڵی (١٦١٤)ە وە، لەسەردەمی پاشایەتی لویسی سێزدەهەمەوە کۆبوونەوەی نەکردبوو، ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی دامەزاراوەیەکی کۆن بوو کەلە پێش پەیدابوونی پاشایەتی ڕەهاوە دامەزرا بوو. ئەم دامەزراوەیە لەشێوەی یەکەمینیدا لەگەڵ پاشادا ڕاوێژی کردو دەنگیدا بە دانانی ماڵیاتەکان.**

---

**(١٥٨) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩– کۆمەڵێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل ٢٨٧-٢٩٠ .**

**(١٥٩) هەمان سەرچاوە – ل٢٩١-٢٩٢ .**

لەگەڵ زۆر بوونی دەسەڵاتی پاشایەتی، پاشاکانی فەڕەنسا ئیتر کەمتر پێویستیان بە ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی هەبوو و تەنیا لەکاتی قەیرانی داراییدا بانگهێشتیان دەکردن. تاپشتیوانی لە خواستی شا بکات بۆ وەرگرتنی ماڵیات. لویسی شازدەیەم دەیزانی کە بە بانگهێشتکردنی ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی ئەوە پەسەند دەکات کە دەسەڵاتەکەی ڕەهانییە. سەرەڕای ئەوەش دەیزانی کە دوژمنەکانی لە نەجیزادەکان دەتوانن سوود لە ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی وەربگرن بۆ بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵاتی پاشا و زیادکردنی دەسەڵاتێکی زۆرتر بۆ خۆیان. لەم ڕووەوە ئارەزووی نەبوو کە بە بانگهێشت کردنی ئەم ئەنجوومەنە، خۆی بدا بەدەست خواستی پەرلەمانەکانەوە. لەجیاتی ئەوە بڕیاریدا. کە پەنا بۆ (هێز) بەرێت. لە مانگی (مایسی١٧٧٨)دا، تەواوی پارلەمانەکانی هەڵوەشاندەوە و ئەندامە بەرجەستەکانی پەرلەمانی پاریسیشی گرت. نارەزایەتیگەلی توند لە سەرانسەری وڵاتدا سەریان هەڵدا. ئەشرافەکان بوونە خاوەنی پشتیوانی مافناس و دادوەر و فەرمانبەرە حکوومەتییەکان و ئەندامەکانی (چینی سێیەم)، بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی ڕەهای پادشا.(١٦٠) یەکیەتی نێوان ئەشرافەکان و (چینی سێیەم) سەرەنجام پاشای شکسپێدا. ( بریین ) ناچار بەدەست لەکار کێشانەوە کراو پاشا (نیکەری) گەڕاندەوە. گەڵاڵەی چاکسازییەکانی هەڵوەشاندەوە و پارلەمانی بنیاتنایەوە. گرنگتر لەوە پەسەندی کرد کە ئەنجوومەنی گشتی چینایەتی لە مانگی (مایسی ١٧٨٩)دا کۆبونەوە بگرێت.(١٦١) ئەشرافەکان هەستیان دەکرد گەیشتون بە ئامانجەکانی خۆیان و دەسەڵاتی پاشا بەرتەسك کراوەتەوە، بەڵام نەیاندەزانی کە هێزگەلێکیان لەبەندی ئازادکردووە کە کۆمەڵگای فەڕەنسی بۆ هەمیشە دەگۆڕن لە ئایندەدا، بەوشێوەیەی کە ئالبرسوو دەنوسێ: لەکۆتایی ئەیلوولی ١٧٨٨دا، ئەشرافەکان سەرکەوتن، بەڵام ئەگەر شۆڕشی ئەشرافەکان چالاکییەکانی پاشایان بەرتەسك کردبووەوە، هاوکات پاشایەتیشیان وەها هێنابووە لەرزە کە ڕێگایان بۆ شۆڕشێك کردەوە کە ئاڵوگۆڕ گەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەریکبوون (چینی سێیەم) یان بۆ ئامادە دکرد. ئێستا ئیدی نۆرەی ئەم چینە بوو،

---

(١٦٠)شۆڕشی فرەنسا-فیلیس کۆرزین-ل٣٧-ل٣٨ .

(١٦١)هەمان سەر چاوە-ل٣٨ .

**که بێنه ناو گۆڕەپانەوە و شۆڕشی ڕاستەقینە دەست پێبکات.**(١٦٢)

**لە پاییزی ١٧٨٨-١٧٨٩ هەڵبژاردن لەسەر تاپای مەملەکەتی فەڕەنسا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی چینەکان ئەنجام درا. چین و توێژەکانی میللەت بە گرتنە بەری ئەم ڕێو شوێنە خۆشحاڵ بوون، هیوادار بوون لەو ڕێگەیەوەو بەهۆی ئەو ئەنجومەنە تازەوە (نان) یان دەست بکەوێت. چینی بۆرجوازیەتیش بەم هەنگاوە ڕازی بوو بەو هیوایەی هەندێ لە ئازادی و دیموکراسی بە دەست بێنن. وە ئەنجومەنە تازەکە لە ٢٠٠ ئەندام پێك هاتبوو، نیوەی ئەندامەکانی سەر بە چینی سێیەم بوون، نیوەکەی دی کەیان بە یەکسانی سەر بە هەردوو چینی خانەدانان و پیاوانی ئایینی بوون.**( ١٦٣)

## بارودۆخی فەڕەنسا پێش بەرپا بوونی شۆڕش :

**بەر لە شۆڕش کۆمەڵگای فەڕەنسی بەسەر سێ چیندا دابەش ببوو، کە ئەویش چینی خانەدانان و چینی پیاوانی ئایینی و سێیەمیشیان چینی زۆربەی گەل واتە چینی سێیەم بوون.**

**چینی خانەدانان گەرچی ڕێژەیەکی زۆر کەمی دانیشتوانی فەڕەنسا بوون کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵات و هەرەمی کۆمەڵایەتی دا بوون. ژمارەی ئەم چینە ١,٥٪ی دانیشتوانی ئەو سەردەمەی فەڕەنسایان پێك دەهێنا. ئەم خانەدانانە ژمارەیەکیان لە کۆشکی فێرسایدا کاریان دەکرد و مووچەو بەخشش و دیاری یەکی زۆریان لە پاشا وەردەگرت، ژیانێکی پڕ کەیف و سەفایان هەبوو. ئەمانە خاوەنی پلەو پایەکانی سوپا بوون، ئەمە جگە لە زەویو زاری فراوان، ئەو زەویانەشیان بەزۆر لەخاوەنی ئەسڵیان زەوت کردبوو، وە خاوەنی زەویەکەو خاوخێزانیشیان کردبووە کۆیلەی خۆیان ئیشیان پێ دەکردن، دەبوایە بەروبوومەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو خانەدانانەدا دابەش بکردایە،**

---

(١٦٢) هەمان سەر چاوە-ل٣٩ .

(١٦٣) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ – کۆمەڵێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل٢٩٣-٢٩٤ .

ئەمە جگەلە کاری سوغرەو بێ بەرامبەر کە خانەدانان پێیان دەکردن و دەغڵ و دان و سەوزەو میوەیان پێ دەرنینەوە.(١٦٤) چینی دووەم کەخۆیان لە چینی پیاوانی ئاینی دا دەبینیەوە کۆمەڵێك ئیمتیازی سیاسی و ئابوری یان هەبوو، بەهۆی ئەوەشەوە ببونە خاوەنی دەسەلآت و نفوزێکی گەورە. لەفەڕنسای ئەو سەردەمەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر کلێساو دێر یەسەر تاپای مەملەکەتی فەڕەنسادا بلاّو ببوەوە، ئەوکلێساو دێرانە خاوەنی زەوی و زارێکی کشتوکاڵی پان و فراوان بوون. بەهەزاران جوتیار لەبارودۆخێکی ناهەموارو سەختدا ئیشیان تێدا دەکرد، جگەلەوە کلێسا سەرچاوەیەکی گەورەی دارایی هەبوو ئەویش بریتی بوو لە وەرگرتنی (باجی دەیەك — چریبە العشور) کەسالآنە لە فەڕەنسی یەکانی وەردەگرت، ئەمە جگەلە چەندین سەرچاوەی دارایی دی. وەلە سەروبەندی بەرپابونی شۆڕشی فەڕەنسی، ٢٠هەزار ڕاهیب و ٢٥ هەزار ڕاهیبەو ٥٠ هەزار قەشە هەبوون، وەژمارەی دێری پیاوەکان ٧٤٠ دێر بووەو دێری ژنەکان ٢٥٣ دێر بوون. (١٦٥)

## چینی زۆربەی گەل یاخوت چینی سێیەم:

بەپێی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی ژمارەی دانیشتوانی ئەوکاتی فەڕەنسا لەنێوان ٢٥-٢٦ ملیۆن کەس بووەو بەشی زۆریان لادێ نشین بوون و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ چینی سێیەمدا یەکی دەگرتەوە. چینی سێیەم چی قورسای و بەرگرانی دەوڵەت هەبوو، هەمووی لەسەر شانی ئەوان بوو، لەوانە دانی باج و پێشکەش کردنی سەرباز بۆ جەنگە زۆرەکانی وولآت، خزمەت کردنی کۆشك و خانەدان و پیاوانی ئاینی، ئیش کردنی زۆرەملێ لەزەوی و زاری خانەدانەکاندا، لەبەرامبەریشدا تەنها کەمەکێکی زۆر کەم مافیان هەبوو.(١٦٦) دەستەیەك لەڕۆڵەکانی چینی سێیەم کەپێیان دەوترا (بۆرجوازی)، دەوڵەمەندببوون و بارودۆخێکی دارایی زۆر باشیان هەبوو،

---

(١٦٤) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ — کۆمەڵێك نوسەر — چاپی یەکەم — ل٣٠٧-٣٠٨ .

(١٦٥) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩ — کۆمەڵێك نوسەر — چاپی یەکەم — ل٣١٠-٣١١ .

(١٦٦) هەمان سەرچاوە — ل٣١٥-٣١٦ .

ئەمە وای کرد ئەودەستەیە پێگەیەکی تایبەت و ڕۆلێکی سەرەکیان لەبەڕێوەبردنی کاروبارە ئابورییەکان وولاّتدا هەبێت .(١٦٧)

لەوسەردەمەدا بەشێك لەجوتیارەکان توانیان وورده وردە خۆیان لەدەست دەسەلاّتی سەردارەکانیان ڕزگار بکەن و ببنە خاوەنی زەوی، یاخود خەریکی بازرگانی و پیشەسازی بن، هەروەها توێژێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوار لەبوارەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و یاساو فەلسەفە سەریان هەلّدا. ئەو توێژە ڕۆشنبیرە بۆ وەرگرتنی پلەو پایە گەورەکانی دەولّەت کەوتنە ململانێ لەگەلّ کرۆکالّی خانەدانانداندا.(١٦٨) وە بۆرجوازیەتی فەرەنسا لەکاتی پەرپابوون و شۆڕشدا، توانی سەرکردایەتی سەرجەم ئەو پێکهاتە جیاوازانەی ناو چینی سێیەم بکات، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە هەندێ توێژەر شۆڕشی فەرەنسی بەشۆڕشێکی بۆرجوازی لەقەلّەم دەدەن .(١٦٩) بەم چەشنە چینی سێیەم بوونە خاوەنی کەسانێکی بوێر و لێهاتوو بەشێوەیەك کەبتوانن نوێنەرایەتی ئەو چینە بەرفراوانەی گەلی فەرەنسی بکات، وە داکۆکی لە مافەکانیان بکات. لەهەمان کات دژی ستەمکاری پاشاو چینی خانەدانان و پیاوانی ئاینیش بوەستێتەوە .

بارودۆخی فەرنسا پێش بەرپابوونی شۆڕش، بەشێوەیەك ڕوی لەخراپی کردبوو کەچارەسەری ئاسان نەبوو. خەرجی لە ڕادەبەدەری کۆشك و ئیمتیازەکانی چینی خانەدانان و پیاوانی ئاینی، بلاّو بوونەوەی پەشێوی و بەرزبونەوەی نرخی نان و دەست نەکەوتنی خۆراك، سەرهەلّدانی وشکەسالّی، بلاّوبونەوەی بەتالّی بێکاری و سەرهەلّدانی ڕاو ڕووت، خالّی بوونەوە خەزێنەی دەولّەت، کەلّەکەبوونی قەرزێکی زۆر لەسەر فەرەنسا، هەموو ئەمانە مەترسیەکی گەورە بوون، وەهەرەشەکە سامناك بوون بۆ سە ژیان و گوزەرانی خەلّکی و هەموو کەسێك هەستی پێ دەکرد. لێرەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە تاقە ڕێگا کۆبونەوەی ئەنجومەنی چینەکان بوو،

---

(١٦٧) هەمان سەرچاوە -ل٣١٦-٣١٧ .

(١٦٨) هەمان سەرچاوە- ل٣١٧ .

(١٦٩) هەمان سەرچاوە- ل٣١٧-٣١٨ .

بەوهیوایەی ئەو ئەنجومەنە کەلە نوێنەرانی هەرسێ چینەکەی فەرەنسا پێك هاتبوو، بتوانن چارەسەری دروست و گونجاو بۆ سەرجەم کێشەو قەیرانەکان بدۆزنەوە .(١٧٠)

لە پێنجی مایسی ساڵی ١٧٨٩ز. دا نوێنەران کۆبونەوەی خۆیان بەست، نوێنەرانی چینی سێیەمیش سەرەڕای فرمان و ڕێگریەکانی پاشا کۆبونەوەکەیان کەوتنە بانگکردنی یەك لەدوا یەکی خانەدانان و پیاوانی ئایینی و داوایان لێکردن تا پەیوەستی نوێنەرانی گەل بن و لەگەڵیان دا بەدوای بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلدا بگەڕێن. هەندێ لە ئازادیخوازە خانەدانەکان و پیاوانی ئایینی چوون بەدەم بانگەوازی چینی سێیەمەوە، بەڵام زۆرینەیان ئامادە نەبوون، کاتێك دەروونی نوێنەرانی چینی سێیەم بەرتەسك بوویەوەو خۆڕاگریان نەما، ناوی خۆیان نا (کۆمەڵەی جەماوەر) بەو بەڵگەیەی کە ئەوان نوێنەری ٩٦٪گەلن، بۆیە دەتوانن نوێنەری چینەکانی دی چشتگوێ بخەن، بەو جۆرە ئەنجومەنی پێشووی چینەکان بوو بە یەکەم (کۆمەڵەی نوێنەران)ی نوێ کە لە کیشوەری ئەورووپیدا دەرکەوت. پیاوانی کۆشکیش ئەم ڕووداوەیان قۆستەوە و پاشایان گەرم کرد تاشوێنی کۆبوونەوەی چینی جەماوەر دابخات بەبیانووی ئامادەکرنی بۆ دانیشتنی داهاتوو، بەڵام ئەندامانی کۆمەڵەکە چوونە ناو یاریگای تێنیەوە و سوێندیان خوارد هەر بارێك بێتە بێشەوە کۆبونەوەکەیان بکەن تا دەستورێك بۆ وڵات دابنرێت.(١٧١)

پاش سێ ڕۆژ پاشا کۆبونوەیەکی بەست کە چینی سێیەم تیایدا ئامادە بوون، خۆی سەرکردایەتی دەکرد، ڕێبازێکی دوور و درێژی چاکسازی خستەڕوو بۆیان دواتر فرمانی کردبڵاوەی لێ بکەن و هەموو پێکەوە دواتر پێکەوە کۆببنەوە، قەشەکان و بەشێکی زۆری خانەدانەکان و هەندێ لە پیاوانی بچوکی ئایینی بەگوێیان کرد، بەڵام ئەوانی دیکە لە شوێنی خۆیاندا مانەوە و نەیاندەزانی چی بکەن. کاتێکیش نوێنەری پاشا هات بۆ لایان تا هەواڵی پێویستی بڵاوە لێکردنیان پێ بدات،

---

(١٧٠) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩– کۆمەڵێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل٣٥٣ .

(١٧١)پوختەی مێژووی ئەورووپا لەکۆنەوە تا ئەمرۆ-پرۆفیسۆر حقری برۆنن-ل٤٠٨-٤٠٩ .

میرابۆ هەستا و هاواری کرد ( ئێمە لێرەدا بەویستی گەل کۆبوینەتەوەو مەگەر بەنوکی ڕمەکان ئەم شوێنە چۆڵ بکەین ) پاشای لاوازیش یەکسەر خۆی بەدەستەوەدا و پاش چەند ڕۆژێکی کەم فرمانی کرد بە نوێنەرانی دوو چینی باڵا کە نەچوو بوون لەگەڵ چینی سێیەمدا، تا پەیوەستی ئەو چینە بن، ئیدی کۆمەڵەی جەماوەری کەوتنە دانانی دەستوور و زیندووکردنەوەی باری پشێوی فەرەنسا بە بارێکی دروست و هەرچی هێزو چالاکییان هەبوو بەخەرجیان دەدا، بەڵام ڕوداوەکانی پاریس و هەڵگەڕانەوەی ڕەوشەکە بوونە بەربەستی ڕێی، چونکە پاشا پاسەوانە تایبەتبەتەکانی خۆی کۆکردەوە لەسەربازە سویسری و ئەڵمانیەکان بەپێی چەند ڕێنماییەك کە ئاڕاستەی دەکرا، تا ئەگەر پێویستی کردو ویستی نوێنەرەکانی ئەویێ دەربکات بۆ ماڵەکانیان، بتوانێت بەسەر هەر تێکچوون و لادانێکی ئەوێدا زاڵ بێت.(١٧٢)

## تێکچونی ڕەشی فەڕنساو بەرپابوونی شۆڕش:

لەپاش ئاگاداربوونەوەی نوینەرانی گەل لە پلان و مەرامەکانی پاشا، وە تەشەنەسەندنی ئەم هەواڵانە بەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی گەلی فەڕەنسی دا، ئیدی بارودۆخی فەڕنسا ڕوو لە ئاڵۆزی دەکات، هەموان بی هیوادەبن لە پاشا، لیرەوە سەرەتای شۆڕشی فەڕەنسی دەستپێدەکات. لەسەرەتای مانگی ئۆگستیدا هەواڵی هەڵگیرسانی پشێوی لە بەشەکانی وڵات گەیشت بە کۆمەڵەی جەماوەری، چونکە جوتیاران لە زۆربەی گوندو لادێکاندا هێرشیان بردە سەر ماڵی خانەدانان تاچی تۆماری سەلماندنی تایبەتمەندی خانەدانان بەسەر جەماوەریان تێدایە، لەنێویان ببەن، ئەم کارانە پیاوانی کۆمەڵکەی بێدارکردەوە تایەکەمین چاکسازییە گرنگەکانیان ئەنجام بدەن، ئەویش سڕنەوەی دەرەبەگایەتی و تایبەتمەندییەکانی خانەدانەکان بوو لە کۆبونەوەی کەلە شەوی چواری ئۆگستسی ئەو ساڵەدا بەسترا، خانەدانەکان دەستبەرداری مافە تایبەتیەکانی خۆیان بوون، ئەمە لە نێوەندی گوڕو تینی کوڕو کاڵی جەماوەردا، هەروەها کۆیلایەتی هەڵوەشێنرایەوە، هەموو شوێنەوارەکانی سیستمی دەرەبەگایەتی لەناو بران،

---

(١٧٢) پوختەی مێژووی ئەورووپا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ-پرۆفیسۆر حقری برۆنن-ل٤٠٩ .

تەنانەت مافی ڕاوکردن و بەخێوکردنی کۆتر لە خانەدانەکان سەندرایەوە و دەرفەت بە جوتیار درا باڵندەی دی ڕاوبکات، باجی دەیەکیش کە کڵێسا وەریدەگرت لابراو باجەکان بوون بەگشتی بۆ هەموان و هیچ چینیك نەبوو نەیاندات.(١٧٣)

دەرفەت کرایەوە بۆ دامەزراندنی هەموو نەوەکانی وڵات بەیەکسانی و جیاوازی و مافە تایبەتیەکانی بەش و هەرێمە جیاجیاکان لابران بەو جۆرە هەموو فەرەنسا ملکەچی یەك یاسا بون، نەوەکانیشی بەیەك شێوە لە هەموو هەرێمەکاندا هەڵسوکەوتیان دەکرد پاشان کۆمەڵەکە هەنگاوێکی دیکەی هاویشت بەرەو ڕێکخستن ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابەشکاریە کۆنە کارگێڕیانەی کە وڵاتیان بۆ چەند ناوچەیەك دابەش دەکرد و بە ناوی شاخە گرنگەکان و ڕوبارەکانەوە ناو دەنران، کۆتا جێدەستی دەرەبەگایەتیش لە نەخشەی فەرەنسادا لابرا.(١٧٤) لەو شتانەی کە ئەنجومەنی چینەکان داوایان دەکرد دانانی ماف بوو بەشێوەیەکی ڕون بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا، کۆمەڵەکەش هەوڵی دا نوسراوی مافەکانی مرۆڤ ئامادە بکات ئەمەش وەك شەپۆلێکی توند وڵاتی گرتەوە، ئەو نوسراوە بە گرنگترین بنەما و بەڵگەنامە دادەنرێت کەلە مێژوودا باسی لێوە کرابێت، تیایدا هاتووە کە خەڵکی بە ئازادی لەدایك دەبن ولە مافیشدا بە یەکسانی دەمێننەوە و یاساش دەبڕی خواستی جەماوەرەو هەموو تاکێك لە وڵاتدا مافی بەشداری کردنی هەیە تاخۆی یان لە ڕێگەی نوێنەری هەڵبژێردراویەوە بەشداری دەسەڵات بێت، پێویستە ئەو یاسایە بۆ هەموان بێت، ناکرێت کەس بێ ڕەزامەندی یاسا بگیرێت یان بەند بکرێت، ناکرێت لەسەر بیرو ڕا حەسانەوەو بەختەوەری لە کەس بسەنرێتەوە، بەمەرجێ ئەو بیرو ڕایان ئاسایشی گشتی تێکنەدەن. هەموو تاکێکیش دەبێت بە ئازادی بڵێت و بنوسێت و بابەت چاپ بکات بەڵام بە مەرجێك بەرپرسیاربێت لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ئازادیە وەك یاسا دیاری کردووە باجەکانیش بەپێی خواستەکانی گەل دادەنرێت.(١٧٥)

---

(١٧٣) پوختەی مێژووی ئەورووپا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ-پرۆفیسۆر حڤری برۆنن-ل٤١٠ .

(١٧٤) پوختەی مێژووی ئەورووپا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ-پرۆفیسۆر حڤری برۆنن-ل٤١٠-٤١١ .

(١٧٥) پوختەی مێژووی ئەورووپا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ-پرۆفیسۆر حڤری برۆنن-ل٤١١ .

پاشا دوو دڵ بوو لە ئیمزاکردنی دەقی مافەکانی مرۆڤ، پاشان لەنێو خەڵکدا بڵاو بویەوە کە پاشا بە ڕێنمونی دەربارەکانی سوپای کۆکردۆتەوە تا شۆڕشەکە لەنێو ببات، هەروەك پێش ئەوە لەپێشتریش هەوڵی لەنێوبردنی دا، بەڵام بەهۆی هەستانی گەل و هێرش بردنی بۆسەر باستیل نەیتوانی.(١٧٦)

## بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنساو ڕاگەیاندنی کۆماری عەلمانیەت :

خەڵکی فەڕەنسا خواستی گۆڕینی سەر لەبەری سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتووری، وە ئایین و یاساو ڕێساکانی، هەروها چۆنیەتی بیر کردنەوەی تاك و شێوازی تێگەشتن لە ژیان و...هتد، لەلا گەلاّلە ببوو. بیریان لەوە کردەوە کە جارێکی دی و سەر لە نوێ لەسەر بنەمای عەقلگەرایی و بەپێی خواست و ویستەکانی خۆیان سەرجەمی ئەرك و مافی هەر تاکێك دابڕێژنەوە. بە گەلاّلە بوون و سەر پێکەوتنی ئەم بیرو بۆچوونانە لەگەڵ کاریگری پشێوی سیاسی و خراپی باری ئابووری و نالەباری ڕەوشی کۆمەلاّیەتی، زەمینەی ڕاگەیاندنی شۆڕش ساز بوو، کۆمەڵگای فەڕەنسی هەنگاوی بە ئاڕاستەی بەرپا کردنی شۆڕش نا، بەمشێوەیە شۆڕشی فەڕەنسی یەکەمین پزیسکی لە ١٤ی تەممزی ساڵی ١٧٨٩ دەست پێکرد، هەروەك بە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژوو هەژمار دەکرێت.

## دەستپێکی شۆڕش:

لەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٤ی تەمووز دا، هەورگەلێکی چڕو پڕبەسەر شاردا بڵاو بوویەوە و ترسی ئەوە هەبووکە باران بباریَ. بەدرێژایی شەوی ڕابردوو، شۆڕش و هەڵا هەروا درێژەی هەبوو، هاوکات ئەم دەنگۆیەش لە شاردا بڵابووەوە کە هەزاران سەربازی پاشا خەریکن بۆ هێرش کردن، کۆدەبنەوە. هەندێك لە سەربازەکانی پاشایەتی لە پاریسدا، پشتیوانییان لە هاووڵاتیەکان کردبوو. دەسەڵاتی پاشایەتی لە شاردا بە خێرایی ڕوو لەناو چوون بوو.(١٧٧)

(١٧٦)پوختەی مێژووی ئەورووپا لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ-پرۆفیسۆر حقری برۆنن-ل٤١١ .

(١٧٧) شۆڕشی فرەنسا-فیلیس کۆرزین-ل ٦٢-٦٣ .

لەگەڵ هەڵاتنی خۆردا هەزاران کەس لە خەڵك لە ناوچەی گۆڕەپانی ڕاهێنانی پاشایەتی لە پێش ئوتێلی ئەنفالیدز(شوێنی چاودێری کردنی سەربازە پەککەوتووەکان) کە کارخانەی چەکسازی سوپا بوو و تفەنگەکان لەوێدا هەڵگیرا بوون، کۆبوونەوە و داوای چەکیان کرد. زۆری پێ نەچوو کە شۆرشگێڕەکان، نزیکەی سی هەزار تفەنگی ساچمەیی و تۆپیکیان لە جبەخانەکە هێنایە دەرەوە، بەڵام ڕادەیەکی زۆرکەم باروت و گولە تۆپیان پەیدا کرد.(١٧٨)

بەمشێوەیە هاوڵاتیان هێرشیان کردە سەر قەڵای باستل و لەدوای کوشتنی چەند سەربازێك، ئازادی دەکەن و چەند دیلێکیش رزگار دەکەن کە لەوێدا بەند کرابوون. دوابەدوای ئەم ڕوداوانە، بزیسکی شۆڕش سەرانسەری فەرەنسا دەتەنێتەوەو شۆڕشگێڕان پاریس رزگاردەکەن و دەست دەگرن بەسەر تەواوی کاروبارەکانی وڵات دا.

دواتر میللەت سەرۆکێکی تازەی بۆ شارەوانی پاریس هەڵبژارد کە جەنەڕاڵ (لاڤاییت) بوو لێرەشەوە کۆنترۆڵی پاریس دەکەن ئیدی ئاگری شۆڕش لەسەر تاپای فەرەنسا بلاو دەبێتەوە.(١٧٩) شۆڕش بەرەو هەرێم وناوچەکانی دی پەل دەهاوێت، خەڵکی لە ناوچە جیاوازەکانی فەرەنسا پەلاماری کۆشك و تەلاری پاشا و خانەدانەکان دەدەن، کۆشك و تەلاری خانەدانەکان و بەڵگە نامەکانی موڵکداریێتی دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکانیان دەسوتاند و هەم خاوەنی بەڵگەنامەکەشیان لە سێدارە دەدا.(١٨٠) وە لە ٢١ی ئەیلولی ١٧٩٢ حوکمی پاشایەتی هەڵوەشێنرایەوە. لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٧٩٣ز (لویسی شازدەهەم) پاشای فەرەنسا لە ژێر مەخسەڵەدا لە سێدارە درا.(١٨١) بەم شێوەیە سیستەمی کۆماری لە فەرەنسا ڕاگەیەنراو یەکەمین دەوڵەتی عەلمانی بونیاد نرا،

---

(١٧٨)شۆڕشی فرەنسا-فیلیس کۆرزین-ل٦٤ .

(١٧٩) ) سەدەکانی ناوەڕاست دادگاکانی پشکنین شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩– کۆمەڵێك نوسەر – چاپی یەکەم – ل٣٩٢ .

(١٨٠) شۆڕشی فەرەنسی١٧٨٩- هەورامان وریا قانع- چاپی یەکەم .

(١٨١)دەربارەی عەقڵی سێکیولارو کورد سێکیولار-ئازاد تۆفیق- چاپی یەکەم .

وە حوکمەتی عەلمانی جێگای حکومەتی پاشاو خانەدانان و پیاوانی ئاینی گرتەوە، هەروەك دەستوری عەلمانیەتیش جێگای یاساکانی مەسیحیەتی کلێسای گرتەوە.

**فکرەی وەلانانی ئایین و جوداکردنەوەی لە دەوڵەت، وە سەرهەڵدانی ئایینی عەقڵ :**

هەر لەسەرو بەندی بەرپا بوونی شورشی فەرەنسی دا بوو فکرەی وە لانانی ئایین لە دەوڵەت و جیاکردنەوەی لە کارو باری سیاسی بەتەواوی گەلاڵە بوو، بیری مرۆڤگەرایی کەلە زەمەنی رێنیساسدا سەری هەڵدا بوو، دواترو لە سەردەمی رۆشنگەریشدا بیری سروشت گەرایی و سۆز گەرایی سەریان وەدەرۆ نا بوو، ئیدی لە سەروەختی بەرپابوونی شۆرشی فەرەنسی دا ئەم باوەرانە بە فراوانی تەشەنەیان سەند، بوونە هەوێنی سەرهەڵدانی عەلمانیەت (دنیا گەرایی): واتە بونیات نانی تێگەشتنێکی نائایینی (دونیایی ) یانە بۆ ژیان و بوون، وە دارشتنەوەی دەستورێکی مرۆڤکردانە بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵگاو تەواوی کاروبارە سیاسی و ئابووری و کلتوریەکانی، بەواتا بەرپا کردنی شێوازێکی دی لە ژیان، جیاواز لەو شێوەیەی ئایینی مەسیحیەت پیشانی دابوو.

گەلی فەرەنسی لەگەڵ هەوڵی تێکرماندنی دەسەلاتی پاشایەتی و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازو بەربژێریەکانی چینی خانەدانان، بەهەمان شێوە کەوتە دژایەتی توندی دەسەلاتی کلێساو پیاوانی ئایینی، مکوم بوون لەسەر جوداکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت لە کاروبارەکانی هاوپەیوەند بە دەوڵەت، هەروەها بە کارپێکردنی لە ژیانی کۆمەڵگاو رەفز کردنیشی وەك بنەمایەك بۆ رێکخستنی چالاکیەکانی تاك. لێرەشەوە بیرمەندانی فەرەنسی عەقڵی مرۆڤیان خستە جێی ئایین و مرۆڤیان بردە جێی خودا، بۆ خۆیان و لە روانگەی عەقڵ و غەریزە و ئارەزووەکانیانەوە دەستیان دایە دارشتنی دەستوورو یاسا بۆ رێکخستنی تەواوی کاروبارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگاو ژیانی هەر تاکێك وە ئایینی عەقڵ پێك هێنرا وەك ئەوەی فەیلەسوف و بیرمەندانی فەرەنسی بانگەشەیان بۆ دەکرد.

لە نمونەی ئەوانەش (ڤیکتۆر هۆگۆ) کە بانگەشەی پێکهێنانی ئاینێکی رۆحانی عەقلانی دەکرد. هەرچی (لامارتن)ی شاعیر بوو، بانگەشەی پێکهێنانی کاسۆلیکیەتێکی تازەی دەکرد

جیاواز له كاسۆلیكیەتی پێشوو، هەروەها (سان سیمۆن)ی فەیلەسوف بانگەشەی گەلاڵە كردنی مەسیحیەتێكی تازەی دەكرد تاكو شوێنی مەسیحیەتی كۆن بگرێتەوە. وە (ئۆگست كۆنت)ی قوتابی (سان سیمۆن) بە هەمان شێوە بانگەشەی پێكهێنانی ئاینێكی تازەی دەكرد بۆ مرۆڤایەتی، واتە: ئایینێكی فەلسەفی كە مەسیحیەت تێپەڕێنێت و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بشێت، نەك تەنها تایبەت بێت بە مەسیحیەكان.(١٨٢) لە پاشی ئەمانە عەلمانیەكان گۆڕانی ڕیشەییان بەسەر ئاینی مەسیحیەتدا هێنا، بەم شێوەیە دەق و تێكست گەلێكی نوێ لە نێو ئینجیل دەركەوتن كە داوای جیاكردنەوەی ئاینیان لە دەوڵەت و سیاسەت دەكرد، گوایە ئەم چەشنە تێكستانە گوفتاری (پێغەمبەر عیسا)ن. لەو گوتانەش: (دع ما لله لله، وما لقیصر لقیصر).(١٨٣) واتە ئەوەی بۆ خودایە بۆ خوداو ئەوەی بۆ قەیسەرە بۆ قەیسەر. مەستیشیان لێی ئەوە بوو كە دەسەلاتی ڕۆحی بۆ خوداو دەسەلاتی مادیش بۆ قەیسەرو پاشاو دەسەلات داران، یاخود ئاسمان بۆ خوداو زەویش بۆ فەرمانڕەوایان. هەڵبەت ئەمەش بەپێی بنەماكانی ئەو ئاینە عەقڵگەرایەی كە بۆ خۆیان بانگەشەیان بۆ دەكرد. وە عەلمانیەكان پەرەیان بە عەقڵ گەرایی داو دواتر فكرەی هاتنی ئاینێكی نوێیان بە نێوی (پەرستنی عەقڵ) هێنایە ئاراوە، (هەوادارانی ئاینی عەقڵ گەرایی، كە عەلمانیەكان بوون) فشاریان بۆ قەشەو كاهینەكان دەهێنا كە دەستبەرداری مەزهەری كاسۆلكی بن، وە پەیوەندی فەرەنسایان لەگەڵ ڤاتیكان پچڕاند، لەساڵی ١٧٩٣ سەرجەم كلێساكانی پاریس داخران و ٢٤٠٠ كلێسایان كردە شوێنی پەرستنی عەقڵ.(١٨٤)

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی دەسەلاتی كەنیسەو دوورخستنەوەی مەسیحیەت و پیاوانی ئەو ئاینە لە دەست وەردان لە چالاكی فكری و لە كاروباری سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و كلتورییەكان، كلێسا دەسەلاتەكەی خۆی لە دەست دەدات .

---

(١٨٢)ئیسلام و عەقڵ. سعودیەو تیرۆر. شیعرو فەلسەفە-هاشم ساڵح-٢٠٠٩ .

(١٨٣) شۆڕشی فەرەنسی١٧٨٩- هەورامان وریا قانع- چاپی یەكەم .

(١٨٤) شۆڕشی فەرەنسی١٧٨٩- هەورامان وریا قانع- چاپی یەكەم

کەنیسە لە بەرامبەر ئاسانترین مافەکانی زانست و لۆژیك دا، سازش لە هەڵوێستە کۆن و ناکۆك و دژ بەیەکەکانی خۆی دەکات، بەدڵنیای کاتێك کەنیسە بەدژایەتی کەری پێشکەوتن، وەبە دواکەوتوو تۆمەتبار دەکرێت، باجێکی گرانبەها دەدات و زۆربەی خەڵکی لە ئەوروپا وازی لێ دەهێنن، تا ئەو کاتەی کەنیسەکان بەشێوەیەك نیمچەخاڵی لە ئیمانداران دەمێننەوەو دەگۆڕێن بۆ هاوشێوەی مۆزەخانەکان.(١٨٥) وە ئاین ئەو پێگە گرنگەی خۆی وەك سەرچاوەی بیرو فکرو جیهانبینی مرۆڤی ئەوروپی و بنەمای داڕشتنی یاساو ڕێسای ژیانی کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان لەدەست دەدات ئیدی ئەوروپاییەکان ئاین لە ژیانیان وەدەردەنێن و سەردانی کڵێساکان ناکەن، ڕەسم و سروتەکانی مەسیحیەت فەرامۆش دەکەن .

بەم چەشنە عەلمانیەت وەك فکرو ئایدۆلۆژیا، وەك عەقیدەو باوەڕ، وەك دەستورو یاسا، هەروەها وەك شێوازێکی نا ئاینی و جیهان بینیەکی نوێ هاوکات وەك ڕێکخستنێکی تازەی ژیان و نەزمێکی لادینی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و...هتد، بەشێوەی تیۆری و کرداری خۆی سەپاند. فەڕەنسا بویە یەکەمین کۆماری عەلمانی. وە ٢٢ ی سێپتەمبەری ١٧٩٢ وەك یەکەمین ڕۆژی ساڵی یەکەمی کۆمار دیاری کرا. (١٨٦)

دواتر قۆناغی حکومی ڕەهای مکسیملیان ڕۆپسبێر دەستپێدەکات لە ساڵی ١٧٩٢-١٧٩٤ کەبەساڵانی مەرگ و تیرۆرو کوشتنی هەڕەمەکی خەڵك دادەنرێت، ڕۆپسبێر نزیکەی ١٨ هەزار کەسی لە سێدارە داو هەزارانی دیشی توندی بەندینخانە کرد. دانتۆن و دیمۆلای هاوڕێی خۆی لە سێدارە دا لە ٥ ی نیسانی ١٧٩٤. لەکۆتایدا خودی ڕۆپسبێریش لە سێدارە دراو بە ئامێری (گیوتین-مەقسەڵەی شۆڕش)، سەریان لە لاشەی جیا کردەوەو کۆتای بە زەمەنی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆرەکەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان هێنرا. (١٨٧)

---

(١٨٥) فەندەمێنتالیزم و ململانێی ژیارەکان-هاشم صالح-چاپی یەکەم .

(١٨٦) شۆڕشی فەڕەنسا- فیلیس کۆرزین- چاپی یەکەم-ل١٢١ .

(١٨٧) شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩-هەورامان وریا قانع- چاپی یەکەم .

هاوكات لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا، فەلسەفەی عەلمانیەت باوەڕەكانی خۆیی ڕەگاژۆ كردە نێو دڵو دەرونی مرڤی ئەورروپییەوەو، لەپاشتریش وەك بنەمای ڕەوشت و ڕەفتاریان لەنێو كۆمەڵگا ئەوروپییەكان خۆی چەسباند، وە عەلمانیەت بویە ئاینی نوێی ئەروپا، هەرلەوێشەوە ئەم ئایدیۆلۆژیایە پەلی هاویش بو باقی ولاّتانی خورئاواو لەوانیش ئەمەریكا،بەمشێوەیە ئەورروپا و ئەمەریكا و خۆرئاوا بەگشتی، هێدی هێدی بەرگی ئاینیان فڕی دا و عەلمانیەتیان كردە كالاّی بالاّیان .

## بەشی دووەم

## گەڵاڵەبوونی عەلمانیەت، مانا و پێناس و شرۆڤە:

لە دوای ڕاچەنینی ئەورووپا لە سەردەمی ڕێنیسانسداو دەست ڕاگەشتنیان بە بڕێك لە ئازادی و زانست و زانیاری، لە سایەی لاواز بوونی دەسەلاّتی ستەمكارانەی كڵێساو پیاوانیدا، وە سەرهەڵدانی زانا گەلێك لە تەواوی بوارە جیاوازەكانی (بیركاری، پزیشكی، ئەندازیاری، هونەری، پەیكەرتاشی، وێنەكێش، ئەستێرە ناسی، دۆزەرەوە جوگرافییەكان، لەگەڵ سیاسەتوانی و مێژوو زانی و...هتد) لە ئەنجامی كارو چالاكی ئەو زانایانەوە هۆشیارییەك لە سەردەمی ڕێنیسانسدا سەری هەڵدا، كە جەختی لەسەر دژایەتی ستەمكاری كڵێساو پیاوانی، وە گەڕانەوەی ڕێزو بەها بۆ مرۆڤ دەكردەوە. ئەم بیرو بۆچوونە لە دوای دەركەوتنی پیشەسازی چاپ (١٤٥٠ ز) لەلایەن (یوهان گۆتەنبێرگ)ـــەوە پەرەی پێدراو لە سەدەكانی دواترو لەگەڵ سەرهەڵدانی پرۆژەی ڕۆشنگەریدا لە سەدەكانی (١٦ – ١٧) زاییندا بیری مرۆڤگەرای كۆڕاو پەرەی سەند بۆ سرووشتگەرایی، ئەم بیرو بۆچوونەش جەختی لەسەر بایەخدان و وەرچەرخانەوە بەلای ژیانی دونیادا دەكردەوە. وەك كاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئایینی مەسیحییەت كە دژی دونیاو خۆشییەكانی وەستابوویەوەو تەنها بایەخی بە ژیانی دوایی و جیهانی ئاخیرەت دەدا، ئیدی لەگەڵ هەرچی لاواز بوونی ئایینی مەسیحییەت و كڵێساو پیاوانی، دەسەلاّتی زانست و زاناو مەیلی دونیا ویستی پەرەی دەسەند. لێرەوە عەلمانییەت لەسەر بنەمای فیكری مرۆڤ خوازی ڕێنیسانس و

سرووشتگەرایی ڕۆشنگەری و مەیلی دونیا خوازی، وەك وەڵامێك بۆ ئایینی مەسیحی و مەیلە ئاخیرەت خوازانەکەی، هەروەها وەك پرۆژەیەك ڕزگارکردنی زانست و زانایان لە ژێر نیری پیاوانی ئایینی، دواتریش وەك چارەسەرێك بۆ کۆتایی پێهێنانی جەنگە ئایینییەکان و شەڕە مەزهەبییەکان و وەلانانی سیستمی چینایەتی، گەلاڵە دەکرێت و لەلایەن تەواوی بیرمەندو فەیلەسووفان و ڕۆشنبیرە دەژە ئایین و دونیا خوازەکانەوە پێشنیار دەکرێت. تا جارێکی دی و سەر لە نویێ لە ڕوانگەی ئەم ئایدۆلۆژیاو بیرو بۆچوون و تێگەیشتنەکانیەوە، بیرو هزری مرۆڤ و کۆمەڵگەو تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی، لەگەڵ دەوڵەت و یاساو ڕێساکانی دارِشتە بکرێن و بونیات بنرێنەوە، هاوکات ئایین و تێگەیشتی ئایینی و یاساو ڕێساو سیستەمی ئایینی وەلا بنرێن و لە دەوڵەت و کۆمەڵگەو لە ژیانی خودی هەر تاکێك وەلا بنرێت، چیدیکە ئایین خەیاڵ بیروهزری مرۆڤەکان پڕ نەکات و پێناس و مانای ژیان و بوون نەکات، هەروەها سەرچاوەی یاساو ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا نەبێت و حەرام و حەلاڵ (ڕێ دراو و یاساغ) بۆ مرۆڤەکان دیاری نەکات . وە کاری بەسەر دەوڵەت و سیاسەت و چالاکی ئابووری و کۆمەلایەتی و کلتوورییەکانەوە نەبێت، بەڵکو ئایین و هەوادارانی بخزێنرێنە گۆشەی پەرستگاکانیانەوەو بەبێ سرتەو ورتە پەرستنەکانیان ئەنجام بدەن و مومارەسەی ئایینەکەیان بکەن .

لە دوای زاڵیبیەتی ئایینی مەسیحی لە ئەورووپاو ڕۆچوونی بە نێو تەواوی کایەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەو بەرپا بوونی شەڕی مەزهەبی دوای بەستنی پەیمانی (ویستڤالیا) لەساڵی (١٦٤٨) کۆتایی بە دەسەلاتی پاپا هێنراو عەلمانییەت سەرەتای سەر دەرنانی وەدەرکەوت، وە لە پاشی بەرپا بوونی شۆڕشی فەڕەنس لە ساڵی (١٧٨٩) بە هێجگاری ئایین لە ژیان کرایە دەرەوەو عەلمانییەت چەسپێنرا.

شۆڕشی فەڕەنسی سەرەتای دەرکەوتنی تیۆری و کرداری ڕاستەقینەی ئایدۆلۆژیای عەلمانییەت بوو، هەروەك چۆن سەرەتای تێکشکاندنی ئایین و دەسەلات و سیستمی ئایینیش بوو. لێرەوە عەلمانییەت خۆی وەك پرۆژەیەکی گەردووی دەردەخاو باسکردن لە بوون و ژیان و مرۆڤ و ئەرکی، هەروەها چۆنییەتی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەو سیستەمی کۆمەلایەتی و بونیاتنانەوەی دەوڵەت دارِشتنەوەی یاساو ڕێساکانی بە ماف و ئەرکی بنەڕەتی خۆی دەبینێت، بەمشێوەیە عەلمانییەت

خۆی دەکاتە ئەو عەقڵەی کە دەبێت لە ڕوانگەی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنەکانی ئەوە فەلسەفەیەوە لە هەر شتێك بگەین وە لە ڕوانین و ڕوئیاو شێوازی بینینی ئەو ئایدیۆلۆژیاوە تەواوی بوون و دەرکەوتەکانی بوون ببینین، هەروەها لە زمانی ئەو و لەسەر بنەمای ئاخافتنەکانی ئەو دووان لەسەر کەینونەو مەلەکاتەکانی بدەین. هەر تێگەیشتن و بینین و دووانێك دەرحەق بە هەر چ شتێك کە لە خودی ئایدۆلۆژیای عەلمانییەتەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، ئەوا عەلمانییەت ڕەفزی دەکات، یاخود دەبێت جارێکی دی سەر لە نوێ عەلمەنە بکرێت و لە دوای عەلمەنەکردنی ئەو کات مافی بوون و دەرکەوتنی پێ دەدرێت لە نێو ئەو جیهانەی کە عەلمانییەت خولقاندوویەتی، یان کار بۆ درووست کردن و پێکهێنانی دەکات. هەر ئەم خود ئەڤینی و خۆ بە سەرچاوەو سەنتریزمخوازییەی عەلمانییەتە کە لێتۆژینەوەیەکی قووڵ و وورد لەسەر خودی عەلمانییەت و ماناو پێناس و جەوهەری دەکاتە پێویستی بنەڕەتی لە پێناو ناسینی ئەو ئایین و ئایدۆلۆژیاو بیرو فکرو یاساو ڕێساو جیهان بینی و شێوە تێگەیشتنەی کە دونیایەکی تایبەت بە خۆی پێکهێناوەو لە هەموو چرکە ساتێکدا دەرکەوتەکانی خۆیمان بۆ نمایش دەکا و بە توندی لەگەڵ ژیانمان دەرگیر دەبێ و لەگەڵ ئایین و یاساو ڕێساو داب و نەریتەکانمان پێکدا دەکێشێ و دژی یەکدی دەوەستنەوە، تەواوی ئەو ململانێیەش لە پێناو تێکشکاندنی سیستەم و یاساو دونیا بینییەك و سەرخستن و زاڵکردن و سەپاندنی نەزم ڕێساو جیهانبینییەکی دیکەدایە.

وا ململانێی نێوان تێڕوانینی ئایینی ئاسمان و مادیگەرایی زەمینییە بۆ ژیان کە هەر یەکەیان دەیەوێت بۆ خۆی سەرچاوەی نەزم و ڕێساو یاساکانی تەواوی ڕەهەندو کایە جیاوازەکانی ژیان بێت. لە پاش تێکشکاندنی مەسیحییەت و کڵێساو پیاوانی ئایینی، عەلمانییەت ئەو ڕەوایەتییەی بە خۆی بەخشی کە بکەوێتە ململانێی تەواوی ئایینەکان و هەر بە هەمان تێڕوانینی بۆ مەسیحییەت کەوتە لێڕوانین لە تەواوی ئایینەکانی تری جیهان، تاکو تەواوی ئایینەکان بخاتە پەراوێزو کوچەو کەنارەکانی ژیان و بۆ خۆی لە چەقی ژیان و تەواوی کارو چالاکییەکانی دابێت و ڕێکخەری کاروبارەکانی و ئاڕاستەکەری بیرو هۆشی مرۆڤ بێت. تا مرۆڤ لە بری تێگەیشتنی ئایینی و ڕەفتاری ئاییندارانە تێگەیشتنی عەلمانییانەی بۆ گەردوون بەڵکو بۆ خودا هەبێت. هاوکات لەسەر بنەمای باوەڕی عەلمانییەت مومارەسەی کارو چالاکییەکانیشی

بکات . ئیدی له بری زیندەگییەکی ئایینداران‌ەو ئاخیرەت خوازانە، زیندەگییەکی مادگەریی و دونیاییانە بۆ مرۆڤ بینا دەکات بوونی مرۆڤ لەمادەدا کورت هەڵدێنێت، بیرو هۆشی مرۆڤ لە سنووری ئەم جیهانە مادی و بەرجەستەیەدا قەتیس دەکات و بڕوا بوون بە جیهانی بانمرۆی و میتافیزیك پووچەڵ دەکاتەوە، تەنها تەرکیز دەکاتە سەر جیهانی بینراو لەمسکراو و هەر چەشنە بیرو فیکرێکی ئایینی و ئاخیرەت خوازانەش وەك ئەفسانەو خورافات و چاولێکەری وێنا دەکات، لێرەدا پێویستە ئیستێك بکەین (بوەستین) و هەڵوێستەی جدی لەسەر عەلمانییەت بکەین و ڕاڤەو شرۆڤەی تەواوی بنەما فکری و هزرییەکانی لەگەڵ تەواوی ڕوئیاو جیهانبینی و سەرجەم یاساو ڕێساو بکەین و لە کۆی پێکهاتەی ئەو سیستەمە بتۆژینەوە کە عەلمانییەت پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات، شێوازی ڕێکخستن و نەزمی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەو نیزامە ماتریالی (مادیگەرا)یە بناسین و لە دوای لێ تێگەیشتنی ئەو کات هەریەك لەلای خۆی بڕیار لەسەر پەسەندی یاخود ڕەتکردنەوەی بدات .

هاوکات جددیانە بەراوردی عەلمانییەت و ئایین بکەین و بیرو ڕاکانیان و یاساو ڕێساکانیان هەڵسەنگێنین و بزانین تا چ ڕادەیەك ئەو دوو سیستمە پێکەوە تەباو لەگەڵ یەکدی کۆکن، یاخود تا چەند پێك دژن و لە هەمبەر یەکدی دەوەستنەوەو لەگەڵ یەکدی ناتەبان. هەروەها تا چەند دەکرێت کە مرۆڤ ئایینداربێت و لە هەمان کاتدا عەلمانی بێت، داخۆ دەکرێت لە یەك کاتدا پەیڕەوی دوو ئایین و دوو تێڕوانین و دوو یاساو ڕێساو سیستەم بکات؟! یاخود نا؟! ئایا تەواوی ئایینەکانی جیهان هاوشێوەی ئایینی مەسیحییەتن و ڕەوشی ژیانی سەرجەمی گەلانی سەر ڕووی زەوی هاوشێوەی باری زیندەگی سەدەکانی ناوەڕاستی گەلانی ئەورووپایەو پێویستە ئەو گەلانەش هەروەك ئەورووپییەکان دەستبەرداری ئایینەکانیان بن و ڕێچکەی عەلمانییەت بگرنە بەر؟! یان بە پێچەوانەوە. داخۆ عەلمانییەت توانیویەتی نەزمێکی شیاو پێشکەشی مرۆڤایەتی بکات؟! هەموو ئەم خولیاو بیرو بۆچوونانە زەروورەتی خوێندنەوەو ناسینی عەلمانییەت دەکاتە پێویستییەکی حەتمی لە پێناو هەڵوێست وەرگرتن و بڕیاردانێکی شیاو، تاوەکو یان ئایین وەلا نێین و عەلمانی بین، یاخود بە پێچەوانەوە عەلمانیەت وەلاوە نێین تەنها ئایینداربین و بەس .

## ناساندنی عەلمانییەت :

سیکۆلاریزم وشەیەکی ئینگلیزییەو مەبەست لە (عەلمانییەت = العلمانیە) یاخود (دنیایی — الدنیویە)یە، هەردوو واتاکەش بە (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت — فصل الدین عن الدولە) یان لە دەسەڵات یاخود لە ژیان دێت .

لەساڵی (١٦٤٨ز) بۆ یەکەم جار لە مێژوودا زاراوەی (سیکۆلار - secular) بەکارهێنرا، لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی سی ساڵەی نێوان ئایینزای (کاتۆلیك و پرۆتستانت) کە تیایدا ڕێکەوتننامەی (ویستڤالیا) واژۆکرا، ئەوە سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتی عەلمانی بوو .

(لایك - laik) بەپێی فەرهەنگی گەورەی لارۆس — معجم لاروس الکبیر: ئەم دەربڕینە مانای (نەگەڕانەوە بۆ کڵێسەو پیاوانی ئایینی) یاخود (سەربەخۆیی لە بەرامبەر دامەزراوە ئایینییەکان)ـی دەگەیاند.(١٨٨)

ئینسکلۆپیدیای نوێی بەریتانیا دەڵێت: سیکۆلاریزم جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئامانجی دوورخستنەوەی خەڵکە لە دونیای غەیب و ئاڕاستە کردنیانە بۆ ئەم دونیایەی تێیدا دەژین.(١٨٩)

مەعجەمی (اکسفورد)یش لە ڕاڤەی ووشەی (secular)دا دەڵێت: أ- دنیا گەری یاخود ماتریالی، نە ئایینی بێت و نە ڕۆحی، وەك پەروەردەی نا ئایینی، هونەرو مۆسیقای نا ئایینی، دەسەڵاتی نا ئایینی، حکومەتی پێچەوانەو دژ بە کەنیسە.

یان: ب- ئەو ڕایەی کە دەڵێ پێویست ناکات ئایین بکرێتە بنەمای ئەخلاق و پەروەردە.(١٩٠) واتە کردنە دەرەوەی ئایین لە ژیان و هەر چالاکییەکی هاوپێوەند بە بیرو کرداری مرۆڤەوە،

---

(١٨٨)دەربارەی عەقڵی سیکۆلارو کورد سیکۆلار-ئازاد تۆفیق — چاپی یەکەم.

(١٨٩) عەلمانییەت چییە؟ ماناو پێناسەکانی- زاهیر شێرکۆ-٢٠٠٤-ل١٤.

(١٩٠) عەلمانییەت لە نێوان خۆرئاوای مەسیحی و خۆرهەڵاتی ئیسلامییدا- ئەبووبەکر عەلی- ٢٠٠٠.

وە چیدیکە ئایین سەرچاوە نەبێت لە دارشتنەوەو ڕاڤە کردنەوەی ژیانی مرۆڤ دونیا بینی و کردارەکانی .

عەلمانییەت وەك زاراوەیەك واتای دونیای نا ئایینی دەگەیەنێت، بەپێی فەرهەنگی زانستە سۆسیۆلۆژییەکان واتای (جیهان) دەگەیەنێت کە خۆی لە جیاوازییەکی گەورەدا دەبینیٚ لەبەرامبەر ئایینداِ، سەرەتا لە دژی بوونی هەر دەسەلاتێکی ڕۆحی، یان ڕاستتر بلێین لەگەڵ دەسەلاتی ئەو کاتی کەنیسەدا کەوتووەتە ململانێ و خوازیاری هێنانە ئارای دەسەلاتێکی مەدەنی بووە کە عەقڵ ڕووە گشتییەکەی بێ و ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی بکات، بێ گەڕانەوە بۆ هیچ کام لە سرووتە ئایینییەکان.(١٩١)

هەندێك لە توێژەران پێیان وایە بۆ یەکەم جار ووشەی (Lailque)ی فەرەنسی لە موعجەمی فەرەنسی ، عەرەبیدا کە لە ساڵی (١٨٢٨ز)دا کە (لويس بقگر المصری) لە سوپای داگیرکەری فەرەنسی لە میسر خزمەتی کردو لەگەڵیشی ڕۆشتەوە بۆ پاریس، دایناوە، تەرجەمە کرا بۆ (عەلمانییەت) وەك نیسبەیەك بۆ ووشەی (العالم) واتە (دونیا) لە بەرامبەر (دین) دەوەستێ. هەرچی ووشەی (سیکۆلاریزم)ـی ئینگلیزییەبە مانای (دونیەوی، العالم، واقیع) کە لە (دونیا، جیهان، ئێستا)وە وەرگیراون، هاتوون لە بەرامبەر پیرۆزی (المقدس) واتە (ئایینی کە هەنوتی) کە نوێنەری ئاسمان و دەسەلاتی ئاسمانە.(١٩٢)

یەکێکی دی لە واتاکانی عەلمانییەت بریتییە لەوەی هەموو ئەو شتانەی دەیلێت و بانگەشەی بۆ دەکەیت پێویستە لێرەدا تاقی بکرێتەوە تا هەلی ئەوەمان بۆ بڕەخسێت کە لە ڕاست و درووستی ئەوە دڵنیا ببیتەوە کە دەیلێیت.(١٩٣) واتە هەر چ شتێك نەخرێتە ژێر تاقیکاری و لێتۆژینەوەوە یاخود ژێر چاوی زانستیەوەو نەبینرێت و لەمس نەکرێت،

---

(١٩١)عەلمانییەت و کاریگەرییەکانی-جەمال پیرە-چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

(١٩٢)جەدەلی ئیسلامیی و عەلمانی-عومەری عەلی غەفوور-٢٠٠١.

(١٩٣)ئایین و مۆدێرنە-مستەفا مەلەکیان و یاسین عومەر- ٢٠١٠.

ئەوا عەلمانییەت ددان بە بوونیدا نانێت و ڕەتیشی دەکاتەوە و بگرە بە ئەفسانەو خورافیات و شتی پڕو پووچی دەداتە قەڵەم لە حاڵێکدا بەشێکی زۆری ئایین و بنەماو باوەڕەکانی لەسەر نادیار و غەیب دامەزراون، بە توندی پێداگری لەسەر باوەڕ بوون بەو نەبینراو و نا بەرجەستانەش دەکاتەوەو وەك مەرجی بنەڕەتی باوەڕی دیاری کردوون، هەروەك باوەڕ نەبوونیش پێیان وەك کوفری ئاشکرا باسکردووە.

دەوڵەتی عەلمانی کامەیە؟ ئەو دەوڵەتەیە کە خۆی لە کاروباری ئایینی هەڵناقورتێنێت و ڕێگەش بە پیاوانی ئایینی نادات دەست وەر بدەنە ناو کاروباری سیاسیی، ئەم دەوڵەتە تەنیا کار بە یاسای وەزعی دەکات نەك بە شەریعەت.(١٩٤) لە ڕوانگەی تێ فکرین لەم ڕاڤەو پێناسە گەلەوەو لە تێگەیشتنی خۆشمان بۆ عەلمانییەت دەتوانین بڵێین: عەلمانییەت واتای واز هێنانە لە ئایین و بنەماکانی، وە ڕەتکردنەوەی یاساو ڕێسا ئایینییەکان و ڕەفزکردنی ئەو سیستەم و ڕێکخستنەیە کە ئایین بۆ موداراکردنی ژیانی مرۆڤ بونیاتی ناوە، هەروەها گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ بیرو ڕاو تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی خۆیان لە بونیاتنانەوەی جارێکی تر و سەر لەنوێ داڕشتنەوەی یاساو ڕێساو ڕێکخستنەوەی نەزمی ژیانیان .

عەلمانییەت واتای وەلاوە نانی ئایین و کۆی بیرو ڕاو دەستوورو یاسا ئاینییەکان و کارپێ نەکردنیانە لە هیچ کام لە بوارە هزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتوورییەکاندا، هاوکات دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیان لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی خودی مرۆڤ، وە دانانی دەستوورو یاساو ڕێساکانی ژیانە لەسەر بنەمای دەستوورێکی دانراو لەلایەن خودی مرۆڤ خۆیەوە.

دەتوانین بڵێین: عەلمانییەت واتا وەلانانی خودا لەسەر عەرشی خودایەتی لەگەڵ ڕەفزکردنی ئایین و یاساو ڕێساکەی (حەلاڵ و ڕێدراو – حەرام و یاساغ)کراوانەی کە دیاری کردوون لە پێناو ڕێکخستنی تێکڕای بوار و چالاکییەکانی ژیانی مرۆڤ،

---

(١٩٤)عەلمانیەت و ئسوولّیەت-عەفیف ئەخزەر .

لە هەمان کاتدا بەرزکردنەوەی (ستەمکار – تاغووتێك یان کۆمەڵێك ستەمکار) بۆ سەر عەرشی خودا تاکو لە بری ئەو ئایین و یاساو ڕێسا بۆ خەڵکی دانێن و (حەلاڵ – ڕێدراو – حەرام – یاساغ) بۆ خەڵکی دیاری بکەن، لێرەشەوە ئەو (تاغووت – مرۆڤ)ـە هەڵدەستێت بە حەلاڵ کردن و ڕێدانی ئەوەی کە خودا حەرام و یاساغی کردووە لەگەڵ حەرام کردن و یاساغ کردنی ئەوەی کە خودا حەلاڵی کردووەو ڕێگای داوە مرۆڤەکان مومارەسەی بکەن لە ژیانیاندا.

## دەرگیری عەلمانییەت و ئایین :

هەر خودی ئەم کارە – کە لێ سەندنەوەو زەوتکردنی مافی یاسادانانە لە خودا – یەکەمین ستەمێکە کە عەلمانییەت و عەلمانییەکان ئەنجامی دەدەن و سەرەتای بەرپا بوونی یەکەم جەنگ و پێکدا هەڵشاخانی نێوان عەلمانییەت و ئایینە، چوون یاسادانان و دیاری کردنی شێوازی ژیان و دەست نیشانکردنی حەرام و حەلاڵ، سەرەتای دەستپێکی ئازادی مرۆڤ و کۆتا سنووری ئەو ئازادییە مافی خودایەو تەنها ئەوی مافی ئەنجامدانی وەها کارێکی هەیە .

غەیری خودا هەر کەسێك هەستێت بە ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە واتا یاسا بۆ خەڵکی دانێت و حەلاڵ و حەرام و چۆنییەتی و شێوازی ژیانیان دیاری بکات، ئەو کەسە (جا مرۆڤێك بێت یا کۆمەڵە مرۆڤێك) ئەوا دەبێت ئەوە بزانن کە خۆیانیان خستووەتە جێگای خودا، واتە خۆیان کردووەتە پەرستراوی خەڵکی، ئەو مرۆڤانە کە شوێنی ئەو یاسا دانراو و دەستکردو دانراوانە دەکەون خۆیانیان کردووەتە عەبدی ئەو کەسانەی کە یاساکانیان بۆ دیاری کردوون و دایان ڕێژاون، لە هەمان کاتیش لە ئایینی خودا ترازاون و دەرچوون و لە عەبدایەتی خودا کەوتوون .

وە خودا بە هۆی ئەنجامدانی دوو کردارەوە خودایە، هەر لەبەر ئەو دوو کارەشی بۆتە خوای مرۆڤەکان، کە هەر یەکە لەوانیش خۆیان لەم دوو خاڵەدا دەبیننەوە:

١. خودایەتی لە درووستکردندا: واتە تەنها ئەوە کە تەواوی گەردوونی درووست کردووە، مرۆڤەکان بە گشتی لەمەدا گرفتیان نییەو ددان بەو ڕاستییەدا دەنێن.

**٢. خودایەتی لە یاسا داناندا: واتا دروستکاری بوون خودایەتی دەکات بەسەر تەواوی درووستکراوەکانیدا ئەوەش لە ڕێکا سەپاندنی یاساکانی خۆیەوە، جا خۆ بە زەبر وەك ئەوەی کە بەسەر (فریشەو درووستکراوە مادییەکانی وەك خۆرو مانگ...هتد) وە یان بە ئیختیاری وەك ئەوەی کە لەگەڵ مرۆڤەکان کردی. خودا لە دوای درووست کردنی مرۆڤەکان ئایین و یاساو ڕێسای ژیانی بۆ ناردوون، هەر یەکەشیانی ئازادو سەرپشك کردووە لەوەی کە پەیڕەوی دەکەن یاخود نا، ئەمەش لەسەر بنەمای پاداشت و سزای دوا ڕۆژ.**

**بە گشتی گرفتی مرۆڤەکان لێرەوەو لە خاڵی دووەمەوە دەست پێدەکات، زۆرێك لە مرۆڤەکان بە پاساوی جۆراو جۆر دژی بەرنامەی خودا دەوەستنەوەو دوای بەرنامەو یاسا دەستکردەکانی مرۆڤە دەسەلاَتدارەکان دەکەون. لەمڕۆدا تاکە بەرنامەو یاسایەك، وە کۆمەڵە خەڵکانێك کە لە بەرامبەر بەرنامەو یاسای خودا وەستاونەتەوە عەلمانییەت و عەلمانییەکانن، ئەم کارەشیان بە بیانووی جۆراو جۆر پاساو دەدەن، ئیدی لێرەوە عەلمانییەکان جارێك ماناو ڕاڤەی ئایین ڕەفز دەکەن و جارێکی دییش بیانوو و هۆکار بۆ کار پێنەکردنی ئایین دێننەوە، دەڵێن ئەو ڕاڤە کۆنەو پێویستە جارێکی دی ماناو لێکدانەوەی نویٚ بۆ دەق و تێکستەکانی ئایین بکرێتەوە، یاخود دەبێژن ئەم سەردەمە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەو ناکرێت لە ئەمێستادا کە مرۆڤایەتی لە سەردەمی بالاَیی و سەروەری عەقڵدایە بگەڕێتەوە بۆ ئایین، چوون ئایین بۆ زەمەنی پێش تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی زانستی بووە، وەیان دەڵێن ئایین بریتییە لە خورافەو ئەفسانە، ئێستا سەردەمی عەقڵەو پێویستە ئایین و خورافات و ئەفسانەکانی وەلا نرێن و تەنها پەیڕەوی لە عەقڵ بکەین !**

**بەمشێوەیە عەلمانییەکان بەرەنگاری هەر دەستوورو یاسایەکی ئایینی دەبنەوە، دژی هەر دەسەلاَت و حکومەتێکیش دەوەستنەوە کە لەسەر بنەمای ئایین شەریعەتەکەی بونیات نرابێت . واتا هەر لە یەکەمین هەنگاودا یەکەم پێکدادان لە نێوان پرەنسیپەکانی عەلمانییەت و دەقەکانی ئاییندا ڕوو دەدات، چوون هەر یەکە لەم دوو یاساو سیستەم و ئایدۆلۆژیایە خاوەنی پرۆژەو ئەجێندای تایبەت بە خۆیانن، هیچ یەکێکیان ناتوانێت لە ژێر سایەی ئەوی تریاندا درێژە بە بوونی خۆی بدات و ئامانجەکانی وەدی بهێنێت، بەو چەشنەی کە بۆ خۆی خواستی دەکات، چوون**

هەر یەکە لە عەلمانییەت و ئایین دوو سیستەمی گشتگیرن و هەریەکەشیان خاوەنی یاساو نەزمی سیاسیی و ئابووری و  کۆمەلاّیەتی و کلتووری خۆیانن، ئەمە جگە لە جیاوازی بیرو تێڕوانینیان دەربارەی خودا و ئایین و گەردوون و مرۆڤ تەواوی بوونی هۆو ئامانجی ژین..

لە هەر گۆشەو کەنارێکی سەر ڕووی زەمین عەلمانییەت کرابێتە بنەمای پێکهێنانی دەوڵەت و یاسای ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە، ئیدی لەو جێگایەدا کۆتایی بە ئایین و تەواوی شەریعەتەکەی دێت، هیچ ڕۆڵ و بایەخێکی شیاوی نامێنێت، واتە ئایین ڕوو لە ئاوا بوون دەکات، لە هەمانکات پێچەوانەکەشی ڕاست دەردەچێت، بەمانایەکی گەر شەریعەتی ئایین کرایە یاسای دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەوا عەلمانییەت کۆتایی دێت. ئەمەش بەهۆی دژ وەستانەوەی هەریەکەیان لە بەرامبەر ئەوی دیدا، بەهۆی جیاوازی بنەماو ڕێساکانی هەر یەکەیان ولەگەڵ ئەوی دییان، کەوای کردووە پێکەوەو لە یەك ژینگەدا لەگەڵ یەکدی دەر نەبەن. هەریەکەیان جوون یەکەیان کار بۆ بونیاتنان و پێکهێنانی دەوڵەتی کۆمەڵگای تایبەت بە خۆی دەکات .

عەلمانییەت کۆشش لە پێناو بیناکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی عەلمانی دەکات، ئایینیش بە هەمان شێوە کارلەپێناو دامەراندنی دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی ئایینی دەکات،هەر یەکەشیان لە ڕووانگەی دیدو تێڕوانینی خۆیەوە شرۆڤەو پێناسەی ئەوی دییان دەکات .

لێرەوە عەلمانییەت دەست دەکاتە ڕاڤەکردنی ئایین و پێی وایە ئایین هیچ نییە جگە لە پێوەندییەکی ڕۆحی نێوان مرۆڤ و خودا نەبێت ! یاخود پێی وایە ئایین بریتیە لە هەندێ ڕەسم و سرووت کە هەر تاکێکی ئاییندار گەر بیەوێت مومارەسەی دەکات لە ژیانی تایبەتی خۆیدی یان لەنێو پەرستکا ئایینیەکادا !

هەروەك عەلمانییەت پێی وایە ئایین بریتییە لە هەندێك پەرستشی فەردی و هیچ پێوەندییەکی بە کاروباری سیاسیی و دەوڵەتڕانی و چالاکی ئابووری و بازرگانی ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی و داب و کلتوورەوە نییە !

## بنەماکانی فکری عەلمانیەت :

ئاشکرایە کە هەندێك لە تێڕوانین و بنەما فیکرییەکانی عەلمانییەت درێژکراوەی تێڕوانین و فیکرو فەلسەفەی یۆنانین، بەشێکی دیشی بۆ تەوراتی کیتابی ئایینی جوولەکایەتی دەگەڕێتەوە. تەواوی فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی لە ڕێنیسانسداو لە دوای دۆزینەوەی چاپ لە سەرانسەری ئەورووپادا بلاّو کرانەوە، شومارێکی زۆری جوولەکەو کیتابە ئایینییەکەشیان لە نێو ئەورووپییەکاندا بوون و هەن، هەروەك شاراوەش نییە کە زۆرێك لە فەیلەسووفانی عەلمانی لە بنەڕەتدا جوولەکە بوون، لەوانەش (مارکس، داروین، فرۆید، سپینۆزا...هتد،).

داڕێژەرانی کیتابی پیرۆزی قەشە (پۆلس)ی جوولەکە بوو، درووستکەرانی مەزهەبەکانی مەسیحییەتیش هەر لە نێو جووەکاندا سەری وەدەرنا کە ئەویش قەشە (مارتن) بوو، هەروەك بانگەشەی بۆ نەتەوە گەرایش دەکرد و هانی ئەلّمانیەکانی دەدا لەو برەیەوە .

لەو شوێندانانەی فیکری یۆنانی و درێژبوونەوەی بۆنیۆو عەلمانییەت لە تێڕوانینی گریکەکاندا (ئەو دونیا) بوونی نییە، واتە شتێك نییە ناوی ژیانی پاش مردن بێت، هەروەك لای فەیلەسوی یۆنانی (ئەرستۆتالیس) مەعریفە شوێنی ئیمانی گرتبووەوە .

فەیلەسووفانی ماتریالی (مادی گەرای عەلمانییەت) و لەوانیش وەك (دیدرۆ) و (بارۆن) و (لباك) و (دافید هیوم) و (لامیتری) و ئەوانی دیش، ئەمانە لەو بڕوایەدا بوون کە شتێك نییە نێوی جیهانێکی میتافیزیکی بێت، واتە جیهان ئەودیو سرووشت بێت، تاقە شتێك کە هەیە بریتیە لەم جیهانە سرووشتییە هەستپێکراوەی کە دەیبینین و ڕۆژانە لە نێودا دەژین، هەر بۆیە بە هەشت ئالێرەدایە، لەسەر ئەم زەوییەیە نەك لە ئاسمان.(١٩٥)

لە کاریگەری و شوێندانانەکانی کلتووری ڕۆمانیش لەسەر فکری عەلمانییەت شێوازی ئەو ئایینداریيەیە کە لەمڕۆدا عەلمانییەت بانگەشەی بۆ دەکات، کە هەمان شێوازی ئایینداری سەردەمی ڕۆمانییەکانە، لەو دەمانەی کە مەسیحییەت لە سەرەتای سەرهەلّدان و بلاّوبووونەوەدا بوو لە نێو سنوورو پێگەڕی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا،

---

(١٩٥) ئایین، فاشیزم، مەرگ- هاشم صالح.

ئایینداران‌ی مەسیحی ڕووبەڕووی گوشارو ئەشکەنجەی توند بوونەوە لەلایەن دەسەڵاتی ئیمپراتۆریاوە، هۆی ئەو دژایەتییەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە مەسیحییەکان پەرستنی (عباد الامبراتور)یان ڕەتکردەوە، چونکە وایان دەبینی کە ئەو پەرستنە جۆرێکە لە بت پەرستی و هەرگیز نابێ سازشی لەسەر بکەن، لە کاتێکیشدا پەرستنی ئیمپراتۆر ئەرکێکی بنەڕەتی بوو سەبارەت بە ئایینی ڕۆمانی کۆن و یەکێك بوو لە پایەکانی حوکمی ڕۆمانی و ڕەگەزێك بوو لە ڕەگەزەکانی یەکێتی و لە هەمان کاتیشدا دیاردەیەکی پەیوەندارییەتی ئایینەکە بوو.

کاتێك دەسەڵاتدارێتی ڕۆمانی ئەم دژکارییەی لە مەسیحییەت بینی کە چۆن دژ بە پەرستنی ئیمپراتۆر ڕادەوەستێت، ئەمەی بە هەڕەشەیەکی ترسناك دانا نەك بۆ دەسەڵات و پایەی باڵای ئیمپراتۆری بە تەنها، بەڵکو بۆ ئیمپراتۆرییەتی و قەوارەی ئیمپراتۆرییەتیش، بۆیە لە دیدی دەسەڵاتداراندا ئەنجامدەری تاوانی لەم شێوەیە شایستەی هەموو جۆرە سزادانێك بوو.(١٩٦)

لەو دەمانەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە نێو سنووری ئەو قەوارەیەدا چەندین ئایین هەبوون و لەلایەن دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەوە ئازادی مومارەسەکردنی ڕەسم و سرووت وئەنجامدانی پەرستشەکانیان درابوویە، بەڵام بە مەرجی ملکەچی و دڵسۆزی بۆ ئیمپراتۆر، واتا دەبووایە لەگەڵ پەرستراوەکانی خۆیان پەرستشی ئیمپراتۆریشیان بکردبایە، لەم نێوەندەشدا تەنیا مەسیحییە ئاییندارەکان بوون ئەم کارەیان ڕەتکردبوویەوە، ئەمەش بە مانای ڕەفزکردنی ئایینی ئیمپراتۆری و لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی خودایەتی ئیمپراتۆریش بوو. وە ڕاگەیاندنی جەنگ و دژایەتی مەسیحییەکانی لەلایەن ئیمپراتۆرەوە، هۆی مەسیحی بوونی ئەوان نەبوو، بەڵکو هۆکاری ملنەدانیان بوو بۆ ئیمپراتۆرو ئایینەکەی، هەروەك لە دیدی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانیش دا ئایین تەنها بریتی بوو لە هەندێ ڕەسم و سرووت و پەرستش ! ئیدی دانانی یاساو ڕێساو دەرکردنی فەرمانی تەنها بە مافی خوی دەزانی، هەروەك پێی وابوو ئاییندارانیش ئازادن لە ئەنجامدانی پەرستشەکانیان،

---

(١٩٦) مێژووی جەنگە خاچییەکان-د. ئاراس فەریق زەینەڵ-ل٤٨ — ٤٩ .

وەلێ دەبوو ئەوە بزانن کە ملکەچی کردنیان بۆ ئیمپراتۆرو فەرمان و یاساکانی ئەرکی سەرشانیانەو تا ئەو جێیەش مافی مومارەسەرکردنی پەرستشەکانیان هەبوو کە دژایەتی نەبێت لەگەڵ فەرمان و یاساکانی ئیمپراتۆرداو مایەی نیگەرانی ئەو نەبووایە .

هەمان ئەو دیدو تێڕوانینەی کە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی دەرحەق بە ئایینەکان هەیبوو، بە هەمان شێوە لە نێو ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە، عەلمانییەت ئایین وەك ڕەسم و سرووت و هەندێ پەرستشی فەردی دەبینێت و ئازادیش دەداتە تەواوی ئایینەکانی جیهان و ئاییندارانیش سەربەست دەکات لە ئەنجامدانیان، بەلاّم بە مەرجی پابەند بونیان بە یاساکانی عەلمانییەتەوە، واتە تۆ ئازادی لە ئەنجامدانی پەرستشەکان، بەلاّم مافی جێ بەجێ کردنی یاساکانی ئایینت نییە، بەڵکو دەبێت پابەندی یاسا عەلمانییەکان بیت و هەر بەو جۆرەش پەرستشەکان جێبەجێ بکەیت کە عەلمانییەت ڕەنگ ڕێژو نیشانی کردوون، ئەمەش تا ئەو جێگەیەی کە دژ نەوەستێتەوە لەگەڵ بنەماو ڕێساکانی عەلمانییەتدا. کە ئەم چەشنە ئاینداریەو ئەم شێوازە لە ئازادی هەمان چەشنی ئایینداری و ئازادی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەکانە، بەلاّم ئەمجار لە بری ئیمپراتۆر (تاغووت)ـــەکانی عەلمانییەت دەپەرسترێن، وە لە بری ئایینی ئیمپراتۆریا ئایینی عەلمانییەت دەسەپێنرێت .

لە بابەت ئایینی جوولەکایەتیشەوە ئاشکرایە کە جووەکان بۆ خۆیان هەر لە دەمی سەرهەڵدانی ئایینەکەیان و لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن و ڕۆژدا کەوتنە تەحریف کردنی کیتابی ئایینەکەیان (تەورات) و زۆرێك لە بنەماو پایە ئەساسییەکانی بیرو باوەڕەکەیان لە جێگاو مەبەستی خۆی ترازاند، لە کتابێکی داڕێژراو لەسەر بیرو باوەڕێی غەیبانی و بیناکراو لەسەر پەرستشەکانی، وە لەگەڵ ڕستێك (کۆمەڵێك) یاساو ڕێسای دانراوی خودایی تایبەت بە کارو بارە دونیاییەکان و چالاکییە ڕۆژانەکانی مرۆڤ، پاش تەحریف کردنی وەریان جەرخان بەرەو ئایینێکی دابڕاو لە دونیاو هەر کاروبارێکی هاو پێوەند بە ژیانی مرۆڤەوە، دواجار لە ڕستێك پەرستش و ڕەسم و سرووتی شێوێنراو کورتیان هەڵێنا، ئیدی بۆ خۆیان دەستیان کردە داڕشتنی یاسا بۆ کاروبارە دونیاییەکانیان هەڵبەت بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ دیدو تێڕوانینێکی ئایینی .

واتا جووەکان دەستپێشخەرییان کرد لە عەلمەنەکردنی ئایینەکەی خۆیان و بە هێجگاری لە دونیاو هەر کاروبارێکی هاو پێوەند بە ژیانی دونیاوە دایانبڕی و بە تۆبزی خزاندیانەوە بۆ نێوگۆشەی پەرستگاکەی، عەقلّ و وارسکە (غەریزەو ئارەزوو)ەکانی خۆیانیان کردە یاساو دەستووری ژیانیان، بەمشێوەیە ئەوەی ئایین لێی یاساغ کردبوون ڕەوایەتییان پیّ بەخشی بەپێچەوانەشەوە . لە دواتریش هەر قەشە جووەکان بوون کیتابی پیرۆز(ئینجیل)یان تەحریف کردو عەلمەنەیان کرد، هەروەك تەبەنی فیکرو فەلسەفەی یۆنانیشیانکرد بەتایبەتیش فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، چوون لەگەلّ بۆچوون و خواستەکانیاندا یەکی دەگرتەوە، جووەکان ڕۆلّێکی گەورەشیان بینی لە هەرەسی دەسەلاّتی ئایینی لە ئەورووپاو لە هەمان کات گەلاّلّە کردن و سەرخستنی ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەت، لەو بوارەشدا ڕۆلّی زایۆنیزم و سەهیۆنییەت و بۆرژووا و سەرمایەدارانی جووی ئەورووپا نکولّی ناکرێت، هەموو ئەمانەش سەرەتاکانی گەلاّلّە بوونی عەلمانییەت نیشاندەدەن.

لەبەرامبەر عەلمانییەت و ڕاڤەو بۆچوونەکانی، ئایین ڕاشکاوانە خۆی بەیان دەکات لە هەمان کات هەلّوێستی خۆیشی لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەت و هەوادارانی ناشارێتەوە.

ئایین هەروەك لە دەق و تێکستەکانی خۆیدا ڕوونی دەکاتەوە جگە لە بیرو باوەڕو، ڕەسم و سرووت، یاساو ڕێسای ژیان و نزم و سیستمی کۆمەلّگایە، واتا ئایین بیروباوەڕە، دروشم و پەرستنە،یاسا و دەستوورە، سیاسەت و دەولّەتە، ئابووری و بازرگانییە، کۆمەلّگەو خێزانە، پەروەردەو ئەخلاقە، زانست و هونەرە، نەریت و کلتوورە.

هەروەها لە دیدی ئاییندا، عەلمانییەت ئایین و ئایدیۆلۆژیاو یاساو ڕێسایەکی داڕێژراو و دەستکردە، ئامانجی وەرچەرخانی مرۆڤ و کۆمەلّگەیە لە ملکەچی خودا بۆ ملکەچی (تاغووت و ستەمکار)، لە پەیڕەوکردنی ئایینی خودا بۆ پێڕۆکردنیدنی ئاین و یاسای (تاغووت و ستەمکار) هەروەها ڕوو وەرگێڕان لە ئاسمانەوە بۆ زەمین، وە فەرامۆش کردنی بەهەشتی ئاسمانی بەلّێن پێدراوی ئایین و بایەخدان تەنها بە بەهەشتی سەرزەمینی و ئەمێستاکەی عەلمانییەتە .

ئایین ڕەتی دەکاتەوە وەحی شوێنی عەقلّ بگرێت، بەلّکو دەبینیت عەقلّی مرۆڤ شوێنی وەحی خودایی بکەوێت، واتە ئایین دژی عەقلّ نییە، بەلّکو ڕێنمایی عەقلّ دەکات لە پەی بردن بە

غەیب و نەبینراوەکان، وە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات لە چۆنییەتی ڕێکخستنی نەزمی ژیانی لەگەڵ هێشتنەوەی دەرفەتی وە گەڕ خستنی عەقڵ لە چۆنییەتی بەرخورد کردن لەگەڵ یاساکانی شەریعەتی ئاین بەبێ دەست وەردان لە جەوهەری خودی ئەو ڕێسایانە، هەروەها تاودانی عەقڵ لەتەواوی کایە زانستییەکان و چۆنییەتی بەکاربردن و بە گەڕ خستنی سەرچاوە ماددییەکانی بەردەستی.

بەلاّم عەلمانییەت وەحی و یاساکانی ئایین بە گشتی ڕەت دەکاتەوە، تەنها پێ لەسەر عەقڵ و ئارەزو و خواستی خودی مرۆڤ دادەگرێت، کە ئەمەش دەرەنجامەکەی ئاشکرای . هۆی ڕەتکردنەوەی ئایین و شەریعەتەکەی وە بڕوا نەبوون بە نادیارو سرووش (غەیب ، وەحی) لەلایەن عەلمانییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەلمانییەت هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر ئایین و دونیا بینی ئایینیدا گەلاّڵە بوو، واتە بۆ داڕماندنی خودی ئایین و داشۆرینی مێشکی مرۆڤ لە هەر بیرو بڕوایەکی ئایینی لەگەڵ تێکڕماندن و هەڵوەشاندنەوەو ڕامالّینی ئەو جیهانەی کە ئایین بونیادی ناوە، لەگەڵ گەلاّڵە بوونیشی عەلمانییەت کەوتە شوێنگرتنەوەی ئایین، واتە بوویە ئایینێکی ڕەسمی و کەوتە داڕشتنەوەی بیرو هزری مرۆڤ، تێگەیشتنی دەربارەی خوداو گەردوون و بوونی خودی مرۆڤ خۆیشی، وە عەلمانییەت بنەماو پرەنسیپەکانی خۆی کردە یاساو ڕێسای کۆمەڵگەو لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە دەوڵەت و کۆمەڵگەو خێزان و پەروەردەو ئەخلاقی داڕشتەوەو ئاڕاستەی چالاکییە سیاسیی و ئابووری و کۆمەلاّیەتییەکانیی کرد. لێرەشەوە بیرو بڕوای ئایینی و هەر چشتێکی هاوپێوەندی لە بابەت غەیبانییەت و سرووشت، بەهەشت و دۆزەخ و ڕۆژی بەرێ (قیامەت) بە هێجگاری لەق بوون و دایان لەلاوازی، چوون هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا عەلمانییەت لە بەرامبەر دین دامەزراوەو لەسەر بنەما فیکرییەکانی فەلسەفەی ڕۆمانی و یۆنانی و تەورات و بۆچوونی مرۆڤخوازەکان و سرووشتگەراکان گەلاّڵە بوو، کە سەرجەمیان دژە دین بوون .

## تێڕوانینی عەلمانییەت دەربارەی خودا و ئایین :

ئایین و ئایدیۆلۆژیا، واتە بیرو باوەڕ جاخۆ ئەو بیرو باوەڕە لەسەر بنەمای ئایینێکی ئاسمانی یاخود لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی زەمینی بونیات نرابێت. واتە هەر یاسایەکی داڕێژراو بۆ ڕێکخستنی

ژیانی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا ئایینیشە، ئایینی واتە شەریعەتی، جا خۆ ئەو یاسایە ئاسمانی بێت و لەلایەن خوداوە نێردرابێت، یان لەلایەن (تاغووت – ستەمکار)ێکەوە داڕێژرابێت و سەپێنرابێت بەسەر مرۆڤەکاندا. ئەمەش پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە دوو جۆر ئایین لەسەر زەویدا بوونی هەیە کە ئەویش ئایینی ئاسمانی خودایی و دووەمیش ئایینی زەمینی و دانراوی (تاغووت – ستەمکار).

ئاشکرایە ئایینی ئاسمانی لەسەر بڕوا بوون بە خوداو ڕۆژی بەریێ و بەهەشت و دۆزەخ و مولزەم بوونی تاکی ئاییندار بە حەڵاڵ و حەرامەکانییەوە بینا کراوە، وە ئایین و ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەتیش لەسەر بنەمای مادیگەرایی بنیات نراوە. واتە باوەڕ بوون تەنها بە مادەو ژیانی ئەمێستای سەر زەمین، وە بێ بڕوا بوون بە خوداو ژیانی پاشەڕۆژە .

ئەم ڕاستییەیە دەریدەخات کە عەلمانییەت لەسەر کوفر (ئیلحاد) داڕێژراوەو تەنها تەرکیز لەسەر ئەم دونیایەو زیندەگی سەر زەمین دەکات، هیچ بیرو بڕوایەکی بە جیهانی نادیار نییە، هەر لە ڕووانگەی ئەو بێ بڕواییەی بە ڕۆژی بەریێ (قیامەت) و پاداشت و سزاوە، تەواوی یاساکانی خۆی داشتوە، هەر بۆیەش عەلمانییەت تەواوی حەرامەکانی ئایین حەڵاڵ دەکات و حەڵاڵەکانیش حەرام بکات، بەڵکو لەنێو دەڵەت و کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی دا هیچ بایەخێك بۆ ئایین و شەریعەتی ئایینی دانانێت .

عەلمانییەت چەندین تێڕوانین و مەزهەبی جیاوازی لێکەوتەوەو سەرەکیترینیان عەلمانییەت سۆشیالیستی و عەلمانییەتی لیبڕاڵی بوو، کە لە زۆر بۆچوونیاندا دژ یەك بوون، عەلمانییەتی سۆشیالیستی لەلایەن بەرەی ڕۆژهەلاّت واتا ولاّتانی کۆمۆنیستی وەك (یەکێتی سۆڤییەت، صین و کۆریای باکوورو...هتد) بانگەشەی بۆ دەکراو پراکتیزە دەکرا. وە بیریاران و پێشڕەوانی ئەم فیکرەیە (مارکس و ئەنگلزو و لینین و ماو تسی تۆنگ و ...هتد) بوون. بەپێی بۆچوون و تێڕوانینەکانی عەلمانییەتی سۆشیالیستی، ژیان تەنها بریتییە لە ماددەو هەر لە خودی ماددەشەوە سەری وە دەرناوە، وە زاتێك بوونی نییە بە ناوی خوداو درووستکاری بوون ! هەروەها خودی مرۆڤیش تەنها بریتیە لە ماددەیەکی بێ ڕۆح، ئیدی ژیانیش هەر ئەم ژیانەی ئێستایەو لە دوای ئەویش زیندەگییەکی دی بوونی نییەو ئایینیش خورافەیە، لەسەر بنەمای ئەم بیرو

بۆچوونانە عەلمانییە سۆشیالیستییەکان لەسەرجەمی ئەو وولاّتانەی دەسەلاّتدار بوون ئایینیان یاساغ کردو ئاییندارانیان خستە ژێر گوشارو کوشت و بڕو، پەرستگاکانیان تێکڕماند.

هەرچی عەلمانییەتی لیبڕالّیە هەمان دیدو بۆچوونەو ئەمیش بوونی خوداو ئایین و ڕۆژی بەرێ (قیامەت) و پاداشت و سزا وەك خورافەو ئەفسانە وێنا دەکات و هیچ بڕوایەکی بە جیهانی غەیب و زیندوو بوونەوەو ژیانی دووەمی مرۆڤ نییە، لەسەر ئەم بنەماو تێڕوانینە کوفراوییە (ئیلحادییە) تەواوی پرەنسیپ و یاساو ڕێساکانی خۆی داڕشتووە.

واتە عەلمانییەت بڕوای بە پاداشت دانەوەو سزادانی مرۆڤ لەسەر کردەوەکانی نییە، چوون لە دیدو تیگەیشتنی ئەودا شتێك نییە بە نێوی خوداو ڕۆژی دوایی و بەهەشت و جەهەننەم. بەبڕوای ئەو ژیان هەر ئەم ژیانەیەو بەس، وە مرۆڤیش سەربەستە لەوەی چی دەکات و بەرپرسیاریش نییە لەو کردەوانەی ئەنجامی دەدات لە پێناو تێرکردنی چێژو خواستەکانی خۆی، لە کاتێکدا ئەو کردەوانەی نەبێتە هۆی بێزاری ڕاستەوخۆی خەڵکانی دی .

لە سۆنگەی ئەم بۆچوونە عەلمانییەوە مرۆڤ ئازادەو سەربەستی ڕەهای هەیە لە ئەنجامدانی هەرکارو کردەوەیەك گەرچی پێچەوانەی ئایینیش بێت، هەروەها ئایین وەك هەر کایەیەکی دی ژیانی مرۆڤ مافی بوونی لە نێو کۆمەڵگەدایەو ئایینداراانی دەتوانن مومارەسەی بکەن، بەلاّم تەنها لە نێو پەرستگاکانی خودی ئاییندا، ئەویش تەنها پەرستش و ڕەسم و سرووتەکانی، لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە عەلمانییەتی لیبڕاڵی تەنها وەك هەندێ پەرستشی فەردی لە ئایین دەڕوانێت، نەك وەك یاساو ڕێسایەك بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت و ڕێکخستنی کۆمەڵگا، بەڵکو عەلمانییەتی لیبڕاڵی بە توندی دژی هەر دەوڵەت و یاساو ڕێسایەکی ئایینیشە. لێ عەلمانییەتی لیبڕاڵی بە بوونی پەرستگاو مومارەسەکردنی پەرستشە ئایینییەکان لە نێو سنووری چوار دیواری پەرستگاکاندا ڕەزامەندە، ئەمەش بەو هۆیەوە کە پێی وایە ئایین تەنها پەرستشەو ئەوەش تەنها پێوەندی بە خودی مرۆڤەکان هەیە، ئەمە جگەلەوەی پەرستشە ئایینیەکان کاریگەرییان لەسەر دەوڵەت نابێت .

واتە لە دیدی عەلمانییەتدا هەروەك چۆن دەکرێت لە نێو کۆمەڵگەدا تیاترۆو مەلهاو باڕو قومارخانەو یاریگاو پارك و قوتابخانەو زۆر دامەزراوە گەلی دی بوونیان هەبێت، لە هەمان کاتدا

دەكرێت پەرستگاش وەك هەر یەك لەو دامەزراوە گەلانە لەنێو كۆمەڵگادا بوونی هەبێت، وە چۆن مرۆڤەكان سەردانی هەریەكە لەو نادی و یانەو دامەزراوە گەلانە دەكەن، بە هەمان شێوەش ئازادن لە سەردانكردنی پەرستگاكانیشدا، واتە چۆن مرۆڤەكان لە ئەنجامدانی وەرزشە جۆراو جۆرەمانی لە بابەت مەلەوانی و تۆپی پێ و باسكەو كەمالەدستان و هەر یارییەكی دی ئازادن، بە هەمان شێوەش ئازادن لە ئەنجامدانی ڕەسم و سرووتە ئایینییەكانیش، ئەمەش بەو مانایەی كە لە دیدو تێڕوانینی عەلمانییەتدا جیاوازی نییە لە نێوان یاریگایەك و پەرستگایەكدا، وە پێشی وایە چۆن وەرزشەوانان مافی ئەوەیان هەیە لە یاریگاكانیاندا مومارەسەی یارییە وەرزشییەكان بكەن هەر ئاواش ئایینداران مافی ئەوەیان هەیە كە لە پەرستگاكانیاندا مومارەسەی پەرستشەكانیان بكەن. لە دیدی عەلمانییەكاندا جیاوازی نییە لە نێوان وەرزش و پەرستشە ئایینیەكاندا، بەلاَم ئەوەندە هەیە كە وەرزشەوانان كاتێك لە وەرزشگاكانیاندا پرۆڤە دەكەن، دەڵێن وەرزش دەكەین، بەلاَم ئایینداران كاتێك لە پەرستگاكانیاندا مومارەسەی پەرستشەكانیان دەكەن دەڵێن ئێمە خوداپەرستی دەكەین، هەروەك وەرزشوانێكی تر مومارەسەی یاری ئاسن دەكات بۆ دابەزاندنی كێشی لەش، ئاییندارێكش بە ڕۆژوو دەبێت و واز لە خواردن و خواردنەوە دێنێت، هەموو ئەمانەش لە بۆچوونی عەلمانییەكاندا هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ یەكدیدا نییەو سەرجەمیان دەچنە خانەی ڕەفتاری تاكە كەسییەوەو مومارەسە كردنی هەر كام لەوانەش لە سنووری ئازادییە كەسییەكاندایە، جا ئیدی هەر ناوێكیشیان لێدەنرێت گرفت نییە، نوێژو فۆتبۆڵێن و باسكەو ڕۆژوو و یاری ئاسن و ڕاكردن، گرنگ ئەوەیە هەر هەموو ئەمانە هیچ تەداخولێك لە سیاسەت و كاروباری دەوڵەت ناكەن، هەروەك چۆن كاریگەریشیان لەسەر كۆمەڵگە نییە، بەلاَم ئەوەی لای عەلمانییەت و عەلمانییەكان گرنگە، بیرو باوەڕی ئایینی و یاساو ڕێساكانی ئایینە،كە ڕازی نین لەسەر بنەمای ئایین و یاساكانی دەوڵەت و كۆمەڵگە بەڕێوە ببرێت، بەڵكو عەقلَ و ئارەزووی خۆیان دەكەنە یاسا !

ئالەم دیگایەوە عەلمانییەكان دەڵێن: ئێمە لە كاروباری حوكمڕانی دا بۆ دەستوورو دەگەڕێنەوە، نەك بۆ كتێبە ئاسمانییەكان، وە دەڵێن: ئەمە مانای ڕەتكردنەوەی ئایین ناگەیەنێت، بەڵكو بە مەبەستی باڵاكردن و بەرز كردنەوە و پاك ڕاگرتنییەتی،

نەبادا بۆ خزمەتی ویستە تایبەتییەکان بەکار بهێنرێت.(١٩٧) ئێمەش دەپرسین ئایا بەرز ڕاگرتن و پاك ڕاگرتنی بەرنامەو دەستوورێك كە بۆ موداراکردنی ژیانی مرۆڤ دانراوە لەوەدایە کە کاری پێ نەکرێت و بخرێتە ژێر تۆزەوە، یان ئایا لەمرۆدا کە بلۆکی ڕۆژهەلاَت شکستی هێناوە ئایدیۆلۆژیای شیوعییەت و عەلمانییەتی سۆشیالیستی کاری پێ ناکرێت، ئەمە مانای بالاَ کردن و بەرز ڕاگرتنییەتی ! یان ئەمە ڕیسوابونی شیوعییەت و عەلمانییەتی سۆشیالیستی و تووڕدانییەتی بۆ دەرەوەی دەولّەت و کۆمەلّگەو فڕێدانییەتی بۆ نێو دوو توێی لاپەڕەکانی مێژوو. لێرەشەوە دەتوانین بلّێین سەرجەمی ئەو پاساوانە بیانوون بۆ کۆتایی هێنانی ڕۆلّی ئایین و وەدەرنانی لە دام و دەزگاکانی دەولّەت، وە دوورخستنەوەی لە ژیانی کۆمەلّگە، ئەمەش واتای کۆتایی هێنانە بە ڕۆلّی هزری و سیاسیی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتووری ئایین و کورت هەلّهێنانییشییەتی لە هەندێ پەرستیشی جەستەیی و ڕۆحیدا دواجاریش خزاندنەوەی بۆ نێو گۆشەی پەرستگاکەی و بەندکردنیشیەتی هەر لە سنووری چوار دیوارەکەیدا، هەروەك وەرزشە جۆراو جۆرو هەمە چەشنەکانی لە بابەت مەلەوانی و فۆتبۆلّێن و باسکەو ڕاکردن کە هەر یەکەیان شوێنی تایبەت بە خۆی بۆ پێکهێنراوەو وەرزشەوانان دەتوانن بچن لە هەر یەك لەو یاریگایانەی کە هەر یەکەیان بۆ جۆرێك وەرزش درووستکراوە، ئەو وەرزشە ئەنجام بدەن کە بۆ خۆیان خواستی دەکەن، ئاییندارانیش هەروەك ئەوان دەتوانن بچن لە پەرستگاکاندا پەرستش ئەنجام بدەن. ئیدی لەودیوی دەروازە (دەرگا)ی پەرستگاکانیشدا کۆتایی بە باس و خواسی ئایین دێت هەروەك چۆن لەودیوی سنووری یاریگاکانیشەوە کۆتایی بە وەرزش و باس و خواسی دێت .

ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە عەلمانییەت وەك بەرنامەی ژیان و ڕێگای ئامانجی بالاّی مرۆڤ لە ئایین نارِوانێت، بەلّکو هەروەك شێوە وەرزشێك لێی دەنۆڕێت، لە سۆنگەی ئەم تێڕوانینەوە ڕێگای بەبوونی پەرستگاکانی لە نێو کۆمەلّگادا داوە لەپالّ بوونی نادی و بارِو وەرزشگاکانی دیدا،

---

(١٩٧) دیالۆگ لەمەڕ عەلمانییەت- د. فەرەج عەلی فودە- چاپی یەکەم-ل١٤٠.

دەتوانین بڵێین ئەم شێوە تێڕوانینەی عەلمانییەت لەسەر ئایین و ژیانی دووەمی مرۆڤ درێژکراوەی فیکری یۆنانی کۆنە، وە لە دیدی یۆنانییەکانیشدا ژیانی دووەم بوونی نییەو تەنها بایەخیان بە ژیانی ئەمێستا دەدا، عەلمانییەتیش پێ لەسەر هەمان بۆچوون دادەگرێت، پێی وایە بەهەشتی ئاسمانی بوونی نییەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەهەشت هەر لەسەر ئەم زەویەیە، لێرەشەوەیە کە ئازادی ڕەهای فیکری و کرداری دەبەخشێتە مرۆڤ تا بە پێی ویست و خواستی خۆی هەرچییەکی دەوێت ئەنجامی بدات، بۆ ئاسوودە کردنیشی لە بەرپرسیارییەتی کردەوەکانی، عەلمانییەت بوونی ڕۆژی پرسینەوەو زیندوو بوونەوەو ژیانی دووەم و پاداشت و سزا ڕەت دەکاتەوە .

## بنەما سیاسییەکانی سیستمی عەلمانییەت :

عەلمانییەت لە دوای دەستگرتنی بەسەر دەوڵەتدا یەکەم کاری بریتی بوو لە هەرەس پێهێنانی دەسەلاتی ئایینی و دواتریش جوودا کردنەوەی یەکجاری ئایین لە کاروباری سیاسیی و دەوڵەتداری، وە دەوڵەتی لەسەر بنەمای یاساو ڕێسا دەستکردو دانراوەکانی مرۆڤ بونیاتناو عەقڵ و چێژو ئارەزووەکانی خودی مرۆڤیش سەرچاوەی ئەو دەستوورو یاسایانە بوون، لێرەشەوە کۆتایی حوکمی ئایینی ڕاگەیەنراو کارکردن بە یاساکانی ئایین دوایی پێهێنرا .

سیاسەت و دەوڵەتڕانی عەلمانی لەسەر بەرژەوەندی ماددی و تێڕوانینی مرۆڤ بونیاتنراوە، ڕوانینی ئەو مرۆڤەش وەستاوە لەسەر عەقڵ غەریزەو وارسکەکانی (چێژەکانی) .

لە یەکەمین هەنگاودا عەلمانییەت ڕووانگەو سیاسەت و بنەماکانی سیستمی سیاسیی ئایینی ڕەفز دەکات، ئایین یاساو ڕێساکانی خۆی سیاسەتی دەوڵەت ئاراستەی دەکات و بەرژەوەندییە ماددییەکانی دەوڵەتیش هەر لەسەر ئەو بنەمایانە دادەڕێژرێت، هەروەها هەڵوێستە سیاسییەکان و بەرپاکردنی جەنگەکان و بەستنی هاوپەیمانییە سیاسیی و سەربازییەکانی لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە ئەنجام دەدات، واتە لە ئاییندا جەنگ بەرامبەر دوژمنانی دین بەرپا دەکرێت، وە پشتوانی لە چەوساوان دەکات .

بەلاَم عەلمانییەت پەیێی عەقلْ و غەریزەو بۆچونی مرۆڤ دەولْەترانی دەکات، وە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی مادی هاوپەیمانی دەکات و هەر لەو پێناوەشدا جەنگ بەرپا دەکات لە بەرامبەر هەر کەسێکدا کە لە دیدی ئەودا زیان بە بەرژەوەندییە مادییەکانی بگەیەنێت، ئیدی ئەو کەس و لایەنانە هەر کێ بن، ئایینداریان بێ ئایین ! واتە ئەم دەولْەتە نا ئایینییە لەسەر بنچینەی بیرو باوەڕی عەلمانی بونیات دەنرێت، وە عەقیدەی عەلمانیش دەکاتە بنەمای دارِشتنی دەستور و پێکهێنانی یاساو ڕێساکانی، لێرەوە بیری نەتەوە پەرستی و برایەتی ڕەگەزی جێگای بیری ئایینی و برایەتی ئایینی دەگرێتەوە، وە لە بری ملکەچی بۆ خودا و ئایین و حەرام و حەلاَلْەکانی، ملکەچی بۆ دەولْەت و ئایینی عەلمانییەت و حەرام و حەلاَلْەکانی ئەو دەکرێت .

واتە دادگاکانی ئایین هەلْدەوەشێنرێنەوەو حوکمەکانی شەریعەت وەلاوە دەنرێن و دادگای عەلمانی پێکدەهێنرێن، کە کار بە یاساو حوکمەکانی دەستووری عەلمانی دەکات، هەروەها خوێندنگا ئایینییەکانی دادەخات و پەروەردەی ئایینی یاساغ دەکات و دامەزراوەی پەروەردەی لەسەر بنەماکانی عەلمانییەت بونیات دەنێت، بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ کام لە بنەماکانی ئایین، وە تێکەلْی هەردوو ڕەگەز کە ئایین یاساغ و حەرامی کردووە دەکاتە شتێکی باو و ئاسایی و ئەمە جگە لە مەنع کردنی حیجاب و هەر ڕەمزێکی دی ئایینی. هەروەها ئەو ئازادییەش کۆتایی پێ دێنێت کە ئایین بەخشیویەتی و سنوورەکانیشی ڕەنگرێژ کردووە، کە ئەوەش خۆی لە پارێزگاری کردنی پیرۆزییەکان و پاراستنی سنوورە ئەخلاقییەکان و ڕێگری کردنی هەر دەست درێژی و تەشهیرو بەرەنگار بوونەوەی هەر فەسادو بەدڕەوشتییەکدا خۆی دەبینێتەوە، لە بەرامبەریشدا عەلمانییەت ئازادی ڕەها دەداتە مرۆڤ، لێرەشەو کوفرکردن و هەلْگەڕانەوە لە ئایین، تەشهیرو ئیهانەو دەست درێژی بۆ سەر پیرۆزییەکان، وە پڕو پاگەندەو درۆو چەواشەکاری و بلاَوکردنەوەی هەر بەد ئەخلاقییەك، بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕاگەیاندن و ئازادی کەسی ناودێر دەکات .

هەروەها تەشەنە سەندنی بەدڕەوشتی ئەخلاقی و کردنەوەی بێ شوماری نادی و یانەکانی داوێن پیسی و خواردنەوەو قومارو ئەنجامدانی نێربازی و مێبازی و خستنەوەی مندالْی بیژۆو گۆڕینی ڕەگەزو هەر کارێککی دی لەو چەشنە، وەك ئازادی تاکەکان وێنا دەکات، لەهەمانکات کاری سووخۆری و قۆرخ کاری، وەك ئازادی چالاکی ئابوورییانەی تاکە کەسی دەناسێنێ،

ڕاستتر بڵێین ئەو ئازادییەی کە عەلمانییەت دەیبەخشێتە مرۆڤەکان هیچ نییە جگە لە بەد ئەخلاقی نەبێت، واتە ئەو و فەسادە فیکری و ئەخلاقی مادییەی کە ئایین یاساغی کردووە لە مرۆڤەکان عەلمانییەت ڕەوایەتی پێ دەدات و هیچ کۆت و بەندێك لەسەر ڕێی دەست پێڕاگەیشتن و مومارەسە کردنیان ناهێڵێت، بگرە کار ئاسانیشیان بۆ دەکات تا هەر مرۆڤێك بە سانایی دەستی پێڕا بگات و بەبێ ڕەچاو کردنی هیچ کام لە پرەنسیپە ئایینی و ئەخلاقییەکانیش مومارەسەی هەر کام لە مەیل و ئارەزووەکانی بکات بە هەر چەشنێ کە بۆ خۆی خواستی دەکات، لەم پێناوەشدا و لە هەر دەوڵەتێکی عەلمانیدا چەندین نادی قوماربازی خواردنەوەو تیاترۆی داوێن پیسی هەمە چەشنە پێکهێنراونو زۆر ئازادانە کاری فەسادی تەشەنە پێ دەدەن. دەوڵەتی عەلمانیش نەك بەرەنگاری ناکات، بەڵکو بۆ خۆی هاوکاری درووست کردن و پێکهێنانیانی داوەو هەر بۆ خۆشی پارێزگارییان لێدەکات، ئەمە جگە لە دامەزراندنی دەیان و بگرە سەدان دەزگای بینراو و بیستراو و نووسراو کە کاریان تەنها بلاْو کردنەوەی بەدڕەوشتی فیکری و ئەخلاقی و ئابوورییە. کە لە ژێر سایەی دەوڵەتی عەلمانیدا مومارەسەی کارەکانیان دەکەن، هەر ئەو دەوڵەتە لادینییەشە کە پارێزگاری بانك و دامەزراوە سووخۆری و قۆرخکارییەکان دەکات، هەروەك کە بۆ خۆیشی لەسەر هەمان بنەمای سووخۆری تەواوی کاروبارە ئابوورییەکانی ڕایی دەکات، سەرباری باج و زەریبەو گومرگ کە هەر یەکە لەوانەش پێچەوانەن لەگەڵ بنەمای کارکردنی ئابووری ئایینی. لێرەشەوە ئەوە دەچەسپێت کە دەوڵەتی عەلمانی لە دوای چەسپاندنی بنەماو پرەنسیپە عەلمانییەکان کاری دابینکردنی ئەمنییەتی هاوڵاْتیانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیە لەگەڵ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ مرۆڤە چاکەکارو مرۆڤە خراپە کارەکان، تا مومارەسەی هەر خواستێکی خۆیان بکەن ئەمە بەبێ ڕەچاوکردنی ئایین و ئەخلاق و فەزیلەت، ئیدی ئایین و ئەخلاق بەشێك نابن لە دەوڵەتی لادینی عەلمانی، بەڵکو عەقڵ و ئارەزووەکانی مرۆڤ بنەمای ئاڕاستەکردنی سیاسیەت و داڕشتنی یاساکانی وە شێوازی ئیدارەدانی تەواوی کاروبارەکانی ئەو دەوڵەتە دەبێت، واتە عەقڵ و ئارەزوو دەبێتە ئایین و یاساو ڕێسای ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگە عەلمانییە. لێرەشەوە دەستبردن بۆ ڕێگری کردنی هەر فەسادو خراپەکارییەك وەك پێشێل کردنی یاساو دەست درێژی بۆ سەر ئازادییەکانی تاك وێنا دەکرێتە لە حاڵێکدا وەها کارێکی لەو چەشنە لە دیدی ئاییندا ئەرکێکی گرنگی هەر ئاییندارێکە،

هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە ئازادی تەنها بۆ چاکەو چاکسازییە نەك بۆ فەسادو خراپەکاری، واتە لە ژێر سایەی عەلمانییەت و دەسەلاتی دەولەتەکەیدا حەرامکراوەکانی ئایین ئازادو رێ پێدراون، وە حەلاڵ کراوەکانیش یاساغن، یان بە شێوازێکی دی فەرمانەکانی ئایین لە دیدی عەلمانییەتدا دەست درێژین بۆ سەر ئازادی مرۆڤەکان و پێشێل کردنییان، واتە ئەوەی ئایین فەرمانی کردووە بە مەنع کردنی وەکو هەموو شێوازەکانی فەسادی فیکری و سیاسیی و ماددی و ئابووری و کلتووری و کۆمەلایەتی و ..هتد، عەلمانییەت ڕێی مومارەسە کردنی داون و دژی یاساغ کردنیشیانە، هەروەها ئەوەش کە ئایین فەرمانی بە ئەنجامدانیان کردووە، وەك فەرمان کردن بە چاکە لە دیدی عەلمانییەتدا تەداخول کردنە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، بەو پاساوەشی ڕێگری دەکات. ئیدی لە نێو ئەم دەولەتە نادینییەدا خوداو ئایین پەراوێز دەخرێن و لەبری وان دەولەتی عەلمانی بڕیار دەدات.

هۆبز دەڵێت: هەل و مەرجێك لە بارووددۆخی پێش دامەزراندنی دەولەت و کۆمەلگەی مەدەنی وەك بارووددۆخی سرووشتی وێنا دەکات کە لەو دەمەدا مرۆڤەکان لە ترس و ئەمین نەبوونێکی بەردەوامدا دەژیان، ڕێگا چارەش بۆ ڕزگار بوون لەو دۆخە ئەوەیە کە هەموو کەس لە پەیمانێکدا مافی پارێزگاری کردن لە نەفس و سەقامگیر کردنی ئەمنییەت بە دامەزراوەیەك (تاك یان ئەنجوومەنێك لە تاکەکان) کە لە دەرەوەی ئەو پەیمانەیە، بگوازنەوە. بەو شێوەیە لویاتانێك پەیدا بوو کە هەروەك خوداوەندێکی زەمینی ئەفرێنەری ماف و ئەرکی رەعییەتەکانەو ئەگەر چی بەرهەمی ئیرادەی ڕێکخەری تاکە بەدی هێنەرەکانی خۆیەتی، بەلام دواجار خاوەنی ئیرادەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، جیا لە ئیرادەی ئەوان. ئەو ئیدی هیچ بەرپرسیارییەتێکی لە بەرامبەر ڕەعییەتەکاندا نییە، جیا لە بەرگری کردن لە ئەمنییەتی ئەوان.(198)

بەم پێیەو لەژێر هەژموونی دەولەتی عەلمانیدا هەموو بیرو باوەڕێك بەبێ جیاوازی باش و خراپ پەرەی پێ دەدرێت و بانگەشەی بۆ دەکرێت گەرچی دژی ئایین و ئەخلاق و عەقڵ و سرووشتی خودی مرۆڤیش بێت،

---

(١٩٨) لە دەولەتی دەسەلاتخوازەوە بۆ دەولەتی عەقڵ-کەمال پولادی- ل١٠٥.

ئیدی تەواوی پیرۆزییەکان تێك دەشکێنرێن و لەکەدار دەکرێن، سنووری حەرامکراوەکانی ئایین دەبەزێنرێن و هەموو ئەمانەش بە پاساوی ئازادی ڕەهای مرۆڤ، عەلمانییەت ئەنجامی دەدات .

دەوڵەت لە دوای چەسپاندنی عەلمانییەت و ڕوونکردنەوەی یاساکانی تەنها ڕۆڵی دابین کردنی ئەمنییەت دەبینیت . دیاری کردنی حەرام و حەلاڵ یاخود باش و خراپ لە دیدی عەلمانییەتدا ئەوە نییە کە خودا دیاری کردووە لە ئایینداء چوون عەلمانییەت هەر لە بنەڕەتەوە بڕوای بە بوونی خودا نییەو کۆی ئایینەکانیش بەبێ جیاوازی وەك خورافەو ئەفسانەو چیرۆك دەبینێت، بەڵکو لە تێڕوانینی ویدا عەقڵ و ئارەزوو چێژ و دواجاریش زانست بناغەیە بۆ دیاری کردنی هەر حەرام و حەلاڵێك یاخود هەر باش و خراپێك . واتە هەر کارێك کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات گەر زیانی ڕاستەوخۆی بینراو بەرجەستەی لێنەکەوتەوە ئەوا مومارەسە کردنی ئەو کارە ڕێدراوە، یاخود بە پێچەوانەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەر کردەوەیەك مایەی چێژو خۆشبەختی مرۆڤ بوو، دەکرێت مرۆڤ ئەنجامی بدات وە هەر کردارێك مایەی ئازار بوو بۆ مرۆڤ دەکرێت وەك کردارێکی خراپ باسی لێوە بکرێت، هەروەها عەلمانییەت لەسەر هەمان ئەم پێوەرانە ئەخلاقی پەسەند لە ئەخلاقی ناپەسەند لێکجوودا دەکاتەوە .

بەو مانایەی کە مادام دەست درێژی بۆ سەر پیرۆزییەکان و تێپەڕاندنی سنوورە یاساغکراوەکانی ئایین زیانی ڕاستەوخۆی بۆ مرۆڤ نییە ئەوا دەکرێت هەر کوفرو تەشهیرو درۆکردن و بوهتانێك وەك ئازادی ڕادەربڕین پێناسە بکرێن و مومارەسە بکرێن جاخۆ بەنێوی هونەرو ئەدەب و چیرۆك و شیعرو هەر چ شتێکی دییەوە بێت، بەو هۆیەشەوە کە چێژو ڕابواردن مایەی چێژو خۆشین، مرۆڤ ئارەزووی دەکات، زانستیش گرفتێکی ئەوتۆی لەو بارەوە نییە ئەوا دەکرێت مرۆڤ بەهەر جۆرو شێوازێك کە خواستی دەکات مومارەسەی بێ ڕادەی بکات، ئیدی هەموو ئەو کردارانەی کە ئایین وەك بەدڕەوشتی دیاری کردوون نزیك کەوتنەوەیانی مەنع کردووە، عەلمانییەت ڕەوایان دەکات، وە بەدڕەوشتی بە هەموو شێوەو جۆرەکانییەوە دەبێتە شتێکی باو و بەرچاوی نێو کۆمەڵگەو وەك دیاردەیەکی زۆر سادەو ئاسایی لێی دەڕوانرێت و بەیاسا پارێزگارییان لێ دەکات گەر نەشڵێین کە بۆخۆی پەرەیان پێدەدات. بەمشێوەیە نادی و بارەکانی خواردنەوەو قومارخانەکان و تیاترۆکانی داوێن پیسی و بەدڕەوشتی و تەواوی دامەزراوە ڕاگەیاندنەکانی بلاوکردنەوەی

فەساد دەبنە بەشێك لە سیستمی دەسەلاتی عەلمانی . لە تێڕوانینی عەقڵی مرۆڤدا سوود خۆری و قۆرخکارو پڕو پاگەندە هۆی زیادە قازانجی ئابوورین وە زانست جەخت لەسەر ئەو کارانە دەکاتەوە، عەلمانییەتیش تەبەنی دەکات وەك بەشێك لە کۆی سیستەمەکەی پەیڕەوی دەکات و چەندین بنەمای دی وەك باج و زەریبەو گومرگ ...هتد بەدەر لە یاسای ئایین دادەڕێژێت و کاریان پێدەکات لە حاڵێکدا ئایین بە توندی دژایەتی ئەو بنەماو پێوەرانە دەکات . لەمەشی دا عەلمانییە هیچ گرنگییەك بە دژ وەستانەوەی ئایین لە هەمبەر ئەو کارانەی نادات، مرۆڤیش بە بەرپرسیار نابینێت و مومارەسە کردنی هەر یەك لەو ئەفعالانە وەك شتێکی ئاسایی و بەڵکو وەك چالاکی و ڕەفتاری شیاو و شایستەی مرۆڤ دەبینێت، بۆ زیاتر ئاسوودە کردنی ئەو کۆمەڵگاو مرۆڤە عەلمانییانەو ئەرخەیانکردنیان لە هەڕەشەکانی ئایین جگە لە ڕەتکردنەوەی بوونی خوداو ڕۆژی پرسینەوە و ژیانی دووەم، عەلمانییەت هەستا بە دووبارە ڕاڤە کردنەوەی ئایین و دەقەکانی بەشێوەیەك کە بتوانێت بیگونجێنێت لەگەڵ بنەماو پرەنسیپەکانی خۆیدا، لەمەشدا هەستا بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی تەفسیری ئایین، واتە عەلمانی کردنی ئایین، یاخود لێکدانەوەی عەقڵی لەسەر بنەمای زانستی بۆ تێکستەکانی ئایین، لە حاڵێکدا زانست توانای پەی بردنی بە باس و خواسەکانی ئایین نییە ، چوون ئایین باس لە خودا و ڕۆژی بەریێ و ژیانی دووەم و بەهەشت و دۆزەخ و حەرام و حەلاڵ دەکات، کە هەموو ئەمانە گوتەزاو بابەتی نا بەرجەستەن و ناخرێنە ژێر چاوی میکرۆسکۆبی زانستەوە، وەلێ زانست دەتوانێت پێمان بڵێت خودی مرۆڤ لە چی پێکهاتووە، یاخود پێکهاتەی جەستەی هەر گیانەوەرێکی دی شیتەڵ بکات و بەشەکانی بناسێنێت، دەتوانێت بەش و پێکهاتەکانی گەردوون دیاری بکات، بەڵام ناتوانێت بیسەلمێنێت کە چۆن لە یەکەمین سەرەتاوە پەیدا بوون هەروەك کە بێ توانایە لە لێکدانەوەی هۆی بوون و ژیان، ئەمە جگە لە دەستەوسانی زانست لە بەرامبەر ڕۆحدا، ئیدی چۆن دەکرێت زانست باس لە حەرام و حەلاڵ و جیهانی نادیار بکات یاخود ڕاڤەی ڕستێك (کۆمەڵێك) دەقی ئایینی بکات کە هۆی نادیارو مانای غەیبیانی لە پشتیانەوە وەستاوە، ئەم چەشنە لێکدانەوای زانست بۆ ئایین ئەورووپای خستە سەر ڕێگای هەڵدێری ئەخلاقی و زیندەگی پووچگەرایانەی بەرهەم هێناو باش و خراپ و ئەخلاقی و نا ئەخلاقی یان تێکەڵ بە یەکدی کرد، بە چەشنێك کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤی ئیماندارو بێ ئیماندا نەما، عەقڵی ئارەزوو بازی چێژخواز بوو بە ئایینی کۆمەڵگە .

شارستانییەتی خۆر ئاوا بە ئاراستەی پۆستیڤی زانستگەرای پەتیدا دەڕوات، کە ئاڕاستەیەکە پێکهاتەی ماددی مرۆڤ و بوون نەبێت، دان بە شتێکی دیکەدا نانێت، زێدەڕۆییش دەکات لە پیرۆز کردنی ئەو زانستە پۆستیڤییەی ئەو پێکهاتە مادییە دەدۆزێتەوەو نکوڵی دەکات هیچ شتێکی دی لە پشتییەوە هەبێت، یاخود خۆی لێی بەرز ڕادەگرێت، هەروەها نکوڵی لە بەها ڕۆحی و پاکیزەکانیش دەکات بە بیانووی ئەوەی ناتوانێت لەناو تاقیگەدا بسەلمێنرێت و بەڵگەیان بۆ بهێنرێتەوە،(١٩٩) واتە لە بری ئەو شتانەی لە ئاشکرا کردنیان بێ توانایە، کەچی نکوڵی لە بوونیان دەکات تاکو لاوازی خۆی پاساو بدات .

هەروەها فەلسەفەی دێرین، واتە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لایەنی زانستی و ماددییەکانی پشتگوێ دەخات، بەم جۆرە لە هەنگامەیەکەوە گواستمانەوە بۆ هەنگامەیەکی دی، لە زێدە ڕۆییەکەوە بۆ زێدەڕۆییەکەی دی. وە دوای ئەوەی مۆدێرنیزمی ڕوو لە ئاڕاستەی ماددی گەیشتە مەودای خۆی، حەزە هەستییە سەرفکارییەکان بگرە نەسرۆییەکان گەیشتە ئامانج و ئاکامی خۆیان، بەمەش ئاسۆی باوەڕو باڵا بوون بە تەواوی لە کەلتووری خۆرئاوایی بزربوو، ئیتر بە هیچ جۆرێك ئایین بەبیری فەیلەسووفەکانی مۆدێرنیزمدا گوزەر ناکات، چونکە بەڕای ئەوان شتێکی کۆن و پواوە، زەمانە بیری چۆتەوە.

زۆربەی فەیلەسووفە هاوچەرخەکانی ئەورووپاو ئەمریکا مەسەلەی باوەڕ پشتگوێ دەخەن، بەو پێیەی شتێکە بە هیچ جۆرێك بوونی نییە، هێندە بەس لێرەدا ناوی سارتەر فۆکۆیان هابرماز یان زۆری دیکەش بهێنین، بە بیری کەسیاندا نایەت مەسەلەی ئایین یان باوەڕ یان ڕۆحانییەت بخەنەڕوو، چوون پێیان وایە شتێکی جگە لەم گەردوونەی تێیدا دەژین بوونی نییە، کە دەمرین شیتەڵ دەبێینەوە بۆ ئەو ماددە بەراییانەی پێکیان هێناوین، وە فەیلەسووفەکانی وەك کانت و بگرە هێگڵیش دەربارەی کاروبارەکانی ئایین دەدوان و ئەوەشیان بە شتێك دادەنا کە شایستەی هیچ بایەخ پێدانێك نەبێت.(٢٠٠)

---

(١٩٩) خەمەکانی ڕۆشنگەری- هاشم صالح .

(٢٠٠)خەمەکانی ڕۆشنگەری- هاشم صالح.

فەیلەسووفان دوای تێکشکاندنی کلێساو سەردەرهێنانی زانست و بەرەو پێشچوونی ژیانی مرۆڤ پێیان وابوو کە ئیدی مرۆڤ پێویستی بە خوداو ئایین نەماوەو تەنها عەقڵ بەسە بۆ ڕێنمایی کردنی مرۆڤ و ڕێکخستنی ژیانی. لێرەشەوە ئایین عەقڵگەراییان دارشت، هەر لەم ڕووانگەیەشەوە خوێندن و خوێندنەوەیان بۆ باوەڕو ڕەفتاری مرۆڤی دەکرد.

لینسك دەڵێت: کارو کردەوەکانی مرۆڤ بنەڕەتین نەك باوەڕەکانی و تەنانەت نوێژو پەرستشەکانیشی نا، ئەگەر چاکە بکات و ئەوانی تری خۆش بووێت و سوود بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت، ئەوە باوەڕدارێکی باشە، هەتا ئەگەر بە درێژایی ژیانی یەك ڕکعات نوێژیشی نەکردبێت، بەڵام ئەگەر خۆپەرست بێت، ساختەچی بێت و بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی و تەسکدا ڕا بکات، ئەوا هیچ شتێك بە کەڵکی نایەت، تەنانەت ئەگەر ڕۆژی هەزار ڕکعات نوێژیش بکات.(٢٠١)

واتە لە دیدی عەلمانییەتدا گرنگ نییە مرۆڤ باوەڕدار بێت یا نا، وە پەرستش و ڕسووم و سرووتە ئایینییەکان بەجێ بگەیەنێت یاخود نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە نەبێتە مایەی ئازار بۆ کەسانی دی و ڕەفتاری خراپ نەبێت و دڵسۆزی بێت بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە، هەڵبەت لەم شێوە تێڕوانینەدا تەجاوز کردنی گشت سنوورە یاساغ کراوەکانی ئایین و ئەنجامدانی هەر ئارەزوو بازی و بەدڕەوشتی و قومار خواردنەوەو سوودخۆری و زیادە بێژییەك وەك ڕەفتاری خراپ وێنا ناکرێت بەڵکو وەك مومارەسەکردنی ماف و ئازادییە کەسییەکان دەیان ناسێ .

هۆبز لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە یاسای سرووشتی کاریگەر نابێت ئەگەر پرەنسیپەکانی بەپێی ئارەزووەکان نەبێت. دەبێت یاسای سرووشتی لە بەهێزترین ئارەزووەکان دەربهێنرێت کە ئەو ئارەزووە بریتیە لە ئارەزووی پارێزگاری کردن لە نەفس، وە هۆگۆ گرسیوس هەوڵیدا مافی سرووشتی لە عەقڵی مرۆڤ هەڵێنجێنێت، بەو شێوەیە هەوڵیدا مافی سرووشتی بباتە قەڵەمڕەوی عەقڵی تیۆری هەتا پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئیرادەی خواوەندی بپچڕێنێت،

---

(٢٠١)هەمان سەرچاوە.

وە هۆبز لە هەر حاڵێکدا عەقڵ بەلایەنی کەمێك دادەنێت کە بیرو باوەڕو پرەنسیپی مۆراڵی دەبێت لەسەر ئەو بونیاد بنرێت، یاسای سرووشتی لەلایەك یاسای عەقڵە، بە سەرنجدان بەوەی کە هەر کەسێك خۆشی لە هەر شتێك بێت بە (باش) و خۆشی لە هەر شتێك نەیەت بە (خراپ)ی دادەنێت، بۆیە لێرەدا تەنیا عەقڵە تەندرووستە کە دەتوانێت ئاشتی و هێمنی دیاری بکات !(٢٠٢)

لێرەشەوە ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە لە فەلسەفەی عەلمانیدا چێژو ئارەزوواتەکانی مرۆڤ سەرچاوەی یاسان و عەقڵیش شوێنکەوتەی غەرائیزەکانی مرۆڤە. واتە هەر چ شتێك کە مرۆڤ ئارەزووی مومارەسەکردن و ئەنجامدانی بکات ئەوا دەبێتە یاساو بە پێچەوانەشەوە. گەرچی ئەو چ شتەی کە مرۆڤ خواستی دەکات دژ بە هەر بنەمایەکی ئایینی و فەرمانێکی خودا بێت یاخود پێچەوانەی عەقڵ و سرووشتی خودی مرۆڤ و بەها ئەخلاقییەکانیش بێت.

دواتر چرکە ساتی مۆدێرنە دێت و بە تەواوی کۆتایی (بڵندگەرایی) دێنێت و پێوانەی ژیان بە ئاستی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی دەستەبەرکردنی شتە ماددییەکان دەپێوێت، واتە بە پێوانەی ئەم بوونە هەستپێکراوەی کە ڕۆژانە بە هەموو خۆشی و ناخۆشی، تاڵی و شیرینییەکەوە تێیدا دەژین. هەروەها مۆدێرنە پێی وایە هیچ شتێك نە لە پێش و نە لە دوای ئەم ژیانەوە نییە، شتێکیش نییە ناوی ژیانی دوای مردن بێت ! ئا لێرەدا دابڕانی مۆدێرنە بە بەراورد لەگەڵ فیکری ئایینی پێش خۆی دەردەکەوێت.

زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە واتە سەردەی بەر لە نۆزدە باوەڕیان بە خودا هەبووە، لەبەر ئەوە پێیان دەوتن خواپەرستەکان یان ڕەبانییەکان، بەڵام باوەڕیان لە باوەڕی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەو باوەڕی فەندەمینتاڵیستەکان جیاوازتر بوو، بەوەی ئەوان سرووشت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان پشتگوێ دەخست و وایان دەبینی ئەوە شتێکی ڕێژەییە، گرنگ ئایینداری ناوەوەی نادیارە !

---

(٢٠١)هەمان سەرچاوە.

(٢٠٢)لەدەوڵەتی دەسەڵاتخوازەوە بۆ دەڵەتی عەقڵ-کەمال پولادی-ل٨٤، ل١٣٧ .

هەروەها کۆبەندییەك هەیە لەسەر ئەوەی شارستانییەتی خۆرئاوا بە دەست قەیرانێکی تایبەتەوە یاخود بە دەست نەخۆشییەکی کوشندەوە دەناڵێنێ. ئەم نەخۆشییەش لەسەر شێوەی کۆمەڵێ لادانی زۆر دەردەکەوێ، لەوانە پەنا بردن بۆ مەی خواردنەوەو بەکارهێنانی ماددەی بێ هۆشکەر، یاخود هەڵخلیسکان بەرەو بەدخوییە هەمەڕەنگەکان یان کەوتنە باوەشی مەیلی عەدەمییەت و ڕێژەچییەتییەوە کە چیتر جیاوازی ناکات لە نێوان ڕاست و هەڵە یاخود لە نێوان خێرو شەڕ.(٢٠٣) هەموو ئەمانە پێکەوە دەلالەت لە قووڵی گرفتەکانی فیکری عەلمانییەت دەکەن، کە تێگەیشتنی ئەوروپاییەکان و سیستەمە سیاسیی و یاساییەکەشیان لەسەر دامەزراوە. لەلایەك ئیلحادو بێ بڕوا بوون بە خوداو ئایین و ژیانی دووەم و تەنها جەخت کردنەوە لەسەر ژیانی ئەمێستاکەی سەر زەمین، وە پووچ کردنەوەی مانای ژیانی مرۆڤەکان و نەبوونی هیچ ئامانجێك لە نێو ژیانی ئەو بوونەوەرەداو سەرقاڵکردنیان بە ئارەزوو بازییەوە، هەروەها ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی زانستییانەی دەقە غەیبانییەکانی ئاین و کورت هەڵهێنانی لە ڕەسم و سرووتەکان و دواجار وازهێنانیش لە ئەنجامدانی پەرستشەکان و لێکدانەوەی بە ئاینداری ناوەکی، واتە پێشتر عەلمانییەکان ئایینیان بەوە ڕاڤە دەکرد کە گوایە تەنها هەندێ پەرستشی لە بابەت نوێژو ڕۆژوو و خوێندنەوەی کتێبی ئایینە، بەڵام دواتر گوتیان کە مرۆڤ هەر هێندە کە لە دڵەوە بڕوایەکی ئایینییانەی هەبێت ئیماندارەو ئیدی گرنگ نییە پەرستشە ئایینییەکانیش ئەنجام بدات، هەروەك لە ئێستاشدا عەلمانییەکان وەك کۆنەپەستی و خورافەو ئەفسانە گەری لێکدەدەنەوەو ئەو بڕوایەی نێو دڵیش ڕەت دەکەنەوە.

ئەوە ئیدی هیچ کاریگەرییەکی ئایین لەسەر ژیانی مرۆڤی ئەورووپی و ڕەفتارەکانیشی نەما، کۆمەڵگەی ئەورووپی و تاکەکانی نوقمی نێو گرفتە مەعنەوی و ڕۆحییەکان کردو سەر لەبەری بنەما عەقیدیی و ئیمانییە ئاینییەکانی لێك و پێك هەڵوەشاندەوەو ئەخلاقی کۆمەڵگە بە جارێك داڕماو هەموو فەسادێك ناونرا ئازادی و مافی تاك، ئیدی شتێك نەمایەوە کە ناوی خراپەکاری و بەدڕەوشتی بێت،

---

(٢٠٣) ئایین، فاشیزم، مەرگ- هاشم صالح.

باش و خراپ تێکەڵ و ئاوێتە کرا ئامانجی ژیانیش بوویە ڕابواردن و هەوەسبازی و یاساکانی کۆمەڵگاش لەو مەیلەو ئارەزووە بەدڕەفتارانەی مرۆڤە شەهوانییەکانەوە سەرچاوەی گرت، هەروەها پێوەری ڕژەیرەگەراییان داهێناو لێرەشەوەو لەژێر پاساوی ئەو گریمانە نا درووستەوە گوتیان گوایە حەقیقەت (ڕاستی) ڕەها نییەو دەکرێت هەر بەشێکی ڕاستی لای کەسێك بێت! واتە هەموو کەس و گرووپ و کۆمەڵێك ڕاست بکەن، بەم چەشنە حەقیقەتیشیان بزرکردو هەموو بیرو فکرێکی ناڕاستیشیان وەك بەشێك لە ڕاستی لێك دەدایەوە. وە درۆو ڕاستیان ئاوێتە کرد لەگەڵ یەکدیدا. ئەمە بوویە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بۆچوونی جیاوازو دژ یەك لە ژێر سایەی ئەو سیستەمەداو ڕەوایەتیشیان پێدرا، لەوانەش نەتەوەگەرایی، ڕەگەز پەرستی، وڵات پەرستی، ئاڵاو درووشم و ڕەمز پەرستی، گەلی هەڵبژاردە، فاشیزم، دیکتاتۆرییەت...هتد. هەر یەکەشیان بە نۆبەی خۆی و لە زەمەنی خۆیداو لەسەر شانۆی واڵاتانی عەلمانی ڕۆڵی خۆی گێڕاوەو کارەساتی گەورەشیان بەرپا کردو ملیۆنان مرۆڤیان کردە قوربانی دیدو تێڕوانینە سەقەتەکانیان .

(لویس دۆبۆلاند) دەڵێت: گوناهی ڕۆشنگەری گەر نەڵێین تاوانە هەرە گەورەکەی ئەوەیە کە مرۆڤی وەك سەرچاوەی نموونەی باڵا لە شوێنی خودا دانا. هەروەها عەقڵ کە هەر تاکێك دەیەوێ بەشێوەیەکی ئازادانە بەکاری بهێنێت، خستە جێگای ترادیسیۆنی ئایینی دەستە جەمعی و یەکسانی نێوان مرۆڤەکانی خستە شوێنی بەدوا یەکدا هاتنی هەرەمیانەی دەسەڵات، فرەیی پەرستنی خستە شوێنی یەکتا پەرستی .

پاپا (یۆحەنا پۆلسی دووەم) دەڵێت: کارەساتی ڕۆشنگەری ئەورووپی بریتییە لەوەی ئایینی مەسیحی ڕەتکردەوە، هەر ئەو ڕەتکردنەوەیەش بوو دواتر بووە هۆی بەهەمهێنانی ئەزموونە شەڕخوازەکانی، وەك فاشییەت و نازییەت و تۆتالیتارییەتی کۆمۆنیستی.(٢٠٤)

هەر یەکە لەو فیکرو ئایدیۆلۆژیاو بۆچوونە جیاوازانە لە هەناوی عەلمانییەت و لە ژێر سایەی هەژموونی دەسەڵات و سیستەمەکەی ئەودا گەلاڵە بوون و سەریان وە دەرنا،

(٢٠٤) ئیسلام و عەقڵ، سعودیەو تیرۆر، شیعرو فەلسەفە- هاشم صالح- ٢٠٠٩.

واته بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ هەوەسبازییەکانی مرۆڤ بوون، ئاشکرایە کە هەموو جارێك عەقڵ ئامانجەکان ناپێکێت و بۆچوونەکانیش ڕاست دەرناچێت، بەڵکو ئەویش قابیلی بە هەڵەداچوونی هەیەو هەروەك زانست کە لە بەرابەر زۆر شتی نێو ئەم جیهانەدا دەستەو ستانەو توانای کەشف کردنیانی نییە ئەمە لە حاڵێکدا کە ئێمەی مرۆڤ بۆ خۆمان هەستیان پێدەکەین. لەوانەش وەك بوونی ڕۆح و خودی عەقڵ هۆی بوو. هۆی ئەو بە هەڵە داچوونەی عەقڵ و دەستەوسانی زانست، هەروەها شکستی فەلسەفەی عەلمانیەت لەبەرچاو نەگرتنی وەحی ئایینە. چوون وەحی کە خۆی لە تێکستەکانی ئاییندا دەبینێتەوە لە عەقڵ بالاٌترە، وە دەبێت ئەو ڕێنوێنی عەقڵ بکات. بەلاٌم عەلمانییەت بە هێجگاری وەلای ناو ڕەتی دەکاتەوە، بەڵکو عەقڵی عەلمانی مانای خودی تێکستەکانی ئایینیش بە هەڵە لە قەڵەم دەدات و داوای ئەوە دەکات کە جارێکی تر و لە دیدی زانستییەوە لێك بدرێنەوەو مانایان پێ ببەخشرێتەوە. ئەمە لە حاڵێکدا کە ئایین بۆ چاکسازی کردنی کۆمەڵ و تاك و سیستەمی دەوڵەت هاتووە کەچی عەلمانییەکان دەیانەوێت ئەوان چاکسازی (ئیصلاحی) ئایین بکەن ! تاوەکو ئایین و یاساو ڕێساکانی و تەواوی ئەرك و فەرمانەکانی بەو جۆرە دابڕێژنەوە کە بۆ خۆیان خواستی دەکەن، وە هەر بەو جۆرەش ئاییندار بن و ئەرك و فەرمانەکانی بەجێ بگەیەنن کە لەگەڵ ئارەزوویاندا دەگونجێت. نەك بەو جۆرە کە خوداو ئایینەکەی دەیەوێت و بۆی دیاری کردوون. وە عەقڵ و ئارەزوو بوویە ئایینی کۆمەڵگا عەلمانییەکان و یاساو ڕێسای ژیان و بناغەی سیستەمی سیاسیی و یاسای دەوڵەت و دامەزراوە دادوەرییەکانیش .

لەژێر هەژموون ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەت و دەسەڵاتی دەوڵەتەکەیدا گەلانی ئەورووپا خۆشگوزەرانی و ڕەفاهییەتی ژیانیان چنگ کەوت و کەوتنە خۆشی و عەیش نۆشین. هەروەها توانیان زانست و زانیاری وە دەست بهێنن و تا ئاستێکی هێجگار بەرزیش پەرەی پێ بدەن و گۆڕانی گەورەی پێوە دی بهێنن لە ژیانی خۆیاندا، واتە لایەنی مادی ژیانی خۆرئاواییەکان تێربوو بگرە سەر ڕێژیش بوو، وەلێ لایەنی ڕوحیان کورتی هێناو بەتاڵ بوویەوە لە ئایین و بڕواو پێوەندییان بە خوداوە پچڕاو ژیانیان پووچ و بێ ئامانج بوویەوە، هەروەها قییەمە بالاکانی لە بابەت هەستی ئیمانی و مرۆڤ دۆست و چاکەخوازی و ئەخلاق پێچرانەوەو دواییان پێ هێنرا.

هێرشه هەمەلایەنەکانی بیرمەندان بۆ سەر ئایینی مەسیحی گۆڕانی هەمەلایەنەی وەدی هێنا لە ژیانی ئەورووپییەکاندا، ئەم وەرچەرخانانەش لایەنی خراپی هەبوو، هەندێك لە باوەڕداران هەستیانکرد کە باوەڕو ئیمانیان لە بایەخە مەعنەوییەکەی پووچەڵکراوەتەوە، مەراسیمەکانی کڵێسا لای ڕادەیەکی فراوان لە خەڵکی بەریتانیاوە وەکو ڕێوڕەسمی عیبادەتی بێ کەڵك و چێژ دەرهاتبوو کە کڵێسای ئەنگلیکەنی کە ئالاّ هەڵگری مەزهەبی ڕەسمی بەریتانیا بوو بەسەریا زاڵ ببوو. بەلای زۆربەی مەسیحییەکانەوە ڕێو ڕەسمەکانی کڵێسا ئەوەندە بێرۆح و بێ چێژ بوو کە چیتر لەو ڕێوڕەسمانەدا بەشداریان نەدەکرد، تەنانەت ساڵی (١٧٣٨) مۆنتسیکۆ فەیلەسووفی فەڕەنیاسی گوتبووی: لە بەریتانیادا ئایین نییەو ئەگەر بێت و لە کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا ئاماژەی پێ بکەن، لە پێکەنین ئەچێ، چیتر هەست هەڵناگیرسێنێ.

لە دی ڕۆسۆوە: وەزعی مرۆڤ بەڕاستی خراپتر بوو بوو، بەڵگە سازی دەکرد کەپێشکەوتنی زانست بەبێ ئەخلاق نە تەنیا دەسەلاّتێکی بێ سنوور بە حکومەت دەدات، بە پڕکردنی زەینی خەڵکی بە خۆزگە نا سرووشتییەکان ئەوان وێران دەکات، ئەم پێشکەوتنە ژیانی ئەوانی ئاڵۆز کردووەو چاکی گەلێك وەك ڕاستی و ساکاری لە مرۆڤ دزیوەو چاکی گەلێك کە ڕازێنەری ژیانی مرۆڤ لە زەمانی بەر لە ئێستا بوو.(٢٠٥) ئەمەش پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە زانست و زانیاری و داهێنراوە زانستییەکان دەتوانن ئاڵ و گۆڕ لە شێوازی ژیانی ماددیانەی مرۆڤدا بخولقێنن پێشی بخەن، واتە گۆڕانکاری لەو کەرەستەو شمەك ئامراز گەلانەدا بکات، کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دێنێت و بەرەو باشتری بەرێت، وەلێ زانست ناتوانێت قیەم و بەهای بالاّ بەرهەم بهێنێت یاخود بە شێوازێکی دی زانست کار لەسەر شتە مادی و بەرجەستەکان دەکات، توانای دەرککردنی بە کەین و بەینە مەعنەوییەکان بەر خورد لەگەڵ کردنیان نییە، وە زانست و زانیاری و هەر لێکدانەوەیەکیش لەسەر ئەو قییەم و بەهایانە بە ئەنجام بگەیەنێت ئەوا دیسان لە ڕوانگەی سوودو زیانە مادییەکانییەوە بڕیاریان لەسەر دەدات، ئاشکرایە کە ئەو شێوە ئەنجامگیرییەش کەم و کورتەو ناتوانێت بگات بە حەقیقەت .

---

(٢٠٥) سەردەمی ڕۆشنگەری-جان.أن.دان-چاپی یەکەم-٢٠٠٨ .

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە زانست تەنها لە بواری ماددیات و شتی بەرجەستەدا بەکارەو توانای خولقاندنی کاری سەرسامەکەری هەیە، وە تەنها کاری ئایینیشە لێکدانەوەی بەهاو قیەمە مەعنەوی و ڕۆحی و ئەخلاقییەکان. واتە کاری زانستە کە لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی فیزیاو کیمیاو جەبرو زانستی پزیشکی و تەکنەلۆژی و هەر بوارێکی دی زانستە مادی و دونیەوییەکاندا بکات، بەلاّم کاری زانستی دونیایی نییە کە قسە لەسەر بەها ڕۆحی و ئەخلاقییەکان بکات و حەرام و حەلاڵ و باش و خراپ و ڕاستی و پووچ بۆ مرۆڤ دیاری بکات. چوون زانست دەتوانێت پێمان بڵێت کە خۆرو مانگ و ئەستێرەکان و زەوی و بەرگە هەواو ماددەکانی وەك ئاسن و ئاو و مادده خۆراکییەکان و...هتد. لە چی پێکهاتوون و سوودیان چییە، بەلاّم ناتوانێت پێمان بڵێت کە چۆن لە یەکەمین سەرەتاوە هاتوونەتە بوون؟! کێ خولقاندوونی؟! وە بۆچی خولقاون؟ هەروەها زانست بێ توانایە لە تێگەیشتن لە خوداو ئایین و حەرام و حەلاڵ و ڕۆژی بەرێ و ژیانی دووەم، ئیدی ئەمە چ جای ئەوەی کە زانست بتوانێت لێکدانەوەو ڕاڤەی ئایین و دەق و تێکستەکانی بکات. هەر ئەمەشە کە لاوازی بنەماکانی سیستمی عەلمانییەت دەسەلمێنێت و کەم و کورتی ئەو عەقڵە ئاشکرا دەکات کە عەلمانییەت بانگەشەی بۆ دەکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە سەر لەبەری دیدی و تێڕوانین و بنەماکانی خۆی لەسەر هەڵچنیوە وە پووچییەتی گریمان و تیۆریانی دەخاتە ڕوو.

هەموو ئەمانە دەمانگەیەننە ئەو ڕاستییەی کە تەنها کاری ئایینە کە یاساو ڕێسای ژیانی مرۆڤ و سیستمی کۆمەڵگە دارێژێت و حەرام و حەلاڵ و قییەم و بەهاو پێوەرەکان دیاری بکات و هۆی بوون و ئامانجی ژیان و بوونی مرۆڤ و شێوازی ژیانیی دیاری بکات، تا هەر کام لە زانست و ئایین کاری خۆیان بە درووستی بکەن و لە ئاراستەی کارو ئامانجی خۆیان نەترازێن، واتە ئایین یاخود وەحی خودایی ڕێنومایی و پێشڕەوی عەقڵ و زانست بکات و بیانخاتە خزمەت مرۆڤەوەو لە سوودو قازانج و خۆشبەختی گشت مرۆڤایەتیدا بەکار ببرێت نەوەك ئایین بکرێتە دەرەوەی ژیان و لە تەواوی کارو ئەرك و ئامانجەکانی داماڵرێت و بکرێتە ڕەسم و سروت و پەرستشی وەرزش ئاسایی دووبارە بوونەوەی بێ کەڵك و بخزێنرێتە نێو چوار دیوارو گۆشەی پەرستگاکان و هەر لەوێدا حەسر بکرێت و جڵەوی تاك تاکی مرۆڤەکان و سەرجەمی کۆمەڵگەو تەواوی کاروبارەکانیشی بدرێتە دەست عەقڵی ئارەزووبازی بەر هەڵدای مرۆڤ، عەقڵێك کەلە مانای

بوونی خۆی بێئاگا بێت، هیچ لە ئەخلاقی حاڵی نەبێت، لێرەشەوە ئەو عەقڵە سەرکەشە پێشڕەوی زانست بکات، وە بیخاتە خزمەت مەیل و غەریزەو چێژە ئاژەڵییەکانییەوەو تەواوی مرۆڤایەتی پێ ڕووبەڕووی مەرگ بکاتەوە .

ڕۆشنگەری بە دژایەتی لەگەڵ هەر دەسەلاتێك بێجگە لە ئاوەز (عەقڵ) شەڕ خوازی بەرەلا کرد، ئەو نە خودا بەڵکو پیشەسازی دەپەرست و هاو چەشنەکانی خۆی لە بارەگایدا قوربانی دەکرد، سڕینەوەی مرۆڤایەتی لە ڕەهەندی پیشەسازییەوە ئوردوگای کاری زۆرەملێ، بۆمبای ئەتۆمی/ نیو کاکلێ: ئەمانە بوون بەرهەمی زانستی بێ ئەخلاقی.(٢٠٦)

هەموو کارەساتە تۆقێنەرە گەورەکانی سەدەی بیستەم لەلایەن ڕژێمە سکۆلار (عەلمانی)ـە توندڕەوەکانەوە بوو، لیۆپۆلدی دووەم پادشای بەلیجاکا لە کۆنگۆ، هیتلەر، مۆسۆلینی، لینین و ستالین و ماو و پۆل بۆت، ئەوە ئەوروپاییەکان بوون کە دوو جار شەڕی جیهانیان دژ بەباقی جیهان هەڵگیرساندووەو دوو ململانێی جیهانی وێرانکەر کە وێنەیان لە مێژووی ئاییندا نییە.(٢٠٧)

بەمشێوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پێویستە عەقڵ و زانست و چێژو ئارەزووبازی کە عەلمانییەتیان لەسەر دامەزراوە سنوور بەند بکرێن و لە چوار چێوەی ئاییندا لە قاڵب بدرێن، وە لەسەر بنەمای ئایین و دەق و تێکستەکانی مانای ژیان بکرێت و ئامانجی بوون دیاری بکرێت هەروەك کە پێویستە بە پێی یاساو ڕێساکانی ئایین کاروباری تاکەکان و کۆمەڵگا ڕێك بخرێت و دەوڵەتیش لەسەر هەمان بنەماو پرەنسیپ و یاسا ئایینییەکان بونیات بنرێت .

## بنەما ئابوورییەکانی سیستمی عەلمانییەت :

---

(٢٠٦) سەردەمی ڕۆشنگەری، جان. أم. دان- چاپی یەکەم- ٢٠٠٨.

(٢٠٧) ئیسلام و دیموکراسی- کۆمەڵێك نووسەر- چاپی یەکەم- ٢٠١٢- ل٤٤ — ٤٥.

عەلمانییەت سیستمی ئابووری لەسەر بنەمای سوودخوازی بونیات دەنێت، واتە تەنها ڕەچاوی وە دەست هێنان و کەڵەکە کردنی هەرچی زێدەتری سەرو سامانە، لەو پێناوەشدا ڕەوایەتی دەبەخشێتە هەر کردەو چالاکییەکی ئابووریانە کە دەستهاتێکی ئابوورییانەی لێوە چنگ بخرێت،

بۆ ئەم کارەش هەر بەهاو قییەمێکی ئایینی و مرۆیی وەلاوە دەنێت . لێرەوە عەلمانییەت لە تێڕوانینێکی مادی پەتی و بێ ڕەچاو کردنی حەرامکراوە ئابوورییەکانی ئایین و دوور لە هەر هەستێکی مرۆڤانە تەواوی بنەما ئابوورییەکانی دادەڕێژرێت، وە یەکەمین و گرنگترینیان قازانجی ئابوورییە. واتە گرتنە بەری هەر هۆو پێناوێك بۆ کۆکردنەوەی سامان. کەڵەکە کردنی سەرمایەش سنووری بۆ نییەو مرۆڤ هەمیشەو بەردەوام لە کۆششدا دەبێت لە پێناو زیادکردنی سەرمایەکەی تا نا کۆتا. چوون لە دیدی عەلمانییەتدا سەرمایە هەر بە تەنها هۆی بەردەوامی ژیان و دەستەبەرکردنی خۆشییەکانی نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا نرخی خودی مرۆڤ خۆیشی وابەستەیە بە بڕی سەرمایەی کەڵەکە بوویەوە، واتە تا چەندی بڕی سامان زیاد بکات نرخی مەعنەوی خاوەنەکەشی لەگەڵی بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەشەوە نرخی کەم دەکات، یاخود ڕاستتر بڵێین لە نێو ئەم سیستەمە مادییەدا مرۆڤ یەکسان دەبێت بە ماددەو شت و مەك، بۆیە هەر لەم ڕووانگەیەوەو لە نێو ئەم جیهانە مادی گەراییەدا کە سەرتاپای لەسەر مادیات بینا کراوە گشت کەس و شتەکان هەروەها تەواوی بەهاو قییەمە ئایینی و مرۆڤییەکان، سەرجەمیان بەبێ هەڵاوێرکردن قابلییەتی کڕین و فرۆشتنیان هەیەو دەکرێت مامەڵەیان پێوە بکرێت. ئەمە بەو مانایەی کە ئایین و پیرۆزییەکانی وە خودی مرۆڤ و بەهاکانی دەخرێنە خزمەت ماددە، لە بری ئەوەی سەرچاوە ماددییەکان بخرێنە خزمەت مرۆڤ و ژیاوی ئەو. لەم پێناوەش دا کۆمەڵگەی ماشێنی پێك دەهێنرێت کۆمەڵگەیەك کە یەك یەکی تاکەکانی دەخرێنە بەرکار، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان نێرو مێ و پیرو گەنج و گەورەو منداڵدا. واتە دەبێ سەرجەمی مرۆڤەکان کار بکەن بەبێ جیاوازی. سیستەمی ئابووری عەلمانییەت کۆمەڵگە دەکاتە لەشکری کرێکار کە بۆ درێژترین ماوەی ژیانیان وە لە زۆرترین کاژێرەکانی شەو و ڕۆژ لەکاردا بن. تا هەرچی زیاتری سامان وە سەر یەکەوە بنێن. وە پێوەندی ئابووری دەچێتە جێگای پێوەندی کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەوە، واتا (ماددە) دەبێتە بنەمای بونیاتنانی سەردەجەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەرك و بەرپرسیارییەکان دادەڕێژرێنەوە و دابەش دەکرێنە .

بەڵکو مادده (دراو) دەبێتە بنەمای بنەڕەتی تێکڕای ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ و سەر لەبەری کارو چالاکییەکانیشی، هەر لێرەشەوە عەلمانییەت تەواوی دەروازەکانی وە چنگ خستنی سەرمایە دەخاتە سەر پشت، بەچەشنە دنەی مرۆڤەکان دەدات لەهەموو ڕێگایەکەوە هەڵپەی کۆکردنەوەی سامان و دارایی وە دەستهێنانی بێت گەرچی لەلایەکی دی ئەو کارە زیان بە کۆمەڵگاو ژیانی مرۆڤەکانی دی بگەیەنێت، ئاشکرایە کە تەواوی مرۆڤەکان توانستی عەقڵی و جەستەییان وەك یەك نیە. ئەمەش وا دەکات هەندێك لە مرۆڤە بزێو و چوست و چالاکەکان بە گرتنە بەری گشت ڕێکار هۆکارێکی ڕەواو نا ڕەوا، سەرمایەو داهاتێکی بێ شومار کەڵەکە بکەن و خۆیان بکەنە خاوەنی سەرو سامانێکی بێ ڕادە.

زۆرێکیش لە باقی مرۆڤەکانی دی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی دۆخی هەژاری بنەوە. دواجار ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دابەشبوونێکی کوشندە ببێتەوەو چینی ساماندااران و چینی هەژاران سەرهەڵبدات. ساماندارانێك کە خاوەنی سەرمایەی بێ شومار، کۆشك و تەلارو تەواوی خۆشی و ڕەفاهییەتەکانی ژیانی بۆ مەیسەر کراوە، لە بەرانبەریشدا هەژارانێك کە زۆرینەی گەل پێکدێنن لە ژیانی چەرمەسەری و بێ بەشی لە هەر پێداویستییەکی ژیان، وە مەحروم لە هەر خۆشییەك ئەم بارەش هەر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو ئەم جیاوازییە شۆڕ دەبێتەوە بۆ سەرلەبەری بوارەکانی ژیان و نیشتمان دابەش دەکات بۆ ناوچەکانی دەوڵەمەندان و ناوچەکانی هەژاران، هەروەك کۆمەڵگاش بۆ کەمینەی سامانداارو زۆرینەی هەژاران، ئەمە دوو شێوە ژیانی زۆر جیاوازو دوور لە یەك وەدی دێنێت شێوە ژیانێکی دەوڵەمەندانە، کە خۆی دەبینێتەوە لە درووست کردن و پێکهێنانی تەواوی ئەو جیاکارییانەی لە تێکڕای بوارە جیاوازەکانی ژیان بۆ چینی ساماندااران وەدی دەهێنرێت وەك پێکهێنانی ناوچەی نیشتەجێ بوونی تایبەت بە دەوڵەمەندان، خوێندنگاو زانکۆو دامەزراوەی پەروەردەی نموونەی تایبەت بە منداڵان و نەوەی دەوڵەمەندان، هەروەها نەخۆشخانەی تایبەت و سەرجەمی خزمەتگوزارییەکانی دی. ئیدی باقی هەژارانیش لە ناوچە دواکەوتووەکان و لە دەورووبەری شارەوەو لە یەکەی نیشتەجێ بوونی پەرپوت یان لە کرێ بە ناچاری ئۆقرە دەگرن، گرد دەبنەوەو لەوپەڕی کولە مەرگی و بێ خزمەتیدا ژیان بەڕێ دەکەن واتە لە نەبوونی خوێندن و خوێندنگاو نەبوونی نەخۆشخانەو مەحرووم بوون لە هەر خزمەتگوزارییەکی دی. لێرەشەوە عەلمانییەت و سیستەمە ئابوورییەکەی دوو جیهان دەخولقێنن

که ئەوانیش جیهانی چێژو خۆشی و خزمەتگوزارییەکان. واتە بەهەشتی سەرمایەداران (بەهەشتەکەی عەلمانییەت)، هەروەها جیهانی ژان و خەم و ئازارەکان کە ئەویش ناوچەی هەژار نشینەکانی بێ بەش لە هەر خزمەتگوزارییەك کە لە ڕاستیدا دۆزەخی عەلمانییەتە بۆ هەژارە فەرامۆشکراوەکان. هەژارانێك کە لە دیار باڵەخانە بەرزەکانەوە ڕادەمێنن کەچی پەنایەکیان دەست ناکەوێت تێیدا سوکنا بن، بازاڕو مارکێت و مۆڵە پڕ لە خۆراك و شمەك و پێداویستییەکان دەبینن کەچی پاروویەکیان چنگ ناکەوێت سکی برسیانی پێ تێر بکەن و بەرگێکیان وە گیر نابێت خۆیانی پێ پۆشتە بکەن. ئیدی لە سایەی وەها سیستمێکدا شومارێکی کەمی خەڵك دەبنە سەرمایەداری زەبەلاح و دەست دەگرن بەسەر قووتی خەڵکیدا، بە چەشنێك کە لەزەمەنی ئێستاداو لە نێو وولاّتانی عەلمانیدا سەرمایەدارانێکی وەها هەڵکەوتوون کە سەرو سامانیان لە داهات و بودجەی چەندین حکومەت و میللەت زێدەترەو توانای دابینکردنی خۆراك و پێداویستییەکانی ژیانی دەیان و سەدان ملیۆن خەڵکیان هەیە، تێکڕای سەرمایەکانیشیان لە نێو بانك و پرۆژە تایبەتەکانی خۆیاندا قۆرخ کردووەو داهاتەکانیشیان هەر دەچێتەوە نێوی گیرفانەکانی ئەو چەند مەخلوقە سەرمایەدارانە، هەموو ئەمانە لە حاڵێکدا دەگوزەرێت کە ملیۆنان خەڵك لە برسییەتی بێزەزا گوزەران دەکەن و بە دیاری چاوی دەوڵەتانی عەلمانی و سەرمایەدارانیان و بە دەم بالۆرەی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتنەوە گیان دەسپێرن !

وە نەبێ ئەمەش تایبەت بێت بە وولاّتانی دواکەوتوو و هەژاری جیهانی سێ، بەڵکو ئەم بارە ناهەموارە لە نێو خودی دەوڵەتە عەلمانییە دەوڵەمەندەکانیشدا ڕوو لە پەرە گرتنە، وە خەڵکانێك لە نێو باڵە خانە بەرزەکان و خەڵکانێکی دیش لەسەر شۆستەو شەقام و شوێنە گشتییەکاندا ڕۆژ دەکەنەوە. لێرەشەوە سەرمایەداران بە هۆی سامانی بێ شوماریان جارێکی دی دەست دەگرنەوە بەسەر تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەدا، یاخود ڕاستتر بڵێین سەرمایەدارانی عەلمانی جێگەی ئاغاو دەرەبەگەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان گرتۆتەوە، بەلاّم جیاوازییەکە لەوەدایە هەژارانی سەدەکانی ناوەڕاست لە نێو کێڵگەکاندا کاریان دەکردو لە ژێر زەبری هێزدا زیندەگیان دەکردو لەبێ دەسەلاّتیاندا بێدەنگ دەبوون لە هەمبەر ئەو دەست درێژییانەی بۆ سەر خۆیان و هاوسەرو زارۆکانیان دەکرا، وەلێ سەرمایەدارانی ئەمڕۆی عەلمانییەت بە زەبری دراو ملی هەژاران ناچار بە کەچ بوون دەکەن تا خودی خۆشیان و هاوسەرو زارۆکانیان بخەنە خزمەتیان،

واته له ڕابردوو داو له سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست هێز فەرمانڕەوا بوو، بەڵام لە ئێستاداو لە زەمانی هەژموونی عەلمانییەتی مادد پەرستدا دراو فەرمانڕەوایی دەکات، وە نرخی هەموو شت بە خودی مرۆڤیشەوە یەکسانە بە دراو، هەروەك گرتنە بەری هەر ڕێگاو شێوازێك و ئەنجامدانی هەر کارێك لە پێناو وە دەستهێنانی دراودا ڕەوایەتی وەر دەگرێت، گەورەترین بەربەستێکیش لە ڕێی خواستە مادییەکانی عەلمانییەتدا ئایین بوو، یەکەمین کارێکیش کە عەلمانییەت ئەنجامی دا تێکشکاندنی ئایین و لێك هەڵوەشاندنی تەواوی ئەو بنەماو دەق و تێکستانە بوو کە دەبوونە کۆسپ لە هەمبەر چالاکی ئابووری کەڵەکە کردنی سەرمایە، یەکەم بنەمای ئابووری ئایین کە وەبەر دژایەتی توندی عەلمانییەت کەوت بنەمای حەلاڵی کڕین و فرۆشتن و حەرامی سوو بوو. واتە ئایین تەبەنی مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی بەرابەری دەکات، لەسەر بنەمای قازانجی درووست. لێ پێداگرانەو زۆر توند دژی (سوو) هەر مامەڵەیەکی ڕێکخراو لەسەر ئەو بنەمایە دەوەستایەوە، هەر لە زەمەنی سەرهەڵدانی ڕێنیسانسی فلۆرانس و سەرەتای سەر وەدەر نانی بیری مرۆڤ گەرایی و گەلاڵە بوونی بنەما سەرەتاییەکانی عەلمانییەتدا، وە لەگەڵ درووست بوون و پێکهێنانی بانکە ئابوورییەکان و کاری بانکداری، دژایەتی حەرامکراوە ئابوورییەکانی ئایینیش سەری هەڵدا، چینی بۆرژوا کە یارمەتی دەری دەرکەوتن و گەشەکردنی عەلمانییەت بوون، وە دامەزرێنەری بانکەکان و داهێنەری کاری بانکداری بوون زۆر سەر سەختانە کەوتنە دژایەتی ئایین و ڕۆڵی لە نێو کایە ئابوورییەکاندا، داوای دەست کێشانەوەی ئایینییان لەو بوارەدا دەکرد، یاخود لانی کەمی حەلاڵکردنی سوودخۆری بۆ ئەوان، تا بێ گرێ و گۆڵ کاری خۆیان بکەن و قازانجی بێ شومار وە چنگ بخەن، لەگەڵ گەشەسەندنی ڕێنیسانس و لاوازتربوونی هەرچی زیاتری دەسەلاتی کلێساو پیاوانی وە بەرەگرتنی کاری بانکداری لە دواجار بۆرژوازییەتی عەلمانی توانی شکست بە ئایین بدات و پیاوانی ئایینی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست ناچار بکەن کە بڕیاری حەلاڵی سوود بدەن و تەواوی بنەماکانی ئایین مەسیحی دەربارەی یاساغی سوود وەلانێن و کیتابێ پیرۆز (ئینجیل) بە چەشنێك داڕێژنەوەو ڕاڤەی بکەن کە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئەو کارە بە دوو خراپەدا نەمێنێت. لێرەشەوە عەلمانییەت هەروەك لە کایەی سیاسیدا کردی توانی لە بواری ئابووریشدا تەنگ بە ڕۆڵی ئایین هەڵچنێت و هێدی هێدی بەرکەناری بکات .

عەلمانییەت جگە لە ڕاڤەکردنەوەی بنەما ئابوورییەکانی ئایین، بۆ خودی خۆی و لەبری ئایین بڕیاری حەرام و حەلاڵی هەر چالاکی و کردەیەکی ئابووری بازرگانیش دا، ڕێك پێچەوانەی ئایین، عەلمانییەت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی بەرابەری لەسەر بنەمای قازانجی درووست یاساغ و حەرام دەکات و لە بەرامبەریشدا (سوود) ڕەواو حەلاڵ دەکات و دەیکاتە تاکە بنەمای سەرەکی لە ئەنجامدان و ڕێکخستنی سەرجەمی مامەڵەو چالاکی بازرگانی و هەر کردەیەکی ئابووریدا، هەروەك سەر لەبەری یاسا ئابوورییەکانی و تەواوی دامەزراوە بانکی و بازرگانی و ئابوورییەکانی لەسەر ئەو بنەمایە بوونیانا و بەدەر لە یاسای (سوو) کار بە هیچ یاسایەکی دی ناکات، وە جگە لە مامەڵەی (سوود) هیچ چەشنە مامەڵەیەکی دی بە ئەنجام ناگەیەنێت، لە دوای چەسپاندنی بنەمای سوودخۆری لە یاساو دەستووری وڵات و کارپێکردنی لە دامەزراوە ئابوورییەکانی وولاتدا، سووخۆری تەشەنە دەکات لە سەرجەمی چالاکییە ئابوورییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، مامەڵەی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی لە بابەت بانك و عەقارات، قەرزکردن لە دەوڵەت، قەرزدان بە دەوڵەت، هاوردەی دەوڵەت لە دەرەوە، هەناردەی دەوڵەت بۆ دەرەوە، مامەڵەی کۆمپانیاکان لەگەڵ یەکدی، هەروەها لەگەڵ هاولاتیانی وولات، مامەڵەی هاولاتیان لە نێو خۆیان، واتە تەواوی بازاڕو فرۆشگەکان هەر لەسەر بنەمای سووخۆری ئەنجام دەدرێت، لێرەشەوە تەواوی ئایین داران ناچارن یاخود ناچار دەکرێت لەگەڵ ئەو سیستمە سووخۆرە بەرخورد بکەن و مامەڵەکانیان لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجام بدەن کە ئەمەش وا دەکات یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی ئایینەکەیان پێشێل بکەن یاخود وەلاوەی بنێن، واتە عەقیدەو بیرو باوەڕیان وە بەر مەترسی هەڵوەشانەوە دەخات، کارەکە هەر بەمەشەوە ناوەستێت بەڵکو گۆڕانکاری کرداری گەورەشی لە نێو کۆمەڵگەدا لێدەکەوێتەوە، لەوانە نەهێشتنی ڕۆحییەتی فەزیلەت و چاکە خوازی و هاوکاری و بەخشین لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، واتە چاکە خوازی لە پێناوی یەزداندا ناهێڵێت، وە بۆ هەر چاکەیەکیش کە لەگەڵ هەر تاکێك ئەنجام بدرێت دەبێت خودی ئەو مرۆڤە نرخێکی مادی بدات، خراپی ئەم کارە هەر بە دانی نرخە مادییەکە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەگەر کەسی قەرزار نەیتوانی لە ماوەی دیاری کراودا بڕی بارەو شمەکی قەرزکراو بداتەوە ئەوا ئەو سووە (زیادە)یەی کە لە سەریەتی بڕەکەی زیاتر دەبێت ئەمەش بە پێی مەرجی ڕێکەوتنی مامەڵەکە دەبێت، وە بەپێی ئەو بڕە سووەی کە دیاری کراوە، ئاشکرایە کەسی قەرزکەر گەر توانای مادی باش بووایە

هەر لەسەرەتاوە خۆی نەدەخستە ژێر باری قەرزەوە، کاتێکیش کە هەستاوە بە قەرزکردنی ئەو مەبلەغە (دراو)ە یاخود (شمەك)ە دیارە هەژاری و پەرپوتی مادی ناچار بەو کارەی کردووە، زانراویشە کە دانەوەو بژاردنەوەی قەرز هەمیشە کارێکی زۆر دژوارو تاقەت پڕووکێن بووە لەسەر هەژاران، بەڵکو لە زۆر حاڵیش لایەنی قەرزار بێ توانا بووە لە دانەوەو بژاردنی قەرزەکانی، دانەوەو بژاردنی (سوو)ی قەرزەکانی دژوارترو سەربارتر بووە، ئەمە جگە لە زیاد بوونی بەردەوامی ئەو سوودانەو کەڵەکە بوونیان لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژو مانگ و ساڵ لەسەر لایەنی قەرزار، وە هەر ئەو (سوو)ە کەڵەکە بووانە باشترین چەکێك بوون بەدەست خاوەن قەرزەکانەوە بۆ پێ لە ملنان و کۆتکردنی دەست و پێی کەس و لایەنی قەرزارو دەستدانە قەبرەغەی و ناچارکردنی بە مل نەواندن بۆ خاوەن قەرزو هەر مەرجێکی کە دایسەپێنێتە سەری. جا خۆ ئەو مەرج و خواستانە هەر چییەك بن .

ئیدی زۆرێك لە قەرزاران دەبنە کۆیلەو خۆیان و خاو و خێزانیان و تەواوی ڕێزو بەهای مرۆڤایەتیشیان لە دەست دەدەن، یاخود قەرزاران بۆ ڕزگار بوونیان لەو بارە قورسە ناچار زارۆك و هاوسەرو هەرچی هەیانە بیدەنە خاوەن قەرز تەنها بە مەرجی ڕزگار بوون لە قەرزو سوودی قەرزەکەی، ئەمە واتای درووستکردنەوەی سیستمی کۆیلایەتی و بەندکردنەوەی مرۆڤ دەگەیەنێت، هەروەك خێزان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لێك و پێك هەڵدەوەشێنێتەوەو ڕێزو بەهای مرۆڤ پووچ دەکاتەوەو فەسادو خراپەیەکی گەورە لە نێو کۆمەڵگادا بەرپا دەکات .

بنەمایەکی دی سیستمە ئابوورییەکەی عەلمانییەت قۆرخکارییە، واتە دەستگرتن بەسەر سەرچاوە ئابوورییەکانی ژیانی کۆمەڵگە لەلایەن کەسێك یان گرووپێك، یاخود قۆرخکردنی چەشنێك کارو کەسپی وەیان جۆرێك لە شمەك کە جگە لە تەنها کەسێك یان گرووپێك هیچ کەسێکی دی مافی کارکردن لەو چەشنە کەسب و مامەڵە کردن بەو جۆرە شمەکەی نەبێت. بەمشێوەیە سەرچاوە ئابوورییەکان و کەرەستەو شمەك و پێداویستییەکانی ژیان لە ژێر چنگی کەسێك یان چەند کەسێکدا کۆ دەبێتەوەو دەست دەگرن بەسەر تەواوی بازاڕو نرخ و هەر مامەڵەو کارو کەسبێکدا، ئیدی ئەو کەس یان گرووپە بە ویستی خۆیان دەتوانن یاری بە چارەنووسی تەواوی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە بکەن و ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و برسییەتیان

بکەنەوە، یاخود باری ژیان و گوزەرانیان ڕووبەڕووی دژواری و سەختی کوشندە بکەنەوە لەڕێگای یاریکردن بە نرخەکانەوە، واتە بەرز کردنەوەی نرخی شمەك و پێداویستییەکانی ژیان. ئەم سیستەمە ئابوورییەی عەلمانییەت دەسەلاّتی فراوان دەبەخشێتە سەرمایەداران کە خۆیان بە پێی خواست و بەرژەوەندییەکانیان بازاڕەکان هەڵسووڕێنن و نرخ بە ویستی خۆیان دیاری بکەن، هەموو ئەمانە مەترسی گەورە لەسەر ژیانی تاك تاکی کۆمەڵگە پێکدێنن، وە دەتوانن ژیانی هاولاّتیانیان تەنگ بکەنەوەو نرخی شمەکیان لەسەر گران بکەن، یاخود نەهێڵن بە سانایی دەستیان بە شمەك و پێداویستییەکانی ژیانیان ڕا بگات، وە یان کاروبارو چالاکییە ئابوورییەکان لە دەستی چەند کەسێکدا قۆرخ بکرێت و دەرفەت بە کەسانی دی نەدرێت لەو بوارەدا چاکی بکەن و دواجار بێکاری لە کۆمەڵگەدا بەرپا بکات. ئەمە شوێن دانانی سلبی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە دەبێت لەوانە دەوڵەمەند بوونی ژمارەیەکی کەمی خەڵك بە شێوەیەکی ناڕەواو لەسەر حیسابی باقی مرۆڤەکانی دی. وە بێکارکردن و هەژار خستنی باقی هاولاّتیان، هەروەها تەشەنە سەندنی برسییەتی و بەرز بوونەوەی ڕێژەی تاوان و دزی، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بەرباد بوونی منداڵان، وە مەحروم بوونی زۆرێك لە مرۆڤەکان لە ژیان.

هەروەها بنەمایەکی تری  سیستمی ئابووری عەلمانییەت ئازادکردنی مرۆڤە لە مامەڵە کردن و کڕین و فرۆشتن بە هەر شتێکەوە، واتە سەربەستکردنی مرۆڤ لە بەدەست هێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایە لە هەر ڕێگایەکەوە کە بۆ خۆی بیبەوێت.

بەم پێیە مەی فرۆشی و لەش فرۆشی وە قومار  زۆرێك لە کاری ناشیاوی دی لە ژێر سایەی ئەمە سیستمە ئابوورییەی عەلمانییەدا بوونە کارو کەسب و سەرچاوەی وە چنگ خستنی داراو هۆی دابینکردنی بژێوی و گوزەرانی زۆرێك لە خەڵکی. ئیدی نادی و باڕەکانی مەی خواردنەوەو تیاترۆو یانەکانی داوێن پیسی و بەدڕەوشتی و قومارخانەکان زۆر ئازادانەو بە ژمارەیەکی زۆر لە تەواوی شارو شارۆچکەو هەر کوچەو کەنارێکی ئاوەدانییەکانی ولاّتدا بونیات دەنرێن و دەوڵەتیش بۆ خۆی پارێزگارییان دەکات و یاسای تایبەتیشیان بۆ دادەڕێژێت، جگە لەوەی دەیانکاتە بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگا. دەشیانکاتە بەشێك لە سیستمی ئابووری وولاّت و ڕادەیەکی بەرچاو لە داهاتی وولاّت لەوانەوە مسۆگەر دەکات.  بێ گوێدانە هیچ کام لەو دەق و

تێکستانەی ئایین کە لەو بارەیەوەو دەربارە بەو بەدکردارییانە هاتوون، هەروەها بێ گرنگیدان بەو شوێندانانە خراپانەی کە ئەو یانەو نادییە بەدڕەوشتیانە لەسەر کۆمەڵگە جێی دەهێڵن، وە زەرەرمەندی گەورەش لەم سیستمە ئابوورییەی عەلمانییەت ئافرەتانن کە دەکرێنە کاڵای ڕابواردن و ئارەزوو بازی و لە یانەکاندا کڕین و فرۆشتنی ئاشکرایان پێوە دەکرێت، ئەمە بە ئیزنی یاساو لە ژێر چاودێری و پاراستنی حکومەتە عەلمانییەکاندا.ئەم ڕەوشە دامەزراوەی خێزان ڕووبەڕووی لێك و پێك هەڵوەشاندنەوە دەکاتەوەو لە بری پێوەندی حێزانی و هاو سەرداری، دراو دەبێتە ئامرازی دروستکردنی پێوەندی نێوان دوو ڕەگەز، هەر لێرەشەوەو بە شێوەیەکی ناڕەوا زارۆك دەهێنرێتە نێو ژیان و لە دایەنگەکانداو بە مەبلەغێکی دیاری کراو لە دراو بەخێو دەکرێن. خواردن و خواردنەوە حەرام کراوەکان پەرەیان پێدەدرێت و بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو بەکاردەبرێن، بێ ڕەچاو کردنی ئەو دەرەنجامە سلبیانەی کە لە پاش خۆیان جێی دێڵن لەسەر مرۆڤەکان و تەواوی کۆمەڵگەو نزمی کۆمەڵایەتی لە حاڵێکدا بەکاربردنی ئەو چەشنە خواردن و خواردنەوانە جگە لەوەی ئایین بەشێوەیەکی ئاشکرا یاساغی کردوون، دەرەنجامی ترسناکیش لەسەر بەکار بەرەکانیان جێ دێڵن کە دیسان ئەمانەە شوێنەواری ترسناك لەسەر کۆمەڵگە جێ دێڵن. لەوانە موودمین بوونی شوومارێکی زۆری بەکار بەران بەو مادده کهولی و بێ هۆشکەرانەو لەناو بردنی هەستی بەرپرسیارییەتی و داڕووخانی ئەخلاقی کۆمەڵگەو تێکدانی شیرازەی پێوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان. وە تەشەنە سەندنی نەخۆشی و دەردەدارکردنی مرۆڤەکان. ئەمە جگە لە ئیفلاسی ماددی. هەروەها قومارخانەکانی کە یەکێکی دین لە سەرچاوەکانی دەستخستنی داهات و دراو، ئەمانەش ترسناکیان هیچ کەمتر نییە لە تیاترۆو نادی و باڕەکان، کە لە ڕێی ئەم چەشنە کارە دزێوانەوەو لە پێناوی پڕکردنی گیرفانی چەند کەسێك بەشێوەیەکی ناڕەوا، چەندین کارەساتی تراژیدی ڕووبەڕووی کۆمەڵگاو  خێزان و تاکەکانی بۆتەوەو ئاسەوارێکی کوشندەی لەسەر خودی ئەنجامدەرانی بەتایبەت جێ هێشتووە.

قومارخانەکان شومارێکی زۆریان لە مرۆڤەکان گیردەو مودمیننی قوماركردن كردووە بە چەشنێك کە زۆرێك لەوانی ڕووبەڕووی ئیفلاس کردۆتەوەو هەندێ لەوان خاو و خێزانیان لەو کارەدا لە دەست داوە، واتە لە قومارکردندا دۆڕاندوویانن یاخود فرۆشتویانن، وە نموونەی بەرچاویش زۆرن. چەندین جەنگ و کوشتاریشیان بەرپا کردووەو گرفتی گەورەیان بۆ کۆمەڵگە

خولقاندووە. ئەم کارەش دیسان دەروازەیەکی دی تەشەنە پێدەری فەسادو خراپەکارییەو سەرجەمی کۆمەڵگەو دام و دەزگاکانی دەخاتە سەر دووڕیانی هەڵدێرو لە نێو چوون. هەروەك دەرفەتێکیشە بۆ هەندێك کەس کە بە شێوەیەکی ناڕەواو لەسەر بنەمای فرت و فێڵ و لە پڕێکدا ببنە سەرمایەدار، گشت ئەم کارانە لە دیدی عەلمانییەت و دەوڵەتە عەلمانییەکاندا ئاسایی و ڕێدراون و بە یاساش مافی بوون و چالاکی نواندنیان دراوەتێ، دەوڵەتیش بۆ خۆی دەیان پارێزێت. لەم ڕێگایەوەو بەهۆی ئەم نادی و قورماخانانەوە بڕێکی بەرچاوی داهات و دراو دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە. گەر چاوێکیش وورد کەینەوەو بە نێو دەوڵەت و کۆمەڵگە عەلمانییەکاندا بنۆڕین ئەوا لە هەر شارو شارۆچکەو لە هەر ناوچەیەکی ئاوەدانی بە دەیان و بگرە بە سەدان و گەر زیادەڕەویش نەبێت بە هەزاران لەو تیاترۆو نادی و باڕو قومارخانانەمان بەرچاو دەکەوێت، یان ڕاستتر و ڕاشکاوانەتر بڵێین داوێنپیسی و خواردنەوەو قومارکردن بوونەتە ڕەمزو سیمای دەوڵەت و کۆمەڵگە عەلمانییەکان، ئەمە جگە لە سووخۆری و قۆرخکاری.

یەکێکی دی لە بنەما ئابوورییەکانی عەلمانییەت جەنگە، ئاشکرایە کە ئایین ڕێگا بە تالاَن و بڕۆو داگیرکردن و زەوتکردنی سەرو سامان و موڵك و ماڵی کەس نادات، ئەو پرەنسیپە ئایینی و مرۆییەش کە لە عەلمانییەتدا بوونی نییە زەوتکردنی سەرو سامانی ئەوانی دییە. واتە هۆکارێکی گرنگە لە وەدەستهێنانی سەرمای، لەم ڕووانگەیەشەوە بوو دەوڵەتانی عەلەمانی هێرش و پەلاماری داگیرکارییان کردە سەر تەواوی گەلانی جیهان و چەندین جەنگی جیهانیان تەنها لە پێناوی ماددەدا بەرپا کردو ملیۆن مرۆڤیان تێدا کردە قوربانی و سەرچاوە ماددی و داراییەکانی تەواوی ئەو گەلانەیان تالاَن و بڕۆ کرد. وە سەرو سامانێکی هێجگار زۆریان لە نێو وولاَتانی خۆیاندا کەڵەکە کردو خۆشگوزەرانییەکی بێ پێشینەیان لەسەر حسابی سەرمایەی زەوتکراوی ئەو گەلە داگیرکراوانە وە دی هێنا، ئەمانە لە حاڵێکدا کە خودی ئەو گەلە بەزیوانە لە هەژارییەکی کوشندەدا دەتلانەوەو لە برساندا دەمردن و ملیۆنانیان لێ دەبوویە قوربانی، جەنگ و داگیرکارییەکانی دەوڵەتانی ئینگلتەراو فەڕەنساو هۆڵەندەو ئەمریکاو یابان و...هتد شایەتی گشت ئەو تراژیدیایانەن کە لە پێناوی وە دەست هێنانی سەرو ساماندا بەرپاکران. کە لەو جەنگانەدا کەمترین بەهاو قیبەمی ئایینی و مرۆیی لەبەرچاو نەگیران و گشت کردەیەکی نا مرۆڤانە دەرحەق بەو گەلە داگیرکراوانە ئەنجام دەدرا لەلایەن ئەو دەوڵەتە پاوانخوازانەوە.

بانگەشەو پڕوگەندە یەکێکی دیە لەو ڕێگایانەی کە ئابووری بیناکراو لەسەر ئایدیای عەلمانییەت بەکاری دەبات لە پێناو وە دەست هێنانی سامان و داراییدا کە لێرە گشت هۆکارو ڕێگایەك بەکار دەبات بە مەبەستی ڕمێن دان بە گشت کارو چالاکییەکی ئابوورییانە بە ڕەواو نارەواو ئەخلاقی و نا ئەخلاقییەوە، لێرەشەوە چەندین داو دەزگای بینراو و بیستراو و نووسراو بونیات دەنێت بۆ پڕو پاگەندە کردن و ڕەواجدان بە شمەك و کالاّ بەرهەم هاتووەکان لەگەڵ بانگەشە کردن بۆ نادی و یانەکانی بەدڕەفتی، هەروەك کۆ ناکەن لە گرتنە بەری هیچ هۆکارو ڕێکارێك بۆ وە چنگ خستنی هەرچی زیاتری سەرو سامان و کەڵەکەکردنی سەرمایە گەرچی ئەم کارانە دژی ئایین و ئەخلاق و کۆمەڵگا بن و ژیانی مرۆڤەکان ڕووبەڕووی داڕووخانی سیاسیی و ئابووری و ئەخلاقی بکاتەوە، چوون گرنگترین بنەما کە عەلمانییەت بانگەشەی بۆ دەکات، دوورخستنەوەی ئایین لە ژیان و دانی سەربەستی ڕەهایە بە مرۆڤەکان، وەك تاکە کەس، تا هەرچی کارێك کە ویستیان بێت بەبێ کۆسپ و لەمبەر ئەنجامی بدەن، ئیدی گرنگ نییە لایەنی دووەم و سێیەم چ زیانێکی بەر دەکەوێت لە ئەنجامی کارەکانی ئوانەوە، واتە عەلمانییەت ئازادی تاك و بەرژەوەندی و خواست و ئارەزووەکانی دەخاتە سەرو ئازادی و بەرژەوەندی و سوودی گشتی کۆمەڵگاو لێرەشەوە جارێکی دی ئافرەتان دەبنەوە قوربانی ئەم سیستمە ئابوورییە عەلمانییەو ڕەسم و بۆرترێتی ئافرەتان بەشێوەیەکی بەربلاّو بۆ سەرنج ڕاکێشانی کڕیاران بەکار دەبرێت، ئەمە جگە لە بەکاربردنی خودی ئافرەتان لە بازاڕەکانی لەشفرۆشیدا، وە لە ڕێی دام و دەزگاکانی پڕو پاگەندەو چەواشەکارییەوە، زۆرێك لەو شمەك و کالاّیانە بەسەر هاولاّتیاندا ساغ دەکرێنەوە، واتا شومارێکی زۆر لەو شمەك و کالاّیانە پێویستی نین بۆ ژیانی مرۆڤەکان، بەلاّم دام و دەزگاکانی پڕو پاگەندەو چەواشەکاری بەجۆرێك یاخود بەتۆبزی هاوڵاتیان ناچار بەکڕینیان دەکەن، گەرچی ئاین بەتوندی دژی پڕوپاگەندە و چەواشەکاری دەوەستێتەوە، وە بەتوندی بەرەنگاری بەکاربردن و بەکاڵاکردنی ئافرەتان دەبێتەوە. بەتایبەتیش بەکاربردنیان وەك ئالەتی ڕابواردن و کاری بەدڕەوشتی جینسی و ڕووتکردنەوەی ڕووخسارو قەدو بالاّی ئافرەتان و لێدانی عەکس و بۆرترێتی ڕووتکراوەیان لە کالاّو شمەکە بازرگانییەکان لە پێناو ڕمێن پێدانیان وە دەست هێنانی هەرچی زیاتری دارایی و سامان لەو ڕێگایەوە کە ئەمە زیانی گەورە بە بەها

ئەخلاقییەکان و پێکهاتەی سیستمی کۆمەلآیەتی دەگەیەنێت، هەروەها پێگەو نرخ و بەهای ئافرەتانیش دادەبەزێنێت، بۆ ئاستی نرخ و بەهای خودی کالاّو شمەکەکان .

باج و زەریبەو ڕسووماتی گومرگیش یەکێکی دین لەو بنەما ئابوورییانەی کە سیستمی ئابووری عەلمانییەت پشتیان پێ دەبەستێت لە ڕایی کردنی کاروباری ئابوورییەکاندا کە هەر یەکە لەوان دژ بە بنەماو پرەنسیپە ئابوورییەکانی ئایینە.چوون ئایین لەسەر بنەمای زەکات (شیمار)دان کاروبارە ئابوورییەکان ڕێك دەخات کە ئەویش دوو جۆرە (زەکاتی سامان و سەرمایە) و (زەکاتی سەر-فیتر).

عەلمانییەت جگە لە ڕەفزکردنی بنەماو پرەنسیپە ئابوورییەکانی ئایین، وەك سەرانەو لێ سەندنی زۆرە ملێیی وێنایان دەکات، وە باج و ڕسوماتە جۆراو جۆرەکانی لە شوێنیان دادەنێت و لەسەر ئەو بنەمایانە سەرو سامان لە هاولآتیان دەستێنێت، ڕێژەو بڕی مەبلەغەکەش بۆخۆی دیاری دەکات لێرەشەوە سیستمی ئابووری عەلمانییەت بە شێوەیەکی ستەمکارانە بڕێکی هێجگار زۆر لە سەرو سامانی خەڵکی قۆرخ دەکات، زۆرێك لەو باجانەش لە داهاتی یانەکانی داوێن پیسی و نادییەکانی خواردنەوەی عەرەق و قومارخانەکان کۆ دەکاتەوە، دیسان ئەمەش کارێکی ناشیاوە کە لە ڕێگای دەوڵەتی عەلمانییەوە دژ بە مرۆڤەکان ئەنجام دەدرێت، چوون لە ئاییندا دەبێت ئەو چەشنە کردەوە بەدو نا ئەخلاقییانە پێشیان پێ بگیردرێت، نەك باجیان لەسەر دانرێت و ئیزنیان پێ بدرێت و بکرێنە کردەگەلی ئاسایی و ڕێدراوی یاسایی، بەڵکو دەوڵەت بۆ خۆشی کار سانایی‌یان بۆ بکات و پارێزگاریان لێ بکات، تا هەر کەس و بە ئازادی مومارەسەی ئەو کرد گەلە ناڕەوشتیانە بکات کە ئەمە دژ وەستانەوەو بەرپەرچ دانەوەیەکی ئاشکرای ئایینە.

ئەنجامی ئەم سیستمە ئابوورییە عەلمانییە واتە سووخۆری و قۆرخ کاری و بە کاسبی کردنی داوێن پیسی و لەشفرۆشی ئافرەتان و خواردنەوەی عەرەق و بێ هۆشکەرەکان، هەروەها قومارکردن، وە باج و ڕسوماتە هەمە چەشنەکانی وەك گومرگ و زەریبەو...هتد، هەموو ئەمانە پێکەوە کۆمەڵگایان ڕووبەڕووی شێوانی دۆخی کۆمەلآیەتی ئابووری کردەوە، وە کۆمەڵگای ڕووبەڕووی دابەش بوون کردەوە بۆ دوو چین، کە ئەوانیش کەمینەیەکی سەرمایەدار کە بەشی زۆری سەرو سامانی کۆمەڵگا بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن، باقی کۆمەڵگا کە زۆرینەشیەتی دەکەونە

ژێر باری هەژاری و بێکاری و ڕەزالەتەوە، ئەمە لە نێو خودی کۆمەڵگا عەلمانییەکاندا، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی دەوڵەتانی عەلمانی دەست ڕۆشتوو لە ڕێگای مامەڵە سوو خۆرییەکانیانەوە، سەرو سامانی وولاّتانی هەژاری جیهانیان بۆ خۆیان پاوان و قۆرخ کردووە لە ڕێگەی سوودی قەرزەکانیانەوە، کە ساڵانەو بەردەوام زیاد دەکات، ئاشکرایە کە ئەو دەوڵەتانەش توانای دانەوەی بری پارەی قەرز کراویان نییە، ئیدی چ جای سوودو زیادەکەی، بۆ ئەمەش ئەو دەوڵەتە هەژارانە ناچار بوون کە ساڵانە بڕێکی هێجگار زۆری سەرو سامانی گەلەکانیان ڕادەستی دەوڵەتانی خاوەن قەرز بکەنەوە لە بری قەرزەکانیا، لەلاشەوە سوودەکەی بەردەوام لە هەڵکشاندایە ئیدی گەلانی ئەو دەوڵەتە هەژارانە بە دیار تالاّنکردنی سامانی ولاّتیانەوەو بە دەم خەونی ڕزگار بوونی وولاّتیان لە قەرزو سوودی قەرز، لە برسێتیدا سەر دەنێنەوە، کەچی قەرزەکانی سەرشانی نیشتمانەکەشیان تا دێت زیاترو زیاتر دەبێت !

وە هەر ئەم سیستمە ئابوورییە بنەما ئەخلاقییەکان ڕووبەڕووی هەرەس و داڕووخان دەکاتەوە، لە ڕێگای درووستکردنی بێکاری و بلاّوکردنەوەی هەژاری، تەشەنە پێدانی فەسادی ئەخلاقی، هەڵوەشانەوەی خێزان و پێوەندییە خوێنییەکان و دامەزراندنەوەی لەسەر بنەمای ماددی و بەرژەوەندی مادییانە، سەرمەستکردنی کۆمەڵگا بە خواردنەوەو قومارو چەندین گرفتی ئەخلاقی دی.

لەلایەکی دی دوورخستنەوەی ئایین و تەواوی بنەماو پرەنسیپەکانی، وە دەرپەڕاندنی بۆ دەرەوەی چالاکییە ئابوورییەکان و خزاندنەوەی بۆ نێو پەرستگاکان و قەتیس کردنی لە نێو سنووری چوار دیواری ویدا، هەروەها وێنا کردنی ئایین بەوەی گوایا پێوەندی بە کاروباری ئابووری و بازرگانییەوە نییەو جیایە لە ئەخلاق و ڕەوشتی مرۆڤەکان هەموو ئەمانە لە پێناو شکاندنی سنوورە حەرام و یاساغەکانی ئایین تا سەرمایەداران بەپێی ویستی خۆیان گشت چەشنە چالاکی و کردەیەکی ئابووری ئەخلاقی و نا ئەخلاقییانە ئەنجام دەن بۆ کۆکردنەوەو دەستخستنی سەرو سامان ئیدی گرنگ نییە ئەو چەشن و شێوە چالاکی و کارکردە ئابوورییە چ دەرەنجام و شوێنەوارێکی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و ئەخلاقی لەسەر ژیانی مرۆڤەکان بە گشتی جێ دێلێت. چوون بنەماو ئامانجی سەرەکی لەم سیستمەتە ئابوورییە عەلمانییەدا، تەنها ماددەو کەڵەکە

کردنی هەرچی زیاتری سەرو سامانە گەرچی ئەم کارە لەسەر حسابی زەرەرمەند بوونی زۆرینەی گەل تەواو ببێت، ئەم مەیلی مادە پەرستی و ویستی رەها خوازی مرۆڤە بۆ کارکردن لە تەواوی کایەو بوارە جیاوازە ئابوورییەکان و گرتنە بەری هەر رێگاو شێوازو کردەیەکی ئەخلاقی و نا ئەخلاقییەی مرۆڤ بۆ وە دەست هێنانی سامان کەوا دەکات عەلمانییەت و سیستمە ئابوورییەکە سەرمایەدارانی دژی ئایین و بنەماو پرەنسیپ و یاساکانی کارکردنی ئابووری بوەستنەوەو هەر حەرام و یاساغێکی ئایینی پێشێل بکەن و پابەندی هیچ ئەرك و فەرمانێکی ئایینیش نەبن. بەڵکو دژی بوەستنەوەو رەتی بکەنەوە، چوون لە نەبوونی ئایین یان دوورە پەرێزی ئەویدا سەرمایەداران دەستکراوە دەبن لە ئەنجامدانی هەر کارو چالاکییەك کە سوودێکی ئابووری لێوە دەست بێت گەرچی لە دیدی ئایندا یاساغ و نارەوا بێت، وە هەر لە نەبوونی ئاییندا ساماندااران خۆیان دەدزنەوە لە دانی مافی هەزاران لەو سەرمایەی کە لە نێو ئەو گەل و ولآتەداو لە سامانی گشتی وە دەستیان هێناوە، چوون ئایین لەو کاتەی دێتە مەیدان دەست بەجێ دژی هەر چەشنە فەسادێکی سیاسیی و ئابووری دەوەستێتەوە، کاریش بۆ بەرپا کردنی دادگەری کۆمەلآیەتی دەکات تا گشت مرۆڤەکان لە ژیانێکی شەرەفمەندانەدا بژین، وە ناچار بە سوود خۆری و بەدرەوشتی و ملکەچی نەکرێن و کەرامەتی مرۆڤانەیان ژێر پێ نەنرێت لەلایەن دەسەلآتداران و سەرمایەدارانەوە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندن سەرسەختانە دژی ئایین بووەستنەوەو لە هەموو دەمێکدا پێشەنگی دوژمنانی دین بووبن بۆ لە نێو بردنی ئایین و هەر دەسەلآتێکی دامەزراو لەسەر ئەو بنەما ئاینیانە. تا لە نەبوونی ئەودا دەسەلآتداران و سەرمایەداران مەیل و ئارەزووە نارەواکانی خۆیان بکەنە یاسای خەڵکی. لێرەشەوە تەواوی ویستە نارەواو ستەمکارانەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن و کۆمەڵگەو تاك تاکی مرۆڤەکانی بکەنە ئامرازی چێژو خۆشییەکانی ژیانیان. بۆ خۆشیان لە سەرەوەی کۆمەڵگەبن و لە سەرو هەر یاساو رێسایەکەوە بن. هەروەك لە ئێستاشداو لە سایەی وەلانان و پەراوێزخستنی ئاییندا حوکم بۆتە حوکمی سەرمایەدارانی عەلمانی و کۆمەڵگەش بۆتە کارکەرو کۆیلەی ئەوان، بڕیاریش تەنها بڕیاری ئەوانە.

## بنەما کۆمەلآیەتییەکانی سیستمی عەلمانییەت :

هەر باوەڕێکی فەلسەفی و ئایدلۆژیەکان تاك ڕەهەند نین، واتە تەنها ئیدارەدانی لایەنی سیاسیی یان ئابووری نییە، بەڵکو گشتگیرییەو بۆ سەرجەمی کایەو لایەنە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤە، هزری، وەك سیاسیی، ئابووری، کۆمەلاٌیەتی و کلتووری، هتد. هەروەها هیچ دەستوورو یاساو نیزامێك بونیات نانرێت، ئیلا بۆ تێك ڕماندن و ڕاماڵینی ئەوی پێش خۆی نەبێت. وە بیناکردنەوەی ژیانی مرۆڤ بە شێوازێکی دی کە ئەو ئایدیۆلۆژیا نوێیە وێنای دەکات و خواستی وە دی هێنانی دەکات.

عەلمانییەت وەك فیکرێکی ماددی دونیایی و وەك ئایدلۆژیایەکی دژە ئایین، هەر تەنها لەوەدا کورت هەڵنەهاتووە کە ئایین لە کاروباری سیاسیی دوور خاتەوەو لە دەوڵەت و دام و دەزگاکانی وە دەری نێت، بەڵکو عەلمانییەت لە نێو کۆمەڵگەشدا ئایین پەراوێز دەخات. هەروەك چۆن لە کاروباری سیاسی و ئابووری دای بڕی، بەهەمان شێوە لە چالاکییە کۆمەلاٌیەتییەکانیشیدا فەرامۆشی دەکات، ڕێگا نادات ئایین لەو بوارەدا ڕۆڵ ببینێت، لێرەوە عەلمانییەت گشت تشریعاتە ئایینییەکانی تایبەت بە بواری کۆمەلاٌیەتی هەڵدەوەشێنێتەوەو کۆتایی بە کارپێکردنیان دێنێت، یاسای دەستکردو دانراو لەسەر بنەمای عەقڵ و ئارەزوو و خواستەکانی مرۆڤ دادەڕێژێت و دەیانکاتە بنەمای ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەو کاروبارە کۆمەلاٌیەتییەکانی، ئەمەش گەورەترین دەرگیری ئەخلاقی ئایدیۆلۆژیایی عەلمانییەتە لەگەڵ ئاییندا، کە تەواوی بنەما ئەخلاقییەکانی ئایین دەخاتە بەر هەڕەشەو مەترسی هەڵوەشاندنەوەو لە نێو چوونەوە. چوون ئەوەی ئایین حەلاڵی کردووەو ڕێگای مومارەسەکردنی داوە، عەلمانییەت یاساغی دەکات، هەروەها ئەوانەش کە ئایین حەرام کردوون، عەلمانییەت ڕەوای دەکات، بەڵکو بەشێوەیەکی فراوان پەرەی پێ دەدات و پێداگرانە پارێزگاریان لێ دەکات، جگە لەوە سیمایەکی پێشکەوتن خوازانەش بە بەر ئەو شێوە ژیانە درووستکراو و داهێنراوەی خۆی دا دەکات و ئایین و شێوە ژیانی کۆمەلاٌیەتی ئاییندارانەو پایەند بوون بە ئەخلاقییاتی ئایینییەوە بە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی وەسف دەکات !

گرنگترین کارێك کە عەلمانییەت خواستی وە دیهێنانی دەکات بریتیە لە لێکردنەوەی واتەی حەلاڵ و حەرامی ئایینی لە کارو کردەوەو چالاکییەکانی مرۆڤ، واتا لەو کردەوانەی کە مرۆڤ لە

ژیانیدا موماره‌سه‌یان ده‌کات، تا مانایه‌کی ساده‌ی دونیاییان پێ ببه‌خشێت و جیایان بکاته‌وه له ئایین و هه‌ر حوکمێکیی ئایینی، ئیدی وه‌ك چۆن مرۆڤه‌کان له ژیانی رۆژانه‌یاندا هه‌ندێك چالاکی رۆتینی له بابه‌ت کارو که‌سب کردن، سیاحه‌ت و گه‌شت کردن، نووستن و پشوو دان، شێو خواردن، سیاقه‌تکردن...هتد، موماره‌سه ده‌که‌ن، به هه‌مان شێوه ئه‌و کارو کرده‌وه حه‌رام و یاساغ کراوه ئاینییانه ئه‌نجام ده‌ن و وه‌ك چالاکییه‌کی ساده‌و ئاسایی لێی بڕوانن، وتا له ڕوانگه‌ی عه‌لمانییه‌ته‌وه لێیان بڕوانن و هه‌ڵسه‌نگاندنیان بۆ بکه‌ن نه‌ك له دیدی ئایین و ده‌قه‌کانیه‌وه، له‌گه‌ڵ ئه‌نجامدانی گشت ئه‌و حه‌رام کراوه ئایینییانه‌دا تاك هه‌ر خۆشی وه‌ك ئیماندار ببینێت، لێره‌وه‌و له دوای هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی مانا ڕاسته‌قینه ئایین، عه‌لمانییه‌ت بۆ خۆی هه‌ڵده‌ستێت به دووباره ته‌فسیر کردنه‌وه‌ی ئایین و مانا به‌خشینه‌وه به ده‌ق و تێکسته‌کانی .

به‌م چه‌شنه عه‌لمانییه‌ت له ڕووانگه‌ی تێگه‌یشتنه مادی و دونیاییه‌کانی خۆیه‌وه ڕاڤه‌ی دین ده‌کاته‌وه، ئه‌مه‌ش ده‌رفه‌تێکی گه‌وره ده‌به‌خشێته‌وه به‌و ئایدیۆلۆژیا مادی و دونیاییه که له دوای هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی هزری و سیاسیی و ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تی و کلتووری و ئایین و په‌راوێز خستنی جارێکی دی گورزی گه‌وره له ئایین بسره‌وێنێته‌وه، به‌وه‌ی که ئه‌مجار ئایین به‌کاربه‌رێت وه‌ك ئامرازێك و بخاته خزمه‌ت ئه‌جێندا هه‌مه لایه‌نه‌کانی خۆیه‌وه. بۆ وه‌دی هێنانی ئه‌م ئامانجه‌ی ئه‌مجار عه‌لمانییه‌ت بۆ خۆی هه‌ڵده‌ستێت به دیاری کردنی حه‌رام و حه‌ڵاڵه‌کانی ئایین، دووباره پێناسی ماناکانی چاکه‌و خراپه ده‌کاته‌وه، سه‌رجه‌می ئه‌م کارانه‌شی له له‌سه‌ر بنه‌مای فیکرو تێگه‌یشتنه‌کانی عه‌لمانییه‌ت به ئه‌نجام ده‌گه‌یه‌نێت، به‌م کاره‌ی ڕاسته‌وخۆ کۆتایی به ڕۆڵی ڕاسته‌قینه‌ی ئایین دێنێت و له ئامانجه بنه‌ڕه‌تییه‌که‌ی خۆی وه‌ری ده‌چه‌رخێنێ و لاڕێی ده‌کات، له‌بری ئه‌وه‌ی که ئایین نزمی ژیان و ڕێگای ئامانجی بالأی مرۆڤ بێت و گشت، که‌چی به‌پێچه‌وانه‌وه ئایین ده‌خرێته خزمه‌ت ویسته‌کانی مرۆڤ، وه له بری ئه‌وه‌ی که ئایین ئیصلاحی (چاکسازی) ژیانی مرۆڤ بکات، عه‌لمانییه‌ت و عه‌لمانییه‌کان ده‌یانه‌وێت چاکسازی ئایین بکه‌ن ! و به ئایین بڵێن ده‌بێ چ بکات و چ نه‌کات !

به واتایه‌کی دی و ڕوونتر بڵێین که ڕۆڵی ئایین ئه‌وه‌یه به مرۆڤه‌کان بڵێت که ده‌بێت ئه‌وا چۆن بژین و چ ئه‌رك ئه‌نجام بده‌ن و چۆنیش به ئه‌نجامی بگه‌یه‌نن، که‌چی عه‌لمانییه‌کان جگه له‌وه‌ی ئه‌م

ئەرك و ڕۆڵەی ئایین پەسەند ناکەن و ڕەتی دەکەنەوە، دەیانەوێت بۆ خۆیان ئەرك بۆ ئایین دەست نیشان بکەن و بڵێن بە ئایین دەبێت چ ڕۆڵێك ببینێت، چوونیش ببینێت وە لە کوێندەرێش ئەو ئەرکەی کە پێی دەسپێردرێت ئەنجامی بدات. بۆ ئەمە عەلمانییەتی سۆشیالیستی بە هێجگاری ڕەفزی ئایینی کردو بە گژ عەقیدەو بیروباوەڕی ئایینی دا چوویەوەو تەواوی پەرستنە ئایینییەکانی یاساغ کردو دەستی کردە کوشتاری ئایینداران و ڕووخاندنی تەواوی پەرستگا ئایینییەکان بەبێ جیاوازی کردنی ئایینەکانیان، بەو هۆیەشەوە لە دەوڵەتانی کۆمۆنیستی ملیۆنان لە ئایینداران بوونە قوربانی و هەزاران پەرستگاش ڕووخێنران .

بەلاّم عەلمانییەتی لیبڕاڵی گەرچی دان بە بوونی خوداو ئایین و عەقیدەو بیروباوەڕی ئایینی دا نانێت، وەلێ ڕێگری ئەنجامدانی پەرستش و ڕەسم و سرووتە ئایینییەکانی ناکات، نەك لەبەر ڕێزگرتنی ئایین، نەخێر، بەڵکو بەو هۆیەوە کە ئەنجامدانی ئەو پەرستشانە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی مرۆڤ، بەڵکو تەنها دووبارەکردنەوەی هەندێ ووتەی زارەکی جووڵەی لەشن و هیچی دی. هەر ئەمەش بوو کە وای کرد عەلمانییەتی لیبڕاڵی ڕێگری ئەو سرووتانە نەکات، بەلاّم عەقیدەو شەریعەت کە کرۆك و جەوهەری ئایینە، عەلمانییەتی لیبڕاڵی زۆر توند بەگژیدا چوویەوەو ڕەتی کردەوە کە بکرێنە بنەمای بونیاتنانی دەوڵەت و ڕێکخستنی کۆمەڵگەو سیستمی داوەری، هاوکات بۆخۆی و لەسەر بنەمای فەلسەفە مادییەکەی خۆی باوەڕ و ڕێسای ژیانی مرۆڤەکانی دارِشتەوە .

سیستمی کۆمەلاّیەتیش بەدەر نەبوو لەو پرۆسە گشتگیرو فراوانەی بە عەلمەنەکردن. لێرەشەوە عەلمانییەت لە نێو کۆمەڵگە ئایینییەکاندا دەستی کرد بە تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی تەشریعاتەکانی ئایین و دزێوکردنی داب و نەریتە. تا تەواوی پێکهاتە کلتووری و کۆی دامەزراوە کۆمەلاّیەتیەکان لێك و پێك هەڵوەشێنێتەوە، وە لە زەینی مرۆڤەکان و هەمیش لە نێو دەستووری دەوڵەت، وەك ڕێکخستنێکی کۆمەلاّیەتی دەستووری دان پێدانراو مەسغیان بکات، هەروەها لەسەر زەمینەی واقیع و لە نێو تەواوی چین و توێژو پێکهاتە کۆمەلاّیەتییەکان، بەکرداری کۆتاییان پێ بهێنێت.

بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەی، عەلمانییەت دووبارە ڕاڤەی ئایینی کردەوەو بەشێوازێك شرۆڤەی ئایینی کردەوە کە لە ڕەهەندی کۆمەلآیەتی دابڕێت و چیدیکە لەو مەیدانەدا ڕۆڵ نەبینێت. یەکەم هەنگاوی لەو بوارەدا وەلانانی یاسا ئایینییەکانی تایبەتمەند بە کاروباری دادوەری بوو، واتا ئەو یاسایانەی نەزمی کۆمەڵگەو پێکهاتەی دامەزراوەکانی لەسەر وەستا بوو. لەبری ئەوەش عەلمانییەت و یاساو ڕێساکانی کرانە بنەمای دارشتن و پێکهێنانی سیستمی کۆمەلآیەتی وەك جێگرەوەی ئایین و تەشریعاتەکانی. هەروەك تاك گەراییش بنەمای سەرەکی نێو ئەو نەزمە کۆمەلآیەتییە نوێیە بوو. واتا تەواوی بنەمای فیکری و یاساکانی لەگەڵ گشت دامەزراوەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیەی کە عەلمانییەت پێکی دێنێت لە خزمەت خواست و ویستەکانی تاکە کەسدا دەبێت و تەنها جەخت لەسەر جیٚ بەجیٚ کردنی ئارەزووەکانی دەکاتەوە، بەبیٚ ڕەچاو کردنی هیچ سنوورو کۆت و بەندێك .

ئیدی کۆمەڵگا فەرامۆش دەکرێت و دەبێتە قوربانی مەیل و چێژو ئارەزوو بازییەکانی تاك. بۆ ئەمەش دەوڵەتی عەلمانی ئازادی ڕەهای ئەفکارو ڕەفتار ڕادەگەیەنێت، هەڵبەت بەبیٚ تەجاوزکردنی بنەماو یاساکانی عەلمانییەت، واتە گەر تۆ هەر ئایینێکت هەبێت، دەبێت عەلمانییانە پەیڕەوی بکەیت، گەر هەر ئەخلاق و ڕەوشتێکیشت هەبێت نابێت لە سنووری ئەخلاقیاتی عەلمانییەت تێپەڕێت، ئازادی ڕەهاش لە دیدی عەلمانییەتدا بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەوەی کە ئایین حەرامی کردوە لە بیرو باوەڕی فاسدو کارو کرداری بەد، وە ڕێگەدان بە مرۆڤەکان تا هەرچی خواستی دەکەن لە ژیانیان مومارەسەی بکەن بەبیٚ ڕەچاوکردنی ئایین، هەروەها بیٚ گوێدانە ئەو دەرەنجامە ترسناکانەی بیرۆکەی تاکگەرایی و ئازادی ڕەها لەسەر کۆمەڵگە جێی دێڵن . لە حاڵێکدا ئایین لە دامەزراندن و پێکهێنانی سیستمی کۆمەلآیەتیدا جەخت لەسەر کۆمەڵ دەکاتەوە، لەگەڵ ڕێزگرتنی تاك و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی، واتا ئایین هاوسەنگی ڕادەگرێت لە نێوان تاکە کەس و کۆمەڵگەدا. هەروەها ئازادی پێویست دەبەخشێتە مرۆڤ کە سنووردار کراوە لەسەر بنەمای ئەخلاق و دادگەری. ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی ئەمنی دام و دەزگا کۆمەلآیەتییەکان لە مەترسی لێك هەڵوەشاندنەوەو تیاچوونیان. لەگەڵ جێبەجێکردنی ڕێسا کۆموڵایەتیەکانی عەلمانیەت بۆ یەکەمین جار لە نێو کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا، ڕاستەوخۆ نزمی کۆمەلآیەتی

ئایینی ڕووبەڕووی مەترسی کردەوەو هەردوو سیستمەکەش دژی یەکدی وەستانەوە لە پێناو ئەوەی هەر یەکەیان خۆی داسەپێنێت بەسەر ئەوی دیدا. بەلاّم ئاشکرایە لاوازی بنەماکانی بیروباوەڕی مەسیحی و ئاخنینی کیتابی ئەو ئایینە (ئینجیل) بە خورافەی پیاوانی ئایینی و گوماندار بوونی بۆچوون و تێگەیشتنی خەڵکی مەسیحی دەرحەق بە بنەماکانی و درووست بوونی پرسیارو گومان لەسەر ئەو ئایینە لەلای ئایینداران و بێ توانایی ئویش لە وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارو گومانانەو بێزاری خەڵکی لێی، گشت ئەمانە بوونە هۆی تێکشکاندنی ئایین و لێك هەڵوەشاندنی ڕێساو ڕێکخستنە کۆمەلاّیەتیەکەی. ئەم داڕووخانەش پێ بە پێ و لەسەر خۆ وە دی هات، لەگەڵیشی هێدی هێدی بنەما و تێگەیشتنە کۆمەلاّیەتییەکانی عەلمانییەت خۆیان دادەسەپاندو لەنێو خەڵکی ئەورووپادا جێیان دەگرت. دەوڵەتیش یاریدەی فراوانی ئەم وەرچەرخانە ئەخلاقییەی دا. بۆ ئەمە دەوڵەتی عەلمانی پەروەردەی ئایینی هەڵوەشاندەوەو پەروەردەی عەلمانیی لە شوێنی دانا کە تەنها جەختی لەسەر زانست دەکردەوە وەك پێوانەیەك بۆ گشت شتەکان. واتە هەرچی لە دیدی زانستدا زیانی نەبوو، وە لە تاقیگەکانی زانست دەربازی بوو، ئەوا ڕەوایەتیشی پێدەدرێت، ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئایینەوە حەرام و یاساغ بێت. وە هەرچیش لە دیدی زانستدا سوودی نەبوو، ئەوا ناڕەوایەو پێویستە وەلا نرێت گەرچی ئایین فەرزیشی کردبێت.

لە حاڵێکدا کە زانست بێ توانایە لە دەرك کردن و تێگەیشتن لە ئەفکارو ئەدکاری ئەخلاقی و نا ئەخلاقی و سوودمەندو زیانمەند. هەڵەی گەورەی ئەورووپاش لەو خاڵەوە دەستی پێکرد کە زانستی مادی پەتیان کردە بنەمای تێگەیشتن لە هەموو شتێك بە غەیبانی و ئاشکراوە. هەروەها بە ڕۆحانی و مادیەوە، ئەنجامی ئەم کارەش درووست بوونی تێگەیشتنی چەوت و ناڕاست بوو لەسەر بوون و ئایین و هۆی ژیان وەئەرك و ئامانجی مرۆڤ لەم نێوەندەدا. ئیدی بە ئاوەژوو بوونەوەی تێگەیشتنی مرۆڤی ئەورووپی . واتە لە ڕوانگەی ئەو دیدو تێڕوانینەی مرۆڤی ئەورووپی کە لەسەر زانستی مادی بینا کرابوو، بیرو باوەر و کرداری ڕاست و ئەخلاقیانە بوویە ناڕاست و نا ئەخلاقی و بەپێچەوانەشەوە .

بەم وەرچەخان فیکرییە بەهاو قیبەمە ئایینییەکان لەگەڵ بەهاو قیەمە نوێیە عەلمانییەکان پێکدا هەڵپرژان. ئەمەش لە پێناو کۆتایی پێهێنانی شێوە ژیانێك و بەرپاکردنی شێوە ژیانێکی

دی. بە مانایەکی دی گەلانی ئەورووپی کەوتنە بەردەم دوو خیارەوە ئەوانیش مومارەسەکردنی ژیانی ئایینداڕانەو پارێزگاری کردنی نزمی کۆمەلاّیەتی و دامەزراوەکانی کە سەرجەمیان ڕەنگرێژ کراوی ئایین بوون، یاخود مومارەسە کردنی عەلمانییەت و بەرپاکردنی کۆمەڵگای عەلمانی و پیڕکردنی یاساو ڕێساکانی.

ئاشکرایە پیاوانی ئایینی مەسیحی لە ژێر دەمامکی ئایین دا چ ستەمکارییەکیان دەرحەق بە گەلانی ئەورووپا کرد، چوون ئازادییەکانی خەڵکی ئەوروپایان پایەماڵ کردو مافەکانیان پێشێل کردن، لەو دەمانەدا مرۆڤی ئەورووپی چەندین کۆتیان بە نێوی ئایینەوە لە مل کرابوو، دەبوو تەواوی جم و جووڵ و چالاکییەکانی ژیانیان لە ژێر چاودێری پیاوانی ئایینی و بەپێی ڕێنمایی و ئیزنی ئەوان  ئەنجام بدرایە، بە پێچەوانەوە ڕووبەڕووی سزای توند دەبوونەوە. خەڵك بۆیان نەبوو دووانێك بدەن بەدەر لەوەی پیاوانی ئایینی پێی ڕازین، یاخود ڕەخنەیەك بگرن وە یان داوای مافێکی خۆیان بکەن، هەروەك مافی کار کردنی خۆ ویستانەو دڵخوازانەشیان نەبوو. بەڵکو دەبوو لە زەوی دەرە بەگ یان لە زەوی کڵێسا وەك کۆیلەیەکی بێ ماف بەردەوام کاریان کردبا، بێ بەرامبەرو تەنها بە نانە سکی، واتە ئازادی کاری سەربەخۆ نەبوو، هاوکات ئازادی ماڵ گواستنەوەشیان نەبوو، بەڵکو دەبوو تا مردن لە نێو زەوی گەورەکانیان نیشتەجێ بوونایەو بەردەوام لە خزمەت دەرە بەگ و پیاوانی ئایینیدا بن. هەروەها ئەو خێزانە هەژارانە یاخود ڕاستتر ئەو کۆیلانە بە دەست هەژاری و کەمی حەقی کاریانەوە لە ژیانێکی پڕ لە ڕەزالەت و بێ بایەخیدا گوزەرانیان دەکرد. مافی هاوسەرداریان نەبوو بەبێ ڕەزامەندی گەورەکانیان، دەبوو کچ یان کوڕی  ئەو خێزانە هەژارو کۆیلە کراوانە پێشتر ئیزنی لە گەورەکەی واتە دەرە بەگ یا پیاوانی ئایینی وەرگرتبا، ئەو کات دەیتوانی وەها کارێك بکات. ئەوە هیچ کە یەکەم شەوی بووك ە دەرەبەگ یان ئەو  پیاوە ئایینییە زەویدارە دەبەخشرا کە خێزانی بووك کاریان تێدا دەکرد.

لە دوای سەرهەڵدانی ڕێنیسانس و دەرکەوتنی بیری مرۆڤگەرایی کە کاری دەکرد لە پێناو ئازادکردنی مرۆڤ لە ژێر ئەو بارە گرانە کە دەرە بەگ و پیاوانی ئایینی لێیان بارکردبوو، تا جارێکی دی ئازادی و مافە جیاوازەکان بگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ، لاواز بوونی دەسەلاّتی پاپاو پیاوانی ئایینی و دەرەبەگ، هەموو ئەمانە کار سانایی زیاتریان کرد بۆ گەشەکردنی بیری مرۆڤگەرایی و

گێڕانەوەی ڕێزو قەدر بۆ مرۆڤ، دەرکەوتنی بیردۆزەو گریمانە زانستییەکان و ئاشکرا کردنی دیاردە گەردوونییەکان و هەڵوەشاندنەوەی لێکدانەوەکانی ئینجیل لەو بوارەدا بە هێجگاری متمانەی ئەو کیتابی(ئینجیل)ی لاواز کرد. دواتر دۆزینەوە زانستییە کردارییەکان و گەشە سەندنی فراوانی ڕێنیسانس لە سەردەمی دووەمیداو لەسەر وەختی دۆزینەوەی سەر زەمینە نوێیەکان و زۆربوونی سامان و درووست بوونی شارەکان لە دوایش سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری، گشت ئەمانە یاریدەی تێکشکاندنی ئایینی مەسیحییەتیان دا. هەڵبەت لە دوای بێزاری لە ڕادەبەدەری خەڵکی لەو ئایینەو پیاوانی و ستەمکارییە هەمە چەشنەکانیان. ئیدی لە پاش شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی (١٧٨٩ز)و لادانی ئاین و هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یاساکانی و بەگژدا چوونەوەی سەرجەمی داب و نەریت و کلتوورە ئایینییەکان، لەهەمانکات بەرپا کردنی سیستمی عەلمانییەت هێدی هێدی و هەنگاو هەنگاو سیستمی کۆمەلأیەتی ئایینی و تەواوی دامەزراوەکانی ڕوویان لە لێکترازان و هەڵوەشانەوە کرد.

ئەمە دەستێکی لادانی یاسای ئایینی و هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی ئایینی و لێك هەڵوەشاندنەوەی پێوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و تێکدانی دامەزراوەکانی ئەو نزمە کۆمەلأیەتییە بوو، واتە لە نێو بردنی پێوەندی خزمایەتی بونیاتنراو لەسەر خوێن و لەرزاندنی خێزان و پەیوەندی هاوسەرداری وەك گرنگترین دامەزراوەی کۆمەلأیەتی، هەروەها کۆی قییەم و بەها کۆمەلأیەتییە ئایینییەکانی داڕووخاند کە ئەمەش خۆی لە ئیلتیزاماتە کۆمەلأیەتییەکاندا دەبینییەوە. کە ئمەش خۆی لە قەدرو ڕێزو پابەندییەکانی ئەندامانی خێزان بە یەکدی پارێزگاریکردنی ڕۆڵی باب و وابەستەگی ئەندامانی دی خێزان پێوەی، هەروەها ڕۆڵی ژن و ئەرکی لە نێو ئەو دامەزراوەیەو لە نێو کۆمەڵگاشدا دەبینییەوە، هاوکات ئەخلاقییاتی گشتی و هەر سنوورێکی ئەخلاقی یاساغکراوی هەڵوەشاندەوەو کۆتایی یەکجاری هێنا بەو نزمە کۆمەلأیەتییەو هەر چ شتێکی هاو پێوەند پێوەی. ئەنجامی گشت ئەم پرۆسە تێك و پێکدەرە فراوان و گشتگیرە بەردەوامەی عەلمانییەت دژ بە ئایین و کۆی سیستم و دامەزراوە هەمە چەشنەکانی، دەستی بەدەرکەوتن کرد لە نێو کۆمەڵگا و ئاکامی شوێندانەری ترسناکیان بە قوڵی جێ هێشت، بەڵکو عەلمانییەت ڕیشەکانی خۆی ڕۆکردە نێو کۆمەڵگاو تاك تاکی

مرۆڤەکانی، شۆڕ بوویەوە بۆ نێو دڵ و دەروونی کەسەکان و بوویە عەقیدەو بیروباوەڕی خەڵکی و جێگای ئایینی گرتەوە.

دەرکەوتەکانی ئەم گۆڕانکارییە فیکری و ڕەوشتیانە خۆیان نیشان داو بوونە دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگاو لە دواتریش بوویە داب و کلتووری. ئیدی خێزان کە گرنگترین یەکەی کۆمەلآیەتی و ڕاگری سیستمەکەش بوو دەستی بە لێکهەڵوەشان کرد، یەکەم هەنگاوی ئەم پرۆسەیەش کۆتایی پێهێنانی ڕۆڵی (باب) بوو، بوو دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر خێزاندا، واتە لە بری ئەوەی باب کە پێکهێنەری سەرەکی دەزگای خێزان و بەرپرسی دابینکردنی خواستی ئەندامەکانیشییەتی، سەرپەرشت و بڕیاردەری نێو ئەو دامەزراوەیە بێت، دەوڵەتی عەلمانی بۆ خۆی بوویە بڕیاردەر لە نێو ئەو دامەزراوەیەداو دەستی خستە نێو کاروباری و بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنە عەلمانییەکان و یاساکانی دووبارەو سەر لە نوێ و بەشێوازێکی جیاواز لە ئایین ئەو دامەزراوە گرنگەی دامەزراندەو ئەرك و ماف و ئازادی و دەسەلآتەکانی نێوی ڕێکخستەوە لەگەڵ هێڵە سوورەکانی کە نەدەبوو هیچ کەس و لایەنێك بیبەزێنێت. بۆ ئەمەش عەلمانییەت ئازادی ڕەهای لە تەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ ڕاگەیاند. لایەنی کۆمەلآیەتیش لەو چوارچێوەیە بەدەر نەبوو. وە تاکگەرایی بوویە بنەمای سەرەکی لەو نەزمە نوێیەدا، تاك چ نێرو چ مێ بۆ خۆیان و بەبێ گەڕانەوە بۆ خێزان (باب و دایك) وە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئایین و حەلاَڵ و حەرامەکانی، بێ ڕەچاوکردنی داب و نەریتە کۆمەلآیەتییەکان، لە تەواوی کاروبارەکانی ژیانیان و بەویستی خۆیان بڕیاریان لەسەر ژیانی خۆیان و چۆنییەتی مومارەسەکردنی چالاکی و شێوازی ڕەفتارەکانیان دا، واتە هەر مرۆڤێك خواست و ئارەزووەکانی خۆی کردە بنەمای ڕەفتارەکانی.

بەمشێوەیە عەلمانییەت ئایینی لە ڕەفتارو کارو کردەوەکانی مرۆڤ جودا کردەوەو ئەو ڕەفتارانەی کە ئایین حەرامی کردبوون مانای حەرامی ئایینیان لەسەر هەڵگیراو ڕێگای مومارەسە کردنیان بەشێوەیەکی ئاشکرا درا، ئەو کارو کردەوانەش کە ئایین ڕێکی دەخست و ڕەوایەتی پێدەبەخشین بە عەلمانی کران و چیتر پێویستیان بە ئایین نەبوو کە ڕەسمیاتیان پێ ببەخشێ، لێرەشەوە تاك واتە (نێرو مێ) سەربەخۆیی ڕەها فیکری و کردارییان وە دەست هێنا، بەلآم لە سنووری یاسای عەلمانی دا. ئەمەش کۆتایی سیستمی کۆمەلآیەتی ئایینی و دەستپێکی نزمی کۆمەلآیەتی

عەلمانی بوو. لەمەدا عەلمانییەت لە پاش کۆتایی پێهێنانی دەسەلاٚتی ئایینی و هەلٚوەشاندنەوەی، وە دوایی نەهێشتنی دەسەلاٚتی باب لە خێزان و پێدانی ئازادی ڕەها بە تاك و هاوتا کردنی دەسەلاٚتی نێرو مێ لە نێو خێزان و لە کۆمەلٚگاو لە تەواوی کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤ، ژیانی مرۆڤ و کۆی ئەرك و مافەکانی ڕووبەڕووی دابەشکاری دووبارەو سەر لەنوێ کردەوە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا. چوون عەلمانییەت کە مافی سەرپەرشتی کردنی خێزانی لە باب سەندەوە لە هەمان کاتیش بەپرسیاری دابینکردنی بژێوی ئەندامانی خێزانی تەنها لە ئەستۆی ئەو نەهێشت، هەروەك گوێ دێریکردنی ئافرەتی لەهەمبەر هاوسەرەکەیو پابەند بون پێی دوایی پێهێنا،بەهەمان شێوەی پیاو عەلمانییەت ئافرەتیشی ناچار بە کارکردن کرد، واتە بژێوی خێزان کەوتە ئەستۆی هەردوو هاوسەر، ئیدی خێزانی عەلمانی بوویە جێگرەوەی ئەو خێزانەی کە پێشترو لەسەر بنەمایەکی ئایینی پێك هێنرابوو، وە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵیش کەوتە سەرشانی ژن و مێرد، هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا ڕیشاڵێکی عەلمانییەت فیکری دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی کە فەلسەفەیەکی دونیایی و مادی دوور لە ئایین بوو، عەلمانییەت تەبەنی ئەو فەلسەفەیەی کردو بەشێکی زۆری دیدو تێڕوانینەکانیشی کردە بنەمای سیستەمەکەی خۆیی و لەوانەش بنەما کۆمەلاٚیەتییەکانی. لە دیار ترینی فەلسەفەی یۆنانی، فەلسەفەی فەیلەسوفی بەناو بانگی یۆنانی (ئەفلاتون)ە.

ئەفلاتون ڕای وایە کۆمەلٚگە هاوسەرگیری تاکە کەسی و خێزانی تایبەتی نەبێ و حەز دەکات باوك و کوڕ یەك نەناسن و دەبێ نەخۆش و پەککەوتەکانیش ڕێی مردنیان بۆ دیاری بکرێ، ئەفلاتون و دواتریش ئەرستۆ جەخت لەوە دەکەنەوە کۆیلە مافی هاولاٚتی بوون و یەکسانی بۆ نییەو بگاتە هەر ئاستێکی سەروتریش هەر کۆیلەیەو گەورەش چەند لاواز بێ هەر گەورەیە، ئیتر گەورەکان دەسەلاٚتدارو دەستەیەکی هەلٚبژاردەی ناو خەلٚکن و لە نێو خۆیاندا خزمایەتی دەکەن و منداڵیان دەبێ تا ئەوانیش دواتر ببنە گەورە، ئەمە هیواو خەونی ئەفلاتوون نەبوو، بەلٚکو لە ڕاستیدا واقیعی کۆمەلٚگای یۆنانی هێلینی هەروا بوو،

ڕەگەزی هەڵبژێردراوی دەپاراست و گەورەش بۆی هەبوو کۆیلە بە هەر جۆرێ بەکاربهێنێ.(٢٠٨)

خاڵی گرنگ لێرەدا شێوازی هاوسەرگیری و دووبارە بونیاتنانەوەی خێزانە کە ئەفلاتون پێشنیاری دەکات، ئەمە لە حاڵێکداو لەو زەمەنەدا کۆمەڵگای یۆنانی هەر پێڕەویان لەو شێوازە هاوسەردارییە کردووە. هەرچی بنەمای هاوسەرگیرییە لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا گرێبەستێکی کاتییە لە نێوان ژن و پیاودا، بە مەرجێك منداڵەکان باوك و دایکی خۆیان نەناسنەوە، لەڕووی ئابووریشەوە ئەفلاتون لە "کۆمار"ە کەیدا پێشنیاری هاوبەشییەك دەکات کە گشت شتەکانی هەردوو چینی فەرمانڕەواو سەربازەکان (پاسەوان)ەکان بگرێتەوە. وەك چۆن سیستمی خێزان دەکەوێتە هەمان چوار چێوەوە.(٢٠٩)

ئەفلاتون داوای پێکهێنانی کۆمەڵگەیەك دەکات کە لەسەر بنەمای هاوبەشی بونیات نرابێت، واتە سەرجەمی کەرەستەو شمەك و هاوسەران (نێرو مێ) و منداڵان موڵکی هەمووان بن، بە واتایەکی دی خێزان بوونی نەبێت بەو شکڵەی کە ئایین دیاری کردووە، لە بری ئەوە کۆمەڵگایەکی شێوە خێزانی پێك بهێنرێت کە تیایدا تێکڕای پیاوەکان هاوسەری سەرجەمی ئافرەتەکان بن و گشت ئافرەتەکانیش ژنی تەواوی پیاوەکانی کۆمەڵگەکەیان بن، بەم جۆرەش هەر منداڵێك هاتە بوون ئەوا ئەو زارۆکە نازانێت کامە باب و دایکییەتی، لێرەشەوە تێکڕای منداڵەکانیش دەبنە منداڵی کۆمەڵگە، ئیدی سەرجەمی ئەو ئافرەت و پیاوانەش دەبنەوە بە دایك و بابی تەواوی ئەو زارۆکانە. خزمایەتیش لەو کۆمەڵگەیە بوونی نییە، بەڵکو هاوڵاتی بوون بنەمای پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە.

عەلمانییەت هەمان ئەو فۆرمە یۆنانییەی خێزان و کۆمەڵگای تەبەنی کرد، کردیە بنەمای بونیات نانەوەی خێزان و ڕێکخستنی کۆمەڵگەو دووبارە داڕشتنەوەی،

---

(٢٠٨) بەراوردی ئایینەکان-أنور الجندي- چاپی یەکەم- ل ٧٥-٢٠١٢.

(٢٠٩) بیری سیاسیی کۆن و ناوەڕاست-د.غانم محمد صالح، چاپ سێیەم-ل ١٠٧ – ١٠٨.

بەپێی ئەم شێوازە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەی عەلمانییەت دەوڵەت کە دەسەڵاتی کۆمەڵگەو نوێنەری ئەوە بوویە خاوەنی گشت کۆمەڵگە بە تەواوی بوون و پێکهاتە ماددیە مرۆییەکانەوە. هەروەك بە کرداری لەسەر زەوی ئەوروپاو لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا چەسپێنراو کرایە بنەمای دارشتنەوەی ئەو کۆمەڵگایانەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی، هەروەها پێوەندی نێوان ئەندامانی و شێوازی دابەشکردنەوەی ئەرك و مافەکانی.

ئیدی عەلمانییەت بە سوود وەرگرتن لەو دیدو تێڕوانینە یۆنانییە، خێزانێکی نوێی بۆ مرۆڤ بونیات نا کە زیاتر لە شەراکەتێکی مادی و چێژ ئامێز دەچوو تا لە یەکگرتنێکی ئەخلاقی ڕۆح و جەستەی دوو مرۆڤ. ئەم دامەزراوەیە واتە خێزانی عەلمانی پێکهێنرا لە دوو تاك، واتە نێرو مێیەك کە بەبێ مارە بڕین و مەراسیمی ئایینی و بێ گوێدانە ڕەزایەتی ماڵباتیان ئەو خێزانەیان پێکدێنا، لە سەرەتاو دەستپێکیشدا، هەردوو هاوسەر وەك یەك بەرپرسیارن لە دابینکردن و دەستەبەرکردنی تەواوی پێداویستییەکانی ئەو دامەزراوەیەو ئیدارەدانی، چ لە ڕووی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و، چ لە ڕووی ئابووری و دابینکردنی بژێوییەوە، هەروەها لە بەخێوکردنی منداڵ و ئامادەکردنی شێو و شوشتنی بەرگ و پۆشاك و خاوێنکردنەوەی ماڵ و هەر کاروبارێکی دی، هیچ کام لەو دوو هاوسەرە مافی لێپرسینەوەی یەکدیان نەبوو لەسەر ڕەفتارو ڕەوشتی یەکدی و هەر پێوەندی و کاروبارو چالاکییەکی دی واتە هەر یەکە لەو دوو هاوسەرانە بۆ خۆیان سەربەخۆیی ڕەهایان هەیە لە ئەنجامدانی هەر کارو بارو ڕەفتارێك کە ویستی مومارەسەکردنیان هەبێت.

لەلایەکی دیش منداڵ لە دیدی ئاییندا وەك ڕەچەڵەکی باب هەژمار دەکرێت و دەخرێنە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە، بەڵام عەلمانییەت منداڵ دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەت و هیچ کام لە باب و دایك خاوەنی منداڵ نابن و کەمترین دەسەڵاتیشیان لەسەر ئەو زارۆکانە نابێت، ئەوانیش خاوەنی ئازادی ڕەهای بیرو ڕەفتار دەبن لە چوار چێوەی یاساو دەستووری عەلمانییەتدا. لە ڕاستیشدا ئەو دامەزراوەیەی کە عەلمانییەت پێکی دێنێت هیچ نییە جگە لە هۆتێلێکی چەند ئەستێرەیی کە خواردن و نووستنی و جنسی تێدا دەستەبەر دەکرێت، وە گەرنا هیچ مەرجێکی دەزگای خێزانی تێدا نییە، چوون ئەندامانی ئەو دامەزراوەیە لە یەکەمین دەستپێکی پێکهێنانی

ئەو خێزانە وە بەرێگایەکی چەوت و یەکەمین هەنگاوی نا درووست دەست پێدەکات، کە ئەویش ڕێکەوتنێکی سەرپێی نێوان دوو مرۆڤە لەسەر پێکەوە ژیان بەبێ گرێبەستی ئایینی و دوور لە ئاگای ماڵباتیان، ئەمە لە حاڵێکدا کە بوونی پەردەی کچێنی لە گۆڕێدا نەماوەو پێشتر هەر دوو هاوسەر مومارەسەی نا درووستی کاری جنسیان کردوە، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیش ڕوونییە ئەو منداڵانەی لە دوای پێکهێنانی خێزان و ژیانی هاوسەرداری، هێنەبوون، باب و خزم و خوێشانی باب و دایکیان کێن، چوون وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا مومارەسەکردنی هەموو کردەوەیەکی ئەخلاقی و نا ئەخلاقی واتە حەرام و حەڵاڵ لەلایەن عەلمانییەتەوە ڕەوایەتی پێدراوەو مرۆڤەکان لە ئەنجامدانی ئازادکران، ژن و مێرد پابەندی ئەخلاقیان لەنێودا نیەو جگە لەنێو سنووری خێزان و لەگەڵ هاوسەری خۆی، هەر یەکە لە ژن و مێرد دەیاتوانن لە خاریجی خێزان لەگەڵ هەر کەسێکی دی کە بۆ خۆیان ویستیان لێ بێت دەیان تونن پێوەندی بگرن و کاری جنسی ئەنجام بدەن، لێرەوە گرنگترین هۆکاری پێکهێنانی خێزان و بەردەوامی پێەری واڵا کرا بۆ گشت کەسێك، واتە دەروازەی ماڵ خرایە سەر پشت بۆ هەر کەسێك کە بێتە نێوی و پەیوەندی بگرێت لەگەڵ هەر یەکە لەو دوو ئەندامە گرنگەی کە درووستکەرو بونیاتنەری خێزانن.

ئەم هەرەسەئەخلاقییەی کە عەلمانییەت خولقاندی دووەم موهیمەو ئەرکی خێزانی لە ڕێڕەوی خۆی ترازاند کە ئەویش درووستکردنی پێوەندی خوێن و خزمایەتی و وەچە خستنەوە بوو. لە دوای ئازادکردنی کاری جنسی، ئیدی خزمایەتی لێك هەڵوەشایەوە، چوون ئەو زارۆکانەی کە لە دایك دەبوون لایان ڕوون نەبوو کە بابیان کێیەو خزم و خوێشیان بە نادیاری مانەوە. ئەم ڕەوشە ناهەموارە بەمەوە نەوەستا بەڵکو بە ئاڕاستەیەکی هێجگار نالەبارترو خراپتردا گوزەری کرد، دوای ئەوەی عەلمانییەت لەژێر پاساوی ئازادی ڕەهای مرۆڤ و بە جەخت کردنەوە لەسەر تاك گەرایی و دوور لە هەر قییەم و بەهایەکی ئەخلاقی و بگرە دوور لە ڕەوشتی ئاژەڵانیش، چەندین جۆری دی ناسرووشتی لە نموونەی خێزان پێشنیار کرد بۆ مرۆڤەکان تا بەپێیی ئەو شێوازانە خێزانی دی و جیاواز لە شکڵە سرووشتییەکەی پێك بینێت، لەوانەش خێزانی پێکهاتوو لە مێ و مێ، نێرونێر، ئاژەڵ، مێ و (ملها)...هتد کە تێکڕای ئەمانە دەرچوونی ڕەها بوو لە گشت قییەم و بەهایەکی ئایینی و مرۆیی، هەروەك چەندین ڕەوت و بزووتنەوەی جیاوازو لێك جوودا سەریان هەڵداو هەر یەکە لەوانەش داوای ئازادی ڕەهای جنسیان بە هەموو شێوەو شکڵەکانییەوە دەکرد،

لەوانەش (هیومانیزم) کە (شیللەر)ی ئەڵمانی خستوویەتییە ڕوو، دەڵێت: (خواستی مرۆڤ پێوەرو پێودانگی هەموو شتێکە لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێکخستنی ڕەگەزی درووشمی ڕادیکاڵ فیمینیستەکان، ڕێکخستنێکە تیایدا، هەر تاکێك هەر جۆرە ژیانێك کە دەیەوێت، دەبێ خۆی هەڵبژێرێت و هەڵبژاردنەکەشی پێویستە لەلایەن ئەوانی ترەوە پەسەند بکرێت ئەم کۆمەڵەیە ڕەگەزی تاکە کەس بە وا بەستەی مافەکانی نازانن و لەو بڕوایەدان کە سرووشتی ژنان و پیاوانە بەتەواوەتی یەکسان بووە، تەنها (مرۆڤ) هەیەك نەك ڕەگەزایەتی !

فیمینزمی هۆمۆسێکس ویلاّنە: فیمینیستە هۆمۆسێکسویلەکان لە هەموو شوێنێکدا پیاو سالاری بە ئامادەو چاودێر دەبینن، پەیوەند لەگەڵ پیاواندا بە کارێکی سیاسیی ناو دەبەن، ئەو ژنانەش کە پێوەندییەکی لەو جۆرە هەڵبژێرن، بە دەست تێکەلاّو کردن لەگەڵ ستەمکردن لە ژنان تۆمەتباریان دەکەن !

فیمینستە توندڕەوەکان ناتوانن باوەڕیان بە بەها ئایینیەکان هەبێت چونکە مەسەلە یاسایی و سیاسییە کۆمەلاّیەتییەکانی پەیوەندار بە ژنان بەدەر لە دەسەلاّتی قەمرەوی هەر ئایینێك دادەنێن. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەحکامەکانی نموونەی حیجاب، قەدەغەکردنی لەبار بردنی کۆرپەلە، ڕێکخستنی پەیوەندی سێکسی و ئەحکامی پەیوەندیدار بە خێزان و تەلاّق و بەها ئایینییەکان، بە ستەم کردن لە ژنانی دادەنێن و هەوڵ دەدەن لە پێناو لەناو بردنی.(٢١٠)

بەم شێوەیە گشت ڕەفتارو کردەیەکی نا ئەخلاقی جنسی ڕەوایەتی پێدراو مرۆڤ بێ ڕادە ڕۆچوو لەو بوارەداو ئینحرافی هێجگار گەورەی تێدا کرد، لە دوای جوداکردنەوەی ئایین لە ژیانی مرۆڤ و خزاندنی بۆ نێو کون و قوژبنی پەرستگاکانی، مانایەك لە حەرام و حەلاّڵدا لە نێو کۆمەڵگەدا بوونی نەما، واتە ئەخلاق و زانست بە تەواوی لە ئایین جودا کرانەوە هەروەك لە پێشتریشدا عەلمانییەت ئایینی لە سیاسەت و دەوڵەت و هەر کاروبارێکی هزری و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتووری دوور خستەوە، لە دواجاردا دەست درێژی عەلمانییەت بۆ سەر ئایین کۆتا سنووری خۆی تێپەڕاند،

---

(٢١٠)ڕەوتەکانی فیمینزیم- کۆمەڵێك نووسەر- چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

دەوڵەتەعەلمانییەکان لەسەر بنەمای ئەو ئایدیۆلۆژیا ماددییەو یاساو ڕێساکانی، بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕەزامەندی لەسەر پێکهێنانی خێزانی هاو ڕەگەز بازی و کرداری نێر بازی و مێ بازی و ...هتد، نواند، بەڵکو ئایینیشی ناچار کرد کە دان بەو کارە ناشیاوەدا بنێت، لەمەشیدا عەلمانییەت ئایینی مەسیحی ناچار کرد کە بۆ خۆی و لە نێو کڵێساکاندا ئەو نێربازو مێبازانە لێکدی مارە بکات و بە ڕەسمی و لە مەراسیمی ئایینیدا پیشانی خەڵکیان بدەن و ڕەوایەتیان پێ ببەخشێت، ئەمەش دوا ئینحراف و لادان و سەرکێشی ناسرووشتی عەلمانییەکان نەبوو، بەڵکو تێپەڕی کرد بۆ زێدەڕۆیی نوێترو لەوانەشە (فیمینزمی لیبڕاڵی: ئینتیما لیبراڵییە فیمینیستییەکان جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی دایکایەتی و هاوسەرایەتی ژنان وەك ئەرکێك دەکەنەوە، بەپێی ئەم پێشنیارە ژنان ئازادن کە هەر جۆرە ژیانێك لە پێکهاتەی جۆر بەجۆرەکانی خێزان وەك (خێزان و هاوسەرێتی، خێزان بەبێ هاوسەرێتی، لەناوبردنی کۆرپەلە، هاوسێکسبازی و...هتد) هەڵبژێرن !

وە فیمینزمی پۆست مۆدێرن: ئەم کۆمەڵەیە پێشنیاری تیۆری (پیاوان و ژنان بە پێناسی نوێ) دەکەن و لە هاوشێوە بوونی تەواوەتیانەی مافەکانی ژن و پیاو دەدوێن لە خێزان و ژینگەی کۆمەلآیەتیدا، تەنانەت جەخت لەسەر لابردنی نموونەی ڕەگەزایەتییەکانی ناوکتێبی وانە دەکەنەوە !

هەندێ لە فیمینستەکان بە دابەشکردنی بەها ڕەها ئەخلاقییەکان بۆ ژنان و پیاوانە، خوازیاری ڕەتکردنەوەی تەواوی هەموو بەها پیاوانەییەکانن، ڕەگ و ڕیشەکانی فیمینزمیش لە هەناوی عەلمانییەتەوە سەری وەدەرناوەو، ڕێچکەی گرتووە، عەلمانییەت واتە (تیۆرێك کە پێی وایە یاساو ڕێساکانی ماف، پەروەردە، خوێندن، فێرکردن، پێویستە لە بری ئایین، لەسەر بنەمای زانست بنیات بنرێت). وە تایبەتمەندی یاخود بنەماکانی عەلمانییەت بریتیین لە:

* بە هەمووەکی زانینی دونیا.

* خۆ داماڵین لە ئایین.

* داماڵینی ئایین لە ئیتیك (ئەخلاق) و زانست.

*** ڕەتکردنەوەی حکومەت کە لەسەر بنەمای تیۆری ئایینی بێت.(٢١١)**

**عەلمانییەت جگە لە هەڵوەشاندنەوەی زەواجی ئایینی و پێوەندی کۆمەلاّیەتی خوێن و پێکهێنانی زەواجی عەلمانی و داهێنانی چەندین جۆری نا سرووشتی خێزانی وەك هاو سێکسبازەکان و...هتد وە بە ڕەوا زانینیشیان، هەستا بە دەستکاری کردنی ئەرك و مافەکانی هەر یەکە لە پیاو و ژن. بۆ ئەمەش عەلمانییەت ڕەتی ڕۆڵی دایکایەتی و بەخێوکردنی زارۆکی وەك ئەرکی ژن کردەوە، ئەوەشیان ڕەتکردەوە کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و ئەنجامدانی زەواج ئەرکی ئافرەت بێت، عەلمانییەت ئافرەتی لە تەواوی ئەرکەکانی داماڵی و ئەو جیاوازییە بایۆلۆجییەو جەستەییەی ئافرەتی فەرامۆش کرد کە لەگەڵ پیاودا هەیەتی، لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون ئەرکەکانی هەردوو ڕەگەزی دووبارە دابەش کردەوەو هەردو هاوسەر واتە ژن و پیاوی وەك یەك بەشدارو ئەرکدار کرد لە پەیدا کردنی بژێوی خێزان و بەخێوکردنی زارۆك و تەواوی کاروبارەکانی نێو ماڵ.**

**لە حاڵێکدا ئەمەش بۆ خۆی ستەمێکە کە دەرحەق بە ڕەگەزی ئافرەت ئەنجامدرا، لەلایەك بێ بەش کردنی لە هاوسەری تایبەتی و ڕەوای خۆی، هەروەها لێ سەندنەوەی مافی دایکایەتی و ناچارکردنی بەکارکردن و پەیداکردنی بژێوی خۆیی و خێزانی، سەرباری گشت ئەمانە عەلمانییەت ئافرەتی کردە موڵکی گشتی و لە نێو دەوڵەتانی عەلمانیدا هەر پیاوێك دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا بگرێت، بە تایبەت لە تیاترۆو دیسکۆکاندا کە بە بڕێك لە دراو دەتوانن هەر چەشنە مامەڵەیەك بە جەستەی ئەو ئافرەتانەوە بکەن. هۆکاری دژایەتی عەلمانییەت و ڕەوتە عەلمانییەکان لەگەڵ خێزانی ئایینی و ڕۆڵی دایکایەتی و بەخێو کردنی زارۆك دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی تا ئافرەتان لە هەر ئەرکێك داماڵن و ئەویش وەك پیاو ڕۆڵ بگێڕێت لە کاروباری سیاسیی و ئابووری و کۆمەلاّیەتیدا. لەکاتێکدا جیاوازی بایۆلۆزیکی، بۆ ماوەی چەندین سەدە خاڵی دەستپێك و پاساو هێنانەوە بۆ چێکردنی ڕۆڵ گەلی جۆراوجۆری کۆمەلاّیەتی بۆ ژنان و پیاوان بووە،**

---

(٢١١)ڕەوتەکانی فیمینیز-کۆمەڵێك نوسەر-چاپی یەکەم-٢٠٠٨ .

نەك تەنها توانای بایۆلۆژییانەی ژنان بۆ زاوزێ کردن و لە مەمکەوە بۆ شیردانی منالّ و کەم هێزبوونیان لە ڕووی جەستەوە، بەهۆکاری دەست نیشانکردنی ڕۆڵی کۆمەلاّیەتیان لە مالّەوەو هەروەها خۆ خەریك کردنیان بە کاروبارەکانی مالّەوەو ڕاهێنانی منالّ، لە قەلّەم ئەدرا، بەلّکو جیا لەوەش بانگەشەی ئەوە دەکرا کە ئەم جیاوازییە بایۆلۆژیکیانە لە توانای ژنان بۆ بەشداری کردن لە بوارە گشتییە (کۆمەلاّیەتی و سیاسیی)یەکاندا کەم دەکەنەوە.(٢١٢) بۆ ئەمەش عەلمانییەکان پەنا بۆ تەکنەلۆژیا دەبەن بۆ چارەسەری ئەو گرفتە بایۆلۆیکیانە.

فایرستۆن لەو باوەڕەدایە کە ئەم مەسەلەیە دەتوانێ لە ڕێگەی تەکنەلۆژی گەلی پێوەندیدار بە زاوزێ کردنەوە جێ بەجێ بکرێت تاکو ژنان لە توانا گەلی سێکسی و زاوزێ کردن کە سەرچاوەی بایۆلۆژیکیانەی هەیە، ڕزگاریان بێت، فایرستۆن لەو بڕوایەدایە کە ڕزگارکردنی ژنان لە زاوزێ کردن، جیا لەوەش دەبێتە هۆی هەلّوەشاندنەوەی یەکەی بنەمالّەو پەروەردە بوونی منالاّن لەناو (بنەمالّە گەلێکی) پێکهاتوو لە نزیکەی (١٠) کەسی بالّغدا، کە بە مەبەستی پەروەردەکردنی ئەو جۆرە منالاّنە بۆ ماوەیەکی تایبەتی زەمەنی دادەمەزرێت. منالاّن هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تایبەت لەگەلّ (دایك و باوکیان)دا بەرقەرار ناکەن و لە جیاتیدا پێوەندی گەلێکی سۆز ئامێز لەگەلّ کەسانێکدا بەرقەرار دەکەن لە هەر ڕەگەزو هەر تەمەنێك کە خۆیان هەلّیان بژاردوون. ئەم پێوەندییە تازە کۆمەلاّیەتییانە، ئازادی سێکسیان لێ دەکەوێتەوەو (ڕەنگە بە سالاّچووان دوای چەند وەچە، بگەڕێنەوە بۆ حەز کردن بە سێکسی فرە چەشن ترو سروشتی تر، هەروەها پێداگرتن لەسەر پێوەندی واژنی چێژی سێکسی ئۆرگاسمی جێب خۆی بدا بە پێوەندی گەلێکی فیزیکی عاتفی کە ئەویش لە ڕیزیاندا بێت.(٢١٣)

ڕوونی دەردەکەوێت کە عەلمانییەکان کاری جدی بۆ بەرەو هەلّدێربردنی خێزان و تەواوی پێوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان دەکات،

---

(٢١٢) فیمینیزم- جیەن فریدمەن- ل ٢٩ – ١٤ .

(٢١٣) هەمان سەرچاوە.

هەموو ئەمانەش لە پێناو ڕەهاکردنی مومارەسەکردنی سێکس و هاوشانکردنی بێ چەندو چونی ئافرەتان لەگەڵ پیاوان بەبێ لەبەرچاو کردنی جیاوازی و توانا جەستەییەکانیان. هەروەها منداڵان لە دایك و باوکانیان و گشت خزمانیشیان بێ بەش دەکەن و دەیانسپێرنە خانەی بەخێوکردنی منداڵان، گوایە بەو مەبەستەی ئافرەتان لەو ئەرکە ڕزگار بکەن، لە حاڵێکداو لە خانەی بەخێوکردنی زارۆکانیشدا دیسان هەر ئافرەتانن کە ئەو منداڵانە بەخێو دەکەنەوە، واتە عەلمانییەت ڕۆڵی دایکایەتیان لە ئافرەت داماڵی و ڕۆڵی کارکەرو خادمیان پێ بەخشی.

بە درێژایی مێژوو لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییە جیاجیاکانی سەر زەویدا بە چاو پۆشین لەوە کە ئایا ئافرەتان لە ئەنجامی بە دایك بوونیاندا، تا چ ڕادەیەك مافەکانیان پارێزراو بووە، دایکایەتی ئەرکێکی هەمیشەیی و دانە براوی ئافرەت بووە، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆشدا گەرچی ڕادەی دایکایەتی کردن، وەك پەروەردەکردن و نازکێشانی منداڵ — نەك وەك منداڵ بوون — بازنەی بەر تەسك بووەتەوەو دایکایەتی بە بەها مرۆییەکەی خاڵی کراوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین ئەو منداڵانەش کە بە هۆی (فەرمانبەری) و (کارکردن)ی دایکیانەوە لە نازو پەروەردەکردنی دایکی ڕاستەقینەیان، مەحروم بوون و لە دایەنگەکاندا سەرپەرشتی دەکرێن، دەبینین بە زۆری هەر (ئافرەت) سەرپەرشتیان دەکات، واتە ئافرەت بە گونجاوتر زانراوە بۆ پەروەردەکردنیان لە پیاو، چونکە سۆزو لێزانین و خۆشەویستی زیاترە، ئەمە دیسان دان نان دەگەیەنێ بە ڕەسەنایەتی کاری دایکایەتی ئافرەت و لە پێشتر بوونی لە چاو ئەرکەکانی تریدا. وە خاڵە سرووشتییەکانی دەسەلاّت و ڕاچەنینی ئافرەت، بریتین لە (دایکایەتی، خێزان، سۆز)، ئەمانەش ئیتارێکن ڕۆحیان ئایینە، ئایین دەبێتە ووزەو داینەمۆی وە گەڕخستن و کاریگەریی ئەو بنتانە. هەریەکە لەو پێدراوانەش لە پۆتەی ئاییندا کارلێك دەکەن و هەر لەو چوارچێوەیەشدا دەسەلاّتی مەعنەوی یاخود قیوامەی دەروونی ئافرەت پێك دەهێنن. ئەوەش کە منداڵی مرۆڤ، جیا لە بەچکەی ئاژەڵەکانی دی (کە لە ماوەی چەند ڕۆژێك یان چەند مانگێکدا دەتوانن سەربەخۆ لەدایکیان بژین) پێویستی بە چەند ساڵێك هەیە تا بتوانێ بەبێ سەرپەرشتی دایك و بابی — بەتایبەتی دایك لە ساڵە بەراییەکانی تەمەنیدا بژی — هەروەك بەڵگەیە لەسەر (ڕەسەنێتی خێزان)،

بەڵگەیشە لەسەر ڕەسەنێتی و زەرووڕەتی (دایکایەتی) ئافرەت.(٢١٤)

عەلمانییەت پرۆژەی گۆڕانە کۆمەلآیەتییەکەی خۆی هەروا درێژەی پێداو ئەمجار پێداگیرانە جەختی لەکارکردنی ئافرەت دەکردو پێی وابوو کە مانەوەی ژن لە نێو ماڵ و خەریك بوونی بە کاروباری نێو ماڵەوەو چاوەڕوانی دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانی لە پیاو جۆرێکە لە کۆیلەیی ئافرەت و ملکەچیە بۆ پیاو، چارەسەری ئەمەش لەوەدا بینی کە ئافرەت لەماڵ بێنێتە دەرەوەو تێکەڵ بە کاروباری دامەزراوەو کارخانەکانی بکات، تا هەر لەو ڕێیەشەوە سەرچاوەی دەستهاتی ئابووری بۆ مسۆگەر بکات و پێویستی بە پیاو نەمێنێت. لە دوای شۆڕشی فەڕەنسی (١٧٨٩)و چەسپاندنی دەوڵەتی عەلمانی، چینی بۆرژوازییەتی سەرمایەدار کە بوو بوویە بڕیاردەری ناوەندە سیاسیی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگاو هەر لەو دەمانەش بونیاتنان و دامەزراندنی کارخانەکان و ڕویان لە پەرە گرتن کردبوو و شوماریان زیادی دەکرد، ئەو کارگانەش پێویستی بە کرێکاری زیاد هەبوو، بۆ ئەمەش کەڵك وەرگرتن لە ئافرەت وەك هێزی کار باشترین دەرفەت بوو بۆ بۆرژوازییەتی سەرمایەدارو خاوەن کارگەکان، تا نرخی کار بە هەرزانی ڕابگرن کاری خۆشیان مەیسەر بکەن، هەر بە پێشکەوتنی زانست و زانیاری ئیدی کرێکاری نەخوێندەوار نەیدەتوانی چیدی لەسەر ئامێرە نوێیە کار بکەن، لەم پێناوەش دا بۆرژوازییەتی عەلمانی هەردوو ڕەگەز ناچار بە خوێندن کرد تا کرێکاری شارەزاو خوێندەواریان لێ بەرهەم بهێنێت و دواتریش لە کارگەکاندا بیانخاتە گەڕ، بەم هۆیەشەوە ئافرەتانیان خستە بەر پرۆسەی خویندن مافی خویندن .عەلمانییەکان ئەم کارەشیان وەك دەستە گوڵ و بەخششی عەلمانییەت بە خەڵکی ناساندو بە ئافرەتانیان فرۆشتەوە .

یەکێك لە شیکردنەوە مارکسیستییە فیمینیستییەکان تیۆری زەخیرەی کارە، مارکس ئەیوت کە سەرمایەداری بۆ ئەوەی نەهڵێت کرێکاران توانای داواکردنی حەقدەستی زیاترو بارووددۆخی باشتر بۆ کارکردن بکەن، کەڵك لە لەشکری زەخیرەی کار وەردەگرێت، هەرکاتێك پێویست بە ژمارەیەکی زیاتری کرێکار هەبووایە،

---

(٢١٤) مافی ئافرەت لە نێوان ڕەگەز سالاری و مرۆڤ سالاریدا- عمر عەلی غەفور.

که ئەگەری زیاد بوون و چووونە سەری حەقدەسەکانی بە دواوە بووایە، خاوەن کارەکان دەیانتوانی ڕوو لەو لەشکرە زەخیرەیە بکەن، تاکو کرێکارانی کارامەو تازە نەفەس بهێنێتە ناو بازاڕی کارەوەو بەجۆرە لە بەرانبەر هەموو داخوازەکانی کرێکارانی پێشوودا دەوەستن. هەندێك لە فیمینیستەکانی وەك ڤرۆنیکا بیچەی (١٩٧٧) توخمێکی ڕەگەزی (جنسی) شیان خستووەتە سەر ئەم باسەو لەو باوەڕەدان کە ژنان لەو ڕووەوە لە ڕاستیدا وەك لەشکرێکی زەخیرەی کار وان، کە هەمیشە دەتوانرێت کەڵکیان لێ وەربگیردرێت، کاتێ پێویستی بە کرێکار هەیەو کاتێکیش ئەگەری هەڵبەزین و چوونەسەری حەقدەستەکان لە ئارادا بێت دەتوانرێت بانگهێشت بکرێن بۆ کاری حەقدەسانە و کاتێکیش کە بازار ڕووی لە کەسادی و بێ ڕەونەقی دەنێت و پێویستی بە فەرمانبەر نامێنێت و بێکاری ڕوو لە زیاد بوون دەکات، بنێردرێنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەم مەسەلەیە بەتایبەت سەبارەت بە ژنانی خێزانبار ڕاستی لە خۆ دەگرێت چونکە وا تەسەور کراوە کە ئەوان وابەستە بە داهاتی مێردەکانیانن و کارێکی تریشیان لە ماڵەوە هەیە، کەواتە دەتوانن و هەروەها حەزیش دەکەن هەر کاتێك بازاڕی کار پێویستی پێیان بێت کار بکەن، یان دەست لە کار بکێشنەوە.(٢١٥)

عەلمانییەت لە زەمەنی ئێستاشدا هەنگاوی گەورەتری بە ئاراستەی لادان لە ئایین ناوە بە چەشنێك نەك لە ئەخلاقیاتی ئایینی بەڵکو لە ئەخلاقیاتی مرۆڤیش ترازاوەو دابەزیوە بۆ خوار ڕەفتارە ئاژەڵ، ئەوەش لە دوای بە یاسای و سرووشتی ناساندنی ئەنجامدانی کردە گەلێکی تاوانکارانەی ئاشکراو وێناکردنی ئەوکردە گەلە تاوانکارییانە وەك ئازادی و مافی تاك. لەوانەش لە ساڵی (١٩٩٦) کۆنگرەی دانیشتووان و پەرەپێدان و ڕێکخستن لە ئەستەنبوڵ بەسترا، لە بڕیارە پێشنیازکراوەکانی ئەو کۆنگرە سەپاندنی مافی مرۆڤ لە گۆڕینی پێناسی ڕەگەزی (جنسی) و ئەو ڕۆڵانەی دەکەوێتە سەرشانی،بە ڕەسمی داننان بە (الشواز والمخنپین) داواکردنی تۆمارکردنی مافەکانیان لەناو مافەکانی مرۆڤدا، لەوانە پێدانی مافی هاوسەرگیری لەناویاندا،

---

(٢١٥) فیمینزم- جیەن فریدمەن- ل ١٠٠.

واتە هاوسەرگیری نێر لەگەڵ نێرو مێ لەگەڵ مێ و درووستکردنی خێزان لە نێوانیانداو بەدەستهێنانی منداڵ بە (تبنی — بە منداڵی خۆکردن) و بە کرێگرتنی سك (منداڵدان). بەڵگە نامەی بڕیارەکان داوا دەکات کە کچ و ژن ئازادی ڕابواردنی سێکسیان هەبێت لەگەڵ هەر کەسێك کە دەیانەوێت و جا لە هەر تەمەنێکدا بێت. مەرجیش نییە لە چوارچێوەی هاوسەرگیری شەرعیدا بێت هەروەها داوا دەکات کچە عازەبە سکپڕەکان لەسەر خوێندنی خۆیان بەردەوام بن بێ ئەوەی کەس لۆمەیان بکات.(٢١٦) وە کۆنفاشیۆنی لابردنی توندو تیژی لەباربردنی کۆرپەلەو هۆمۆسیکسوێل بە ئازادو ڕێگە پێدراو دادەنێت.(٢١٧)

لێرەوە عەلمانییەت نەك هەر سیستمی کۆمەڵایەتی و خێزانی بیناکراو لەسەر یاساو ڕێسا ئایینییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵکو کۆتایی بە ئایینیش دێنێت لە ژیاندا. وە بنەماو پرەنسیپی مرۆڤکرد لە جێی دەق و تێکستە ئایینییەکان بەکار دەبات بۆ دارشتنەوەو ڕێکخستنی تەواوی ئەرك و مافەکانی مرۆڤ لە نێو ئەو نزمە کۆمەڵایەتییە نوێیەدا. ڕوانگەی عەقڵی و خواست و چێژو ئارەزووەکانی مرۆڤ خۆی بنەمای ئەو پرەنسیپ و یاساو ڕێسا عەلمانییانەن.

ئایدلۆژیای عەلمانییەت تەنها لە بوارەکانی سیاسەت و دەسەڵاتڕانی و کاروباری ئابووری و بازرگانی و چۆنییەتی ڕێکخستنی پێوەندی جنسی نێوان دوو ڕەگەزو شێوازەکانی منداڵ بووندا ململانێی ئایین ناکات، بەڵکو لە تەواوی کایەو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ، عەلمانییەت تەنگ بە ئایین هەڵدەچنێ و هەوڵی وەدەرنان و پەراویزخستنی دەدات، واتە عەلمانییەت خۆی لە قەرەی گشت کاروبارەکانی ژیانی مرۆڤ دەداو سەر بە هەموو کون و قوژبنەکانیدا دەکاو تەواوی گۆشەو کەنارەکانی دەپشکنێ و قسەی خۆی لەبارەوە دەکات و بڕیاریشی لەسەر دەدات، لە هەر جێیەکیش کە پووی بە ئایین هەڵتۆقێ ئەوا تەنها یەك ڕێگاو یەك خیاری بۆ پێشنیار دەکات کە ئەویش پاشەکشە کردنییەتی لە دونیاو هەر کاروباە دونیەویەکان، وە گەڕانەوەی بێ چەندو چوونی بۆ نێو سنووری پەرستگاکەی و ئۆقرە گرتنی تێیدا،

(٢١٦) بەجیهانی کردنی دیدێکی ئیسلامی-د.محسن عبدالحمید-چاپی یەکەم- ٢٠٠٦.

(٢١٧) ڕەوتەکانی فیمینیزم-کۆمەڵێك نووسەر- چاپی یەکەم- ٢٠٠٨.

لەگەڵ ڕەزامەند بوونی بێ قەیدو مەرجی بەو ڕەوش و بارەی کە عەلمانییەت بۆی بڕیارداوە.

لە پاش کۆنترۆڵ کردن و یەکلایی کردنەوەی کاروبارەکانی دەوڵەت و چالاکی ئابووری و ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی و دامەزراوەی خێزان، عەلمانییەت ئەمجار قورسایی چالاکییەکانی خۆی لەسەر یەکلاکردنەوەو چارەکردنی ئەرك و ماف و گرفتە کۆمەلاّیەتییەکان چڕ کردەوە. تا لەوێش شوێنێك بۆ ئایین و گوفتارەکانی نەهێڵێت و سەرتاپای زیندەگی مرۆڤ عەلمەنە بکات و بڕیاردەری هەر کاروبارێکیش خۆی بێت. بۆ ئەمە عەلمانییەت تەواوی بڕیارو یاساو ڕێسا ئایینییەکان وەبەر نەشتەرو تیری ڕەخنە دەخاو تۆمەتی جۆراو جۆریان ئاڕاستە دەکات، سەر لەبەری ئەحکامەکانی لێك هەڵدەوەشێنێتەوەو لەکاریان دەکات و لە بری وان عەلمانییەت بۆ خۆی یاسای دەستکرد لە بری هەریەکە لەوان بۆ هەریەك لەو دیاردە کۆمەلاّیەتییانە داڕشت و لە دەستووریشدا چەسپاندی، لەو دژبەریانەی کە عەلمانییەت لە هەمبەر ئایین و حوکمە کۆمەلاّیەتییەکانیدا دەیکات بریتییە لە ڕەتکردنەوەی حەدی زینا کە ئایین جگە لە یاساغ و حەرامکردنی داوێنپیسی و هەر چەشنە کردارێکی هاوشێوەی، سزای توندی دەرحەق بەو تاوانەو ئەنجامدەرانی دیاریکردووە کە ئەو سزایەش لە جەڵد لێدان (شەلاق لێدان)ەوە بۆ ڕەجم (بەردباران کردن)ە وەك سزایەك بۆ ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بڕیارداوە. لەگەڵ دیاری کردنی چۆنییەتی ئیسپاتکردنی تاوانەکەو ڕێو شوێنی سەپاندنی حوکمەکەیدا. ئەم حوکمەی ئایین لە پێناو پاراستنی خێزانە لە لێك هەڵوەشاندن و پارێزگاری کردنیشە لە وەچەی مرۆڤەکان تا هەر تاکێك زارۆك و نەوەی خۆی بناسێتەوە، هەروەها بۆ هێشتنەوەو درێژەپێدانی خزمایەتی و پێوەندییە خوێنییەکان و وابەستەگەییە کۆمەلاّیەتییەکان و بەرپاکردنی گیانی هاوکاری و مرۆڤ دۆستییە لە نێوان مرۆڤەکان، هەروەك بەرەنگار بوونەوەیەکی توندی بەدڕەوشتی و فەسادی و ئەخلاقییە، وە بەرگرتنە لە خستنەوەی منداڵی (بیژۆ) زۆڵ. کە لە حاڵێکدا چاو بە دونیا هەڵدێنن نە دایکێکیان هەیە کە نازیان بکێشێت و نە بابێکیشیان هەیە تا بژێویان بۆ دەستەبەر بکات. لە دواجاریش زۆرێك لەوان مرۆڤانێکی بەدکردار یان لێدەردەچێت کە نەك بۆ خودی خۆیان بەڵکو بۆ تەواوی کۆمەڵگاو دەوڵەتیش دەبنە مایەی گرفتی هەمەلایەنی گەورەو بەردەوام. وە لەگەڵ بلاّوبوونەوەو تەشەنە سەندنی هەر کردەیەکی داوێن پیسی و بەدڕەفتاری ئەخلاقی لە کۆمەڵگەدا ئەوا لەگەڵ خۆشیدا تەواوی کۆمەڵگەو داو و دەزگا کۆمەلاّیەتییەکانی ڕووبەڕووی هەڵوەشانەوە

دەکاتەوە، چوون گەر ڕێگای مومارەسەکردنی کاری جنسی (زینا) درا، ڕاستەوخۆ پرۆسەی زەواج و پێکەوە نانی خێزان لە کەم بوون کزی دەداو هێدی هێدی ڕوو لە نەمان دەکات. لێرەشەوە تیاترۆو یانەکانی بەدڕەوشتی جێگای خێزان دەگرنەوە، ئیدی شوومارێکی زۆر لە کوڕان و کچانی کۆمەڵگە لە تەنهاییدا دەمێننەوەو هەلی زەواج و پێکەوە نانی خێزان وەچە خستنەوە لە دەست دەدەن. جگە لە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی قەیرانی دەروونی بۆ ئەوان و شوێندانانی خراپی لەسەر ژیان و تەواوی چالاکییەکانیان، بەڵام عەلمانییەت ئەم کردارەی وەك مافێکی سرووشتی مرۆڤ ناساندووەو بەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاوانە ڕای دەگەیەنێت کە بەرگرتن لەو کارە تەداخول کردنە لە ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان و پێشێلکردنی ئازادییە، هەروەك مندالْ خستنەوە هەڵگرتنەوە، یاخود لەبار بردنیشی دیسان وەك مافی تاکە کەس دیاریی کردووە. وە هیچ بایەخێکیش بە خێزان و پاراستنی وەچەی مرۆڤ و پێوەندییە خزمایەتی و کۆمەلأیەتییەکانی نادات .

یەکێکی دی لەو دژبەرییانەی عەلمانییەت ڕاشکاوانە لەهەمبەر ئاین دەیکات، فرەژنییە کە ئایین ڕێگای داوە پیاو تا چوار هاوسەر بگرێت، بەلأم عەلمانییەت بە بڕیارو یاسا دژی ئەم دەقە ئاینییانە دەوەستێتەوە و ئەو کارەش وەك ستەمێك لە ژن وەسف دەکات کە لەلایەن ئایینەوە دەرحەق بەو دەکرێت. پێشی وایە کە ئایین پیاوی بەرز ڕاگرتووە بەسەر ژناندا. لە حالێکدا عەلمانیەت دژی فرەژنی دەستێتەوە بەڵام نەیاری هاوڕەگەزبازی فرە دۆستی ناکات .

ئایین مافی قەوامە (سەرپەرشتیاری) خێزان واتە ژن و زارۆکی بە پیاوان سپاردووە، عەلمانییەت ئەم مافە وەك پێشێلکاری و زەوت کردنی ئازادی ژنان وێنا دەکات. هەروەك ئایین هەندێك لە دەسەلأتەکانی دەوڵەت و پۆستە سیادییەکانی لە ژنان یاساغ کردووە لەبەر وەزعی تایبەتی ژنان نەك بە کەم زانینیان، چوون وەك دەزانین ئافرەتان ڕووبەڕووی سووڕی مانگانەو دیاردەی مندالْ بوون و شیردان دەبنەوە، لەلایەکی دیش ئایین ڕێگە نادات کە ژنان لەگەلْ پیاوانی بێگانە بەوان زۆر کردەوەو ڕەفتاری لە بابەت لەمسکردن و گردبوونەوەی دوانی و گەشت و سەردانی بێ مەحرەم و بەشداری ڕاستەوخۆی جەنگ بکات، دیارە ئەمانەش لەبەر ئەو بارووداۆخە بایۆلۆجیانەیە کە ئافرەت پێیاندا گوزەر دەکات کە دیارە ناتوانێت بە حەملەوە ئیدارەی وولأت بدات یان سەردانی گۆڕەپان و مەیدانەکانی جەنگ بکات یاخود بەو حالەوە کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکانی دی

ئەنجامدات، گەر بەکاربردنی هۆو چارەسەرە پزیشکییەکانیش بکرێنە پاساو بۆ بەرگرتن لەو دیاردەیە ئەوا دیسان ئەوەش ستەمێکی لە دییە لە ژنان و لێ سەندنەوەی مافی دایکایەتی و منداڵ بوون خێزانداریییە. سەرباری پێشێل کردنی سنوورەکانی ئایین و ئەنجامدانی ڕەفتار گەلێکی دوور لە بەها ئایینییەکان و تەقلید کردنەوەی ڕەفتاری بێ دینان و شوێن کەوتنیان .

دژ بەرایەتییەکی دی عەلمانییەت لەگەڵ ئایین، لە بواری مارەیی و تەلاقی هاوسەرانداییە کە دیارە ئایین بە پیاوانی سپاردووە، بەلاّم عەلمانییەت جگە لەوەی ئازادی جنسی ڕاگەیاندووەو بڕوای بە مارەیی و تەلاقی ئایین نییە، ڕەفزی دانی دەسەلاتی تەلاق بە پیاوان دەکات لە دادگاکانی دەوڵەتانی عەلمانیداو، بە هەردووکیانی دەسپێرێت .

هەروەها لە بواری شاهیدیدانیشدا عەلمانییەت گرفتی بنەڕەتی لەگەڵ ئایندا هەیە، لە دیدی ئایینداو لەو کاروبارانەی کە خەسڵەتێکی پیاوانەی هەیەو زیاتر پیاوان پێیانەوە سەرقاڵن. ئەمانەش وەك بازرگانی و کشتیاری و سیاسیی و هەر کاروبارێکی دی هاوشێوەی ئەوان دوو ئافرەت لە بەرابەر پیاوێکدان شاهیدی دە دات، ئەمەش نەك بەهۆی کەم نرخی ئافرەتان، بەڵکو لەبەر نە شارەزایی ئەوان لەو کاروبارانەدا، هەروەها لە کاتی دانی شاهیدییەکەدا تەنها یەك لەو ئافرەتانە دەئاخڤێت دوان دەدات، ئەوی دی تەماشا دەکات و گوێڕا دێرێ گەر شاهیدی ئافرەتی یەکەم بێ کەم و کوڕی بوو ئەوا شاهیدی ئافرەتی دووەم پێویست نابێت، بەلاّم گەر ئافرەتی یەکەم لە گوتنی ڕاستییەکان تووشی لە بیر چوون هات ئەو کات شاهیدی دووەم لە ئافرەتەکان گێڕانەوەی ڕاستییەکان تەواو دەکات، وە لەو کاروبارانەشدا کە پسپۆری ئافرەتانن لەوانیش وەك، منداڵ بوون و بەخێوکردن و شیرپێدانی، هەروەها پاکیزەیی ئافرەتان و کاروبارەکانی دی نێو ماڵ، ئەوا شاهیدی دوو لە پیاوان بەرابەر یەك ئافرەتە.

ئیبنولقەیم دەڵێت: ئەو کارانەی بۆ دەرکەوتنی پێویستی بە دوو شاهیدی ئافرەت هەیە لە بری پیاوێك، ئەو کارانەن کە لە بیرکردن ڕووی تێدەکات. بەلاّم ئەگەر کارەکە لەوانە نەبوو کە لە بیرکردن ڕووی تێ بکات، وەکو ئەوەی بە چاو دەبینرا یان لەوانە بوو کە دەستی لێ بدرێت شاهیدی دوو ئافرەت لە بری پیاوێك پێویست نییە، واتە شاهیدییەکە بە پیاوێك و ئافرەتێك

دێتە دی.لە جەریمەی کوشتندا هەروەك چۆن بە دوو شاهیدی پیاو ئیسپات دەبێت، بە هەمان شێوە بە دوو شاهیدی ئافرەتیش دەچەسپێت.(٢١٨)

کەچی عەلمانییەکان دوور لە تێگەیشتن لە ڕاستییەکان، لەسەر ئەم شێوازەی شاهیدیدان کە ئایین دیاری کردووە بە ڕەچاو کردنی کارو پیشەو پسپۆری هەریەکە لە دوو ڕەگەزەکە، تەشەر ئاراستەی ئایین دەکەن ئەو شێوازو بڕیارەشی کە بۆ شاهیدی دانی پیاو ئافرەت دیاری کردووە وەك بە کەم زانینی ئافرەتان لێك دەدەنەوە، گوایە ئایین ڕەگەزی مێی بە کەم گرتووە، وە عەلمانییەت بۆ خۆی لە دوای ڕەتکردنەوەی ئەو دیدە ئایینییە، شاهیدیدانی هەردوو ڕەگەز لە گشت کاروبارەکانی ژیان و بێ ڕەچاوکردنی هیچ تایبەتمەندی و بێ سنوورییەکی هەر یەکە لە پیاوان و ژنان وەك یەك لێدەکات، واتە لە هەموو گرفت و کێشەکانی ژیان جا چ سیاسیی بن یاخود ئابووری یان کۆمەلآیەتی و هتد. بۆ شاهیدی دان یەك پیاو بەرابەر بە یەك ژنەو بە پێچەوانەشەوە. ئەمەش وەك یەکسانی وێنا کردووە.

میراتیش یەکێکی دییە لەو دیاردە کۆمەلآیەتییانەی کە هەر یەکە لە ئایین و عەلمانییەت ڕوانگەی تایبەت و دژ بەیەکی خۆیان لەسەر چۆنییەتی و شێوازی دابەشکردنی هەیە، کە ئەمەش دەرەنجامی ڕەنگدانەوەی نەزم و ڕێکخستنی کۆمەلآیەتنی هەر یەکەیانە بۆ ژیانی مرۆڤ وەك تاك .

ئایین پێکەوە نانی ماڵ و خەرجی هاوسەرگرتن و دابینکردنی بژێوی خێزانی وە ئەستۆی ڕەگەزی نێر خستووە، واتە ئافرەت دەچێتە نێو ماڵی ئامادەکراو بێ هیچ خەرجێك لەگەڵ دابینکردنی بژێوی خۆیی و هەر زارۆکێکیش کە بیبینێت. لەم حاڵەشدا ئایین دوو بەش لە میرات بۆ کوڕو یەك بەشیش بۆ کچ بڕیار دەدات، وە لە حاڵەتی تەلآق و جیابوونەوەی کچ، ئایین برای ئەرکبار کردووە، بە گرتنەخۆو بەخێوکردنی خوشك،

(٢١٨) وەڵام دانەوەی چەند ڕەخنەیەك دەربارەی ئیسلام-نوسینگەی تەفسیر-هەولێر-٢٠٠٧ز .

وه چەندین حاڵەتی دی میرات بەشکردن لە ئاییندا هەیەو لە هەندێ حاڵەتیاندا نێرینە بەشی زۆری بەر دەکەوێت و لە هەندێکی دیشیاندا ڕەگەزی مێ بەشی زۆرینەی وە بەر دەکەوێت هەڵبەت بە ڕەچاو کردنی بارو زرووفی میراتبەرو ڕادەی پێویستی بەو سامانە، لەگەڵ ئاستی نزیکایەتی و خزمایەتی لە کەسی کۆچکردووەوە.

دیسان عەلمانییەکان ئەمەش وەك ستەمێکی دژی لە ئافرەت لە قەڵەم دەدەن و ئەو حوکمەو ئاینییەو گشت ئەحکامە ئایینییەکانی دی لەو بارەوە ڕەفز دەکەن، لە ڕوانگەی عەقڵی خۆیانەوە یاسای تایبەت بە چۆنییەتی دابەشکردنی میرات دادەڕێژن و ئیدی هەردوو ڕەگەز هاوسەنگ دەکەن و لە بەشە میراتیداو یەك بەش بۆ نێرینەو یەك بەشیش بۆ نێرینە دیاری دەکەن. ناکۆکییەکی دی نێوان عەلمانییەت و ئایین مەسەلەی حیجاب و چارشێوی ئافرەتانە کە ئایین وەك ئەرکێك لەسەر ئافرەت پێویستی کردووە، دیارە ئەمەش لە پێناو پاراستنی ئافرەت و ڕێزو شکۆی ئەو دایە، هەروەك تێکەڵی ئافرەتانی لەگەڵ خەڵکی بیانی بەوان یاساغ و حەرام کردووە، بەڵام عەلمانییەت ڕێك پێچەوانەی ئایین ئەو بەرگ و پۆشاکە ئایینییەی وەك ئامرازێك بۆ کۆت و بەندکردنی ئافرەت وێنا دەکات و داوای لابردنی دەکات، بۆ ئەمەش حکومەتی فەڕەنسا لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕەسمی حیجابی ئایینی قەدەغە کردو لە تەواوی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و شوێنە گشتییەکاندا یاساغی کرد، زۆرێك لە دەوڵەتانی دیکەی عەلمانی هەمان هەنگاوی دەوڵەتی فەڕەنسایان هاویشت و بڕیاری یاساغ کردنی حیجابیان دەرکرد، وە بە شێوەیەکی یاسایی و عەلەنی هەردوو ڕەگەزیان تێکەڵ بە یەك کردووەو هەر جۆرە پێوەندییەکی نێوانیشیان ڕێ پێداوەو بە کردەی ئاسایی دەبینن .

ئایین پێداگیرانە جەخت لەسەر پێوەندی کۆمەڵایەتی دەکات و زۆرێك لە ئەرك و مافە کۆمەڵایەتییەکانی هەر لەسەر ئەو بنەمایە دیاری کردووە، ئەمەش بۆ پارێزگاری کردنی تەواوی ژیانی تاك تاکی ئەندامانی کۆمەڵگە لە گشت قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و تافی لاوی و زەمەنی پیریدا، ئایین بەخێوکردنی زارۆکی لەسەر دایك و باب پێویست کردووە، هەروەك وەفاداری نەوەکانیشی لە هەمبەر وان و لە تەواوی ژیانیان و بە تایبەت لەسەر وەختی پیریدا، ڕێزگرتن و بەخێوکردنیانی پێویست کردووە وەك ئەرکێکی ئایینی. بەڵام عەلمانییەت جەخت لەسەر تاکە

کەس دەکاتەوەو هیچ گرنگییەك بە خێزان و پێوەندی کۆمەلاّیەتی نادات و بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەوانیش دایەنگای بۆ بەخێوکردنی مندالاّن پێکهێناوەو خەلّوەتگەی پیرانیشی بۆ پیران درووستکردووە، تا لەوێدا باقی تەمەنیان لە تەنهایی و بێکەسیدا بگوزەرێنن .

لە بواری تاوانە کۆمەلاّیەتییە جۆراو جۆرەکانیشدا جیاوازی و پێکدژی گەورەو ئاشکرا لە نێوان هەر یەکە لە عەلمانییەت و ئایین هەیەو بە ڕوونیش دەبینرێن، لەو تاوان گەلانەش کوشتن (القتل)ی دەست ئەنقەستە، کە عەلمانییەت زیندانی کردنی بۆ بڕیار داوە جا ئیدی بۆ چەند سالّ یان تا مەرگ. بەلاّم ئایین سزای کوشتنەوەی داناوە بۆ بکوژ، بۆ کوشتنی نا ئەنقەستیش خوێنبایی دیاری کردووە. هەروەك لە تاوانی دزیشدا عەلمانییەت دیسان سزای بەند کردنی داناوە، وەلیّ ئایین سزای دەستبڕینی دیاری کردووە، بەلاّم لەگەلّ مەرج، واتە هۆی دزی کردن و بڕی شمەکی دزراو لەو بڕیارەدا ڕەچاو دەکرێت .

ئاشکرایە عەلمانییەت گشت خواردن و خواردنەوەکی ڕەواکردووە بەوانەشەوە کە ئایین حەرامی کردوون و لەوانیش (عەرەق و گۆشتی بەرازو...هتد) وە بەکارێکی ئاسایی و مافێکی سرووشتی مرۆڤی دەبینێت، لیّ ئایین حەرامی کردوون ڕێگریان دەکات و سزای جەلّدی بۆ بەکاربەرانی دیاری کردووە .

گشت ئەمانە گەواهی دەری ئەو ڕاستییەن کە عەلمانییەت و ئایین دژی یەکن و پێکەوەو لە یەك کاتداو لە نێو یەك دەولّەت و یەگ گەل و یەك دلّدا ناگونجێن و دەرنابەن. دەبێت مرۆڤ خۆی بۆ یەکیان یەکلا بکاتەوەو دەستبەرداری ئەوی دییان بێت، چوون ناکرێت وە ناگونجێت کە مرۆڤ لە یەك ساتدا هەلّگری ئەو دوو بیروباوەڕە بێت و یەکێکیان کارێکی حەرام و یاساغ بکات و ئەوی دییان هەمان کاری بۆ ڕەوا و حەلاّلّ بکات، هەروەك کە ناشکرێت مرۆڤ عەقیدەو بیروباوەڕێك پەسەند بکات وەك ڕێبازو یاساو ڕێسای ژیانی، بەلاّم دواتر بە ویستی خۆی پێڕەوی لیّ بکات، واتە هەندیّ لە یاساکانی کە لەگەلّ مەیل و ئارەزووەکانی ئەودا دەگونجێت و یەکانگیر دەبنەوە، لە ژیانیدا پێڕەوییان بکات و باقی یاساکانی دی ئەو بیرو باوەڕە کە لەگەلّ ویست و خواستی ئەو نایەتەوە، ڕەفزیان بکات. یاخود بۆ جێگرتنەوەی ئەو یاسایانە پەنا بۆ ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕێکی دی ببات و لەویش هەر یاسایەکی دلّخوازی خۆی وە بەر دیدە کەوت ئەوا هەلّیان بژێرێت و

لەگەڵ ئەوانی دی دەمجیان بکات و ژیانی خۆی لەسەریان ڕێك بخات. واتە دوو ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕ تێکەڵ و ئاوێتەی یەکدی بکات و لەسەر پەتی هەردووکیان یاری بکات. خۆ گەر وەها کارێکی لەو چەشنەش بکرێت، ئەوا لە حاڵەتی ئایینداهەرگیز کاری وا ئەنجام نادرێت، چوون ئایین جگە لەوەی بیروباوەڕو یاسای گشتی ژیانی مرۆڤە، تاکە بڕیاردەری حەلاڵ و حەرام چۆنییەتی ڕێکخستنی ژیانیشیەتی، هەروەك بۆ خۆی هۆو ئامانجی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات، وە ڕەتی گشت ئایدیۆلۆژیاو بیرو باوەڕەکانی دی و بەتایبەتیش ئایدیۆلۆژیا دەستکردەکانی خودی مرۆڤ دەکاتەوەو بە پووچ و بێ ماناو کوفریان دەداتە قەڵەم. لێ ئەمە لە حاڵی ئەو ئایینەدا کە بێ دەستکاری و تەحریف، وەك خۆی ماوەتەوەو پارێزراوە، نەك ئەو ئایینانەی کە سەرلەبەریان لێوان و سەرڕیژکراوە لە خورافە، مرۆڤە دونیا ویستەکان بەپێی ویست و بەرژەوەندییە مادی و دونیاییەکانی خۆیان ناوەڕۆکی ئایینەکەیان داشتۆتەوەو لەگەڵ عەلمانییەت هەر ئایدیۆلۆژیاو بیرو باوەڕێکی دەستکرددا گونجاندویانە. وە لە ژیانیان و لە تێکڕای کاروبارە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیاندا پێڕەوی لەو ئایدیۆلۆژیا دەستکردانە دەکەن و لەسەر بنەمای تێڕوانینی ئەو ئایدیایە شێوازی زیندەگی و چالاکییەکانیان ڕێك دەخەن و بە زاریش بانگەشەی ئاییندار بوونیان دەکەن کەچی یەك فەرمانی ئایینەکەشیان جێ بەجێ ناکەن و هیچ پابەندییەکیشیان پێیەوە نییەو بگرە لە زۆر حاڵیشدا دژی دەوەستنەوە یاخود تەفسیرو ڕاڤە گەلی سەیرو سەمەر بۆ ئایین دێننەوە، ئەمەش بەو پاساوەی گوایە گرنگ نییە تۆ لە ژیانتدا ئەرك و فەرمانەکانی ئایین جێ بەجێ بکەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە تۆ لە ناوەوە ئاییندار بیت، واتە ئاینداری ناوەکیت هەبێت و بڕوات بە بوونی خودا هەبێت، هەر ئەوەندە بە کافی دەزانن و گەرچی کردەوەکانیشت پێچەوانەی ئەو بڕوایە بێت، تۆ هەر بە ئاییندار لە قەڵەم دەدرێیت .

## بنەما ڕۆشنبیریی و کەلتورییەکانی عەلمانییەت :

گشت ئایین و ئایدیۆلۆژیایەك لەسەر بنەمایەکی فیکری گشتگیرو یەکانگیر دامەزراوە، کە دەئاخڤێت لەسەر تەواوی کاروبارو چالاکییە عەقڵی و جەستەییەکانی مرۆڤ. هەر لەو چاوگە فیکریەوە یاساو رێساکانی ڕێچکە دەگرێت. پاش دامەزاندنی دەوڵەت و پێکهێنانی کۆمەڵگا، عەلمانیەت کار دەکات بۆ بلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری و کلتوری عەلمانیەت، تاوەکو بیرو هزری

مرۆڤەکان ئامادە بکات بۆ بەرخوردکردن لەگەڵ ئەو شێوە ژیانە لادینی و نەزمە نائایینیەدا، بۆئەوەی بە سرووشتی و ئاسایی ببینن. ئەم کارەش هەروا بە سانایی نایەتەدی بەڵکو پێویستی بە زەمەنێکی درێژو کۆششێکی فراوان و دەرفەتێکی لەبار هەیە. چوون هیچ ئایین ئایدیۆلۆژیایەك ناتوانێت گەشە بکات و ڕیشە فیکرییەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگاو لە نێو دڵ و ئاوەزی مرۆڤەکاندا ڕەگاژۆ بکات تا ئەو بیرو باوەڕەی پێش خۆی تێك و پێك نەشکێنێت و ڕەگ و ڕیشاڵی لە بێخ دەرنەکێشێت. واتە بۆ جێگرتنی هەر بیروباوەڕێك، بەرپاکردنی جەنگێکی فیکری دژ بە بیروباوەڕی باو و بلاّوی نێو کۆمەڵگە، کارێکی پێویست دەبێت، هەڵبەت لە دوای لە نێو بردنی دەسەلاّتی سیاسیی و سەربازی و ئابووری ئەو ئایین یاخود ئایدیۆلۆژیایە، لێرەوە پرۆسەی تۆمەتبار کردن و گوماندارکردنی بنەما سەرەکییەکانی ئەو بیرو فیکرە بە ئامانج گیراوەو دزێوکردنی لە زەینی خەڵکیدا دەست پێدەکات. تا سەر لەبەری ئەو باوەڕە وەك ناشیاو و بەسەر چوو وە پێشچاوی خەڵکی بخرێت، دیارە ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە تەواوی ئامرازەکانی پڕو پاگەندە کردن، وە بە کەڵك وەرگرتن لە گشت ئیمکاناتێکی ئابووری و سەربازی، چوون ئاشکرایە کە هیچ ئایین و ئایدیۆلۆژیایەك بەبێ بوونی هۆو ئامراز گەلی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی دارایی و هێز، گەشەکردن و سەرکەوتنی هەر(ئایین) یاخود هەر(ئایدیولۆژیا)یەك کارێکی ئەستەم و چاوەڕوان نەکراوە. چوون باوەڕە نوێیەکان هەر لەگەڵ دەرکەوتنیان ڕووبەڕووی دەرگیری و بەرەنگاری سەخت دەبنەوە لەلایەن بیرو باوەڕی باو جێگرەوە، تا بەردەوامی بدات بە بالاّدەستی خۆی، لەگەڵ دیدو جیهانبینییەکانی، هەروەها ئەو شێوە ژیانە بهێڵێتەوەو درێژی پێ بدات کە بۆ خۆی و لەسەر بنەمای پرەنسیپ و ڕێساکانی بەرپای کردووە .

سەخت ترین جەنگێك کە گشت ئیمکانات و تواناکانی مرۆڤی پێویست بێت، وە بۆ درێژ بکێشێت بۆ تولانی ترین ماوەو زۆرترین قوربانیش بخاتەوە، ململانێ و پێکدا هەڵگژانە ئایین و ئایدیۆلۆژییەکانە. چوون دەکرێت بە تێك شکاندنی توانای ئوردووە سەربازییەکان و ووشك کردن و لە نێودانی سەرچاوە دارایی و ئابوورییەکان، کۆتایی بە دەسەلاّتی دەوڵەتێك و بهێنرێت و هەرەس بێنێت، وەلێ ئەو عەقیدەو باوەڕەی کە لەسەری دامەزراوە دەمێنێتەوە لە ئاوەزو هزری مرۆڤەکان، ڕادەی مانەوەی ئەو باوەڕەش لە زەینی پەیڕەوانیدا وابەستەیە بە ئەندازەی بەهێزی بنەماو پێکهاتە فیکرییەکانی لەگەڵ دیدو تێڕوانینەکانی و ئاستی کارایی لە بەرپەرچدانەوەی

خەنیمەکەیدا، ئەمە جگە لە ڕادەی هێزو توانایی دژ بەرەکەی (خەنیمەکەی)، کە هەریەکەیان بە ڕادەیی خۆی کاریگەری و شوێندانانیان لەسەری دەبێت. واتە بۆ تێکشکاندن و لە نێو بردنی هەر ئایین و ئایدیۆلۆژیایەك پێویست بە بەرپاکردنی جەنگی فیکری و شۆڕینەوەی مێشکی مرۆڤ و داگیرکردنی دەکات .

هیچ کات دوو فیکرو دوو بیرو بۆچوونی جیاوازو دژ بە یەك لە یەك کاتداو لە دەروون و هزری مرۆڤێکدا پێکەوە جیٚ ناگرن، تەنها لە حاڵی وەلانانی یەکیاندا نەبێت. واتە بیروباوەڕی مرۆڤ تەنها لەسەر یەك ئایین یاخود لەسەر یەك ئایدیۆلۆژیا دەچەسپێت وە لە تواناشیدایە کە بە پێی بنەماو پرەنسیپەکانی ئەو باوەڕە پەسەندکراوەی خۆی کارو کردارەکانی ڕێك بخات و ئاڕاستە بیکات، کەواتە گەر مرۆڤێك هەر یاساو ڕێسایەکی بۆ ڕێکخستنی ژیانی و ڕەوت پێدانی کردارو ڕەفتارەکانی پەسەند کرد ئەوا سەرچاوەی خودی ئەو یاسایانە واتە ئەو چاوگە فیکرییەی کە یاساکانی لێوە هەڵێنجراوە دەبێتە عەقیدەو باوەڕی ئەو مرۆڤە و تەواوی هەڵوێستەکانیشی هەر لە نێو تێڕوانین و دونیا بینییەکانی ئەو فیکرەوە ڕێچکە دەگرنەوە، واتە درێژکراوەی هەمان جیهانبینی ئایین یان ئایدیۆلۆژیای پەسەندکراو و بڕیار لەسەر دراوی خودی کەسەکە دەبێت. ئەو مرۆڤەی بانگەشەی ئاییندار بوونی خۆی دەکات و لە هەمان کات ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەتی پەسەند کردووە، ئەوا تەواوی ژیانی خۆی چ بیرو بۆچوونەکانی وە چ کردارو ڕەفتارەکانی ڕووبەڕوو ناتەبایی و پێکدژییەکی توند کردۆتەوە، ئەمە ناچاری دەکات بۆ دەستبەردار بوونی یەکیان و پەسەندکردنی ئەوی کە دڵخوازییەتی .

فیکری مرۆڤگەرایی کە یەکێك لە ڕەکیزە سەرەکییەکانی سەرەتاکانی گەلاڵەکردنی عەلمانییەت، هەر لە دەمی دەرکەوتنی لە چاخی ڕێنیسانس، ڕەتی فیکری مەسیحییەت و یاساو ڕێساکانی کر، چوون مرۆڤگەراکان لەوە گەیشتبوون کە تائەو ئایینە چاوگی هزری و ڕوانگەی کرداری مرۆڤەکان بێت ئەوا بیری مرۆڤگەرایی ناتوانێت جیٚ بگرێت لە نێو هەست و هۆشیاندا .

هەروەها بیری سرووشتگەرایی کە یەکێکی دییە لەو بنەما فیکرییانەی کە عەلمانییەتی لەسەر گەلاڵە بووە، دیسان ئەمیش هەر لەگەڵ سەر وەدەرنانیدا کەوتە دژایەتی ئایینی مەسیحییەت و

دەسەڵاتی پیاوانی کڵێساو ڕەتی ئایین و دەسەڵاتەکەی کردەوە، ئەمەش لە پێناو وەلانان و پەراوێزخستنی ئەو ئایینەو جێگرتنەوەیدا.

لەگەڵ دۆزینەوەی چاپخانەو لە چاپدانی سەرچاوە فەلسەفییەکانی یونانی و ڕۆمانی و بلاّوکردنەوەی بە سەرانسەری ئەورووپادا، گەشەی فیکری لە نێو ئەورووپاییەکان کەوتە بزاوت، واتە بە ئاراستەی دژە ئایینیدا، چوون هەردوو فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی دژە ئایینی بوون ڕوانگەیەکی مادییان بۆ ژیان هەبوو کە لە دواتریشدا ڕەنگدانەوەی قوڵیان لەسەر فیکری عەلمانییەت هەبوو، هەروەك ڕۆڵی گەورەیان لە گەلاڵە بوونیدا بینی و بە یەکێك لە ڕەکیزە فیکریەکانی هەژمار دەکرێن، ئەمە جگە لە کاریگەری و شوێندانانی تەوراتی کیتابی ئایینی جوولەکایەتی کە لە زەمەنی بەر لە زاییندا لەلایەن حاخامەکانییەوە ڕووبەڕووی تەحریفکاری ببووەوەو ڕوانگەیەکی دونیاییانەیان بە بەردا کردبوو.

هەموو ئەم باوەڕانە واتە مرۆڤگەرایی، سرووشتگەرایی، فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفەی ڕۆمانی لە زەمەنێکدا سەریان وەدەر ناو ڕوویان لە گەشە کرد کە دەسەلاّتی کلّێساو پیاوانی دابویان لە کزی و فیکری ئایینی مەسیحییەت چیدی توانای وەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ و دەستەبەری خواستە ڕۆحییەکانی هەوادارانی نەمابوو، هەروەك چەندین دەسەلاّتی ناوچەیی دەرکەوتبوون و تا ڕادەیەکیش سەربەخۆ بوون لە دەسەلاّتی مەرکەزی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆزو هەژموونی پاپا. دەسەلاّتدارانی ئەو هەرێمە نیمچە سەربەخۆیانە و سەرمایەدارە تازە دەرکەوتووەکانیان تا ئاستێکی فرە پشتیوانی بیرمەندان و ئەو چەشنە دیدو بۆچوونە نوێیانەیان دەکرد گەرچی ئەم باوەڕگەلە دونیاییانەو بیرمەندەکانیشیان نەخوازراو بوون لای کلّێساو پیاوانی ئایینی وەك خەنیمێکی ڕاستەقینەی مەسیحییەت لێیان دەڕوانین. لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو ئەفکارە نوێیانەدا ململانێ و دەرگیری توند لە نێوان ئەوان و ئایینی مەسیحییەتدا سەری هەڵدا، هەر کام لەوانیش دەیانزانی سەرکەوتنی هەر یەکەیان بەسەر ئەوی دیدا واتای سەرکەوتنی بیرو باوەڕەکەیەتی، هاوکات شکست هێنانی مانای تیاچوونی فیکرو ڕێبازەکەشییەتی، هەر بۆیە کلّێساو پیاوانی ئایینی بە تەواوی هێزو تواناکانیانەوە کەوتنە بەرەنگاری ئەو بیرو باوەڕە نوێیانە، لەو پێناوەشدا دادگاکانی پشکنینیان دامەزراندو درێخیان نەکرد لە گرتن و کوشتو بڕکردنی

نەیارە فیکرییەکانیان. چوون بوونی ئەوان و وەستانەوە یان لە هەمبەر مەسیحییەت و کڵێساو پیاوانی، واتای ڕەفزکردنی ئەو شێوە ژیانە ئایینداارانەیەو یاساو ڕێساو دەسەڵاتەکەی، هەروەك ڕەتکردنەوەی ئەو ڕۆشنبیری و کلتوورو داب و نەریتانەیە کە ئەو ئایینە گەڵاڵەی کردوە و لە هزری مرۆڤەکانی ئەو دەمانەدا چەسپاندبوی. هاوکات واتای پێشنیازکردنی شێوازێکی دی لە ژیان بوو، ئەمەش لەسەر بنەمای باوەڕو یاسایەکی نوێی نائایینی و پێکهێنان و بەرپاکردنی ڕۆشنبیری و کلتوورو نەریتێکی جیاواز لە مەسیحییەت. ململانێی نێوان بەرەی ئاییندااران کە لە کڵێساو پیاوانی ئایینی دا خۆی دەبینییەوە، لەگەڵ بەرەی دژە ئایین، ئەویش خۆی لە فەیلەسووف و بیرمەند و ڕۆشنبیرانی و ناوداری ئەو و بیرو باوەڕە فەلسەفییە مادی و دونیاییانەدا دەبینییەوە، هەر وا بەردەوام بوو و درێژەی کێشاو تا لە زەمەنی سەرهەڵدان و بەرپابوونی ڕۆشنگەریداو لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکان و درووست بوونی کارگەو دامەزراوە پیشەسازییەکان و وەرچەرخانە ئابووری و سیاسییەکاندا، دەسەڵاتی کڵێساو پیاوانی دای لە کزی و مەسیحییەت ڕووی لە شکست کرد، لە ساڵی (١٧٨٩)و بە بەرپا بوونی شۆڕشی فەڕەنسی بە هێجگاری کۆتایی بەو سیستمە ئایینی هێنراو کۆماری عەلمانییەت ڕاگەیانرا. بە دەسەڵات گەیشتنی عەلمانییەت و پێکهێنانی دەوڵەتی عەلمانی و بە دەستوورکردنی بیرو بۆچوونەکانی وەك یاساو ڕێسای کۆمەڵگەو تاکەکانی، بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی بە عەلمەنە کردنی بیرو زەینی خەڵکی و تەواوی داب و نەریت و کلتووری کۆمەڵگەکەشی دەکرد، تا مرۆڤەکان بتوانن بەرخورد لەگەڵ ئەو بارووددۆخ و شێوازە نوێیەی ژیان بکەن و باوەڕی ناوەکییان پێکدژو دەرگیر نەبێت لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەی تێدا دەژین لە نێو فەزای عەلمانیەدا. چوون گەر مرۆڤ هەڵگری باوەڕو عەقیدەی ئایینی بێت و لە ژێر دەسەڵاتی عەلمانی بژی، ئەوا دەکەوێتە دۆخێکی نالەبار، لەلایەك ئایین ڕێچکەیەکی ژیانی بۆ دیاری کردووەو حەڵاڵی لە حەرام بۆ جودا کردۆتەوەو فەرمانی بەسەردا کردووە کە پابەندی ئەو حوکم و بڕیارەکانی بێت، هاوکات دژی حەرامەکان بێت و کۆمەڵگەیان لێ پاك بکاتەوە و بوونیان نەهێڵێت، لەولاشەوە عەلمانییەت بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو حەرامانەی ئایینی ڕەوا کردووەو دەوڵەتی بۆ خۆی پارێزگارییان دەکات، وە کۆسپی گەورەشی خستۆتە ڕێی جێ بەجێ کردنی ئەمرو فەرمانە ئایینییەکان بەڵکو بە دەست درێژیشیان وەسف دەکات، لێرەشەوە تاکی ئاییندار گرفتار دەبێت لەنێوان ئەو دوو باوەڕو بیرکردنەوەو شێوە ژیانەدا. بۆ چارەسەری ئەو بارە

ئاڵۆزو پڕ گرفتە عەلمانییەت هەستا بە ڕەتکردنەوەی ڕاڤەو تەفسیری ڕابردووی ئایین کە لەلایەن قەشەکانەوە بۆ کتێبی پیرۆز (ئینجیل) کرابوو. وە دووبارەو سەر لە نوێ عەلمانییەت بۆ خودی خۆیی و لە ڕوانگەیەکی زانستییانەوە، هەروەك چۆن زاناکان لێکدانەوەی بابەتە زانستییەکانی وەك فیزیاو کیمیاو ڕیازیات و پزیشکیان دەکرد، بە هەمان شێوە بیرمەندە عەلمانییەکان هەروەك ئەوان دەق و تێکستەکانی ئایینی مەسیحییەت واتە کتێبی (ئینجیل)یان شرۆڤە کردەوە. واتە چۆن پزیشکەکان دەبێژن فلاَن میکرۆب هۆی فیسار نەخۆشیی و فلان دەواش هۆی چارەسەرە، یان زانایانی ڕیازی چۆن ژمارەکان دەمج دەکەن وە یان ناقس، زەرب، دابەش دەکەن و گریمانە حسابییەکان دادەڕێژن و ئەنجامەکان دیاری دەکەن، ئەوانیش لە هەمان ڕوانگەوە لێکدانەوەیان بۆ ئەو دەقانە بە ئەنجام گەیاند، بەو مانایەی کە مادام سوخۆری و قۆرخکاری ئابووری زیانی ڕاستەوخۆی نییەو بەڵکو دەشبێتە مایەی قازانجی فرە، کەواتە زیانی نییەو حەلاَڵە. یان کاری خواردنەوەی مەی و قومارو زیناو هاوڕەگەزبازی و بیژۆخستنەوە، کە مومارەسەکردنیان لە ڕوانگەی زانستەوە مایەی چێژو خۆشیشن بۆ مرۆڤ عەلمانییەت بە یاسا ڕەواتی پێدان. لە هەمان کات مادام پەرستشەکان و پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکان و بنەما گەلە ئەخلاقییەکان و حەرامەکانی ئایین هیچ سوودێکی ماددییان بۆ مرۆڤ نییە و زانست پشتڕاستیان ناکاتەوە، یاخود لە ئاشکراکردنی حەقیقەتیان بیتوانایە، کەواتە بێ بایەخن و پێویست ناکات مرۆڤەکان پێیانەوە پابەند بن، یان بکرێنە بنەمای باوەڕو ئیمانی مرۆڤ. هەروەك جێ بەجێ کردنی ئەحکامە ئایینیەکانی تایبەت بە تاوانگەلی وەك مەیخۆری و دزی و سوودخۆری کوشتن و قۆرخکردن و ...هتد. ڕەتکردەوە بە پاساوی توندو تیژی ئەوان ! و زیانباریان بۆ مرۆڤ ! واتە هەرچی لە ئاییندا هەبوو گەر لە ڕوانگەی زانستەوە باش دەربێت پەسەندی دەکەن، بەپێچەوانەشەوە ئەوا ڕەتیان دەکردەوە. بەمشێوەیە عەلمانییەت ئایینی عەقلگەرایی دارشت بۆ گەلانی ئەوروپا. لەسەر بنەمای عەقڵگەرایی و بە سوود وەرگرتن لەو بۆچوونگەلەی مەسیحییەت کە دڵخوازیان بوو ئەو ئایینە نوێیەیان ڕاگەیاند، کە ئەویش بریتی بوو لە هەندێك گوفتارو تێگەیشتن لە ژیان. لەو گوفتانەش داوای ئاشتی و تەباییان دەکرد، وە ڕایان گەیاند کە گەر مرۆڤ زیانی نەبێت بۆ خەڵکی ئیدی ئەوا مرۆڤێکی جێ پەسەندە هەر هێندەش بەسە کە تۆ بڕوایەکی ناوەکیت دەربارەی ئایین هەبێت، ئیدی گرنگ نییە پەرستشەکان ئەنجام بدەیت یان نا، وە کەسیش بێ بڕوا

نیەو دەکرێت گشت مرۆڤەکان ڕاست بکەن، هەروەك ئەوەشیان ڕاگەیاند کە ئایینی مەسیحییەت تاکە ڕێگا نییە بۆ گەیشتن بە خودا بەڵکو دەکرێت بە هەر ڕێگایەك بۆ خۆت پێت خۆش بێت بە خودای خۆی بگەیت ! بۆ ئەمەش حەقیقەتی ڕەهایان نەهێشت و پارچە پارچەیان کرد. گوتیان کە هەر بەشێکی حەقیقەت لەلای کەس و گرووپێکەو ناکرێت کۆمەڵێك خۆیان بە حەق دابنێن و باقیش بە گومڕا، با ئەوانە هیچ ئایین و بڕوایەکیان نەبێت، هەروەك ئەوەشیان گوت  کە ئایین بابەتێکی تاکە کەسیی و بۆ کەسی نییە بە هیچ پاساوێك تەداخول لە ژیانی مرۆڤێکی دی نە بە چاك و نە بە خراپ بکات. بەڵکو وەها کارێکیشیان وەك دەست درێژی ناساند. دواتر ئایینە نوێیەکەیان (مەسیحییەتی عەقڵانی)یان، ئا بەم ڕاڤە و تێگەیشتنە نوێیەوە خستە بەر دەست و دیدی خەڵکی و کردیانە ئایینی ڕەسمی کۆمەڵگە ئەورووپییەکان. بەم کارەیان توانیان کۆتایی بە ئایینی مەسیحییەتی پێشوو بهێنن کە لەگەڵ عەلمانییەتدا تەبا نەبوو، وە مێشکی خەڵکیان شۆردەوە لەو مەسیحییەتەی ڕابردوو وە لە هەر تێگەیشتنێکی هاوشێوەی، دواتر بیرو زەینی خەڵکی ئەوروپایان بەو مەسیحییەتە نوێیە ئاخنی و داگیر کرد، لێرەشەوە نەك هەر دەوڵەت و دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان و شێوازی ژیانیان بە عەلمانی کران، بەڵکو ئایین و بیرکردنەوەی خەڵکیش بە عەلمانی کران کە ئەمەش گەورەترین و کۆتاهەمین شکستی مەسیحییەت بوو لە بەرامبەر عەلمانییەت کە ڕاستتر واتای تەسلیم بوونی ئەو ئایینە بوو، یاخود لە نێوچوونی یەکجارەکی دەگەیاند. وە دوا سەرکەوتنی عەلمانییەت و جێگرتنیشی بوو نەك هەر لە دەوڵەت و دامەزراوە یاساییەکانیدا، بەڵکو لە نێو کۆمەڵگەو لە فیکری مرۆڤەکانیشدا، ئەم پرۆسەیەش کارساناییەکی مەزنی کرد بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و  کۆمەڵگایەکی عەلمانی خاوەن فکرو ڕێساو کلتورێکی عەلمەنە کراو.

فەلسەفەی ڕۆشنگەری کە ئیلهام بەخشی ئەو گوتارە عەلمانییەی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، ئەخلاقی گشتی و تەشریع و ڕۆحانییەتی لە مەرجەعییەتی ئایین جیا کردەوە، ئەو ئەرکەی بە عەقڵێکی سەروەرو سەربەخۆ بەخشی کە هەموو ڕەواییەکان (مەشروعییەتەکان) دیاری بکات و هەڵیانسەنگێنێت، بەم جۆرە بۆ یەکەم لە مێژووداو لە کیشوەری ئەورووپا، تەنها لە ئەوروپا عەقڵ شوێنی ئایینی گرتەوە،

یاسای پۆزەتیڤزمیش شوێنی یاسای کەنیسەیی (یاسای شەریعەتی مەسیحی) گرتەوە.(٢١٩)

عەقلانییەتی ڕۆژئاوا لە ساتە وەختی لە دایك بوونییەوە هەوڵ دەدات ئایین وەکو سیستمێکی دونیایی لە ژیان بکاتە دەرەوە، لەسەر ئەو کەلتوورە میتافیزیکییەوە کەلتوورێکی دونیایی بەرهەم دەهێنێ کە دەستکردی ئینسان خۆیەتی، واتە کەلتوورێك کە لە سایەیدا چیتر ئینسان پێویستی بە خودایەك نییە ! تا هەموو شتە گەورەو بچووکەکانی بۆ دیاری بکات یان ڕوون بکاتەوە، لە بری ئاسمان ئیدی عەقڵ بوو بە خاوەنی دوا قسەو ڕێکخەری کۆمەڵگە لە هەموو ئاستەکانی سیاسیی و کۆمەلایەتی و ئابووری.(٢٢٠) واتە ڕۆشنگەری خوداو ئایینەکەشی وەلاوە ناو لە بری ئەوان خودی مرۆڤ و عەقڵی کردە سەنتەرو سەرچاوەی ڕاڤەکردنەوەی ژیان و ڕێکخستنەوەی. لە نێو ئەم جیهانە نوێیەی عەلمانییەتدا لە بری مرۆڤەکان شوێنی ئایین و ڕێنماییەکانی بکەون، ئایین کرایە پاشکۆ و شوێنکەوتەی عەقڵ. عەقڵیش لە ڕوانگەی خواست و چێژو وارسکەکانی مرۆڤەوەو بەپێی ویستی ئەو لێکدانەوەکانی خۆی دارشت وە کۆمەڵگەیەکی بونیاتنا کە چێژو سوودی مادی بوونە ئامانجی ژیان و کارو کۆششی مرۆڤ و گشت هەوڵەکانیشی هەر لەو پێناوەدا بوون. هەرچشتێکیش دژ بەو دوو خواست و ئامانجەی مرۆڤ بوونابێت، دەبێت یا عەلمەنە بکرێن یاخود وەلابنرێن و لە ژیان وەدەرنرێن. واتە لەو ژینگەیەدا هەرچی بوونێك ملکەچی عەلمانییەت و لێکدانەوەو تەفسیرەکانی نەبێت ئەوا جگە لە کردنە دەرەوەی لەو فەوزایە، ڕێگایەکی دی لە پێشدا نییە.

ڤۆلتێر کە جەنگە بەناوبانگەکانی لەگەڵ کاهینە مەسیحییەکاندا بەرپا دەکرد لەو کاتەدا لەمە زیاتر دەرۆیشت و دەیگوت ئەم وێنا کردنە عەقلانییە بۆ ئایین فراوانتر و گەورەترە لە مەسیحیەت، لەبەر ئەوەی تەواوی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. وێناکردن لە مەسیحییەتدا کورت دەکرێتەوە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵکی،

---

(٢١٩) ئیسلام و گلۆبالیزم، محمد ئارگۆن، ٢٠٠٥ – ل ٧١ – ٧٢.

(٢٢٠) دەربارەی عەلمانییەت- بەختیار عەلی- چاپی یەکەم- ٢٠١٢-ل٥ .

هەرچەندە مەسیحییەت گەورەترو بەربلاوتریش بێت. بەلام ئایینگەرییەتی عەقلانی، یاخود ئەوەی کە لەسەر عەقل دادەمەزرێ، هیچ سنوورێکی نییە، ئەم جۆرە ئایینە چینییەکان و هیندییەکان و ئەفریقییەکان و ئەوروپییەکان و عەرەب و موسلمانەکان و هەموو ئەو خەلکانەش دەگرێتەوە کە عەقلیان بەکار دەهێنن!(٢٢١) وە (رۆسۆ) دەلێت: مەسیحییەت لەبەر ئەوەی بیروباوەرێکەو خەسلەتێکی روحانیانەی هەیە، بۆیە بە بەردەوامی سەرقالی کێشە ئاسمانییەکانەو گوێ بە گرفت و کێشەکاری سەر زەمین نادات و مرۆڤ بە بیرکردنەوە لەو دونیا خەریك دەکات.(٢٢٢)

لە راستیشدا مەسیحییەت هەم وەك ئایین و هەمیش وەك دەسەلاتی سیاسیی ژیانی دونیاو خۆشییەکانی رەفز دەکردو و دلی مرۆڤەکانی بە مژدەدان بە ژیانی دووەم و ئاخیرەت خۆشنوود دەکرد، عەروەك رێگری گەورەشی لە هەمبەر مرۆڤەکاندا دانابوو لەوەی کە مومارەسەی ژیان و توانا و چێژو خۆشییەکانیان بکەن. عەلمانییەتیش کە زاراوەیەکی سیاسییە بە واتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەولەت، مەبەستیش لێی دوورخستنەوەی دەسەلاتی ئایین و مامۆستاو پیاوەکانییەتی لە کاروباری سیاسیی و بەرێوەبردنی کاروباری بەرێوەبەرایەتی و ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکان، لە بەرابەر سەرقالیان بە کاروبارو مەراسیمە ئایینییەکانەوە.(٢٢٣)

واتە عەلمانییەت وەك وەلام دەرەوەی ئەو رەوش و بارودۆخە نالەبارەی ئەوروپا سەری وەدەرناو گەلالە بوو تا بایەخێك بۆ ژیانی دونیا بگێرێتەوە. ئەمە لە دوای ئەوەی کە مەسیحییەت لە مێژوویەکی دوورەوەو بەردەوام لە هەولی دزێوکردن و بوغزاندنیدا بوو و داوای دوورە پەرێزی خەلکیان لێی دەکرد، بەلام عەلمانییەت لەمەدا زیادەرەوی یەکجار گەورەی کرد،

---

(٢٢١) فەندەمێنتالیزم و ململانێی ژیارییەکان- هاشم سالح-چاپی یەکەم- ٢٠٠٧.

(٢٢٢) سەرەتاکانی سۆسیۆلوژیا-کۆمەلە ووتار-وەرکێرانی-شوان ئەحمد-چاپی دووەم-٢٠٠٣ .

(٢٢٣)ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژانەوە و رۆشنگەریدا-کەیوان ئازاد ئەنوەر-چاپی یەکەم-٢٠٠٤ .

هەروەك مەسیحییەت کە زیاد لە پێویست خۆی بە خوداپەرستی و بیرکردنەوە لە ژیانی ئاخیرەتەوە سەرقاڵ کردبوو، بەلاّم ئەمجار عەلمانییەت ئایین و دوارِۆژی بە هێجگاری فەرامۆشکردوو بە هەموو هێزی خۆی ڕووی لە دونیا کردو خۆی بۆ تەرخان کرد. واتە ئەوروپا لەلادان و زیادەڕەوی مەسیحییەتەوە گواستییەوە بۆ لادان و زیادەڕەوی عەلمانییەت وە لە تەنیا ئاخیرەت ویستییەوە بۆ تەنیا دونیا ویستی .

پێکهێنانی ئایینی عەقڵگەراییش وەلاّم دەرەوەی خواستە ڕۆحییەکانی کۆمەڵگای عەلمانییەت بوو تا لە ڕوانگەی ئەو ئایینە نوێیەوە بیرو فیکری خەڵکی دووبارەو سەر لەنوێ داڕێژرێتەوە، هەر لەسەر بنەمای ئەو چەشنە تێگەیشتنە نوێیەش ڕەکیزەکانی ڕۆشنبیری و کلتوورو دابێکی نوێگەرا، واتە لەو کۆمەڵگا عەلمانییانە دا بخولقێنرێت و جێگیر بێت .

پاش هەڵوەشاندنەوەی خودپەسەندی ئایینی مەسیحییەت و بەڕاست دانانی گشت، هەروەها ڕەوایەتی بەخشین بە هەموو شێوازو ڕێگاکانی پەرستش و گشت پەرستراوەکان، لێرەوە کۆتاییان بە بەرەی بڕواداران و کافران هێنا، واتە عەلمانییەت تەفسیری مەسیحییەت و پیاوانی کە بۆ بڕواداری و مەرجەکانی ئیماندار بوون کردبوویان، ڕەتکردەوە کە ئەوان مەرجی ملکەچی بۆ خودا و شوێنکەوتنی پێغەمبەر عیساو پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی کتێبی پیرۆزو جێ بەجێ کردنی پەرستشە ئایینیەکان و ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی پیاوانی ئاینیان کردبوویە مەرج بۆ مەسیحی بوون. بەلاّم عەلمانییەت گشت ئەمانەی بەرپەچدایەوەو لە ڕوانگەی عەقڵگەراییەوە ڕاڤەی ئیمان و بڕوای کردەوە و پێشی وابوو لەم سۆنگەیەوە گشت خەڵکی بڕوادارن گەرچی هیچ فەرمانێکی ئایین جێ بەجێ نەکەن و تەنانەت یەك پەرستش بە ئەنجام نەگەیەنن و هەر کارو کردەیەکی حەرامکراوی ئایینی وەك سووخۆری و مەیخۆری، قومار، زینا...هتد، مومارەسە بکەن. وە عەلمانییەت ئازادی ڕەهای بۆ گشت ئایینەکان ڕاگەیاند (لەدوای عەلمەنەکردنیان و کورت کردنەوەیان تەنها لە ڕەسم و سروت و پەرستشەکاندا، وە ناچارکردنیان بە وازهێنان و دەست کێشانەوەیان لە هەموو کاروبارێکی( هزری و سیاسیی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی و کلتووری) هەروەها عەلمانییەت ئازادی ڕەهای بیرو بۆچوون و فیکرو کردارو ڕەفتاری ڕاگەیاند، ڕێزگرتن و پارێزگاری کردنی ئەو ڕەوشەشی کردە مەرج لەسەر هەمووان واتە تاك تاکی مرۆڤەکان

سەربەستن لەوە پەیڕەوی چ ئایین و ئایدیۆلۆژیایەکی عەلمەنەکراو دەکەن و چۆن ژیانی خۆیان ڕێك دەخەن و مومارەسەی چ کارو کردەوەیەکیش دەکەن بە باش یان خراپ، جگە لەوەی دەبێ ئەو دەرفەتە بۆ هەر کەس بڕەخسێنرێت، بۆ هیچ کەس نییەڕەخنەی بیرو بۆچوون و ڕەفتاری کەسێکی دی بکات، بەڵکو دەبێ ڕێزی خۆیان و کردەوەکانیشیان بگیرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو کەسانە کێن و فیکرو بۆچوونیان چییەو چ کردەوە گەلێکیش مومارەسە دەکەن، باش یان خراپ، واتە عەلمانییەت جگە لە تێکشکاندنی حەقیقەتی ڕەهاو بەش بەش کردنی لەگەڵ ڕەفزکردنی خود پەسەندی مەسیحییەت، ڕەوایەتی بەخشی بە گشت ئایین و ڕێبازەکانی دی بۆ گەیشتن بە خوداو نەهێشتنی ململانێی نێوان ئیمانداران و کافران و بە ئاییندار لە قەڵەمدانی هەردوو بەرەکە، بێدەنگ بوونی خەڵکیان لە بیرو بۆچوون و کارو ڕەفتاری یەکدی کردە مەرج و وەك بنەمایەکی عەلمانیش جێگیریان کرد، پێویستیان کرد لەسەر تاك تاکی ئەندامانی کۆمەڵگەی عەلمانی کە  بێدەنگ بن لە بەرابەر هەر بۆچوون و کردەیەکی ئەوانی دی بە چاو خراپ، لەم ڕوانگەیەشەوە عەلمانییەت گشت کردارەکانی مرۆڤی بە ڕاست و درووست هەژمارکرد بەبێ جیاوازی کردنی ئەو کردەوانە.ئەمەش بەو مانایەی کە عەلمانییەت کارو کردەوەکانی مرۆڤی لە ئایین و ئەخلاقیاتی ئایینی جیا کردەوە. وە لە درێژەی پێکهێنان و بونیاتنانی ڕۆشنبیری و کلتووری عەلمانییانەدا، تەفسیرو ڕاڤەی ئایینی بۆ بوون ژیان و مرۆڤ ڕەتکردەوە، لەگەڵ پەروەردەو فێرکردنی ئایینیانەدا، بەڵکو مادەی کردە سەرچاوەی تیۆریاو گریمانەکانی، لە لێکدانەوەو شرۆڤەکردنی بوون و ژیان و مرۆڤ، بەپێی ئەم بنەمایە ماددەی وەك سەرچاوەی بوون ڕاگەیاندن و ڕەتی کردەوە کە خودایەك لە پشت ئەم بوونەوە هەبێت!

دوا بەدوای ئەمەش چەندین بیرو بیردۆزەی مادی سەریان وەدەرنا، هەریەك بە چەشنێك لێکدانەوەی بونیان دەکرد، لێ سەرجەمیان مادەیان کردبوویە بنەمای شیمانەو ڕاڤەکانیان، لێرەشەوە هەندێك لەو گریمانانە ڕایان گەیاند کە بوون هەر لە خۆوە پەیدا بووە مرۆڤ لە ماددەوە سەرچاوەی گرتووە، وەلێ لە سەرەتادا مەیمون بووە ! بەلاّم دواتر سرووشت ناچاری کردووە کە گەشەی زیاتر بکات و عەقڵیشی پیش بکەوێت، تا بتوانێت پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر بکات و درێژە بە ژیان بدات، واتە خۆی لەگەڵ ژینگەکەیدا بگونجێنێت، هەندێکی دی لەوان ژیانیان بە پووچگەرایی ناودێر دەکرد، واتە ژیان هیچ حیکمەت و هۆیەکی لە پشتەوە نییەو هەر

له خۆوه پەیدا بووه، مرۆڤ له ماددەوه پەیدا بووەو دەشبێتەوه به مادده، هیچ لێپرسینەوەیەکی له ڕێدا نییەو بەرپرسی کارو کردەوەکانیشی نییه، واته ژیان تەنها یەك جاره، پێویسته له ماوەی ئەو تەمەنه دیاری کراوەدا مرۆڤ مومارەسەی گشت چێژو ئارەزوو خواستەکانی خۆی بکات، ئەمەش بەو مانایەی که ژیان تەنها ڕابواردن و ئارەزوو بازییەو هیچی دی. بەم کارەشیان عەلمانییەت هێندەی دی ئاینییان بێ بایەخ کردوو و مرۆڤیان بەربادتر کرد، ئەم بۆچوونانه گورزی گەورەی له بنەماو بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگەو شیرازەی دامەزراوه کۆمەڵایەتییەکان داو ڕووبەڕووی لەرزین و هەرەسی کردنەوه. وه دەسەڵاتی تاك زیاتر پەرەی گرت .

عەلمانییەت بێ لەوەی کارو کردەوەکانی مرۆڤی له ئایین جودا کردەوه، تەواوی زانسته جیاوازو جۆراوجۆرەکانیشی له ئایین دابڕی بەم کارەشی زانستی بەئاقارێکی خراپدا برد، چوون ئایین مەبەستی نییه دەست بەسەر مرۆڤ و کردەوەکانی یاخود زانست و دەستکەوته زانستییەکان پاوان بکات، بەڵکو مەبەستییەتی که هەم کردەوەی مرۆڤ و هەمیش تەواوی زانسته جۆراوجۆرەکان و داهێنراوەکانیانن لەسەر بنەمای ئەخلاقیاتی ئایینی ڕێنمونی بکات به ئاراستەیەکدا که له خزمەت مرۆڤەکاندا بن نەك به پێچەوانەوەو لەسنووری بەرژەوەندی مرۆڤ و قییەم و بەها ئەخلاقییه ئایینی و مرۆییەکان بترازێت زیان به مرۆڤەکان بگەیەنن و بەختەوەری کۆمەڵگه بشێوێنن. هەروەك ئەوەی که له پێشتردا بینراوەو لەم ڕۆژەشدا دەبینرێت که چۆن به دابڕینی زانست  له ئایین دەستکەوته زانستییەکان خراونەته خزمەت فەسادو خراپەکاری و بوونەته ئامرازگەلی تێکدەرو له بری بەکاربردنیان بۆ چاکەو سوودی کۆمەڵگەو مرۆڤەکان بەگشتی، کەچی بەشی زۆری ئەو توانا زانستی و دەستەکەوتانه له بڵاوکردنەوەی فەسادی فیکری و سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری دا بەکار دەبرێن. که ئەوانیش خۆیان له وەبەرهێنانی چەك و چۆڵی کۆمەڵکوژی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژی و ئامرازەکانی تۆقاندن و بەکاربردنیان له ناکۆکی و ململانێ دەرگیرییەکاندا، ئەمیش قوربانی بێ شوماری خستووەتەوه، هەروەها ئیستغلال کردنی ئەو داهێنراوانه بۆ چەواشەکاری و پڕو پاگەندەی ئابووری و فریودانی مرۆڤەکان و برەودان به سووخۆری و قۆرخکاری هاندانی خەڵکی بۆ زێدەڕۆیی کردن له خەرج و ئیسراف و بەکاربردنی زیاد له پێویستی کاڵاو شمەکه مادییەکان، ئەمیش له پێناو بەرژەوەندی چەند مرۆڤێك، تا هەرچی زیاترو زیاتر سەرمایەکانیا کەڵەکه بکەن، ئاکامی

ئەمەش دەوڵەمەند بوونی کەمینەیەکی خەڵك و هەژار بوونی زۆرینەی لێکەوتوەتەوە، ئەم ڕەشە ناسروشتیەش چەندین شوێنەواری سلبی لەسەر ژیانی تاك تاکی مرۆڤەکان وکۆمەڵگا بە گشتی جێ هێشت. وە نەزم و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیش یەکێکی دیە لە ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ و گرنگترینیشیانە، وەلی خراپترین گورزی لەلایەن زانست و داهێنراوە زانستییەکانەوە بەرکەوت، یاخود پیا کێشرا. کە تەواوی سیستمی کۆمەڵایەتی لەرزاندو لە سەرجەمی کۆمەڵگا ئەوروپاییە عەلمەنەکراوەکاندا ڕووبەڕووی هەڵوەشان و لەناوچوونی بۆتەوە، واتە دوایی هێنا بەو شێوازو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە و تەواوی ئەرك و ماف و پابەندییەکانیی، ئەمەش لەڕێی داهێنراوە زانستییەکانی تایبەت بە بواری پێوەندی گرتن، وە بەهۆی دامەزراندنی چەندین دەزگای پەخش و بلاْوکردنەوەی بینراو و بیستراو و نووسراوەوە، کە بەشی زۆری ئەم دامەزراوانە لە ڕوانگەیەکی نا ئاینییەوە واتە عەلمانیانەوە بەرمەجەکران و لە ڕابوردوداو ئێستاشی لەگەڵ بێت گشت فەسادێکی ئەخلاقی لەو کەناڵ و پەخشانەوە بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ سنوورێکی ئەخلاقی جا ئایینی بێت یان مرۆیی و بێ لەبەرچاوگرتنی سوودو بەرژەوەندی مرۆڤ، بلاْو دەکرێتەوەو بەشێوەیەکی گشتی تەشەنەی پێدەدرێت و سەرمایەیەکی هێجگار زۆریش لەو بوارە نا ئەخلاقییەدا بە فیڕۆ دەدرێت. دەرەنجامی کارەساتبارو خەمناکی لە دوا خۆی جێ هێشتووە. کە ئەمیش خۆی لە لێکترازانی خێزانەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاْق و لێك جوودابوونەوەی هاوسەران و بەرهەڵدابوونی زارۆك و نەمانی پێوەندییە خوێنی و کۆمەڵایەتییەکان و داڕووخانی ئەخلاقیاتی گشتیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش دەرەنجامی لێکجودا کردنەوەی زانست بوو لە ئایین و، عەلمانی کردنی بوو.

بەم کارەش عەلمانییەت توانی ئایین زیاتر بخاتە پەراوێزی ژیانی مرۆڤەکان بنەما ڕەوشتییەکانی داڕمێنێت، وە پەرە بە بیری دونیایی و عەلمانیانە بدات و ڕۆشنبیری نا ئایینی گەشە پێ بدات. بەرەو بە کلتووری کردنی ببات لە نێو کۆمەڵگادا. وە لەم ڕێگایەشەوە هێندەی دی تەشەنەی بە بیری تاك گەراییدا، بەم کارەشی عەلمانییەت توانی ئەخلاق و زانست و کارو کردەوەی مرۆڤەکان و داهێنراوە زانستییەکان شێوازی بەکاربردنیان لە ئایین جودا بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئایین لە چالاکی و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دابڕێت و زیاتر پەراوێزی بخات و بیکاتە هەندێك ڕەسم و سرووت و پەرستشی ڕۆحی. پاش ئەم هەنگاوە گەورەی، عەلمانییەت هەوڵیدا کۆتایی بهێنێت بە دەرکەوتە

ڕەمزییەکانی ئایین تا بە هێجگاری شتێك لە نێو دەوڵەت و کۆمەڵگەو دامەزراوەکانیدا نەهێڵێتەوە بە نێو ئایینەوە، بەڵکو جگە لە خودی ئایین تەواوی ڕەسم و سرووتەکانی و هەر چەشنە ئەخلاقیات و ڕەفتێکی ئایینداڕانە، گشت ڕەمزو دروشمە ئایینییەکان بپێچێتەوەو بیان ئاخنێتەوە نێو پەرستگا ئایینییەکەی، واتا هەروەك چۆن دەبێتە سەرباز لەنێو سوپاو لەداخلی دامەزراوە سەربازییەکەی و لەکاتی بەجێهینانی ئەرکە سەربازییەکەی دابەرگی سەبازی دە پۆشێت، یاخود وەرزش وانێك لەکاتی چوونی بۆ یاریگا وەرزشیەکەی دا پۆشاگی وەرزشی دەپۆشێت، یان پزیشکێك لەکاتی لەکاتی دەوامی فەرمیی دا پۆشاکی پزیشکی دەپۆشێت و...هتد، بەهەمانشێوە ئایندارانیش بەوێنەی ئەوان دەبێت تەنها لەچوارچێوەی پەرستگاکەی دا لەکاتی بەئەنجام گەیاندنی ڕەسم و سروت ئایینیەکاندا پۆشاکی ئاینی بپۆشێت ، بەتەواو بوونی ماوەی بەجێهێنانی فەرمانە سەربازییەکان، یان لەدوای کۆتایی هاتنی یارییە وەرزشییەکان، یانیش لە پاش تەواو بوونی دەوامی پزیشکەکان ، هەروەك چۆن هەموو ئەوانە و هاوشێوەکانیان بەرگ و پۆشاکەکانی تایبەت بە کارو فەرمانەکانیان دادەماڵن، ئەوا پێویستە بە جێبەجێکردنی ئەرك و پەستشە ئایینیەکەی، بەهەمانشێوە پێویستە ئایندارانیش پێش دەرچوونیان لە پەرستگانیان بۆشاکە ئایینیەکانیان وەلاوەنێن و بە بەرگی نائایینیەوە داخڵی کۆمەڵگابن. بۆئەمەش حکومەتی عەلمانی فەرەنسا بە بڕیاری فەرمی دەوڵەت و بەپێی ڕێنماییەکانی عەلمانیەت و بنەماو پرەنسیپەکانی، گشت بەرگ و پۆشاك و هێما و ڕەمز و دیاردە ئایینیەکانی یاساغکرد لەتەواوی دامەزراوە دەوڵەتیەکان و لەسەرجەمی شوێنە گشتییەکانی کۆمەڵگادا. هەروەك زۆرانێکی دی لە حکومەتە عەلمانیەکان هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر، لە سویسرا حکومەت ڕێگریکرد لە بەرزکردنەوەی منارەو قوولەکان و بڕیاری ڕماندنی گشت منارە و هێما ئایینیەکانی دا، هەروەك بانگدانی بە بڵندگۆ یاساغکرد.

تورکیای عەلمانی ئەتاتورکیش هەمان ڕێچکەی گرتەبەر، جگە لە ڕێگریکردنی بانگدان و یاساغکردنی حیجاب ، خویندنگا ئایینیەکانی داخست و پەروەردەی ئایینی هەڵوەساندەوە.ئەم ڕستیانە ئاشکرای دەکەن کە عەلمانییەت هەڵنایە لە یاساو ڕێساکانی دەوڵەتڕانی و ڕێخستنی کاروباری سیاسی و ئابوری و نەزمی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەم بیرو باوەڕە ڕۆشنبیری و کلتوری و نەریتی تایبەتبەخۆی هەیە، لێرەشەوە عەلمانیەت بەرگ و لیباسی تایبەت بەخۆی بەسەر

کۆمەڵگادا دەسەپێنێت دەیکاتە باوی کۆمەڵگا، کە ئەوەش بریتیە لەهەر پۆشاکێك کە ناپۆشتەو سەرنج ڕاکێشی دوور لەهەر بەهایەکی ئایینی.

عەلمانیەت بۆجێبەجێکردنی پرۆژەی عەلمەنکردنی ڕۆشنبیری و کلتوری کۆمەڵگا چەندین ڕیکخراوەی کۆمەڵایەتی لێکجیاوازی چێکهێنا، کەهەریەکەیانی تایبەتکرد بە کارکردن لەسەر رەگەزێکی کۆمەڵ و ڕەهەنێکی چالاکیەکانی، تالەو ڕێگایەوە و بەهۆی ئەو رێخراوانوە ئامانجەکانی خۆی مەیسەر بکات، لەو ڕێخراوانەش: ڕێخراوبمافی ئافرەت، گەنجان، منداڵان، هونەرمەندان، ڕۆشتبیران،...هتد. هەریەکە لەم ڕێخراوانەش گەرچی لەهەندێ بواری بەرتەسکدا ڕۆڵێکی ئیجابی چکۆلەیان بینی، بەڵام لەزۆر بواری دیکەدا دەورێکی سلبی تێکدەرانەیان گێڕاوە، ئەوەش بە پاساوی داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ، یاخود بەنێوی پەرادان بە هوونەر و ڕۆشنبیری و...هتد.بەم شێوەیە شوێنەوارێ خراپیان لەسەر بیرو باوەڕی مرۆڤەکان و لەسەر کاروبارەکانی خیزان جێهێشت و روبەڕوی لیکترازانیان کردەوە. هەروەك ڕۆشنبیری و هوونەر و بوارەکانی دیکەی چالاکییەکانی مرۆڤیان بە ئاقارێکی سلبی دا برد، کەبوونە سەچاوەی بڵاوکردنەوەی هەموو چەشنە فەسادو بەد ڕەفتییەك .

لەپاش یاساغکردنی دەری ئایین، عەلمانیەت هەوڵی تیکشکاندنی پیرۆزیی و بەها مەعنەوییە ئایینی کانی دا،واتا ئەو سنورانەی کە دەبێت لە ئاخافتن و نوسین دا ڕەچاوی ڕێزوو بەهایان بکرێن، لەوانەش وەك باسکردن لە خودا و پێغەمبەران وکیتابە ئاسمانیەکان، ڕۆژی بەرێ و ژینی دووەم و...هتد،کە هەر زیادەبێژییەك لەهەمبەر ئەوان وەك بێڕێزیکردن وینا دەکرێت لە دیدی ئایین دا.وەلێ عەلمانیەت هەڵی داماڵینی بەرگی پیرۆزی لەو بەهایانە دەدات هەڵبەت ئەوەش بە پاساوی ئازادی ڕەهاو بەدروشمی سەربەستی نوسین و لە ژێر نێونیشانی بایەتگەلی ئەدەبی و هوونەری و...هتد،گشت سنوورەکانی پیرۆزییە ئایینیەکانی تێپەڕاند، بۆهەر مەبەستێك کەخۆی ویستبای و لەهەر بوارێك مەبەستی بوایە، ئەو پیرۆزییە ئایینیانەی بەکاردەبر، ئەمەش بی ڕەچاوکردنی ماناو بەهاو پیرۆزییەکانیا. لێرەشەوە عەلمانیەت جاڕی ئازادی ڕەهای ئاخافتنی دا، بەم هۆیەشەوە گشت پیرۆزییەکان پایەماڵ کران. ئیدی ڕۆژنامەوانان و نووسەران و شاعیران و شانۆکاران و...هتد، کەوتنە بەکاربردنێکی نائەخلاقیانەی ئایین و پیرۆزییەکانی، بەڵکو لەزۆر

حالێشدا و له كارو چالكییه‌كانیان ته‌شهیرو ته‌سی فره‌یان له ئایین و هه‌ر به‌هایه‌كی ئایینی ده‌دا. به‌م چه‌شن هه‌ندیك له نووسه‌رانی عه‌لمانی بانگه‌شه‌ی نه‌بوونی خودایانكرد ! شوماریكی دی له‌وان پێغه‌مبه‌رانیان به كه‌سانی شاعیرو شاره‌زا ئایینان به خورافه ناودێر ده‌كرد. ڕۆژنامه‌وانان و ڕاگه‌یانكارانیش كه‌وتنه كه‌وتنه بڵاو كردنه‌وه‌ی وێیه‌ی گاڵته‌جارانه‌و كاریكاتێری ته‌شه‌ر ئامێزوات، هه‌روه‌ك شاعیرانیش له‌نێو هه‌ڵبه‌ست و هۆنراوه‌كانیاندا هه‌موو جۆرو شێوازی كوفرو بێباوه‌ڕییان ته‌شنه پێده‌دا. ئه‌كته‌رانی سینه‌ماییش كه‌مته‌رخه‌مییان نه‌كرد له توانج و پلارگرتنه هه‌موو به‌هاو پیرۆزییه‌كانی ئایینی له‌نیو فیلمه‌كانیاندا. ئه‌مه جگه له بڵاوكردنه‌وه‌ی بیری ئیلحادی ته‌شه‌نه پێدانی به‌دڕه‌وشتی ئه‌خلاقی و بڵاوكردنه‌وه‌ی گشت شێوه فه‌سادێك، هه‌ه‌موو ئه‌مانه‌ش له‌ژێر نێوو نێونیشانی كارو پڕۆژه‌ی هوونه‌ری، وه به پاساوی بانگه‌شه‌و پڕوپاگه‌نده‌ی ئازادی ڕه‌ها كه عه‌لمانییه‌ت  شانازیان پێوه ده‌كات. ته‌واوی ئه‌م پڕوپاگه‌ندانه‌ش هیچ نین جگه له‌هه‌ڵێك بۆ داڕماندنی تێكڕی قییه‌م و به‌ها باڵا ئایینی و مرۆییه‌كان، تاوه‌كو به‌م چه‌شنه سه‌رجه‌می به‌ربه‌سته‌كانی به‌رده‌م مه‌رامه‌كانی ڕامالێت، كه سه‌رچاوه‌ی كۆسپه‌كانی پێش مه‌رامه‌كانی پڕۆژه‌ی عه‌لمه‌نه‌كردن ئایینه. ئه‌مه ئه‌و كلتورو ڕشنبیریه‌یه كه عه‌لمانیه‌ت كار بۆ بونیاتنانی ده‌كات كه جه‌خت له‌سه‌ر هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ئایین و به‌رپاكردنی ئازادی ڕه‌هاو سه‌ربه‌ستی بێسنووری تاك ده‌كاته‌وه .

## ده‌ره‌نجامه‌كانی عه‌لمه‌نه‌كردی ژیانی مرۆڤ :

ئه‌نجامی وه‌لا نانی ئایین و وه‌ده‌رنانی له ژیانی مرۆڤه‌كان بێ شویندانانی سلبی نه‌بوو، ڕاسته خه‌ڵكانی ئه‌وروپا وه‌زاڵه هاتبوون له‌ده‌ست كلێساو پیاوانی ئایینی، به‌هۆی ئه‌و چه‌وساندنه‌وه هه‌مه‌لایه‌نه‌ی كه ده‌رحه‌قیان ئه‌نجامیان ده‌دا. وه‌لێ ئایینی مه‌سیحیی و ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی ڕستیك به‌هاو پره‌نسیپی ئه‌خلاقی به‌سوودی هه‌بوو كه تا چه‌ندین ده‌یه‌یه‌كیش دوای شۆڕشی فه‌ڕه‌نسی، له ئه‌وروپادا مانه‌وه‌و مایه‌ی به‌خته‌وه‌ری و هۆی پارێزگاریكردنی به‌ها باڵاكان و باراستنی كۆمه‌ڵگا بوو. له‌وانیش خێزان كه كێك له گرنگرین ره‌كیزه سه‌ره‌كییه‌كانی سیستمی كۆمه‌ڵایه‌تی بوو، كه ئایینی مه‌سیحییه‌ت شێلگیرانه پارێزگار لێ ده‌كرد. هه‌روه‌ها پێوه‌ندییه

کۆمەڵایەتییەکان کە ئەویش ئایین لەسەر بنەمای هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە بونیاتی نابوو. هاوکات مەسیحییەت بەرەنگاری هەموو فەسادێکی فکری و ئەخلاقی ببوویەوە و توانی بووی کۆمەڵگایەکی یەکانگیر و بەهێز پێك بێنێت، سەرباری دەستەبەرکردنی بەختەوەری ڕۆحی بۆ تاکەکانی. بەڵام لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسی و چەسپاندنی عەلمانیەت، تەواوی ئەو بنەما و بنچینە کۆمەڵایەتی و ڕەشتیانەی مەسیحییەت چەسپاندبووی هێدی هێدی دەستیان بە داڕوخان کرد. یەکەمیین دەرەنجامی سلبی ئەو داڕوخانەش، تەشەنە سەندنی هەموو بیروباوەڕیکی ئینحرافی و لادینی وسەرهەڵدانی گروپی بەدڕەوشت شاز و ڕێکخراوەگەلی ناشروشتی و پارتی گەندڵ، لەهەمانکات لێکترزانی دامەزراوەی خیزان و هەڵوەشاندنەوەی پیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرەسهێنانی بەها ڕەشتییەکان بوو. هەروەك مرۆڤی ئەورووپی ئاسودەیی ڕۆحی و هاوسەنگی دەرونی لەدەست دا، ئیدی شومارێکی فرەی خەڵکی بۆ چارەی ئەو گرفتە ڕویان لە خواردنەوە و مەستکەرەکانکرد هەروەك زۆرانێکی دیش بە جنسی و هاوجنسبازی و قومار و موخەدیرا و لەیاش مەستبونیان لەو بەدڕەفتیان، ڕێژەیەکی بەرچاویان ڕویان لە خۆکوشتن کرد .

کاریگەری ئەم لادانە هەمەلایەنە بەخراپی بە مرۆڤ و کۆمەڵگای مرۆڤەکاندا شکایەوە، لەهەمووشی ترسناکتر بێئامانج کردنی ژیانی مرۆڤەکان و پوچکردنەوەی مانای ژیان. هەروەها سەرقاڵکردنی خەڵکی بە ژینی دونیاو فەرامۆشکردنی ئاخیرەت. ئەمە جگەلە سەهەڵدانی چەندین گرفتی بی پێشیبەی گەورە لەنێو گەلانی ئەورووپی دا و لەوانیش بەرپابوونی تەفرەقەی سیاسی و پیێرگەرایی حزبی، گەڵاڵە بوونی مەیلی نەتەوەپەرستی کە ئەمەش لە دواتردا سەری کێشا بۆ جەنگی نەتەوەکانی ئەورووپا، وە دروسبونی کێبرکێی کەڵەکە کردنی سەرمایەو پێکەوەنانی سەروسامان کە ئەمەش جەنگە ئیمپریالیستییەکانی لێکەوتەوەو تیایدا سەرمایەی گەلانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی بەتاڵان برا، هەروەك ملیۆنان مرڤ لەو جەنك و ململانێیانەدا بوونەتە قوربانی. لە دەرەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو وەرچەرخانە هەمەلایەنەیەش، سەرهەڵدانی زارۆکی بیژۆ و بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی دزێوی وەك ئایدزو سۆزەنەك و گشت ئەو دەردو پەتا دەرونی و جەستەییانەی کە سەرجەمیان بەهۆی زێدەڕەویەکانی ئەو مرۆڤە عەلمانییە لادینەوە پەیدابوون.

مەترسیدارترین هەڕەشەیك کە عەلمانیەت لەسەر کۆی ژیانی مرۆڤایەتی خولقاندویەتی، پەرەپێدانی مەیلی دونیاویستی و دەسەڵاتخوازیە، کەلەمرۆیاو لەلایەن دەوڵەتانی عەلمانییەوە، بەشیوەیەکی ترسناك هەوڵی خۆ چەکدارکردن دەدەن لەپێناو هەرچی زیاری دەستبەسەردا گرتنی فراوانترین ڕوبەری سەر زەمین و سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر گەلانی دا. بۆ وەدیهێنانی ئەم خواستەشیان پرۆسەی خۆتەیارکردنی هەمەلایەنەیان بەگەڕ خستووەوسەرمایەیەکی هێجگار زەوەندەشیان بۆ تەرخانکردووە. هەموو ئەم مەرام و پیلانانەش لەم رۆدا، گۆی زەییان کردۆتە بۆمبێکی تەوقیتکراو کەلەهەر ئان و ساتێکدا ئەگەری تەقینەوەی هەیە، بەشێوەیەك کە مەترسی کۆتایی پێهینانی ژیانی مرۆڤایەتی لیٚ چاوەروان دەکرێت.چون لەحاڵی ئەمیستادا زۆربەی وڵاتانی جیهان بوونەتە ئەمباری چەك و چۆڵی سەربازی، هەریەکە لەو جبەخانانەش سەر ڕێژکراون لە هەموو جۆرە چەکێکی ئەتۆمی و شیمیایی ولێزەری و...هتد.

ئامانجی ئەم خۆ تەیارکردنە سەربازییەش لەپێناو ماددەو سەرچاوە سروشتیەکانی ماددەدایە.هەربۆیەش ڕەگزی هێز بایەخی گەورەی هەیە لە فەلسەفەی عەلمانییەت دا، چوون بیٚ بوونی هێز ئامانجە باڵاکانی عەلمانییەت مەیسەر نابێت. چوون تێرکردنی چێژوو ئارەزواتە شەهوانییەکانی مرۆڤ پێویستی بە توانای ماددی هەیە، سەرچاوەکانی ماددەش لە چنکی ئەوانی دیدایە، هیز توانای تیکشکاندنی ئەوانی دی و دەست بەسەرداگرتنی سەروسامانەکانیانی هەیە. ئاشکرایە لە فەلسەفەی ماددیگەرای عەلمانییەت دا مانەوە لەم جیهانەدا تەنها بۆ بەهێزە. خۆرئاوای عەلمانی ئەمێتاش لەسەر سیٚ بنەما سەرەکییەکەی ئایدیۆلۆژیای عەلمانییەت شارستانیەتەکەی خۆی بونیات ناوە. ئەو سیٚ ڕەکیزە سەرەکییەش بریتین لە : هێزو، ماددەو، جنس. ئەم سیانە تاکە پێوەری خۆرئاواو تەنها پێوەری ئەو ژییارە مادییە عەلمانیەتە.

ئەم سیٚ پێوەرە سەقەتەش بوونە هۆی تێکدانی هاویەنگی ژیانی مرۆڤایەتی لە ڕەورەوەی خۆی ترازاند، کە ئەمێستاشی لەگەڵدابێت نازانرێت مرۆڤایەتی بە چ ئاقاریکدا دەبات و داهاتووی بەچی دەگەیەنێت.

لەپاش دەستبەرداربوونیان لە مەسیحییەت و شوێنکەوتنی عەلمانیەت، ئەورووپییەکان پێیانوابوو کە دەتوانن لەم ڕێگایەوە بگەن بە بەختەوەری، بەڵام سەرباری دوایی هاتنی ستەمی

کڵێساو پیاوانی ئایینی، هەروەها زیادبوونی بێڕادەی سەروەت و سامانی ماددی و مەیسەربوونی گشت هۆو پێناویکی خۆشگوزەرانی و ڕەفاهییەتی ژیان، کەچی نەك نەگیشتنە کەنارەکانی ئارامی و بەختەوەری، بەڵکو ئەمجار ڕەوشی ژیانی گەلانی خۆرئا بەگشتی ڕووی لە پەشێوی زیاتر کرد، ئەمە پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە عەلمانیەت بە تێکشکاندنی ئایین مرۆڤی ڕوەو هەڵدیر بردووەو نغرۆی نێو قەیرانە ڕۆحی و دەروونییەکانی کردووە. هەروەك نەیتوانی سیستمێکی شیاو و شێوەیەکی دی لە ژیانی شەرەفمەندانە پێشکەشی کۆمەڵگای ئەورووپاو باقی گەلانی خۆرئاوا و مرۆڤایەتی بکات، بەڵکو ئەو نەزمە ئایینیەی مەسیحیەتیشی دوایی پێ هێنا کە هێشتاش شومارێك لە بەهاو قییەمی بالای لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو. هەروەك عەلمانیەت شێوە ژیانێکی دیکەی مرڤایەتی بەرپاکرد کە زیاتر نێوەرۆك و شکڵێکی ئاژەڵیانەی هەبوو. مرۆڤی بۆ خوار پلەی ئاژەڵ دابەزاند، وە هانیدا کەتەنها بایەخ بە غەریزەو چێژو ئارەزوواتەکانی بدات، واتا تەواوی کۆشش و تەقەللاکانی لەپێناو دەستەبەر کردنی خۆراك و جنس و نوستن دا بەخەرج دا. ئەوەشی چرپاند بەگوپی مرۆڤدا کە ژینی ئەو تەنها یەك جارەو هەر ئەم دەرفەتەی دونیایەو بەس. بۆیە پێویستە کات بەزایە نەداو هەموو تواناکی بخاتە گەرو تەواوی خواست و ئارەزواتەکانی هەر لەم جیهانەدا بێنێتەدی، چون بەمەرگی ئیدی کۆتایی یەکجاری دیت. هەروەك لە پێشتریش بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە مرۆڤ لەخۆوەو لە ماددەوە پەیدا بووەو هیچ ئامانجیکیش لەبوونی دا، نییە! جگەلە چیژ بردن لەم بوون، دواجار ئەم مرۆڤە بۆخۆی کۆتایی دێت! بەڵێ ئائەمەیە فەلسەی عەلمانیەت !

# بەشی سێیەم

## دەرکەوتنی عەلمانیەت لە ڕۆژهەڵات، سەرەتایی هەرەسی خیلافەت :

زاڵبونی عەلمانیەت لە خورئاواو جێگیر بونی وەك بیروباوەڕی مرۆڤەکان و چەسپاندنی وەك بنەمای دەوڵەت و بنچینەی پەروەردەی کۆمەڵگا، سەرەتای دەرکەوتنی دەوڵەتانی عەلمانی بوو لە ئەورووپا. سەرکەتنی شۆرشی فەڕەنسی و بەدەسەڵاتگەیشتنی ناپلیۆن پۆناپارت بۆسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی فەڕەنساو بەرپاکردنی جەنگی بەناو ئازادکردنی گەلان بەپاساوی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، بەجارێك ڕژێمە پاشایەتی و دەسەڵاکانی ئایینیەکانی خورئاوای دارماند.

گەلانی ئەورووپی کەوتنە ژێر کاریگەری بانگەشەکانی شۆڕشی فەرەنساو باوەڕەکانی و دژی دەسەڵاتی ئایینی وەستانەوە، پاشان هەریەکە لەو نەتەوانە ئایینیان وەلاوە ناو کۆماری عەلمانیان ڕاگەیان. هاوکات پێشکەوتنی بەرەبەری زانست و زانیاری ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە هوشیارکردنەوی ئەو نەتەوانەدا بینی، بەم شێوەیە قۆناغێکی نوێ لەمێژووی گەلانی ئەورووپی دەستی پێکرد، بەچەشنێك ژیانی خەڵکی وەچەرخانی هەمەلایەنەی بەخۆوە دی لە گشت کایەو بوارەکان . زۆربوونی ڕێژەی خەڵکی، پەیدابوونی شارو شارۆچکەکان، دامەزراندنی کارگەکان و پەیدابوونی چینی کریکار، سەرهەڵدانی سەرمایەداری سەرمایەداران، گەشەکردنی بازرگانی نێوان کیشوەرەکان، دامەزراندنی سوپا زەبەلاح و نوییەکان، بەرپاکردنی کۆمارە عەلمانیە نەتەوەییەکان، بڵاوبوونەوەی ڕۆنامەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی پێوەندی گرتن، پێکهینانی ڕێکخراوەو پارتە ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی و کریکارییەکان...هتد، بەگشتی هەموو ئەمانە سیمای ئەو ژیانە نوێیە بوو کەلە ئەورووپا سەری هەڵدا.لەئەنجامی ئەم پێشکەتنانەوە، ڕەوشی ئەورووپا تائاستێکی باش ڕووی لە بوژاندنەوەکرد. ئابووری مرۆڤی ئەورووپی گەشەی بەخۆوە دی . بەکورتی دەتونیین بڵیین لەو دەمانەدا ئەرورووپا لەگشت کایە و بوارەکان ژیان، تەکانێکی داو پێش سەرجەمی گەلانی جیهان کەوت .

به بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی، دوو خواست لای دەوڵەتە نوێیەکانی ئەورووپا سەریهەڵدا. لەوانیش دەستەبەرکردنی کەرەستەی خاو بۆ وەگەڕخستنی کارگەو دامەزراوە پیشەسازییەکان لەلایەك، ساغ کردنەوەی کالاو شمەکی ڕەنێو هێنرایش لەلایەکی دی. چون ئەورووپییەکان بۆخۆیان توانای دەستەبەرکردنی کەرەستە خاوەکانیان نەبوو، بەهۆی هەژرای سەرچاوە سرەشتییەکانیان، بازاڕە نێوخۆییەکانیشیان سەر ڕێژ بوو لە کاڵاو شمەك . بۆ دەستەبەر کردنی ئەم دوو ئامانجە، دەوڵەتانی ئەورووپی ڕویان لە ڕۆژهەڵات کرد .

ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، واتا سەرزەمینە پان و پۆڕ و فراوانەکەی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی . باشترین ئامانج و گونجاوترین جیگابوو بۆ ئەورووپا هەڵبەت بەهۆی دەوڵەمەندی بێڕادەی و نزیکی لە کیشوەر ئەورووپاوە .

چوون خاوەنی سەرچاوەی بێشوماری سامانی سەرلانەدراوی سروشتی هەمەچەشنەی ژێر زەمین و هاوکات بازاڕێکی هیجگار گەورەش بوو بۆ ئەو دەوڵەتە بەرهەمهێنەرانەی کە بەشوین ساغکردنەوەی کاڵاو شمەکەکانیانەوە بوون . لەگەڵ ئەوەش دا دەوڵەتانی ئەورووپی بۆخۆیان خەنیمێکی لەمێژینەی دەوڵەتی عوسمانی بوون، هەر لە کۆنەوە لە جەنگ و ململانێی هێجگار سەخت دابوون لەگەڵی و هەمیشە لەکەمیندا بوون لێی، تالە هەلێکی لەباردا چەپاڵی دەن .

## دەوڵەتی خیلافەتی عوسمانی :

دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن عوسمانی کوڕی توغرول بەگ ولە ئاسیای بچوك دامەزرینراو لەماوەیەکی زەمەنی کورتدا سنورەکانی خۆیی دریژکردەوە بۆ نێوەڕاستی ئاساو ڕۆژئاوای ئەفریقیاو پەلی کوتا بۆ نێوجەگەی ئەورووپا، ساڵی (١٥٢٩ز) گەمارۆی شاری ڤییەننای دا.(٢٢٤) و سنوری عوسمانی پاڵی دا بە سنورەکانی ئەڵمانیاوە و نزیکیش بوویەوە لەدوو دەوڵەتە مەزنەکەی ئەورووپا واتا مەملەکەتی ئنگلتەراو فەڕەنسا، واتا مەترسی ڕاستەوخۆی لەسەریان دروست کردبوو . هەروەك لە بەری باکوری ڕۆژهەلاتی تەنگی بە ڕووسیای قەیسەری هەڵچنی .

---

(٢٢٤)عوسمانیەکان لە دامەزراندنی دەولەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-محمد تەقوش-ل٢٢٢-٢٢٣ .

له ساڵی (١٥٦٩ز) دا دەوڵەتی عوسمانی هێرشی کردە سەر شاری ئیستراخانی هەڵکەوتوو لەسەر شوێنی هەڵڕژانی ڕوباری (ڤۆلگا) بۆ دەریای قەزوین.(٢٢٥) پاش دەستبەسەرداگرتنی کردییە هێڵی بەرگری لەهەمبەر ڕووسا .

خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی لەسەر دارو پەردووی خیلافەتی ئیسلامی عەباسیەکان دامەزرار، گەرچی بە تێپەڕینی چەند سەدەیەك لەفراوانی ڕوبەری خاکدا گەیشتە ئەوپەڕی و هەژموونی دەسەڵاتی گەیشتە ترۆپك، وەلێ لەبواری زانست و زانیاری دا پێشڤەچونێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدی، بەهۆی پچڕانی زنجیرەی زانیاری کەلە هێرشی مەغۆلەکان بۆسەر جیهانی ئیسلامی تەواوی سەرچاوە زانستییەکانی شارستانیەتی ئیسلامی کە بەری ڕەنج و تێکۆشانی چەندین سەدەی زانایانی ئوممەتی ئیسلامی بوو، لەنێوبران .

## سوتاندنی کتێبخانە جیهانی ئیسلامی :

کتێبخانەی گەورەی بەغداد کە گەورەترین کتێبخانەی سەزەوی ئەو زەمانە بوو-گوشراوی فیکری موسڵمانی ماوەی زیاتر لە(٦٠٠)ساڵی لەخۆ گرتبوو، بەر ئەم هێرشە دڕندانەیە کەوت، کتێبخانەی بەغدا هەموو ئەم زانستانەی لەخۆدا کۆکردبوویەوە : زانستە ئەدەبی و هونەریەکان،

زانستە شەرعییەکانی وەکو تەفسیری قورئان و فەرموودە و گەردووناسی و ئەندازیاری و کیمیایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفی و غەیری ئەمانەو سەدان بەیتە شیعرو هەزاران چیرۆك و پەخشان، خۆ ئەگەر وەرگێڕدراوی بیانیەکانی یۆنانی و فارسی و...هتد، هەژماربکەین ئەوجا قەبارەی ئەو زیانە زۆرەمان بۆدەردەکەوێ کەبەر تەواوی مرۆڤایەتی کەوتووە، کتێبخانەی بەغدا بەهەموو پێوەرێك مەزن بوو، جگەلە (کتێبخانەی قورتوبییەی ئەندەلوس) هیچ کتێبخانەیەکی تر لەو سەردەمە لەگەورەیی دا خۆی لە قەبارەی ئەو نەداوە، (کتێبخانەی قورتوبیەش) لە ساڵی (٦٣٦ ك)داو(٢٠) ساڵ پێش ڕووخانی بەغداد لەلایەن مەسیحییەکانی ئەندەلوسەوە بەهەمان دەرد و کارەساتی کتێبخانەی (بەغداد)چوو،

---

(٢٢٥)هەمانسەرچاوە-ل٢٧.

ئەوە لەکاتێکدا شاری (قورتوبیە) لە ساڵی ٦٣٦ ك دا و لەلایەن مەسییەحیەکانەوە ڕوخێنرا، یەکێك لە قەشە مەسیحییەکان کەناوی (کەمبیس) بوو بەدەستی خۆی ئاگری لە کتێبەکانی کتێبخانەی شار بەدا، کەهەزاران تەمەن و سەروەت و سامانێکی زۆر و عەرەق و شەونخونی و تێکۆشانێکی فرە لەنوسینەوەیان دا سەرف کرابوو . تەتارەکان ملیۆنەها کتێبی بەنرخ و گرانقەدریان هەڵگرت و هەڵیاندانە نێو ڕوباری (دیجلە)وە، مەغۆلەکان کردو کۆششی زانستیانەی سەدەکانی پێشینیان بەکۆمەڵ هەڵدایە خڕی (دیجلە)وە، ئاوە ڕوونەکەی دیجلە ڕەنگی مەرەکەبی کتێبەکانی بەسەردا زاڵ بوو و ڕەش هەڵگەڕا، سوارەی مەغۆلەکان بەسەر لیژنە کتێبەکاندا ڕمبازێنیان دەکردو ئەم بەروبەری ڕوبارەکەیان دەکرد، ئەمە تاوانێك بوو دەرحەق بە مرۆڤایەتی ئەنجام دراو لەمێژوودا دوبارەبوونەوەی زۆرە، تاوانێکی ئاوا مەگەر لە ئەندەلوس و لەبەرامبەر کتێبخانەی (قورتوبیە و غەرناتە و ئیشبیلیە و بلنسە و سەرقەستە...هتد) ئەنجام درابێ، خاچپەکانیش زیاتر لە (٣)ملیۆن کتێبی کتێبخانەی (تەرابلوس)ی لوبنانیان سوتاند لە فەلەستینیش هەمان تاوان بەسەر کتێبخانەی (غەزە و قودس و عەسقەلان) دا هێنرا، ئینجا دوای ئەوان داگیرکەرانی نوێی ئەوروپی لەسەدەی(١٩)دا داباریانە نێو وڵاتانی ئیسلامی و تاوانی خۆیان بەرامبەر کتێبخانەکان ئەنجام دا، بەڵام بەشێوازێکی نوێ ، ئەم ئەوروپیانە زیرەکتربوون، کتێبەکانیان نەسوتاند بەڵکو تاڵانیان کردن و لەگەڵ خۆیان بۆ ئەوروپایان بردنەوە، بەردەوام تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ کتێبخانە و مۆزەخانەکانی ئەوروپا گەرەترین و نایابترین کۆمەڵە کتێبی زانستیان لەخۆ گرتووە کە هەرهەمویان بەرهەم و نوسراوی موسڵمانانی چەند سەدەیەکی لەسەریەکی پێش ئەم داگیرکاریەن، هیچ گومانی تێدانیە ژمارەی ئەو کتێبانەو سەرچاوە سەرەکیانەی لە ئەوروپا هەن بەرێژەیەکی زۆر زیاترن لەو کتێب و سەرچاوە گرنگانەی لە جیهانی ئیسلامی هەن، داگیرکەران بەهەموو توانایەکیانەوەو بەدرێژایی هەموو سەدەکانی مێژوو خەباتیان کردووە تا ئوممەتی ئیسلامی لە هەموو جۆرەکانی زانست و پێشکەوتن بێ بەش بکەن، جارێك لەڕێگای سوتاندنی کتێبخانەکانیان، جارێکی تر لەڕێگای قم کردنی کتێبەکانیان لەدەریا، جارێکی تریش لەڕێگای دزینی کتێب و بەرهەمە زانستییەکانیان، ئێستاش لەڕێگای گۆڕین و دەستکاری کردنی پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندن، دەیانەوێت هەرچی بەسوود و مایەی بەهێزبوون و پێشکەتنە لە مێشکی نەوەی نوێی موسڵماندا نەیهێڵن، چونکە

**داگیرکەران چاك دەزانن زانست لەئیسلامدا چەند بایەخدارە، لەلایەکی تریشەوە چاك دەزانن ئەگەر موسڵمانان بەزانست گۆشبکرێن و ڕابهێنرێن چۆن ڕۆڵی گرنگ لە جیهاندا دەگێڕن .(٢٢٦)**

**بەڵام ڕەوشەکە لەئەورووپا پێچەوان بوو، سیلسیلەی زانستی لەو کیشوەرە ڕووبەڕووی پچڕان نەبوو بوویەوە، بەهۆی مانەوەی بەردەوامی دەوڵەتە گرنگ و کاراکانی ئەورووپا بەسەربەخۆیی و پارێزراوییان لە هەر هێرش و داگیرکارییەکی دەرەکی، ئەو دەوڵەتانەش خۆیان لە ئەڵمانیاو فەڕەنساو بەریتانیادا دەبینییەوە. ئەمەش دەرفەتی هێشتنەوەی سەرچاوە زانستیەکان و دەستاوردکردنی بەردەوامیان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی و دەوڵەمەندکردنی بەردەوامی بڕی ئەو زانستەش لەکاتی دەستاو دەستکردنی لەجیلێکەوە بۆ جیلێکی دی، دەستەبەر کرد، لە دواجاردا و لەگەڵ تێپەڕینی سەدە یەك لەدوایەکەکان و بەکەڵەکەبوونی فرەی ئەو زانستە، تەقینەوەی زانستی بەرپابوو، ئیدی سەردەمی دۆزینەوە زانستیەکان دەستی پێکرد و لەپاشتر شۆڕشی پیشەسازی بەرپاکردو لەمێستاش دا شۆڕشی تەکنەلۆژی .**

## پێشکەوتنی ئەورووپا :

**ئەو پێشکەوتنەی ئەورووپا شتێك نەبوو لەپڕێکدا و هەرلە خۆوە ڕوبدات، بەڵکو بەرهەمی ڕێنیسانسی یەکەم و دوەم و هەروەها دەرەنجامی ڕۆشنگەری بوو . لەزەمەنی ڕێنیسانسی یەکەمی فلۆرانس و دۆزینەوە جوگرافیەکان و کەڵەکە بوونی سامان لەنێو گەلانی ئەورووپی و دواتر بەرپابوونی ڕێنیسانسی دووەمی دەوڵەتشارەکانی ئیتالیاو و کۆتایی پێهینانی دەرەبەگایەتی و هەڵوەشاندنوەی دەوڵەتی کڵێسا و دەستپێکردنی چاکسازی ئایینی و سەرهەڵدانی دۆزینەوەکانی گالیلۆ(١٥٤٢ز)و گەڵاڵەبوونی چینی نێوەند(بۆرژووا)و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ زانایان تا داهینراوە زانستیەکانیان بخولقێنن، هاوکات چینی نیوەند لە کۆمەڵگادا پێکهات کەبەشێوەیەکی بەرچاو کەوتنە پشتگیری زانست و زانایان و کڕینی داهێنراوەکانیان، لیرەشەوە وەرچەرخانی کرداری لە ژیانی مرۆڤی ئەورووپی ڕووی داو کۆمەڵگای ئەورووپای گۆڕی .**

---

(٢٢٦)دەوڵەتی مەغۆل و تەتار لەنێوان بڵاوبوونەوەو تێکشکاندا-دکتۆر علی محمد الصلابی-ل٢٦٣-٢٦٥-٢٦٦

ئەنجامی گەشەسەندنی نوێی کۆمەڵایەتی، دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست بوو، بەتایبەت لە ئینگلتەرا، ئینگلتەرا یەکەم وڵا بوو کە پاشایەتی خۆسەپێنی تێکشکاندو دەرگای کردەوە بودەرکەوتنی چینی ناوەڕاست لە جیهانی سیاسەتدا، ئینگلیرا یەکەم وڵات بوو ئەو سیستمە کۆنەی سەندیکاکانی لەناوبرد کەتیایدا پیشەسازی و پیشەگەران و نرخی کاڵاکان، کۆتی ئاسنین کرابوون، لەجیاتی ئەم سیستمە سیستمێکی نوێیان هێنایە کایەو تیایدا ماددە یەکەمینەکان دەدرانە دەست کەسی ئیشکەر تا کاریان تێدا بکات و بیانکاتە کاڵاییەکی باشی شاو کە بتوانرێت بەکاربهێنرێن بەمە کرێیەکی دیاریکراو وەربگرێت . باری بەرفراوانی بەرهەم هێنان کەجەختی لەسەر ئامێرە گەرەکان دەکردەوە،ئەو دەستانەی والێکرد ڕیگەی کاری تاکەکەسی جاران بەجێ بهێڵن و لەژێر سەقفی کارگەدا کۆببنەوە و بەکرێیەکی دیاریکراویش ئیش بکەن، سیستمی نوێ یاریدەدەر بوو بۆهاندانی عەقڵ و هۆشی کارکردن، ئیدی پیاوانێك بەشێوازی نوێی پیشەسازیەوە ڕاپەڕین بەتایبەت دوای ئەوەی ئەو سەندیکایانەی چەند نەوەیەکیان تێکشکاند کە دژ بەهەر گۆڕانێك وەستان، سیستمی نوێ دەیویست بیانباتە مەیدانی بەرهەمهێنییەوە، ئەوانە بە داهێنانە نوێکانی پیشەسازی ڕستن و چنین ناسران، زانایانی نێوان ساڵانی (١٧٤٠ز تا ١٧٩٠ز) بریتی بوون لە (کای) و (هرکریڤەر وارکرایت) و (کرۆمبتۆن) و چەندێکی دیکە، لەنێو ئەو داهێنانەش دا کە پێشکەشیان کرد جۆڵای ئامێر و ئامێری هەڵمین بوو، ئەوانە هۆکارێك بوون تا لەجیاتی پێنج کەس بەیەك کەس کارێك ببەن بەڕیوە، واتە یەك بەڵکو پێنج کاریان ڕادەپەڕاد، بەمە خێرایی کارکردن زیادی کردو بەدەستخستنی لۆکە بوو بە کارێکی پێویست، خاکێکی فراوان لە باشووری ویلایەتە یەککگرتوەکان کرابە لۆکە، بۆ ئەو مەبەست و کارە ئەمریکیەك ئامێرێکی هەلاجی داهێنا کە بەخێرایی زیاتر لە دەیان کۆیلەی هیندی لۆکەکاری هەلاجی دەکرد . لەکاتێکداو لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا پیشەسازی ڕستن و چنین بەخیرایی گەشەی دەکرد، (جیمس وات) ئامیرە هەڵمینەکەی خۆی پێشکەش کرد و خێراییەکی زۆر زیاتری پێدا و هێزی هەڵم شوێنی هێزی مرۆڤی گرتەوە، هەروەك زانایەکی ئەمریکی بەناوی ڤۆڵتن کەشتیەکی هەڵمینی لە ساڵی (١٨٠٧ز) داهینا، چەند سالێکی کەم دوای ئەوە (جۆرج ستیڤنسن)کە زانایەکی ئینگلیزی بوو شەمەندەفەرێکی هەڵمینی داهێنا کە دەیتوانی چەندین عەرەبانە بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت، ئیدی هەندێ کەس دەرفەتیان قۆستەوەو

له ساڵی ١٨٢٥ز، دا یەکەم شەمەندەفەریان بەڕێخست، دوای ئەوە بزووتنەوەیەکی خێرای دروستکردنی کەشتی هەڵمین و ڕاکێشانی هێڵی ئاسنین دەستی پێکردو هێندەی نەبرد پێناوەکانی گواستنەوە گۆڕان، شۆڕش و ئەنجامی چاوەڕوان نەکراو هاتە ئاراوە، بەو جۆرە بزووتنەوەکە لە چەند لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی ئابوریدا دەستی پێکرد، پاشان بازنەی بزووتنەوەکەبەخێرایی فراوان بوو و لقەکانی داهێنانەکان زیادیانکردو چاپخانەی گەورەی بەهەڵم ئیشی دەکرد، بۆ هەویر شێلان هێزی نویێ بەکار دەهات و لەڕێگای ترومپای گەورەوە ئاو بۆبەشەکانی شار دەگوازرایەوە، سەدان داهێنانی دیکەش هاتنەکایەوە تا ئەوەی خەڵکی ناوی (سەردەمی هەڵم) یان لەسەدەی نۆزدەهەم نابوو، بەڵام لەم سەدەیەدا هێندە هەنگاوی نەبڕی تا ڕکەبەری نوێی بۆ پەیدا بوو کە ئەویش کارەبا بوو، لەزۆربەی بەشەکانی ژیاندا کارەبا خرایە کار تا ئەوەی سەدەی بیستەمان ناونا سەدەی کارەبا، لەساڵی ١٨٣٢ز تەلەگراف داهات و لە ساڵی ١٨٦٦ز دا بۆیەکەمجار لەژێر دەریاوە بە ئەتلەنتیکدا تەل ڕاکێشرا، لەساڵی ١٨٧٦ز دا تەلەفۆن داهێنراو دواتر بیتەل لەساڵی ١٨٩٥ز دا داهێنرا، ئیدی خەڵك لەهەموو لایەکی جیهانەوەو بێ ئەوەی هیچ پێکەوەیان ببەستێتەوە پەیوەندیان بەیەکەوە دەکرد و یەکیان دەدواند.(٢٢٧) گشت ئە داهێنراوە زانستیانە وایانکرد خێرایی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی فرە پەرەبگرێت، ئەمەش بۆخۆی پێویستی بە سەرچاوەی سروشتی خاو هەبوو کەلەنێو خودی ئەوووڵاتە تازە پێگەیشتوانەدا دەستەبەر نەدەبوو هەربۆیە چاویان بڕییە داگیرکردنی ووڵاتانی پاشکەوتوو، لەوانەش دەوڵەتی عوسمانی و ووڵاتانی دیکەی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ناوەڕاستی . بەزۆربوونی بەرهەم و هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی دیسان هاندەریکی دیکەی ئەو هەڵمەتی داگیرکاریە بوو .

## پاشکەوتنی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی :

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەدەکانی (١٧-١٨ز)و بە پێشکەوتنی ئەورووپا لەگشت بوارەکانی ژیان، کەوتە پاشەوە،

---

(٢٢٧)پوختەی میژووی ئەورووپا-پرۆفیسۆر جفری برۆن-ل٥٢٦-٥٢٧-٥٢٨ .

ئەو دواکەوتنەش شوێنەواری لەسەر خیلافەتی ئیسلامی عەسمانی جێهێشت بەتایبەتی لە جەنگ لەگەڵ ئەو دەوڵەتە خۆرئاواییانە کە توشی شکستی یەك لەدوای یەکیان دەکرد . ئا لێرەوە عوسمانیەکان دەرکیان بەو پێشڤەچونەی گەلانی ئەورووپی و جێمانی خۆیشیان لەگشت بوارەکانی زانست، کرد، هەروەك دەستەوسانیشیان بۆ خۆبەخۆ ڕزگاربونیان لەو بارودۆخە ناهەموارەر دەزانی، ناچار پەنابەرنە بەرخودی ئەورووپییەکان بۆ لێوە فێربوونی زانست و بەدەستهێنانی داهێنراو و دەستکەوتە زانستیەکان . لەمپێناوەشدا دەوڵەتی عوسمانی خویندکارانی خۆیی ناردەئەورووپا تالەویّ و لە ناوەندە زانستیەکانی ئەوان درێژە بە خوێندن بدەن و دواتر لەگەڵ گەڕانەوەیان بۆ وڵات، وەك شارەزایەك خزمەت بە خیلافەت و ئوممەتی ئیسلامی بکەن .

## چاکسازیکردنی دەوڵەتی عوسمانی :

دوای شکستە یەك لەدوایەکەکانی سوپای ئینکشاری عوسمانیەکان لە بەرەکانی جەنگ لەهەمبەر ڕوسیا و بەریتانیا و فەرەنسا، پاش هاتنەسەرکاری سوڵتان محمودی دووەم(١٠٨- ١٨٣٩ز) پرۆسەی چاکسازی دەستی پێکرد، سەرەتای ئەو گۆڕانکاریانەش لە دامەزراوەی سەربازیەکانەوە بوو .

ساڵی ١٨٢٦ سوڵتان بڕیارێکی دەرکرد بەناوی (خوا شریف) کەبریتی بوو لە بڕیاردان بە پێکهێنانی سوپایەکی تازە بەپێی ڕێنمونی ئەورووپای نویّ کەبە (ئەسکەنجی) ناسرابوون یان (سەربازانی چالاك) بۆتەواوکردنی چاکسازی سەربازی، سوڵتان مەحموودی دووەم هەستا بەگەشە پێدانی جیهازی ئیداری دەوڵەت . گورج و گۆڵیەکی خستە ناو کاربەدەستانی دەوڵەت . سوڵتان هەستا بەنەهێشتنی بەخشینی پۆستە دەوڵەتیەکانی وەکو پۆستی (ئیلتیزامات)و پۆستی (ئیقتاعیات)، ڕێسایەکی دانا بۆ دامەزراندن و بەرزکردنەوەو یارمەتی و هەستا بە چاپکردنی پولی ڕەسمی حکومەت بۆ هەموو ڕۆژێك لەلایەن (سەدری ئەعزەم)و وەزیرەکانەوە . هەروەها کۆتایی هێا بەیاسای (تیمار) بەمە زەویە دەرەبەگیەکان بوونە موڵکی دەوڵەت و باجی ئەو زەویانە کۆدەکرایەوە بۆ بەڕێوەبردنی سوپا . ئەمە هەیبەتی دەڵەتی لە ویلایەتەکان زیادکردو دەسەڵاتی ناوەندی چەسپا . لەساڵی ١٨٢٤ دا سوڵتان فەرمانێکی دەرکردو ڕایگەیاند کە

فێرکردنی سەرەتایی لە ئەستۆی دەوڵەتدایە و قوتابخانەی تازەی دامەزراند کەبە قوتابخانەی ڕوشدیە ناسرابوون . ئەرکی ئەوان دیاریکرا بە پێشکەش کردنی نمونەییەك بۆ ئامادەکردنی بۆئەوەی پەیوەندی بکەن بەقوتابخانەی سەربازی و دەریایی و پزیشکی و پۆستەکانی دەوڵەتەوە، لەدوارۆژدا سوڵتان هەستا بەناردنی قوتابییان بۆدەروەی وڵات بۆ خویندن، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی وڵاتانی ئەوروپاوە سوڵتان هەستی بەگرنگی زمان و وەرگێڕان لەزمانە بێگانەکانەوە بۆ زمانی تورکی کرد . لەوبوارەدا دووکەسایەتی گەورە دەرکەوتن، یەکیان مێژوونووسی عوسمانی (شانی زادە) بوو کەوەکو(دائیرەی مەعاریف) وابوو، ژمارەیەکی زۆری کتێبی لە ئیتالیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی تورکی . لەساڵی ١٨٢٦ کرابە مێژوونووسی دەوڵەت، بەڵام کەسایەتی دووەم (ئیسحاق ئەفەندی) بوو کەچەندین زمانی ئەوروپی دەزانی، چەند کتێبێکی لەفیزیاو بیرکاری دانا . لەساڵی ١٨٢٧ دا سوڵتان قەتابخانەی پزیشکی دامەزراند و یاسای پاراستنی تەندروستی دانا لەنێوان ساڵەکانی ١٨٣١-١٨٣٢ قوتابخانەی موسیقای دانا بۆئەوەی سوپا چەند مۆسیقارێکی هەبێت، هەوڵێدا کە هەڵسوکەوت و ئادابی خەڵکی بگۆڕێت . هەستا بەگۆڕینی (عەمامە) بۆ (تەرپوش) هەستا بەدابینکردنی جلوبەرگی ئەورووپی بۆ سوپاو فەرمابەرەکان، مەرسومێکی دەرکرد بەناوی مەرسومی (ئیفتیخار).(٢٢٨) ئەو گۆڕانکاریانە تائیرە گرفتی تێدانەبوو، چوون ئیسلام دژایەتی نییە لەگەڵ زانست و داهێنراوەکانی بەڵکو بۆخۆی گەورەترین هاندەری زانست پێشکەوتنە، وەلێ هەندێ لەو یاساو ڕێسایانە لەژێر گوشاری دەوڵەتانی خۆرئاواو بەناچارکردنی عوسمانیەکان دەرکران، یاساو ڕێسا دڵخوازەکانی خۆرئاوا لەبەرژەوەندی جولەکە دۆمە و کەمینە مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی شکایەوە، هەروەك ئەم ڕەوشە میسریشی گرتەوە .

لەسەردەمی محمد علی پاشای (میسر) و جێنشینەکانی دا پۆلێك لە خوێندکاران ڕەوانەی ئەورووپاکران و بزوتنەوەیەکی وەرگێڕان دەستی پێکرد، لەسەردەمی خدێوی ئیسماعیلیش دا سیستمی خوێندن لە حوجرەو مزگەوتەوە بە سیستمی خوێندنگای نوێ گۆڕدرا،

---

(٢٢٨)عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٣٩٣-٣٩٤-٣٩٥ .

خوێندنگایەك کەتیایدا خویندکاران فێری زانستی نوێ و زمانی بیانی دەبوون، ئەم گۆڕانکاریانە نوخبەیەکی ڕۆشنبیی تازەی پەروەردەکرد کەلەژێر کاریگەری فیکری ئەورووپی دا بوون.(٢٢٩) بەمشێوەیەو لەنێو دەوڵەتی عوسمانی داو لە دوو هەرێمی گرنگی ئەو خیلافەتەدا کەئەوانیش خۆی لە هەرێمی تورك نشینی ناوەندی دەوڵەت و هەرێمی میسری هەڵکەوتو لەچەقی نیشتیمانی عارەباندا، کەلەو دەمانەداو لەلایەن محمد علی پاشاوە بەڕێوە دەبرا لەژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتی ڕۆحی خەلیفەی عوسمانی، خویندکارانی موسڵمانی تورك و عەرەب ڕەوانەی وڵاتانی تازەگەشەسەندووی ئەورووپا کران . هاوکات سەرچاوەکان باس لە ڕۆڵی مەترسیداری محەمەد عەلی و پێوەندی ژێربەژێری ئەولەگەڵ دەوڵەتانی ئەورووپی و ڕێخراوەی ماسۆنی دەکەن لە میسردا، تۆمەتباری دەکەن بەهاوکاریکردینی هەڵمەتی فەرەنسیەکان و کارئاسانی کردن بۆ چالاکی ماسۆنیەکان. ئەمەو شیانی گوتنە کە فەرەنسا دەورێکی تیکدەرانەی بینی لە وڵاتە، کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

*فەرەنسیەکان سەرکەوتوبوون لە وروژاندنی ڕەگەزەکانی قیبتیە مەسیحیەکان بۆ هوکاوکاریکردنی هەڵمەتەکە بەهەموو هۆکارێك .

*پیاوانی هەڵمەتەکەی فەرەنسا کۆششیان کرد بۆ تێکدانی ئاین لە دەروونی پیاوە گەورەکان و زانایان و ڕەمەکی موسڵمانانداو، بەخستنە ڕووی پارادایم گەلێك لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا .

*لەوماوە دژوارەی دەوڵەتی عوسمانی دا مەحفەلەکانی ماسۆنیەت و جولەکە لە میسرو تورکیاو شام دا بڵاوبوونەوە و بەڕۆژو شەو کاربان دەکرد بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی .

*هەندێك لە مێژوونوسان باس لەوە دەکەن کە مەحفەلەکانی ماسۆنی فەرەنسی یارمەتی محەمەد عەلی پاشای دابێت لەپێناو تموحەکانی داهاتوویدا، بەئامانجی لاوازکردنی دەوڵەتی عوسمانی و بەوەش محەمەد عەلی توانیویەتی کەشتیگەلێکی دەریایی بەهێزی پێشکەوتوو و جبەخانەیەکی چەك و تەقەمەنی لە (دمیات) دابمەزرێنێت .

---

(٢٢٩)ئیسلامی سیاسی-شوان ئەحمەد-ل٨ .

*هەروەها هەندێ مێژوونوسی تر پێیانوایە کە (محەمەد عەلی پاشا) ڕۆڵێکی گومانلێکراونەی گێڕاوە لە گواستنەوەی میسر لە ئینتیمای ئیسلامییەوە بۆ شتێکیتر کەلە کۆتایدا سەر بکێشێ بۆ دەرچوون لە شەریعەتی خوا .

*زۆرێکی تر لە مێژوونوسان محەمەد عەلی پاشا بە پیاوی جولەکەو ماسۆنیەت و پیاوی فەرەنساو بەریتانیاو ئەورووپا دەزانن و بەخەنجەرێکی ژەهراوی دەزانن لەجەستەی

جیهانی ئیسلامی دا.(٢٣٠)

لەڕاستی دا ئەو خوێندکارانەی نێردرانە ئەورووپا، لەو ژینگە لادینییەداو لەنێو ناوەندە زانستییەکانی ئەو وڵاتانەداو بەپێی پڕۆگرامە فێرکاری و زانستیەکانیان کەلەسەر بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت دارێژرابوون، پەروەردەکران و بە فیکرو فەلسەفەی عەلمانیەت بیرو هزریان زاخاو دراو و گۆشکران . بەشیوەیەك کەلەپاش گەڕانەوەیان بۆنێو دەوڵەتی عوسمانی، ئەم خوینکارانە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەیان گێڕا لە بڵاوکردنەوەو تەشەنە پێدانی عەلمانیە . ئیدی لەبری زانست و پێشکەوتنی ئەورووپا خویندکارانی دەوڵەتی عوسمانی بیروباوەڕەکانی خۆرئاواو شێوازی ژیانی ئەورووپی یان بۆ نێوگەلانی موسڵمان هێنایەوەو کەوتنە تەقلیدکردنەوەی ئەو شێوە ژیانە لادینییە .

ناردنی ئەو خوێندکارانەش لە خۆرهەڵاتی ئیسلامییەوە بۆ خۆرئاوای عەلمانی لەحاڵێکدابوو کە گەلانی نێو خیلافەت لە دۆخی پاشکەوتویی زانست و نالەباری ڕەوشی ئیداری و خراپی ئابوری دابوون . لەگەڵ گەیشتنیان بە ئەورووپا، ئەورووپایەك کە پتر لە سەدەیەك بوو بەرگی ئاینی داماڵی بوو، خۆی لە مەسیحییەت و زەبرو زەنگی کڵێساو پیاوانی ڕزگار کردبوو، زانایان و بیرمەندان ئازادانە لێکۆڵینەوە زانستیەکانیان ئەنجام دەدا و دۆزینەوەکانی خۆیان بەیان دەکردو داهێنراوە کانیان تاقی دەکردەوەو دەیان خستنە بەردەست خەڵکی . وێڕای پشتیوانی کردنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، هەروەها ڕێزی شیاویان لێدەنان،

---

(٢٣٠)عوسمانیەکان-کۆمەڵێك نوسەر-ل٣٠٥-٣٠٦-٣٠٧-٣٠٨ .

بەم چەشنەو لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژ ژمارەی کارخانە و دەزگا پیشەسازییەکان پەرەی دەگرت، شارەکانی ئەورووپا فراوان بوون و دامەزراوەگەلی پێشکەوتوو و بێشوماری لەبابەت قوتابخانەو زانکۆکان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو بونیاتنران، بیناو باڵەخانەکان بەشکڵی ڕازاوە بەرزببونەوە، شەقامی نوێ وبازاڕی تەژی لە کاڵا و شمەك، بەندەری پڕلە جووڵەی کەشتییە بازرگانییەکان،....هتد، هەموو ئەم پێشکەوتنانە ئەو خوێنکارانەی توشی شۆك و سەراسیمە بوون کرد، هاوکات هەستیان بەخۆ بەکەمزانین کرد لەهەمبەر ئەو شارستایەتەوە، موعجیب بوون بەو شێوە ژیانەی خۆرئاوا لە ناخی ئەو خوێندکارە خۆرهەڵاتیان دا چەکەرەی کرد، ئەم هەستەشان لەگەڵ دەستپێکی خوێندن یان لە ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی ئەو وولاتانەداو بە تێپەڕینی کات ڕووی لە گەشەکردن دەکردو زیاتر دەکەوتنە ژێرکاریگەرییەکانی .

## کاریگەربوونی خوێنکارانی عوسیمانی بە باوەڕە خۆرئاواییەکان :

ئەورووپای عەلمانی و داودەزگاکانی هەمان ئەو بۆچون و تێگەیشتنەی کە بۆ خۆیان دەرحەق بە ئایینی مەسیحییەت و چۆنیەتی دەوڵەتڕانی و شێوەی ڕیکخستنەوەی کۆمەڵگاو دامەزراوەکانی هەیان بوو، لە هزرو فیکری ئەو خوێنکارە ڕۆژهەڵاتیانەش موتوربەیان کردو چاندیان . ئەم کارەش دەرەنجامی پێچەوانەی لێکەوتەوەو خویندکارە تورك و عەرەبەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەهەڵەیەکی کوشندەدا برد، لەپاشی گەڕانەوەیان بۆ هەرێمەکانی خۆیان واتا تورکیاو میسر، شوینەوارەکەی بەدیار کەوت، کەلەبری هینانەوەی زانست و دەستکەوت و داهێنراوە زانستیەکانی گەلانی ئەورووپا، فیکرو ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت و بیروباوەڕەکانی دی لەبابەت نەتەوەپەرستی و ناوچەگەرێتی و ئایدیۆلۆژیا ئیلحادیەکان و...هتد، لەگەڵ خۆیان بۆ گەلانی عوسمانی و خیلافەتەکەی هێنایەوە . بەواتایەکی دی ئەورووپای عەلمانی لەبری زانست و زانیاری فەلسەفەی مادیگەرا و باوڕەکانی نەژادپەستی فێری خویندکارەکانی عوسمانی کرد، هەوەك لەبری پۆلێك شارەزاو دەستەیەك داهێنەر، ژمارەك خۆرئاواخوازی پێشکەشی جیهانی ئیسلامی کرد !

خۆرئاواخوازان کەلەنێوخۆی دەوڵەتی عوسمانی و لە ڕۆژوا ئاشنایەتیان لەگەڵ بیروباوەڕی ڕۆژئاوایی دا پەیداکربوو و لەم ڕووەوە گەشتەکانی هەندێ خوێندکاری عوسمانی ڕۆڵێکی لە ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ ئەم بیروباوەڕەنەدا بینی، لەئەنجام دا بەشێکیان بەو بیروباوەڕە

سەرسام و مەدهۆش بوون و تەنانەت بانگەشەی پەیڕەوکردنیشیان دەکردن، لە ئاکامی ئەمەدا لایەنگرانی ئەمە زۆر بەگەرم وگوڕی کەوتنە وازهێنان لە داب ونەریتی ئیسلامی و پەیوەندی کردن بە ڕۆژئاواوە.(٢٣١)

خوێندکارە میسریەکانیش هاوشێوەی خوێندکارە تورکەکان پەتای خۆرئاواخوازی ئالودەی کردن و کەوتنە ژێر کاریگەری فیکری عەلمانیەتەوە، دواتر دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونەکانیان لەمیسر و نوخبەیەکی خوێندەواریان لێپێکهات، کەڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لەپەرەپێدانی عەلمانیەت لەنێو عەرەب و بەتایبەتیش لەمیسر .

## سەبارەت بە خۆرئاواخوازان :

خۆرئاواخوازان ئەوانەبوون کەلە سەردەمی محمد علی پاشادا، جڵەوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی میسریان گرتبۆ دەست، ئەمان لەهەوڵی ئەوەدابوون کۆمەڵگای میسری لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی خۆرهەڵاتیەوە بە کۆمەڵگایەکی هاوچەرخی شێوە خۆرئاوایی بگۆڕن، ئەم کارەش بەدرێژیی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست بەردەوام بوو.(٢٣٢)

بەمشێوەیە نوخبەیەکی خوێندەواری دەستپەروەردەی قوتابخانە عەلمانیەکانی خۆرئاوا لەنێو گەلانی دەوڵەتی خیلافەتی عوسمانی دا بڵاوبوونەوە و لە داودەزگاکانی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامیەدا جێیانگرت و بوونە خاوەنی پلەو پایەی باڵا چ لەنێو دامەزراوە مەدەنی و چ لەنێو ڕیزەکانی سووپادا، بەم هەنگاوەش خەڵکانێکی خۆرئاواخواز و کاریگەر بە فیکری عەلمانیەت، خزانە نێو دەوڵەتی عوسمانی، ئیدی شوێنەواری بۆچون وباوەڕە خۆرئاواییەکان لەسەر کەسانی دەوروبەریان و لەکارەنیشیا هێدی هێدی بەدیارکەوت، کە دەرەنجامی ئەوەش لە پاشتردا بەڕونی خۆی نواند . لەنێو ئەو خوێندکارە دەستپەروەدانەی خۆرئاوا، گروپگەلی نوێ و جیاوازسەریان هەڵداو بەدیارکەوتن،

---

(٢٣١)ئیسلامی و عەلمانیەت لە تورکیا-ئیدریس بووانو-ل١٨٣-١٨٤ .

(٢٣٢)ئیسلامی سیاسی-شوان ئەحمەد-ل٨ .

که بەبیرو فیکری خۆرئاواییەوە دەستیان دایە چالاکی کردن و ڕۆڵگێڕان لەسەر بنەمای ئەو دیدو تێڕوانینە لادینیانە، لەوان و یەکەمین گروپێك کەلەنێو ئەو خوێندکارانە و لەلایەن ئەوانەوە پێکهێنران گروپی (ترکیا الفتات-١٨٦٥)بوو، هەروەك لەپاشترو هەر لەلایەن ئەندامانی ئەم کۆمەلەیەوە حزبی (الاتحاد الترقی-١٩٠٦) ڕاگەیەنرا. هاوکات لەمیسریش کومەڵەی (عرب الفتات-١٩٠٩) پێکهێنرا. هەرکام لەم گروپ و پارتانە لەسەر بنەمای خۆئاواخوازی و باوەڕی عەلمانیەت و مەیلی نەتەوەپەرستی پێکهێنران، ئامانجیان هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی و لێکترازاندنی یەککێتی ئوممەتی ئیسلام و لەکار خستنی شەریعەتی بوو، لەهەمانکات بۆ دوورخستنەوەی ئەو ئاینە بوو لە ژیانی گەلانی موسڵمان و خزاندنەوەی بوو بۆ نێوو مزگەوتەکان،کۆششی فروانیان بەخەرج دا لەپێناو ئەم ئامانجەیان، هەتا والە موسڵمانان بگەیەنن کە ئیسلام پێوەندی بە دەوڵەت و سیاسەتەوە نیەو تەنها بریتیە لە نویژو ڕۆژو حەج، بانگەشەی ئەوەیان کرد گوایا ئاین تەنها بریتیە لە پێوەندییەکی ڕۆحی نێوان مرۆڤ و خودا ! تابەم شێوازەو بەهۆی ئەم پڕوپاگەندە و چەواشەکاریانەوە موسڵمانان لە دەسەڵات دووربخەنەوەو بۆخویان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و حکومەت لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی دەستووری عەلمانیەت پێکبێنن .

## سەرهەڵدانی گروپ و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان :

پاش ئەم وەرچەرخانانەو پەیدابوونی ئەم ڕەوت و بزاڤ و پارتانە، بیرۆکەی تۆرانیەت و عروبە لەنێو خیلافەتی عوسمانی و لە هەرێمی تورکنشینی ئەنادۆڵ و میسری عەرەب نشین دەرکەوتن، کە ئەم دوو نەتەوەیە پێهاتەی سەرەکی دەڵەتی خیلافەتی عوسمانی بوون . تۆرانیەت بۆ چیای (توورون) دەگەرێتەوە کە بیروباوەڕیان وایە و دەبێژن (ئێمە تورکین و کەعبەمان تۆرانە).(٢٣٣)

هەروەها عروبیەکانیش نەتەوەی عەرەب بەپێشەنگی تەواوی گەلانی سەر ڕوی زەوی دەزانن و ڕەگەزی عەرەب بە باڵاترو پیرۆز تر لە گشت ڕەگەزەکانی دیکەی سەر ڕووی زەوی دەبینن،

---

(٢٣٣)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحکیم-ل٦٨ .

لەمەشیاندا دەگەڕانەوە بۆ شارستانیەتەکانی پێش ئیسلام و لەوانیش فیرعەونیەتی میسرو بابلی عێراق و فینیقی شام و...هتد، بەم شێوەیە دەستیاندایە پیاهەڵگوتنی ئەم ژیارانە و شوینکەوتن و تەقلیدکردنەوەیان، هاوکات ڕەفزی ئیسلام و میژوو و شانازیەکانی ئەم ئایینەیان کرد، گەر لەحالێکیشدا باسێکیان لە ئیسلام و زەمەنی باڵادەستی ئەو کردبا، ئەوا دیسان هەر لە ڕوانگەی نەتەوەپەرستیەوە بۆیان دەڕوانی و شرۆڤەیان دەکرد. هەروەك پێغەمبەرو قورئانەکەیان وەك موڵکی تایبەتی نەتەوەی عەرەب تەماشا دەکردو سەرکەتنی موسڵمانە بەراییەکانی دەمی بڵاوبوونەوی ئیسلامیان وەك سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب وێنا دەکرد، بەتایبەتی جەنگی قادسیە، کەتیایدا موسڵمانە عەرەبەکان لەشەڕی قادسیەدا بەسەر شانشینی کیسرەوی فارسی دا سەرکەوتن و کۆتاییان بە ئاگرپەرستی هێنا .

شاراوەنیە کە ماسۆنیەت ڕۆڵێکی کارای بینی لە تەشەنە پێدانی ئەم چەشنە بیرۆکانە، تەواوی ئەو کەسانەی ئەم بیروبۆچونایان داهینا لەو جولەکەو مەسیحیانە بوون کەسەر بە ماسۆنیەت بوون وەك لەدواتریش دا باسیان دەکەین . سەبارەت بە بیری نەوەیی عروبەو دژوەستانەوەیان لەهەمبەر خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی و هاندانی مەیلی جوداخوازی لەنێویان، خورئاوا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بینی .

لەسەرەتادا ئیمپریالیزمی فەڕەنسی دەستی کردە پەرەپێدانی (بیری نەتەوایەتی) لە میسر، لەنێوان ساڵەکانی (١٨٦٣-١٨٧٩)دا فەڕەنسی ئەمریکی و ئیتالی و ئەڵمانیەکان (٧٧) قوتابخانەی سەربەخۆیان لە میسردا کردەوە، چالاکی قەشەکان گەیشتە پلەیەکی یەکجار بەرز. (٢٣٤)

ئەوانەی لەسەر تەوەری تورکایەتی ئیشیان کرد لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا بەشی هەرەزۆری ئەوانە لەبنەچەدا یەهودی بوون کەچی ئەوانەی لەسەر تەوەری عروبی ئیشیان کرد بەشی هەرە زۆری مەسیحی بوون، لەوانە: محمد دروزە، بنەماڵەی بستانی، سلیم یازەجی، جۆج ئونتۆنیوس، نجیب عازوری، ناسیف یازەجی، میشیل عەفلەق، شوبلی شمیل، سلامە موسی،

---

(٢٣٤)سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلام دا-عەلی باپیر-ل٨٥ .

ئیسماعیل مەزهەر، قاسم ئەمین، لوتفی سید،... بەم جۆرە خۆرهەڵاتی ئیسلامی ڕووبەڕوی یەکەمین بەرکەوتنی فیکری لەگەڵ خۆرئاوای عەلمانی بویەوە، ئەم بەریککەوتنەش بەهۆی ناردنی قەتابیانی عوسمانی بوو بۆ ئەورووپا بەمەبەستی تەواو کردنی خویندن لەناوەندەکانی دەوڵەتانی ئەوکیشوەرەدا، هەروەها بەهۆی دەستکێشانی دەوڵەتانی ئەورپی بوو بۆنێو هەرێمەکانی عوسمانی ئەوەش لەڕێگای کردنەوەی خوێندنگە خۆرئاواییەکان کە مامۆستایانی فەرەنسی و بەریتانی و ئەڵمانی و...هتد، وانەیان تێدا دەگوتنەوەو ڕۆڵەکانی دەوڵەتی عوسمانیان بەبیروباوەڕەکانی خۆیان گۆش دەکرد، هەڵبەت ئەم کارەش لەژێر دەمامکی فێرکاری زانستی دا، وەك لەمرۆشدا و بەنێوی کردنەوەی خوێندنگای نمونەیی و پەیمانگاو زانکۆوە درێژە بەهەمان ئەو کارانەیان دەدەن، جگەلە بە عەلمەنەکردن، هەوڵی بەمەسیحی کردنی ڕۆڵەکانی موسڵمانان یان بێبڕواکردنیان، یانیش گومانداركردنی بیروباوەڕیان دەرحەق بەئیسلام، دەدەن .

ڕێکاریکی دی کە ئەورووپییەکان کرتیانەبەر بۆ عەلمەنەکردنی دەوڵەتی عوسمانی، هێرش و پەلاماری سەربازی بوو، ڕاستی ئەمەش لە هێرشەکەی ناپلیۆنەوە دەردەکەویت کە بۆ سەر هەریمی میسری عوسمانی ئەنجامی و لەو هەڵمەتەی دا تەواوی توانای خۆیی خستە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی عەلمانیەت و پەرەپێدانی مەیلی خۆرئاواخوازی لەنێو ڕۆڵەکانی گەلی عەرەبی میسری، لەگەڵ هەموو ئەوانەش هانی میسریەکانی دا بۆ بەرەنگاربوو نەوەی دەسەڵاتی خەلیفەی عوسمانی و جیابوونەوەیان لە خیلافەتی ئیسلامی .

## بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت :

کەمینە دیانەکانی جولەکەو مەسیحی نێو خیلافەت، ڕێکاریکی دی بوون بۆ بڵاو کردنەوەی بیروباوەڕی عەلمانیەت و تەشەنە پێدانی خۆرئاواخوازی لە ویلایەتەکانی عوسمانی، ئاشکرایە ئەم کەمینە ئاینیانە ڕۆڵێکی هێجگار ترسناکیان بینی لە پلانی داڕماندنی دەوڵەتی عوسمانی و پرۆسەی بەخۆئاوایی کردنی گەلانی موسڵمان، چوون کەمینە دیانەکانی جولەکە و مەسیحی لەگشت هەریمەکانی عوسمانی دا بڵاو ببوونەوە، بەتایبەتیش لە هەرێمی تورکنشینی ئەنادۆڵی مەرکەزی خەلافەت و میسری ناوەندی هەرێمەکانی عەرەب .

ئەودیانانە بەپاڵپشتی دەوڵەتانی ئەورووپی دژی عوسمانیەکان وەستانەوەو دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و هاندانی نەتەوەکانی عوسمانی و دنەدانیان بۆ راپەڕین و هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی خەلیفەو جودابوونەوە لە خیلافەتی ئیسلامی، دریخیان نەکرد لە بانگەشەکردن بۆ عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی، بەمشیوەیە هەزارانیان لە ڕۆڵەکانی موسڵمانان بە بانگەشە و بیروباوەڕەکانی خۆیان فریودا، لەپاشتر جەندین کۆمەڵ و ڕێکخراو و پارتیان لەنێو دەوڵەتی عوسمانی پیکهینا، توانییان ئوممەتی ئیسلامی پەرت بکەن و دزە بکەنە نێو ڕیزی موسڵمانەوە . بەگشتی دەتوانی بڵێین ئەورووپییەکان بە دوو شێوازو ڕێگا فیکرو ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەتیان دزەپێکردە نێو جیهانی ئیسلامی و خزاندیانە نێو ژیانی ئوممەتی ئیسلامی و گەیاندیان نێو داو و دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی و پلەو پایە و پۆستە باڵاکانیەوە، ناردنی خویندکارنی عوسمانی بۆ ئەورووپا لەلایەك، کردنەوەی خوێندنگای ئەورووپی لە هەریمەکانی عوسمانی لەلایەکی دی. بەرپاکردنی جەنگ دژی دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی ناوچەو هەرێمەکانی و داسەپاندنی مەرجی زۆرە ملیٚ بەسەر دەڵەتی عوسمانی، مەرجگەلێك کە دژ بە شەریعەتی ئیسلامی بوو، ئەمەش لەژێر ناوی چاکسازیدا، هەمووو ئەمانەش لەلایەکی دی . دەوڵەتانی ئەورووپی بەپاساوی بەرگریکردن لە مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان ئەو مەرجانەیان بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا دەسەپاند، بەزەبری چەك و گوشاری دیپلۆماسی خەلیفەیان ناچار دەکرد هەستێت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و ئەمەشیان ناو دەنا چاکسازی !

پاش لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و تیکشکاندنی سوپاکەی لەبەرەکانی جەنگ، لەدەستدانی بەشێکی هەرێمەکانی و جیابونەوەی ژمارەیەك لە گەلانی نێو خیلافەت، هەروەها سەرهەڵدانی بەرەیەکی عەلمانی خۆرئاواخواز لەنێو گەلانی عوسمانی، ئیدی دەوڵەتانی ئەورووپی هەربەوەندە قایل نەبوون کە ڕووبەری دەوڵەتی عوسمانی بەرتەسك بکەنەوەو ژمارەی دانیشتوانی کەم بکەنەوە، بەڵکو ئەمجار دەستیان کێشایە نێو تەواوی سیستم و داو و دەزگاکانی دەوڵەت و ناوەندە گرنگەکانی بریاری عوسمانییەوە، لێرەشەوە کەوتنە کۆشش کردن بەمەبەستی دەستوەردان لە یاسا و ڕێساکانی خیلافەت، واتا هەوڵی گۆڕینی شەریعەتی ئیسلامیان دا و دەکۆشان بۆ وەلانانی شەریعەتی ئیسلامی بەگشتی . وەلیٚ ئەم کارەیان بەیەك جار نەدەکرد، یاخود پێیان نەدەکرا، بەڵکو هەنگاو هەنگاو ئەم پیلانەیان جیٚ بەجیٚ دەکرد، هەڵبەت بەشێوازی خۆی،

ئەوەش لەدوای هەر هێرشێکی سەربازی بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و شکست پێدانی هێزەکانی، پێشڕەوی کردنی هێزە خۆرئاواییەکان بەمەودایەکی فرە بۆ نێو قوڵاییەکانی خاکی عوسمانی، دەسەڵاتی بابی عالیان لە ئەستەمبوڵ ناچار دەکر بەرازی بوون بەهەندیك لە داواو خواستەکانیان و مەرجەکانیان بەسەر خەلیفەی موسڵمانان دا دەسەپاند . نمونەی ئەو سیاسەتەیان لە پەیمانامە یەك لەدوایەکەکانی خۆیان وەدەر دەکەوێت، لەوانیش (پەیماننامەی ئاق کرمان-١٨٣٢ز)، (پەیماننامەی نکیار ئەسکلەسی-١٨٣٣ز)، چەندین پەیماننامەی ناهاوسەنگی دیش .

## پەیماننامە ناهاوسەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی :

دوابەدوای سەپاندنی ئەم ڕێککەوتن و پەیماننامە یەك لەدوایەك و ناهاو سەنگانە بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا، هاوکات عوسمانیەکان ناچارکران بە ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕانکاری لە شێوازی سیستمی حوکم و فەرمانڕەواییان، ئەوەش خۆی لە دەستوەردان لە شەریعەتی ئیسلامی و حوکمە شەرعیەکانی دا دەبینییەوە . ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی مایەی نیگەرانی و قەڵسبوونی خۆرئاواییەکان بوو، هەمیشەو بەردەوام لەهەوڵدابوون بۆ لەکارخستنی لە دەڵەتی عوسمانی دا، بۆ وەدیهێنانی ئەم خواستەیان گوشاریان خستە سەر خەلیفەی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە شەریعەتی ئیسلامی و ئەحکامەکانی، داوی ئەنجامدانی چاکسازییان کرد لەو بوارەدا !

## پرۆسەی گۆڕانکاری دەستوری :

سەرەتای پرۆسەی گۆڕانکاری دەستوری لە دەولەتی عوسمانی دەستی پێکرد لەژێر گوشاری هێرشی سەربازی و گوشارە سیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەورووپی، ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەی خۆرئاواخوازان لەنێو خودی دەوڵەتی عوسمانی، کەپێکهاتبوون لە خوێنکارە عوسمانیەکانی دەرچووی خوێندنگا ئەورووپییەکان و کەمینە دیانەکانی جولەکەو مەسیحی و هەروەها نەتەوەپەرستان و بەکرێگیراوان، ئەوانەی کە بەڵێنی پلەو پایەو دراویان پێ درابوو لەلایەن دەڵەتانی خۆرئاواو ماسۆنیەکانیەکانەوە .

لەو پرۆژە گۆڕانکاریانەی لەژێر نێوی چاکسازی و بەهۆی گوشاری دەوڵەتانی ئەوروپا و خۆرئاواخوازانی نێو دەوڵەتی عوسمانیەوە ئەنجامدران، خەتی (شەریفی گوڵخانە) و (خەتی هومایۆن) ی بوو، کەلەڕاستی دا لەسەر بنەمای عەلمانیەت داڕێژرابوون و نێوەڕۆکێکی عەلمانیانەیان هەبوو .

خەتی شەریفی گوڵخانە-١٨٣٠ز، جەختی دەکردەوە لە:

*ڕێخستنەوەی ژیان و حورمەت ومالْك و ماڵی هاوڵاتیانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی بەچاوپۆشین لە بیرو باوەڕی ئایینی .

*یەکسانی لەماف و ئەرکەکان لەنێوان موسڵمان وناموسڵماندا. بەڵام لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا ئەم ڕیفۆرمانە قبوڵ نەکراو هەندێ لە خاڵەکانی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی دانراوە و ڕەشید پاشاشیان لەسەری تەکفیرکرد و بەدەستی ماسۆنیەتیان دایە قەڵەم .

خەتی هومایۆنی-١٨٦٥ز کەئەویش جەختی دەکردەوە لە:

*یەکسانی لەسەربازیکردنە لەنێوان موسڵمان و ناموسڵماندا .

*یەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو هاوڵاتیانی دەوڵەتدا، بەبێ گوێدانە ئاین و مەزهەبیان .

*پارێزگاریکردن لەماف و ئیمتیازاتەکان کە سەرۆکە ناموسڵمانەکان هەیانە .

*لەناوبردنی سیتمی........، بۆئەوەی هەموو هاوڵاتیانی خیلافەت مافی هاوڵاتیبوونی عوسمانی یەکسانیان هەبێت .

*مەسەلە مەدەنیەکانی تایبەت بە هاوڵاتیانی مەسیحی لە پسپۆڕی و تایبەتمەندی ئەنجومەنێکی دەبێت لەخەڵکان و پیاوانی ئاینی مەسیحی کە گەل خۆی هەڵی دەبژێرێت .

*کردنەوەی پەیمانگای فێرکردن و خوێندن لە بەردەم مەسیحیەکاندا، بۆئەوەی وەزیفەکانی دەڵەتیان لەبەردەمدا بکرێتەوە .

*ڕێگەدان بەبیانیەکان بەوەی مولکداریتی زەویان لەدەوڵەتی عوسمانی هەبێت، هەروەك سولتان بەلێن دەدات بەپشت بەستن بەسەرمایە و شارەزاییە ئەوروپیەکان بەئامانجی پەرەپێدانی ئابووری دەولەت.(٢٣٥)

زۆرێك لە برگەو خاڵەکانی نێو ئەم دوو بەیاننامەیەش پێچەوانەو دژبوون لەگەڵ بنەما سیاسییەکانی ئایینی ئیسلام، وەك سەرەتای دەرچوون لە ئیسلام و ترازان لە شەریعەتەکەی بوو، چوون ئایینی ئیسلام جگەلەوەی ڕێزی گشت مرۆڤەکان و ڕەنگ و ڕەگەزو زوبان و نەریت و ئاین و هەرمافێکی دی ئابوری و کۆمەلایەتی و کلتوری و مولکدارییە ئابووریەکانیان دەگرێت لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامی و حەلاو حەرامەکانی دا، وەلێ ڕێگا نادات هیچ جولەکەو مەسیحییەك یان هەر دیانێکی دی ببێتە گەورەو سەرداری موسلمانان و جلەوی کاروباریان بەدەستەوە بگرێت و فەرمانڕەواییان بکاو یاساو ڕێسایان بۆ دارێژیت، بەویستی خۆی حەرام و حەلاڵ بۆ خەلکی دیاری بکات .

## یەکەم سولتانی گۆڕانخوازی عوسمانی :

دەکرێت بلێین سولتان عەبدولمەجیدی یەکەم، یەکەمین سولتانی عوسمانی بوو کەسیفەتی فەرمی بەخۆرئاوایی کردنی بەسەر دەولەتی عوسمانی دا دابڕی و لەنێوان سالانی (١٨٥٤-١٨٥٦) فەرمانی فەرمی بۆ ئەو ڕیفۆرمانە دەرکرد کەلەسەر شێوازی کلتوری ئەوروپی بوون . ئەوماوەیەش پێی دەوترا سەردەمی ڕێکخستنەکان (**عهد التنضمات**) لە مێژووی دەولەتی عوسمانی دا، واتا ڕێکخستنی کاروباری دەولەتی عوسمانی بەگوێرەی میتۆدی خۆرئاوایی بەم دوو بەیانەش کە سولتان عەبدولمەجید دەری کرد واتا (مەرسومی خەتی شەریفی گولخانە و مەرسومی خەتی هومایۆنی)، کارکردن بەشەریعەتی ئیسلامی لە دەولەتی عوسمانی دا دوور خرایەوە و دەولەت دەستیکرد بە بەرپا کردنی دامەزراوەکان . دواجار ڕەشید پاشا کە سەرچاوەی هاتنە ئارای ئەم ڕیفۆرمانە بوو لە دەولەتی عوسمانی، لەپۆستەکەی لادراو کەنارگیر کرا،

---

(٢٣٥)عوسمانیەکان-کۆمەلێك نوسەر-ل٢٦٦ .

بەڵام نەبووە هۆی وەستانی بزوتنەوەی بەخۆرئاوایی کردن لەنێو دەوڵەتی عوسمانی، دواتر پاش چوار ساڵ بەهۆی پشتگیری کردنی ڕەشد پاشاوە جارێکی تر گەڕایەوەو پۆستی سەدری ئەعزەمی لەساڵی ١٨٤٦ز وەرگرتەوە تاوەکو ساڵی ١٨٥٨ز بەتەواوی کەنارگیر کرا، فاکتەرەکانی دامەزراندنی بزوتنەوەی چاکسازی و نوێبوونەوەو ڕێکخستنی عوسمانی ئەمانە بوون :

*فشاری ئەورووپی بەگشتی و فشاری بەریتانیا بە تایبەتی لەماوەی سەدەی (١٩)دا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت لەسەر ڕەوش و کاروباری نێوخۆی ئەو دەوڵەتە .

*قەناعەتکردنی دەوڵەتی عوسمانی و کاریگەربوونی هەندێ کەس لەدەوڵەتی عوسمانی بەرۆشنبیری و کەلتورو شارستانیەتی ئەورووپی ویستی ڕیفۆرمکردنی جیهازی دەوڵەتی عوسمانی و نوێکردنەوەی لەسەر بنەمای وەرگرتنی سیتمی ئەورووپی یان لێوەرگرتنی بەبێ دەستبردن بۆ ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی .

*لاوازی دەوڵەتی عوسمانی و شپرزەبوونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هاتنی سوڵتانە لاوازەکان بۆسەر تەختی دەسەڵاتی عوسمانی، هۆکارێکی تربوون کە هەندێ کەسی نێودەوڵەتی عوسمانی بیری لە ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی بکەنەوە، بەسود وەرگرتن لە کلتورو شارستانیەتی ئەورووپی و ڕیفۆرمکردن لە دەوڵەتی عوسمانی.(٢٣٦)

## بنەماو پرەنسیپە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی چاکسازی و نوێبوونەوەی عوسمانی:

*وەرگرتن لە ڕۆژئاواوە، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی سوپا و تەسلیمکردنی لە سیستمی فەرمانڕەوایی و کارگێڕی دا .

*ئاراستەکردنی کۆمەڵگای عوسمانی ڕووەو پێکهێنانی عەلمانیەت .

*ئاڕاستەکردن ڕووەو ناوەندیکردنی دەسەڵاتی ئەستەموڵ بەسەر ویلایەتەکاندا .

## لە گرنگترین و دیارترین تایبەتمەندیەکانی بزوتنەوەی چاکسازی ڕێکخستنی عوسمانی:

---

(٢٣٦)عوسمانیەکان-کۆمەڵێك نوسەر-ل٢٦٧-٢٦٨ .

*يەكەمين بەڵگەنامەی فەرمی بوو كە سەرچاوەكەی لەشەريعەتی ئيسلاميەوە وەرنەگرتبوو، بەڵكو پشتی بە سەرچاوەيەكی دانراو بەستبوو، بەجۆرێك لە ئەزمونی دەستووری ئەورووپيەكانی وەرگرتبوو، بەشێوەيەك ناوەرۆكی بەڵگەنامەكان، چەمكە خۆرئاواييەكانی تێدا بەكار هاتبوو، وەك (نيشتمان) كە خەتی شەريفی گوڵخانە لەبری (ئوممەت)بەكاری هێنابوو. ئەم حاڵەتەش بريتی بوو لە هەنگاونان بەرەو جياكردنەوەی ئاين لە دەسەڵات .

*مەسەلەی (بڕياردانی ئاسايشی تەواو)و(سەردەمی ئاسايش) و(ئەنجومەنی شورای نوێنەران)، يان ديارەدەكانی تری وەرگيراو لە ئەزمونی خۆرئاواييەوە، ڕێگەی دا بە سەپاندنی جۆرێك لە ڕەوايەتی بەسەر بەردەوامی تاكلايەنی بەسەر حاڵەتی گشتی لەلايەك، لەلايەكی تريشەوە ڕێگا كرايەوە بۆ چينی بازرگانە خۆرئاوييەكان و موژدەدەرەكان بۆلكاندنی كۆمەڵگەی عوسمانی بەياساكانی بازاڕ بەپێوەرەكانی فيكری موژدەدەرييەوە .

*هەردوو خەتی شەريفی گوڵخانەو هومايۆنی بەدەستوری مەدحەت پاشای ساڵی (١٨٧٦ز)، يەكەمجار بوو لەمێژووی دەوڵەتی ئيسلاميدا كەكار بە دەستورێكی وەرگيراو لە دەستوری فەرەنسی و بەلجيكی و سويسری بكرێت، كە بريتين لە دەستوری دانراوی عەلمانيەت.(٢٣٧) ئەم دوو بەياننامە گرنگترين پايەكانی دەوڵەتی عوسمانيان هەژاند كە بريتی بوو لە(ئايينی ئيسلام)، هاوكات بزوتنەوەی بەخۆرئاوايی كردنی پەرەپێداو ڕەوتی عەلمانيەتی لەنێو دەڵەتی عوسمانی دا بەرەو بەهێزی برد كە تازە لەسەرەتاو دەستپێكی گەڵاڵە بوونی دا بوو. ئەمەجگە لە واڵاكردنی دەستی كەمينە ديانەكانی جولەكەو مەسيحی بۆ دەستوەردان لە كاروباری دەوڵەت و خيلافەت، بەم هۆيەشەوە خۆرئاواخوازان و ديانەكان بەرێژەيەكی فرە خزانە نێو دامەزراوەكانی دەوڵەتی عوسمانی و بەتايبەت ناوەندە گرنگەكانی برياردانی .

دوابەدوای ئەم چەند هەنگاوەش دەسەڵاتی عوسمانی ڕووی لە لاوازی كرد، چوون خەڵكانی عەلمانی و مەسيحی و جولەكە خزانە نێو پلەو پايە باڵاكانی دەوڵەت و دزەيانكردە نێو ڕيزكانی سوپای عوسمانی،

---

(٢٣٧)عوسمانيەكان-كۆمەڵێك نووسەر-ل٢٦٩-٢٧٠ .

سەرەتای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و پەرتبوونی ئوممەتی ئیسلامی بەش بەشبوونی خاکی ئیسلامی دەرکەوت . چوون لێرەوە خۆرئاواخوازان بە کۆمەکی کەمینە دیانەکانی مەسیحی و جولەکە و بەپشتیوانی دەوڵەتانی ئەوروپی، دەستیانکرد پێکهێنانی گروپ و ڕێکخراو و پارتی عەلمانی و نەتەوەیی هەڵبەت بەچاولێکەری ئەوروپییەکان . لەسەرەتاوە بەنهێنی و دواتر بەئاشکرا دەستانکردە چالاکی کردن لەنێو خاکی عوسمانی .

سەرەتاوە بەنهێنی و دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەستیانکردە دژایەتی دەوڵەتی خیلافەت ئیسلامی عوسمانی . لیبڕاوانە کاریانکرد بۆ لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلامی و لەکارلادانی خەلیفەو هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت، ئەمەش بەپیلان کۆششی هەمەلانەی سیاسی و سەربازی بەسودوەرگرتن لە پڕوپاگەندەو چەواشەکاری . بەمشێوەیە توانای نێوخویی و دەرەکیان یەکخست و هەڵمەتەکەیان دەستپێکرد .

یەکەمین ڕێکخراوی عەلمانی کەدامەزرا، گروپی (ترکیا الفتات)، یان (تورکیای لاو)بوو، گرنگترین کۆمەڵی نهێنی بوو کە تورکەکان دایانمەزراند بۆ بەگژاچوونی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی . لەساڵی ١٨٦٥ز دامەزرا، کاریگەرییەکی بەهێزی هەبوو لە ڕوخاندنی دەوڵەتی عوسمانی دا، لە یەکەم کۆبوونەوەیدا، شاعیر نامیق کەمال و ئایەتوڵڵا بەگ ئامادەبوون، لەو کۆبونەوەیەدا هەندێ کتێبیان بردبوو کە لەبارەی بیری (کاربۆناری ئیتالی)یەوە، چالاکی ئەم کۆمەڵەیە بۆ ئەورووپا گوازرایەوە، دوای ئەوەی لەدەوڵەتی عوسمانی دوورخرانەوە، هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکەش لە (٢٤٥) ئەندام تێنەدەپەڕی، زۆربەشیان لە ڕۆشنبیرانی تورک بوون.(٢٣٨) ساڵی ١٨٩٥ ئۆپۆزسیۆنێك، کەلە ئەورووپا لەژێر ناوی (تورکە گەنجەکان) ناسرا، خەریکبوو دروست دەبوو. ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەماوەی پتر لە دوو دەیەی ساڵدا، زیاتر بزوتنەوەیەکی پارچە پارچەی فرە دەستە دیار بوو زیاتر لەوەی مەترسییەکی ڕاستەقینەبێ بۆسەر کۆشك.(٢٣٩)

## سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵەی تورکیای لاو :

---

(٢٣٨)مستەفا کمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٥٥-٥٦ .

(٢٣٩)مێژوی تورکیای هاوچەرخ-حەمید بۆز ئەرسەلان-ل٢٣ .

هەندێ لە لێکۆڵەران سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵەی تورکیای لاو بۆ سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز دەگێڕنەوە، لەسەردەمی ئەودا کۆمەڵێکی بچوك پەیدا بوو، لەوکەسانە پێکهاتبوو کەپێیان دەگوتن (ئازادیخوازەکان) کە کەوتبوون ژێر کاریگەری بیرو ڕای ڕۆژئاواییەوە . ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٦٤ز دا گۆڤارێکیان لە لەندەن بەناوی (حریە-ئازادی) دەرکرد . چەند کەسایەتیەکی ناوداریان لەگەڵدا بوو وەکو: نامیق کەمال، شاعیری گەورەی تورك. کەلە ساڵی ١٨٤٠ز لە(ڕودستو) لەدایك بووە، زمانی فارسی خوێندووە، لەگەنجێتیدا بیرمەندی (تورك ئیبراهیم شیناسی) کاری کردبووە سەر بیروباوەڕی . دواجار نامیق دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (تصویر افکار)، لە ساڵی ١٨٦٥ز بووە بە بەرپرسی گۆڤارەکە وەکو نوسەر و سیاسەتمەدار ناوبانگی دەرچوو، گەلێ بەرهەمی هەیە، لەساڵی ١٨٨٨ز لە دورگەی (خیوس)کۆچی دوای کرد. یەکێك بووە لەوانەی لە دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وەستایەوە، یەکێکی دیکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە (زیاد پاشا)بووە، لە ساڵی ١٨٢٥ز لەدایك بووە و بە تورکی و فارسی شیعری نوسیوە، لەساڵی ١٨٦٩ز چووەتە ئەورووپا، لەگەڵ (عەبدوڵڵا جەودەت)دا، ڕۆژنامەی (هەواڵ)و(ئازادی)یان دەرکردووە، لەبەرهەمەکانی (زەفەر نامە)، لەساڵی ١٨٨٠ز لە ئەدەنە کۆچی دوایی کردووە. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە یاداشتەکانی دا سەبارەت بە کۆمەڵی (تورکیای لاو) دەڵێ: (ئەوانە ناوی خۆیان ناوە تورکیای لاو، لە بنەڕەتدا سێ کەس یان پێنج کەس بوون، ئەوانە ساڵانێك لە ئەورووپا دژی من کاریان دەکرد، قسەیان دەکرد، پلانیان دادەنا، دەیاننوسی، بێ ئەوەی بیربکەنەوە کە کارکردن دژی من کارکردنە دژی نیشتمان . ئەو ڕۆژنامانەی لەوێدا دەریان دەکرد، بەدزییەوە دەگەیشتە وڵات لە ڕێگای پۆستە بیانیەکانەوە، بەهۆی ئەوانیشەوە بڵاو دەکرانەوە. ساڵانێك تێپەڕی بەڵام کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، کارگەلێك نەبوون لەبیرکردنەوەیەکی گرنگ و ڕاستەوە هەڵقوڵابێ.[240] ئەم ڕێکخراوەیە یەکەمین گروپی سیاسی دیاری نێو دەوڵەتی عوسمانی بوو کەلەسەر بنەمای خۆرئاوایی دامەزرا . بنەمای بیرکردنەوەیان، ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی تۆرانی بوو، کە پشتی بە ڕۆشنبیران دەبەست و داوای ئازادی و سیستمی دەستوری و دادپەروەری دەکرد،

---

(٢٤٠)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٥٦ .

لەگەڵ لابردنی سیستمی شاهانەیی لە تورکیا و لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، بە بەگژاچوونی ئایینی ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی.(٢٤١)

بەرهەڵستکاران بەڕوویەکی سەرەکی لە پاریس یان لە شارەکانی تری ئەورووپی و تەنانەت هەتا لە (میسر)یش بوون و وێڕای ئەو شەیدابیەی کەلەناو ڕیزەکانی ئەنتێلگێنسیای سەربازی و مەدەنیدا هەیانبووکەچی هەرتەنیا بواری پەراوێزێکی مانۆڕی بەرتەسکیان لەناوەوەی ئیمپراتۆریادا هەبوو. زۆرینەی گەنجە تورکەکان عوسمانی موسڵمان بوون، بەڵام هەندێکیان مەسیحی و جولەکە و یان هێشتا موسڵمانی ڕوسی بوون، جائەگەر دروشمیان (سەربەستی و دەستوور)بوو کەچی کەمتر لەوە ئیلهامیان لە ڕەوتە هەمە چەشنەکانی بیرو باوەڕەکانی ئەورووپی وەرنەدەگرت، لە بیروباوەڕی هەرە کۆنە پارێز تا هەرە شۆڕشگێڕیان . لەکاتێکدا هەندێکیان خوازیاری نوێکردنەوەی ئیپمراتۆریابوون، کەچی هەندێکی تریان هیواخوازی شۆڕشێك بوون وەك (ئاهەنگی خوێنین، هەروەها هەندێك جار دەیانتوانی خۆیان لەگەڵ زیاتر لەیەك ڕەوتی بەناوبانگ لە پایتەختی فەڕەنسا بناسنەوە)، لە ئەورووپا، لەدەستپێکی سەدەی بیستەم بەگوێرەی گێڕانەوەی قۆشمەجاڕی یەحیا کەمال-گەنجە تورکەکان بەسەرسامییەوە گوێیان لە ئاخاوتنی سیاسەتمەداری ڕیفۆرمخوازی فەرەنسی (ژان ژووریۆ) دەگرت ، پاشان بەچاوی پڕ فرمێسکاوییەوەبەشوێن کاروانی ئەندامانی ئاکسیۆنی فرەنسی دەکەوتن، ڕۆژێکی چەپڵەیان بۆ پاشایەتی لێ دەدا.(٢٤٢) ئەم ڕەوشە هەروا درێژەی کێشاو گروپ و ڕێکخراوە ڕۆژئاواخوازەکانیش ڕۆژ دوای ڕۆژ کارو چالاکیەکانیان چڕتر دەکردەوە، چ لەنێو خۆی دەوڵەتی عوسمانی و چ لە ڕۆژئاواش دا .

## عوسمانیەکان ڕووبەڕووی زنجیرەیەك جەنگی نوێ دەبنەوە :

لە دوای ساڵانی ١٨٥٠ز، عەسمانیەکان ڕووبەڕووی زنجیرەیەك جەنگی نوێ بوونەوەو بەشێکی فراوانی قەڵەمڕەوەکەیان لەدەست دا،

---

(٢٤١)هەمانسەرچاوە-ل٥٦-٥٧-٥٨ .

(٢٤٢)مێژووی تورکیای هاوچەرخ-حەمید بۆز ئەرسەلان-ل٢٣-٢٤ .

ئەوەش لە پاش لاوازی زیاتری ئەو دەسەڵاتە و بەهێزتربوونی خەنیمە ئەوروپییەکانی لەلایەك، پەرەسەندنی بزاڤی خۆرئاواخوازانی عەلمانی و تەشەنەسەندنی بیری نەتەوایەتی لەهەرێمەکانی عوسمانی لەلایەکی دی، ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕە نوێیەو شوێندانانەکانی بەتایبەت لەهەرێمەکانی بەلقان و شام و میسردا دەرکەوت .

لەوجەنگانەی کە ڕووبەڕووی عوسمانیەکان بوویەوە :

جەنگی قرم بوو، لەنێوان ڕوسیا و دەڵەتی عوسمانی لە ڕۆژی ٢٨/٣/١٨٥٦ز ڕووی داو تاکو ساڵی ١٨٥٦ز بەردەوام بوو، هەریەکە لە بەریتانیاو فەرەنسا چوونە نێو جەنگەکەوە لە تەنیشتی دەوڵەتی عوسمانیەوە لە ساڵی ١٨٥٦ز کە ئەوکات توشی لاوازی هاتبوو.(٢٤٣) هۆی بەرپابونی:

*بێ هێزبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی دەوڵەتی عوسمانی .

*دەرکەوتنی چەند نەتەوەیەکی مەسیحی لەنیوە دوورگەی بەلقاندا .

*ئەم دوو خاڵەی سەرەوە پێکەوە کاریگەریان دانا لەسەر دەوڵەتە گەورەکان .

دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕی قرم ڕزگاری بوو لەحاڵێکی پەشۆکاویدا بوو هەرچەندە شەڕەکە لەبەرژەوەندی ئەودابوو لەقۆناغی یەکەم دا، ئەویش کەم نەبوونەوەی ویلایەتەکانی و سوودلێوەرگرتنیان بۆماوەیەکی تر و بەردەوام بوون بوو لە ژیان، بەڵام لەڕاستی دا شەڕ لەبەرژەوەندی دەوڵەتە چالاکەکان تەواو بوو، دەوڵەتی عوسمانیش وەکو ئەڵقەی پەنجەی ئەو وڵاتانەی لێهات و بەئارەزووی خۆیان هەڵیان دەسوڕاند و فێڵ وتەڵەکەیان لێدەکرد بەمەبەستی لاوازکردنی، لەحاڵکدا ئەو خەریکی ڕێکخستنەوەی کاروباری نێوخۆی بوو.(٢٤٤) پاش جەنگی قرم، عوسمانیەکان جارێکی دیکە و هەر لەلایەن ڕوسەکانەوە ڕووبەڕووی جەنگێکی نوێ کرانەوە لە ساڵی ١٨٧٧ز دا .

---

(٢٤٣)عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٤٤٧

(٢٤٤) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٤٤٧-٤٧٠ .

جەنگی ڕوسی و عوسمانی ١٨٧٧ز : لەڕۆژی تشرینی دووەمی ١٨٧٦ز لۆرد دری وەزیری دەرەوەی بەریتانیا داوایەکی ئاراستەی وڵاتان کرد کە کۆنگرەیەك لە ئەستەمبوڵ ببەسترێ بۆ چاککردنی باری ژیانی هاوڵاتیانی مەسیحی لە دەوڵەتی عوسمانی داو بۆ دوورکەوتنەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ڕوسیاو عوسمانی، بە دانانی هەندێ مەجی جێگیر ئەگەر بێتو دەوڵەتە گەورەکان ڕەزامەندی لەسەر دەرببڕن، ئەوانیش:

*سەربەخۆیی و پاراستنی سەروەری دەوڵەتی عوسمانی .

*ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ سربەکان بەخێرایی و گێڕانەوەی بارودۆخەکان لە سربیاو چیای ڕەش بۆ پێش شەڕ .

*بۆسنە و هەرسك و بولگاریا سەربەخۆیی ئیداری وەربگرن . دەوڵەتانی ئەوروپی بەساردی پێشوازیان لەو مەرجانە کرد، بەتایبەت ڕوسیا کە ناچاربوو لەژێر فشاری بەریتانیا بەو مەرجانە ڕازی بێت، بەڵام قەیسەری ڕوسیا هۆشیاری دا ئەگەر کۆنگرەکە سەرکەتو نەبێت ئەوە پەنا بۆ هێز دەبات . بۆ ئەوەی هەڵوێستەکەی پشتڕاست بکاتەوە، لە وتارێکیداو لە(١٢تشرینی دووەم)، باسی ئازایەتی سربەکانی کرد لەبەرانبەر عوسمانی دا،

فەرمانی بە سوپادا کەلە حاڵی ئامادەباشی دا بن لەسەر شورەکان، بۆیە دەوڵەتانی ئەورووپی هەستیان کرد کە ڕوسیا توندە لە هەڵوێستەکانی داو شەڕ نزیکە دەست پێ بکات بۆیە ڕەزامەندی خۆیان لەسەر کۆنگرە دەربڕی. لە(٢٣ی کانوونی یەکەم)دا نوێنەرانی پروسیاو بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو ئەڵمانیاو ڕوسیاو نەمسا لەسەرای (جربە)کۆبوونەوە بەسەرۆکایەتی سەفوەت پاشای وەزیری دەرەوی عوسمانی، بەشداربوان هەموو ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کە کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکرێن و پارێزگاری بکرێت لە سەلامەتی خاکی عوسمانی، پێش کۆنگرەکە چەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتایی ئەنجام درا لە باڵۆێزخانەی ڕوسیا لە ئەستەمبوڵ لە ڕۆژەکانی (١١-١٢ کانوونی دووەم)بەبێ بانگهێشت کردنی نوێنەری عوسمانی، لەم کۆبونەوەیەداچەند ڕێ و شوێنێك باسکرا کەلە کۆنگرەکەدا پێشنیار بکرێن، لەوانە:

*دابەشکردنی بولگاریا بۆ دوو ولایەت بۆ هەر ولایەتێك فەرمانڕەوایەکی مەسیحی دابنرێت و هەندێ سەربازخانەی عوسمانی لە هەندێ لە شارەکا بمێننەوە .

*پێکهێنانی هێزێك لە مەسیحیەکان بۆ پاراستنی ئاسایش بەو مەرجەی ئەفسەرەکانی مەسیحی و موسڵمان بن کە دەوڵەتی عوسمانی دایان دەمەزرێنێت .

*پێکهێنانی لیژنەیەکی دەوڵەتی بۆ ماوەی ساڵێك بۆ چاودێری جێ بەجێکردنی چاکسازی کەلە لائیحەی (کوند ئەنەسی)دا هاتووە .

*یەکگرتنی هەردوو ولایەتی بۆسنەو هەرسك، لەلایەن (بابی عالی)ەوە والیەکی بۆ دابنرێت کە دەوڵەتانی ئەورووپی دەبێ پێی ڕازی بن، فەرمانڕەوایش وەکو بولگاریا دەبێت .

*دەوڵەتی عوسمانی دوای ئاشتەوایی لەگەڵ سرب و چیایی ڕەش، واز لە هەندێ زەوی دەهێنێت بۆیان .

*ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی بەو مەرجانە ڕازی نەبێت ئەوا بەشداربوانی کۆنگرەکە ئەستەمبوڵ بەجێ دەهێڵن و پێوەندی یەکانیان لەگەڵ (بابی عالی) دەپچڕێنن. دەوڵەتی عوسمانی سەیری بەندەکانی ئەو کۆنگرەیەی کرد کە مافی پێشێل کراوە و سەروەری لەکەدار کراوە، بۆیە دەیویست ڕەتیان بکاتەوە .

ڕوسیا پێش ئەوەی کۆنگرەکە کۆتایی بێت دەیزانی کە کۆنگرەی ئەستەمبوڵ هیچ ئەنجامێکی نابێت، بۆیە دەستی بە ئامادەکاری شەڕکرد لە هەردوو بواری سەربازی و دبلوماسیدا، یەکەم هەنگاوی دبلوماسیش بەستنی پەیمانێك بوو لەگەڵ نەمسا لە ڕۆژی (١٥ی کانونی دووەمی ١٨٧٧)دا، هەردوولا ڕێککەتن لەسەر ڕێکخستنی کاروباریی بەلقان . ڕێگە درا بە نەمسا بۆسنەو هەرسك بلکێنێت بەخاکی خۆیەوە لەبەرانبەر ئەوەدا نەمسا لە شەڕەکەدا بێلایەن بێت، ڕوسیاش دەست بەسەر بسارابیادا بگرێت . هێزەکانیش نەچنە ڕۆمانیا، دەوڵەتی سلاڤی گەورەش لە بەلقان درووست نەبێت، لەکاتی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی ئەستەمبوڵ شارێکی سەربەخۆ بێت، بەڵام ئەفسەرە گەورەکان بۆچونێکی دیکەیان هەبوو، هەتا خۆیان دەگەیاندە ناو قوڵایی خاکی عوسمانی، دەبێ سوپاکەیان بەناو خاکی ڕۆمانیادا تێ پەڕێ، بۆیە ڕوسیا ناچار بوو

پەیمانێك لەگەڵ ڕۆمانیا ببەستێت لە (١٦ی نیسان)دا ئەمەش پێچەوانەی ئەو پەیمانە بوو لەگەڵ نەمسا مۆری کردبوو کە ڕێگە بە هێزی ڕوسیا بدات بەناو خاکی ڕۆمانیادا تێپەڕێت .

ڕۆمانیا پەیمانی دا کەبەشداری شەربکات لەبەرانبەر ڕێزگرتنی ڕوسیا بۆ سەربەخۆیی ڕۆمانیا لەکاتێکیدا لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا بوو . دوایی ڕوسیا بەرەو دەوڵەتانی ئەورووپا جوڵا . ئەجناتیر وەکو مەندوبی خۆی نارده پایتەختی ئەو وڵاتانە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ناوچەی بەلقان . لێرەدا هەندێ بۆچوون هەبوو کە بەریتانیا پشتیوانی لە دەوڵەتی عوسمانی دەکات دژی ڕوسیا وەکو لەشەڕی قرم دا ڕوویدا. بەڵام دۆخەکە گۆڕابوو لە بەرژەوەندی ڕوسیادا بوو . ئەجناتیر هەوڵی خۆی لە لەندەن چڕکردەوەو توانی کۆنگرەیەك لە لەندەن پێك بهێنێت، لە(٣١ی ئازاری ١٨٧٧)دا دەوڵەتانی بەشداربووی کۆنگرەی پاریسی(١٨٥٦ز) ئامادەبوون. لەبەشداربووانی ئەو کۆنگرەیە شتێك دەرچوو بەناوی (پرۆتۆکۆلی لەندەن) کە هۆشیاری یەك بوو لە کۆمەڵی دەوڵەتانەوە بۆ (بابی عالی)، داوایان لێکرد هەستێت بەگرتنەبەری ڕێ و شوێنی تازە بۆ باشکردنی ژیانی مەسیحییانی ناوخاکی عوسمانی . ئەنجامدانی چاکسازی لە بۆسنەو هەرسك و بولگاریادا، گرێدانی ئاشتی لەگەڵ چیای ڕەشدا بە بەخشینی ئەو ناوچانەی داوایان دەکات، دوپاتکردنەوەی ئەوپەیمانی ئاشتەواییەش کە لەگەڵ سڕبیا ئەنجامی دابوو. ئەنجامدانی چاکسازی لەو دوو ناوچەیەش بەشێوەیەك دانیشتوانی ڕازی بکات، کەمکردنەوەی هێزەکانی عوسمانی لەو دوو ناوچەیەدا بەو مەرجەی دەوڵەتانی ئەورووپا چاودێری ئەوکارانە بکەن لەڕێگای باڵوێزەکانی وڵاتانی ئەورووپییەوە، کاتێك ئەو داوایە گەیشتە سوڵتان، پێشانی ئەنجومەنی (مبعوپان)ی دا لە ڕۆژی (٩ی نیسان)دا. ئەو ئەنجومەنە ڕەتیان کردەوە .

لەوکاتەدا (بابی عالی) لە یازدەی هەمان مانگدا بڕیاری ڕەتکردنەوەکەی گەیاندە وڵاتانی ئەورووپی . بەم جۆرە شەڕ نزیکی هەڵگیرسان بوو . ڕوسیا دوای ئەوەی داواکەی ڕەتکرایەوە لە ڕاگەیاندنی شەڕ دژی عوسمانیەکان دریغی نەکرد بۆیە لە(٢٤ی نیسانی ١٨٧٧)دا هێزەکانی ڕوسیا لە خاکی ڕۆمانیاوە بەرەو ڕووباری دانوب بەڕێ کەوتن، تا لەو ڕووبارە پەڕینەوەو چونە ناوخاکی عوسمانی . دەڵەتی عوسمانی ئەو کارەی ڕۆمانیای بە یاخی بوون لەقەڵەم دا، بۆیە فەرمانی دا بە هێزی دەریایی لە ڕووباری دانووب تۆپبارانی کەنارەکانی ڕۆمانیا بکات،

ڕۆمانیاش لە کاردانەوەی ئەمەدا سەربەخۆیی خۆی لە(١٤ی ئایاری ١٨٧٧)دا ڕاگەیاندو بەشداری شەڕی کرد لەگەڵ ڕوسیا لە دژی دەوڵەتی عوسمانی . ئەو هێزەی هاوپەیمانان لە ڕۆژی (٢٧ی حوزەیران)دا لە ڕووباری دانوب پەڕینەوە . ڕوسیا بە پەڕینەوەی لە ڕوباری دانوب گرفتێکی گەورەی لەکۆڵ بوەوە. بۆیە نەخشەی دەکێشا بۆ ڕزگاربوون لە گرفتی دووەم کە ئەویش شاخەکانی بەلقان بوو . بەخت یاوەری بوو چیای ڕەشیش هاتە ناو ئەو هاوپەیمانییەوە، ئەمەش پاڵی بەدەوڵەتی عوسمانییەوە نا کە هەندێك لە هێزەکانی بکێشێتەوە بۆ بەربەرەکانێی چیای ڕەش . بەمەش بەرەی دانوب بێ هێز بوو، سربەکانیش لە کۆتایدا هاتنە ناو شەڕەکە، بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانی بەتەنیا لەڕووی کۆمەڵێ دەوڵەتی مەسیحی ڕاوەستابوو کە بریتی بوون لە ڕوسیاو چیای رەش و سربیا سەرەڕای هاوڵاتیانی مەسیحی لە ناو خاکی بەلقان دا . ئەم شەڕە سیمایەکی خاچ پەرستانەی هەبوو، هەر لەیەکەم ڕۆژی هەڵگیرسانییەوە، هاوپەیمانان بەئەنقەست ناو شارو گەڕەکە موسڵمان نشینەکانیان بۆمباران دەکرد ....

لە(٢٤ی ئایار)دا سوپای ڕوسیا سەرکەوتنی خێرای بەدەستهێنا، دەستی گرت بەسەر ترنوڤۆ نیقوبولی و تەنگە ئاویەکانی بەلقان لەسەر ڕێڕەوی تەنگەی شبیگای بەناوبانگ هەڵکەوتو لە ناوەڕاستی بولگاریا . پێشڕەوی سوپای ڕوسی درێژەی هەبوو هەتا شاری بلغەن کە شارێکی ستراتیژی بوو. سوپای ڕوسی بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ، سوپایەکی وانەبوو بەرگری کات، مانگی کانوونی دووەمی ساڵی(١٨٧٨ز) نزیك تەواو بوون بوو کە سکوبلییڤ ئازاترین فەرماندەی ڕوس ڕێگای خۆی بەرەو ئەدرنە بڕی لە بیست و هەشتی مانگ دا شارەکەی داگیر کرد . سوپای عوسمانیش لە پاشەکشەدا بوو لەهەموو لایەکەوە، یۆنانیەکانیش لەو کاتە ناهەموارەدا جەنگیان ڕاگەیاندو ئەبیروس و تراقیایان لە مانگی شوباتی ساڵی (١٨٧٨ز)دا داگیر کرد، دانیشتوانی مەسیحی کریتیش ڕاپەڕین . هێزەکانی ڕوسیا لە ئەستەنبوڵ نزیك دەبوونەوە، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٨٧٨ز)دا لەسەر دوانگەکانی ئەستەنبوڵ و لەسەر منارەی مزگەوتەکانەوە سەربازانی ڕوسی دەبینران، هەموکاتێك بۆی هەبوو سوپای ڕوسی پایتەخت داگیر بکات . سوڵتان داوای ئاگربڕی کرد لە ڕۆژی(٣١ی کانوونی دووەم)دا لەسەر ئەم خاڵانە ئاگربەست کرا:

*سەربەخۆیی سڕبیاو ڕۆمانیاو چیایی ڕەش .

*دەوڵەت واز لە هەندێ خاکی خوی دێنێت بۆ ڕوسیا .

*بولگاریا سەربەخۆیی ئیداری هەبێت .

*ئیدارە لە بۆسنەو هەرسك سەربەخۆ بێت .

*زیانەکانی شەڕ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە قەرەبوو بکرێنەوە . بەمشێوەیەو بەپێی پەیمانی سان ستیڤانۆی ١٨٧٨ کەلە ئەدرنە و لەنێوان ڕوس و عوسمانی بەسترا،

تیایدا ڕوسیا بەشێکی فراوانی خاکی عوسمانی داگیرکردوو ناچاریشی کردر ڕەزامەندبێت بەسەر بەخۆیی هەندێك هەرێمی دی لەگەڵ سەپاندنی کۆمەڵێك مەرجی قورسی سەربازی دی دا.(٢٤٥) پاش چەند سالێك و لە کۆنگرەی بەرلین(١٨٨٧)، دەوڵەتە گەورەکانی خۆرئاوا چاویان بەم پەیمانەش دا خشاندنەوەو هەندێ مەرجی قورسی دیان بەسەر دەوڵەتی عوسمانی دا سەپان و بەشێکی دیان لە خاکەکەی داگیرکردو زیاتر دەسەڵاتەکەشیان لاوازکرد، هەروەك چەند دەقێکی شەریعەتی ئیسلامیان پێ لەکارخست، لەوانیش هاوتاکردنی شایەتی دانی موسڵمان و کافر، دوای ئەم شکستە گەورەیەی عوسمانیەکان و بەرتەسك بونەوەیی مەودای دەسەڵاتیان ئەوەش بەلەدەست دانی ژمارەیەك لە ولایەتەکانی، دەسەڵاتی هەریەك لە دەوڵەتانی خۆرئاوا واتا (ڕوسیا و فەرەنسا و بەریتانیا وئەڵمانیا) ڕویان لە بەهێزی کرد، هێدی هێدی هەژمونیان کرد بەسەر هەندێ لە هەرێمەکانی عوسمانی و ڕوبەرە ئاوی و گەروە ستراتیژیەکانی دا، هەروەك بەپاساوی پارێزگاریکردنی مافی کەمینە ئایینیەکانی (مەسیحی و جولەکە) کەمایەتیە نەتەوەییەکانی وەك (ئەرمەن و یۆنان و بولگار و....هتد) هەرچی زیاتر دەستیان دەکێشایە نێو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی، بۆ ئەمەش هەروەك سرب و ڕۆمان و چیای ڕەش کەوتنە هاندانی کەمایەتیان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی. ئیدی دەسەڵاتی مەرکەزی خیلافەت نەك لەهەمبەر هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵکو لەبەرامبەر قەیرانە نێو خۆییەکانیش کەوتە دۆخێی گرفتارییەوە،

---

(٢٤٥) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٥٠٨-٥١٦ .

دەوڵەتانی خۆرئاوا ڕۆژ دوای ڕۆژ هەوڵی زیاتری دەستبەسەرداگرتنی خاکی عوسمانیان دەدا، بەم هۆیەوە عوسمانیەکان ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی فراوانی داگیرکاری نوێ بوونەوەو تیایدا بەشێکی فراوانی ولایەتەکانیان لەدەست دا. (قوبرس لەلایەن بریتانیاوە داگیرکرا لە"١٤ی حوزەیرانی ١٨٧٨، تونس لەلایەن فەڕەنساوە لە ١٨٨١، میسر لەلایەن بەریتانیاوە لە ١٨٨٢. هاوکات بەهیزبوونی ڕەتی خۆرئاواخوازی و عەلمانی و نەتەوەیی دەوڵەتی عوسمانیان خستە ژێر گوشاری تووندو ناچاریانکرد بە ملدان بۆ جێبەجێکردنی داواکانی ئەم گروپانە .

## دانانی دەستوری شێوە خۆرئاوایی :

یەکەم هەنگاو کە دەوڵەتی عوسمانی لەم بوارەدا نای، دانانی دەستورێکی شێوە خۆرئاوایی بوو . دەستورەکە لەیەکەم کردنەوەی کۆنگرەی ئەستەمبوڵ لە بیست و سێی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ز لەنێو ئاگری تۆپەکان ڕاگەیەنراو ناوی (مەرجدارکردنی یەکەم)ی لێنرا، ئەمەش لەبەر کۆتو بەندکردنی دەسەڵاتی ڕەهای سوڵتان بەسنورێك کە دەستورەکە دیاری دەکرد، هەروەك لەهەندێ لە دیکۆمێنتەکانی عوسمانی بە (یاسای بنچینەیی) ناوی هاتووە.(٢٤٦) پەرلەمانی نوێ لە سێزدەی مانگی کانونی ساڵی ١٨٧٧ز و لەکاتێکی سەخت و دژواردا کرایەوە کە شکستەکانی بەلقان دروستی کردبوو.(٢٤٧)

لە سێزدەی مانگی شوباتی ١٨٧٨ز دا قەیرانی نێوان سوڵتان و ئەنجومەنی نوێنەران گەیشتە خاڵێکی ئەوتۆ کە گەڕانەوی بۆ نەبوو، جا لە چواردەی مانگی شوباتی ١٨٧٨ز فەرمانێکی دەرکرد کە کۆبونەوەکان ڕابگیرێت و کەوتە ڕاوەدوونانی ئەندامەکانی و فەرمانی بەدوور خستنەوەی ژمارەیەکیانی کرد.(٢٤٨) پاش لێدانی خۆرئاواخوازەکان و سەرانیان، دەسەڵاتی سوڵتان گەڕایەوە دۆخی پێشوی، تێکڕای دەستورو یاسا خۆرئاواییەکان لەکارخران و وەلاوە نران . بەڵام ئەم هەنگاوە جەربەزانەی سوڵتان لە درەنگ وەختا بوو،

---

(٢٤٦) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٥٨٦ .

(٢٤٧)هەمان سەرچاوە-ل٥٩٣ .

(٢٤٨) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش -ل٥٩٣-٥٩٤ .

چوون ئەو ڕەوت و بزافە خۆرئاوایانە لە کۆمەڵگای عوسمانی دا بنجیان کوتابوو، بیروباوەڕە عەلمانی و نەتەوەییەکانیان لەنێو بیرو هزری زۆرێك لە خوێندەواراندا ڕەگاژۆ ببوو.

لەدوای دامەزراندنەوەی سوپا لەسەر شێوەی خۆرئاوایی، ئیدی زۆرێك لە ئەندامانی ئەو گروپانە دزەیان کردە نێو ڕیزەکانی سوپای عوسمانییەوە، بەتایبەت دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی ڕوسی١٨٧٧ز و ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕی سەربازی لە ڕیزەکانی سوپادا، بەتایبەت لە نێو هێزەکانی بەلقان دا .

پاش یاساغکردنی کاروچالاکیەکانی خۆرئاواخواز و عەلمانی و نەتەوەییەکان و لەکار خستنی دەستورو هەڵوەشاندنەوەی پارلەمان، هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراوانە دووبارە لەنێو ڕیزەکانی سوپای عوسمانی دا خۆیان ڕێکخستەوەو ڕێکخراوەیەکیان دامەزراند بەنێوی (ترکیا الفتات) بەئامانجی لەنێوبردنی سوڵتان و لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلامی و دارماندنی خیلافەت .

## ڕاگەیاندنی گروپی تورکیای لاو :

ساڵی ١٨٨٩ز، کۆمەڵێ قوتابی قوتابخانەی سەربازی لە ئاستان ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕیان دامەزراند، کە ئامانجی لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید.(٢٤٩) ئیبراهیم تیمۆ بەیەکەمین دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە عەلمانییە دادەنرێت، تیمۆ چووە قەتابخانەی پزیشکی، یەکەم شانەی سەربازی لە قوتابییە سەربازەکان دامەزراند کەسێ کەس بوون : ئیسحاق سکوتی، محەمەد ڕەشید چەرکەسی، عەبدوڵڵا جەودەت.(٢٥٠)

ئیبراهیم تیمۆ: لەمارتی ساڵی ١٨٦٥ز لە (سترۆغا) لەدایك بووە کە دەکەوێتە نزیکی یوگسلافیا لە ئەلبانیا، لە شارەکەی خۆی خوێندویەتی، دواجار هاتۆتە ئەستەمبوڵ و چووەتە قەتابخانەی پزیشکی سەربازی لەساڵی ١٨٨٦ز، دوای دوو ساڵ خوێندن، ئەوجا لە کۆلێجی پزیشکی سەربازی وەرگیراوە لەساڵی ١٨٩٥ز دا بووە بە پزیشکی چاو و لەساڵی ١٨٩٣دا

---

(٢٤٩)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٥٧ .

(٢٥٠) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٥٧ .

بۆ ڕۆمانیا، هەڵات، لەوێدا و لە ساڵی ١٨٩٥ز گۆڤاری (دەنگی میللەت)ی دەرکردووە . ساڵی ١٩٠٨ کە دەستوری عوسمانی دەچوو، بۆ ئەستەمبوڵ گەڕایەوە،(حزبی عوسمانی دیموکرات)ی دامەزراند، لە (مەجیدیە) و لە ڕۆمانیا لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٤٥ز کۆچی دوایی کرد.(٢٥١)

ئیسحاق سکوتی: کورد بو کێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ترکیا الفتات)، سالی ١٨٩٥ حکومەتی عوسمانی دەستگیری کردو بۆ (ڕۆدس) دووری خستەوە. بەڵام توانی لەوێوە بۆ پاریس هەڵابێت و لەگەڵ عەبدوڵڵا جەودەت ڕۆژنامەیەکی نوێیان بۆ تورکە لاوەکان لە جنێف دامەزراند بەناوی (عوسمانلی)یەوە . دواجار بە پزیشکی سەربازی لە باڵیۆزخانەی عوسمانی دامەزرێنرا لە ڕۆما لە ساڵی ١٩٠٠ز دا .

عەبدوڵڵا جەودەت: لە عەرەبگیر، لە ساڵی ١٨٦٩ز لە دایك بووە، دەرچووی قوتابخانەی پزیشکی سەربازی بوو، لە ساڵی ١٨٩٢ بۆ لیبیا دوور خرایەوە بەهۆی چالاکی نهێنییەوە، لە ساڵی ١٨٩٧ بۆ ئەورووپا هەڵات، لە جنێف گۆڤارە بەناو بانگەکەی (إجتهاد) دەکرد، بیروباوەڕی خوانەناسی هەبوو، لە ٢٨تشرینی دووەمی ١٩٣٢ز کۆچی دوایی کرد.(٢٥٢) هەروەها محمد ڕەشید چەرکەسیش یەکێکی دی بوو لە دامەزرێنەرە یەکەمینەکانی (تورکیای لاو) .

ئەو چوارکەسە بوونە بناغە دانەری ڕێکخراوەکە، زۆری نەخایاند قوتابیانی دیکە بەشدار بوون، دوای ماوەیەکی کەم -شەرەفەدین مەغمومی و شەفیق کریتلی و جەودەت عوسمان و کریم سیاتی و سەبری مەلەکی و دکتۆر نازم سلانیکی-کەلە سلانیك ساڵی ١٨٧٠ لەدایك بووە، مستەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢٦ز ئیعدامی کرد-هاتنە ناو ڕێکخراوەکەوە . ئەم جوڵانەوەیە لە قوتابخانەی پزیشکی بڵاو بووەوە . دواتر ڕێکخستنەکانی گەیشتنە قوتابخانە باڵاکانی حکومەت لە ئاستانە، وەکو کۆلێژی سەربازی، قوتابخانەی بەیتاڵی و کۆلێژی شاهانە، پاشتر چەند کەسایەتی ناوداری دیکە هاتنە ناو ڕێکخراوەکە لە ساڵی ١٨٩٤-١٨٩٥ز، ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە بەرەو ئەورووپا هەڵاتن، زۆربەیان لە پاریس جێگیربوون،

---

(٢٥١) هەمان سەرچاوە-ل٥٧ .

(٢٥٢) هەمان سەرچاوە-ل٥٨ .

له پاریس ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (مەشروتە)وە دەرکرد، کە دواجار بووە ئۆرگانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی.(٢٥٣)

لەدوای پێکهینانی ڕێکخراوەی شۆڕشگێڕییەکەی ساڵی١٨٨٩ز، ئەندامانی ئەم گروپە دەستیان دایە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی بیری تۆرانیزم و عەلمانیەت و خۆرئاواخوازی، هەروەها دژایەتی کردنی خەلیفەی عوسمانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) و ئایینی ئیسلام، وەلێ بەشێوەیەکی شاراوەو زیرەکانە بەرهەڵستی ئیسلامیان دەکرد لەو پێناوەدا کۆششی تەواویان کرد تا بیرو بۆچونەکانیان تەشەنە پێبدەن و ئەندام و لایەنگرانێکیش بۆ ڕێکخراوەکەیان پەیدا بکەن .

هەروەك پەنایان بۆ گشت کەس و لایەك دەبرد بەمەبەستی کۆمەککردنیان لەوەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا . جگەلە دەوڵەتانی خۆرئاوا، چەندین ڕێکخراوەی دی وەك ماسۆنیەت و زایۆنیزم و دیانەکانی مەسیحی جولەکە چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوە پشتیوانی ئەم کۆمەڵەیە بوون .

(موئیزکوهین)ی جولەکە بە دامەزرینەری بیری نەتەوایەتی تۆرانی دادەنرێت...کتێبەکەی لەبارەی تۆرانیەتەوە، بەکتێبیکی پیرۆز بۆ سیاسەتی تۆرانیەت دادەنرێت، کە خیلافەتی هەڵوەشاندەوەو نەشی هێڵا بیرۆکەی کۆماری سەربگرێت . لە ساڵی ١٩٣٢ز تۆرانیەت بڕوای بە (تیۆری خۆر) پەیدا کرد کە وای بۆ دەچن، زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانەو شارستانیەتی تورکیش بەرلە ئیسلامەو دایکی هەموو شارستانیەکانە .

موئیزکۆهین لە پلاندانانی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی تۆرانیەت بەشداری کردوە کە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی ئە سیاسەتەی پیادە دەکرد...ساڵی ١٩٦٢ز کۆچی دوایی کرد. کۆمەڵەی کەلەپوری تورکی چلەی ماتەمینی بۆ گێڕا، لەو کۆبوونەوەیەدا(ئیسحاق) ئامادەبوو...(موئیز کۆهین)سێ کتێبی نووسیوە:(سیاسەتی بەتورك کردن لە ساڵی-١٩٢٨).(کەمالیست لە ساڵی-١٩٣٦)،(ڕۆحی تورکی). لەوتە بەناوبانگەکانی موئیز کۆهین: (ئەوەی کەمالیستە، تەنها مرۆڤ نییە، لەسەرو مرۆڤەوەیە)، (بەرلە دروستکردنی بیناکردن، دەبێ مەیدانەکە ڕێك بخەی،

---

(٢٥٣) – مستەفا کەمال ئەتاتورك–مەنسور عەبدولحەکیم –ل٥٨-٥٩ .

که دوو ئاستەنگی گەورەی لەبەردەمدایە، ئاین و خیلافەت...) ئەمە نەتەوایەتی تۆرانیە که یەهودی ماسۆنی دروستیان کردووە...(٢٥٤)

ساڵی ١٨٨٩ بزوتنەوەکە لە ناو ڕیزەکانی قوتابیانی سەربازی دەستی پێکردو گەیشتە ناو دەستەو تاخمەکانی دیکەش، کەلە ساڵی ١٩٠٦ز کۆمەڵی ئیتیحادو تەرەقی دامەزرا، زۆربەی ئەندامانی(ترکیا الفتا) بەشداریان تێدا کرد، جوڵانەوەکە واقیعێکی نوێی دروستکرد بۆ دووبەرەکی، کە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی خیلافەتەکەی پێوە گلا لەقۆناغی پێش لەناوچوونی...سێ سەرکردەکە (تەلعەت پاشا، ئەحمەد پاشا، ئەحمەد ئەنوەر پاشا) کەسەر بە تورکە لاوەکان بوون، لە ساڵی ١٩١٣ز لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی فەرمانڕەوایی خیلافەتەکەیان کرد.(٢٥٥) لەم زۆروبۆری بیرۆکانەدا دوو ڕەوت توانییان لەگەڵ پێچانەوەی سەدەدا و لەدواتر ژیانی سیاسی عوسمانی و تورکی دیاری بکەن کە ئەوانیش: یەکیەتی عوسمانی کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ جەمعیەتی ئیتحادو تەرەقی کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن ڕەزابەگەوە بەڕێو دەبرا، هەروەها ڕێکخراوەی دەستپێشخەری نامەرکەزی بوو، شازادە سەباحەددین، ئامۆزای سوڵتان یەکێك لە کەسایەتیە بەرچاوەکانی بوو .

لە ساڵی ١٩٠٦ز بەولاوە هەڵبەت لەگەڵ زۆربوونی ڕێژەی سەربازان لە ناو ڕیزی ئەندامان و گەیشتنی ڕێکخراو سازانی بەوەجی وەك دکتۆر نازم و دکتۆر بەهادین شاکر یان تەلعەت پاشا، جەمعییەت بەرەو ناسیۆنالیزمی تورك یان هەتا بەرەو پانتۆرانیزم هەڵ خلیسکا کە ئامانجی کۆکردنەوەی گەلانی بە بنەچە تورك بوو . هەرچی ڕێکخراوەی دووەم بوو سەربە ترادسیۆنی قوتابخانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی فردریك لۆپەی و ئیدمۆند دیمۆلان بوو دەیەویست لەڕێگەی دەست پێشخەری تایبەتی و نامەرکەزێتی کە بەناو خیلافەت دا ڕۆچوو بووگۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر کۆمەڵگای عوسمانی دا بهێنێ.(٢٥٦)

---

(٢٥٤)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٦٦-٦٧-٦٨ .

(٢٥٥)هەمان سەرچاوە-ل٥٤-٥٥ .

(٢٥٦)مێژووی تورکیای هاوچەرخ-حەمید بۆز ئەرسەلان-ل٢٢٥ .

## ڕاگەیاندنی پارتی ئیتحادو تەرەقی :

کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی، حزبێك بوو بەرهەڵستی دەسەڵاتی ئیسلامی عوسمانی و خیلافەتی ئیسلامی دەکرد. حزبێکی عەلمانی بوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دامەزراو لە دووباڵ پێکهاتبوو. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ماسۆنی بوون، ئەنداماتی موسڵمانی تێدا نەبوو یان بەبنەچە تورك بێ، سەرکردەکانی کە کودەتایان بەسەر سوڵتان عەبدولحەمیدا کرد، ئەنوەر ئەفەندی و جاوید بوون...کەلە جووە دۆنمەکان بوون. ئەم کۆمەڵە ماسۆنیە لە منداڵدانی کۆمەڵی (ترکیا الفتات)ەوە پەیدا بوون، کەپێیان دەگوتن تورکە گەنجەکان، یان عوسمانیە نوێکان، چەند کۆمەڵێکی ماسۆنی یەکیان گرتبوو، بۆ وروژاندنی نەتەوەیی تۆرانی، کە دروشمەکەیان (گورگی سەوز) بوو. بە کۆمەڵێ مەبەست هەوڵیان دەدا، لەوانە نەهێشتن وهاندانی ئەونەتەوانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە. ئەم بزوتنەوەیە قۆناغی دووەمی دەستوری هینایە ئاراوە،(٢٥٧)

ئیمانۆیل قەرەسو: جویەکی ئیسپانیە، یەکێك بوو لەوانەی بەشداری (تورکیای لاو)یان کرد، لە ئیتحادوتەرەقی بەرپرسی ئاژاوە نانەوە بوو لەدژی سوڵتان، بەرپرسی پێوەندییەکانی نێوان سلانیك و ئەستەنبوڵ بوو. قەرەسو، پارێزەر بوو. ئیتحادوتەرەقی هەوڵی زۆری دا بوو تا لە ئەنجومەنی نوێنەران دای بمەزرێنێت و بووە نوێنەری سلانیك، بۆ دوو خولیش نوێنەری ئەستەنبوڵ بوو. هەروەها لێکچونێکی زۆر هەیە لەنێوان ڕێکخراوەکەی (ئیبراهیم تیمۆ) و (کاربۆنارییەکان).(٢٥٨)

دەزگاو ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵەیە و سیمبولەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوە ماسۆنیەکان دا لەیەك دەچن . بۆ ئەوەش دەچن کەوا دامەزرێنەرانی ڕاستەقینەی کۆمەڵی ئیتحادوتەرەقی کەوتونەتە ژێر کاریگەری (کاربۆناریەکان)ی ئیتالی . ئیبراهیم تیمۆ سەردانی ئیتالیای کردووە، لەوێ چووەتە یەکێ لە (مەحفەل)ەکانی ماسۆنیەکان،

---

(٢٥٧) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٥٤-٥٥ .

(٢٥٨) هەمان سەرچاوە-ل١١٤ .

لێرەوە تیمۆ (کاربۆناری) لە ئایری ١٨٨٨ز ناسیوە، بڕیاری داوە کۆمەڵەیەکی نهێنی لەسەر هەمان شێوە دابمەزرێنێ . ماسۆنیەکان لە یەکێ لە کتێبەکانیاندا کەلە تورکیا بیڵاو بۆتەوە بەناوی (ماسۆنیەت لە تورکیاو جیهاندا)، ئەوە دەردەخات کەوا ئەو کۆمەڵەیەی تورکیا پێوەندی بەوەی ئیتالیاوە هەیە کە ناوی (مەقدۆنیا ڕیزۆرنا)یە، لەگەڵ کۆمەڵی (لابوریت لوکس)، هەردووك ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی.(٢٥٩) لەدەرەنجامە مەترسی دارەکانی بوونی ماسۆنیەت لە ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوە بوو جوڵانەوەی (ئیتحادو تەرەقی)یان لە باوەش گرت، لەوکاتەی بەرهەڵستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیان دەکرد، بارەگاکانی ماسۆنیەکان بوونە جێگای کۆبوونەوەی ئەندامانی ئیتحادو تەرەقی کە دوور بوون و نەدە پشکنران.(٢٦٠) هاوکات بەشێکی زۆری جووی دۆنمەکانیش پێوەندیان بە ڕێکخراوەی ماسۆنیەتەوە کرد بوو، بوو بوونە پشتیوان و یاریکاری ئیتحادیەکان . کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی کۆبوونەوەکانی خۆی لە ماڵە جووەکاندا دەبەست کە سەر بە کۆمەڵەی ماسۆنی ئیتالیا بوون، بەپێی ڕێکەوتنەکان پارێزراو بوون، نەدەبوو دەستگیر بکرێن و لەلایەن پۆلیسەوە بپشکنرێن یاخود دادگایی بکرێن چونکە دادگای قونسوڵگەی هەبوو، بۆیە ئەندامانی ئیتحادو تەرەقی خۆیان لە پاڵ (حەسانە)ی ئەو جووانەدا دەشاردەوە، بەوپەڕی دڵنیاییەوە لە ماڵی جووەکان، دوور لە مەترسی کۆبوونەوەی خۆیان دەکرد. کۆمەڵەکەش لەلایەن یەهودیەکانی دەرەوە و لە ناوەوەش لەلایەن جووەکانی دۆنمە لە سلانیك پارەو سامانیان بۆ دابین دەکرا.(٢٦١)

یەکێ لەسەرکردەکانی ئیتحادو تەرەقی دانی ناوە بە هەوڵەکانی ماسۆنیەت بۆ گەشەپێدانی ئیتحادو تەرەقی، ئەمەشی لە دیمانەیەکدا ڕاگەیاندووە کەلەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەیەکی پاریسدا ئەنجامی داوە، دەڵێ: بەڕاستی ماسۆنیەت پشتیوانیان کردوین، بەتایبەتی ماسۆنیەتی ئیتالی. هەردوو کۆمەڵی ئیتالی (مەقدۆنیا ریزورنا و لابوریت لوکس)،

---

(٢٥٩) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم -ل١٠٥-١٠٦ .

(٢٦٠) هەمان سەرچاوە-ل١٠٦ .

(٢٦١) هەمان سەرچاوە -ل٥٩-٦٠ .

خزمەتێکی ڕاستەقینەیان کردوین، ئاسانکاری زۆریان بۆ کردووین، لە بنکەکانی ئەوان کۆدەبوینەوە، چونکە زۆربەمان ماسۆنی بووین، بەڵام لەڕاستی دا کۆدەبوینەوە بۆ کاروباری ڕێکخستنەکانی خۆمان، زۆربەمان هاوڕێ کانمان سەربەو دوو کۆمەڵەیە بوون. یارمەتی ئێمەیان دەدا لە هەڵبژاردنی کەسەکاندا چونکە ئەوان زۆر بەوردی لە کەسەکان دەکۆڵینەوە.(٢٦٢)

هەروەها باڵیۆزخانەکانی بێگانە دەرگای خۆیان لەبەردەم هەموو نەیارێکی ڕژێم ئاوەڵا کردو کەسانی هەڵهاتوو لە حوکمی سوڵتانیان لای خۆیان گلدەدایەوە، بەتایبەتی هەردوو باڵیۆزخانەی ئینگلتراو فەڕەنسا، هەروەها ڕێیان پێدان کە بەئازادی کاربکەن و جووڵانەوە بکەن . زایۆنیزم لەو هێڵەوە هاتە ژوورەوە کە ئەو تورکانەی لە پایتەختەکانی ئەورووپا بونیان هەبوو لەگەڵ هەندێ لە تورکەکانی ناوەخۆ نزیکیان بکاتەوە لە خۆی، نەخشەو پلانیشی بۆلادانی لەسەر کورسی دەسەڵات دەکێشا . ئەندامانی ئەو بزاڤە کەلە ناوەخۆدا هەبوون دەستیان بە پێوەندی کرد لەگەڵ هاوڕێیانیان لە دەرەوە بە ئامانجی هاو ئاهەنگی و پلانر داڕشتن بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.(٢٦٣)

بەم شێوەیە و لە پاریسدا کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی دروست بوو لەو لاوانەی لە پایتەختی فەڕەنسا بوون، لە گروپی تەرەقی و ئیتحاد ، کە دوو گروپی ناڕازی بوون، هەروەها لاوانی نەتەوە جۆراو جۆرەکانیش هاتنە پاڵیان و ئەوانە حەزنەکردن بە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کۆی کردبوونەوە ، ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٨٩٦ز داوای بەستنی کۆنگرەیەکیان لە ڤییەنا کرد کە هەموو نەیارانی فەرمانڕەوایی سوڵتان لە ئەرمەن و یۆنان و مەقدۆنییەکان و عەرەب و جولەکە و هی دیکەش لە کەمینە نەتەوایەتیەکان بەشداریان تێداکرد . لەم کۆنگرەیەدا بڕیار درا کە ڕژێمی حوکم بگۆڕن و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش لەسەر دەسەڵات لابەن .(٢٦٤) ئەو بڵاوکراوانەی کە دژی دەسەڵاتدار بوون، لەدەرەوە چاپ دەکران، پاشان لەڕێی باڵیۆزەکانەوە دەهاتنە ناوەوە و زۆر بەنهێنیش بەسەر ئەندامانی گروپەکانی ناوەخۆدا دابەش دەکران.(٢٦٥)

---

(٢٦٢) مستەفا کەمال ئەتاتورک-مەنسور عەبدولحەکیم -ل١٠٦ .

(٢٦٣) هەمان سەرچاوە-ل٥٥٩.

(٢٦٤)عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦٠٠ .

(٢٦٥)هەمان سەرچاوە-ل٥٩٩ .

ئەو پێشڤە چوونانەی نەیارانی خەریك بوو سوڵتانیان سەغڵەت دەكرد، دەستی كرد بەوەی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ لە پێناوی بەربەست كردنی ڕێگەی بەرهەڵستكاران لە دەرەوە . ئەوە بوو بە باڵیۆزەكای خۆی لە پایتەختەكانی ئەورووپا ڕاگەیاند كە فشار بخەنە سەر ئەو حكومەتە ئەورووپییانەی كەوا یارمەتی كۆمەڵە دەدەن، هەروەها چەند كەسانێكی لەلایەن خۆیانەوە نارد بچنە پاڵیان، بە ئامانجی ئەوەی پەرتەوازەیی لە نێو ڕیزەكانیان دروست بكەن، پاش چەند هاریكاری كردنێك، دامەزراو گەلێكی پێشكەش بە بەرهەڵستكارەكان كرد، بەمەبەستی چاوڕاو كردنیان و توانی ئەو ڕەتانە كە داوای دەستوریان دەكرد ڕیشەكێشیان بكات.(٢٦٦)

وابەدیاردەكەوێت كە ئەو كۆمەڵەیە زۆری پی نەچووبێ كە دووبارە زیندوو بوویەوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٠٠ز پشتگیری كردنێكی چاوەڕوان نەكراوی ڕووی دا كەلە مەحمود پاشای زاوای سوڵتان و هەردوو كوڕەكەی (**صباح الدین و لطف اللّه**)ەوە بوو، هەركە لەدوای ڕاكردنی لە ئەستەمبوڵەوە گەیشتە پاریس، تیایدا پەیوەندی بەسەرانی ئازادیخوازانی عوسمانییەوە كردو كەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵیان، چووە نێو بزاڤێكی مقاوەمەكردنەوە دژی سوڵتان عەبدولحەمید، پاشان نامەیەكی پڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی بۆ نارد، تیایدا زۆر بەتوندی هێرشی كردە سەری و پەردەی لەسەر تەواوی خراپەكاریەكانی و ئەو كارو كردەوە پڕ لە شەرمەزاریانەی كە دەرحەق بە گەلەكەی دەكرد هەڵدایەوە. ئامانجی لەم كارەی سەرنج ڕاكێشانی زۆرترین ژمارەی دانیشتوان بوو بۆنێو كۆمەڵەكەی بۆئەوەی بەوانەوە بەهێزی بكات بۆ دروستكردنی كودەتایەك لە پایتەخت، هاوكات پشتگیری لەلایەن ڕەوتە نەیارەكانی دەسەڵاتدار هەر لە حكومەتەكان و كۆمەڵە ئەورووپاییەكان و ڕێكخراوە جولەكەو ماسۆنیەكانەوە پێ گەیشت .

ئەو كۆمەڵەیە لە هەندێ لەو ویلایەتانەی كەلە ژێر دەسەڵاتی ئیستعماردا بوون بڵاو بوویەوە بەتایبەتی لەو ناوچانەی كە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون، لە دوای ئەوەی كە حكومەتی بەریتانیا لەوە قەڵس بوو كە نوشوستی هێناوە لە بەدەستهێنا دروستكردنی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا-میسریش لە مەڵبەندە گرنگەكان بوو كە ببێتە پەناگەیەكی ئارام بۆ ئەندامانی كۆمەڵ،

---

(٢٦٦) هەمان سەرچاوە-ل٦٠٠-٦٠١ .

ئەوانەی دەترسان لەوەی کە بکەونە بەردەستی لایەنی دەسەڵاتدار، ئەمەش لەبەر دووری لە پایتەخت و کەوتبووە ژێر قەڵەمڕەوی بەریتانیاشەوە، بەڵام شاری سالۆنیك لە مەقدۆنیا بووە مەڵبەندی بنەڕەتی بۆ چالاکی  کۆمەڵە سیاسی و سەربازیەکان ئەویش بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری جوولەکە تیایدا لەوانەی کە زۆرترین دەسەڵأتیان لە ئەورووپا هەبوو هەروەها لەبەر ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە (دۆنمە)ی تێدا بوو.

ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە ڕوویان لە سوپا کرد بۆئەوەی بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە لەدوای ئەوەی لە ڕێگەکانی دیکەوە فەشەلیان هێنا، لەوانە گرتنەبەری ڕێگەی تۆقاندن و پەنابردنە بەر دەوڵەتە  ئەورووپییەکان. ئەوەبوولە ساڵی ١٩٠٦ز ئەحمەد ڕەزا نامیلکەیەکی لە بارەی ئەم بابەتەوە لەژێر ناوی (ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرباز-الواجب والمسئولیه الجندی) لە قاهیرەدا دەرکرد تیایدا ڕاڤەی ئەو ڕۆڵەی کرد، کە دەبوایە سوپا بیگێڕێ لەبەرگری کردن لە دەوڵەت و پێشڤەچوونی بەحیسابی ئەوەی کە ئەفسەرەکان لە هەموو ڕۆڵەکانی ئوممەت ئامادەباشیان هەیەو نیشتمان پەروەرترن، هەربۆیە لەسەریان پێویست دەبێ ژیانی سیاسیانە لە وڵاتدا لەدژی ڕژێم ئاڕاستە بکەن، ئەو ڕژێمەی کە بە داپڵۆسێنەر وەسفی کرد.(٢٦٧)

وەکو بەدیاردەکەوێت هەندێك لە ڕێچکە سۆفیگەرییەکان، ڕۆڵی خۆیان بینیبێت لە بڵاوکردنەوەی هزرگەلە شۆڕشگێڕیەکان، بەڵام مەحفەلە ماسۆنیەکان لە سالۆنیکر کەناڵێکی کاراتر بوون بۆ برەودان بە هزرگەلی ئیتحادیەکان، هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی وێنەی تەلعەت و میدحەت شکور سەربە ماسۆنیەکان بوون، بەمشێوەیە دەتوانین باسی کاریگەرێتی ماسۆنیەت بەسەر کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بکەین، ئەویش لەڕێگای لەکارهێنانی مەحفەلە ماسۆنیەکان لەلایەن ئەندامانیەوە بۆ تەراتێن کردن لە سالۆنیك، هەردەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە ئەندامانی کۆمەڵەکە پەیوەییەکی توندو تۆڵیان لەگەڵ جولەکەدا هەبوو لە ڕێگەی ئەو مەحفەلانەی کە ئینتیمایەکی فەڕەنسیان هەبوو. بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هاوبەش ئەو دوولایەنەی بەیەکەوە کۆکردبۆوە،

---

(٢٦٧) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کوەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦٠١-٦٠٢ .

كە بریتی بوو لە لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدو هێشتنەوەی مەقدۆنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریّتی دەوڵەت دا، چونکە دەروازەیەکی بۆ چالاکییە ئابووریەکانی جولەکە دروست کرد. هەروەك فەرمانگەی زایۆنیزم لە دوای فەشەل هێنانی لە دابڕینی فەلەستین یاخود ڕێدان بە جولەکە کە بۆ ئەویّ کۆچ بکەن، کەوتنە هاریکاری کردن لەگەڵ مەحفەلەکانی ماسۆنیەت بۆ گۆڕینی ڕژێمی حوکم . ئەوەبوو لەساڵی ۱۹۰۰ز مەحفەلی خۆرهەڵاتی گەورە بڕیاریدا کە سوڵتان لابرێت و هەڵی دا بزاڤکارە کان و ئیتحادیەکان باڵادەست بکات.(۲٦۸)

پاش ئەوەی ئاڵوزی لە ناوچەی بالقان و بەتایبەت لە مقدۆنیا بەرپا بوو لە ساڵی (۱۹۰۲-۱۹۰۳)، ئەویش بەهۆی تەشەنە سەندنی بیری نەتەوایەتی، هەروەها دەستوەردانی دەوڵەتانی ئەورووپی، هەر لەو دەمانەش ئۆپۆزسیۆنەکانی عوسمانی توانی بوویان دزەبکەنە نێو دامەزراوەی سوپای عوسمانیەکان و پلەی بەرز وەگیر بخەن و لەنێو پێگە هەستیارەکانی ئەو لەشکرەدا شوێنی خۆیان بکەنەوە، دواتر هەر لەوێشەوە کەوتنە هەنگاو نانی کردەیی بۆ داڕماندنی خیلافەت .

ئەو نارەزاییەی مەقدۆنیا بۆ دەرەوەش پەڕیەوە، ئەوەبوو لە دیمەشق کۆمەڵە لاوێکی ئەفسەر لە ساڵی ۱۹۰٥-۱۹۰٦ کۆمەڵەیەکی نهێنییان دامەزراند، کەبریتی بوو لە لیژنەی نیشتمان و ئازادی، لەنێو ڕیزەکانیاندا (مستەفا کەمال) هەبوو کەلە داهاتوو دا ڕوو لە پەیوەنی دروستکردن دەکات لەگەڵ نێوەندە ئۆپۆزسیۆنەکان لە سالۆنیك کەبواری بۆ پەخشکردنی هزرگەلە شۆڕشگێڕیەکان خۆش کرد.(۲٦۹)

ئەو ئۆپۆزسیۆنە کەلە شانە گەلێك پێکهاتبوو زۆر بەخێرایی لەناو مەقدۆنیا پەرەی سەند، ئەمەش لەمیانەی بەشداریکردنی و پاڵپشتی کردنی ئەو ئەفسەرانەی کە شانە گەلیان لەشارە حامیەکانی وەکو مۆناستیرو سکۆتاری و سێریس پێك دەهینا.(۲۷۰)

---

(۲٦۸) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش -ل٦۰۳ .

(۲٦۹) هەمان سەرچاوە -ل٦۰۳-٦۰٤ .

(۲۷۰) هەمان سەرچاوە-ل٦۰۳ .

له ساڵی (١٩٠٥) گۆڕەپانی ناوەخۆ پێشبڕکێی ڕوداوەکانی بەو خۆوە دەبینی، کەبووە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر نائارام بێت . ئەوەبوو سوڵتان ڕووبەڕووی هەوڵێکی تیرۆرکردن بوویەوە، شۆڕشێکیش لە ئەنادۆل بەرپا بوو، کێشەی مەقدۆنیا زیاتر ئاڵۆز بوو، دەوڵەتە ئەورووپاییەکان فشاری خۆیان بۆسەر حکومەت توندترکرد. باری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەموو سوچێکی وڵات تێکچوو.(٢٧١) بزاڤە یاخیبووەکان سەرلەنوێ لە ئەنازۆل دروست بوونەوە، کە ئەندام گەلێك لە چینەکانی مام ناوەندی و ئەفسەرو فەرمانبەرەکان بەشداریان تێدا کرد، هەروەها تۆڵەسێنەکان داوای لابردنی باجە تازەکان و هەڵوەشاندنەوەی یەکەکانی حەمیدیەو دووبارە کارکردنەوەیان بە دەستور دەکرد، هاوکات ڕاپەڕینی دیکەی سنوردار لە ئەنادۆڵی خۆهەڵات بەرپا بوون کە لە ڕێگەی قەوقازەوە کاریگەری یان کردە سەر بزاڤە شۆڕشگێڕییەکانی ڕوسیای ساڵی ١٩٠٥ز.(٢٧٢)

زستانی ساڵی١٩٠٦-١٩٠٧ز، زۆر سەخت و دژوار بوو، بەروبوومەکان خراپ بوون و نرخەکان بەرزبوونەوەو، کەرەستە خۆراکییەکان و کەرەستە پێویستەکانی گەرمکردنەوە کەمبوون، قەیرانی هەڵئاوساوی ئابووری لە ماوەی ساڵی دوایدا بەردەوام بوو کە بووە هۆی زیادبوونی توڕەیی لەنێو چینەکانی کۆمەڵگەدا، ئەم توڕەبوونە بەهۆی دواکەوتنی مووچەی سەربازەکان، دامەزراوە سەربازییەکانیشی گرتەوە.(٢٧٣) واتا پشێوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، سەرلەبەری کۆمەڵگای عوسمانی گرتەوە، لایەنی دەرەکی کە خۆی لە دەوڵەتانی ئەورووپی دا دەبینییەوە، درێغییان نەکرد لە تەشەنە پێدانی ئەو ڕەوشە دژوارەی دەوڵەتی عوسمانی . هەموو ئەمانەش لەپێناو تێکڕمانی خیلافەتی ئیسلامی و کۆتایی پێهێنانی دەوڵەتی عوسمانی و داگرکردنی خاکەکەیدا بوو . لە پاش هەڵمەت و پەلامارە سەربازییەکانیان، خراپترین هێرشێك کە بۆسەر عوسمانیەکان ئەنجامیان دا،

---

(٢٧١) هەمان سەرچاوە-ل٦٠٤ .

(٢٧٢) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦٠٤ .

(٢٧٣)هەمان سەرچاوە-ل٦٠٤ .

ئەو پرۆسەی داگیرکارییە فیکرییە بوو کە ئەوروپییەکان دژ بە گەلانی دەوڵەتی عوسمانی بەرپایان کرد. ئەوەش لەڕێگای کردنەوەی قوتابخانە عەلمانیەکان لەنێو خاکی عوسمانیەکان، لەهەمانکات وەرگرتنی ڕێژەیەکی بەرچاوی خوێندکارەکانی عوسمانی لە خوێندنگاو ناوەندە زانستیەکانی ئەوروپاو زاخاودانەوەی بیرو هزریان بە فەلسەفەی عەلمانیەت، هەروەها لە ڕێگای ڕۆژنامەکان و باڵیۆزەکانیان و بەکرێگیراوانیانەوە، لەلایەکی دیش بەهۆی ماسۆنی زایۆنیەکان و کەمینە دیانەکانی مەسیحی و جوولەکەکانی نێو خودی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە جگەلە دەوری ترسناکی ڕێکخروەی تەبشیری و ڕۆژهەڵاتناسان لە شێواندنی ئیسلام، کە هەموو ئەمانە پێکەوە هاوکاربوون لەو پروسەیەدا، پاش ئەم چەند هەنگاوەیان، ئەوجا کەوتنە پێکهینانی دەستە و گروپی سیاسی و دواتر ڕێکخراو و پارتی خۆرئاواخواز کە سەرجەمیان لەسەر بنەمای فیکرو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیاکانی خۆرئاوا پێکهێنرابوون، لەو بیروباوەڕانەش (عەلمانیەت، نەتەوەپەرستی، خۆرئاواخوازی، دژایەتی کردنی ئیسلام، هتد...)پاشتر ئەوروپییەکان لەڕێگای ئیستیغلال کردن و بەکار بردنی ئەم گروپ و ڕێکخراونەوە کەوتە هەوڵی جێبەجێ کردنی پلان وەدیهێنانی مەرامەکانیان، دواجار بەهەوڵی دەوڵەتانی ئەوروپی، تەواوی ئەم گروپ و دەستەو تاقمان یەکخران لەنێو یەك پارت و لەژێر نێوی (الإتحاد الترقی)و هەموو کۆمەکێکی ئیعلامی و سیاسی و ئابووری و سەربازیان کردن و هەموو تواناکانی ئەم حزبەیان بە ئاقاری ڕماندنی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی ئاڕاستە کرد، سەرانی ئیتحادیەکانیش بوونە جیبەجێکاری ئەم پیلانە .

ئەو کۆمەڵانەی کەلە دەرەوە دروست ببوون دوو کۆنگرەیان لە پاریس بەست بۆ گفتوگۆکردنی سەرکەوتوترین ڕێگا بۆ دووبارە ژیاندنەوەی ژیانی دەستوری . کۆنگرەی یەکەم لە ٤ تا ٩ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ز دا بەسترا، ئەوەی دووەمیش لە ٢٧ تا ٢٩ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ز دا بەسترا . لەم دوو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی هەندێ لە گەلانی مەسیحی کە سەربە دەوڵەتی عوسمانی بوون بەشداریان کرد . کۆنگرەی کۆتایی ئەو بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

*ناچارکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە واز لە دەسەڵات بهێنێت .

*گۆڕانگاریەکی ڕیشەییانە لە ئیدارەکەی بکرێت .

*دیاری کردنی بنچینەکانی مەشروتیەت و مەشورەت .

*هەروەها کۆنگرەکە شێوەکانی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی دیاری کرد کە دەکرا لەدژی سوڵتان بوەستنەوە ،ئەوانیش:

*مقاومە کردنی چەکدارانە بۆ ستەمکاریەکان .

*نێگەتیڤانە بۆ مانگرتنە سیاسی و ئابورییەکان لەوانیش مقاوەمەکردنی گەل و گروپە شۆڕشگێڕەکان .

*هۆیەکانی دیکەی کار کە بارودۆخ دەیان هێنێتە ئاراوە.(274)

لە ئەنجامی نامە نوسینی نهێنی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵی یەکێتی عوسمانی لە ناوەوەو دەرەوە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە کاری سەربازی و مەدەنی یەك بخەن لە دژی سوڵتان . ناوی کۆمەڵەکە لە ناوەندە سەربازییەکاندا (یەکێتی عوسمانی) بوو، (ئەحمەد ڕەزا بەگ) نوێنەری باڵی مەدەنی بوو . کەوتبووە ژێر کاریگەری بیری فەیلەسوف (ئۆغستین کانت)ەوە، دەستوری ئەم فەیلەسوفە بریتی بوو لە (ڕێڕەوێکی تەرەقی) ئەحمەد ڕەزا وشەی (تەرەقی) لەو دەستورەی (کانت)ەوە وەرگرت . سەربازییەکانیش وشەی (یەکێتی) یان هێشتەوە . بۆیە هەموویان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ناوی کۆمەڵەکە ببێتە (ئیتحادو تەرەقی).(275)

ئەو پێشڤەچوونانەی ناوخۆو دەرەوە هەلی بۆ ئیتحادیەکان ڕەخساند کە بگوازنەوە بۆ ڕۆڵی کردارییانە لەپێناو دووبارە کارکردن بە دەستورو چارەسەرکردنی کێشەکان بەبێ ئەوەی دەوڵەت تووشی لێکترازان بێت . هەروەها دروشم گەلی ئیتحادیەکان کە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی بوو،

---

(274)عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل605-606 .

(275)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل78-79 .

هەندێك گروپ گەلی عەرەبی کە بەرهەڵستکاری سوڵتان بوون بەرەوخۆیانیان ڕاکێشان، گوایا ئەو مەبەستانەن کە عەرەب بۆیان هەوڵدەداو خوازیارن کە لەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانی خۆیان بهێننە دی ! بۆیە ئەو گروپانە داوای ئەنجامدانی چاکسازی پێویستیان کرد بۆ لابردنی ستەم لەسەر عەرەبەکان و لەناوبردنی گەندەڵی و هەروەها پشتگیری ئیتحادیەکانیان کرد بۆ گۆڕینی ڕژێم.(٢٧٦)

## شۆڕشی دەستوری ئیتحادییەکان گێڕانەوەی مەشروتیەت :

ئیتحادیەکان دیتیان کۆتایی هاتنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم نزیك بۆتەوە، بۆیە بڕیاریاندا لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٠٨ز دەست بە جوڵانەوە بکەن . لەپێشەوەی ئەو هێزانە ڕاوەستان کە دەیانتوانی پەنایان بۆ ببەن کە بریتی بوو لە هەردوو فەیلەقی دووەم و سێیەم کە سەربازگەکانیان لە ویلایەتەکانی سالۆنیك و مۆناستیر و کۆسۆڤۆ بوو لەگەڵ فەیلەقی چوارەم کە سەربازگەکەی لە ئەرزە ڕۆم بوو . ئینجا شۆڕشیان ڕاگەیاند . لە ٢٣ی تەممووزدا سوپای سێیەم لە سالۆنیك بەسەرۆکایەتی ئەحمەد نیازی، کە سەرکردەی قەڵای ڕسنە بوو، یاخی بوو، شۆڕشی ڕاگەیاندو هەڕەشەی شاڵاو هێنانی سەر پایتەختی کرد، هەروەها لە بەیانی هەمان ڕۆژدا خەڵکەکە لەسەر بانگهێشتی ئیتحادیەکان لە ناو شار کۆبوونەوە بۆ ڕاگەیاندنی یاسای بنەڕەتی و ئازادی و هەموویان بەیەك دەنگ هاوارییان دەکرد (یان ئازادی یان مەرگ). سەرانی ئیتحادیەکان فرەلایەنی و فرە ئارەزووەکانی ئەم ئاپۆرەیان قۆستەوەو گوتاریان بۆ دان . ئەو گوتارانە بەوە جیادەکرانەوە کە بەچەند زمانێکی جۆراو جۆر بوون، هەریە لە غالب ئەفەندی و سلێمان ئەفەندی گوتاریان بەزمانی تورکی داو مانۆیل قرەصوی جولەکەش بەزمانی جولەکەی-ئیسپانی و ڕۆسۆ ئەفەندیش بە زمانی فەرەنسی دوا. هەریەکە لە ئەنوەر پاشاو مستەفا کەمال و سەرکردە سەربازیەکانی دیکەش لەگەڵ تیپەکانیان هاتنە پاڵ بزاڤە یاخیبوەکەوە، هەر خێرا دەستیان بەسەر شاری مۆناستیردا گرت کە بارەگای سوپای یەکەمی تێدا بوو،

---

(٢٧٦) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦٠٦

بروسکە لەسەرجەم یەکە کارگێڕی و سەربازیەکانەوە ئەوانەی کەلە ویلایەتەکانی مەقدۆنیا بوون بۆ پایتەخت کرا کە داوای مەشروتیەتیان دەکرد، وە هەڕەشەی شاڵاو هێنانی سەر پایتەختیان دەکردئەگەر بێ و سوڵتان دەستور ڕانەگەیەنێت . بەهۆی ئەنجامی ئەم پێشڤەچوونانەش شتێکی ئەستەم بوو کە سوڵتان فەیلەقی یەکەم کە سەنگەریان لەنێو ئەستەنبوڵ دا بوو بنێرێ بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەستورخوازەکان، چوون نەدەبوو پایتەخت لەسەربازەکان دابماڵدرێ لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەفسەرانی ئەو فەیلەقە سەربە بزاڤی دەستوری بوون . دەستورخوازەکان لەبەرانبەر کەم تەرخەمی سوڵتان بۆ وەڵامدانەوەی داواکاریەکانیان جوڵانەوەی کرداریانەیان دەست پێکرد . ئەوەبوو گروپ گەلێکی تیرورستیان بۆ مقاوەمەکردنی کارەکانی حکومەتی ناوەندی دروست کرد، لەوانە گروپی نیازی و گروپی ئەنوەر و گروپی ڕائیف بوون، پاشان پلانێکیان بۆ جوڵانەوە داڕشت، سوڵتانیش ڕووبەڕوویان بۆوە بەوەی کە شەمسی پاشای بۆ شوێن هەڵگرتنی شوێنکەوتنوانی نیازی و دامرکاندنەوەی شۆڕشی مەقدۆنیا نارد، بەڵام ئەو بەر لەوەی چالاکیەکەی دەست پێ بکات کوژرا . ئەوکاتەش سوڵتان سێ تیپی لە تیپەکانی ڕەدسف نارد، بەڵام ئەوانیش چوونە پاڵ دەستورخوازەکان و ڕیزکانیان بەهێزکردن کە بەوەرچەرخانێك لە ڕێڕەوی یاخیبونەکە دادەنرێت . لەبەر ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە سوڵتان هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوەنەبێت کە دووبارە کار بە دەستور(یاسای بنەڕەتی) و ژیانی نوێنەرایەتی بکات ئەوەش لە ٢٤ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٠٨ز بوو، ئەم یاخیبوونەش بە (کودەتای دەستوری) ناوبرا.(٢٧٧)

لەو کەش و هەوایەدا، هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی بۆ هەردوو ئەنجومەنی مەبعوسان ئەنجام درا . لیژنەی ئیتحادو تەرەقی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کردو هەوڵیدا بۆ مسۆگەرکردنی بردنەوەی پاڵێوراوەکانی و، بەدیهێنانی بەرزبوونەوەی ڕەگەزی تورکی لەسەر حیسابی ڕەگەزەکانی دیکە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕەگەزە لەڕوی ژمارەوە زۆرینەی پێك نەدەهێنا . پارلەمان یەکەمین دانیشتنی خۆیی لە ١٧ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ز دا بە ئامادەبوونی سوڵتان ئەنجام دا کە گوتاری تەختی پاشایەتی دا،

---

(٢٧٧) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦٠٦-٦٠٧-٦٠٨ .

کەش و هەوایەکی نالەبار دانیشتنەکەی داپۆشی ئەمەش لەبەر فەشەل هێنانی ئیتحادیەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیە دەرەکیەکیان بەتایبەتی کاتێك بولگاریا لە ٥ ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ز دا سەربەخۆیی ڕاگەیاندو، نەمسا-مەجەڕیش بەخۆوە لکاندنی بۆسنەو هەرسکی ڕاگەیاند، هەروەها کریتیش چوونە پاڵ یۆنانی ڕاگەیاند . بۆیە ئیتحادیەکان ناچار بوون کە واز لە زەوی گەلێك بهێنن زیاتر لەوەی کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وازی لێهێنابوو، بەمە متمانە پێکردنیان درزی تێکەوت و لەت و پەت بوو، سەیریش نییە کەوا بەڵگە گەلە یەکەمینەکانی دژە بزاڤێك دوابەدوای ئەو قەیرانە لە داهاتوودا سەرهەڵدەدەن.(٢٧٨)

لەڕاستیدا ئیتحادیەکان لەماوەی مومارەسەکردنی حوکمیان دا چەند هەنگاوێکیان هاویشت کە بوونە هۆی دژوارکردنی ژیانی سیاسی نوێ و هەلیشیان ڕەخساند بۆ ڕوودانی دژە بزاڤێك، لەو هەنگاوانەش:

*ئیتحادیەکان بڕیاری لێبوردنی گشتی و ئازادکردنی تەواوی زیندانیەکانیان دا کەلە نیوانیاندا بکوژو دزو جەردەشی تێدا بوو، ئەم بڕیارە بێزار بونێکی گشتی لەنێو ناوەندەکانی گەلدا دروستکرد .

*ئیتحادیەکان ژمارەیەك لە گەورە ئەفسەرانیان لە خزمەت مەرەخەس کرد، ئەوانەی کەوا بەهۆی درێژی ماوەی خزمەتیان و قوربانیدانیان پلەیان بەرز ببۆوە، ئەمەش بە بیانوی ئەوەی پلەی زانستیان بەدەست نەهێناوە . ئەوانە مەرەخەس کران بەبێ ئەوەی قەرەبوو بکرێن یاخود مووچەیان بۆ ببڕێتەوە کە ئەمە بووە هۆی ڕقیان هەستانیان و چونە پاڵ ڕیزەکانی ئەوانەی دژایەتی ڕژێمیان دەکرد، بەم کارەیان سوپایان دابەشکرد .

*ئیتحادیەکان یاسای بەسەربازگرتنی زۆرە ملێ یان بەسەر قەتابیانی قوتابخان شەرعیەکاندا سەپاند، لەدوای ئەوەی کە ئەوانە لە سەربازی کردن بوردرابوون ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونیان و چوونە پاڵ ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە .

---

(٢٧٨)هەمان سەرچاوە-ل٦٠٩-٦١٠ .

*سەرجەمی ئەوەی ئیتحادیەکان لە ماوەی نۆ مانگی دوای کودەتاکەیان ئەنجامیان دا خۆ ئامادەکردن بوو بۆ لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دوورخستنەوەی، ئیدی نوێنەری ئیتحادیەکان لە سالۆنیکەوە هاتە پایتەخت و، چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرانی کۆمەڵەدا گرێدا و هەر دوابەدوای ئەم کۆبوونەوانەش بڕیار درا کە کار بکرێ بۆ دروستکردنی بەرهەڵستی چەکدارانە بۆ لابردنی سوڵتان و محەمەد ڕەشادی وەلی عەهد لە شوێنی ئەو دا بنرێت .

*ئیتحادیەکان هەستان بە تیرۆر کردنی حەسەن فەهمی ڕۆژنامە نووس لە مانگی نیساندا کە سەرنوسەری ڕۆژنامەی سەربەستی بەرهەڵستکاران بوو، لەبەر بەشداریکردنی لە هەڵمەتێکی دژە ڕاگەیاندن کە جۆش و خرۆشێکی گشتی لە نێو ناوەندەکانی گەلی بەرهەڵستکاردا دروستکرد.(٢٧٩)

پاش بەدەسەڵات گەیشتنیان و نوشوست هێنانیان لە ئیدارەدانی وڵات، هەروەها گرتنەبەری ڕێبازی خۆرئاوایی کە لە عەلمانیەت خۆی دەبینیەوە، لەلایەکی دیش کەوتنە بەرەنگاری ئیسلام گشت شەریعەت و نەریت و ڕەمزەکانی، هەمەوو ئەمانە بوونە هۆی بەرپا بوونی دژە بزاڤێکی ئیسلامیخوازی . ئەوانەی خوازیاری گەڕانەوەی حوکمی ئیسلامی و کارکردن بە شەریعەتی ئیسلام و گەڕانەوەی خەلیفە بوون لە ئەستەنبوڵ شۆڕشیان دژی ئیتحادیەکان بەرپاکرد .

## سەرهەڵدانی بزاڤی ئیسلامخوازی :

ئەو بزاڤە دژە قەیرانێکی سیاسی مەترسی داری دروستکرد، چونکە کاری پەڕلەمانی ئیفلیج کردو، وەزیری جەنگیی دەستەوەستان کرد لە گرتنەبەری هەر ڕێ و شوێنێك بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو خۆپیشاندەرانە، هەروەها حیلمی پاشا خێرا دەست لە کار هەڵگرتنی خۆیی پێشکەش کرد، سوڵتان لەو قەیران هەلێکی بەدی کرد بۆ گەڕانەوەی تواناو دەسەڵاتەکانی، بەڵام ئەو خواستەی لە قۆستنەوەی بۆ لەناوبردنی دەستکەوتەکانی دەستوری بە ئاشکرا وەدەر نەخست،

---

(٢٧٩) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦١١ .

وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ داواکاری خۆپیشاندەرەکان فەرمانێکی بۆ پەرلەمان دەرکرد کە ڕێز لە شەریعەتی ئیسلامی بگرن.(٢٨٠)

قەیرانی دبلوماسیانەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ز لە مانگی ڕەمەزادا ڕویدا ئەمە لە کاتێکدا حەماسەتی ئایینی تیایدا بە لوتکەی بەهێزی دادەنرێت . لە حەوتی هەمان مانگدا ئاپۆرەیەك لە خەڵکان بەسەرۆکایەتی یەکێ لە دەروێشەکان ڕوویان کردە کۆشك بۆ ئەوەی داوای لە سوڵتان بکەن شەریعەتی محەمەدی زیندوو بکەنەوە، هاوکات پڕوپاگەندە لە دژی ئیتحادیەکان بڵاو بۆوە لەدوای ئەوەی کە تۆمەتی ئەوەیان درایە پاڵ کە قەوارەی ئایینیان تیکداوەو پیاوانی ئایینیان زیندانی کردووە کە تا ئەوکاتەش کاریگەری بەهێزی لە دڵەکاندا بوو، هەروەك چۆن پروپاگەندەی ئەوە بڵاو بۆوە کەوا بزوتنەوەکەی ساڵی ١٩٠٨ هۆیەکەی بۆ دەستێوەردانی وڵاتە بیانیەکان دەگەڕێتەوە، هەندێ لە وڵاتە ئەورووپیەکانیش دەستیان تێدا هەبووە...

هیزی دژکار لەسەرەتای نیسان خۆی ڕێکخستەوەو کۆمەڵەی یەکێتی محەمەدی لەسەر دەستی دەروێش، (وەحدەتی) دروستکرد کەلە ژێر پەردەی غیرەت جووڵان بۆ ئایین کاری دەکرد. ڕۆژی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (ρ) پێنجی مانگی نیسانیان هەڵبژارد بۆ وادەی ڕاگەیاندنی بەرنامەی کۆمەڵەکەی کە بانگەوازی بۆ نموونە هەرەباڵاکانی ئیسلامی دەکرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئیتحادیە عەلمانییەکان ...

لە دوای پێگەیشتنی هۆکارەکانی پزاڤی دژە کار، لە شەوی ١٢ لەسەر ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ز دا خۆپیشاندان لە پایتەخت ئەنجامدرا کە دەروێشەکان و پێش نوێژی مزگەوتەکان و کۆمەڵێك لە زانا ئایینیەکان پێشەوایەتیان دەکرد، هەروەها هەندێ لەپیاوانی سەربازی و شێخەکان و قوتابیانی پەیمانگا ئایینیەکان و کۆمەڵە کەسێکی زۆر لە تێکەڵاوی خەڵکان، ئەوانەی کە تازە لە زیندانەکان ئازاد کرابوون، بەژداریان تێدا کرد... خۆپیشاندەران داوای هەڵوەشاندنەوەی مەشروتیەت و، ڕاگەیاندنی شەریعەتی محەمەدی و،

---

(٢٨٠) هەمان سەرچاوە -ل٦١٤

پارێزگاریکردنی سوڵتان و، ڕماندنی ئەو حکومەتەی ئێستا و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانیان دەکرد . بەگژ ئەنجومەنی مەبعوسان دا چوون و بەدوای ئەحمەد ڕەزای سەرۆکەکەی دا دەگەڕان، نازم پاشای وەزیری دادیان کوشت . ئەو بزاڤە دەست بەجێ لەلایەن گەلەوە پشتگیری کرا کە هەموویان پێکەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستوریان کرد ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامی کەوتونەتە مەترسییەوە... دەروێش وەحدەتی توانی سەربازە سەنگەر گرتوەکانی ناو پایتەخت ئیغرابکات کە بێنە پاڵ بزاڤی دژەکارو ئەوەی خستە خەیاڵ و مێشکیانەوە کە مەشروتیەت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییەو لە ژێر ناچارکردن و فشارەوە ڕاگەیەنراوە و، خەلیفەی موسڵمانانیش بەو قۆناغە تازەیە نارازییە، هەروەها ئەرکی ئایینی دەخوازێ کە یاسای بنەڕەتی هەڵبوەشێتەوەو شەریعەتی محەمەدی ڕابگەیەنرێ...خۆپیشاندەرەکان لە ناوخۆیاندا شاندێکیان پێکهێناو چوونە دیدەنی سوڵتان و داوای ئەو خاڵانەی خوارەوەیان کرد:

*زیندوو کردنەوەی شەریعەتی ئیسلامی .

*لابردنی سەدری گەورەو هەردوو وەزیری جەنگی و دەریایی .

*دەرکردنی ئەحمەدڕەزای سەرۆکی ئەنجوومەنی مەبعوسان و دوور خستنەوەی حوسێن جاوید و ڕەحمی و تەلعەت و ئیماعیل حەقی و هی دیکەش لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە .

*بڕیاری لێبوردنی گشتی دەربکرێ بۆ ئەو کەسانەی کەوا بەژداریان لەو بزاوتە دژ کارەدا کردووە.(٢٨١)

ئەوەی ئاشکرایە بزاڤی دژەکار ئامانجی گەڕانەوەی بۆ حوکمی تاکڕەوانەی پێشوو نەبوو ئەگەرچی هەندێ کەس لەنێو ڕیزەکانیدا هەبوون کە پشتگیریان لەو ڕەوتە دەکرد بەڵکو دژایەتی مومارەسەکانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی و زوڵم و زۆریەکەیانی دەکرد کە شوێنی حوکمی تاکڕەوانەیان گرتبۆوە.(٢٨٢) وەلێ سوڵتان ڕۆڵێکی کارای لە چالاککردنی بزاڤە تازەکە نەبوو،

---

(٢٨١) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦١٢-٦١٣-٦١٤ .

(٢٨٢) هەمان سەرچاوە-ل٦١٥ .

بەڵکو تەقینەوەی شۆڕش پاڵی پێوەنا بۆ هەوڵدان بۆ سوودمەندبوون لەو بارودۆخە تازەیە کە ئەم کارەشی دەبووە هۆی تۆمەتبارکردنی لەلایەن ئیتحادیەکانەوە کەلە دواتردا ڕماندیان.(٢٨٣)

کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی بەو کەسانە دەوترا کە کاریگەرو سەرسام بوون بە کولتورو ڕۆشنبیری شارستانیەتی خۆرئاواو دەیانویست لەسەر ڕەوتی خۆرئاواو ئەوروپی بەتایبەتی چاکسازی لە بوارە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمان بکەن و لەمەشیاندا دژی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری عەبدولحەمید بوون و وەك حزبێکی سیاسی چالاکی گەورەو بەرفراوانیان دەست پێکرد، وەلێ تاساڵی ١٩٠٨ز لەبەر چەند هۆکارێك پڕۆژەی کودەتای سیاسیان بەسەر عەبدولحەمیدی دووەم دا ڕاگرت، کە ئەمانە بوون:

*کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی هیزێکی تەواویان نەبوو بۆ کەنارگیر کردنی عەبدولحەمیدی دووەم لە ساڵی ١٩٠٨ دا .

*عەبدولحەمیدی دووەم سیاسەتی نەرمی لەگەڵدا گرتبوونە بەر، ئەمەش بەجێبەجێ کردنی ئارەزووی ئیتحادیەکان بە گێڕانەوەی دەستور پاش ئەوەی بەفەرمانێك عەبدولحەمیدی دووەم دەستوری پەك خستبوو .

*دۆستانی ئیتحادو تەرەقیەکان جورئەتی تەواویان نەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەکانیان لە دژی عەبدوالحەمیدی دووەم لە نێوان سەربازەکاندا، چونکە سەربازەکان دۆستایەتیان بۆ عەبدولحەمید دەربڕی بوو.(٢٨٤)

ئەوەی ماوەتەوە باسی بکەین ڕۆڵی هەریەکە لە جولەکەو ئیتحادیەکانە لەو بزاڤەدا ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو بزاڤە لەدژی حوکمی ئەوان دروست بوو، بێ گومان ئامانجی جولەکە ڕماندنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو، چونکە ببووە کۆسپێك لەبەردەم بەدی هێنانی مەرامەکانیان،

---

(٢٨٣) هەمان سەرچاوە-ل٦١٥ .

(٢٨٤)عوسمانیەکان-کۆمەڵێك نوسەر-ل٢٧٨-٢٧٩ .

**لە کاتێکدا ئیتحادیەکان ویستیان چنگیان بەسەر کورسی دەسەڵات بەهێز بکەن و نەیارەکانیشیان لەنێوببەن، هەروەها چاویشیان لە ئاست لابردنی سوڵتان بنوقێنن و حوکم بە تەنیا بۆ ئەوان بێت . بۆیە هەردوولایان بارودۆخە شلەژاوەکەی پایتەختیان قۆزتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان لەڕێگەی دەست تیوەردانێکی ئیتحادیانەی سەربازی بهێننە دی، بۆیە گرفتەکەیان بەرەو قەیران پاڵ پێوەنا بەوەی کە شوێنکەوتووەکانی کەوتنە کوشت و بڕکردنی هاوڵاتیەکان لە ناو شەقامەکاندا و گاڵتەیان بە پیاوانی ئایینی کردو دەستیان بەسەر کۆشکەکاندا گرت و تاڵانیان کردن . لەڕاستی دا سەرکەوتنی نەیاری ئیتحادیەکان بە سەرکەوتن لەقەڵەم نادرێ، چونکە ئەو بارودۆخە تازەیە کەلە تەقینەوەی قەیرانەکە دروست ببوو، هەر لەنێو پایتەخت دا پەنگی خواردبۆوە، هەرچی ویلایەتەکانی مەقدۆنی بوو کە لانکی مەشروتیەتی دووەم بوو هەر لەسەر پشتگیری کردنی سەردەمی نوێ مابۆوە، ئەوەی کە حوکمی سوڵتانیان بە حوکمی ئیتحادیەکان گۆڕییەوە.(٢٨٥)**

**ئیتحادیەکان بە کارێکی سەربازی خێراو یەکلاکەرەوە ڕووبە ڕووی ئەو بزاڤە دژەکارەی حوکمیان بوونەوە . ئەوەبوو جووڵەیان بە سوپای سالۆنیك بەسەرۆکایەتی مەحمود شەوکەت کرد کە ئەم بزاڤەی بە هەڕەشە کردنێك بۆسەر بناغەی سەرەکی دەوڵەتە تازەکە دەبینی، بۆیە شاڵاوی بردە سەر پایتەخت بۆ لەناوبردنیان.(٢٨٦) ئەم کارە، لەگەڵ ویستی وڵاتە ئەورووپییەکاندا دەگونجا، بەتایبەتی بەریتانیا ئەم هەنگاوەی بەیەکەم هەنگاوی پارچە پارچەبوونی خیلافەتی عوسمانی دەبینی، هاوکات جووەکان و ئەرمەنیەکان هەستیان کرد لە ئامانجەکانیان نزیك دەبنەوە.(٢٨٧) هێزەکانی ئیتحادو تەرەقی لە سلانیکەوە بەرەو ئەستەنبوڵ هاتن، هەندێ باندی بولگاری و سڕبی چوونە پاڵیان، ئەم هێزە وای دانابوو کەوا بۆ ڕزگارکردنی سوڵتان هاتوون تا لە یاخی بووانی ئەستەنبوڵ قوتاری بکەن، هێزەکانی سەربە سوڵتان عەبدولحەمید، ویستیان نەهێڵن ئەو هێزە بێتە ناو ئەستەنبوڵەوە،**

---

**(٢٨٥) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦١٥-٦١٦.**

**(٢٨٧)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عبدالحکیم-ل١١٢ .**

بەڵام سوڵتان بەمە ڕازی نەبوو...ئەو هێزە هاتە نێو ئەستەنبوڵەوە بە فەرماندەیی (مەحمود شەوکەت پاشا)، حوکمی عورفی دامەزراندو دەستی گرت بەسەر کۆشکەکەی سوڵتان، هەوڵی ئەوەشیاندا، (موفتی دەوڵەت) ڕازی بکەن، تاکو فەتوای لابردنی سوڵتان دەربکات، بەڵام بەمە ڕازی نەبوو، وەلێ لەژێر هەڕەشەدا ناچار بوو فەتوای لابردنی بدات.(٢٨٨)

ئەم سوپایە بە بزاڤی (بزاڤە سوپا-جيش الحركە) ناسرا، لە ٢٤ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٠٩ز گەیشتە پایتەخت و کۆشکی (یەڵدز)ی گەمارۆ داو حوکمی عورفی ڕاگەیاندو دادگای تایبەتی بۆ دادگایی کردنی بکوژەکان دامەزراند.(٢٨٩) هەڵبەت هەموو ئەم نەخشەو پیلانانە بە چاودێری و پشتیوانی دەوڵەتە ئەورووپییەکان بەڕێوە چوون و جێبەجێ کران . وەك نکولی لە ڕۆڵی کارای دیانەکانی جولەکەو مەسیحییەکانی نێو خودی دەوڵەتی عوسمانی ناکرێت لەم پرۆسەیەدا، ماسۆنیەتیش سەرباری هەموویان .

ئیتحادیە ماسۆنیەکان لەگەل موفتی (زیائەدین) فەتوای لابردنی سوڵتانی لە ڕۆژی سێ شەممەی ٢٧ی مایسی ١٩٠٩ز دەرکرد، (٢٤٠ ئەندامی ئەنجومەنی پیران) لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا کۆبوونەوەو بەکۆی دەنگەکان سوڵتانیان لەسەر کورسی لابرد .

شێخ (حەمدی ئەفەندی) ڕەشنوسی فەتواکەی نووسی، بەڵام (نوری ئەفەندی) بەو ڕەشنوسە ڕازی نەبوو، هەڕەشەی دەست لەکار هەڵگرتنی کرد ئەگەر هەموارنەکرێت، چەند نوێنەرێکی دیکەشی هاتنە پاڵی، ناچار هەموار کراو داوای وازهێنان یان لابردنی کرا.(٢٩٠)

---

(٢٨٩) عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٦١٦ .

(٢٨٨)هەمان سەرچاوە-ل١١٢-١١٣ .

(٢٩٠)مستەفا مەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل١١٤ .

سالۆنیك شارێکە سەر بە وڵاتی یۆنانە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، ئەم شارە بنکەی ماسۆنی و کۆمەڵەی ماسۆنیە جووەکانی دۆنمەیە. لەم شارەدا سوڵتان عەبدولحەمید دوای لاچوونی لەسەر خیلافەت لە ساڵی ١٩٠٩ز لە کۆشکێکی یەهودی ماسۆنیدا دانیشێت، خاوەنەکەی ناوی (ڕەمزی بەگ) بوو. سالۆنیك بنکەی نەیاران و بەرهەڵستکارانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو، تا شارەکە لەژێر دەسەڵاتی تورکەکان دەرچوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.... بڕوانە مستەفا مەمال ئەتاتورك-ل١٢٢ .

لەسەر داوای ئیتحادو تەرەقی لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ ئاگادار کردنەوەی خەلیفەی ئیسلام و سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم کەوا بڕیار دراوە لابدرێت . لیژنەکەش لەم کەسان پێکهاتبوون:

*ئیمانۆیل قەرەسو، جویەکی ئیسپانییە،یەکێك بوو لەوانەی بەشداری (تورکیای لاو)ی کردبوو، لە ئیتحادو تەرەقی بەرپرسی ئاژاوە نانەوە بوو لە دژی سوڵتان عەبدولحەمید، بەرپرسی پەیوەندیەکانی نێوان سلانیك و ئەستەنبوڵ بوو .

*ئارام ئەرمەنی، ئەلبانیە، نوێنەری ئەنجومەن بوو .

*ئەسعەد توبتانی، فەریقی دەریایی، ئەندامی ئەنجومەن بوو... سوڵتان دەستی لە کورسی هەڵگرت و براکەی (محەمەد ڕەشاد)کە بە محەمەدی پێنجەم ناسراوە هاتە جێگاکەی . سوڵتان بۆ سالۆنیك دوور خرایەوە، لەوێدا لە کۆشکی کابرایەکی یەهودی دا دەژیا، لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ز و لە تەمەنی ٧٦سالی دا کۆچی دوایی کرد.(٢٩١)

بە جێبەجی کردنی ئەم بڕیارە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێچرایەوە، گۆڕپانەکە بۆ پیاوانی ئیتحادو تەرەقی چۆڵ بوو، ئەوانەی کۆمولەکەیان لە ڕێکخراوێکی نهێنییەوە بۆ حزبێکی سیاسی ئاشکرا گۆڕی و بەتەنیا جلەوی حوکمیان گرتە دەست و، سوڵتان محەمەدی پێنجەمیش ڕێگەی پێدان بەناوی ئەوەوە حوکمڕانی بکەن.(٢٩٢)

سوڵتان محەمەد ڕەشاد لە دوای عەبدولحەمیدی دووەم هاتەسەر کورسی دەسەڵات، لەو کاتەدا دەوڵەت لە حاڵەتی ئاوزینگداندا بوو، بەڵام هێشتا هەر بە یەکگرتوویی مابۆوە. بارودۆخی ڕەفتارکردنی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپییەکان لەوانەی پێش خۆی باشتر نەبوو. بەجۆرێك کە ئەم دەوڵەتانە خەریکی پیلانگێڕان بوون لە دژی سوڵتان و دەوڵەتەکەی. هەرچۆنێك بێت، دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی محەمەد ڕەشاددا توشی سێ قەیرانی مەترسی دار بۆوە،

---

(٢٩١) مستەفا مەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل١١٤ .

(٢٩٢)عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٦١٧ .

کەلە کۆتایی دا بووە هۆی ڕووخاندنی و هاتنە ئارای تورکیای نوێ . ئەو قەیرانانەش ئەمانە بوون: داگیرکردنی تەرابلوسی خۆرئاوا لەلایەن ئیتالیاو، جەنگەکانی بەلقان و، جەنگی یەکەمی جیهانی.(٢٩٣)

حزبی ئیتحادو تەرەقی کە کودەتای لەدژی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەنجام دا، لە بارودۆخێکی ئەوتۆ جڵەوی دەسەڵاتی وەرگرت کە دام و دەزگاکانی دەوڵەت تەواو شپرزە ببوون، فەرمانبەرانی دەوڵەت موچەیان وەر نەدەگرت و، قەرزە دەرەکیەکانیش بەشە قەرزەکانی لە کاتی خۆی دا نەدەدایەوە، گەل هۆیەکانی ئاسایشی لە دەست دابوو، ئاگری فیتنەو ئاژاوەکان لە ویلایەتەکاندا کلپەیان سەندو نەتەوەکانیش لە ئامادەباشی دا بوون بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی عوسمانیەکان، جا دەوڵەتە ئەوروپییەکانیش ئەو بارو دۆخە ناجێگیرەیان قۆزتەوە بۆ دابڕینی پاشماوەی زەویەکانی دەوڵەت . ئەوەبوو نەمسا بەرەو دەریا ئیجە پەڕییەوەو هەنگاوی نا، دەوڵەتەکانی بەلقان سەرلەنوێ ڕاپەڕینیان ئەنجام داو، ئیتالیاش بەرەو لیبیا ڕۆیشت بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.(٢٩٤)

حزبی ئیتحادو تەرەقی، دوابەدوای دەسەڵات گرتنەدەستی بایەخی بە گشتاندنی یەکسانی دا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، پاشان هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دا کەڕووبەڕووی دەوڵەت ببونەوە لە جێبەجێ کردنی یاساکان، بەڵام ئەو پێشهەچوونانەی کەوا لە دوای ئەمە ڕوویاندا ئەنجامگەلێکی ئەوتۆیان لێکەوتەوە کە مەزندەکانیان سەرتاپا ئاوەژوو کردەوە، ئەوەبوو پیاوانی کۆمکاری ئیتحادو تەرەقی بۆ قەومییەتی تورك گۆڕان، هەوڵی بەتورك کردنی وڵاتیان دا. جا لەگەڵ نەتەوە جۆربەجۆرە تازە پێگەیشتوەکان بەریەك کەوتن، لەوانەش لەگەڵ بزاڤی عەرەبی و بزاڤی نەتەوەکان لە بەلقاندا.(٢٩٥)

## ناسیۆنالیزم و ئیتحادو تەرەقی :

---

(٢٩٣) عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا -د.محەمەد تەقوش-ل٦٢٧-٥٢٨ .

(٢٩٤)هەمان سەرچاوە-ل٦٢٨ .

(٢٩٥)هەمان سەرچاوە-ل٦٢٨ .

هاوكات لەگەڵ خۆگۆڕینی بەرەبەرەی بۆ پارتی تاقانە، كۆمیتە تادەهات زیاترو بە ئاشكراتر دەبووە زمانحاڵی ناسیۆنالیزمی تورك. ئەم پەرەسەندنە وابەدیار دەكەوی پارادۆكساڵ بیّ، بەتایبەت لەسەر ئەو هاوپێوبەندییەی كە لەگەڵ ڕێكخراوەی سەرەكی ئەرمەنییەكا-تاشناك-(كۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئەرمەن)دا هەیبوو، كە تا دوای ئاشوبەكانی ئەدەنەی ١٩ی نیسانی ١٩٠٩ز كە(لە كۆی ١٩,٨٥٠قوربانی، زیاتر لە ٧٠٠٠یان ئەرمەنی بوون) هەر بەردەوامیش بوو. بەڵام ئەمە بەئاسانی ئەوە لێكدەداتەوە كە: لە(١٩٠٦)ەوە، لەواقیع دا ڕێكخراوەی ناوەخۆی كۆمیتە بە دكتۆر نازم و بەهادین شاكر سپێردرا، هەردووكیان ڕوانگەیەكی پان تۆرانیزمیان هەبوو. بەهەمان شێوە، ڕێكخراوەكە ژمارەیەك ڕوناكبیری ناسیۆنالیستی بەدەورەوە بوو لەوانە(تۆكین ئالپ-نازناوی موسا جۆهەن، یوسف ئاكچوورا و بەتایبەتیش زیا گوك ئالپ كە بوو بە" ئایدیۆلۆگی فەرمی"كۆمیتە لە ساڵی ١٩٠٩ز، ەوە) بەچەند جیاوازییەكی نزیك ئەم "پیاوانەی قەڵەم" هەمان ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی "پیاوانی شمشێر"ی كۆمیتەیان هەبوو: ئەنادۆڵ دەبیّ توركیزە بكریّ، دەبیّ بكرێتە بنكەیەك بۆ یەكگرتنەوەی تەواوی توركەكان. بە دنەدان و پارێزگاریكردنی كۆمیتە، كۆمەڵێك ڕێكخراوی نەتەوەیی چاویان هەڵێنا، لەوانە: (تورك یۆردۆ-كۆمەڵەی نیشتمانی تورك كە لە ساڵی ١٩١١ دامەزرا)، (ئۆجا قلری-ماڵی توركان، لە ساڵی ١٩١٢ دامەزرا)، (تورك گۆجۆ-هێزی تورك-ڕێكخراوەی نیمچە سەربازی كە لە ساڵی ١٩١٣ دامەزرا)...

وەك برێك لە هاوتا ئەورووپیەكانیان، ناسیۆنالیزمی ئیتحای لەگەڵ پێچانەوەی سەدەدا ئیلهامی لە داروینیزمی كۆمەڵایەتی وەردەگرت و ژیانی نەتەوەكانی وەكو ململانێی نێوان جۆریّ ئۆرگانەكان تەماشا دەكرد. بەرهەمەكانی گۆستاڤ لۆبۆن كە بڵاوكەرەوەی داروینیزمی كۆمەڵایەتی بوو، بەتایبەت كاریگەرییەكی زۆری بەسەر "پیاوە چالاك"ەكان و بەسەر ڕووناكبیرە ئیتحادییەكانەوە بوو.(٢٩٦)

---

(٢٩٦) ) عوسمانەكان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا كودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٣٢-٣٣,٣٥-٣٦ .

## توركیزەکردنی دەوڵەتی عوسمانی :

سەرانی ئیتحادو تەرەقی هەر لە سەرەتای ساڵانی دەسەڵات گرتنە دەستیان لەنێو خیلافەتی عوسمانیدا، کەوتنە تورکاندنی ئەو دەسەڵاتە، بەو مانایەی بایەخدان تەنها بە نەتەوەی تورك بوویە چەقی سیاسەتی ئەندامانی پارتی ئیتحادی دەسەڵاتدار، لەوەبەدوا کەوتنە دەرکردنی هەر کاربەدەستێکی غەیرە تورك لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، چ مەدەنی و چ سەربازی، لە گشت پلەو پایە سەربازییەکاندا . هاوکات دەستیاندایە سەپاندنی زمانی تورکی بەسەر نەتەوەکانی دی نیو دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵیاندا وەك تاکە زمانی ڕەسمی دەوڵەت بیناسێنن، ئەمە جگەلەوەی لە زۆر ناوچەدا پرۆسەی بە تورك کردنی خاك و ئاویشیان پیڕۆ کرد، واتا دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەیەکیان لە زێدی خۆیان وەدەر دەناو هاوڵاتیانی تورك زوبانیان بۆ هاوردە دەکردو تێیدا نیشتەجێ یان دەکرد. سەرباری نەیاریکردنی ئیسلام و شەریعەت و شەعائیرەکانی کە ئاینی زۆرینەی گەلانی عوسمانی بوو، لەگەڵ سەپاندنی بیرو باوەڕی عەلمانیەت و شێوازی ژیانی ئەورووپی بەسەر گەلانی ئیسلامی دا، ئەوەش لە حاڵێکدا کە پێچەوانە و دژی ئایین و نەریت و کلتوری ئەو گەلانە بوو .

ئەم کارانەی ئیتحادیەکان کاردانەوەی پێچەوانەی بەدوای خۆیدا هێنا، چوون دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام دامەزرێنرا بوو، هەر ئەو عەقیدەو باوەڕە ئیسلامییەش توانی بووی گشت ئەو گەلانە پێکەوەو لەنێو چوارچێوەی یەك دەوڵەت و لە ژێر سایەی یەك خەلیفەدا کۆبکاتەوە و ئاشتی و تەبایی و دادگەری و پێکەوە ژیانیان لەنێواندا بەرپا بکات، هەرکامیان لەنێو قەوارەی ئەو دەسەڵاتەدا هەست بە کیان و وجودی خۆی بکات و مافەکانیان پاریزراو بێت . تاکاتێك دەسەلاتی خەلیفەی موسڵمان بەرقەرار بوو، شەریعەتی ئیسلام یاسای دەوڵەت بوو، تورك و عەرەب و کورد و بولگاری و یۆنانی و ئەلبانی و مەقدۆنی و ڕۆمانی ز....هتد، پێکەوەو لەتەنیشت یەکدا دەژیان، هەموان بەشدار بوون لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراوەکانی، ئەم بارەش هەروا درێژەی کێشا تا کۆتایی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم .

پاشئەوەی ئیتحادو تەرەقیەکان لە ساڵی ١٩٠٩ز کودەتایان بەسەر عەبدولحەمیدی دووەم دا کردو خۆیان هاتنە سەر حوکم، دەستیان کرد بە پیادەکردن بیری تۆرانیزم، کە بانگەشەیەکی نەژادی بەرفراوان بوو بۆ یەکگرتنی سەرجەم گەلانی موسڵمانی ناوچەکانی قەفقاس و ئازەر بایجان و هەموو ئەو نەتەوانەی تر کە بەڕەچەڵەك تۆرانی بوون، بۆ بەرز ڕاگرتنی نەتەوەی تورك و سەروەری باو باپیرانیان، ئەمەش بوویە هۆی وروژاندنی گەلانی تری نێو دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەت عەرەب و کورد. عەرەبەکان دەستیان کردە پێکهێنانی چەند کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی وەك: (کۆمەڵەی قەحتانی)نهێنی بەسەرۆکایەتی (عەبدولکریم خەلیل)و (عەزیز عەلی میسری ئەفسەر)، هەروەها (کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکان) کە لە شاری پاریسی فەڕەنسا، لە ساڵی ١٣٢٩ ك/ ١٩١٠ ز)پێکهات لەسەر میتۆدی کۆمەڵەی تورکە لاوەکان. ئەم کۆمەڵەی عەرەبە لاوانە لەلایەن ژمارەیەك لەو قوتابیانەوە دامەزرا کە لە پاریس دەیانخوێند و بە پرەنسیپەکانی خۆرئاوا و بەتایبەت پرەنسیپەکانی دەمارگیری نەتەوەیی تێر ببوون، ئامانجیان سەربەخۆیی تەواو بۆ عەرەب و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی بوو . بۆیە بارەگاکەیان لە پاریسەوە گواستەوە بۆ بەیروت و پاشان بۆ دیمەشق و دواتر بۆ ئەندامانیان زیادی کرد، بەتایبەت لە مەسیحییە عەرەبەکان پێکهاتبوو....

هەروەها کۆمەڵەی زاراوەیی لە بەیروت ساڵی (١٣٣١ ك/ ١٩١٢ ز) دامەزراو لەگەڵ کۆمەڵەی ڕێنیسانسی لوبنانی، لە تاراوگە هاوکاری یەکتریان کردو نامەیەکی هاوبەشیان بۆ حکومەتی فەڕەنسی لە ساڵی (١٩١٢ز)دا ناردو تیایدا داوای داگیرکردنی سوریاو لوبنانیان لەلایەن فەڕەنساوە کرد، لەلایەکی ترەوە ڕۆشنبیرانی عێراق ڕوویان لە ئینگلیز نابوو، بەشێوەیەك هەندێکیان پشتگیری دامەزراندنی سەرپەرشتیاریەکی بەریتانی یان دەکرد بەسەر پرۆگرامەکانی چاکسازییەوە. تەنانەت داوای پاراستنی بەریتانیایان دەکرد بەسەر عێراقەوە. دواجار لە ساڵی (١٣٣٢ ك/ ١٩١٣ ز)کۆمەڵەی عەرەبە لاوەکان کۆنگرەیەکی عەرەبییان لە پاریس گرێداو فەڕەنسیەکانیش شوێنی گونجاویان بۆ ئەم کۆنگرەیە خۆشکردبوو. بۆیە ئەندامانی کۆنگرە بڕیاریاندا :

*پێویستی جێبەجێ کردنی چاکسازی بەخێرایی .

*بەشداری پێکردنی عەرەب لە ئیدارەو بەڕێوەبردنی ناوەندیدا .

*کردنی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی لە سەرجەم ویلایەتە عەرەبەکاندا .

*کردنی خزمەتی سەربازی بەشێوەیەکی ناوچەیی بەنیسبەت عەرەبەوە، مەگەر کاتێ پێویست نەبێ .

*هاوسۆزی لەگەڵ داواکاریەکانی ئەرمەندا.(٢٩٧)

ئەرمەنەکانیش کەوتبوونە چالاکی نەتەوەیی لە پێناو بونیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، هەروەها بۆ بەرپرچ دانەوەی بیری تۆرانی ئیتحادیەکان . لەمەشیاندا پشتیان بە ڕوس و باقی دەوڵەتانی ئەورووپی بەستبوو، بەو هۆیەشەوە ڕووبەڕووی جەنگێکی سەخت بوونەوەو کوشتارێکی فرەیان لێکرا، تاڕادەی پاکتاوکردنی نەژادی، ئەمەش بە پیلانی سەرانی ئیتحادی کەلەو دەمانەدا تاقە پارتی دەسەڵاتداری بێ مونافیسی نێو دەوڵەتی عوسمانی بوون .

بەڵگەنامە عوسمانییەکان کە لە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن حکومەتی تورکیا بڵاوکرانەوە بۆ بەدرۆخستنەوەی حەقیقەتی قەتڵ و عامەکە، بەپێچەوانەوە ڕێگەی ئەوە دەدەن لەوە بگەین کە بە چ ترسناکییەکی کاریگەر قەتڵ و عامەکە جیبەجێ کراوە: تەنیا چەند مانگێگ دوای فەرمانی ڕاگوێزانی (٢٤ی نیسانی ١٩١٥)، لە سێپتامبەری ١٩١٥، بەڕێوەبەرانی ناوەخۆ لەسەر داوای تەلعەت پاشا، ئاگاداری دەکەنەوە کە هیچ ئەرمەنییەك لە هەرێمەکانی یۆزگات، شەهر، هامانا، نیلیهان، سونگوڕلو، ئیزمیت، ئەسکی شەهر، قەیسەری، قەرە حەسار، چای، نیغدە...نەماون . بەهەمان شێوە دکتۆر ڕەشید، والی دیاربەکر، لە ڕاپۆرتێك بۆ تەلعەت پاشا دەنوسێ، لە دانیشتوانێك کە ئەو لە یاداشتنامەکەیدا بە١٢٠,٠٠٠ کەسیان دادەنێ، هەریەك تاقە ئەرمەنیش نەماون بۆ ڕاگوازتن، بەدەر لەو ئەرمەنییانەی کە(بەڕێوەن)و لە هەرێمەکانی ترەوە دێن، ئەرمەنەکان هەر زوو سەرو ماڵیان سەرو مڕ کراو لە ١٨ی ئابی١٩١٥،

---

(٢٩٧)عوسمانیەکان-کۆمەڵێك نوسەر-ل٢٨١-٢٨٢ .

واته کەمتر لە چوارمانگ دوای دەستپێکی فەرمی (ڕاگوێزان) حکومەتی بڕیاری دا کەوا "کچە دەستبەسەر کراوە ئەرمەنییەکان ئەوانەی موسڵمان بوون دەتوانن مێرد بە موسڵمانان بکەن، هەڵبەت بەمەرجێك هەموو لە ڕادەرچوونێك ڕێگەی لێ بگرێ" لە ٣٠ی نیسانی ١٩١٦ بەشێوەیەکی یاسایی ددان بەمەرگی پیاوەکاندا دەنێ و ڕێگە بە موسڵمانان دەدا "ژن و بێوە ژن"ە ئەرمەنەکان مارە بکەن.....

قەتڵ و عامی ئەرمەنیەکان بەشی زۆرترینیان لەلایەن "ڕێکخراوەی تایبەت"ی "تشکیلاتی مخصوصە" ئۆرگانی ئاسایشی سێ پیاوەکە بەڕێوە دەبرا کە کۆمیتەچییەکانی ئیتحادو تەرەقی بەخۆوە دەگرت، بەگویرەی پێناسەی یەکێك لەوانە (فوئاد بالقان)، دروشمی ئەم ڕێکخراوە تایبەتییانە بریتی بووە لە "بسوتێنە، تێکوپێکی بدە بەبێ بەزەیی، بۆ نیشتمان و بۆ نەتەوە بیانکوژە". ئازادبوونی زیندانییانی تاوانباری جەنگی بەشێوەیەکی بێشومار، ڕیزی ئەم ڕێکخراوەی پتەو کرد، بەڵام بەشێکی بەگزادەو عولەمایەکان، هەروەها سوارە خێڵەکیەکانی کورد کە لەژێر حوکمڕانی عەبدولحەمیدا درووست کرابوون، ئەوانیش بەشدارییان لە قەتڵ و عامەکەداکردو موڵك و سامانی ئەرمەنییەکانیان دەستبەسەردا گرت . ئەم بەشداریکردنە لە تاوان هاوپەیمانی نێوان ئیتحادو تەرەقی سەقامگیرکرد، هاوپەیمانیەك وەك ئەوەی "تەنەر ئاکچام" ئاماژەی بۆ دەکات لە ساڵی ١٩١٩، بوو بە بناغەی کۆمەڵایەتی جەنگی سەرخۆیی....

بەگوێرەی مێژوونوسی ئێستەی تورك، ئەوەیان بەهیچ کلۆجێ قەتڵ و عام نییە، بەڵکو تەنیا کردەیەکی"خۆپارێزی " حکومەتی عوسمانی و نەتەوەی تورکە، سەرباری ئەوەی لە نیازچاکی حکومەت لەبەرانیەر ئەرمەنییەکان سەرچاوەی گرتووە: لە ساڵی ١٩١٥، لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشگێڕییەکانی ئەرمەنی، کە هاریکارییان لەگەڵ هیزەکانی ڕوس دەکرد هەڕەشەیان لە بونیان دەکرد، ئەمە حکومەتی ناچارکردووە بۆ ڕاگوێزانی بەشێکی ئەرمەنییەکان بۆ شوێنە ئەمینەکان، ( ٧٠٠,٠٠٠ کەس لە سەرلەبەری دانیشتوان کە بەگوێرەی سەرچاوە تورکییەکان بە ١,٣٠٠,٠٠٠ کەس خەملێنراوە، نزیکەی نیوەی ڕاگوێزراوەکان "٣٠٠,٠٠٠"یان بەهۆی سەرماو سۆڵەو پەلاماری چەتە چەکدارەکان لەناوچوون،

ئەمە واتا هۆکار گەلێك کە ناتوانرێ دەوڵەتی عوسمانی تێدا بە بەرپرسیار بگیرێت!(٢٩٨)

هەر لەو دەمانەداو بەهۆی تاوسەندنی بیری نەتەوایەتی لەنێو گەلانی ئەورووپی لەوانیش بەتایبەت بەریتانیاو ئەلمانیاو فەرەنسیەکان، دەستوەردانی دەوڵەتانی ئەورووپی لە کاروباری عوسمانی و بەتایبەتیش لە هەرێمەکانی بەلقان و وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی ئەو گەلانەو دنە دانیان لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لەلایەك، لەهەمانکات گرتنەبەری ڕێبازی تۆرانیەت و پیڕۆکردنی سیاسەتی نەژادپەرستی لەلایەن ئیتحادیەکان و چەوساندنەوەی گەلانی غەیرە تورك لەلایەکی دی، بوونە هۆی ڕاپەڕینی ئەو نەتەوانەو دژوەستانەوەیان لەهەمبەر دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتی حکومەتی ئیتحادییەکان، ئەمەش لەدواجار جەنگی بەلقانی ساڵی ١٩١٢ی بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەوشان و شەوکەتەی کە هەریەکە لە یۆنان و ڕۆمانیا و سرب یەدەستیان هێنا، ڕێی خۆشکرد بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە چاوەڕوانی ئەو ساتە بکەن کە تیایدا ڕۆڵەکانی هۆزەکەی لە بەلقان کۆدەبنەوە بەتایبەتی ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی حوکمی عوسمانیدا دەژیان، بەڵام ئەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو جەنگانەی بەلقان بریتی بوو لە زیاد بوونی بەردەوامی بزاڤی نەتەوایەتی هەریەکە لە نەمساو مەجەڕو تورکیا،

هەرچی هەڵوێستەکانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپایە لەبەرانبەر ئەو گرفتەدا بە پلەیەکی ئەو تۆ بەریەك کەوتبوون کە ئەستەم بوو دۆست و دوژمن لەو وڵاتە بەلقانیانە دەست نیشان بکرێن، لەهەمانکات ئەستەم بوو دیاری بکرێ کە لەو وڵاتە گەورانەی ئەورووپا کامەیان دوژمنە.(٢٩٩)

لەڕاستیدا هەڵگیرسانی جەنگەکانی بەلقان زۆر ئاسایی بوو، ئەوە بوو ڕوسیا بەشێوەیەکی کاتی سرب و بولگاریای ئاشت کردەوە بەڵام هەر زوو ئەم دوو دەوڵەتە بچووکە ئاشکرایان کرد کەوا ڕوسیا ئامادە نییە لە نەخشەو پلانە نەتەوایەتییەکەیاندا تاکۆتایی پاڵپشتیان بکات،

---

(٢٩٨)مێژووی تورکیای هاوچەرخ-حەمید بۆز ئەرسەلان-ل٤١-٤٢-٤٣-٤٤ .

(٢٩٩) عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا -د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٣ .

ئەمەش بۆئەوەی دەوڵەتی عوسمانی هەراسان نەکات، هەروەها بۆئەوەی مەرامەکانی لەم دەوڵەتەدا ڕووبەڕووی هەڕشە نەبێتەوە، بەهەمان شێوە دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپاش زۆر کەمتر سۆزیان بۆیان هەبوو، لەبەر ئەمە هەردوو چوونە نێو هاوپەیمانێتییەکەوە کە لە مانگی ئازاری ١٩١٢ز دا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد بۆ دەستەبەر کردنی سەلامەتی زەویەکانی هەریەکەیان و دەست بەسەرداگرتنی هەر بەشێك لە موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە بەلقان . لە پاشکۆیەکی نهێنی دا هەردوو دەوڵەت کارێکی هاوبەشیان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕێکخست بەو مەرجەی ڕوسیا ڕەزامەندبێت . لە ١٩ی مانگی ئایار هەریەکە لە بولگاریاو یۆنان هاوپەیمانێتی یەکی بەرگریان لەگەڵ یەکتردا مۆرکرد کە لە پاشاندا ڕێککەوتنێکی سەربازی لە مانگی ئەیلول دا بەدوادا هات، بەمەش کۆمەڵەی بەلقان دروست بوو کە لە دواتردا ئەلئەعزەم ڕەشیش چووە پاڵی . وڵاتانی کۆمەڵەکە وا هەستیان کرد بەرژەوەندیان لە مەترسیدایە، لە ئەنجامی پرۆژەی دەوڵەتی عوسمانی کە دەیویست بەشێوەیەکی تۆکمەتر مەقدۆنیا بەخۆیەوە ببەستێتەوە ئەوەش بە یارمەتی بزاڤی جێنشینی تازەی ئیسلامی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕەوتی ئازادیخوزانەی ئەو ناوچەیە کە چالاکی بەکرێگیراوەکانی نەمساو ئەوکارە تیروستیانەی بەخۆوە دیت کەوا بولگارییەکان ئەنجامیان دەدا، ئەوانەی کە ڕێکخستنە نهێنیەکانیان لە مەقدۆنیا بۆمبایان دەهاویشت و ترس و بیمیان دەنایەوە.(٣٠٠)

ئاشکرایە ڕق لێبوونەوەی عەسمانیەکان بەشێوەیەکی گشتی و ڕق هەڵگرتنیان لە بەرانبەر ئیسلام و موسڵمانان بەشێوەیەکی تایبەتی، ئەو کۆڵەکەیە بوو کە کۆمەڵەی بەلقانی لەسەر یەکێتی کۆ کردبوویەوە، هاوکات خراپی جڵەوگیری کۆمەڵی ئیتحادیەکان لە کاروباری وڵاتەکەیان یاریدەدەر بوو بۆ پتەو و توندو تۆڵکردنی . وابەدیاردەکەوێ کە نەخشەو پیلانەکە بە هێرش کردنە سەر زەویەکانی عوسمانی جێبەجێ دەکرا لە کاتێکدا ڕوسیاو فەرەنسا تیایدا نەمسا-مەجەڕو ئەڵمانیایان قۆڵبەست کردبوو. هەروەك چۆن سربەکان ڕێگەیان بە بانگەشەیەکی بەهێز دا بۆ کۆمکاری سربیایی و دەوڵەتی سلاڤیای گەورەیان لەنێوان نەمساو مەجەڕ،

(٣٠٠) عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا -د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٣-٦٣٤ .

بۆ ئەوەی نەهێڵێ لە کاتی هێرشکردنی وولاٌتەکانی کۆمەڵە بۆ زەویەکانی دەوڵەتی عوسمانی وەجواب بێن . شیاوی باسە نەمسا بەدوای هۆکارێك دەگەڕا کە بۆ تاهەتایە دەم کوتی بانگەشە چالاکەکان بۆ سرِبیای گەورە بکات ئەمەش بۆئەوەی ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا توشی لێکترازان نەبێت بەهۆی فرە نەتەوەییەکەی...لە ۷ی مانگی تشرینی یەکەم بە ولاٌتانی کۆمەڵە ڕاگەیەنرا کە دەوڵەتە گەورەکان دژایەتی هەر پارچە پارچە کردنێکی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن و، هەرگیز ڕێگە بەوە نادەن ئەو بارودۆخە هەنووکەییە لە بەلقان گۆڕانکاری بەسەردا بێت . لە ۸ی مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹۱۲ز دا ئەلئەعزەم ڕەش جەنگی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند بەبێ ئەوەی حیساب بۆ هیچ یەکێ لە هەڕەشەکانی ئەورووپا بکات، پاشان پاشاکانی بولگاریا و سرِب و و یۆنانیش بە دوای ئەوداو لە ۱۸ی مانگدا جەنگیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، بەمەش ئاگر لە بەلقاندا بڵێسەی سەندو جەنگ سەرجەم پارچەکانی گرتەوە.(۳۰۱)

ئەو کردە سەربازیانەی کە سوپاکانی کۆمەڵە ئەنجامیانداسەرکەوتوو بوو، توانیان لە هەموو ئەوجەنگانەی کە تیایدا بەرەو ڕووی عوسمانییەکان بوونەوە شکست بە عوسمانییەکان بێنن، بەلاٌم ئەو کردە سەربازیانە بەشێوەیەك ئەنجام دران کە بوونە هۆی وەرچەرخانی بارودۆخە سیاسی و ستراتیژیەکانی نێودەوڵەتی، هەرچی بولگاریا بوو کە لە شوێنە ستراتیژیەکەی خۆیدا بایەخی خۆیی و ئامادەباشیەکەی بۆ جەنگ کردنی پەنهان بوو، لە تەراقیا و، کیرکلیسی، دا لە ۲۲ی مانگی تشرینی یەکەم و پاشان لە لول بورگاز دا لە ۲۸ی هەمان مانگدا بەسەر عوسمانییەکاندا سەرکەوت، کە بەهۆیەوە سوپای عوسمانی ڕامالٌی هەتا بردنیە پشت هێڵی شەتلەجە.(۳۰۲) هەرچی سرِبیا بوو لە کۆمانۆڤۆ لە مانگی تشرینی یەکەمدا شکستی بە سوپای عوسمانییەکان هێنا، بەمەش ڕێگە لەبەردەمی والاٌ بوو بۆ گەیشتن بە مەقدۆنیا و پاشانیش بە دەریای مەڕمەڕە، هەروەك چۆن دەستی گرت بەسەر مۆناستیر و واسکۆب (کەپکی سرِبیای کۆن) لەسەر کەناری ئەلبانیا و گەمارۆی خستە سەر چەندین شاری دیکە.

---

(۳۰۱) هەمان سەرچاوە-ل٦٣٤ .

(۳۰۲)عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٤-٦٣٥ .

لێرەوەش نەمسا ڕقی هەستا و هەڕەشەی ئەوەی کرد کەوا ڕێگە بە سڕبیەکان نادات کە هیچ پارچەیەکی ئەلبانیا بۆ خۆی دا بیڕێت.(٣٠٣) هەرچی یۆنان بوو، ڕێگەیان بەرەو سالۆنیك گرتە بەرو سەرەڕای سەرکەوتنی سوپای عوسمانی لە وەستاندنی شاڵاویان لە فلۆرینا، بەڵام ئەم سەرکەوتنە کاتی بوو، ئەوەش ئەهۆی خۆدزینەوەو ڕاکردنی سوپای عوسمانی کاتێك کە ئەو سوپایە ویستی دووبارە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت، لە ٨ی تشرینی دووەم بەرەنگاری بۆوەو چووە ناو شاری ناو براو کە شوێنی چاوتێبڕینی ئەوان و مەرامی بولگاریا بوو، هەروەها سوپای ئەلئەعزەم ڕەشیش شاری مسیۆری لە مانگی تشرینی دووەم داگیرکرد، بەمەش هاوپەیمانی بەلقان سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەسەر عوسمانیەکاندا بەدەست هێنا بەهۆی لاوازی هیزەکانی عوسمانی. لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩١٢ز دا هێشتا سێ قەڵای مەزنی عوسمانیەکان هەر بە خۆڕاگری مابوونەوە، ئەوانیش ئەشقۆدەرە لە ئەلبانیا لەبەرانبەر هێزە هاوبەشەکانی سڕب و ئەلئەعزەم ڕەش و، یانینا لە ئیبرۆس لە بەرانبەر یۆنان و ئەدیرنە لە تراقیا لە بەرانبەر بولگاریا بوون، بەڵام سەرجەمی زەویەکانی عوسمانی لە ئەورووپا کەوتبوونە ژێر دەستی کۆمەڵە،هەتا هێڵەکانی شەتلەجەش کە تەنیا ٣٠کم لە ئەستەنبوڵەوە دوور بوون . بولگاریەکانیش لەو ناوچەیە بەسەر گەورەترین سوپای عوسمانی دا سەرکەوتن کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەڵوێستەکە ئامادەکرابوو، شتێك شاڵاو هێنانەکەیانی نەوەستاند تەنیا ئاگادارکردنەوەی ڕوسیا نەبێ بەوەی کە هیچ کەس بۆی نییە بچێتە ناو پایتەختی عوسمانی.(٣٠٤)

دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو لەژێر فشاری ڕووداوە سەربازیەکان پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ کۆمەڵەی بەلقان لە ٣ی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩١٢ز دا ببەستێت.(٣٠٥) لەبەرانبەرئەو واقیعەداو بەهۆی تێك گیرانی سیاسەتی دەوڵەتە ئەورووپییەکان لە بەرانبەر ئەو کێشەیەدا، کۆنگرەیەك لە مانگی کانوونی یەکەم لە لەندەن بەسترا بۆ دانانی نەخشەیەکی تازە بۆ بەلقان، سیاسەتی نەمسا وابوو دەی ویست سڕبیا بێ بەش بکات...

---

(٣٠٣)هەمان سەرچاوە-ل٦٣٥ .

(٣٠٤) هەمان سەرچاوە-ل٦٣٥ .

(٣٠٥) هەمان سەرچاوە-ل٦٣٥-٦٣٦ .

له دەروازەیەکی ڕاستەوخۆ کە هەیبو لەسەر دەریای ئەدریاتیکی، لە کاتێکدا ڕوسیا موکوڕ بوو لەسەر ئەوەی ئەو دەروازەیەی پیێ ببەخشیێ، لەبەرانبەر تیك گیران و بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان، هەریەکە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا دەستیان خستە نێو مەسەلەکەوە، یەکەمیان داواکاریەکانی نەمسای لا پەسەند بوو، ئەوەی دووەمیان داواکاریەکانی ڕوسیای لا پەسەند بوو، گرفتەکە بەوە چارەسەر کرا کە ئەلبانیا دەوڵەتێکی سەربەخۆی دروستکرد کەمیریکی ئەلبانیایی حوکمڕانی بەسەردا دەکرد. بەمە توانرا جەنگێك دوور بخرێتەوە کە نزیك بوو ڕووبدات.(٣٠٦) بەم جۆرە دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو دارِمان هەنگاوی دەنا، سەرەتای ئەو تێکشکانەش بەدەرکەتنی فیکری خۆرئاواخوازی لە نێو دەوڵەتی عوسمانی دەستی پێکرد، هەڵبەت ئەوەش بەهۆی هەناردنی خوێندکارانی عوسمانی بوو بۆ ئەورووپا و لەهەمانکات کردنەوەی قوتابخانە ئەورووپییەکان لەنێو خاکی عوسمانی و دەستوەردانی دەوڵەتانی ئەورووپی بوو لە کاروباری خیلافەت .

لەگەڵ گەڕانەوەیان، خوێندکارانی عوسمانی، لەبری زانست و زانیاری، بیروباوەڕو فەلسەفەکانی ئەورووپایان بۆ گەلانی عوسمانی هێنایەوە، قوتابخانە ئەورووپییەکانیش بۆ خۆیان بوونە هێلانەی ئەو باوڕو ئایدیۆلۆژیا خۆرئاواییانەو مامۆستایانی ڕۆژهەڵات ناسی و تەبشیری وانەیان تێدا دەگوتنەوەو لەبری زانست، بیرو هزری نەوەکانی عوسمانیان بەو باوەڕە ماددییانە زاخاو دەداو ڕۆڵەکانی گەلانی عوسمانیان پیێ گۆش دەکردن، لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا لەبری سەرهەڵدانی زانست، بیرو باوەڕەکانی نەتەوەپەرستی و عەلمانیەت و تۆرانیەت و عروبە سەرهەڵدەدن، لەبری بەرپابوونی شۆڕشی زانستی، شۆڕشە نەتەوەییەکانی تورك و عەرەب گەلانی بەلقان بەرپابوون . لەبری دروستکردنی داهێنراوە زانستیە نوێیەکان، گروپ و ڕێکخراو و پارتە ئایدیۆلۆژی و نەتەوەییەکانی (ترکیا الفتات)و (عرب الفتات)و (ئیتحاد الترقیە) داهێنران .

هەموو ئەمانە بوونە خۆرەی دەوڵەتی خیلافەتی عوسمانی و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی و لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلام و دواتر لەکارخستنی خەلیفەی موسڵمانان،

---

(٣٠٦)عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٤-٦٣٥ .

پاش ئەم هەنگاوە خۆرئاواخوازان کەوتنە شوێن پێ هەڵگرتنی ئەوروپییەکان و تەقلیدکردنەوەی کوێرانەیان، وەلێ بە بارە سلبیەکەی . ئیدی گەر ئیتحادییەکا ئەوانیان دیتبایە کە لەئەورووپا دژایەتی ئاین دەکەن، ئەمانیش لێرەو لە خۆرهەڵا هەمان کاریان دووبارە دەکردەوە! گەر ئەورووپییەکان داوای لێکجوداکردنەوەی ئاین دەوڵەتیان کردبا، ئیتحادیەکانیش هەمان داوایان دوبارە دەکردەوە! گەر لە بەریتانیا و فەرەنسا کڵێساکان داخرانایەو بەرگ و پۆشاکی ئاینی یاساغ بکرایە، لێرەو لە دەوڵەتی عوسمانی دا ئیتاحادیەکان هەڵدەستان بە داخستنی مزگەوتەکان یاساغکردنی بەرگ و پۆشاکی ئیسلامی! لەسەر هەمان شێوازی ئەوان دەستیان کردە داخستنی خوێندنگا ئاینییەکان و تەشقەڵەیان بە پەروەردەی ئاینی دەکرد.

ئیتحادیەکان هەموو ئەوکارانەیان بە تەقلیدکردنەوەی ئەورووپییەکان ئەنجام دا بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، تا هۆکاری دژایەتی ئەورووپیەکان لە هەمبەر مەسیحییەت بزانن و ئاگاداری ستەمکاریەکانی کڵێساو پیاوانی بن، هاوکات ڕێبازی تۆرانیەتیان کردە بنەمای باوەڕی دەوڵەتی عوسمانی کە دەوڵەتێکی فرە نەتەوە بوو، دیسان لەمەشیاندا شوێپێی ئەورووپیەکانیان هەڵگرت کە لە دواتردا بوویە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتەکەیان . ئەمە دەرەنجامی پاشکۆیەتی ئەورووپیەکان بوو .

"ئیتحادیەکان"دەیانویست تورکیایەك دروستبکەن کە ناتورکەکان ، لە باکورەوە بۆ باشور و لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای ئەم دەوڵەتە، هیچ شوێنێکیان بۆ ژیانیان تێدا نەبێ و بیان خنکێنن . بۆ ئەمە ڕێگەی پراکتیکی بەبێ کێشەیان دۆزییەوە، واتا ڕەگەزە ناتورکەکانی نێو خیلافەت ئەوانەی کە زۆر کێشەیان نییە، تورکیزە بکرێن و ئەوانی دیکەش قەلاچۆ بکرێن . ئەم بنچینەیەی سیاسەتی نیشتمانی کە لە لایەن تورکە لاوەکانەوە دامەزرا، هێندە پێویستی نە بە کات، نە بە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەی گەورە نەبوو بۆ ئەوەی لە لایەن هەموو تورکەکانەوە پەسەند بکرێت . هەموو تورکیك لە ماوەیەکی کەم دا ئەم پرەنسیپانەی کرد بە ئینجیلی سیاسەتی نیشتمانی خۆی.(٣٠٧)

---

(٣٠٧)قەتڵوعامی کورد لە تورکیا-کۆمەڵەی خۆیبوون-ل٢٦ .

## نەتەوەكانی نێو دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی :

ڕەگەزە پێكەوە بەند و ناتوركەكانی خیلافەتی عوسمانی بریتین لە: عەرەب، ئەرمەنی، ئەلبانی، یۆنانی، چەركەس . تواندنەوەو ڕیشەكێش كردنیان دەبێ بەلەبەرچاوگرتنی باوەڕیان بەسەر ئەم ڕەگەزانەدا پیادە بكرێ . ڕەگەزە ناتوركە موسڵمانەكان تواندنەوەیان ڕاگیرا . بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەرفەتی ئەو پێوەندییە ئاینییانە بقۆزرێتەوە كە لە نێوان ئەم ڕەگەزانەو توركەكان هەیە . ناتوانرێت بەتەواوی بیر لە تواندنەوەی ڕەگەزە ناموسڵمانەكان بكرێتەوە، چوون فەناتیزمی ئایینی هەردوولا ئەم شیمانەیە دەردەهاوێژێ . تەنها ئەوە ماوەتەوە كە قەلاچۆكردن بەسەر ئەم ڕەگەزانەدا پیادە بكرێ.(٣٠٨)

بەكورتی پڕۆژەی تواندنەوەو قەلاچۆكردنی توركە لاوەكان بۆ ئەم ڕەگەزانە دەخەین ڕوو:

*عەرەب: هەرچەندە موسڵمانن بەڵام تواندنەوەی عەرەب لە لایەن تورك، ئەوە هێندەی تواندنەوەی ڕەگەزە مەسیحییەكان سەخت بوو، دروستكەرانی شارستانیەتی ڕۆژهەڵات، خاوەنی مێژوویێكی پڕ لە داگیركردن، عەرەب ڕۆمان و زمانەكەشیان زمانی لاتینی ڕۆژهەڵاتە .... تورك لە خوارتر، هەتا گەلێك لە عەرەب لە خوارتربوون، لە مێژوو، زمان، زانست، ئەدەبیات دا، خیلافەتی شەش سەدەی تورك تەنها بە شارستانیەتی عەرەب، زمانی عەرەبی، یاسای عەرەبی، كولتوری عەرەبی دروست ببوو و بەڕێوە دەبرا . خیلافەتی عوسمانی هەرگیز نەیتوانیوە لە سنوورەكان لاسایی كردنەوەیەكی ساختەی عەرەب بچێتە دەرەوە....كەوابێ نابێ بەهیچ شێوەیەك بی لە تواندنەوەی ئەم ڕەگەزە بكرێتەوە . تەنها قەلاچۆكرنیان لە بەردەمدا مابۆوە بەڵام ئەم گریمانەیەش بەهۆی ژمارەو ژیانی پێكەوەبەندی عەرەبەكان بۆخۆی كێشە بوو . ئەودەم بڕیاریان وەرگرت وەبەریان بهێنن و هەرچی دەكرێ بەكاریان بهێنن و لە كاتی پێویستیش دا خۆیانی لێ ڕزگار بكەن بەوەی وڵاتە عەرەبیەكان لە خیلافەت جیابكەنەوە، بەڵام هەرگیز بەچاوی یەكسان لەگەڵ توركەكان سەیریان نەكەن، ئەم سیاستە تا كۆتایی پیادە كرا.(٣٠٩)

---

(٣٠٨) قەتلۆعامی كورد لە توركیا-كۆمەڵەی خۆیبوون-ل٢٦-٢٧ .

(٣٠٩)هەمان سەرچاوە-ل٢٧-٢٨ .

ئیتحادیەکان سولّتان عەبدولحەمیدیان لاداو بۆخۆیان بوونە فەرمانڕەوی خیلافەت، لێرەوە دەستیانکردە چەوساندنەوەی عەرەب، لە پلەو پایەکانیان لادران . وەزیری ئەوقاف عەرب بوو، بەڵام وەزیرێکی تورکیان لە جێگەی دانا . زمانی عەرەبی ئیتر کاری پێ نەکرا، هەندێ لە سەرکردە و ئەفسەرە عەرەبەکانی وەکو (ئەحمەد ئاغایف و یوسف قسورە) لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٩ز دا، ویستیان بچن و لەو کێشانە بدوێن، بەڵام لە لایەن هەندێ لە ئیتحادیەکانەوە ڕووشکێن کران و پێشوازیان لێ نەکرادن، ئەمە درزی خستە نێوان ئاشتەوایی تورك و عەرەبەوە.(٣١٠)

ئەرمەن: جەسوور بەڵام بەدبەختە لەسەر تۆپی لیستی ئەو نەتەوانە بوو کە دەبوو قەڵاچۆ بکرێن ، ئەو وەحشیگەرییە بەربەریانەی ئەم بڕیارەی تێدا جێبەجێ کرا بە ئاشکرا لە هەموو دونیادا ناسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوە دوپاتدەکەینەوە کە هەتا چاپکراوە ئەرمەنیەکانیش هەرگیز سەرکەوتوو نەبوون لەوەی نەخشەیەکی تەواوی ئەم کارەساتە بەدەستەوە بدەن .....

ئەلبانی: تورك پێشتر دەستیان بەجێبەجێ کردنی پلانی خۆیان کردبوو دژ بەوان، وەختایەك جەنگی بەڵقان بەهانایانەوە هات و لە حاکمیەتی تورك ڕزگاری کردن.....

یۆنانیەکان: هەرچەندە لە ئەرمەنییەکان کەمتر هاوبەندن، یۆنانییەکان ئەوانیش لەسەر لیستی ڕەشی ئەو نەتەوانەن کە دەبێ ڕیشەکێش بکرێن . ئەو هەست و سۆزەی کە لەگەڵ قەتلۆعامی ئەرمەنییەکاندا پەیدا بوو، تورکەکانی ناچار کرد زۆر وریایانەتر هەڵسوکەوت بکەن . تورکەکان یۆنانییەکانیان بەزەبری شمشێر خستە لایەکەوە، لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە لە نزیکترین دەرفەتدا بە دەستە جەمعی قەلاچۆیان بکەن . پەیماننامەی لۆزان جەللادانی قوربانییەکان و قوربانی جەللادەکانیان ڕزگار کرد . ئەو یۆنانیانەی کە لە تورکیا مانەوە، توڕیان دانە ئەو دیوو سنورەکان ......

---

(٣١٠)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٧٢ .

چەرکەس: ئەو نەتەوەی کە بەگوێرەی سەدەکان سیمای تەتەری ڕەگەزی مەنگۆلی شارستانی جوانکردووە لە لیستی تواندنەوە بوو . چەرکەس نیشتەجێی تورکیا هەرگیز لە بنچینەدا خەڵکی ئەو وڵاتە نەبوون کەتێیدا دەژیان . ئەوانە پەناهەندەی قەوقاز بوون کە بە هەمووولایەکی تورکیادا پەرت و بڵاو ببوونەوە . ئێمە دەبێ بۆ دادوەری و بۆ مێژوو ئەوە بڵێین کە ئەم نەتەوە چاکە بەهیچ شێوەیەك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لە زێدی هەڵنەقەتراوە، بەڵکو ناچار کراوە و تێوە گلاون بەوهۆیەوە کە چارەنوسی خۆی بە تورکەوە بەستبۆوە دژی دوژمن و ئەرکی بەرگریکردن لە سنورەکانی تورکی لە ئەستۆ گرتبوو، کەوابوو پەناهەندە چەرکەسییەکان قوربانی دەستی وەفاداری خۆیان بوون لەبەرانبەر تورکدا، کە بە کوشت وبڕو تواندنەوە قەرەبوو کرانەوە.....

کورد: تورك ویستیان کورد هاوشان لەگەڵ قەتڵوعامی ئەرمەنییەکاندا، دەربەدەر بکەن، بەڵام نەبوونی ئامرازو ڕێگەو ئەو لێکهەڵوەشاندنەوەیەی کە لە سۆنگەی جەنگەوە توشی ببوون،

بوونە کۆسپ و زۆر بە ناتەواوی پلانەکەیان جێبەجێ کرد... ژمارەیەکی زۆر موهاجیری کورد لە ڕێگە لە برسان، لە سەرماو بەهۆی نەخۆشیەوە مردن، بەشێکی زۆریشیان لەژێر سەرەنێزەی ئەفسەرو ژەندرمەو کۆمیتەکانی تورك لەناوچوون.....ئەوانەی لە کاتی جەنگدا بە چیایی تۆرۆسدا تێپەڕیون، دەبێ ئەو گردە لاشەی مرۆییانەیان وەبیر بێتەوە کە یەك لەسەر یەکتر کەڵەکە کرابوون . ئەوانە ئەو موهاجیرە کوردانە بوون کە بە کۆمەڵ مردبوون، قوربانی برسێتی، کولەمەرگی و نەخۆشی بوون . ئەوانەی کە لەم دەورانەدا بە موسڵ دا تێپەڕیون دەبێ ئەوەیان وەبیر بێ کە کاریگەرەکانی شارەوانی ڕۆژانە بیست تا پەنجا لاشەی کوردیان دەگواستەوە....کوردە موهاجیرەکانی موسڵ لە لایەن ئەو کارمەندە تورکانەوە ڕێبەری دەکران کە لە ئەنجامی تێکشکاندنی تورکەوە سەریان لێ شێوا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیانویست هەر سوربن لەسەر ئەوەی کە پرۆگرامی نیشتمانییان جێبەجێ بکەن، بەوەفان لەمەدا بۆ پڕوپاگەندەو گاڵدانی تەشکیلاتەکانی پان-تورك.(٣١١)

---

(٣١١)قەتڵوعامی کورد لە تورکیا-کۆمەڵەی خۆیبوون-ل٢٧-٢٨-٢٩-٣٢-٣٣ .

تورکه لاوەکان "ئیتحادو تەرەقی"توخمێکی نوێی"ناسیۆنالیزم"یان خستە وڵاتەوە، وەك دەڵێن دەیانویست وەك شۆڕشگێڕە گەورەکانی ئەورووپا، چیتر گوێیان نەلە باسکردنی دەستوری سیاسی کۆنی خیلافەت: عوسمانیزم و نەلە سیاسەتی پان ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمید نەبێت، ئەوان دەیانەویست بە سیاسەتی ناسیۆنالیزمی تورك جێگەیان بگرنەوە.(٣١٢) شایانی باسە هەر یەك ساڵ دوای کودەتا دەستورییەکەی ١٩٠٨ز و لەکار خستنی شەریعەتی ئیسلامی، ئیتحادیەکان دەستیان بەسەر تەواوی دەوڵەتی عوسمانی دا گرت و سوڵتانیان لە کارخست، ئەوەش لە مانگی نیسانی ١٩٠٩ز دا بو کاتێك کە سوپای ئیتحادیەکان دەستیان بەسەر ئەستەنبوڵی پایتەخی خیلافەتدا گرت . پاش ئەم هەنگاوەیان ئیتحادییەکان سوڵتان محەمەدی پێنجەمیان کردە خەلیفەی عوسمانی، کە لەڕاستی دا تەنها ڕەمز بوو، وەگەرنا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا، بەڵکو ئیتحادیەکان بەویستی خۆیان هەڵیان دەسوڕاند، واتا لە ساڵی ١٩٠٩ز وە ئیتادیەکان بەرەسمی کاروباروباری دەوڵەتی عوسمانیان گرتە دەست تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و شکست هێنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەوڵەتە، فەرمانڕەواییان کرد .

## کۆمیتەی سێ پیاوەکە :

کۆمیتەی سێ پیاوەکەی ئیتحادو تەرەقی (محەمەد تەلعەت پاشا، ئەنوەر پاشا، ئەحمەد جەمال پاشا)، دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەدەبەن . هەر لەدەمی فەرمانڕەوایی ئەوانیش دا بوو کە جەنگەکانی بەلقان و لیبیا بەرپا بوون، تێیدا عوسمانیەکان شکستیان خوارد، تا لە جەنگی یەکەمی جیهانی بە هیجگاری ئەو دەوڵەتە فراوان و هەراوەیان لەونێودا .

-محەمەد تەلعەت پاشا: ساڵی، ١٨٧٤ز لە ئەدرنە ل دایك بووە، خوێندنی یاسایی لە سلانیك تەواوکردووە . گەلێ پایەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبووە و خزمەتێکی زۆری گەیاندۆتە کۆمەڵەی (ترکیا الفتات)،

---

(٣١٢)هەمان سەرچاوە-ل٢٥ .

که دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی سیاسەتی ئیتحادییەکانەوە لە جەنگی ساڵی ١٩١٨ز شکستی هێنا، بۆ ئەڵمانیا هەڵات و لەوێدا و لە ١٥ی مارت و لە ساڵی ١٩٢١ز تیرۆر کرا.....

-ئەنوەر پاشا: ساڵی ١٨٨١ز لە ئەستانە لە دایك بووە، کۆلێژی جەنگی لە ئەستانە تەواو کردووە، بە پلەی سەرۆك لە فەیلەقی سێ لە سلانیك دامەزرا . دواتر لە ئەرکانی تیپی سێ دامەزراوە، لەوێدا پێوەندی بە ئیتحادو تەرەقی کردووە لە چەند پلەو پایەی سەربازی کاری کردووە، لەگەڵ تەلعەت و جەمال پاشادا فەرمانڕەوایی وڵاتی کردووە، تاکو لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا تورکیا شکستی هێناو بۆ درەوەی وڵات هەڵات، لەنێوان ئەڵمانیاو مۆسکۆدا دەهات و دەچوو تا لە ساڵی ١٩٢٢ز ڕوسەکان لە سەمەرقەند کوشتیان.....

-ئەحمەد جەمال پاشا: لە ساڵی ١٨٧٣ز لە دایك بووە، قەتابخانەی سەربازی تەواوکردووە، چەند پلەیەکی سەربازی پێدراوە، کراوەتە وەزیری دەریایی عوسمانی و فەرمانڕەوای وڵاتی شام . گەلێ تاوان و کوشتاری ئەنجام داوە لە دژی بەرهەڵستکارانی ئیتحادیەکان لە عەرەب و ئەرمەنی، تا بە جەمال پاشای خوێڕێژ ناسراوە . دوای شکست هێنانی تورکیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەگەڵ سەرکردەکانی ئیتحادو تەرەقیدا ڕووی کردە دەرەوەی وڵات، لەنێوان ئەڵمانیاو سویسراو ڕوسیاو ئەڤغانستاندا دەهات و دەچوو، تا بەپلانی ڕوسەکان و ئەرمەنیەکان لە ساڵی١٩٢٢ز و لە (تەفلیس) کوشتیان.(٣١٣)

## ڕۆژەکانی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی :

شکست هێنانی عوسمانیەکان لەبەردەم پەلامارەکانی ئیتالیا بۆسەر لیبیا لە ساڵی ١٩١١ز دا، بووە هۆی زیادبوونی بەرهەڵستی لە پەرلەمان و پەرەسەندنی ململانێ لەنێوان ئیتحادی و ئیئتلافیەکان، ناچار ئیتحادیەکان فەرمانی سوڵتانیان چووان بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ١٨کانوونی دووەمی ١٩١٢ز، بەمەرجێ لە ماوەی سێ مانگ لە ڕێکەوتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنەکە هەڵبژاردن بکرێ و ئەنجوومەنی تازەی نوێنەران کۆببێتەوە،

(٣١٣) قەتلۆعامی کورد لە تورکیا-کۆمەڵەی خۆیبوون-ل٦٢-٦٣ .

ئەو هەڵبژاردنەی لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٢ز ئەنجام درا لەگەڵ ئەوی پێشووی جیاواز بوو، چوونکە ململانێ لەنێوان کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی و حزبی ئازادی و ئیئتلافی لەوپەڕی توندی دا بوو . هەرچەندە ئیتحادییەکان توانیان زۆرینەی پەرلەمان بۆخۆیان دابین بکەن، بەڵام ئەوەندەی نەبرد ڕووبەڕووی گرفتی ئاڵۆز بوونەوە، کۆمەڵەی سەربازی کە لە ئایاری ١٩١٢ دامەزرابوو بەناوی (ئەفسەرانی ڕزگارکەر) ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەرپاکردنی ئەو گرفتانەدا هەبوو . زۆربەی ئەو ئەفسەرانە لە ئەلبانیەکان بوون، یاخی بوونی خۆیان لە-ڕوم ئیلی –ڕاگەیاند و پاساوی بەرهەڵستیەکەشیان بریتی بوو لەوەی کە حکومەت شەرعی نییە، هەروەها نارازی بوون بەوئەنجوومەنە تازەی نوێنەران کە زۆربەی ئەندامەکانی سەربە ئیتحادو تەرەقی بوون . بۆیە داوای هەڵبژاردنی ئازادیان دە کرد.....

داوایان کرد کە سوپا دەست نەخاتە سیاسەتەوە، فەرمانیشیان دایە مەحمود شەوکەت پاشای وەزیری جەنگ کە واز لە پۆستەکەی بهێنێ، ئەویش بەپیر داواکەیانەوە هات لە ٢١ی تەمموزی ١٩١٢ز دا . بەمشێوەیە وەزارەتێکی تازەی ئیئتیلافی بەسەرۆکایەتی ئەحمەد موختار پاشا ئینجا کامل پاشا لە دوای ئەو پێکهات و ئەنجومەنی نوێنەرانیش هەڵوەشایەوە، حکومەتی تازە ڕایگەیاند کە سوردەبێ لەسەر جێبەجێ کردنی پرانسیپی ناسەنتراڵ، وەزارەتەکەی ئەفسەرانی رزگارکەر نەیتوانی پرۆگرامەکەی جێبەجێ بکات و ئیتحادییەکان بە دووەم کودەتای سەربازییان لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٣ بە سەرۆکایەتی ئەنوەر پاشا توانیان بیڕوخێنن . لەو ڕێکەوتەوە ئیتحادیەکان بەردەوام بوون لە حوکم تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەویش بەو سێ دروشمەی کە پەیمانیان دابوو: (سەنتراڵیەت، تۆرانیەت، تورکاندن)، تۆرانیەتیش لەسەر بنچینەی بەرز ڕاگرتنی نەتەوەی تورك و خزمایەتی عوسمانیەکام لەگەڵ برا تۆرانیەکانیان لە ئاسیای ناوەڕاست دامەزرابوو . بزوتنەوەی تۆرانیەت پشتی بە سیاسەتی تورکاندن دەبەست، هەردوو سیاسەتی تەتریك و بزوتنەوەی تۆرانی، فەیلەسوفی خۆیان هەبوو، لەوانە(یوسف ئاق جۆرە ئۆغلی)بوو، یەکێك لەو بیرو ڕایانەی ئەو لەو ڕووە وە ئەوە بوو دەیگوت"ئەوانەی تەنیا بە ئایین بە تورکەوە بەستراونەتەوە، نەك بەرەگ و ڕیشە، ئەوا تاپلەیەکی دیاریکراو لەگەڵ تورکدا تێکەڵ بوونە کە بە ئاسانی دەتوانرێ لە نێو کۆمەڵگەی تورکدا بتوێنرێنەوە، بەڵام ئەوانەی هەستی نەتەوەییان لا پەیدا بووە،

دەتوانرێ بتورکێندرێن.(٣١٤)

پێڕۆکردنی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەی تۆرانیەت بوو کە جەنگی بەلقانی ساڵی ١٩١٣ز، بە دوای خۆی دا هێنا، دەوڵەتی عوسمانی ڕووبەڕووی چارەنوسێکی دژوار کردەوەو ناچاری کرد پەیماننامەی ئاشتی لەگەڵ کۆمەڵەی بەلقان لە ٣ی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٢ز مۆربکات، لە ڕاستی دا هەر نێو پەیماننامەی ئاشتی بوو، وەگەرنا شکستێکی سەربازی و سیاسی دیکە بوو بۆ ئیتحادییەکان، تێیدا دەوڵەتی عوسمانی ملکەچی نواند بە لەدەست دانی بەشێکی فراوانی زەوی زارەکەی لە ئەورووپا بۆ خەنیمە بەلقانییەکانی .

پەیماننامەی ئاشتی یەکەمی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵەی بەلقان هەتا ٣ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٣ز بەردەوام بوو، لەو کاتەی کە مەترسی ململانێی نێوان دەوڵەتە گەورەکان بەتایبەتی نەمسا و ڕوسیا بەدیارکەوت، بەڵام واڕوویدا کە ئەنوەر پاشا کە یەکێ بوو لە سەرکردە سەربازییەکان لەدوای کودەتایەکی سەربازی حکومەتەکەی ڕوخاند و، سەرکردەی گشتی عوسمانییەکانیشی لە ئەستەمبوڵ کوشت و بووە دیکتاتۆرێکی سەربازی..... ئەنوەر پاشا یەکێ بوو لە جەنگ خوازەکان لە دژی سربەکان، سوکایەتی بە ئەنجامدانی ئەو ڕێکخستنانە دەکرد کە کۆنگرەی باڵیۆزەکانی دەوڵەتە گەورەکان لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩١٢ز پیادەی کردن بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەر کردنێك، ئەوە بوو دووبارە کردارە جەنگییەکان لە دژی کۆمەڵەی بەلقان دەستی پێکردەوە.(٣١٥)

دوا ڕۆژێکی دژوار تووشی دەوڵەتی عوسمانی بوو، یۆنان دەستی بەسەر دوورگەی کریت و قەڵای پانیان و، قەڵای ئەپیرۆس و، باشوری مەقدۆنا دا گرت . ئەشقۆدرەی شاری ئەلبانیش کەوتە دەست نیقۆلای یەکەمی پاشای ئەلئەعزەم ڕەش، هەروەها شاری ئەدیرنەش لە دوای هەوڵدانێکی هاوبەشی سربی-بولگاری خۆیدا بە دەستەوە . هێزەکانی عوسمانی ناچار بوون تەنیا بەرگری لە هێڵەکانی شەتلەجە بکەن و بەس،

(٣١٤)مێژووی ئێران و تورکیا-ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد-د.خەلیل علی مراد-ل٢٦٤-٢٦٥ .

(٣١٥)عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٦ .

هەوڵەکانی ئەنوەر پاشاش تووشی فەشەلێکی گەورە بوونەوە.(٣١٦)

بەڵام دەستوەردانی دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپا لەم کێشەیە، نەخشەی جوگرافی زەویەکانی گۆڕی وەکو چۆن جەنگەکانی بەلقان دیاری کردبوو، ئەو دەوڵەتانە بڕیاریان دا سەرجەم ئەو هەرێمانەی کە کەوتبوونە خۆرئاوای ئەو هێڵەی کە لە نێوان-ئینۆس-لەسەر دەریای ئیجەو نێوان میدیا لەسەر دەریای ڕەش درێژ بۆتەوە، لە دەوڵەتی عوسمانی دابڕن و پاشان بیئاخننە نێو گۆشەیەکی تەسکەوە کە بە ئەستەنبوڵ کۆتایی بێت، بەشکردنەکە بەم شێوەیە بوو:

*سەربەخۆیی ئەلبانیا .

*ئەلئەعزەم ڕەش بەشێك لە سنجقی (نۆڤی بازاڕ)ی پێ بڕا و سنورێکی هاوبەشی لەگەڵ سربدا پێکهێنا بەکشانەوەی هێزەکانی لە ئەشقۆدرە .

*دوورگەی کریت بە یۆنان دراو دوا ڕۆژی دوورگەکانی دیکەی عوسمانیش وەکو سامۆس و لیمۆس و هی دیکەش بۆ بڕیاری دەوڵەتە گەورەکان جێ هێڵدرا .

*یۆنان سالۆنیك و کاڤالاو بەشێکی گەورەی کەناری مەقدۆنیای دەست کەوت .

*سرب باکورو ناوەڕاستی مەقدۆنیای دەستکەوت .

*بولگاریا تراقیاو کەناری دەریای ئیجەی دەستکەوت .

*ڕۆمانیا بەشی باشوری دووبرجەی بە دەستکەوت کە لە دانوب حوکمی دەکرد، بولگاریا لە بەرانبەر سلستریە بۆی جێ هێشت لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکەکەشی بولگاری بوون .... ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانەو ئەو دەستوەردانانەی لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئەورووپای بە مەبەستی بەرپاکردنی ئاشتی، دەوڵەتی عوسمانی پاش ناڕەزایی دەربڕینێکی زۆر ناچار بوو کە پەیماننامەی لەندەن لەگەڵ کۆمەڵەی بەلقان لە سی مانگی ئایاری ١٩١٣ز مۆربکات، بەڵام هەر زوو بەهۆی بەریەك کەوتنی بەرژەوەندییەکانیان هەموو لایان هەڵیان وەشاندەوە...

---

(٣١٦) عوسمانەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٦ .

هەرچی دەوڵەتی عوسمانی بوو، نکولی لە پەیمانی لەندەن کرد . ئەوەبوو ئەنوەر پاشا بەسەرۆکایەتی کردنی سوپای عوسمانی هێڵەکانی شەتلەجەی برِی و ئەدرنەی گەڕاندەوە و پارێزگاری لێکرد کە پێشتر بەپێی برِیاری دەوڵەتە گەورەکان بەشی بولگاریا بوو، بەهەمانشێوە یۆنانییەکان سەرجەم برِیارە نێودەوڵەتیەکانی هاوپەیوەست بە چارەنووسی دوورگەکان رەتکردەوە.(٣١٧)

بەهۆی شکستی سوپای عوسمانییەکان لە جەنگی بالقان، دەوڵەتی عوسمانی بەشی زۆری زەوی و زارو خەڵکە ئەوروپییەکەی خۆیی لەدەست دا، سنورەکەی لەسەر زەویەکانی ئەرووپا بەرتەسك بوویەوە بۆ شاری ئەستەنبوڵی پایتەختی لەگەڵ هەندێ ناوچەی دەورووبەری، کە ڕووبەرێکی کەمیان پێکدەهێنا . بەمەش هەرچی گەلانی سرب و مەقدۆنی وچیای ڕەش و ئەلبانی و یۆنانی و بولگاری و ڕۆمانی-عوسمانی بوو، ناوچەکانی خۆیان گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، واتا باڵی عوسمانی لە بەری ئەورووپا شکا . ئەمەجگەلەوەی کە جەنگی بەلقان ڕستێك گۆڕانکاری خولقاند کە لە دواتردا ڕۆڵی گەرەیان گێرا لە بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، لەوانیش :

*دەوڵەتی عوسمانی مەیلی بەلای ئەڵمانیادا چوو، پاش جەنگەکانی بەلقان مەیلی بۆی زۆر تر بوو، هەروەها زیاتر ئامادە بوو کە هێزە چەکدارەکانی خۆی بە یارمەتی شارەزاکانی ئەڵمان ڕێکبخات . بە فیعلی سەرەڕای نارِازی بوونی ڕوسیا هاریکاری لە نێوان هەردوو دەوڵات بەرێوە چوو .

*ئەو کەم و کورِیەی کە لە ڕووبەر و دانیشتوان توشی دەوڵەتی عوسمانی بوو گەورە بوو، مەسیحییەکانی بەلقان لەژێر حوکمرِانی ئەو دەچوون، بەڵام ئەوە زەرەرێکی ئەوتۆی بۆ دروست نەکرد، چوونکە ڕێی پێ نەدا کەلێن لە سوپای عوسمانی دا دروست بکات، بەڵام سەربەخۆیی ئەلبانیا دەوڵەتی لە داهاتێکی مەزن لە سەرباز و پیاوانی کارگێرِی بێبەش کرد .

*شکست هێنان لە گۆڕەپانی جەنگدا دەستکەوتێکی پۆزەتیڤانە بوو،

---

(٣١٧) عوسمانەکان لەداکەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٧-٦٣٨ .

چونکە عوسمانیەکان بەجدی کەوتنە کار بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی سوپاکەیان، گێڕانەوەی ئەدیرنەش گیانی نیشتمانپەروەری تێدا ژیاندنەوە، لەوساتە وەختەدا ئەو ڕاستییەکیان بۆ بەدیار کەوت کە دەوڵەتەکەیان لە ئەورووپا متمانەی کردۆتە سەر ڕەگەزی تورکی .

*بولگاریا بە باڵشکاوی لە جەنگی بالقاندا هاتە دەرەوەو ڕوسیاش بۆ یارمەتی دانی لە شوێنی خۆی نەبزوا، بەڵکو نەمسا بوو تاڕادەیەك لە پاڵی وەستا ئەش بووە هۆی ساردو سڕبوونی پێوەندیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ڕوسیا و بولگاریا، لە دواتر ئەمە سەری نا بۆ دوژمنکاری .

*جەنگەکانی بالقان بوونە هۆی زۆر بوونی کێشە نەتەوەییەکان لەو ناوچەیەدا ئەم گرفتانەش پاڵی بە نەمساوە نا زیاتر گرنگی بەم ناوچەیە بدات، دواتر بە پارێزگاری کردنی سوپایەکی گەورە چاودیری هەڵوێستە خێرا گۆڕاوەکانی وڵاتانی بەلقانی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی درزبردنی هێزە سەربازییەکانی کە لە پاشەڕۆژدا و لەکاتی بەرپابوونی جەنگ لەنێوان ئەو و ڕوسیادا هەڵوێستی سەربازی لاوازکرد .

*جەنگەکانی بالقان بوونە هۆی زیاتر لێك نزیك بوونەوەی وڵاتانی سیانی ڕێککەوتوو کە بریتی بوون لە ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ڕوسیا .

*لەوانەیە مەترسی دارترین ئەنجامەکانی جەنگی بالقان گەشەکردنی سڕبیەت بوو لە ناو سڕبییەکان و ئەو کەمینە سڕبیانەی کە لەژێر حوکمی نەمسادا بوون .

*لەواقیع دا هیچ یەکێ لە لایەنە بەشەڕهاتووەکانی دۆڕاو و سەرکەوتوو باوەڕیان بەوە نەبوو کە بڕیارەکانی دابەشکردنی ناوچەکانی بالقان بەردەوام دەبێ، بەهەمان شێوە ئاماژەکانی حەقیقەتی وەرچەرخان لە تەرازووی هێزەکان لە ئەورووپا، ئەو وەرچەرخانەی کە لە جەنگەکانی بالقان پەیدا بوو، بەخێرا پاڵی بەئەورووپاوە نا بەرەو پێکدادانێکی بەرفراوان خزاندیە نێو جەنگی جیهانی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ز، ەوە.(٣١٨)

(٣١٨)عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا -د.محەمەد تەقوش -ل٦٣٩-٦٤٠ .

لەدەمی نزیك بوونەوەی لە جەنگی جیهانی یەکەم، دەوڵەتی خیلافەتی عوسمانی کیانێکی تەژی لە قەیران بوو. لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئیتحادییەکان لەبری خەلیفە حوکمیان دەکرد، دەستوری عەلمانی لەبری شەریعەتی ئیسلامی کاری پێ دەکرا، هەستی نەتەوەیی جێی هەستی ئایینی گرتبووەوە، برایەتی نەتەوەیی شوینی برایەتی ئایینی گرتبۆوە، دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی ئەسەنبوڵ بەسەر هەرێمە دوورە دەستەکانی عوسمانی لاواز ببوو . لەسەر ئاستی دەرەوەش ڕووبەڕووی ڕستێك کێشەی سەخت و دژوار ببوویەوە، چواردەوری دەوڵەت بە کۆمەڵێك دوژمنی بەهێزی پڕچەك تەنرا بوو، ئەوانیش خۆیان لە هەریەکە لە دەوڵەتانی ڕوس و بەریتانیا و فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی بەلقاندا دەبینییەوە، لەهەمانکات دەوڵەتی عوسمانی خاوەنی سوپایەکی لاواز بوو، لەحالێکدا خەنیمەکانی بە نوێ ترین چەك سوپاکانیان تەیار کردبوو .

عوسمانیەکان ئابوریەکی لاوازیان هەبوو، لەبەمبەردا نەیارەکانی خاوەنی ئابووری پشت ئەستور بە پیشەسازی بوون . ئەمە جگەلەوەی هەندێك لەو دەوڵەتە ئەورووپیانە هێزی سەربازییان لەسەر زەوی هەندێ لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی عوسمانی دابەزاندبوو، لەوانەش فەرەنسا لەساڵی ١٨٣٠ز هێزی لە جەزائیر دابەزاندبوو، لە ساڵی ١٨٨١ز سوپای فەرەنسی داخڵی خاکی تونس بوون، ئینگلتەرا لە ساڵی ١٨٨٢ز چوویە نێو خاکی میسر و لە ساڵی ١٨٩٨ز دا دەستی بەسەر سودان دا گرت، ڕوسیا لە ساڵی ١٨٩١ تەشقەندو بوخاراو سەمەرقەندی داگیرکرد، لە ساڵی ١٩١١ز دا ئیتالیا لیبیای داگیرکرد . ئەمە جگەلەوەی لەبەری باکوری ڕۆژهەڵاتی لە قەوقاز، ڕوسیا تەنگی پێ هەڵچنی بوو، لە ئەورووپاش دەوڵەتانی تازە دەرکەوتویی وەك بولگاریا و سڕبیا و یۆنان بەرەنگاری عوسمانیەکان ببوونەوە و بوو بوونە هەڕەشەیەکی جدی لەسەری و ڕۆژ دوای ڕۆژ پێشڕەویان دەکرد بەرەو ناوەوەی هەرێمەکانی عوسمانی .

بەهۆی تێکگیرانی بەرژەوەندییەکانیان چ لەنێو خۆی ئەورووپا و چ لەسەر ئاستی دەرەوەی کیشوەرەکەیان، گەلانی ئەورووپی هێدی هێدی ڕوویان لە دابەش بوون دەکرد، بەو هۆیەوە دووبەرەی سەربازی ڕووی لە گەڵاڵە بوون دەکرد کە ئەوانیش بریتی بوون لە :

بەرەی هاوپەیمانان کە پێکهاتبوون لە دەوڵەتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا، ئیتالیا، یابان، بەلجیکا، چیای ڕەش ، سربیا)، هەروەها بەرەی نێوەند کە ئەوانیش پێکهاتبوون لە دەوڵەتانی (ئەڵمانیا، نەمسا و مەجەر، دەوڵەتی عوسمانی، بولگاریا) .

دەرەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەیی دەوڵەتی عوسمانی بەخۆیەوە بینی دوای کۆنگرەی بەرلین، سوڵتان عەبدولحەمید دووەم هەستی کرد کە زۆر پێویستی بە هێزێکی ئەورووپی هەیە پشتیوانی لێ بکات بۆ بەر بەرەکانێی بەریتا و فەرەنسا و ڕوسیا، کە ئەو سێ دەوڵەتە هەمیشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی لە بۆسەدا بوون، هەروەها بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییەی کە توشی بوو بوو لە ئەنجامی کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی ئەرمەن، پشت بەو دەوڵەتە ببەستێت بۆ جێبەجێ کردنی زۆرێك لە نەخشەکانی بێ ئەوەی ئەو نەخشانە ببنە بار بەسەریەوە، هاوکات بۆ دروستکردنی ڕقەبەری نێودەوڵەتی بۆئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەمتر چاوی تێببڕن، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆچونی وابوو کە ئەڵمانیا بەسەرۆکایەتی قەیسەر ولهێلمی دووەم (١٨٨٨-١٩١٨ز)، هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتان نادات بەمەبەستی داگیرکردن وەکو بەریتانیا و فەرەنسا، ئەڵمانیاش لەوکاتەدا بەرەو بەهێزی دەڕۆیشت بەهۆی یەکگرتنی هەموو ولایەتەکانی، بۆیە لە بوارێکی زیندوو دەگەڕا کە لە دەوڵەتی عوسمانی دا دۆزییەوە . قەیسەر باوەڕی وابوو کە دەبێت پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەهێزبکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی . لە کاتێکدا پیشەسازی ئەڵمانی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی و بازرگانی ئەڵمانی بەرەو فراوانی دەڕۆیشت . وای لێهات ئەڵمانیا داهاتوویی ئابووری خۆی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بەست.....

دەیویست لەبواری ئابووری دا بەرەو ئاسیای بچووك بکشێت، دواتر بەرەو عێراق و وڵاتی شام . بۆیە چالاکی ئەڵمانیا ڕووی لە زیادی کرد بەتایبەتی لە ناردنی وەفدی زانستی بۆ دۆزینەوەی شوێنەوار لە ناوچە عوسمانییەکاندا . گەڕان بەدوای نەوتدا کە یەکەمجار لە موسڵ دۆزرایەوە هانی ئەوەی دا سەرمایەی ئەڵمانی لە دەوڵەتی عوسمانی دا بخرێتە گەڕ و بانك و کارگەی جۆراوجۆری دروست کرد . خەتێکی دەریایی لە نێوان هامبۆرج و ئەستەنبوڵ کردەوە، ئەو سیاسەتەی خۆی بە سیاسەتی بەرەو ڕۆژهەڵات پێناسە کرد . سوڵتان عەبدولحەمید نزیك

بوونەوەی لە ئەڵمانیا زۆر پێ خۆش بوو . ئارەزووی لە هەنگاونانی جدی بو بۆ ڕێگرتن لە سیاسەتی ئەوسێ دەوڵەتە ئەوروپی یە . بەڵام زۆر بەوریایی هەنگاوی دەنا لە ترسی ئەوەی نەوەك فێڵی لێ بکرێت . ئەو پێوەندییەی لەگەڵ ئەڵمانیا وای لێ نەکرد کە بێلایەنی خۆی لەدەست بدات . ئەم کارەی سوڵتان لە سیاسەتە بەجێ یەکانی و سیاسەتە دوور بینییەکانی بوو.(٣١٩) ئەمە سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو لەهەمبەر ئەڵمانیا و ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە ئەورووپا پێی گەیشتبوو، لەلایەك هەوڵی پەیداکردنی هاوپەیمانی دەداو لەلایەکی دیش دەکۆشا بۆ پێشخستنی دەوڵەتی عوسانی ئەویش بە هێنانی زانایانی ئەورووپی و داهێنراوە زانستیەکانیان و سود لێوەرگرتنیان و بەکاربردنیان لەپێناو بەرژەوەندی گەلانی موسڵمان، وەلێ لە پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٠٩ ی ئیتحادییەکان و لادانی سوڵتان عەبدولحەمید، ئیدی سەرانی ئیتحادییەکان بوون هاوپەیمانی ئەڵمانیاو شوین پێی بیرو باوەڕە ئەورووپیەکان کەوتن و دەستیان دایە تەقلیدکردنەوەی گوفتارو ڕەفتاری گەلانی ئەورووپی، دواجار دەولەتی عوسمانیان خزاندە نێو جەنگی یەکەمی جیهانی .

## بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا :

لەوسەرو بەندەدا کە دەوڵەتانی ئەورووپی سوپاکانیان تەیارو پڕچەك کردبوو، بەرژەوەندییەکانیان تێکگیرابوو، هاوپەیمانی سەربازییان پیك هینابوون، ئەورووپا دابەش ببوو بۆ دووبەرەی سەربازی دژبەیەك، پێوەندییە سیاسییەکان ڕوویان لە ئاڵۆزی کردبوو، تەنها ڕوودانی کارێکی نەخوازراو بەس بوو بۆ بەرپابوونی جەنگ لەنێوانیان، تا هەریەك لەو دوو بەرەیە هەڵمەتی سەربازی بکەنە سەریەك .

لە بیست و هەشتی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٤ز دا ڕووداوی چاوەڕوان کراو ڕوویداو دەوڵەتان هەڵمەتیان برد بۆ چەك، هۆکاری ڕاستەوخۆی جەنگەکە بەم جۆرە بوو:

---

(٣١٩)عوسمانیەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا- د.محەمەد تەقوش -ل٥٤٤-٥٤٥ .

کاتێك ئەرشیدۆق فرەنسیس فردیناندی دەسەڵاتداری نەمسا و مەجەڕ لە بۆسنە دا بەهاودەمی ژنەکەی دەگەڕا، ژمارەیەك گەنجی سڕبی بۆسنە هێرشیان کردە سەر کەژاوەکەیان و بەو هۆیەوە کوژران.(٣٢٠) لێرەوە ئیمپراتۆریەتی نەمساومەجەڕ جەنگی دژی سڕبیا ڕاگەیاندو پاشتریش هاوپەیمانانی هەر لایەکیان خزانە نێو جەنگەکەوە .

جەنگی یەکەمی جیهانی پێی دەگوترێ جەنگە گەورەکە، ئەو جەنگە لە ئەورووپاوە بەرپابوو و هەموو وڵاتانی جیهانی لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ز گرتەوە . جەنگ لەوەوە بەرپا بوو کە ئیمپراتۆریەتی نەمسا و مەجەڕ (سڕبیا)یان داگیرکرد، ڕوسیا شەڕی دژی نەمسا ڕاگەیاند، ئەڵمانیا بەشداری جەنگەکەی کرد وەکو هاوپەیمانی نەمسا، فەرەنسا و بەریتانیاش وەکو دووهاوپەیمانی ڕوسیا... ڕوسیا و فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتوەکان سێ قۆڵی ڕێککەوتبوون، لەلایەکی دیکەوە، ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا و مەجەڕ و ئەڵمانیا و ئیتالیا پێکەوە بوون، لەم جەنگەدا بۆیەکەم جار چەکی کیمیاوی بەکار هێنرا و بەفڕۆکەش سیڤل بۆردومان کرا.(٣٢١) هەروەك دەوڵەتی عوسمانیش وەگەڵ ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی کەوتبوو .

ئەم جەنگە قوربانیەکی زۆری لێ کەوتەوە، لە مێژوودا ڕووی نەدابوو، چەندین دەسەڵات کە دەستیان بەسەر ئەورووپادا گرتبوو لابران و نەمان، کە دەسەڵاتیان بۆ سەردەمی هەڵمەتەکانی سەلیبی دەگەڕایەوە، خەریتەی سیاسی ئەورووپا گۆڕا، جەنگی یەکەمی جیهانی تۆوی بزوتنەوە ئایدیۆلۆجیەکانی چاند، وەکو کۆمۆنیستی و ململانێی ئاینده وەکو جەنگی دووەمی جیهانی.(٣٢٢)

لەسەروەختی بەپابوونی ئەم جەنگەدا و لە دەوڵەتی عوسمانی دا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بەڕێوە دەچوو، ئیتحادییەکان هەڵبژاردنی تازەیان بۆ ئەنجوومەنی نوینەران سازکرد، ئەنجامەکەشی لە ٤ی کانوونی دووەمی ١٩١٤ ڕاگەیەنرا،

---

(٣٢٠)پوختەی مێژووی ئەورووپا-پرۆفیسۆر دکتۆر جفری برۆن-ل٦١٩ .

(٣٢١) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل١٧٤-١٧٥ .

(٣٢٢) هەمان سەرچاوە-ل١٧٥ .

ئیتحادییەکان شێوازی هەمەجۆری کوشتاریان گرتەبەر تاکو هەڵبژاردنەکە لە بەرژەوەندی ئەوان تەواو ببێت . بەڵام دەنگوباسی شەڕی یەکەمی جیهان بەسەر هەواڵەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا زاڵ بوو، سوڵتان محەمەدی پێنجەم فەرمانێکی سوڵتانی لە ئابی ١٩١٤ دەرکرد بە پەکخستنی ئەنجوومەنەکە لەسەر بارودۆخی شەڕ، ئیتحادییەکان سیاسەتی سەنتراڵیان پیادەکرد کە بووە مایەی بێزاری نەتەوەکانی دیکە لە سەرتاسەری دوڵەتدا . ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لە پەرچەکرداری نەتەوەیی ، بۆیە ئیتحادیەکان بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانیان پەنایان بۆ تیرۆر بردو هەموو ئەو کۆمەڵە نەتەوەییانەیان هەڵوەشاندەوە کە بە ئاشکرا کاریان دەکرد، هەروەك بەتوندی چاودێری چالاکییەکانیان دەکرد.(٣٢٣)

شەڕ دەستی پێکرد لە ئابی١٩١٤ز، دەوڵەتی عوسمانی چووە پاڵ ئەڵمانیا و نەمسا ومەجەڕ، لە دژی ئینگلتەرا و فەرەنسا ورِوسیا و ئیتالیا وەستا، ئەو دەمە ئیتحادو تەرەقی دەسەڵاتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو.(٣٢٤) لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ز، دەوڵەتی عوسمانی لە پاڵ دەوڵەتانی ناوەندی هاوپەیمان چووە ناو جەنگەوە، ئەمەش بەپێی پەیماننامەی نهێنی کە لە نێوان ئەو و دەوڵەتی ئەڵمانیا دا مۆرکرا . هەرچەندە خۆئامادەکردنی سەربازی عوسمانی پێش نزیکەی چواردە مانگ بەر لەو شەڕە دەستی پێکردبوو کە ئەوکاتە ڕەش بگیری گشتی لە ٣ی ئابی ١٩١٤ ڕاگەیاندبوو، بۆیە ڕوووداوی لێدانی بەندەرەکانی ڕوسیا لەدەریای ڕەش لەلایەن هێزەکانی عوسمانییەوە لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٤ دا هۆکارێك بوو بۆ بەشداری کردنی عوسمانییەکان لەشەڕدا، چونکە ڕوسیا لە٤ی تشرینی دووەمدا شەڕی بەرامبەر ئەم دەوڵەتە ڕاگەیاند و دوای یەك ڕۆژ شەڕێکی دیکەی لەم شێوەی لەلایەن بەریتانیا وفەرەنسا بەدوادا هات . مەستی دەوڵەتی عوسمانی لەوشەڕەدا بەدیهێنانی چەندین ئامانج بوو، گرنگترینیان:

*پیادەکردنی سیاسەتی تورکاندن لەسەرتاسەری دەوڵەتی عوسمانیدا، هەروەها لەو وڵاتانەی کە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی بەریتانی .

---

(٣٢٣)میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٦٥-٢٦٦ .

(٣٢٤)مستەفا کەمال ئەتاتورك- مەنسور عەبدولحەکیم-ل٢٢٢ .

*گەڕاندنەوەی ئەو ویلایەتانەی کە لەژێر دەستی عوسمانیدا نەمابوون وەکو میسر و قوبرس و لیبیا و تونس و جەزائیر .

*گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خەلافەت و چەسپاندنی بەسەر گشت جیهانی ئیسلامی دا . ئەمەو سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی لەسەروویانەوە ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا، لەو باوەڕەدا بوون کە ئەو ئامانجانە نایەنەدی تەنیا بە هاوکاری نەبێ لەگەڵ ئەڵمانیا دا.(٣٢٥)

وادیارە مەینەتی دەوڵەتی عوسمانی لەو کۆت و بەندانەی بەسەر سەروەری وڵاتەکەدا سەپێنرابوون بەبوونی سیتمی دەستکەوتی بیانی و ئەو مافە تایبەتیانەی درابوون بەدەوڵەتانی بیانی، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بڕیاری سیاسی، کەوای لە سەرکردەکانی ئەو دەوڵەتە کرد بەشداری لە شەڕدا بکەن بەتایبەتیش کە سەرچاوەکانی داهاتی گشتی دەوڵەت لەلایەن بیانییەوە داگیرکرابوون وەك دەستەبەریەك بۆ پێدانی قەرزی گشتی، هەروەها حکومەتی عوسمانی ناچارکرا پابەندبێ بەهەندێ کۆت و بەندی سەپێنراو بەسەریدا سەبارەت بە کەمایەتیەکانی ئایینی و شۆڤێنی، وێڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر گەروەکاندا سوردار بوو . بەمەش بەشداری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕدا لە پاڵ ئەڵمانیا، سنورێکی بۆ دەستێوەردانی بیانی دانا بە درێژایی ڕۆژانی شەڕ . هەروەها ئەنوەر پاشا و هاوڕێکانی هەوڵیان دە دا شەڕ بە بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی بفرۆشن بەم شێوەیە دەستکەوتی بیانییەکان هەڵوەشێنرایەوە لە ڕۆژی یەکەمی تشرینی یەکەم دا حکومەتی عوسمانی بڕیاری زیادکردنی ڕەسمی گومرگی دەرکرد کە پێشتر ڕێگای پێ نەدرابوو لەو ئاستە بەرزتری بکات کە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتییەکان دەست نیشانیان کردبوو بۆیە دەستگیرا بەسەر فەرمانگەکانی پۆستەی بیانی، بیانییەکانیش ناچارکران مل بدەن بۆ یاساکانی دەوڵەت، هەروەها بڕیاردرا لە دادگای تایبەتدا کە بە دادگای بیانی ناسرابوون دادگایی بکرێن.(٣٢٦)

---

(٣٢٥) میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٢٦ .

(٣٢٦) میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٦٧ .

بڕیاری ئیتحادییەکان بۆ چوونە ناو جەنگ بەبێ وروژاندنی هیچ لایەك بوو، لە کاتێکدا هێشتا پاریس و لەندەن داوایان لێکرد بێلایەن بێ، وادیارە ئەمە سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام دەکرێ چەندین لێکدانەوەی دیکە لە هۆیەکانی ئەمە بکرێ . یەکەمیانە، جەنگ ڕێگە بە سەقامگیربوونی ڕژێمی تاك پارتی دەدا بەشێوەیەکی دریژخایەن، هەرجۆرە پرۆژەیەکی تری سیاسی جگەلەوەی کە ئیدیۆلۆگە ناسیۆنالیستەکان بانگەوازی بۆ هەڵدەدەن قەدەغە دەکات، سێ پیاوەکە بڕوایەکی تەواویان بەباڵادەستی سەربازی و توانستی ئەڵمانیا هەبوو، بەوەی کە هەر زوو سەرکەوتن دەباتەوە . بەگوێرەی سێ پاشاکە لە واقیعدا تەنگژەکە شانسێك بوو بۆ پچڕاندنی ئەو پێوەندییە ژێردەستەییەی کە دەوڵەتی عوسمانی خستبووە ژێر سایەی ئابووری بەریتانیای فەخیمە و فەرەنسا و هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی داهاتی گومرگ کە لەلایەن بەریتانیای فەخیمە و فەرەنساوە کۆنترۆڵ کرابوو . جگەلەوە نیگەرانی لەسەربەخۆیی ئابووری، جەنگ دەفەتێکیش بوو بۆ تۆڵەسەندنەوەیەکی مێژوویی لە ڕوسیا و کردنەوەی دەرگە بۆ داگیرکردنی ئاسیای ناوەڕاست، ئەرگەنە کۆنی ناسیۆنالیزمی تورك، لانکەی ئەفسانەیی نەتەوەی تورك.(٣٢٧)

ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگ فەرمانێکی دەرکرد بە داخستنی گەرووەکانی تورکیا بەڕووی کەشتییە بیانییەکاندا، وەك ئارەزوویەکی خۆی تاکو ڕێگە لەدەستوەردانی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی بگرێت . لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا، ئەنوەر پاشا فەرمانی بە کەشتیگەلی عوسمانی دا لە دەریای ڕەش، کە سۆشۆنی ئەمیراڵی ئەڵمانی سەرکردایەتی دەکرد، دەست بەشەڕ بکەن دژی ڕوسیا لە٢٩ی تشرینی یەکەم کەشتیگەلی عوسمانی بەندەرەکانی ئۆدیسا و سباستبۆل و تۆفۆرسکی بۆمباران کرد و چەندین کەشتی جەنگی نقوم کرد، کاتێکیش حکومەتی عوسمانی وەڵامی گلەیی و سکاڵاکانی باڵیۆزانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نەدایەوە، ئەم دەوڵەتانە شەڕیان دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند، بەریتانیاش پاراستنی میسری ڕاگەیاند لەگەڵ داگیرکردنی دوورگەی قوبرس، کەشتیگەلەکانی هاوپەیمانانیش هێرشیان کردە سەر قەڵاکانی دەرەوەی دەردەنیل و،

---

(٣٢٧)مێژووی تورکیای هاوچەرخ-حەمید بۆز ئەرسەلان-ل٣٩-٤٠ .

**هێزی دەریایی بەریتانیاش بەندەری عەقەبەی بۆردومان کرد.(٣٢٨)**

**ئەنوەر پاشای وەزیری جەنگ پلانێکی سەربازی دارِشت کە بریتی بوو لە هێرش کردنی هێزەکانی عوسمانی لە دوو قۆڵەوە، لە باکورەوە دژی ڕوسیا، لە باشورەوە دژی بەریتانیا لە میسر، بەڵام هێزەکانی عوسمانی دووچاری شکستێکی زۆر بوونەوە لە قۆڵی باکور، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٦ دا ترابزۆن و ئازەربایجان وموش و بەدلیس داگیر بکەن، هەروەها پلانەکەی ئەنوەر پاشا لە قۆڵی باشوریشدا پووچەڵ بووەوە . عوسمانییەکان نەیانتوانی نۆکەندی سوێس لە ٣ی شوباتی ١٩١٥ کۆنترۆڵ بکەن . بەم شێوەیە بەریتانیەکان بەرەو عێراق پێشڕەویان کرد، بەسرەیان لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ز، داگیر کرد بەڵام لە کوت لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥ دا گەمارۆدران، بۆیە ناچار بوون لە ٢٩ی نیسانی ١٩١٥ خۆیان بەدەستەوە بدەن . هەوەها عوسمانییەکان سەرکەوتنێکی دەیکەیان لە گالیبولی (جناق قەلعە) بەدەست هێنا کاتێ هێرشێکی دەریایی هاوپەیمانان بۆ سەر گەرووی دەردەنیل لە ١٩ی شوباتی ١٩١٥ دا پوچەڵ بوەوە، ناچاریان کردن هێرشێکی وشکایی لەنیسانی هەمان ساڵ دا دەست پێ بکەن، بەم شێوەیە شەڕ لە نێوان هەردوولادا بەردەوام بوو . لەم شەڕەدا کەسایەتی سەرکردەیەکی سەربازی سەری هەڵدا کە دواتر بە مستەفا کەمال ئەتاتورك ناوی دەرکرد، ئەو سەرکردەیەکی کەرتی ئانا فارقە بوو، هێرشێکی سەرکەوتووی ئەنجامدا کە ببوە هۆی ئارامی بەرەی شەڕو بەریتانییەکانیش ناچار بوون بەتەواوی چاو لەم پرۆسە سەربازییە بپۆشن . لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەوە پلەی بۆ ئەمیری لیوا بەرز کرایەوە بۆی، دواتر بە مستەفا کەمال پاشا ناوی دەرکرد.(٣٢٩)**

**دەرچوونی ڕوسیا لە جەنگ لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفی لە تشرینی ١٩١٧ز دا و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لە لایەن (لینین)ەوە لەگەڵ ئەڵمانیا- لە(ڕێککەوتنی بریست لیتوفسك ١٩١٨)،**

---

(٣٢٨) مێژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٦٧-٢٦٨ .

(٣٢٩)هەمان سەرچاوە-ل٢٦٨-٢٦٩ .

هۆیەکی گەورە بوو بۆ پاڵپێوەنانی ئەڵمانیا تاکو هێرشێکی چڕ بۆ فەڕەنسا ببات بەمەبەستی داگیرکردنی، بەڵام هاوپەیمانی بەریتانیا و فەڕەنسا ،بەسەرۆکایەتی جەنەڕاڵ (فۆش مکین) توانرا ئەڵمانیا ڕاگرن و نەهێڵن بەرە فەرەنسا بێت و لەشەڕی (مارن) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا بەسەر ئەڵمانیەکاندا سەرکەوتن . گەیشتنی هێزەکانی ئەمریکا لە حوزەیرانی ١٩١٧ز بۆ فەڕەنسا، وەرچەرخانێك بوو لە ڕێرەوی جەنگەکەدا، چونکە یارمەتی هاوپەیمانانی دا هێرش بکەنە سەر هێزی ئەڵمان، ناچار سەدان کیلۆمەتر کشایەوە، لەهەمانکاتدا هێزەکانی هاوپەیمانان لە سوریا شکستیان بە هێزەکانی عوسمانی هێنا و بەرەو ئاسیایی بچوك ڕۆیشتن . لەبەلقان هێزە هاوپەیمانەکان بولگاریایان ناچارکرد خۆی بەدەستەوەبدات لە ئەیلولی ١٩١٨ز دا . دەوڵەتی عوسمانی داوای ئاشتەوایی کرد لە تشرینی هەمان ساڵدا، هەروەها نەمساش هەمان هەنگاوی نا لە سەرەتای شوباتدا.(٣٣٠)

قەیرانێکی سیاسی توند ئەڵمانیای گرتەوە، لەبەرەکانی جەنگیشدا شکستی هێنا . ئەڵمانیا داوای ئاگربەستی کرد بەبێ مەرج، هاوپەیمانەکان ڕازی نەبوون لەگەڵ حکومەتی ئیمپڕاتۆریدا وتو وێژ بکەن، لەم کاتەدا لە ئەڵمانیا کۆماری دامەزرا، دوای ئەوەی ئیمپراتۆر دەستی لەکار کێشایەوە، ئەوکات ئاگربەست مۆرکرا، لە ١١ی شوباتی ١٩١٨ز جەنگ کۆتایی پێهات، دوای چوار ساڵ و نیو شەڕی خوێناوی بە ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی، نزیکەی ٢١ ملیۆنیش زامداری لێ کەوتەوە، گرنگی دەرەنجامی ئەم جەنگە، ئاشتیەکی نیوە ناتەواو هاتە ئاراوە.(٣٣١)

## شکستهێنان و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی :

دەوڵەتی عوسمانی لەهەر دوو بەرەی عێراق و شام دووچاری شکستێکی توند بوەوە، لە عێراقدا هێزەکانی بەریتانیا لە ١١ی ئاداری ١٩١٧ز بەغدادیان داگیرکرد و دواتر گەیشتنە نزیك موسڵ لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دا، لە شامیش هێزەکانی شۆڕشی عەرەبی بەیارمەتی هێزەکانی بەریتانیا چوونە ناو شاری دیمەشقەوە و حکومەتێکی عەرەبیان ڕاگەیاندو،

(٣٣٠) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل١٧٩-١٨٠ .

(٣٣١)هەمان سەرچاوە-ل١٨٢ .

به تەواوی کۆنتڕۆڵی سوریا و فەلەستین و ڕۆژهەڵاتی ئەردەنیان کرد لە ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩١٧ تاکو ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨، لە ئەنجامی ئەو شکستانەدا حکومەتی ئیتحادییەکان ناچاربوون لە ١٣ی تشرینی یەکەمدا دەست لەکار بکێشێتەوەو چەند سەرکردەیەکی ئیتحادو تەرەقی کە بریتی بوون لە، ئەنوەر و تەلعەت و جەمال بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتن . لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ دا حکومەتێکی تازە بەسەرۆکایەتی ئەحمەد عیزەت پاشا پێکهات کە سەرکردەیەکی سیاسی ناسراو بوو لەو سەردەمەدا. ئەم حکومەتە بەمەرجەکانی ڕێککەوتننامەی مۆدرۆس قایل بوو . (مۆدرۆس بەندەرێکی دوورگەی لیمنوس بوو لە دەریای ئیجەدا)، لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩١٨.(٣٣٢)

ئەمەش واتای شکستی وڵاتانی بەرەی ناوەند بوو، کە یەك لەوان دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەهەمانکات سەرکەوتنی بەرەی هاوپەیمانا بوو . دواتر دەڵەتانی براوەی جەنگەکە کۆنگرەیان سازکرد بۆ بەشکردنی ئەو هەریم و ناوچانەی کە دەستیان بەسەردا گرتبوو، لەمەشیاندا دەوڵەتی عوسمانی زەرەر مەندی یەکەم بوو .

لەسەر بنەمای بیرباوەڕی (ویلسون) کۆنگرەی ئاشتی، یەکەم دانیشتنی لە پاریس لە ١٨ی نیسانی ١٩١٩ز بەسترا، نوێنەری ٣٢ دەوڵەت تیایدا بەشدار بوون . بەڵان ئەو وڵاتانەی لە جەنگدا شکستیان هێنابوو، لەگەڵ ڕوسیادا بۆ ئەم کۆنگرەیە بانگهێشت نەکران . بۆیە ئەم کۆنگرەیە، کۆبوونەوەیەك بوو وڵاتانی سەرکەوتوو تیایدا کۆبوونەوە، بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ، سەرەڕای ئەمەش، نوێنەرانی فەڕەنسا، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕای خۆیان بەسەر سەرۆك وەڤدەکاند سەپاند . لەو کۆنگرەیەدا، دەرکەوت فەڕەنسا و بەریتانیا، دەیانەوێ زۆرترین جێگا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە . هەروەها سەرۆك وەزیرانی فەڕەنسا (جۆرج کلیمنسو) سور بوو لەسەر ئەوەی باکوری ئەفریقیا لەژێر دەسەڵاتی فەڕەنسا بمێنێتەوە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش سوریا و لوبنان لەژێر دەسەڵاتی وڵاتی فەڕەنسادا بێ ،

---

(٣٣٢) میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٧١ .

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش سەرکردایەتی وەفدی وڵاتەکەی خۆی کرد لە کۆنگرەکەدا بەرەنگاری داواکانی فەرەنسا بوو، کە داوای ئەوەی دەکرد ببێتە میراتگری ژێر دەستەکانی ئەڵمانیا لە ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و، داوای ئەوەشی کرد میسر و سودان و فەلەستین لەژێر (ئینتیداب)ی بەریتانیادا بن ئەوەی لەبیرچووەوە کە بەڵێنی دابوو ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بکەوێتە ژێر ئاڵای (شەریف حوسێن کوڕی عەلی)یەوە . سەرەك وەزیرانی ئیتالیاش داوای گەڕانەوەی ناوچەکانی (ترانتان) و (ترپستان)ی دەکرد بۆ ئیتالیا بگەڕێنەوە.(٣٣٣)

لەڕاستیدا زەبرەکە زۆر توندو بەئێش بوو . ئاشکرابوو کە لە دوای ئەوەی دەوڵەت تەفروتونا بوو، وەزارەت کە تەلعەت پاشا سەرۆکایەتی دەکرد دەستی لە کار کێشایەوە و، ئەندامانی لە چاوان بزر بوون، هاوکات وەزارەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی ئەحمەد عیزەت پاشا دروست بوو کەمۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ئاشتییەکەی شاری مۆدرس لە دوورگەی لیمنوس خستە ئەستۆی خۆی . ڕێگە چارەکە کە پەیماننامەکەی لێ پەیدا بوو سێ بەشی گرتبووە خۆ:

*یەکەم: دوزینەوەی ڕێگە چارە لە ئەورووپا بە تایبەتی لە تراقیا .

*دووەم: دەستاو دەست کردنی گەروەکان و ئەستەمبوڵ و دانانیان لەژێر ئینتیدابی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهەمان شێوەش ئەرمینیا خرایە ژێر ئەو ئینتیدابەوە .

*بەشی سێیەمیش تایبەت بوو بە کێشەکانی ئاسیایی بچوك و عێراق و فەلەستین و سوریا و دوورگەی عەرەبی یەوە . دەوڵەتی عوسمانی لەدوای چارەسەر کردنەکە و دوابەدوای ئەوەی سوپای بەریتانی لە عێراق هەتا موسڵ و شام و حەلەبی داگیرکرد، تەنیا تورکیای لە دەست مایەوەو، هێزەکانی هاوپەیمانان گەروەکانیان کۆنترۆڵ کردو دووبارە بەڕووی کەشتی گەلە جەنگییەکاندا داخرایەوە . هەروەها پەیمانی سیڤەریان لە ١٠ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٠ بەسەر تورکیادا سەپاند . لەگرنگترین ئەو خاڵانەی کەلەو پەیماننامەیەدا هاتبوو، ئەمانەن :

---

(٣٣٣) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل١٨٤-١٨٥ .

*دابڕینی ویلایەتە عەرەبییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی بەوەی کە سوریا و لوبنانخرانە ژێر ئینتیدابی فەڕەنسیەوە، عێراق و فەلەستین و خۆرهەڵاتی ئوردنیش خرانە ژێر ئینتیدابی بەریتانیەوە .

*یۆنان و دوورگەکانی دەریای ئیجە و ناوچەی تەراقیای، تەنیا بەشێکی بچوکی نەبێ دەستکەوت .

*بەخشینی سەربەخۆییەکی ناوخۆیی بە ئەزمیر و ئەو بەشە ناوخۆییانەی کە سەر بە ئەو بوون لەژێر سەرپەرشتی یۆنان .

*دانانی ناوچەی (ئەنتالیا) لەژێر سەرپەرشتی ئیتالیا.(٣٣٤)، ئەم پەیماننامەیە( پەیمانی سیڤەر) بە خەلیفەی عوسمانی مۆرکرا، کە لە راستی دا هەر لەدوای کودەتا دەستورییەکەی ساڵی ١٩٠٨ی ئیتحادییەکان، سوڵتانی عوسمانی هیچ دەسەڵاتکی لەنێو دەوڵەتی عوسمانی دا نەماو سەرانی ئیتحادییەکان بۆخۆیان دەوڵاتیان بەڕێوە دەبردوو بڕیارو کارو بارەکانیان یەکلایی دەکردەوە، هەروەك لە ساڵی ١٩٠٩ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیان لاداو سوڵتان محەمەدی پێنجەمیان لە شوێنی دانا بەویستی خۆشیان هەڵیان دەسوڕاند . ئەوە سەرانی ئیتحادییەکان بوون کە دەوڵەتی عوسمانیان خزاندە نێو جەنگی یەکەمی جیهانی و پاشتریش شکستیان هێنا و هەڵاتن .

تێکشکاندن و ڕماندنی تورکیا مەبەستی ئەوروپپیەکان بوو، بەتایبەتی یەهودیەکان کە دەستیان لە هەموو شتێکدا هەبوو، لە ڕێگای سەرمایەکانیانەوە کە لە بانقەکانی ئەورووپادا دانرابوون-بەتایبەتی بنەماڵەی (ڕۆتشیلد). بۆیە مۆلکەکانی تورکیا ئەو نێچیرە بوو هەموو ئەورووپا چاوی تێبڕی بوو، لەلایەکی دیکەشەوە قاریان لە ئیسلام دەبووەوە، بەدوای هەلێکدا دەگەڕان لە ناوی بەرن، ئەورووپیەکان ئاسانترین ڕێگای لەناوبردنی تورکیایان لەوەدا دەدی،

---

(٣٣٤)عوسمانییەکانەلە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تاکودەتا بەسەر خیلافەتدا-د. محەمەد تەقوش-ل٦٤١-٦٤٢ .

گورزەکە بە دەستی ئیسلامەکان و ڕۆڵەکانی خۆیانەوە بوەشێنرێ... مستەفا کەمال ئەتاتورک- ئەو ئاواتانەی هێنایە دی بۆ ئەورووپییەکان کە خەونیان پێوە دەدی... پیاوێکی وەکو مستەفا کەمال، خەونێکی ئەورووپییەکان بوو، دواتریش ئەو خەونەیان بووە واقیعێك و بۆیان هاتەدی، کە لە خەیاڵ سەیرو سەمەر تر بوو . بۆیە ئەورووپییەکان هەوڵیان دەدا بەرزی بکەنەوە و بیکەنە کەسێکی دیار لەپێش چاوی جەماوەر، دواتر ئەوەی ئەتاتورك تێکی دا، ئەورووپییەکان بەهەموو توانایانەوە پاریزگاریان لێ کردو نەیانهێشت ئەو ڕێڕەوە عەلمانییەی مستەفا کەمال بەفیڕۆ بڕوا و لەناوبچێ . وایان بۆ سازاند ببێتە سەرکردەیەکی نەتەوەیی، بەتایبەتی دوای لادانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و پاش ئەوەی ئیتحادو تەرەقی ڕۆڵێکی گەورە گێڕا لە ڕوماندنی دەوڵەت کە بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردو خاکەکەیان داگیر کرد.(٣٣٥)

محەمەد وەحیدەدین کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید (١٤/١/١٨٦١-١٦/٥/١٩٢٢)، یەکێك بووە لە سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لە ڕۆژی (٤/٧/١٩١٨ز)، دوای براکەی (محەمەد ڕەشاد)و خۆکوشتنی کوڕەمامەکەی عەبدولعەزیزی یەکەم، فەرمانڕەوایەتی کردووە تاوەکو(١/١١/١٩٢٢) . دوای چەند مانگێك لە گرتنەدەستی دەسەڵات، دەوڵەتی عوسمانی تەسلیم کرا، بەشێوەیەك شکستی هێنابوو لە جەنگدا کە دووژمنەکانی زۆرترین پارچەو شوێن و ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانیان داگیرکردبوو، جگە لە هەندێ ناوچە . سوڵتان محەمەدی شەشەم (محمد وحیدەدین)، متمانەی خۆی دایە (مستەفا کەمال ئەتاتورك)، بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی کە دەوڵەتی عوسمانی تێی کەوتبوو، بۆیە مستەفا کەمال ئەتاتورك دەستی کردە کارکردن بۆخۆی و ئەستێرەی ئەو درەوشایەوە، لە ئەنجامی ئەوەش سوڵتان تەنازولی لە دەسەڵات و لە خەلافەت کرد لە ساڵی(١٣٤٠ك).(٣٣٦) سوڵتان محەمەد وەحیدەدین، خەلیفەی عوسمانی، متمانەی بەخشییە مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ رزگارکردنی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی لەو پەشێویە نێوخۆیی و دوژمن کاریە دەرەکیانەی ڕووبەڕووی ببوو یەوە .

---

(٣٣٥)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل١٩٧-١٩٨ .

(٣٣٦)عوسمانییەکان-کۆمەڵێك نوسەرل٢٠٦ .

## سەرهەڵدانی کەمال ئەتاتورك :

**مستەفا کەمال دوای شکستە گەورەکەی تورکیا و پاش گەڕانەوەی،**

**پێوەندی بە قەشەیەکی بەناوبانگەوە هەبوو بەناوی(frid) کە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئینگلیز بوو لە تورکیا، هەروەها پەیوەندیەکی بەتینی هەبوو لەگەڵ پیاوی هەواڵگری (ئەرمسترۆنگ) . هاوکات نێوانی لەگەڵ سوڵتان (وەحیدەدین-محەمەدی شەشەم) پتەو بوو، چونکە لەبەهار ١٩١٨ز بووە یاوەری سەربازی ئەو...ئەوکات (وەلی عەهد) بوو، ئەوددەمە مستەفا کەمال، بە (وەحیدەدین)ی ڕاگەیاندبوو کەوا قاری لە ئیتحادو تەرەقییە، هەردووك بوونە هاوڕێ، مستەفا بووە جێگای بڕوای (وەحیدەدین) لەکاتی جەنگدا، سوڵتان (محەمەد ڕەشادی پێنجەم) کۆچی دوایی کرد و (وەحیدەدین) بووە خەلیفە، مستەفا کەمالی لەخۆی نزیك کردەوە، وەحیدەدین بۆ ئەنادۆلی نارد تا ئەوانەی سەر بە ئیمپریالیزم بوون، لەناویان بدات و پارەیەکی زۆریشی خستە بەردەستی.(٣٣٧)**

**مستەفا کەمال هەستی کرد ئەو هەلەی بۆی دەگەڕا دەستی کەوتووە، بۆیە خۆی گەیاندە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، دوو هاوڕێی لەگەڵدا بوو بە ناوەکانی (عارف و ڕەئفەت)، پلانەکەی ئەوەبوو، دانیشتوانی ئەنادۆڵ قەناعەت پێبکات کەوا نوێنەری سوڵتانە، تا لە داگیرکەر رزگاریان بکات، بەڵام ئەوەی لە دڵیابوو شتێکی کە بوو، بۆ هاوڕێکانی ئاشکراکردبوو، کە وەحیدەدین هیچی بەلاوە مەبەست نییە یەك شت نەبێ، ئەویش رزگارکردنی ڕۆحی خۆیەتی، لەگەڵ سەرەك وەزیراندا، هەروەك گوتبوی میللەت پێویستی بەسەرکردەیەکە لەم میحنەتە ڕزگاری بکات، کە لەناو شەوێکی تاریکدایە.(٣٣٨)**

**مستەفا کەمال گەیشتە (سامسۆن) کە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو، هێزەکانی یۆنان بەفەرمانی ئینگلیز هێرشیان بۆ (ئەزمیر) کرد،**

---

(٣٣٧)مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٢٠١-٢٠٢ .

(٣٣٨)هەمان سەرچاوە-ل٢٥٩ .

ئەزمیر داگیرکرا، تا (مانیزیا) و (ئیدین)یش داگیرکراو بەهەزاران کەسیان لەو ناوچەیە کوشت.(٣٣٩)....شیخ مستەفا سەبری دەڵێت: لیژنەی هاەپەیمانانی باڵا کە لە پاریس بوو، لە سەرۆك وەزیرانی ئینگلتەراو فەرەنساو ئیتالیاو یۆنانی پێکهاتبوو، لە ١٤ی مایسی ١٩١٩ز ئاگاداریان کردینەوە بەبڕیارێك کە دەڵێ: دەبێ سوپای یۆنانی لە ئەزمیرو مەقدۆنیە بن و، ئاگاداریشیان کردینەوە کە نابێ بەرەنگاری بکەین چونکە پێچەوانەی ئاگربەستە... بۆ ڕۆژ داهاتوو، لە ١٥ مایسی ١٩١٩ز، سوپای یۆنان گەیشتە ئەزمیر.(٣٤٠)

مستەفا کەمال بەوردی دروستکرا لەلایەن ئینگلیزەوە . مستەفا کەمال، لە چەند شەڕێکدا وەکو قارەمان دەرکەوت، لە (شەڕی سەقاریا)دا کە لەلایەکەوە فشاریان ختستەسەر سوڵتان، لەهەمان کاتدا هەلی سەرکەوتنیان بۆ مستەفا کەمال ڕەخساند، هیزەکانی هاوپەیمانان بە یۆنانیانیەکانیان ڕاگەیاند بەرەو ئەنادۆڵ بڕۆن، لەنیوەی ڕێگادا لە هاوپەیمانانەوە فەرمانیان پێگەیشت، ڕاوەستن . هێرشی یۆنانی ڕاوەستا، دواجار کشانەوە، تورکەکان کەوتنە باری هێرش کردن، یۆنان پاشەکشەی کرد، (قارەمان)ەکەش لەو شەڕەدا (شەڕی سەقاریا) سەرکەوتنی بەدەست هێنا!(٣٤١) ئەزمیر لەژێر دەستی یۆنان بوو، هێزێکی گەورەشیان لەوێدا بوو، سەرەڕای ئەوەش کشانەوەو بۆ مستەفا کەمالیان چۆڵ کرد! بێ ئەوەی یەك گولله بتەقێنن.(٣٤٢)

مستەفا کەمال چووە ناو ئەزمیرەوە، هێزە دەریاییەکانی هاوپەیمانانیش بە تۆپی قورسیانەوە لە بەندەرەکە بێ دەنگ مانەوە... ئارمسترۆنگ دەڵێ: توانای بەکارهێنانی چەکمان نەبوو . مستەفا کەمال، چووە ناوچەی بسفۆڕەوە،

---

(٣٣٩) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم--٢٦٠ .

(٣٤٠) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٢٠٤ .

(٣٤١) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٢٠٤ .

(٣٤٢) هەمان سەرچاوە .

که هێزەکانی بەریتانیا لەوێدا بوون . سەربازە تورکەکان تێلبەندەکانی شوێنە سەربازییەکانیان دەبڕی، بێ ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز دەنگ بکەن... ئەوچەکانەی مستەفا کەمال شەڕی پێدەکرد لە ڕوسیاوە هاتبوون بە ئاگاداری هێزەکانی بەریتانیا، هاوپەیمانان وایان دەردەخست گوایا هاوسۆزی خەلیفەن و قاریان لە مستەفا کەمالە!(٣٤٣)

مستەفا کەمال لەدوای ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەی بڕیاری بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی دەدات لەشاری (سیواس)، مستەفا کەمال، توانی بگاتە (سیواس) و بەشداری کۆنگرەی نیشتمانی بکات کە لە ٤ی ئەیلولی ١٩١٩ز دا بەسترا، وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەی خوێندەوەو دواجاریش بەسەرۆکی کۆنگرەکە هەڵبژێردرا . حکومەتی ئەستەنبوڵ، هەوڵی دا مستەفا کەمال دەستگیر بکات بەیارمەتی کوردەکان، بەڵام ئەو هەڵە سەری نەگرت، مستەفا کەمال و تیپەکەی هێرشیان کردە سەر کوردەکان، شەڕ لەنێوانیاندا بەرپا بوو بەڵام کوردەکان شکان، ئەمە زیاتر ناوبانگی پێ بەخشی، حکومەتێکی نیشتمانی سەرخۆ دامەزراو مستەفا کەمال بەسەرۆکی ئەو حکومەتە هەڵبژێردرا... بروسکەیەکیان بۆ سوڵتان نارد، داوای لابردنی سەرۆکی حکومەت (داماد فرد)یان کرد، چونکە ئەو هانی کوردەکانی دابوو، هێرش بکەنە سەر کۆنگرەکەیان . داواشیان لە سوڵتان کرد هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێت.(٣٤٤)

ئینگلیزەکان لە ١٦ی مارتی ساڵی ١٩٢٠ز قوستەنتەنیە(ئەستەنبوڵ)یان داگیرکرد، داواشیان لە دانیشتوانەکەی کرد ملکەچی ئەو فەرمانانەبن کە لە خەلیفەوە پێیان دەگات... ئەمە ڕقی خەڵکەکەی زیاتر کردو، خەلیفەیان بەزاند....لەولاشەوە لە(ئاسکی شەهر) کشانەوە، کە لەلایەن مستەفا کەمالەوە ئابلۆقە درابوو، لە (قۆنیە)ش بەبێ شەڕ کشانەوە، بەجۆرە ئەنادۆڵ هێزەکانی هاوپەیمانانی تیا نەما... خەڵکەکەش سەرسام بوون لەم سەرکەوتنانە.(٣٤٥) کە بەپێی ڕێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ئەتاتورک دا،

---

(٣٤٣) مستەفا کەمال ئەتاتورک-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٢٥٠

(٣٤٤)مستەفا کەمال ئەتاتورک-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٢٦١-٢٦٢

(٣٤٥)هەمان سەرچاوە-ل٢٠٥

هاوپەیمانان بڕیاریان دا، لە ئەستەنبوڵ دەرچن، لەهەمانکات هاوپەیمانان بڕیاریان دا یۆنانییەکان دەرکەن، هەرچەندە لە (تەراقیا) هاوپەیمان بوون . بەجۆرە ئەو قارەمانە دەستکردەیان دروست کرد کە تورکەکان و موسڵمانانیان پێ فریودا، گوایا ڕزگارکەری موسڵمانانە.(٣٤٦) دانیشتوانی ئەنقەرە ئاهەنگیان گێڕا بۆ سەرکردەی سەرکەوتوو، نازناوی (غازی)یان پێبەخشی، بروسکەی پیرۆزبایی لە ڕوسیا و ئەفغانستان و هیند و ئەمریکا گەیشتە مستەفا کەمال، هەتا فەرەنسا و بەریتانیاش پیرۆزباییان لێکرد.(٣٤٧)

سوڵتان وەحیدەدین، یەکێ لە فەرماندەکانی سوپای بۆ گفتوگۆ نارد، ئەویش (کەریم پاشا) بوو، هەوڵەکانی سوڵتان بۆ ڕاگرتنی شۆڕشی مستەفا کەمال سودی نەبوو، کەریم پاشا، کە مامۆستای مستەفا کەمال بوو نەیتوانی قەناعەت بە مستەفا کەمال بکات دەست لە شۆڕشەکەی هەڵگرێ . مستەفا کەمال، فەرمانی دا، ئەنادۆل لە پایتەخت دابڕن، پێوەندی تەل و بێ تەل بەکار نەهێنن لەگەڵ پایتەختدا، باج و داهات بۆ (سیواس) بنێردرێت و هەموو فەرمانبەرەکانی دەوڵەت دەرکەن و جاڕی شۆڕشێکی چەکدارانە لە دژی سوڵتان بدرێت.(٣٤٨)

حکومەتی ئەمریکا لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ (هاربورد)بۆ (سیواس) نارد، تا لەگەڵ مستەفا کەمال گفتوگۆبکات . (هاربورد) چاوی بە مستەفا کەمال کەوت، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئەمریکا یارمەتی شۆڕشەکەی کەمالیستەکان بدات، لەبەرامبەر ئەمەدا، خەلافەت نەمێنێ و سنورێکی نوێ بۆ تورکیای عەلمانی دیاری بکرێ . (هاربورد) گەڕایەوە ئەستەنبوڵ، چاوی بە وەحیدەدین کەوت، داوای لێکرد داواکاریەکانی شۆڕش جێبەجێ بکات، یەکەم داواشی دەست لەکارکێشانەوەی سەرەك وەزیران (داماد فەرید) و حکومەتەکەی بوو . سوڵتانیش لە ٢ی تشرینی ١٩١٩ز داواکەی بەجێ هێناو حکومەتێکی نوێی بەسەرۆکایەتی (عەلی ڕەزا) پێکهات و بڕیاریش درا هەڵبژاردن بکرێت،

---

(٣٤٦) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٢٠٦

(٣٤٧) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٢٠٤

(٣٤٨) هەمان سەرچاوە-ل٢٦٢ .

بەم جۆرە مستەفا کەمال ئاواتەکەی بەدیهات، ئەمەش سەرکەوتنێکی دیکە بوو کە بەرەو کورسی دەسەڵاتی برد.(٣٤٩)

دەستێوەردانی ئەمریکا کاری خۆی کرد، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کراو لایەنگرانی مستەفا کەمال (کەمالیستەکان) تیایدا سەرکەوتن، لە ١٩ی مایسی ساڵی ١٩٢٠ز بەزۆرینەی کەمالیستەکان پەرلەمان کرایەوە، مستەفا کەمال پێشنیاری کرد بارەگای پەرلەمان لە ئەستەنبوڵەوە بۆ ئەنقەرە بگوازنەوە، تاکو لە سوڵتان دووربێ، بەڵام پێشنیارەکەی سەری نەگرت، لەبەرئەوەی لایان وابوو هێشتا زووە بۆ ڕووبەروو بوونەوەی سوڵتان ... نوێنەران ویستیان دڵی سوڵتان ڕازی بکەن و لە دەوری کۆببنەوە، بەوپێیەی فەرماندەیەکی شەرعیە تاکو لەبەرامبەر ئەو قەیرانانەوە ڕاوەستن کە ڕووبەڕوویان ببووەوە... ئەمە مستەفا کەمالی توڕە کرد و ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان نەبوو، داواشی لێ کردن بەسەرۆکی پەرلەمانی هەڵبژێرن، ئەمەشیان جێگای قبوڵ کردن نەبوو، لە ئەنقەرە مایەوە، خۆی ئامادە دەکردو خەڵکی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئامانجانەی هێشتا بەدی نەهاتبوون، لەم کاتەدا بوو یۆنانیەکان بەفیتی ئینگلیز هێرشیان کردو (ئەزمیر)یان داگیرکرد (عەلی رەزا)ی سەرەکی وەزیران لە مارتی ١٩٢٠ز دەستی لەکار کێشایەوە، وەزارەتێکی دیکە دامەزرا بەسەرۆکایەتی (ساڵح پاشا)ی وەزیری جەنگی پێشوو . بەڵام نوێنەرانی سەربە مستەفا کەمال، متمانەیان بە حکومەتە تازەکە نەدا... هێزەکانی ئینگلیز ئەستەنبوڵیان داگیرکردو ئابلۆقەی ئەنجومەنی نوێنەرانی داو زۆربەی ئەندامانی دەستگیر کران... سەرلەنوێ ململانێیەکە گەڕایەوە، قارەمانی دەستکردیش گەڕایەوە.(٣٥٠)

ململانێ لەنێوان مستەفا کەمال و سوڵتاندا لەوپەڕیدا بوو، سوڵتان لەناو سوپای عوسمانیدا لایەنگری نەبوو بەرگری لێ بکات،

---

(٣٤٩) مستەفا کەمال ئەتاتورک-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٢٦٤-٢٦٥ .

(٣٥٠) هەمان سەرچاوە -ل٢٦٧ .

ئاشتەوایی نێوان مستەفا کەمال و سوڵتان درێژەی نەکێشا وەکو ئەوەی لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دا ڕووی دا لەهەمبەر ئیتحادو تەرەقی . خەلیفە سوپایەکی پێکەوەنا، بەناوی (سوپای خەلیفە)ەوە، لەبەرامبەر سوپای کەمالیەکان وەستاو توانی چەندین شاری گەورە لەدەستیان ڕزگار بکات . سوپای خەلیفە لە هێرش بردنە سەر ئەنقەرە ڕاوەستا، چونکە لەو کاتەدا هەمووان دەرکردنی یۆنانیەکانیان بەئەرکی خۆیان دەزانی، هەروەکوئەوەی لە دەردەنیل ڕوویدا، کە بەهۆی ئینگلیزەوە قارەمانێك دروستکرا لەشەڕی ئەزمیردا، ئەوە دووبارە بووەوە . ئینگلیز وای کرد یۆنانیەکان شکست بهێنن لە بەرامبەر مستەقا کەمال دا، مستەفا کەمال توانی هاتنە پێشەوەی سوپای یۆنانی ڕاگرێ، هەواڵی سەرکەوتنەکانی بڵاو بووەوە، لە شارو لادێکان خۆپیشاندان کراو بۆ (ڕزگاری نیشتمان) هاواریان دەکرد، ئەم پشتگیری کردنەی بەهەلزانی، داوای کرد هەڵبژاردنی نوێ بکرێت، ئەمجارەش دەبێ پەرلەمان لە ئەنقەرە دا بێ و ناوەکەشی دەبێتە (ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە).(٣٥١) بڕیارێکی دەرکرد، تیایدا فەرمانی دا ئەنجوومەن بۆ ئەنقەرە بگوازرێتەوە، هەروەها ڕایانگەیاند گشت دەسەڵاتە مەدەنی و سەربازییەکان لە دەست ئەنجومەندا دەبێت . لە ٢٣ی مانگی مایس، ئەنجومەنی نیشتمانی لە ئەنقەرە بەپێی ئەو مەراسیمانەی مستەفا کەمال دیاری کردبوو کرایەوە، نوێنەران یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان گرێدا . لیژنەیەکی جێبەجێ کردنیان هەڵبژارد و ناویان لێنا (حکومەتی نیشتمانی کاتی)، بە کۆی دەنگ مستەفا کەمال بەسەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەڵبژێردرا . دەستبەجێ مستەفا کەمال بروسکەیەکی بۆ باڵوێزی وڵاتە گەورەکان نارد، هەروەها بۆ هێزەکانی داگیرکەر و سەرۆکەکانی وەفدی کۆنگرەی ئاشتی پاریس، کە بروسکەکەی مستەفا کەمال گەیشتە وەفدەکانی کۆنگرەی ئاشتەوایی لە پاریس (لورد کوروزون) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند، حکومەتەکەی ڕازی نییە گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی باندێکی ڕێگر بکات کە ناوی مستەفا کەمالە، بەوجۆرە ڕووداوەکان لە قازانجی مستەفا کەمالدا بوون . ئەو شانۆگەرییەش کە ڕازی نەبوون گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن،

---

(٣٥١) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٢٦٨-٢٦٩ .

ڕاست نەبوو، دوای ئەوەی بووە سەرۆکی وڵات کەوتنە وتووێژ لەگەڵیدا.(٣٥٢)

بۆ تەواوکردنی ئەو ڕۆڵەی بە مستەفا کەمال درابوو، ئینگلیز ڕایگەیاند ئامادەن لە کۆنگرەیەکدا لەگەڵ تورکیا دانیشن و لەبارەی دابەشکردنی تورکیاوە وتووێژ بکەن و ڕێککەوتنی سیڤەر هەڵبوەشێننەوە . سەرۆکی حکومەت (تۆفیق پاشا)ی سەربە سوڵتان بوو، بروسکەیەکی بۆ مستەفا کەمال نارد، بەوپێیەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانییە، داوای لێکرد لە کۆنگرەی لەندەن ئامادەبێت، نوێنەری مستەفا کەمال لەگەڵ نوێنەری سوڵتان دا و لە ٢٥ی شوباتی ١٩٢١ز لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون، وەفدی کەمالیەکان وایان نیشاندا کەوا پارێزگاری لە سەربەخۆیی دەکەن و ڕازی نین لە خاکەکەی دابڕن... وتووێژەکان نەگەیشتنە ئەنجامێك، جارێکی تر یۆنان لە مارتی ١٩٢١ز شەڕی لە دژی تورکیا ڕاگەیاند، شاری (بورصە و ئوستاك) یان داگیر کرد . هێزەکانی تورکیا بەفەرمانی (عیسمەت پاشا) توانیان بەرپەرچی یۆنانیەکان بدەنەوە و لە شەڕی (ئینونو) بەسەریاندا سەربکەون . ئینگلیزو هاوپەیمانان دەیانویست تورکیا زۆرترین دەستکەوت بەدەست بهێنێ بۆ چەسپاندنی قارەمانە دەستکردەکەیان.(٣٥٣)

جەنگ و ململانێ لەنێوان یۆنان و تورکیادا هەروا درێژەی هەبوو تا لە جەنگی سەخاریا دا کە دوا پێکدادانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بوو، تورکیا توانی سەرکەوتن تۆماربکات، لە دوای ئەوەش کۆتایی بەو جەنگە هێنرا . هۆی شکستی یۆنانیەکانیش پشتکردنی دەوڵەتانی هاوپەیمان بوو. لەوکاتەدا هاتنە ناوەوە و داوایان لە هێزەکانی یۆنان کرد بکشینەوە، لەدوای ئەوەش هێزەکانی فەڕەنسا و ئیتالیا کشانەوە . یۆنان لە ٧ی ئەیلولی ١٩٢٢ز کشایەوە بەڵام بەدەم کشانەوەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆری یۆنانیەکان بەدەسی هێزەکانی تورك کوژران . ئەنجومەنی نیشتمانی نازناوی (غازی) بە مستەفا کەمال بەخشی.(٣٥٤)،

---

(٣٥٢) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٢٧٢-٢٧٣ .

(٣٥٣) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم -ل٢٧٧-٢٧٨ .

(٣٥٤) هەمان سەرچاوە -ل٢٨٣-٢٨٤ .

لێرەوە مستەفا کەمال بەهێجگاری خۆی داسەپاند بەسەر گەلی تورکیا وبەسەر تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و پارتەکەشی دا، بۆخۆی بڕیاری دەردەکرد و ئەنجوومەنی نیشتمانی ناچاردەکرد ڕەزامەندی لەسەر بنوێنن و ڕەوایەتی پێببەخشن .

پاش ئەوەی ئیتحادو تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٨ز شەریعەتی ئیسلامی لەکار خست و شورایان هەڵوەشاندەوە، دەستوری عەلمانیەتیان داسەپاند و پارلەمانیان پێکهێنا . بەم شێوەیە خۆرئاواخوازان درێژەیان بە پرۆسەی داڕماندنی خیلافەت دا، پایتەختیان لە ئەستەنبوڵەوە گواستەوە بۆ ئەنقەرە و کەوتنە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت، بەڵام ئەمجار کەمالیستەکان سەرپەرشتی پیلانەکەیان دەکرد، ئەوەش بەڕێبەری فەرماندەی سەربازی و مەدەنی (کەمال ئەتاتورك) کە لەلایەن دەوڵەتانی خۆرئاواوە پشتیوانی لێ دەکرا .

## هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەت :

پاش ئەم بەرەپێش چوونانەی، مستەفا کەمال لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی دا بەڕەسمی داوای هەڵوەشاندنەوەی سەڵتەنەتی کرد، دوای کۆبوونەوەی چەندین سەعاتی ئەندامانی ئەنجوومەن، لە کۆتا جاردا مستەفا کەمال لەژێر فشار و چاوسورکردنەوەدا بڕیارەکەی خۆی بەسەر ئەنجوومەندا سەپاند، ئەمەش لە یەکی شوباتی ١٩٢٢ز دا . دواتر بە کودەتایەك کە لەلایەن (ڕەئفەت)و بە بڕیاری مستەفا کەمال ئەنجامدرا، کەمالیستەکان دەستیان بەسەر ئەستەمبوڵیش دا گرت، هەر لەدوای ئەمەش هێزەکانی ئینگلیز لەم شارە پاشەکشەیان کرد، بۆئەوەی ئەتاتورك سەرکەوتن مسۆگەربکات، (وەحیدەدین) هەستی کرد مانەوەی لە تورکیا هیچ مانایەکی نییە . لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ز، سەیارەکی ئەمبوڵانسی بەریتانی هاتە بەردەرگای کۆشکی یلدز، (وەحیدەدین) لە دەرگای پشتەوە دەرچوو، تەنها خزمەتکارێکی لە دواوە بوو کە شت و مەکەکانی بۆ هەڵگرتبوو.(٣٥٥)،

---

(٣٥٥)هەمان سەرچاوە-ل٢٧٧-٢٧٨-٢٩٠-٢٩١ .

لەڕاستی دا هەر لە دوای کودەتا دەستوریەکە ۱۹۰۸ز خەلیفەی عوسمانی دەسەڵاتی لەرزاو ساڵی دواتریش سەرانی ئیتحادو تەرەقی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتیان کەوتە دەست، بوونە بڕیاردەری ڕاستەقینە و حاکمی ڕەهای وڵات، بەڵام هەربەناوی خەلیفەی ئیسلامەوە دەوڵەتیان بەڕێوەدەبرد، گەرچی هیچ بایەخێکیان بۆ گوفتارو بڕیارەکانی دانەدەنا، وەلێ مستەفا کەمال ئەتاتورك لە شوباتی ۱۹۲۲ز، زەوتکردنی سەڵتەنەت و بێدەسەڵاتی خەلیفەی ڕاگەیاند . بەم جۆرە عەلمانیەکان دوەمین گورزی خۆیان سرەواندە ئیسلام و سوڵتان و خیلافەتەکەشی، قۆناغێکی دی گەورەیان لە پرۆسەی عەلمەنەکردنی جیهانی ئیسلامی و بونیاتنانی سیستم و دەڵەتی عەلمانی بڕی . لێرەوەو بەم بڕیارەی ئەتاتورك، ئیدی خەلیفەی عوسمانی بویە ڕمز(سیمبول)، واتا هیچ ڕۆڵێکی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و....هتد، ی نەما . تەنها وەك هێمایەکی ئاینی و ڕابەرێکی ڕۆحی موسڵمانان مایەوە . پاش ڕۆشتنی وەحیدەدین، بۆ ڕۆژی دوایی، مستەفا کەمال (ئەنجوومەنی نیشتمانی) کۆکردەوە بۆ هەڵبژاردنی جێگرێك بۆ شوێنەکەی خەلیفەی هەڵاتوو ! ئەنجوومەن بەکۆی دەنگ-لەسەر پێشنیاری غازی-(عەبدولمەجیدی کوڕی سوڵتان عەبدولعەزیز)یان هەڵبژارد بۆ جێنشینی وەحیدەدین . دوای هەڵبژاردنەکە، مستەفا کەمال بروسکەی بۆ (ڕەئفەت) لە ئەستەنبوڵ نارد کە"ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا لە کۆبوونەوەی نائاسایی دا کە لە ڕۆژی ۱۸ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۲۲ز بەسترا (عەبدولمەجید) بە خەلیفە هەڵبژێردرا لە جێگای محەمەدی شەشەم-وەحیدەدین، بۆیە داواتان لێدەکەم بڕۆنەلای و ئەو بڕیارەی پێڕابگەیەنن" هەروەها پێی ڕابگەیەنن کەوا نازناوی فەرمی ئەو خەلیفەی موسڵمانانە بێ بەکارهێنانی هیچ نازناوێکی دیکە...

پێشی ڕابگەیەنن کە دەبێ بە بروسکەیەك دەقی ئەو نامەیەمان بۆ بنێرێ کە ئاڕاستەی جیهانی ئیسلامی دەکات بە هەر بۆنەیەکەوە... دوای ئەوەی ڕەزامەندی لەبارەیەوە دەردەبڕین، دەتوانێ بەفەرمی بڵاوی بکاتەوە، دەبێ نامەکەی ئەمانەی خوارەوەی تیابێ :

*بەئاشکرا دەری ببڕێ (زۆر پێی خۆشە) کەوا لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیەوە بە خەلیفەی موسڵمان هەڵبژێراوە .

*بەئاشكراو بەدووروو درێژی نارەزایی خۆی لە سیاسەتی (وەحیدودین) و هەڵسوكەوتەكانی دەربڕێ .

*لایەنگری تەواوی خۆی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی توركیا دەربڕێ لە ئەنقەرە، هەروەها بۆ دەستورو حكومەتیش، لەبەردەم جیهانی ئیسلامیدا دان بەوەدا بنێ كەوا ئەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی لە توركیا ئەنجامی داوە بۆ بەرژەوەندی توركیا و موسڵمانانە .

*لەنامەیەكدا بەشان و باڵی ئەوكارنەدا هەڵبدا كە ئەنجومەنی نیشتمانی لە ئەنقەرە ئەنجامیداوە .

*بێجگە لەو خاڵانەی سەرەوە، نابێ نامەكە باسی هیچ شتێكی دیكە بكات.(٣٥٦)،

لێرەشەوە خەلیفەیان دەمبەست كرد، بەشێوەیەك كەنەك بێڕەزامەندی حكومەت نەتوانێ هیچ دوانێك بدات، بەڵكو لە سنوری ئەرك و بەرپرسیاریەتی خۆشیدا نەتوانێت بئاخڤێت .

دوای نەمانی سەڵتەنەت و كۆتایی هینان بە دووئیدارەیی لەنێوان ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ، بڕیاردرا وەڤدی توركیا بەسەرۆكایەتی (عیسمەت) پێك بهێنری، پاش ئەوەی زیرەكی و توانایی لە (مودانا) دەركەوت، هەروەها نوێنەری (حەسەن بەگ)یش بەشداری وەڤدەكە ببێ لەگەڵ (ڕەزا نوری بەگ)ی وەزیری تەندروستی سەرەڕای چەند ڕاوێژكاریك، داواشی لە (یوسف كەمال) كرد كە وەزیری دەرەوە بوو، دەست لەكار بكێشێتەوە تا (عیسمەت) جیگاكەی بگرێتەوە . لە شوباتی ١٩٢٢ز دا، وەڤدە توركیەكە بەسەرۆكایەتی (عیسمەت) بەرەو لۆزان ڕۆیشتن، لە ٢٠ی كانوونی ١٩٢٣ز كۆنگرەی ئاشتەوایی لە شاری لۆزان بەسترا بۆ هەمواركردنی ڕێككەوتنامەی (سیڤەر) . نوێنەری تورك (عیسمەت ئینونو) بوو، كۆنگرەكە لە ٤ی شوباتی ١٩٢٣ز كۆتایی پێهات بێئەوەی ئەنجامێكی هەبێ،

---

(٣٥٦)مستەفا كەمال ئەتاتورك–مەنسور عەبدولحەكیم–ل٢٩٢-٢٩٣ .

وەزیری بەریتانیا (کروزون) بەڕاشکاوی بە (عیسمەت ئینونو)ی گوت "ئێمە ناتوانین ئێوە سەربەخۆ بهێڵینەوە، چونکە دەبنە شوێنێك موسڵمانان لەدەورتان کۆدەبنەوە، جارێکی کە کێشەی ڕۆژهەڵاتمان لێ زیندوو دەبێتەوە کە زۆرمان بەدەستیەوە ناڵاند...."، لە ۲۳ی مایسی ساڵی ۱۹۲۳ز، جارێکی کە نوێنەرەکان کۆبوونەو دوای ئەوەی ئەتاتورك لەڕێگای نوێنەرەکانیەوە بەڵێنی بە ئینگلیزدا، مەرجەکانیان جێبەجێ بکات تاکو ئەو مەترسییەیان نەمێنێ، ئینگلیز مەرجەکانی خۆیانیان سەپاند کە بە مەرجەکانی کروزون ناسراوە و بریتین لەم خاڵانە:

*تورکیا پێوەندی خۆی بەئیسلامەوە نەهێڵێ .

*خیلافەت نەمێنێ .

*لەناوبردنی هەر بزوتنەوەیەك کە بۆ زیندووکردنەوەی خیلافەت سەرهەڵ بدات .

*تورکیا ئەو یاسانە بگۆڕێ کە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی دانراون، دەستورێکی مەدەنی دابنێ لەجیاتی دەستوری عوسمانی کە لە بنەماکانی ئیسلامەوە وەرگیراون.(۳۵۷)، بەمەش خۆرئاواخوازان بەپشتیوانی دەوڵەتانی ئەوروپی و لەسەروشیانەوە ئینگلیز، کەوتنە خۆئامادەکردن تا دوا بزماری خۆیان لە جەستەی خیلافەتی عوسمانی بچەقێنن و کۆتا گورز لە دەوڵەتی ئیسلامی بسرەوێنن، کە ئەویش بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت .

## هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی :

لە ٦ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۳ز دا هێزەکانی تورکیا چوونە ناو ئەستەنبوڵەوە، ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی یاسایەکی نوێی دەرکرد، تایبەت بوو بەوەی کە شاری (ئەنقەرە) پایتەختی فەرمی تورکیا جیا لە(ئەستەنبوڵ) کە چەندین یاداشتی دەوڵەتی عوسمانی لەخۆ گرتبوو . لە ۲۹ی تشرینی یەکەمی ۱۹۲۳ز دا ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانی، دانیشتنێکی مێژوویی سازکرد و (کۆماری تورکیا)ی ڕاگەیاند،

---

(۳۵۷) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل۲۹٤-۲۹٥ .

له سەعات هەشت و نیوی ئێوارەی هەمان ڕۆژ مستەفا کەمال بەیەکەم سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا . له ٣ی ئاداری ١٩٢٤ز دا ئەنجوومەنی نیشتمانی کۆبۆوە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی دەرکرد و خەلیفە عەبدولمەجید ئەفەندی کوڕی سوڵتان عەبدولعەزیز کە لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ بە خەلیفە دامەزرا بوو، بۆشاری (نیس)ی فەڕەنسا دوور خرایەوە.(٣٥٨) سوڵتان عەبدولمەجید لە وڵات دەرکراو دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا ڕاگەیەنرا و ئەتاتورکیش وەك سەرۆکۆماری تورکیا بەشێوەیەکی ڕەسمی کەوتە کار.(٣٥٩) مەبەستی ئەتاتورك، جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت بوو لەیەکتر بۆیە سەڵتەنەتی لابرد، دواترییش لە ساڵی ١٩٢٤ز خیلافەتی نەهێشت و قوتابخانە ئایینیەکانی داخست . لە ساڵی ١٩٢٦ز مستەفا کەمال پڕکێشی کردو شەریعەتی خستەلاوە و کاری پێنەکرد، لەجێگای شەریعەت یاسای مەدەنی سویسری هێناو پیادەی کرد.(٣٦٠)

بەمشێوەیە کۆتایی بە خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی هێنراو کۆماری عەلمانی تورکیا ڕاگەیەنرا . هەروەك عەلمانیەکانی تورکیا کەوتنە تەقلیدکردنەوەی عەلمانیەکانی فەڕەنسا و هەمان هەنگاوەکانی ئەوانیان لە هەمبەر مەسیحیەت دەرحەق بەئیسلام پێڕۆکرد ! وەك ئەوان کەوتنە نەیاریکردنی شەریعەتی ئاینی ئیسلامی و بەربەرەکانێ کردنی سوڵتانی موسڵمانان و دژایەتی کردنی خیلافەتی ئیسلامی . بۆیەش لەیەکەمی هەنگاویاندا شەریعەتیان لەکارخست لەساڵی ١٩٠٨ و پاشان سوڵتانیان لەکار لادا لە ساڵی١٩٢٣ وە خیلافەتیشیان هەڵوەشاندەوە لە ساڵی ١٩٢٤ز، بەم شێوەیە کۆتاییان بە دەڵەتی خیلافەت و ئوممەتی موسڵمانان و کیانی ئیسلامی هێنا . هاوکات کۆماری عەلمانی تورکی جێگای گرتەوە .

ئابەم شێوەیە عەلمانیەکان لەدوای دارماندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕۆمانی پیرۆزی پاپەوی مەسیحییەت لە ئەورووپا،

---

(٣٥٨)مێژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد ،دکتۆر خەلیل عەلی مراد .

(٣٥٩)پوختەی مێژووی ئەورووپا-پرۆفیسۆر جفری برۆن-ل٦٠٤ .

(٣٦٠) مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-ل٣٤٤ .

کۆتاییان بە بەدەسەڵاتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی ڕۆژهەلات هێنا . لە ئەورووپا عەقیدەی عەلمانی جێگای عەقیدەی ئایینی مەسیحی گرتەوە، هەروەك ئەخلاقی عەلمانیانە شوێنی ئەخلاقی مەسیحی گرتەوە، یاخود ڕاشکاوانەتر بڵێین عەلمانیەت توانی کۆتایی بەمەسیحییەت بێنێت و لە دەوڵەت و دامەزراوەکانی و لە کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤەکانیش دا وەدەری نێت، دواتریش کلێساکانی هەڕاج بکات . ئەمەش بەهۆی لاوازی سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئەو ئاینەو تحریف کردنی لەلایەن قەشەو ڕابەرانیەوە، دواتریش بەکاربردنی بۆ مەرام و بەرژەوەندییە دونیاییەکانی خۆیان، لەم پێناوەشدا جەوروستەمی بێ حەدیان دەرحەق بە گەلانی ئەورووپی پێڕۆکرد، بەرەنگاری زانست و زانایان بوونەوە و کوشتاریان کردن..... گشت ئەمان هەلی سەرکەوتنی عەلمانیەتیان ڕەخساند . بەڵام لە جیهانی ئیسلامی دا ڕەوشەکە بەپێچەوانەوە بوو، چوون لە خۆرهەڵات موسڵمانان خاوەنی ئاینێکی ڕیشەداری بەهێز بوون کە دوور بوو لەهەر تەحریف و دەستوەردانێك، بەپارێزراوی دەستاو دەست کرابوو، خاوەنی پتر لە (١٤٠٠)ساڵ ئەزموونی فەرمانڕەوایی بوو، هەروەك چەندین شارستانیەتی بونیات نابوو کە لە سایەیی دا موسڵمانان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی حەوابوونەوە، لەوانیش (شارستانیەتی عەباسی و ئەندەلوسی) کە دیارترینیانن . لەهەمانکات موسڵمانانیش بەتووندی پێوەی پابەندبوون، بەڵکو شانازیان پێوە دەکرد، بەم هۆیەوە موسڵمانان بیریان لە دەستبەرداربوون لە ئیسلام نەدەکردەوە، هەربۆیەش جگە لە ئیسلام هیچ بیروباوەڕێکی دیکە لەنێو موڵمانان سەری وەدەر نەنا .

عەلمانیەت لە ڕۆژهەڵات بە پاڵپشتی هەمەلایەنەی دەوڵەتانی ئەورووپی وەك فەڕەنسا و بەریتانیا و ئەڵمان و...هتد، بە هەوڵ و کۆششی کەمینە دیانەکانی جوولەکەو مەسیحی خۆهەڵات و بەهۆی خۆئاواخوازانی تورك و عەرەبەوە لە لەنێو موسڵمانان و لە خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی دا دەرکەوت، پاشتریش بە زەبری هیزی دەوڵەتانی خۆرئاواو خۆئاواخوازانەوە بەسەر جیهانی ئیسلامی دا سەپێنرا، هەروەك لە ئەمێستاشدا و هەر لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە و خۆئاواخوازانی عەلمانییەوە دەی پارێزن و بەرگری لێدەکەن بە سوپاو هێزە سەربازییە پڕچەکەکانیان دەی سەپێنن، بۆیەش ئەم دۆخە ناهەموارەی جیهانی ئیسلامی وای کرد کە لەنێو جیهانی ئیسلامی و لەخۆرهەڵات، عەلمانیەت و ئیسلام بەسەختی لەگەڵ یەکدا دەرگیربن و پێکدا بکێشن . لەم پێناوەش دا عەلمانیەت جەنگێکی گشتگیری ڕووبەڕووی ئیسلام کردەوە،

جەنگی بیروباوەڕ و عەقیدەیی، جەنگی دەستورو شەریعەت، جەنگی ڕەوشت و ئەخلاق، جەنگی .........هتد، گشت ئەمانەش بەپاڵپشتی هەزاران دامەزراوەی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراو، هەروەها بەسود وەرگرتن لەو توانا داراییەی مەزنەی خۆرئاوا، دواجار بە پاڵپشتی سوپاو لەشکرە زەبەلاحەکانی دەڵەتانی عەلمانی خۆرئاوا، وەلێ لەگەڵ هەموو ئەوانەدا و دوای تێپەڕینی پتر لە سەدەیەك، هێشتاش عەلمانیەت نەیتوانیوە جێبگرێ و ڕشەی خۆی دابکوتێ لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی، هەڵبەت ئەوەش بەهۆی بەهێزی عەقیدە و تۆکمەیی شەریعەت و شاملی ئایینی ئیسلامەوەیە کە توانای وەڵام دانەوەی گشت پرسیارەکانی مرۆڤی هەیە و شیاویەتی کارپێکردنی لەهەموو زەمان و مەکانێك هەیە و قودرەتی خۆڕاگری لەهەمبەر گشت هەڕشەیەکی فیکریی و سەربازی و تێکشکاندنی هەموو پیلانێکی هەیە . .....................

# بەشی چوارەم

## عەلمانیەت و ئیسلام، جەنگی فیکر:

ئیسلام وەك باوەڕ و یاسا و دروشم، لەگەڵ دەرکەوتنی ڕووبەڕووی بەرهەڵستی توند بۆتەوە لەلایەن هەموو ئەوانی دییەوە . بەڵام سەرباری بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی لەنێو بەشێکی فرەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵات، توانیویەتی گشت ئاین و بیروباوەڕەکانی دی بەرکەناربکات و لەنێو ڕەڕەوەی ژیانی مرۆڤەکان وەدەریان نێت، تارادەی هەناردنیان بۆنێو دوتوێی لاپەڕەکانی مێژ . وەلێ لەمێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام و بەرپاکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگای خۆی، سێ جار بەسەختی لەلایەن سێ لە گەورەترین هێزە جیهانییەکانەوە ڕووبەڕووی هێرشی داگیرکاری بۆتەوە، هەریەك لەوان لە قۆناغێکی مێژوویی جیاوازو بەتەواوی تواناکانیانەوە شاڵاوی سەربازیان بۆ سەر ئیسلام و دەوڵەت و شارستانیەتەکەی کردووە و نزیك بە لەبێخ دەرکێشانی هیجگاریان کردۆتەوە، بەچەشنێك تارادەی مەسغ کردن و سڕینەوەی لەسەر ئەرزی واقیع .

یەك لەو هیزە مەزنانەش خاچ پەرستان بوون، کە لەسەرەتای سەدەی یازدەوە خۆرهەڵاتی ئیسلامیان خستەبەر شاڵاوی جەنگە خاچیە یەك لەدوایەکەکانیانەوە، تەواوی ئەو هەڵمەتە سەربازیانەیان بەمەبەستی داگیرکردنی سەرزەمینی ئیسلام و قەلاچۆکردنی موسڵمانان و بنبڕکردنیان بوو، هەروەها بۆ دارماندنی دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی عەباسی و لەناودانی ژیارو شارستانیەتیەتەکەی بوو . پاش زنجیرەیەك پێکدادانی سەخت و جەنگی خوێناوی، موسڵمانان لەژێر سایەی خیلافەتی عەباسیەکان و بە فەرماندەیی (سەلاحەدینی ئەیوبی)، لە جەنگی بەنێوبانگی (حتین)دا توانیان خاچیەکان تێکشکێنن و لەخۆرهەڵاتی ئیسلامی وەدەریان نێن .

دوای هێرشی خاچییەکان و شکست هێنانیان، بۆ دووەمین جار جیهانی ئیسلامی کەوتە بەر دژوارترین شاڵاوی وێرانکاری سەربازی سەخت، ئەوەش لەسەر دەستی بەهێزترین ئیمپڕاتۆریەتی مەغۆلی سەدەی دوازدە بەسەرکردایەتی جەنگیز خان و پاشان هۆلاکۆ . دەستپێکی ئەو داگیرکاریەش لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ناوینەوە بوو، لەگەڵ تێکشکاندنی خوارەزمیەکان، ئیدی

مەغۆلەكان كەوتنە لەنێودانی یەك یەكی میرنشین و دەولّەتە ئیسلامیەكان لەتەواوی ناوچەو هەرێمەكانی جیهانی ئیسلامیدا، لەگەڵ زاڵ بوونیان بەسەر هەر ناوچەو هەرێمێك، دانیشتوانی ناوچەكەیان پێكڕا قەسابخانە دەكرد و گشت شارو ئاوەدانیەكانیان خاپور دەكر، تا لە دواجارو لە بەغدادی پایتەختی عەباسیەكان نزیك كەوتنەوە و لەساڵی (٦٥٢ك) بەسەركردایەتی هۆلاكۆ ئەو شارە داگیردەكەن و دەیكەنە وێرانە و دانیشتوانەكەی ڕیشەكەن دەكەن، مەگەر ئەوی هەڵاتبێ یاخود لەژێر داروپەردوی كەلاوەكانی بەغداد یان لەنێو باخە خورماكاندا خۆی حەشاردابێت و دەربازی بووبێت . ئەمە جگەلەوەی هەموو سیماكانی شارستانیەتی ئیسلامی و دەستكەوتەكانیان لەنێودا، بەتایبەتیش كتێبخانەی بەغداد .

پاشتر مەغۆلەكان دەستورێكیان بەناوی (الیاسق) بەسەر موسڵماناندا سەپاند، بۆیەكەمین جار قورئان وەك یاساو دەستوور لە جیهانی ئیسلامیدا لەكارخرا . وەلێ لە دواجار و بەهۆی سەركردەی میسری (سوڵتان قەتز) و بەكۆمەكی موسڵمانانی میسر و شام و فەلەستین و ناوچەكانی دی، لە جەنگی (عەین جالوت)، سوپای مەغۆلی تێكشكێنرا و كەتبغای سەركردەشیان بەدیلی كوژرا . لەوەبەدواش بەهۆی كەمی ژمارەی خودی مەغۆلەكان خۆیان و پاشان بەرپابوونی ناكۆكی نێوخۆییان و لێكترازانی دەسەڵاتیان لەلایەك، وە بێ ژیاری و بێ فەرهەنگیان، كە خاوەنی هیچ بیروباوەڕ و شارستانیەتێك نەبوون، بەڵكو دەستورەكەشیان (الیاسق) لە ئایینی مەسیحیەت و هەندێكی دی لە ئیسلام و باقیشی لە داب و نەریتی خودی مەغۆلەكانەوە وەرگیراو پێكهێنرا بوو، بۆیەش توانای بەربەرەكانێی ئیسلام و شارستانیەتی موسڵمانانیان نەبوو، وەك شتێكی نوێشیان نەبوو تا پێشكەشی گەلانی بندەستیانی بكەن، بەڵكو خودی ئەو نەتەوانەی داگیریان كردبوون زۆر لەخۆیان پێشكەوتووتر بوون،

---

مقریزی دەڵێت: "جەنگیزخان كە دەوڵەتی تەتەری بەرپاكردبوو لە وڵاتی ڕۆژهەڵاتدا، كاتێ سەركەوت بەسەر پاشا ئونگ خاندا و دەوڵەتەكەی كردە هی خۆی، چەند بنەما و سزایەكی دانا و لە كتێبێكدا نووسیەوە و ناوی نا (یاسە) . خەڵكانێكیش بە (یسق) ناوی دەبەن . لە ئەسڵدا ناوەكەی (یاسە) یە و كاتێ داینا، لەچەند لاپەڕەیەكی پۆڵاییندا تۆماری كردو كردیە شەریعەت بۆ گەلەكەی . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە-مەغۆل لە مێژوودا-فوئاد عەبدول موغنی ئەلسەیاد-ل٣٩

هەربۆیە لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگارو دوای زەمەنێکی مێژوویی کورت، تەواوی دەسەڵات و بوون و کلتوریان لەنێو موسڵمانان دا تواپەوە و جگەلە مێژوویەکی دزێو چی دیکەیان لە پاش جێنەماو زەمەنی دەسەڵأتیان و فەرمانڕەواییان پێچرایەوە، هەر لەو دەمانەدا بوو سەرەتاکانی دەرکەوتن و پێکهاتنی دەوڵەتی عوسمانی گەڵاله بوو، پاشتریش هەر لەلایەن ئەو تورکانەوە خیلافەتی ئیسلامی بەرپاکرایەوە و دەوڵەتی ئیلامی باڵی کێشایەوە بەسەر جیهانی ئیسلامی داو شەریعەتی ئیسلامیان گێرایەوە سەر حوکم . شکۆ و ڕیزیان بۆ موسڵمانان و ئوممەتی ئیسلامی گێڕایەوە .

بەکۆتایهاتنی هێرشی خاچیەکان و مەغۆلەکان، جیهانی ئیسلامی پشوویەکی داو بۆ چەند سەدەیەك هەرێمەکانی ئیسلام تاڕادەیەك هێورییان بەخۆوە دی، گەرچی لەو دوو جەنگە مەزنەدا گورزی وێرانکاری بەرکەوت و بەشێکی فرەی سەرمایەی دارایی و زانستی و مرۆیی خۆیی لەدەست دا، وەلێ جارێکی دی ئیسلام سەرپێ کەوتەوەو موسڵمانان پێگەی خۆیان وەگیرکەوتەوە لەسەر ئاستی گەلانی جیهان و هاوشانی ئیمپڕاتۆریەتەکانی ڕووس و بیزەنتە و هێزە مەزنەکان دی وەستانەوە، ئەم ڕەوشە تاکۆتایی سەدەی حەڤدەهەم هەروا بەردەوام بوو . بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی ڕێنیسانسی یەکەم و دووەمی دەوڵەت شارەکانی ئیتالیا و دروست بوونی بزوتنەوەی مرۆڤگەرایی و سروشت گەرایی، هاوکات زیندوکردنەوەی فەلسەفەی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی، هاوشان لەگەڵ بەرپابوونی ڕۆشنگەری، هەموو ئەمانە بوونەهۆی گەڵالەبوونی ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت . پاشتر بەپێشەنگایەتی گوتاربێژەکان و بیرمەندانی عەلمانی و بەپشتیوانی چینی بۆرژواو لە ساڵی ١٧٨٩ز، شۆڕشی فەڕەنسی بەرپاکراو دەوڵەتی ئایینی و دەسەڵاتی پاپاو پیاوانی ئایینی مەسیحی پێچرایەوەو کڵێساکان داخران، مەسیحییەتیش وەك بیروباوەڕی مرۆڤ و وەك سیستمی ژیان و نەزمی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و و کلتوری دوایی پێهێنرا . عەلمانیەت جێگای گرتەوە .

هاوشان لەگەڵ گەڵاڵەبوونی فەلسەفەی ماددی عەلمانیەت، زانست و زانیاریش کە هەر لەدەمی بەرپابوونی ڕێنیسانسەوە لەئەورووپا ڕووی لە گەشەکردبوو، بەدارمانی دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوانی ئایینی و لادانی لەمپەرەکان، گەشەو پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دی، بەردەوامی ئەو

ڕەوشە هەروا درێژەی کێشا، لە پاشترو لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە شۆڕشی پیشەسازی لێکەوتەوە .

فەلسەفەی عەلمانیەت گۆڕانکاری بەسەر شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و ڕەشتیان و شێوازی ژیانیاندا هێنا، پیشەسازیش گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر لایەنی ماددی ژیانی مرۆڤەکاندا هینا . ئەوەش لە زۆربوونی سامان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەهیزبوونی دەوڵەتانی ئەورووپی خۆی دەبینییەوە . ئابووری ئەورووپا گەشەی کرد، سوپاکانیان بە نویترین چەك تەیارکران، وڵاتانی ئەو کیشوەرە یەکیان گرت و ئووردویان لەبەرامبەر دووەمین دەسەڵاتی ئایینی هەڵدا، کە ئەویش خۆی لە خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی، خەنیمی دێرین و لەمێژینەی ئەورووپا دەبینییەوە . خۆیان سازکرد تا ئەو دەسەڵاتە ئایینیەی خۆرهەڵاتیش دوایی پێبێنن . ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە چەند سەدەیەکی کەم بوو جیهانی ئیسلامی لەدوو هێرشی وێرانکار ڕزگاری ببوو، لەوماوەیەشدا عوسمانیەکان بەشی زۆری تواناکانی خۆیان بۆ یەکخستنەوەی هەریمەکانی خیلافەت و بونیاتنانەوەی ئوممەت بەخەرج دابوو، بەم هۆیەوە نەی توانی بەبوارەکانی زانست ڕابگات و هاوشانی جیرانەکانی و بەتایبەت ئەورووپییەکان بوەستێتەوە . بەشی فرەی دواکەوتوویی و شکستی کایەکانی زانست و زانیاری لە جیهانیی ئیسلامی، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی هێرشی خاچپەرستەکان و مەغۆلەکان بوو، کە تیایدا ژیارو شارستانیەتی ئیسلامیان خاپوور کردو بۆ چەندین سەدە موسڵمانانیان پاش خست لە چاو شارستانیەکانی دیکەی گەلانی جیهان .

بەمشێوەیە جیهانی ئیسلامی لەهەمبەر خەنیمێکی نوێ خۆی بینییەوە کە بریتی بوو لە ئەورووپای عەلمانی تازە دەرکەوتوو . دەوڵەتانی ئەورووپی جگە لە مەرامی ئابوورییان، کینەی لەمێژینەشیان دەرحەق بە ئایینی ئیسلام و موسڵمانان و هەبوو، هەربۆیە پێکڕا کەوتنە کۆششی بێپسانەوە لەپێناو دارماندنی خیلافەتی ئیسلامی و بندەست کردنی موسڵمانان و دەستگرتن بەسەر خۆرهەڵات و تەواوی سەروسامانی دا . ئالێرەوە سێیەمین هەڵمەتی داگیرکاری لەلایەن سێیەمین گەورە خەنیمی موسڵمانانەوە بۆیەر جیهانی ئیسلامی دەستی پێکرد .

## جەنگی داگیرکردنی فیکر :

شاڵاوی هێرش و داگیرکاری ئەمجار گەلێك جیاواز بوو لە هەڵمەتەکانی خاچی و مەغۆلی، چوون خاچیەکان گەرچی خواستی گێڕانەوەی ناوچە و هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی کۆنیان دەکرد و پڕوپاگەندەی خاوەنداریەتی ڕۆژهەڵاتیان دەکرد، وەلیّ زیاترئامانجیان دەستبەسەرداگرتنی ناوچە پیرۆزەکانی شام و لەوانیش قوردس بوو . مەغۆلەکانیش تەنها مەرامیان تاڵان و بڕۆ و بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی بوو . بەڵام دەوڵەتانی عەلمانی ئەورووپا، جگە لە مەرامی داگیرکردنی تەواوی سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵات و زەوتکردنی سەرچاوە ئابووریەکانی، هەروەها فەرمانڕەوایی کردن بەسەر تەواوی گەلانی ئەو هەرێمانە، ئامانجی مەزنتریان لەنێوبردنی بیروباوەڕی ئیسلام و لەهەمانکات ڕیشەکێشکردنیی کلتورو ڕۆشنبیرییەکەی، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەو شێوە ژیانەی کە ئەو ئایینە بەرپای کردبوو . لەمانەش گرنگتر داڕماندنی خیلافەت و کۆتایی پێ هێنانی سەڵتەنەت و پێچانەوەی شەریعەتی ئیسلامی، سەرتۆپی ئامانجەکانیان بوو، هەروەك دەروازەی وەدیهێنانی تەواوی خەونەکانیان بوو، کردبووە ئامانج .

ئەورووپا جەنگی گشتیرو هەمەلایەنەی دژ بەشارستانیەتی ئیسلامی بەرپاکرد، لەلایەك هێرشی سەربازی و لێدانی گورز لە سوپای عوسمانی، لەلایەکیی دی دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری و سەرچاوە ئابووریەکانی دەوڵەتی عوسمانی و هێدی هێدی هەژارخستنی، لەبەرەیەکی دی شاڵاوی داگیرکردنی فیکری و ئایدیۆلۆژی، هاوکات لەگەڵ هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و کلتوری ئەورووپی و هاندانی شێوە ژیانی خۆرئاوایی . کردەو چالاکی ئەورووپیەکان خۆی لە گورز سرەواندن لە فیکر و عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی و لێدان لە ڕۆشنبیری و کلتوری ئەو ئایینە، دەبینییەوە . هەموو ئەمانە بەمەرامی شکست پێدانی ئیسلام و لێکهەڵوەشاندنەوەی، دواجار کۆتایی پێهێنانی یەکجاری ئەو ئایینە بوو لەسەر ئەرزی واقیع .

دەوڵەتانی ئەورووپی کۆمەڵێك بیرۆکەیان گەڵاڵەکرد، چەند گروپ و کۆمەڵ و ڕێکخراوێکیشیان بۆ جێبەجیّ کردنی پیلانەکانیان پێکهێنا، هەریەکە لەوانیش هۆکار و ڕێکاری جیاوازیان

گرتەبەر لەژێر نێونیشانی جۆراوجۆر، تاوەکو بەپاساوی ئەوکارانە و لەژێر ئەو نێونیشانە ساختانە پیلان و نەخشەکانیان دژ بە ئیسلام و موسڵمانان جێبەجی بکەن .

## زنجیرە پیلانەکانی خۆرئاوا کە بۆ دارماندنی خیلافەتی ئیسلامی گرتیانەبەر :

*گوشارو دەستێوەردان و ناچارکردنی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەنێوی (چاکسازی)، بەمەبەستی وەرچەرخاندنی بە ئاراستەی عەلمانیەت .

*بەرپاکردنی جەنگ و داگیرکردنی خاك و پێکهینانی پرۆژەی (ئیستعماری) و سەپاندنی (ئینتیداب)، بۆ لەنێوبردنی خیلافەت و لادانی شەریعەت و پەرتکردنی گەلانی موسڵمان .

*هەناردەکرن و بڵاوکردنەوەی فیکرو ئایدیۆلۆژیا خۆرئاواییەکان بۆنێو گەلانی عوسمانی، لەوانیش (عەلمانیەت، لیبراڵیەت، دیموکراسیەت، شیوعیەت، سەرمایەداری،....هتد)، هاوکات دروستکردن و پێکهێنانی چەندین گروپ و ڕێکخراو و پارتی سیاسی لەسەر بنەمای ئەم بیرو باوەڕە لادینیانە و کۆمەککردنیان بە دراو و چەك و ڕاگەیاندن، بەمەبەستی سەپاندنی ئەو باوەڕە خۆرئاواییانە بەسەر گەلانی ئیسلامی دا .

پێکهێنانیی ڕێکخراوەکانی تەبشیر و دزەپێکردنیان بۆنێو هەرێمەکانی عوسمانی، لەپێناو وەرگەڕاندنی موسڵمانان لە ئایینی ئیسلام و بەمەسیحی کردنییان . ئەمەش لەڕێگای تەوانج و پلارگرتنە ئیسلام و دروستکردنی گومان لەسەر سەرچاوەکانی ئیسلام، واتا (قورئان و فەرموودە) .

*پێکهێنانی کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتناسان و بڵاوکردنەوەیان بەنێو جیهانی ئیسلامی، بەمەرامی لێدانی مێژووی موسڵمانان و دزێوکردنی شارستانیەتی ئیسلامی و بیرباوەڕی موسڵمانان، لەڕێگای نوسین و لێکۆڵینەوە ساختەکانیانەوە .

*پێکهینانی کۆمەڵی ماسۆنیەکان و بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژهەڵات، لەپێناو بڵاوکردنەوەی فەسادی فیکری و ئەخلاقی لە نێو گەلانی عوسمانی دا .

*کۆمەککردنی ڕێکخراوەی زایۆنیزم لە بەجێگەیاندنی پیلانەکانیان، بەمەبەستی تێکشکاندنی عوسمانی و داگیرکردنی خاکی فەلەستین .

*پێکهینانی چەندین پارت و ڕێکخراوی خۆرئاواخواز و هاندانیان بۆ بڵاوکردنەوەی عەلمانیەت و مەیلی خۆرئاواخوازی، بەئامانجی شێواندنی بیروباوەڕی گەلانی ئیسلامی و دوورخستنەوەیان لە ئایینی ئیسلام .

*سەپاندنی بیروباوەڕی عەلمانیەتی بەسەر ئوممەتی ئیسلام، جارێك عەلمانیەتی سۆسیالیستی کە سۆڤیەت نوێنەرایەتی دەکردو درێژەی پێدا هەتاوەکو کۆتایی سەدەی بیست، لەمێستاش عەلمانیەتی لیبراڵی کە ئەورووپییەکان بەڕێبەرایەتی ئەمریکا دایان سەپاندوە بەسەر گەلانی ئیسلامی و بەردەوام پارێزگاری لە سیستمە دیکتاتۆرییە عەلمانیەکانی ڕۆژهەڵات دەکەن بە ئامانجی بەردەوامی دان بە باڵادەستی ئەم ئایدیۆلۆژیایە . دەوڵەتانی خۆروئاوایی بەپێی توانای خۆیان و هەلومەرجی قۆناغەکان، لەجێبەجی کردنی پرۆسەی جەنگی داگیرکاری فیکری، هەریەکە لەو ڕێکارو ئامرازانەیان بۆ بەجێگەیاندنی کرداریانەی پیلانەکانیان لەسەر ئەرزی عوسمانی، لەهەمبەر ئەو خیلافەتە مەزنەو گەلانی ژێردەسەڵاتی، بەکاربرد .

یەکەم هەنگاوی دەستپێکی ئەو پرۆسەیەش بە (داگیرکاری فیکری-هزر)ی و بە ناچارکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپی و بە ملپێکەچ کردنی بۆ داواو خواستەکانیان دەستیی پێکرد ، هەڵبەت ئەم پیلانەش لەژێر نێونیشانی پرۆژەی چاکسازی بەگەڕ خرا !

سەرەتای ئەم قۆناغە بە گوشارخستنە سەر سوڵتانی عوسمانی بۆ دەرکردنی دوو بەیاننامەی چاکسازی بەنێوەکانی (خەتی شەریفی گوڵخان-١٨٣٠ز، و خەتی هومایۆنی١٨٥٦ز) دەستی پێکرد . تیایاندا چەند بنەمایەکیی شەریعەتی ئیسلامی لەکارخراو دەسەلاتی چالاکی نواندنی مەسیحی و جولەکەکان و باقی دیانەکانی دی زیادکران .، هەنگاوی دواتریش دزەکردن و کشانی ئەورووپییەکان بوو بۆنێو خاکی عوسمانی، بەم شێوەیە دەوڵەتانی ئەورووپی باڵویزخانەکانیان لە ئەستەنبوڵ کردەوە و دواتر بنکەی سەربازیان لە هەندێك ناوچە و هەرێمی عوسمانی دامەزراند ، هەموو ئەمانەش بەئامانجی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی عوسمانیی بوو . بەم هەنگاوەیان

بەردی بناغەی پیلانەکانی داهاتوویان دارشت، کەسەرەتاکانی شکستی عوسمانی و زاڵبوونی خۆرئاوا لەم دوو وەرچەرخانەوە دەستی پێکرد .

قۆناغی چاکسازی دەرفەتی رەخساند بۆ دەوڵەتانی ئەورووپی کە بەشێوەیەکی بەرچاو چالاکی و جموجوڵ لەنێو خاکی عوسمانی دا بکەن ، ئەوەبوو دەستیان کردە دامەزراندن و کردنەوەی قوتابخانە نوێیەکان کە لەسەر بنەمای عەلمانیەت دامەزرابوون . هاوکات دەرگایان بەرووی خوێندکارانی عوسمانیدا کردەوە، دەوڵەتی عوسمانی چەندین پۆل خوێندکاری تورك و عەرەبی نارده ئەورووپا بۆ درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن و وەرگرتنی بروانامەی باڵا لە ناوەندە زانستەکانی ئەو وڵاتانەدا . دەوڵەتانی ئەورووپی توانیان لەم دوو رێگایەوە هەموو باوەرو ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیان بخزێننە نێو بیروهۆشی نەوەکانی عوسمانییەوە . پاش ئەم بەریەککەوتنە راستەوخۆیەی گەلانی عوسمانی و ئەورووپی، بەدەرچوونی پۆلێك خوێندکاری قوتابخانە بیانیەکانی نێو خاکی عوسمانی و هاوکات لەگەڵ گەرانەوەی خوێندکارە عوسمانیەکانی ئەورووپا، بیرۆکەکانی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی و لادینی و ....هتد، هێدی هێدی لەنێو گەلانی عوسمانی روویان لە سەرهەڵدان کردوو بزاوتە عەلمانی و نەتەوەپەرست و لادینیەکانیش روویان لە سەرهەڵدان کرد، هەریەکە لەم رەوت وبزاوتە نوێیانەش کەوتبوونە ژێر کاریگەری مەیلیی خۆئاواخوازیی و خواستی تەقلیدکردنەوەی ئەورووپیان دەکرد .

فەرەنسا یەکەمینی ئەو دەوڵەتە ئەورووپییانەیە کە سەرەتای ئەم جەنگە نوێیەی دەست پێکرد لەهەمبەر دەوڵەتی عوسمانی . ئەوەش بەهۆی خێرای رووداني رووداوەکان لەم وڵاتەو پێشکەوتنی لە چاو باقی ووڵاتانی دیکەی ئەورووپا لەهەمانکات بەهۆی دەرکەوتنی کەسایەتیی دیاری وەك ناپلیۆن پۆناپارت، کە مەیلی فراوانخوازی و گواستنەوەی بیروباوەرەکانی شۆرشی فەرەنسای بۆ دەرەوەیی سنوری ئیمپراتۆیاکەی هەبوو .

## یەکەمین بەریەککەوتنی سەربازی و فیکری خیلافەتی ئیسلامی و خۆرئاوا :

یەکەمین بەریەککەوتنی سەربازی و فیکری دەوڵەتی عوسمانی و خۆرئاوا، لەپاش داگیرکردنی میسر لەلایەن فەرەنسای سەردەمی ناپلیۆن پۆناپارتەوە بوو، لەگەڵ گەیشتنی سەربازانی فەڕەنسی بۆنێو میسر، دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەپەرستی عروبە و عەلمانیەت .

یەکەمین کەس کە ووتەزای (Laicite) بە (عەلمانیەت) تەرجەمەکرد، یەکێك لە وەرگێڕەکانی ناو لەشکری (ناپلیۆن پۆناپارت) بوو، لەکاتی هێرشی فەڕەنسا بۆسەر میسر بەناوی (**لویس بقطر المصري**) بوو، ئەمەش لە فەرهەنگی فەڕەنسی-عەرەبیدا هات کە بۆ یەکەم جارو لە مانگی مارتی ١٨٢٨ز دا چاپکرا، پاشان کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٦٠ز لە فەرهەنگی (**الوسیط**) ئەم چەمکەی پەسەند کرد و بڕیاری لەسەر دا.(٣٦١) لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و پاش دەستگرتنیان بەسەر ئەو وڵاتەدا، فەڕەنسییەکان جەنگێکی هەمەلایەنەی سەربازی و ئابووری و فیکرییان ڕووبەڕووی عوسمانیەکان کردەوە، ترسناکترینیان کە لە دوایی پاشەکشەی هێزەکانیشی لە میسر، گەورەترین شوێنەواریی زیانمەندی لەسەر یەکێتی باوەڕ و یەکگرتویی گەلانیی عوسمانیی و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکەی جێهێشت، جەنگی داگیرکردنی هزر و بیروباوەڕ بوو .

لەگەڵ داخلّ بوونیان بۆنێو ویلایەتی میسری عوسمانی، فەڕەنسیەکان جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامیان ڕاگرت، لەوانیش وەك سزای بڕینی دەستی دز و بیرازکردن (شەلاق لێدان)ی زیناکارانی بێ هاوسەر بوهتانچی، هەروەها ڕەجم کردنی زیناکارانی هاوسەردار و کوشتنەوەی بکوژی قەستی . لەگەڵ هەموو ئەوانەداسەربازانی ناپلیۆن زانکۆی ئەزهەریان کردە تەویلەی ئەسپەکانیان و کەوتنە کوشت و بڕکردنی موسڵمانانی میسری ناڕازی بە حکومیان،

---

(٣٦١)عەلمانیەت و ئسولّییەت-عەفیف ئەخزەر .

سەرباری ئەوکارانە سەربازانیی فەڕەنسی دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەپەرستی عروبە و عەلمانیەت، چەندین قوتابخانەیان بۆ ئەو مەبەستە لەمیسر دامەزراند بە ئامانجی تەشەنە پێدانی ئەو فیکرو ئایدیۆلۆژیاو باوەڕە خۆرئاواییانە . لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژدا گشت ئەمانە کاریگەری خۆیان لەسەر بیرو هزری گەلی میسری دانا .

لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەم، والی میسری (محەمەد عەلی پاشا) لە خەلیفەی عوسمانی وەرگەڕایەوەو دژی دەسەڵاتی مەرکەزیی ئەستەنبوڵ جەنگی ڕاگەیاند، لە ساڵی ١٨١٢ز شاڵاوی بردە سەر حیجازو دورگەی عەرەبی و پاش ئەویش لە ساڵی١٨١٣ز بەرەو فەلەستین وەڕێکەوت، دواترو لە ساڵی ١٨٣٢ز دەستی بەسەر شام دا گرت، ئەمە جگە لە لکاندنی سودان بەمیسرەوە، تەواوی ئەم داگیرکاریانەشی بەمەبەستیی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی نەتەوەیی عروبە، بوو . ئەو بیرۆکانەش لەگەڵ ئەو دەنگۆیانە یەکیان دەگرتەوە کە لەلایەن خۆیی و کوڕەکەی، ئیبراهیم پاشاوە بڵاو ببوونەوە کە دەیەوێت پارێزەری مافەکانی گەلانی عەرەبی بێت کە لەژێر فەرمانڕەوایی عوسمانی دا ژیانێکی کولەمەرگی و لاواز بەسەر دەبەن و لە ساڵی ١٨٢٩ز وە بەتەواوی سیاسەتە ستراتیژیەکەی دەرکەوت کە دەیەوێت دەست بەسەر وڵاتی شام دا بگرێت، لە ساڵی ١٨٣٢ز، بارکەر کە یەکێکە لە قونسوڵەکانی بەریتانیا دەڵێت: سوپای محەمەد عەلی ئیش لەسەر پڕۆژەی ڕزگارکردنی گەلانی عەرەبی و کۆکردنەوەیان لە ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی عەرەبی دەکات، ئامانجی سەرەکیشی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیەتیی لە عەکا و دیمەشق، دوای فراوانکردنی بەرەو حەلەب و بەغدا و کۆکردنەوەی هەموو ولایەتە عەرەبییەکان.(٣٦٢)

فەڕەنسا گەورەترین پشتیوانی محەمەد عەلی و پڕۆژە نەتەوەییەکەی بوو . لە حاڵێکدا کە دەوڵەتی عوسمانی لە دۆخی لاوازی سیاسی و نالەباری سەربازی و خراپی ڕەوشی ئابووری دا بوو . هەموو ئەمان مەترسی ڕاستەوخۆیان لەسەر دەسەڵاتیی خەلیفەی عوسمانی پێکهێنا .

(٣٦٢)عوسمانیەکان لەدامەوراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-د.محەمەد تەقوش-ل٤١٤-٤١٥ .

محەمەد عەلی پاشا بەبیروباوەڕی ئەورووپییەکان و لەوانیش فەڕەنسیەکان بەتایبەت کاریگەر بوو . چەند پۆلێك خوێندکاری میسری نارده پاریس بۆ تەواوکردنی خوێندن، کە دواتر بە بیرباوەڕی ڕۆژئاواییەوە گەڕانەوە بۆ میسر و بوونە تەواوکەری پڕۆژەکەی فەڕەنسا و فیکر و ئایدیۆلۆژیا و باوەڕە نوێیەکانی وەك نەتەوەپەرستی و عەلمانیەت و ڕۆژئاواخوازییان تەشەنەپێداو دەستیان کردە بڵاوکردنەوی لەنێو گەلی میسری و هەرلەوێشەوە ئەو باوەڕانەیان بەنێو باقی گەلانی دی عەرەب دا بڵاوکردەوە .

## کاریگەرییە ترسناکەکانی جەنگی داگیرکردنی فیکری :

لەدرێژەی جەنگی داگیرکردنی فیکرو بیروباوەڕدا، شوێنەواری دەستکێشانی دەوڵەتانی ئەورووپی بۆنێو مەرکەزی خیلافەتی عوسمانی، ئەویش لەدوای دەرکردنی هەردوو بەیاننامەی خەتی شەریفی گولخانەو خەتی هومایۆنیی و بەهۆی لەکارخستن و وەلاوەنانی بەشێك لە شەریعەتی ئیسلامی، پاشتریش بەهۆی دامەزراندنی خوێندنگا خۆرئاواییەکان لەنێو خاکی عوسمانی لە تورکیا، هەروەها ناردنی چەندین پۆل خوێندکاری تورك بۆ ئەورووپا بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە ناوەندە زانستیەکانی ئەورووپا و پاش گەڕانەوەیان بۆ هەرێمی تورکیای عوسمانیی، لەگەڵ خۆیاندا بیروباوەڕەکانی ئەورووپییەکانیان بۆنێو گەلانی عوسانی و هاوڵاتیانی تورکی هێنایەوە، هەموو ئەمانەش هێدی هێدی کاری خۆیان کرد بەتایبەت لەنێو ڕیزەکانی سوپای عوسمانی . ئەوەبوو گروپەکانی تورکیای لاو و حزبی ئیتحادو تەرەقی لەنێو ڕیزەکانی سوپا پێکهات وەك لە پاشتر و لە ساڵانی ١٩٠٨ز، بە کودەتایەکی نیمچە سەربازی شەریعەتی ئیسلامیان لەکار خست، ساڵێك دواتر و لە کودەتایەکیی سەربازی دا سوڵتانیان لەکار خست و دەسەڵاتیان زەوتکرد .

دوای شکست هێنانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی یەکەمی جیهانی و زاڵبوونی دەوڵەتانی ئەورووپی بەسەر جیهانی ئیسلامی و بەش بەش کردنی خاك و گەلانی عوسمانی، خۆئاواخوازانی عەلمانی لە ساڵی ١٩٢٢ز دا سەڵتەنەتیان هەڵوەشاندەوە، دواجار لە ساڵی ١٩٢٤ز کۆتاییان بە خیلافەتی ئیسلامی هێناو کۆماری عەلمانی نەتەوەیی تورکیاییان ڕاگەیاند . بەم هەنگاوەیان،

دەوڵەتانی ئەورووپی بەکرداری قۆناغی دووەمیان لە جەنگی داگیرکاری فیکری دژ بە ئایینیی ئیسلام دەست پێ کرد .

ئەورووپییەکان نەیاندەویست ئیسلام وەك سیستمیی حوکم و شەریعەتی ژیان، هەروەها وەك سەڵتەنەت و خیلافەت لەسەر زەمینی خۆرهەڵات و لەنێو گەلانی موسڵماندا بمێنێ، لەهەمانکات نەیاندەویست بۆخۆیان ئەوکارەبکەن و کۆتایی بە خیلافەت بێنن . لێرەوە دەوڵەتانی ئەورووپی سیاسەتێکی دووفاقیان لەپێناو ئەو ئامانجە مەزن و خەونە لەمێژینەی خۆیان گرتەبەر . لەلایەك بە سەپاندنیی پەیماننامەی سیڤەربەسەر خەلیفە محەمەدی پێنجەم و ناچارکردنی بە ملکەچی نواندن بۆ مەرجە قورس و نالەبارەکانی هاوپەیمانان، بەمەبەستیی لەکەدارکردنی خەلیفە و بێزەونکردنیی پایەی خیلافەت، لەلایەکی دیش کەوتنە وروژاندنی بزاوتە نەتەوەپەرست و عەلمانی و خۆرئاواخوازەکانی نێو تورکیا لە دژی پەیماننامەکەو دنەدانیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لەدژی خەلیفەی عوسمانی، بەپاساوی رزگارکردنی وڵات لە داگیرکەران . لەم سەروبەندەدا کەسایەتی نەتەوەپەرستی عەلمانی خۆئاواخواز بەناوی (مستەفا کەمال ئەتاتورك) سەرهەڵدەدا و جاری شۆڕش دەدات لە ساڵی ١٩١٩ز، لێرەشەوەو بە هاوکاری بەریتانیاو فەرەنسا و ڕوسیا و ئیتالیا و چەند وڵاتیکی دیکەی ئەورووپی، ئەستێرەی ئەتاتورك ڕوڵە درەوشانەوە دەکات، ئەو دەوڵەتان ئەتاتورك دەکەنە ڕزگارکەری تورکیای نوێ و پاڵەوانی گەلی تورك و خاکی تورکیا ڕادەستی ئەو دەکەن، هەروەك پەیماننامەی سیڤەری بۆ دەگۆڕن بە لۆزان، لەبەرامبەریش دا ئەتاتورك بەڵێنی دا کۆتایی بێنێت بە شەریعەت و سەڵتەنەت و خیلافەت . هەروەك بەڵێنی دا بەرەنگاری هەموو بزاوتە ئیسلامگەراکان و چالاکییەکانیان ببێتەوە و لەنێویان بەرێت و ڕێگانەدا بە گەڕانەوەی ئیسلام و خیلافەت، بەڵکو شوێنپێی خۆرئاواییەکان هەڵگرێت و پەیڕەوی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی و یاساو ڕێساو داب و نەریتەکانی ئەوان بکات، واتا تورکیا بکاتە بەشێك لە شارستانیەتی خۆرئاوا .

ئەورووپییەکان بەداگیرکردنی خاکی ئیسلام و گەلانی ئوممەتی ئیسلام، یەکەمین ئامانجی خۆیان وەدیهێنا . بەهەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی و بەرپاکردنی کۆماری عەلمانی، گەیشتن بە دووەمین ئامانجی مەزنی خۆیان . لێرەوە ئامانجی سێیەمی ئەورووپییەکان خۆی بەدیار خست، واتا

مەستە ڕاستەقینەو لەمێژینەکەیان، کە بریتی بوو دارماندنی ئایینی ئیسلام و پوچ کردنەوەی عەقیدەکەی و لێکهەلوەشاندنەوەی شەریعەتەکەی، هەروەها سڕینەوەو کۆتایی پێهێنانی داب و کلتور و ڕۆشنبیریەکەی، لەهەمانکات کورت هەلهێنانی ئەم ئایینە مەزنە لەتەنها چەند پەرستشێکی ڕۆحی وەك نویژ و ڕۆژ و حەج . بۆ وەدیهێنانی ئەم مەرامەیان، ئەورووپای عەلمانی ڕەوتە عەلمانیە تازە سەرهەلداوەکانی نێوگەلانی ئیسلامی خۆرهەلات و کۆمارە دەستکردە نوێیەکانیان، کەوتنە جیبەجێ کردنی ئەو پڕۆژە پیلانە .

## لەبڕیارەکانی کەمال ئەتاتورك :

لەگەلّ ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا و دەستبەکار بوونی وەك یەکەمین سەرۆك کۆمار لە سالّی ١٩٢٣ز، کەمال ئەتاتورك هەروەك پێشتر و لەپەیمانی لۆزاندا گفتی بە ئەورووپییەکان دا بوو، زنجیرە بڕیارێکی یەك لەدوای یەکی دەرکرد لەو بوارەدا و جەنگێکی گشتگیری هەمەلایەنەی لە دژی ئایینی ئیسلام، بەتەواوی ڕەهەندە جیاوازەکانیەوە، بەرپاکرد بۆ لە بێخ دەرکێشانی ڕیشەکانی ئەو باوەڕە لە هزری گەلی تورکی و سڕینەوەی لە ژیانیانی ئەونەتەوەیەدا، لەو بڕیارانەش :

*هەلّوەشاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف، سالّی(١٩٢٤ز) کاروباری ئەم وەزارەتەی گێڕایەوە بۆ وەزارەتی مەعاریف .

*لە سالّی (١٩٤٥ز) مزگەوتەکانی داخست و حکومەت توندوتیژیەکی فرەی بەرامبەر هەموو تەوژمێکی ئایینی پەیڕەوکرد و لە سالّی (١٩٣١-١٩٣٢ز) ژمارەی مزگەوتەکانی دیاری کرد و ڕایگەیاند کە گیانی ئیسلامی پێشکەوتن پەکدەخات ! و ڕێگرە لەبەردەمی دا !

*حکومەت ئامۆژگەرانی کەمکردەوە و فەرمانی پێکردن کە لە وتاری ڕۆژی هەینیدا دەرفەت بکەنەوە بۆ دوان دەربارەی کاروباری کشتوکالّی و پیشەسازی و سیاسەتی دەولّەت .

*دوو ناودارترین مزگەوتی جامیعی لە ئەستەنبولّ داخست کە بریتی بوو لە مزگەوتی جامیعی ئایا سۆفیا و کردی بە مۆزەخانە، دووەمیان مزگەوتی فاتح بوو کە دواتر کردی بەشوێنی هەلگرتنی کەلوپەلی زەخیرە .

*شەریعەتی ئیسلامی گۆڕاو لەجێگەیدا یاسای مەدەنی شوێنی گرتەوە کە حکومەتی تورکیا لە یاسای سویسری وەریگرتبوو لە ساڵی (١٩٢٦ز) .

*ڕۆژ ژمێری کۆچی گۆڕی و لە جێگەیدا ڕۆژ ژمێری گریگۆری ڕۆژئاوایی بەکارهێنا . بەمەش ساڵی کۆچی (١٣٤٥ك) لەسەرانسەری تورکیا هەڵوەشێنرایەوە و ساڵی زایینی (١٩٢٨ز) شوێنی گرتەوە .

*لە دەستوری ساڵی ١٩٢٨ز) ئەو دەقە پشتگوێ خرا کە تیایدا هاتبوو: (تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلامیە)، هاوکات دەقی سوێندخواردنیش گۆڕا کە پیاوانی دەوڵەت کاتی دانانیان لە پۆستەکانیاندا دەیانخوارد، بۆیە بەشەرەفیان سوێندیان دەخوارد لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لەبری ئەوەی سوێند بەخودا بخۆن هەروەك سوێندخواردن پێشتر بەخودا بوو .

*لە ساڵی ١٩٣٥ز حکومەت پشووی گۆڕی و لەبری ڕۆژی هەینی، ڕۆژی یەکشەمە بەپشوی ڕەسمی دەوڵەت دانرا، بەمەش پشووی کۆتایی هەفتە لە ماوەی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەوە دەستی پێکرد، تاوەکو بەیانی ڕۆژی دوو شەممە .

*حکومەت خوێندنی ئایینی لە قوتابخانە تایبەتەکاندا پشتگوێ خست، پاشان هەڵیوەشاندەوە، هەروەها کۆلێژی شەریعەت لە زانکۆی ئەستەنبوڵ دەستی کرد بە کەمکردنەوە لە ئامادەکردنی ژمارەی قوتابییەکانی و ساڵی (١٩٣٣ز) داخرا .

*حکومەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك، پەرەی بە بزوتنەوەی بەڕۆژئاواییکردنی زیاتری تورکیا دا و بڕیارێکی دەرکرد بەهەڵوەشاندنەوەی لەسەرکردنی تەرپوش و فەرمانیکرد بە لەسەرکردنی کڵاو وەك وێکچونێك بە دەوڵەتە ئەوروپییەکان .

*لە ساڵی (١٩٢٩ز) حکومەت بەناچاری دەستیکرد بە سەپاندن و بەکارهێنانی پیتی لاتینی لە نوسینی زمانیی تورکی لە جێگەی پیتی عەرەبی، بەمەش ڕۆژنامەو کتێبەکان بە پیتی لاتینی بڵاو دەکرانەوەو دەردەکران . هەروەها لە کۆلێژەکانیشدا خوێندنی بە زمانی عەرەبی و فارسی نەهێشت و بەکارهێنانی پیتی عەرەبی بۆ چاپکردنی دانراوە تورکیەکان قەدەغە کرد، ئەو

کتێبانەی تریش  کە پێشتر چاپکرا بوون لە ئەستەنبوڵ، هەموویانی ڕەوانەی میسر و ئێران و هیندستان کرد .

*مستەفا کەمال ئەتاتورك گیانی نەتەوایەتی لەنێو گەلی تورکیدا برەو پێدا و پێی وابوو کە تورکەکان خاوەنی پێشکەوتوترین شارستانیەتن لە جیهاندا، بەوەی کە گوایا زمانی سۆمەریەکان کە خاوەنی شارستانیەتی کۆن بوون لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (میسۆ پۆتامیا)، پەیوەندیەکی بە زمانی تورکیەوە هەبوو .

*حکومەتەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك بایەخی بەهەر شتێك دەدا کە ئەورووپی بووایە، بەمەش هوونەرەکان گەشەیان کرد و زۆر پەیکەر بۆ ئەتاتورك لە گۆڕەپانی شارە گەورەکاندا دروستکران . هەروەها بایەخدان بە وێنەکێشان و موزیك زیادیکرد و ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند هاتن بۆ تورکیا کە زۆربەیان لە فەڕەنسا و نەمساوە هاتبوون .

*حکومەت کاری کرد لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ژنان و فەرمانیکرد بە سفوری، هەروەها قەوامە بوونی پیاوانی بەسەر ژنانەوە هەڵوەشاندەوە و هانی ئاهەنگەکانی ماچکردن و تێکەڵاوەکانی سەمای دا .

*مستەفا کەمال ئەتاتورك لەو هاوسەرگیرییەی کە لەگەڵ (لەتیفە هانم) کچی یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی شاری ئەزمیر ئەنجامی دا، ڕێو ڕەسمی ژن هێنانەکەی لەسەر ڕێگەیەکی ڕۆژئاواییانە بوو بۆ لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی داب و نەریتی ئیسلامی . *فەرمانی دا بە وەرگێڕانی قورئان بۆسەر زمانی تورکی، بەمەش هەموو ماناو ئاماژەکانی ونبوو . هەروەها فەرمانیکرد کە بانگدان بە زمانی تورکی بێت .

*کەمال ئەتاتورك کاریکرد لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندن و دووبارە نوسینەوەی مێژوو لەپێناوی دەرخستنی ڕابردووی نەتەوەی تورکدا، لەم نێوەشدا زمانی تورکی پاك کردەوە لە ووشەی فارسی و عەرەبییەکان و لەجێگەیاندا ووشەی ئەورووپی و کۆنی دانا .

***کەمال ئەتاتورك ڕایگەیاند کە دەوڵەت دەیەوێت ڕووەو ئەورووپا بڕوات و لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی جیا ببێتەوەو دژایەتی هەر هەوڵێکیشی کرد کە بیەوێت پرەنسیپە ئیسلامیەکان زیندوو بکاتەوە .**

***دواجار کەمال ئەتاتورك سیاسەتی بەڕۆژئاوایی کردن و بیرۆکەی بە عەلمانی کردنی کۆمەڵگەی تورکی لە پرۆگرامی حزبەکەی (حزبی گەلی کۆماری)، بۆ ساڵی (١٣٤٩-١٣٥٥ك) جارێکی تر دەرکەوت و دەستوری تورکیش دەقی لەسەر هێنابوو کە بریتی بوو لەو شەش پرنسیپەی کە بۆ حزبی کێشابوو، پرەنسیپەکانیش بریتین لە: (نەتەوایەتی، کۆماری، میللی بوون، عەلمانیەت، شۆڕش، دەسەڵاتی دەوڵەت).(٣٦٣)**

***لە ٢٩ب تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٤ز، دا هەموو نازناوە کۆنەکان لابران، وەکو (پاشا، ئەفەندی، بێگ، خانم) کە گوزارشتیان لە بەرزی پایەی کۆمەڵایەتی دەکرد و گۆڕینی بە نازناوی (bay) واتا بەڕیز، (Bayan) واتا خانمی بەڕێز، ئەو نازناوانەش پێش ئیسلام لەناو تورکدا باو بوون.(٣٦٤) هاوکات دەوڵەتی عەلمانی تورکی ئازادی جنسی ڕاگەیاند و چەندان باڕو تیاترۆ و یانەی شەوانە، لە شارەکانی ئەو وڵاتەدا کرانەوە، ئیدی زەواجی مەدەنی خرایە جێی زەواجی شەرعی و فرەژنی یاساغ کرا و فرە عەشیقەیی بوویە باو، خواردنەوەی مەیی و سوود ڕەواکرا و بە یاسا بەرگرییان لێکردن .**

**شیانی گوتنە کە دەوڵەتانی ئەورووپی، لە میسریش هاوشێوەی تورکیا هەمان پیلانیان جێبەجێ کرد . چوون گەر تورکیا پێشەنگی موسڵمانان و مەرکەزی جیهانی ئیسلامی بوبێت، ئەوا میسریش ناوەندی جیهانی عەربی بوو، هەروەك کاریگەری مەزنی لەسەر باقی وڵاتانی دیکەی عەرەبی هەبوو،**

---

(٣٦٣)عوسمانیەکان-کۆمەڵێك مووسەر-ل٢٨٤-٢٨٧ .

(٣٦٤) میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٧٩ .

ئەمە وای کرد کە لە پاش تورکیا، میسر ببێتە جیٚ سەرنجی دەوڵەتانی داگیرکاری ئەورووپی و لەوانیش فەرەنسا و بەریتانیا بەتایبەت، بۆیەش هەریەکە لەو دەوڵەتانە کەوتنە دنە دانی عەرەبی میسری دژ بە عوسمانیەکان و تۆوی نەتەوەپەرستی عروبەیان لەنێو بیروهزری میسریەکان ڕەگاژۆ کردن، هەروەك بیروباوەڕی خۆرئاواخوازیشیان لەنێودا پەرەپێدان . بەمشێوەیە عەرەبەکانی نیشتەجێی ئەورووپایان هانداو چەندین کۆمەڵ و گروپی سیاسیان بۆ پێك هێنان . عەرەبەکانی نیشتەجێی پاریس پێشەنگ بوون لەو بارەیەوە . نمونەی ئەو گروپانەش: کۆمەڵەی (عەرەبی لاو) کە لەلایەن کۆمەڵیٚ قوتابی عەرەبەوە لە ساڵی ١٩٠٩ز، لە پاریس دامەزرێنرا، تابێتە جوڵانەوەیەك لە شێوەی کۆمەڵی (تورکیای لاو)، بۆ جێبەجیٚ کردنی کودەتای ڕۆشنبیری و سیاسی و سەربازی لەو دەوڵەتە عەرەبیانەی سەربە دەوڵەتی عوسمانی بوون، هاوکات (بزوتنەوەی نەتەویی عەرەب)یش هەمان کاری کرد، هەر لە بانگەشەی تۆرانیە تورکەکان دەچوو کە کۆمەلی (تورکیای لاو)و دواتریش ئیتحادو تەرەقی کاریان بۆ دەکرد، پاش ئەویش حزبی گەلی تورکی، بە هەمان پرۆگرام و بۆ هەمان مەبەست کاری دەکرد.(٣٦٥)

هەروەها لە ساڵی ١٩١٠ز حزبێك کە داوای ئۆتۆنۆمی ولایەتە عەرەبیەکانی دەکرد (**حزب اللامركزية الايدارة العثمانية**)، کۆنگرەیەکی لە پاریس بەست و داخوازینامەی (ئیمپڕاتۆریایەکی دووسەرەی-تورکی-عەرەبی) گەڵاڵە کرد.(٣٦٦) سەرجەمی ئەم بزاوتانە لە فەرەنسا پێکهاتن و هەر لەوێشەوە چالاکیەکانیان ڕووبە دەوڵەتی عوسمانیی ئەنجام دەدا .

پاش داگیرکردنی میسر لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاوە، حکومەتی بەریتانی هەمان ئەزمونی تورکیای لە میسر دووبارە کردەوە . ئەویش بە لەکارخستنی شەریعەتی ئیسلامی و فەرزکردنی دەستوری عەلمانی، هەروەك حکومەتێکی لەژێر فەرمانڕەوایی خۆی بۆ میسریەکان پێك هێنا،

---

(٣٦٥)-میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٢٩٧

(٣٦٦) میژووی ئێران و تورکیا-دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-ل٣٦ .

دواتر کاری کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەروەردەو خوێندنی ئایینی لە دامەزراوە پەروەردەییەکانی ئەو وڵاتەو لەم بوارەشدا هەنگاوی جدی نا .

(مستر دنلوب) کە ڕاوێژماری وەزارەتی مەعاریفی میسری پێ سپێردرا، ڕۆڵێکی گرنگ و دەستێکی باڵای لە سەپاندنی تەکتیك و نەخشەکانیان لە پرۆسەی فێرکردن بیانی لە قوتابخانەکاندا بینی و پیلانی درێژخایەنی داڕشت بۆ دوورخستنەوەی ڕۆڵەی موسڵمانان لە عەقیدەی ئیسلام، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا دواناوەندی و پەیمانگا و زانکۆکان . لە ماوەی (٣٠ ساڵ)دا ئەوەی ویست و مەبەستی بوو، بەسەر قوتابیەکاندا سەپاندی، ئەوەشی لەگەڵ مەرامە گومان لێکراوەکانی دا نەدەگونجا دووری خستەوە و لە قوتابییەکانی قەدەغە کرد.(٣٦٧)

ئەم ڕاستیانە پیشاندەری ئەوەن کە ئەورووپای عەلمانی لەدوای داڕماندنی خیلافەتی ئیسلامی و دەستگرتنی بەسەر گەلانی موسڵماندا، هاوشان لەگەڵ جەنگ و داگیرکارییە سەربازییەکەی، پەرەی بە جەنگ و داگیرکارییە فیکرییەکەی خۆی لە دژی ئیسلام دەدا، تا لەو ڕێگایەوە بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیاکانیی خۆی بەنێو ڕۆڵەکانی موسڵماناندا بڵاوبکاتەوە . هەربۆیەش لەگەڵ سەرکەوتنە سەربازیەکەی، یەکەمین گورزی خۆی ئاڕاستەی سیستمی پەروەردە و پرۆگرامەکانی پەروەردەی ووڵاتانی ئیسلامی کرد . لەڕێگای ئەم دامەزراوە پەروەردەیی و ناوەندە زانستیانەشەوە، کەوتنە برەودان بە باوەڕەکانی نەتەوەپەرستی و عەلمانیەت و ناوچەگەرێتی و ......هتد، ئیدی ئەورووپیەکان بەپێی بیرو هزرەکانی خۆیان زارۆکیی موسڵمانانیان بارهێناو ڕۆڵەکانی ئەم ئوممەتەیان پێ گوشکرد . تا بەم شێوەیە لە ئایینی ئیسلام دووریان بخەنەوە و بێئاگایان بکەن لە شارستانیەتی ئیسلام مێژوو و سەروەرییەکانی خۆیان .

ئەورووپیەکان هەربەوەندە نەوەستان، بەڵکو لەگەڵ ئەو حکومەتانەی بۆخۆیان پێکیان هێنابوون بۆ ئیدارەدانی وڵاتانی ئیسلامی، پرۆگرامەکانیی خوێندن و پەروەدەی گەلانی موسڵمانیان داڕشت . هەڵبەت لەسەر بنەمای بیروباوەڕە عەلمانیەکانی خۆیان،

---

(٣٦٧)شاڵاوی فیکری و واقیعی جیهانی ئیسلامی-حەیدەر عوسمان-ل٢١-٢٢ .

ئەمەش بەواتای لێدان و ڕەفزکردنی تەواوی ڕاڤە و لێکدانەوەکانی ئایینی ئیسلام بوو بۆ ژیان و بوون و مرۆڤ و ئامانجی لەسەر ڕووی زەمین . لێرەشەوە عەلمانیەکان ڕۆڵی خودایان لەخولقاندنی گەردوون ڕەتکردەوە، بەڵکو نکولییان لە بوونی خودا کرد-**العیاذ باللة**، لەوەبەدوا وشەی (سروشت)یان خستە بری (خودا) و لەبری ناوی زاتی ئەو بەکاریان برد و لەپرۆگرامەکانی خوێندندا جێگیریان کرد . هەروەها دروست بوونی گەردوون و خودی مرۆڤیان وەك ڕێکەوت (سوتفە)و لەئەنجامی کارلێکی مادەوە، لێکدایەوە . پاشتریش ئەم چەشنە بیروبۆچوونانەیان کردە مەنهەجی پەروەردەی نەوەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی، کۆششی فراوانیان کرد تا ئەم تێگەیشتنانە لە بیرو هزری قوتابی و خوێندکارانی موسڵماندا ڕەگاژۆبکەن و وەك باوەڕێکی نەگۆڕ بیچەسپێنن .

بەم هەنگاوەیان، جگەلە دارِماندنی خیلافەت و لەکارخستنی شەریعەت، ئەورووپییەکان توانیان ئایینی ئیسلام وەك بنەمای پەروەردەو فێرکردن لە سیستمی خوێندن دابڕن . هەروەك کۆتاییان هێنا بە ڕۆڵی فیکری و سیاسی و ئابووری . هاوکات عەلمانیەتیان وەك سیسستمێك بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت و یاساو ڕێسایەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا، لەهەمانکات وەك بنەمای باوەڕو سیستمی پەروەدەیی سەپاند . پاش زاڵبوون و سەرکەوتنیان لە جێبەجێ کردنی پیلانەکانیان لە تورکیا و میسر، دەوڵەتانی ئەورووپی هەمان سیاسەتیان لەهەمبەر باقی گەلانیی ئیسلامی لە تەواوی هەرێمە موسڵمان نشینەکان پیادە کرد .

بە دارِماندنی خیلافەتی ئیسلامی، ئەورووپییەکان کۆتاییان هێنا بە یەکێتی سیاسی موسڵمان، لەهەمانکات یەکگرتویی ئوممەتی ئیسلامیان لێکترازند و یەکێتی خاکی موسڵمانانیان هەڵوەشاندەوە . لێرەوە بەدوا، هەر هەرێمێکی موسڵمانشینیان کردە وڵاتێکی سەربەخۆو عەلمانیەتیان کردە یاسای بەرێوەبردنی، ئیدی یاسای عەلمانی، ، پەروەردەی عەلمانی، باوەڕی نەتەوەپەرستی، پەرچەمی ناوچەگەرێتی، سنوری نەتەوەیی، پارت و ڕێکخراوەی عەلمانی، سوپای عەلمانی....هتد، گشت ئەمانە بوونە بنەمای سەرەکی لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتۆچکە نوێیانە . بەم هەنگاوەیان دەوڵەتانی ئەورووپی موریدو هەوادارانێکی بەرچاویان بۆ فەلسەفە و

ئایدیۆلۆژیا و باوەڕەکانی خۆیان پەیداکرد، کە لە دواجارداو بۆخۆیان و لەبری ئەورووپییەکان کەوتنە بانگەشەکردن بۆ ئەو باوەڕە ئەورووپیانە و پارێزگاری کردنیا .

پاش ئەم ئەنجامە، ئەورووپییەکان جەنگە ڕاستەقینەو لەمێژینەکەیان دژ بە ئیسلام بەرپاکرد، کە ئەویش کارکردن بوو بە ئامانجی تیکشکاندنی ئایینی ئیسلام و داڕماندنی عەقیدەکەی و هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتەکەی، کە بنەمای سەرەکی یەکێتی سیاسی و یەکگرتوییی ئوممەت و یەکپارچەیی خاکی موسڵمانان بوو، کە بریتی بوو لە (قورئان و فەرموودە و شەریعەت)، هەریەکە لەم سەرچاوانەش وەك خۆیان و بەپارێزراوی ماون . موسڵمانان لەتەواوی ناوچە و هەرێمەکانی جیهانی ئیسلامی، کۆکن لەسەریان و لەدەوریان گرد بونەتەوەو پێوەی پابەندن، لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا مومارەسەیان دەکەن . هەمیشە و لە هەموو ئانو ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە موسلمانان لەسەر ئەم بنەمایانە و باوەڕە یەکگرتوەکەیان، جارێکی دی یەکبگرنەوە و خیلافەت و ئومەت و شەریعەتەکەیان بەرپا بکەنەوە و هێزوو دەسەڵاتی پێشویان بۆ بگەڕێتەوە، ئیدی سەرلەنوێ لەشکری ئیسلامی بچێتەوە بەر دەروازەکانی ڤییەننا .

بەم هۆیەوەو بۆ بنبڕکردنی یەکجاری هێزو دەسەڵاتی ئیسلام و موسڵمانان، هەروەها بۆ پێشگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی خیلافەت، دەوڵەتانی ئەورووپی بڕیاریاندا کە سەرچاوەکانی ئەم ئایینە لەبێخ دەرکێشن.... واتا ئەو چاوگانەی کە موسڵمانان بیرو هزری خۆیان پێ زاخاو دەداو دەبوویە هۆی یەکبون و یەکڕیزیان لەهەمبەر ئەورووپییەکان، چۆڕبڕو وشك بکەن . تاچیدی بیرو باوڕ و ڕێبازێکی یەکگرتوو یەکپارچە و بەهێز، بەنێوی ئیسلام لەسەر زەمینی خۆرهەڵات بونی نەمێنێت، کەبتوانێت بەرەنگاری فیکرو سیاسەت و هێزیی ئەورووپییەکان ببێتەوە و بەربەرەکانێیان بکات . تاوەکو بۆ هەمیشە دەوڵەتانی عەلمانی ئەورووپی و شارستانیەتی خۆرئاوایی بۆ خۆیان و بێ ڕکابەر، فەرمانڕەوای گشت جیهان، بەگەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیشەوە بکەن . واتا خورئاواییەکان وەك پێشەنگی مرۆڤایەتی، بەپێی ویستی خۆیان فیکری مرۆڤەکان و یاساو ڕێسای بەڕێوەبردن و شێوازی ژیانی گەلانی سەر زەمین داڕێژن و دیاری بکەن .

بۆ وەدیهێنانی ئەم خەونەیان، ئەورووپییەکان مەرامی لێدانی ڕاستەوخۆی ئەو سەچاوە ئیسلامیانەیان بەئامانج گرت . کەوتنە کار بۆ سڕەواندنی گورز لەو چاوگە ڕەسەنانەی ئەم ئایینە . ئەمەش بەواتای بەرپاکردنی جەنگی فیکر و هێرشی ڕاستەخۆ بوو بۆ سەر ئیسلام، واتا قورئان وفەرمووده شەرع و هەرچشتێکی دی کە هاوپێوەندبێت بەو چاوگانەو لەوانیش وەك لێدان لە خودی پێغەمبەر(ص)، هاوسەرانی، هەوەها سەحابی و تابیعین و زانایانی ئیسلامی و خەلیفە و سولتانەکانی دەولەتی ئیسلامی و مێژووی موسلمانان بەگشتی . سەرەتای ئەم جەنگ و ململانێیەش بەهێرش کردنەسەر خودی (محەمەد-پێغەمبە) دەست پێدەکات تا کۆتایی پێهاتنی خیلافەتی ئیسلامی، بەلکو تا ئەمرۆ و پاشتریش . هەموو ئەمانەش بە ئامانجی گوماندار کردنی سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئایینی ئیسلام و تەواوی ئەو بنەمایانەی کە ئەو ئایینەیان لەسەر دامەزراوە، لەهەمانکات بۆ گومان خستنەسەر حەقیقەتی پێغەمبەرایەتی محەمەد و سرشی قورئان، کە دوو پایە سەرەکییەکەی ئیسلامن .

پاش پەرتکردنی ئوممەتی ئیسلام و بەشبەش کردنی هەرێمەکانی، دەولەتانی ئەورووپی حکومەتی خۆجێیان لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی و بەپێی پرەنسیپەکانی عەلمانیەت، بۆ هەر هەرێمێك پێك هینا، لەوەو دواش ئینتیدابیان بەسەردا سەپاندن، بەم چەشنەو لەڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیانەوە، ئەورووپییەکان شکلێکی یاساییان بەداگیرکاریەکەیان بەخشی، ئیدی لە سایەی نەمانی خیلافەت و پەرت بوونی ڕیزی موسلمانان، دەولەتانی ئەورووپی کەوتنە تەراتێن کردن لەسەر زەمینیی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی . بەم شێوەیە ئەورووپییەکان گەشینە ئەو بڕوایەی کە هیچ هەڕەشەیەك لەسەر بیروباوەڕو مان و بوونیان و هێزو دەسەلاتیان لەسەر ئەرزی ڕۆژهەلات نەماوە، جگەلە خودی ئایینی ئیسلام نەبێت، کە هەمیشە وەك خەنیمێکی مێژوویی خۆیان لێیان دەڕوانی و خۆفیان لێدەکرد، کە لەهەر ئان و ساتێکدا وەجولە بکەوێت و تەواوی فیکر و بوون و هێزیان ڕامالێت .

ئەورووپیەکان لەو ڕاستیە گەیشتبوون کە گەلانی موسلمان بەتووندی هۆگری ئایینی ئیسلامن، ئەو بیروباوەڕش لەنێو بیرو هۆشیاندا جێی گرتووە و لەنێو دل و دەرونیاندا ڕەگاژۆ بووە و بەقولی بنجی گرتووە، هەروەك لەنێوچوونی خیلافەتەکەشیان وەك کۆستێك بۆ خۆیان دەدی و ئەو

دەسەڵاتە کۆلۆنیالیانەو بیرو باوەڕە عەلمانی کەشیان پێ نەخوازراو بوو . موسڵمانان خەونیان بەگێرانەوەی خیلافەتە یەکگرتوەکەیان و پیادەکردنەوەی شەریعەت و وەدەست هێنانەوەی ڕێزو شکۆی ڕابردوی خۆیان دەدی . ئەم هەستەی موسڵمانانیش لە قورئان و فەرمودە و شەریعەت و سەروەرییە مێژووییەکانیان و شارستانیەتی درەشاوەی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبوو . ئەورووپییەکان ئەو ڕاستیەیان دەرك پێکرد، بۆیە بڕیاری بەرپاکردنی جەنگیان لە دژی تەواوی ئەو چاوگ و بنەمایان، دا . تا گشت سەرمایەی مەعنەوی و ڕەمزی ئوممەتی ئیسلامی داڕمێنن و چشتێکیام بۆ نەمێنێتەوە کە بتوانن شانازی پێوە بکەن و لەدەوری خڕببنەوە . ئیدی وەك چۆن خیلافەت و ئوممەت و خاکی ئیسلامیان کەرت و پەرتکرد، بەهەمان شێوە کەوتنەکار تا عەقیدە شەریعەت و مێژووی ئیسلامی لە دڵ و دەروونی تاك تاکی موسڵمانان داڕمێنن و ڕیشەکەنی بکەن، لەبری ئەوەش بە بیروباوەڕەکانی خۆیان جێی بگرنەوەو وەك عەقیدەو بیروباوەڕ لە دڵ و دەروونی گەلانی ئیسلامی موتووربەی بکەن و بیچێنن دا .

خیلافەت کۆتایی پێهات و موسڵمانان دەسەڵاتیان لەدەست دا، شەریعەتی ئیسلامی وەلانراو سەرزەمینی ئیسلام و گەلانی داگیرکران، بەمشێوەیە ئەورووپیەکان جیهانی ئیسلامیان بەسەر چەند دەوڵەتۆکەیەکی لاواز و گچکەدا بەشبەش کردلەسەر بنەمای نەتەوایەتی و ناوچەگەرێتی و بەپێی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان . واتا دوو ئامانجی مەزنیان وەدی هێنا، داڕماندنی خیلافەت و لادانی شەرع لەلایەك، کەرت و پەرتکردنیی جیهانی ئیسلامی و داگیرکردنی لەلایەکی دی . وەلێ مەرامی سێیەمیان کە خودی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی بوو، وەك خۆی و بەپارێزراوی مابوونەوە، بەڵکو سەرسەخیانەش بەگژ ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت و گشت باوەڕە ئەورووپیەکانی دیکەدا دەچوویەوە و دەرگیریان دەبوو . بۆیەش دەوڵەتانی ئەورووپی کەوتنە بەربەرەکانێی ئیسلام وەك تاکە خەنیم و نەیاری بیرو باوەڕ و دەسەڵات و سیستمیان . لەوپێناوەدا ئامرازگەلێکی فرەیان بەکاربرد و پیلان و تەکتیکی جۆراوجۆریان بۆ داڕماندنی دوا قوللەو کۆتایەمین سەنگەری بەرگری ئیسلام پێڕۆکرد، لەوانیش:

*هەنگاوی یەکەم و سەرەتای ئەو دژکاریانەی ئەورووپیەکان لەهەمبەر ئیسلام و خیلافەتەکەی، بە بانگەوازی چاکسازی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی، لەنێو گەلانی

عوسمانی دەستیی پێکرد . دەرەنجامی ئەوەش دروست بوون و پێکهاتنی گروپ و ڕێکخراو و پارتە عەلمانی و نەتەوەپەرستی تورك و عەرەب بوو . کە هەریەکە لەوانیش لەژێر دروشمی چاکسازیکردنی دەوڵەتی عوسمانی و پێشخستنی گەلانی ئیسلامی، کەوتنە بەرەنگاربوونەوەی خیلافەت و شەریعەت، پاشتر شەریعەتیان لەکار خست، لەکۆتایش دا خیلافەتیان هەڵوەشاندەوە .

*هەنگاوی دووەمی ئەوروپییەکان، پێکهینانی چەندین کۆمەڵ و ڕێکخراوی جۆراوجۆر بوو، کە سەرباری لێکجیاوازیان یەك ئامانجیان هەبوو، کەبریتی بوو لە لێدان و دژایەتیکردنی ئیسلام، هەر ئەو ئامانجەش کۆی کردبونەوە و تەواوی هەوڵ و کۆششەکانیانی یەکخست بوو . هەریەکە لەو کۆمەڵ و ڕێکخراوانەش بریتی بوون لە:

*ڕێکخراوەی موژدەدەری بەمەسیحی کردن-(**التبشير و التنصير**) .

*کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتناسان-(**المستشريقين**) .

*کۆمەڵی ماسۆنی-(**الجماعة الماسونيية**) .

*ڕێکخراوەی زایۆنی-(**منضمة الصهيونيية**) .

*پارت و ڕێکخراوە خۆرئاواخواز و نوێگەراکان-(**الاحزاب و المنظمات التغريب و التنوير**).

هەریەکە لەم کۆمەڵ و ڕێکخراو و پارتانەش لە ڕێگایەکی تایبەت بە هۆی چالاکی گەلێك و لەژێر نێونیشانی جۆراو جۆردا دەکۆشان بۆ ئامانجەکانیان . هەریەکەیان تایبەت کرابوون بە کارکردن لەسەر ڕەهەند و بوارێکی ئایینی ئیسلام، پیلان و دژکاریەکانی خۆشیان تایبەتی ئەو بوارە دیاریکراو و بەئامانج گیراوەی ئیسلام دەکرد .

## پیلانەکانی موژدەدەرانی مەسیحی :

یەکەمین دەستەو کۆمەڵی ڕێکخراوەیی کە جەنگیان دژی فیکر و بیروباوەڕی ئیسلامیی بەرپاکرد ، ڕێکخراوەی مژدەدەری بەمەسیحی کردن بوو . لەلایەن سەرکردەی سەرخەران (زعیم المنصرین) زویمر، یەکەم بنکەی مژدەدەری لە کەنداو لە ساڵی (١٨٩٤ز) دامەزرێنرا . گوتی (دەستمان پێکرد لە مەککەوە بۆ کەنداو، وە سەرکەوتنمان لە کەنداو دەروازەی نوێی بۆکردینەوە ).(٣٦٨)

هەرلە دەمی لاوازی عوسمانیەکان و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو بەگەیشتنی هێزە ئەورووپیەکان و لەوانیش بەریتانیا بۆ کەنداوی عەرەبی، بزاوتی تەبشیری دەرکەوت، وەك زویمر ئاماژەی پێدەدات کە مەبەستی پێی زاڵ بوونی سوپای بەریتانی و دەستگرتنیان بوو بەسەر ناوچەکە، ئەم هەنگاوەش کارساناییی گەورەی بۆ بزووتنەوەی بەمەسیحی کردن و بەئەنجام گەیاندنیی پیلانەکانیان کرد . زویمر لە ناوچەی کەنداو دەستی کردە دامەزراندنی چەندین بنکەی بڵاوکردنەوەی تەبشیری، ئەمە سەرباری کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆ و...هتد، بۆ هەمان مەبەست .

پاش ناردنی بۆ کوەیت لە ساڵی (١٩١٠ز) بنکەی تەبشیری دامەزراند، هەرلەوێ قوتابخانەی (الراهب الصالح)ی کردەوە لە ساڵی (١٩١٨ز) لەگەڵ مەرکەزێکی دیش لە (**مسقط**)، هەروەها قوتابخانە و زانکۆ و....هتد، وەك هێلانەی کوفر و ئیلحاد لەو ناوچانە کردەوە بۆ نزیك بوونەوە لە موسڵمانان و دەسگرتن بەسەریان و چوونە نێو دڵ و دەروونیان، بۆ دنەدانی ویژدانیان، هەروەها بۆ چاندنی تۆویی فیکرو ڕێوشوێنی دینە شێوێنراوەکەیان، بۆ ئەم مەبەستەشیان دەستیان کردە کەڵك وەرگرتن لە میهرەبانی نواندن لەگەڵ فێڵ و دووڕوویی و...هتد،

---

(٣٦٨)الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي-ل١٠١ .

بەخۆشەویستی نواندن و هاوڕێیەتی و ڕێگای دی وەك هاندانی گومڕایی و جنس و بەڕەڵڵایی و شتی دیکە . ئەنجا بەهاوکاری ماددی و گەشتی زانستی و شتانی دی.(٣٦٩) وەکو ناردنی پێداویستیە پزیشکیەکان و ناردنی بۆ گشت ناوچەیەك . هەروەك پزیشکان و پەرستارانی ڕاهێنراو لەسەر هونەری مژدەدەری و سەرخستن و وانەگوتنەوەیان لەو ناوچانە جێگیرکرد بۆ دۆزیینەوەی دڵ لاوازان و گەنجانی دڵ وەرگەڕاو، کە ئەوەش ئاسانکاری دەکرد بۆ سەرکردایەتی کردنیان و شۆردنەوەی دەماخیان و ملکەچ کردنیان بۆ گەورەکانیان و گومڕاییەکانیان.(٣٧٠)

لەم هەنگاوانەوە مژدەدەرانی بەمەسیحی کردن دەستیان پێکرد، حکومەتە عەلمانیەکانی وولاتانی ئەورووپی و گەلانیان بۆخۆیان دەستبەرداری ئایینی مەسیحیەت ببوون و هیچ پێرەوییان لێ نەدەکرد، بەڵکو بە خورافە و بەسەرچوویان وەسف دەکرد، کەچی لەهەمانکات بۆ پەرتکردنی ڕیزی موسڵمانان و بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام کەوتنە کۆمەککردنی بزوتنەوەی مژدەدەرانی بەمەسیحی کردن و بەتایبەتیش لە سەرەتاکانی دەستپێکی پرۆسەی ئیستعماری، سەربازانێکی فرەشیان نارده خۆرهەڵاتی ئیسلامی بۆ هەمان ئامانج . ژمارەی سەربازانی خۆرئاوا بۆ ئەو مەبەستە گەیشتە زیاتر لە (٢٢٠)هەزار مژدەدەر، لەوانیش (١٣٨٠٠) کاتۆلیکو، (٨٢٠٠) پرۆتستانتی بوون . کە تێچووی چالاکیەکانیشیان زیاتر لە بلیۆنێك دۆلاری ئەمریکی بوو بۆ هەر ساڵێك.(٣٧١)

مژدەدەرانی مەسیحی، چەند شێواز و ڕێگایەکیان گرتەبەر بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان، کە بریتی بوون لە بەرگرتن لە پێشڕەی کردن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و پاشتریش گەمارۆدانی و هێرش کردنە سەری لەپێناو پەرتکردنی ڕیزی پەیڕوانی،

---

(٣٦٩) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي-ل١٠١ .

(٣٧٠) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي-ل١٠١ .

(٣٧١)هەمان سەرچاوە-ل١٠٧ .

لەهەمانکات بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت و تەشەنە پێدانی لەنێو موسڵمانان و لە هەرێمە ئیسلامیەکان، بەتایبەت . هۆکارو ڕێکاری تایبەتیان بۆ وەدیهێنانی هەریەکە لەو دوو ئامانجەیان بەکار برد . کە خۆیان لە پەلاماردانی ئیسلام و سەرچاوە بنەڕەتیەکانی واتا (قورئان و فەرموده و مێژی موسڵمانان) دا دەبینییەوە، ئەم پیلانانەش بە ئامانجی گوماندارکردنی ئەو چاوگە ئەساسیانەی ئیسلام و کۆشش کردن بۆ دروستکردنی نیشانەی پرسیار لەسەریان و بەرپاکردنی ئاڵۆزی لەنێویانداو دواجاریش هەوڵدان بۆ سوکایەتی پێکردن و لەکەدارکردنیان بوو . ئەم کارەش دووبارە و چەند بارەش بوویەوە لەلایەن ئەو مژدەدەرانەی مەسیحیەتەوە، بەڵام هەریەکەیان بەشێوازێك ئەو ڕەخنەو تۆمەتانەیان ئاراستەی ئیسلام دەکرد . نموونەی ئەو مژدەدەرانەش فرەن کە هەستاون بە توانج و پلار گرتنە ئایینی ئیسلام، لەوانیش:

*مژدەدەر (جۆن تاکلی) یە، کە گوتی: (پێویستە موسڵمان بزانن کە ئەوەی بەڕاستی دەزانن لە قورئان، نویَ نییە، بەڵکو لە مەسیحیەتەوە وەرگیراوە، ئەوەشی کە دەڵێن نویَ یە، ڕاست نییە)!(٣٧٢)

*لەو گوفتارە تێکدەر و دووبارە بوانەیان، گوتەی مژدەدەر (ئەدیسۆن)ە کە دەڵێت: (محەمەدنەیتوانی لە مەسیحیەت تێبگات و مافی خۆی بداتیَ، بەهۆی بێتواناییشیەوە هات لەسەر ئەو وێنە ئاڵۆزە ئایینەکەی خۆی دامەزراند)، هەروەها گوتی "ژن لە ئایینی ئیسلام دا کۆیلەیە"!(٣٧٣)

*مژدەدەر (مستر بلاس) گوتی: (بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە زەبری شمشێر بوو، ئەگەر بەوە نەبوایە، گەلانی ئاسیا و ئەفریقیا ملکەچ نەدەبوون بۆی)!(٣٧٤)

---

(٣٧٢) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي-ل١٠٣ .

(٣٧٣) هەمان سەرچاوە-ل١٠٢

(٣٧٤) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي -ل١٠٢

*مژدەدەری ئەمریکی (هنری جیسوب) گوتی: (موسڵمانان تێناگەن لە ئایین، ناتوانن مافی خۆی بدەنێ، ئەوانە دزو بکوژ و ناکۆکن، هەربۆیە ئێمە هاتین بۆیان تا بە مژدەدان کاربکەین بۆئەوەی پێشیان بخەین)!(٣٧٥)

بەم شێوەیە مژدەدەرانی مەسیحی کەوتنە توانج و پلارگرتنە قورئان و پێغەمبەر (ص)، کاریانکرد بۆ دزێوکردنی ئەم ئایینە تا لەپێش چاوی پەیڕەوانی بخەن و خەڵکانی ناموسڵمانیشی پێ بتۆقێنن، تا توخنی ئیسلام نەکەون و هۆگری نەبن . هاوشان لەگەڵ هەڵبەستن و تەشەنە پێدانی ئەم تۆمەتانە، مژدەدەرانی مەسیحی کەوتنە کارکردن لەپێناو ڕەواج پێدانی فەسادی ئەخلاقی، دەستیانکردە بانگەشەی ئازادی ئافرەت و دروشمی ئازادی ئافرەتانیان بەرزکردبوویەوە .

*دیارترین کەسایەتی مژدەدەری (دکیۆر بۆل هاریسون) بوو، لە کتێبەکەی دا بەنێونیشانی (**الطبیب في بلاد العرب**)، دەڵێ: (بەگەیشتنمان بۆ وولآتی عەرەب پەلەمانکرد لە پیاوان و ژنانی مەسیحی، بۆ چوونەدەرەوەی ژنان بۆ خیانەتکردن، وە دەرچوونیان بۆ یانەکانی بەدڕەوشتی، بەناوی ئازادی و پێشکەوتن و سەرکەوتنەوە)!(٣٧٦)

گشت ئەم پیلان و دوژمنکاریانەی تەبشیرییەکان بە ئامانجی لاوازکردنیی بیروباوەڕی موسڵمانان و کەمکردنەوە و نەهێشتنی پابەندیان بە ئیسلامەوە بوو، بۆ دووبەرەکی نانەوە و بەرپاکردنی تەفرەقە و فرە بیروبۆچوونی بوو لەنێو ریزی ئوممەتی ئیسلام، تا بەم چەشنە گەشەو پێشکەوتنی ئەم ئایینە ڕاگرن و موسڵمانان خۆبەخۆ سەرقاڵی یەکدی بکەن و گرفتاری جیاوازی مەزهەبی و فرە بۆچوونیان بکەن، تا بەم شێوەیە هێزو پێزی ئیسلام و ئوممەتەکەشی لەم پێناوەدا بەهەدەر بڕوات . تاوەکو توانای بیرکردنەوە لە ئازادی خۆیان و سەرخستنی ئایین و ڕزگارکردنی وڵاتیان نەمێنێت و هەردەم بە زەبوونی و ژێردەستی بمێننەوە .

---

(٣٧٥) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي -ل١٠

(٣٧٦) هەمان سەرچاوە -ل١٠٢ .

هاوكات لەگەڵ شاڵاوی مژدەدەری بەمەسیحی كردن، بزاوتێكی دی بەنێوی ڕۆژهەڵاتناسان سەری هەڵدا و ڕووی لە ڕۆژهەڵات كرد و دەستی كردە چالاكیی كردن دژ بە تەواوی شارستانیەتی ئیسلامی، كەناسرابوون بە ڕۆژهەڵاتناسان .

## پیلانەكانی ڕۆژهەڵاتناسان :

ڕۆژهەڵاتناسی: ڕەوتێكی فیكری بوو، گرنگی دەدا بەخوێندنەوەی ئیسلام و شارستانیەتەكەی، هەروەها كلتورو و زوبان و ڕۆشنبیریەكەی، لەگەڵ ڕۆشنبیری شوێنكەوتوانی و شێوازی ژیان و بیركردنەوەیان، لەپێناو بەرگرتن لێی و سوكایەتی پێكردنی.(٣٧٧) یەكەم كۆنگرەیان لە ساڵی (١٨٧٣ز) لە پاریس بەست، دوابەدوای ئەم چاوپێكەوتنەش درێژەی كێشا هەتا سەدەی بیستەم، لە ئێستاش بەردەوامی هەیە.(٣٧٨) ئامانجیان گوماندار كردنی خەڵكی بوو بەگشتی و، موسڵمانان بەشێوەیەكی تایبەتی، لەهەمبەر پەیامی ئیسلامی، تۆمەتیان لە قورئان دەداو ڕەتیان دەكردەوە كە دابەزێنرابێت.(٣٧٩) هەوڵیان دەدا بۆ دروستكردنی گومان لەسەر فیقی ئیسلامی، گوتیان لە شارستانیەتی ڕۆمانیەوە گواستراوەتەوە، لەڕێگای شارستانیەتی بیزەنتی و ڕێگای دی، هەروەك گوتیان زانستی قورئان لە ئینجیل و تەورات وەرگیراوە.(٣٨٠)

بزاوتی ڕۆژهەڵاتناسانیش وەك موژدەدەرەكان، دەستیانكردە دامەزراندنی زانكۆ و پێكهێنانی گروپ و دەستیان دایە توێژینەوەكردن و شێواندنی مێژووی ئیسلام و سەرچاوەكانی، لەپێناو پەرتكردنی فیكرو بیروباوەڕی موسڵمانان و بەرپاكردنی ناكۆكی و پەرتەوازەیی فیكری لەنێو ڕیزی ئەومەتی ئیسلامی، لەدیدارێكدا و لە یەكێك كۆنگرەكانیان-كۆنگرەی ئۆكسفۆرد بۆ ڕۆژهەڵاتناسان (١٩٠٠) زانا لە (٢٥) دەوڵەت و (٨٠) زانكۆ و (٦٩) كۆمەڵەی عەلمانی-

---

(٣٧٧)هەمان سەرچاوە-ل٨٥ .

(٣٧٨) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي -ل٨٧ .

(٣٧٩) هەمان سەرچاوە-ل٨٦ .

(٣٨٠) هەمان سەرچاوە-ل٨٦ .

ڕۆژهەلاتناسەوە هاتن و بەشداریا تێداکرد.(٣٨١)، لەدیارترین کۆمەڵەکانیان: کۆمەڵەی ئاسیای لە پاریس دامەزرێنرا لە ساڵی (١٨٢٣ز)، کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی کە لە ساڵی (١٨٢٤ز)دامەزرا، لەگەڵ کۆمەڵەی ئەڵمانی ڕۆژهەڵاتی (١٨٤٥ز)، وە زیاتر لە (١٠٠)ملیۆن کۆپیان لە (٣٠٠) گۆڤاری دەوری دەردەکرد، بۆ (٩٥) زوبانیش وەریان دەگێڕا. لەدیارترینیی ئەو بڵاوکراوانەشیان: گۆڤاری (العالم الإسلامی)کە ئینگلترا خاوەنی بوو، هەوەها گۆڤاری (**الیقظة**)، گۆڤاری (ینابیع الشرق) لەلایەن نەمساوە، گۆڤاری (الإسلام) لەلایەن حکومەتی پاریس، گۆڤاری (الإسلام الالمانیه). بیجگە لەو گۆڤارانەی کە بەکاردەبران بۆ خزمەتی ئیستعمارو چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەنێو موسڵمانان و لەنێو هۆز و نەتەوە جۆراوجۆرەکان، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ داگیرکردنیان و هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتیان، هەروەها دەستبەسەرداگرتنیان و دەرهێنانی بیروبڕوای نێو دڵیان و تواندنەوەیان لەنێو ڕۆشنبیری و داب و نەریت و شێوازیی ژیانی نائاییینیانەی ڕۆژئاوادا.(٣٨٢)

ڕۆژهەڵاتناسان بەشێوازی جۆراو جۆر هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامیاندا، لەپێناو بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینەو گەمارۆدانی لە ناوچەکانی خۆیدا و پاشتر پەرت کردنی ئینجا لێدانی لەهەر ڕیگاو ئامرازێك بۆ خامۆشکردنی، بۆ ئەو مەبەستەش هەستان بە ئەنجام دانی توێژینەوەی فراوان لەسەر گشت لایەنەکانی ئایینیی ئیسلام و دواتریش چەندین کتێبیان لەسەر نووسی .

لەو کتێبانەی کە نووسیان لە دژی ئیسلام: کتێبی (ترجمە معانی القران) لەلایەن جۆرج سیل لە ساڵی (١٧٣٦ز) نوسرا، گوتی ئەوەی لە قورئاندا هاتووە لەلایەن (محەمەد) دانراوە، تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە و دەڵێت ئەم بۆچوونە قابیلی موناقەشەکردن نیە!(٣٨٣)، نوسراوی دی لەوبارەیەوە کتێبی (الإسلام)ە کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی دەمارگیر (الفرید غیوم)،

---

(٣٨١) الاسلام یتصدی للغرب الملحد-دکتور محمد نبیل النشواتی -ل٨٧ .

(٣٨٢) هەمان سەرچاوە -ل٨٧ .

(٣٨٣) هەمان سەرچاوە-ل٨٨ .

کتێبی (اصول الفقه الإسلام) لەلایەن (جوزیف شاخت)ی ئەڵمانی- کە دژایەتی ئیسلام و پێغەمبەر دەکرد، هەروەها کتێبی (متصوفو الإسلام-١٩١٠ز)، کتێبی (التاریخ الادبی للعرب-١٩٣٠ز)، کە وەسفی ئەم ئایینەیان دەکرد بەگوتەی خۆیان-هەروەك ئیسلامیان بەوە نیشاندەدا کە ماددی و نارۆحانییە، گوایا نەفسی مرۆڤەکانی نەناسیوە وەك ئەوەی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکە ناسیویانە!(٣٨٤) بەڵام رۆژهەڵاتناسی عەلمانی ئینگلیزی (مارغیلوپ)کە تەنها ژمارەیەك نوسراویی دەرکرد و تیایدا تۆمەتی لە گشت بەهاکانی ئایینی ئیسلام دا، هەوڵی دا رۆحی ئیسلامی لەکەدار بکاو مرۆڤەکان بخاتە گومانەوە لەهەمبەر شەریعەتە ئاسمانیەکەی، بەتایبەت لە دانراوی (محمد و مطلع الإسلام-١٩٠٥ز)، کتێبی (الجامعە الإسلامیە-١٩١٢ز)، کتێبی (التطورات المبکر في الإسلام-١٩١٣ز).(٣٨٥)

رۆژهەڵاتناسان بەگشتی دەکۆشان بۆ هەژاندنی عەقیدەی ئیسلامی، لەپێناو لاوازکردنی باوەڕی موسڵمانان و دوورخستنەوەیان لە پابەندبوون بە بنەماو ڕێنماییەکانی ئایینەکەیانەوە، ئەمەش لەڕێگای توانج لێدان لە ئیسلام و بڵاوکردنەوەی گومان و دودڵی و پێشاندانی ئیسلام وەك ئاینێکی دەستکرد و دانراو، هەروەك تۆمەت پاشکەتوویيان دەدایە پاڵ، گوایا ئیسلام گەلانی خۆرهەڵاتی پاش خستووە! لەهەمانکات ئیسلامیان بە باوەڕێکی ناکۆك و پێکدژ وەسف دەکرد! هەوڵی دزێوکردنی مێژووی شارستانیەتی ئیسلام و ڕوشاندنی کەسایەتی پێغەمبەر (ص) و هاوەڵانیان دەدا . ئامانجیان لەم کارەدا گەمارۆدانی ئیسلام و ڕێگری کردنی بوو لە گەشەو پێشکەوتنی بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان . تاوەکو بەم شێوەیە گەمارۆی بدەن بیخزێننەوە نێو جزیرەی عەرەب و پاشان هەوڵی لەبێخ دەرکێشانی بدەن ، لەهەمانکات بیروباوەڕە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی و لادینییەکانی خۆیان لەسەرزەمینیی ئیسلامی بڵاوبکەنەوەو لە دڵ و دەروونی موسڵماناندا ڕەگاژۆی بکەن . زۆرانێکیی دی لە ڕۆژهەڵاتناسان بۆهەمان مەبەست و مەرام کتێبیان دەربارەی ئیسلام نوسی و لەوانیش وەك،

---

(٣٨٤) الاسلام یتصدی للغرب الملحد-دکتور محمد نبیل النشواتی -ل٨٨ .

(٣٨٥) هەمان سەرچاوە -ل٨٩ .

نوسراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی (جیب-١٩٦٥ز) کە کتێبی (**المذهب المحمدي**) لەساڵی (١٩٤٧ز)، و کتێبی (**الإتجاهات الحديثة في الإسلام**) لە ساڵی (١٩٤٧ز). هەروەها نوسەری عەلمانی (**كينث كراغ**) کتێبەکەی (**دعوة ومئذنة**) لە ساڵی (١٩٥٦ز) نوسی، تیایدا دژایەتی خوداو پێغەمبەر و ئیسلامی کرد.(٣٨٦)

بزاوتی ڕۆژهەڵاتناسی کەمتەرخەمی نەکرد لە دژایەتی شارستانیەتی ئیسلامی و کاری جدی کرد بۆ شێواندنی مێژووی مووسڵمانان و ئایینەکەیان و پەرتکردنی یەکڕیزیان، بەمشێوەیە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی بیروباوەڕی ئەممەتی ئیسلام ژێربارخستنی ژیارو شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتیان دا . تاوەکو خۆرئاوا وەك تاکە فەرمانڕەوای بێڕکابەری گشت جیهان درێژە بە باڵادەستی خۆیی بداو هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی گەلانی سەر ڕووی زەمین بسەپێنێت . ئەم مەیلە پاوانخوایەش هانی خۆرئاوای دا لە بەرپاکردنی ئەو جەنگە سەرتاپاگیرەی دژ بەئیسسلام و شارستانیەتەکەی . جگەلە دارِماندنی خیلافەت و تێکشکاندنی هێزی سەربازی موسڵمانان و داگیرکردنی خاك و گەلانی، هەوڵی لیکهەڵوەشاندنەوەی عەقیدەو باوەڕی ئیسلامیان دا و کەوتنە کار بۆ لە بێخ دەرکێشانی . چوون خۆرئاوا هەربە سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆی بەسەر گەلانی ئیسلامی دا ڕازی نەدەبوو، بەڵکو دەیهەویست کە بیرو باوەڕو ئایدیۆلۆژیا و شێوەی ژیانی خۆشی بەسەر موسڵماندا بسەپێنێ . تا موسڵمانان ناچاربکەن چاو لە خۆرئاوابکەن، پێڕەوی لەوان بکەن، شوێنی گوفتارو ڕەفتارەکانی ئەورووپییەکان بکەون و ببنە پاشکۆی ئەو ژیارە . بۆ وەدیهێنانی ئەم مەرامەیان ڕۆژهەڵاتناسان کۆیان لەهیچ کارێك نەکرد، جەنگی فیکری هەمەلایەنەیان دژ بە عەقیدەو شەریعەت و فیکر و ڕۆشنبیری و مێژووی ئیسلامی و داب و نەریت و کلتورەکەی بەرپاکرد، تابەو شێوەیە موسڵمان لەم ئیسلام بتەکێننەوە، لەدیارترینی ئەو تۆمەتانەشیان :

*وایان بڵاوکردەوە کە محەمەد(ص) قوتابی بووە لای بوحەیرای ڕاهیب کە لە بوسرای شام ژیاوە، گوتیان بوحەیرا قورئان و شەریعەتی ئیسلامی فێری محەمەد کردووە !

---

(٣٨٦) هەمان سەرچاوە -ل٨٩ .

*پێغەمبەریان تۆمەتبارکرد بەوەی کە قورئانی لە ئینجیل و تەورات، هەروەها لە کتێبەکانی شارستانیەتی ڕۆمانی و بیزەنتی و فارسی و تورکی وەرگرتووە !

*پڕوپاگەندەی ئەوەیان کرد کە جەبرانی ڕۆمی و وەرەقەی کوڕی نەوفل و سلمانی فارسی و زەیدی حارسە و ماریایی قیبتی و دایکی ئیمانداران (خديجه)، زانستی ئایینیان فێری پێغەمبەر کردووە، گوتیان کە شارستانییەت ئیسلامی لەسەر سامییەت دامەزراوە !

*بانگەشەیان کرد گوایا محەمەد عەبقەرییەو بۆخۆی قورئانیی هەڵبەستووە و خۆی کردۆتە پێغەمبەر و قورئانیشی سیخاخ کردووە بە ڕووداوەکانی ڕابردوو، پەردەی غەیبی لەسەر کاروبارەکانی داهاتوو ئاشکراکردووەو زانیاری لەسەر ڕووداوەکانی داهاتوو بەیانکردووە کە لای گەلان نەزانراون !

*هەوڵی خامۆشکردنی نووری ئیسلامیاندا بەهەموو ئەو هۆکارو ڕێکارانەی لەبەردەستیان دا بوو !

*چاوگی ئایینی ئیسلامیان گێرایەوە بۆ دواکەوتوویی و ڕابردوو خوازی هەندێ لەگەلانی جیهانی سێیەم، تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ ئیسلام گوایا ڕۆحی داهێنان لەمرۆڤدا دەکوژێت !

*لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی نوێ دا پشویان داو لەسەر شێوازێکی نوێ کاریان کرد، ئیدی خەباتیی گەلی فەلەستینیان بەتیرۆر ناوبرد، هەموو موسڵمانانیان بە تیرۆرست وەسف کرد، گوتیان ئاینی ئیسلام ئایینی تیرۆرە !

*لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەو ئایەتانە قورئانیانە ئەنجامدا کە هاوشێوەن، دژایەتی ئەو ئایەتانەشیانکرد کە یاسان وەك (وهن أم الكتاب)، بەمەبەستی نانەوەی خراپە لەسەر زەی، هەوڵی تەفسیرکردنی ئایەتەکانیاندا بەجۆرێك کە لەگەڵ هەواو ئارەزوویان و لەگەڵ ئامانجە گومانا‌ویەکانیاندا بگونجێت .

*هێرشیانکردە سەر پێغەمبەر و هاوسەران و هاوەڵانی و باقی موسڵمانان .

*ئایەتەکانی قورئانیان تۆمەتبارکرد بە پێکدژی و گوتیان ئەم ناتەباییە ڕەتیدەکاتەوە کە دابەزیبێت، لەهەمانکات پێغەمبەریان (ص) تۆمەتبارکرد بە هەڵبەستنی، پاگەندەیان کرد کە هاوشێوە و هاوتای مەسیح (ع)، نیە ..."بەپێی پڕوپاگەندە و لەسەر بنەمای ئایینە بتپەرستیەکەیان"، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە محەمەد(ص) مرۆڤە و قابیلی هەڵەیە وەك باقی نەوەکانی دیکەی ئادەم، بۆیەش ئەم پێکدژیانە لەقورئاندا هاتوون !

*بەرەنگاری پێنج فەرمانەکەی ئیسلام-نوێژ و ڕۆژ و حەج و زەکات و....هتد-بوونەوەو سوکایەتیان پێکردن .

*هەروەها گوتیان ئیسلام نێردراوە بۆ نەزان و تەمبەڵ و خەڵکی بەرەو هەژاری و دواکەوتن دەبات !

*هەوڵی دزێوکردنی ئیسلامیاندا بەمەبەستی سوکایەتی پێکردنی و بریندارکردنی، نمونەی ئەوانەش لە ژیانماندا وەدەردەکەوێت لە چۆنیەتی لێکدانەوەی تەڵاق و فرەژنی غەیری ئەوانەش لە شەریعەتدا.(٣٨٧)، ئامانج لەم تۆمەتبارکردنە پەرتەوازەکردن و دورخستنەوی موسڵمانە لە ئاینەکەیان و تەڵخ کردنی وێنەی ئیسلام بوو لەپێش چاوی گەلانی دی، هەروەها بۆ ڕەواج دان بە ئایدیۆلۆژیاکانی لە بابەت عەلمانیەت و نەتەوەپەرستیی و.....هتد، تا بەم شێوازە بەر بە پێشڕەی کردنی ئەم ئاینە بگرن . دواجار لەسەر هەمان شێوازی ئەورووپی، ژیانی گەلانیی ئیسلامی ڕێکبخەنەوە و بیانکەنە پاشکۆی ژیاری خۆرئاوایی .

هاوشان لەگەڵ ڕەوتی مژدەدەران و ڕۆژهەڵاتناسان، گروپێکی دی بەنیوی ماسۆنیەت لەنێو جیهانی ئیسلامی کەوتە جموجوڵ و چالاکیەکانی خۆی لە دژی ئیسلام و خیلافەتەکەی دەست پێکرد و بەشێوازو ڕێگای خۆی .

## پیلانەکانی ماسۆنیەت :

---

(٣٨٧) ) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي-ل٩٠-٩٣ .

ماسۆنیەت: ساڵی (١٧٧٠ز) ئەم ڕێکخراوەیە لەسەر دەستی مولحیدی ئەڵمانی وەرگەڕاو لە ئایینی مەسیحی، ئادەم وایزهاوت نوێ کرایەوە . ماسۆنیەتی جیهانی ئەم کەسەی گرتە خۆی تا لە فرت و فێڵەکانی سوود وەرگرێت . ئادەم نەخشەی نوێی ماسۆنیەتی داڕشتەوە، لە ساڵی (١٨٣٠ز) یەکەم مەحفەلی جیهانی بەناوی (محفل النوراني) دامەزراند، ئەو ناوەش پێناسەیەکە بۆ گەورەکانیان کە بە پیرۆزی دەزانن، ئیدی ماسۆنیەت لەگشت پارچەکانی سەر ڕووی زەمین بڵاو بوویەوە، بەتایبەتیش لە فەڕەنسا و ئینگلترا . سەرکردەکانی تەرکیزیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە، چوون شوێنی ئایینە ئاسمانیەکان و دابەزینی وەحی یە . لە ئەنجامدا توانیان دوو هەزار کەسایەتی گەورە لە سیاسەتوانان و بیرمەندان و مامۆستایانی زانکۆکان گومڕا بکەن.(٣٨٨)

لە ئامانجە کۆن و نوێیەکانی ماسۆنیەت :

*لەنێوبردنی تەواوی ئایینەکان جگەلە ئایینی جولەکایەتی-هەروەك هۆکاری دروست بوون و گەشەکردنیان لەسەرەتای ساڵانی زاینییەوە-لەنێوبردنی مەسیحییەت بوو-زۆرکاری دی هاوشێوەی ئەوەیان کرد، نمونەش وەك دژایەتی کردنی ئایینی ئیسلام .

*پێکهێنانی دەوڵەتی نائایینی لەژێر دەسەڵاتی جوولەدا، لەپێناو ئاسانکاری کردن بۆ دامەزراندن دەوڵەتی (ئیسرائیلی گەورە) .

*کردنی ماسۆنیەت بە سەرپەرشتیارو گەورەی گشت پارتەکان .

*کارکردن بۆ ڕماندنی حکومەتە شەرعییەکان .

*داڕماندنی ئەخلاقە نموونەیی و باڵاکان .

*بڵاوکردنەوەی فەسادو خراپەکاری و حەڵاڵکردنی، هەروەها بەکاربردنی ئافرەتان وەك ئامرازێك بۆ زاڵبوون .

---

(٣٨٨) الاسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النشواتي-ل١٦٠-١٦١ .

*وێرانکردنی مرۆڤایەتی .

*کارکردن بۆ دابەشکردنی مرۆڤایەتی بۆ نەتەوەی پەرت و بڵاو، بەشێوەیەك کە هەمیشە لە ململانێدابن .

*هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر سەرکردەکانی دەوڵەتانی جیهان، لە پێناو مسۆگەرکردنی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان .

*دەستگرتن بەسەر ڕاگەیاندندا .

*بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو هەواڵی درۆ و چەسپانیشیان وەك ڕاستیەك، بەئامانجی یاریکردن بە عەقڵی جەماوەر، هەروەها بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان .

*بانگکردنی گەنجان و لاوان بۆ نغرۆبوون لە کردارە سووك و نزمەکام .

*بانگەشەکردن بۆ نەزۆکی و دیاریکردنی ڕێژەی خستنەوەی وەچە لای موسڵمانان .

*دەستگرتن بەسەر ڕێکخراوە دەولیەکان و لەوانیش کە لەلایەن ماسۆنیەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکانە .

*دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل (**مملكة إسرائيل العظمي**)، و تاج لەسەر دانانی پاشای جوولەکە لە قودس، گوایا لە نەوەی داود پێغەمبەرە (ع)، هەروەها حوکمکردنی گشت جیهان و موسەخەرکردنی بۆ (شعب الله المختار)ی جوو، کە ئەمە ئامانجی سەرەکی و کۆتاییانە.(٣٨٩) ئەمەش ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە ماسۆنیەت ڕێکخراوێکی جوولەکەیە و زۆرێك لە مێژوونوسان و لێکۆڵیارانیش جەخت لەسەر ئەم ڕاستیە دەکەنەوە . ماسۆنیەکان بەسەختی دژایەتی ئایینەکانی مەسیحیەت و ئیسلامیان کرد، هەروەك ڕۆڵی کاریگەریان لە هەرەس پێهێنانی دەوڵەتی ئایینی مەسیحی لە فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ز، و هەروەها لە دارماندنی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٨ز دا بینی،

---

(٣٨٩)لە ئەنتەرنێتەوە-شبكه أنصار الحسين .

ئەم ڕێکخراوەیە ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە پەرەپێدانی بیروباوەڕەکانی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی، ئەوەبوو هەستی تۆرانیەتیان ووروژاند و کۆمەڵی تورکیای لاویان بۆ پێکهینا و هەستی عروبەشان جوڵاندو کۆمەڵەی عەرەبی لاویان بۆ پێکهینا، دواتریش ئەندامانی تورکیای لاو و بە کۆمەکی ماسۆنیەت حزبی ئیتحادو تەرەقیان ڕاگەیاندو سەڵتەنەت و شەریعەت و خیلافەتیان پێچایەوە .

سەرباری ماسۆنیەکان و هەرلەدەمی زاڵیەتی ئیستعماردا، بزاوتی زایۆنیزم چالاکیەکانی خۆیی چڕکردەوە و بەهاوکاری هەمەلایەنەی ئینگلیزەکان و جەنگی گشتگیریان دژ بە ئیسلام و موسڵمانان بەرپاکرد .

## پیلانەکانی زایۆنیزم (صهیونیة) :

زایۆنیزم : بزاوتنەوەیەکی سیاسی و ئایینیە کە بانگەشەیان کرد بۆ گردکردنەوەی ملیۆنان جوو لەسەرانسەری جیهان، بە ئامانجی کۆکردنەوەیان لەچوارچێوەی قەوارەیەکی نەتەوەیی جولەکە لە فەلەستین، تاوەکو ببێت بەخاڵی سەرەتاو دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی نیل بۆ فورات.(٣٩٠)

زایۆنیزم جگەلە دامەزراندنی قەوارەی ئیسرائیل، چەندین ئامانجی دیکەیان هەبوو هەروەك لە (برتوکولات حکماء الصهیونیة)دا بەخاڵ ئاماژەیان پێدابوو، لەوانیش بانگەشەیانکرد بۆ دابڕینی ئەخلاق لە سیاسەت، هەروەها بەکاربردنی هێز لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت، هێنانی ئافرەت بۆنیو کایەی سیاسەت و بواری گشتی، لەگەڵ بونیاتنانی سیستمێکی ئابووری لەسەر بنەمای سوو خۆری و قۆرخکردن، هاوکات ڕەتی سیستمی ئایینی و بەکارخستنی شەریعەتە خوداییەکانیان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا کردەوەو جەختیان لەسەر یاساو دەستوری عەلمانیەت کردەوە.(٣٩١) و،

---

(٣٩٠)المدرسه العصرانیه فی نزعتها المادیه تعگیل للنصوص و فتنه بالتغریب-محمد بن حامد الناصر-ل٤٠٦ .

(٣٩١)الخگر الیهودی بروتوکولات حکماو صهیونی-محمد خلیفه تونسی .

له ژێر دروشمی ئازادی دا پەرەیان بە گشت شێوەکانی فەسادی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری دا . بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانەیان، کەوتنە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراو .

له ئەمریکادا زیاتر لە ٢٢٠ گۆڤار و ڕۆژنامە لە ژێر دەستیاندایە و لە فەڕەنساشدا زیاتر لە ٣٦ ڕۆژنامە دەردەکەن، لە ئامارێکدا دەرکەوت کە زیاتر لە ٨١٩ گۆڤار و ڕۆژنامە بە چەندەها زمان لە جیهاندا دەردەکەن . هەروەك دەسەڵاتی تەواویان بەسەر تۆڕی تەلەفزیۆنی ئەمریکی (CBS/ ABC/NBC)دا هەیە، کارگەکانی بەرهەم هێنانی فیلمیش لە جیهاندا هەرلە کۆنەوە بەدەست جولەکەوەن، لەوانیش وەك کارگەی (الاخوان وارنر) کە هەر لە ئەمریکادا خاوەنی (٣٥٠) شانۆ و (٣٥) وەکالەتی فیلمیان هەیە لە جیهاندا... کارگەی (لویس المساهمه) کە خاوەنی زیاتر لە (٢٢٧) ملیۆن دۆلارە، کارگەی (کۆلۆمبیا)ش بەهەمان شێوە کە خاوەنی زیاتر لە (٣٩) ملیۆن دۆلارە.(٣٩٢) بەهۆی سەرمایە و ڕاگەیاندنەوە، بزاوتی زایۆنی کەوتنە کار بۆ جێبەجێ کردنی پرۆتۆکۆلەکەیان کە سەرجەمیان پێچەوانەو دژی بنەماکانی ئیسلام بوون . بەم شێوەیە فەلەستینیان کردە بنکەیەکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی جەنگەکەیان دژ ئیسلام و بە موسڵمانان .

## دەرکەوتنی نوخبەی خۆرئاواخواز :

بەهۆی هێرشی بەردەوانی بزاوتەکانی مژدەدەر و ڕۆژهەڵاتناس و ماسۆنی و زایۆنی، کە سەرجەمیان لەلایەن ئیستعمارەوە پشتیوانی دەکران، پاش جەنگە هەمەلایەنەکەیان و بەهۆی کۆششی بێ پسانەوەیان، توانیان لەنێو نوخبەیەك یان کەمینەیەکی گەلانی موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی، بیرو بۆچوون و فیکرەکانی خۆیان ڕەگاژۆ بکەن و هەوادارانێکی بۆ پەیدا بکەن کە لە دوای پاشەکشەی ئیستعمارو دەستکۆتا بوونی هەریەکە لەو گروپ و کۆمەڵانە، ئەو نوخبەیە هەستێت بەئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەوان و بەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکەیان، واتا دوورخستنەوەی ئایینی ئیسلام لە ژیانی گەلانی ئیسلامی ڕۆژهەڵات،

---

(٣٩٢)فەرهەنگی بانگخوازان-عوسمان محمد رشید-ل٢٦٦-٢٦٧ .

بەواتایەکی دی ئایینی ئیسلام و گەلانی ڕۆژهەڵات لێکدی دابڕێن، تا چیدی نەدەوڵەت و خیلافەتێك هەبێت بەنێوی ئیسلام، نە یاساو ڕێسایەکیش بەنێوی شەریعەت بوونی هەبێت، نە ئوممەتێکیش بوونی هەبێت بەنێوی ئوممەتی ئیسلامی .

لەژێر کاریگەری داگیرکاریەکانی ئیستعمارو بەهۆی شاڵاوی جەنگی فیکری هەریەکە لەو ڕێکخراوانەوە، بیرۆکەو بۆچوونە خۆرئاواییەکان لەنێو گەڵانی ئیسلامی تەشەنەیان کرد، هێدی هێدی خەڵکانێکی خۆرئاواخواز سەریان وەدەرنا، کە مەیلی وەرچەرخاندنی ڕۆژهەڵاتیان لە ئیسلامەوە بەرەو ژیاری ئەورووپی، دەرکر . دەوڵەتانی ئیستعمار بە ئاشکرا کۆمەکی هەمەلایەنەیان پێ دەکردن، تا وەك بەدیلێك بۆ ئیسلامخوازان لەسەر کورسی حکومڕانی دەوڵەتە نەتەوەییە تازە پێکهێنراوەکانی ناوچەکە، جێگیریان بکەن . لەهەمانکات بەهۆی ئەم کەمینە خۆرئاواخوازەوە جڵەوی گشت وڵاتانی ئیسلامی ڕۆژهەڵات بکەن و بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ وابەستەیان بکەنەوە بەخۆرئاواو بیانکەنە پاشکۆی ئەو شارستانیەتە لادینیە . لەوەبەدوا دەوڵەتانی ئیستعماری کەسانی سەر بە گروپ و ڕێکخراو و پارتە خۆرئاواخوازەکانیان هەڵبژاردو بەرزیان کردنەوە بۆسەر کورسی فەرمانڕەوایی ئەو دەوڵەتە نوێیانە، نمونە: مستەفا کەمال لە تورکیا و خدێویەکان لە میسر.....هتد .

خۆرئاواخوازان، هەمان ڕێبازی ئیستعمارو ڕیکخراوە خۆرئاواییەکانیان لەهەمبەر ئیسلام و موسڵمانان پێڕۆ کرد، ئەوەش لەلایەك بۆ پارێزگاری کردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی خۆیان، لەلایەکی دی بۆ ڕازیکردنی دەوڵەتانی ئیستعماری . لەمەشیاندا کەمینەی خۆرئاواخواز کەوتنە جوینەوەی هەمان تۆمەت و تەشەر و ڕەخنەکانی مامۆستا خۆرئاواییەکانیان .

دوای پاشەکشەی سوپاکانیان، دەوڵەتانی ئیستعماری دەسەڵاتی وڵاتانی ئیسلامیان تەسلیم بەو کەمینە عەلمانیە کرد . بەتەواوی توانای سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئیعلامیان کۆمەکی فراوانیان پێکردن تاوەکو دەسەڵاتی ناشەرعیان بەسەر گەلانی ئیسلامی دا داسەپێنن، هاوکات بیروباوەڕی عەلمانیەتیش بەسەر موسڵماناندا بسەپێنن . لێرەوە یەك لەشکری بەناو بیرمەندو ڕۆشنبیری ساختەو کۆلکە نووسەر کەوتنە دژایەتی ئیسلام و هەر دەسەڵاتێکی ئیسلامی و گشت ئیسلام خوازێك . لەو ووتانەشیان کە دەرحەق بە ئیسلام دەیانگوت هەمان گوفتاری تەبشیری و

ڕۆژهەڵاتناسان و ماسۆنی و زایۆنیەکان بوو، ئیدی پڕوپاگەندەیان کرد گوایا ئیسلام ئایینی کۆنەپەرستی و دواکەوتووییە ! ئەم ئایینە گەلانی ڕۆژهەڵاتی دواختسوە ! گوتیان ئەم ئیسلامە هیچ نیە جگە لە ئەفسانە و خورافە نەبێت، هەندێکی دی لەوان گوتیان ئەم ئایینە بەتۆبزی و بە زەبری شیرو تیر بڵاوکراوەتەوە و داسەپێنراوە بەسەر ئەم میللەتانەی ڕۆژهەڵات دا، لە هەمانکات خەڵکانێکی دی لەو عەلمانی و خۆرئاواخوازانە لەژێر نێونیشانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژووی دا، کەوتنە ڕەخنەگرتن لەسەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئیسلام، واتا (قورئان و سوننەت)، گوتیان ئەم قورئانە کۆنەو لەگەڵ ئەم سەردەمەی زانست و تەکنۆلۆژیادا نایەتەوە و شیاوی ئەوە نیە کاری پێ بکرێت ! هەندێکی دی لەوان گوتیان ئەم فەرمودانەی پێغەمبەر (محەمەد -ص) هیچ نین جگەلە گوفتاری مرۆڤێکی ئاسایی، (محەمەد) بەم گوفتارانەی مۆژیاری کەسانی دەوروپشتی خۆی پێ کردووە لەو زەمەنەداو ئیدی هیچ پێوەندییەکیی بە ئەمێستاوە نیە ! هەروەك دەبێژن ئەم فەرمودانە گوماناوین و جێگای متمانەنین و باشتروایە وەلاوە نرێن و تەنها متمانە بکرێتەسەر قورئان و بەس ! تابەم شێوازە یەك بەشی گەورە و گرنگ لە ئیسلام دابڕن .

پاش ئەم هەنگاوەیان هاتنەوە سەر قورئان و ڕەخنەیان لێگرت بەوەی گوایا یاساکانی توندو تیژن و لەگەڵ مافی مرۆڤدا یەك ناگرنەوە ! بەم پاساوەیان تەواوی ئەحکامەکانی حەدی (دزی، عەرەق، زینا، کوشتن، کوفرکردن، بوهتان، .........هتد)، یان لەکار خست و لەبری هەموو ئەوانەش یاسای دانراوی سویسری و فەڕەنسی و سویدیان لە جێگای داناو کارپێکرد . بەنیسبەت ئافرەتیشەوە پڕوپاگەندەیان کرد گوایا ئەم قورئانە مافی ئافرەتی پێشێل کردووە و ئازادی زەوتکردوون و توندوتیژە لەهەمبەریان ! بەم پاساوەیان ئەحکامەکانی (تەڵاق، میرات، حیجاب، قەوامەی پیاو، فرەژنی،......)یان هەڵوەشاندەوە، هەروەك لەبواری ئابوریش دا حوکمەکانی (سووخۆری، قۆرخکاری، ....هتد)یان فەرامۆشکرد بەبیانوی زیانگەیاندن بە ئابووری وڵات و چالاکی بازرگانی ! بەم شێوەیە توانیان گشت ئەحکامەکانی ئیسلام لەکاربخەن، هاوکات دەوڵەتی عەلمانی بەرپا بکەن .

هاوكات هەندێكی دی لەوان ڕەخنەكانی تەبشیری و ڕۆژهەڵاتناسەكانیان دووپات دەكردەوە و توانج و پلاریان لە پێغەمبەر (ص) دەگرت، گوایا كەسایەتیەكی جنسی بووە ! یاخود تۆمەتباریان دەكر بەوەی كە بۆخۆی قورئانی هەڵبەستووە ! گوایا بەكۆمەكی هەندێك ڕاهیبی مەسیحی...هتد، یاخود هەندێك لە نەتەوەپەرستەكان دەیانگوت كە (محەمەد-ص) كاری بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و ئیمپڕاتۆریای عروبە كردووە ! ڕەخنەشیان لە یارانی دەگرت بەوەی كە دەسەڵاتخواز و نادادگەر و بكوژ بوون ! و بەشێوەیەكی ڕاست و دروست پەیڕەوی ئیسلامیان نەكردووە ! دوابەدوای ئەمانەش ڕەوتێك سەری وەدەرناو داوای نوێكردنەوەی ئایینی ئیسلامیان دەكرد ! بەپێی سەردەم......

نوێگەرایەتی : زاراوەیەكی نوێیەو بزوتنەوەی نوێكردنەوەش لەسەردەمی نوێدا و لە خۆرئاواو لە ئایینەكانی جوولەكە و مەسیحییەتدا دەركەوت، ئەو بزاوتە داوای ملكەچ كردنی ئایینی بۆ بەهاكانی شارستانیەتی نوێی خۆرئاوا دەكرد، لەگەڵ تەسلیم بوونی ئایین لەهەمبەر دۆزینەوە سەردەمیانەكانی شارستانیەتی خۆرئاوا.(٣٩٣)

پاش تەحریفكردنی ئایینی جولەكایەتی و مەسیحییەت و گونجاندنیان لەگەڵ فیكر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژی عەلمانیەت، خۆرئاوا لە ڕێگای پڕۆژە ئیستعمارییەكەی و بە هاوكاری ڕێكخراوەكانی مژدەدەری و ڕۆژهەڵاتناسی و ماسۆنی و زایۆنی، ئەم بیرۆكەیەی هەناردەی خۆرهەڵات كردو پاشترو لە مێستاشداو بەهۆی كەمینەی عەلمانی خۆرئاواخوازەوە پەرە بەم بیرۆكەیەی دەدات لەپێناو دارماندنی ئیسلام و كۆتایی پێهێنانی شارستانیەتەكەی و ملكەچ پێكردنی موسڵمانان، لەهەمانكات بۆ بەخۆرئاوایی كردنی خۆرهەڵات .

## نوێكردنەوەی ئایینی ئیسلام :

خورئاواخوازانی عەلمانی دەستیانكردە نوێكردنەوەی ئایینی ئیسلام ! ئەم نوێكردنەوەیەش بەو مانایە نا كە ئەم ئایینە ببوژێننەوە و كاری پێبكەن،

---

(٣٩٣) العصرانيون و مفهوم تجديد الدين عرج و نقد-أ.د. عبدالعزيز مختار إبراهيم-ل٢٦ .

یاخود بیکەنە سیستم و یاسای دەوڵەت و کۆمەڵگا، هەروەك بە مانای پاكژكردنەوەشی نییە لە گشت ئەو بیدعەو خورافاتەی کە تێکەڵی کراوە، بەڵکو مەبەستیان لەم نوێکردنەوەیە ڕەفز کردنی ئەو ئیسلامەیە کە محەمەد پێغەمبەر ڕایگەیاندوە، بەواتایەکی دی ئامانجیان ڕەتکردنەوەی تەفسیری سەلەف و هەڵوەشاندنەوەی شەریعەت و گشت زانستە ئیسلامیەکانی دیکە بوو . لەهەمانکات دووبارە تەفسیرکردنەوەی ئەم ئایینە لە ڕوانگەی عەقڵی ماددی عەلمانی و بەپێی تێڕوانینی خۆرئاواو لەسەر بنەمای پێوەر و بەهاکانی ژیاری خۆرئاوایی، بەشێوەیەك کە ناکۆك و دژ نەبێت لەگەڵ شێوە ژیانی خۆرئاوایی دا . بەڵێ ئەمە ئەو نوێکردنەوەیەیە کە عەلمانیەکان خواستی دەکەن ! بەم پێیەش نوێگەرانی عەلمانی تەواوی تەفسیرەکانی موفەسیرینی ئیسلامی لە سەلەفەوە تا ئەمڕۆ ڕەتدەکەنەوە، ئیدی تەفسیری زانایانی سەردەم و هاوەڵان، بەڵکو تەفسیری خودی پێغەمبەریش ڕەتدەکەنەوە کە بە فەرمودەکانی ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی بۆ موڵمانان کردووە !

نوێگەرانی عەلمانی لەبەر ڕۆشنایی ڕێنومایییەکانی مژدەدەر و ڕۆژهەڵاتناسان هەوڵی دووبارە تەفسیرکردنەوەی قورئانیان دەدا، کەوتنە هەوڵی سەپاندنی پێوەر و تێگەیشتنە عەقڵیەکانی خۆیان بەسەر دەق و تێکستە قورئانیەکاندا . واتا عەلمانیەکان عەقڵی مرۆیی دەخەنە سەرو وەحی خودایییەوە، هەروەك بۆچوونی مرۆڤیان پێ پیرۆزترە لە وەحی خودایی . خۆرئاوا خوازانی ئەم سەردەمەش یەکەمین کۆمەڵ و گروپ نین کە داوای سەپاندنی بۆچوونی عەقڵیان بەسەر دەقدا کردبێت، بەڵکو لەپێشترو لە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلام دا چەندین کۆمەڵ و گروپی دی لەنێو موسڵماناندا سەریان وەدەرنا و هەریەکەیان ڕاڤەی جیاواز و جۆرا و جۆری بۆ قورئان دەکرد . نمونەی ئەو ڕەوتانەش موعتەزیلە کە فەزڵی عەقڵیان دەدا بەسەر وەحی دا، بۆ پاسادانی ئەم کارەشیان پڕو پاگەندەی ئەوەیان دەکرد گوایا قورئان دروستکراوە ! تا لەم ڕێگایەوە و بەم شێوازە دەستی خۆیان بکێشنە نێو قورئان و لێی زیاد و کەم بکەن، یاخود ملی ئایەتەکانی بگرن و ماناکەی بەو بارەدا وەرچەرخێنن کە بۆخۆیان مەیلی دەکەن . لێرەشەوە پرۆسەی تەئویلکردنی ئایەتەکانیان دەست پێکرد . هەروەك لەمڕۆشدا و زۆرێك لە قەڵەم بەدەست و لێکۆڵیارانی عەلمانی هەوڵی زیندووکردنەوەی بیرو بۆچوون و لەژێرخاك دەرهێنانی پەڕاو و نوسراوەکانیان دەدەن .

هەوڵ و تەقەللای عەلمانیەکان لەپێناو یەك مەرام و مەبەستدایە، ئەویش بریتیە لە دوورخستنەوەی ئەم ئایینە لە ژیان و جیاکردنەوەی لە کاروباری سیاسی و دەوڵەتڕانی و دوور خستنەوەی لە چالاکیە ئابووری و بازرگانیەکان و پەراوێزخستنی لە گشت کارو بارە کۆمەڵایەتیەکان، لەهەمانکات دابڕینی لە بوارەکانی فیکرو هونەروکلتور .پاشان کورتهەڵێنانی ئەم ئایینە لە تەنها پەرستشە ڕۆحییەکانی وەك نویژ و ڕۆژ و حەج ! ئەویش تەنها لەنێو مزگەوتەکاندا و بەس . تاوەکو عەلمانیەکان هاوشێوەی خۆرئاواییەکان و لەسەر هەمان شێوازی ئەوان، بۆخۆیان یاساو ڕێسا بۆ کۆمەڵگا دارێژن، یاخود ڕاسترو ڕاشکاوانەتر بڵێین یاسا دەستکردو دانراوەکانی خۆرئاوا هاوردە بکەن و بەسەر موسڵمانانی دا داسەپێنن . واتا لەبری حوکمی خودا و شەریعەتی ئیسلامی ، حوکمی خۆیان و شەریعەتی عەلمانی بەسەر گەلانی موسڵماندا جێبەجێ بکەن . هاوکات خۆرئاواش جێبەجێ کردنی ئەم پیلان و پرۆژەیەی خۆی وەك تاکە ڕێگا چارە دەبینێت بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهانی ئیسلامی، تا بەم شێوەیە ئەم شارستانیەتە بکەنە پاشکۆی خۆیان و بۆ هەمیشە موسڵمانان چاو لەبەر و شوێنکەوتەی ئەوان بن، تەواوی ڕۆژهەڵات بخەن نێو فەلەکی خۆرئاوا، واتا خۆرئاوا ببێتە چەق و خۆرهەڵاتیش بەدەوری دا خول بدات .

جەنگ و شاڵاوی داگیرکاری فیکری بۆ سەر عەقیدەو باوەڕی ئیسلام و موسڵمانا، ئەوکاتە لەلای ئەورووپییەکان گەڵاڵە بوو کە لە جەنگە خاچپەرستانەکەی دژ بەئیسلام و ڕۆژهەڵات شکستی هێنا، بەهۆی بەرگری و جیهادی موجاهیدانی موسڵمانانەوە، ئەوەش لە سایەی ئەو باوەڕو عەقیدە تۆکمەیەی ئیسلامدا بوو، موسڵمانان توانیان زۆرێك لە سەرکردە خاچیەکان بەدیل بگرن، لەوانیش (لویسی نۆیەم) پاشای فەڕەنسا کە بیرۆکەی جەنگ و داگیرکاری فیکری گەڵاڵە کرد .

ئەم جەنگە فیکریەی ئەمڕۆی خۆرئاوا بۆ مۆژیارییەکانی ئەو خاچ پەرستە بەساڵاچووە (لویسی حەوتەم)ی پاشای فەڕەنسا دەگەڕێتەوە، لە کاتی زیندانی کردنی لە (منصورە) پاش شکستی سوپاکەی لە درێژەی هەڵمەتی سێیەمی خاچپەرستان،....لە دوای درێژەکێشانی هیوای، لە پەرتوکی یادەوەرییە ترسناکەکەی داو لە پێداچوونەوەیەکی زۆری دا، ئاماژەی پێدەدا و

هەڵوێستی لەمەڕ جیهانی ئیسلامی لە پاش جەنگی خاچپەرستی دیاری دەکات : لویسی حەوتەم لە بەڵگە نامەکەیدا ئاماژە دەدات بەوەی کە هیچ پێناوێك نیە بۆ زاڵبوون بەسەر موسڵمانان لەڕێگای جەنگ و هێزەوە، ئەوەش بەهۆی کۆشش و جیهاد لەپێناوی خودا......، پێویستە بۆ جەنگکردن لەگەڵ موسڵمانان لەسەرەتاوە لە ساختەکردنی عەقیدەو باوەڕە بنج داکوتاوەکەیان دەست پێ بکەین، کە هەڵگری شەقڵێکی جیهادی و بەرگرییەکی کارامەیە . هەروەك ئێستاش دەکۆشن بۆ پەرتکردنی عەقیدە و شەریعەتەکەی.....، لێرەشەوە سەرەتای ئەم جەنگە دەستی پێکرد....، بەهۆی مژدەدەران و ڕۆژهەڵاتناسان و خۆرئاواخوازان و داگیرکاری ڕۆشنبیرییەوە.(٣٩٤)

لۆرانس براون لە کتێبی (الإسلام و الإرساليات)دا دەڵێت "ئەگەر موسڵمانان یەکبگرن لە ئیمپڕاتۆریەتێکیی عەبیددا، دەتوانن ببن بە نەفرەت و هەڕەشە بۆ سەر جیهان،.... ئەگەر بەپەرتەوازەیی مانەوە زەلیل دەبن و هچ هێزو کاریگەرییەکیان نابێت.(٣٩٥)

هەروەها دەڵێت " مەترسی ڕاستەقینەی نادیار لە سیستمی ئیسلامی، توانای ئەم ئایینەیە بۆ فراوان بوون و ژێربارخستن، هەروەها زیندوویەتیەتی، کە تاکە هێزە لە ڕووی ئیستعماری ئەورووپی دا وەستا.(٣٩٦)

پاش زاڵبوونیان لەپرۆسەی ئیستعماری دا، خۆرئاواییەکان بەشێوەیەکی فراوان ئەم جەنگە فیکریەیان دەست پێکرد، بۆخۆشیان باوەڕەکانی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی و بیرۆکەی نوێگەریان لە ڕۆژهەڵات و لەنێو موسڵماناندا پەرەپێدا و لە بیرو هزری تاکەکانی گەلانی ئیسلامی دا ڕەگاژۆیان کرد، پاشان توانیان کەمینەیەکی عەلمانی سەرسام بە خۆرئاوا بخەنە سەر ئەو باوەڕەی کە گوایا نوێکردنەوەی ئایینی ئیسلام کارێکی زەروریە و لە هەمانکات تاکە ڕێگاچارەی ڕزگاربوونیانە لە جەهل و خورافە و دواکەوتوویی،

---

(٣٩٤) العصرانيون بين مزاعيم التجديد و ميادين تغريب-محمد حاميد الناصر-٩٥-٩٦ .

(٣٩٥) هەمان سەرچاوە-ل٩٨ .

(٣٩٦) العصرانيون بين مزاعيم التجديد و ميادين تغريب-محمد حاميد الناصر-ل٩٨ .

هاوكات دەروازەی پێشكەوتن و هاوشان بوونەوەیانە لەگەڵ خۆرئاواییەكان، ئەم ڕاستیانەش دەیسەلمێنن كە ئەم بیرو بۆچوونانە سەرجەمیان خۆرئاوایین و پیلان و تەكتیكن بۆ لێدانی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەكەی، كە داینەمۆی بزواندنی هەمیشەیی گشت گەلانی موسڵمان بووە لە هەر جەنگ و دەرگیرییەك و لەبەرامبەر هەر داگیركارێك . هاوكات تاكانە سەرچاوەی وەزەبەخشی بەردەوامی تێكڕای موسڵمانانی سەدەی نوێش بووە لە بەرپەرچ دانەوەی ئیستعمار، لایەزال تا ئەمێستاش تاكە ئایین و عەقیدە و باوەڕی چەسپاو و خۆڕاگرە كە بەڕووی گشت فیكر و ئایدیۆلۆژیاو باوەڕە نوێیە هەناردەكراوەكانی خۆرئاوا بۆ نێو جیهانی ئیسلامی وەستاوەتەوە، لە ڕابردوو ئیستعمار و پاش ئەویش شیوعییەتی ڕامالّی، لە ئێستاش دا بەسەختی بەرەنگاری ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت بۆتەوە و دژ بە خۆرئاوا خوازەكان وەستاوەتەوە و بەرگری لە ژیارو شارستانیەت و ڕەسەنایەتی خۆیی و تەواوی گەلانی موسڵمان و گەلانی ڕۆژهەڵاتی دەكات .

ئیسلام مكۆم و پێداگیرە لە پارێزگاریكردنی سەربەخۆیی ژیارەكەیی و ڕێگری دەكات لەوەی ئوممەتی ئیسلامی ببێتە پاشكۆی هەر ژیار و شارستانیەتێك، لەوانیش خۆرئاوا كە لەمێستادا بەسەختی بەگژ ئیسلام و موسڵماناندا چۆتەوە، موسڵمانانیش شێلگیرانە و بێ پسانەوە بەرەنگاری دەبنەوە و یەك لە دوای یەك بەرپەرچی دەستدرێژییەكانی دەدەنەوە .

عەلمانەكردن و بەخۆئاوایی كردن هاوشان لەگەڵ داگیركردنی فیكر و ڕۆشنبیری و كلتوری ئیسلامی، گەورەترین مەیدانی ئەو جەنگەیە كە هەر لە دەمی ئیستعمارەوە دەستی پێكردووە و لە مێستاش دا درێژەی هەیە، بەهۆی پشتیوانی خۆرئاواییەكان بۆ كەمینەی عەلمانی خۆرهەڵات، تادێت مەیدانی ئەم جەنگە نادیارە فراوانتر دەبێت .

ئەم كەمینە عەلمانیە خۆرهەڵاتیە، لەژێر دروشمی نوێگەرایەتی و عەقڵانیەتدا هەوڵی سڕینەوەی پێوەر و قیەم و بەها باڵا ئیسلامیەكان دەدەن، هاوكات هەوڵی جێگرتنەوەی دەدەن بە پێوەر و بەها خۆرئاواییەكان، ڕەواج بە شێوە ژیانی خۆرئاوایی دەدەن و هەروەك هەوڵی دزە پێكردنی بۆنێو گەلانی موسڵمان دەدەن و تەنگ بە شێوە ژیانی ئیسلامیانە و سیماكانی هەڵدەچنن .

## نوێگەرایی و عەقڵانیەت :

**نوێگەرایی و عەقلانیەت : قوتابخانە و بزوتنەوەیەکی کۆنە و لە شێوازی نوێدایە و بەرگی نوێگەری درۆ و ساختەوەی پۆشیوە، داوای ملکەچی ئایین و ژێربارخستنی بۆ دەرهاویشتەکانی شارستانیەتی نوێی خۆرئاوا دەکات.(٣٩٧) نوێخواز و عەقڵگەرایانی ڕابردوو، ئەوانی ئیستاشی لەگەڵ بێت یەك مەبەست و مەرامیان هەبووە و هەیە، گەرچی ناو و ناونیشان و شێوازی گوفتارەکانیان لێکدی جیاوازن و مەودایەکی زەمەنی فرەش لەنێوانیاندا بوونی هەیە، وەلێ لە چۆنیەتی تێڕوانین و تێفکرینیان بۆ ئەو نوێگەراییە ئایینیەی بانگەشەی بۆ دەکەن و ئەوانەشی لەمێستادا پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، چوون یەکن .**

**لە دیارترین نوێخواز و عەقڵگەرایانی پێشین (موعتەزیلە) کان بوون، کە بە فەلسەفەکانی یۆنانی ڕۆمانی کاریگەربوون، دەیانویست دیدو تێڕوانی فەلسەفی بەسەر ئیسلام دا بسەپێنن، واتا لە ڕوانگەی ئەو عەقڵگەراییەی یۆنان و ڕۆمانەوە ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر(ص) بکەن . بەهەمان شێوەی موعتەزیلەکان، نوێخواز و عەقڵگەرایانی عەلمانیەکانی ئەمڕۆش بەسەختی کەوتونەتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ماددیگەرای نوێی خۆرئاوا و دەیانەوێت لە ڕوانگەی عەلمانیەت و بەپێی توێژینەوەی زانستی تاقیکاری لێکدانەوەی دەق و تێکستە قورئانیەکان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ص) بکەن و ماناو تەفسیرەکانیان داڕێژنەوە، لەکاتێکدا ئەو کارە بەدەرە لە توانای زانست . چوون زانست تەنها ددان بەوەدا دەهێنێت کە دەیبینێت و لە مسی دەکات، ئەوجا بەهۆی کنەکردن و کۆڵینکاری و تێڕامانی لە چۆنیەتی و پێکهاتەی تەنی بینراو یاخود لەمسکراو، ناساندنێکی ماددیانەی بۆ دەکات بە باش یاخود خراپ، هەڵبەت بەبێ لەبەر چاو گرتنی هیچ بەهاو قییەمێکی مەعنەوی، جاخۆ ئایینی بێت یان مرۆیی، سەرباری بێ توانایی لە دەرککردنی ماناکانی غەیب، یاخود ئەخلاق و بەها مەعنەوییەکان و هۆی بوونی گەردوون و مرۆڤ و ئامانجی ژیان و...هتد .**

---

**(٣٩٧)العصرانیون و مفهوم تجدید الدین عرض و نقد-أ، د.عبدالعزیز مختار إبراهیم-ل٨ .**

**له دیارترین سیمای هاوبەشی نوێخواز و عەقڵگەرایانی ڕابردوو و ئێستا بریتین له :**

***سەرجەمیان کۆکن له پێشخستنی عەقڵ بەسەر دەقی شەرعی له قورئان و فەرمودە،**

**ئەمەش بەومانایەی کە عەقڵ ڕەسەنە و شەرع جێنشین و پاشکۆیەتی ! بڕیاری عەقل دەخەنە پێش هەر بڕیارێکی ئاین .**

***هەموو نوێگەرایان کۆکن لەسەر ملکەچ پێکردنی دەقە شەرعییەکان لەپێناو گونجاندنیان لەگەڵ تێگەیشتنە نوێیەکانی خۆرئاوا، هەروەها لەگەڵ شێوازی ڕەفتاری نوێی خۆرئاوا .**

***ئیسلام و ژانرەکانی پێشاندەدەن بەشێوازە نوێیەکان کە پێچەوانەیە لەگەڵ شێوازی پێشن، ئەمەش لەپێناو پەسەندکردنی لەلایەن خۆرئاوا و خاوەنانی فیکری ئازاد لەسەرکردەکانیان .**

***لێکدانەوە(تأویل) بۆ دەقەکانی قورئان و فەرمودە دادەتاشن، لێکدانەوەیەکی پوچ و دوور لەشێوازی پێشینانی شایستە، ئەمەش بەگومانی خۆیان بۆ گونجاندنی لەگەڵ زانستی نویێ و پێشکەوتنی شارستانیەتدا .**

***فراوانکردنی مانای قورئانی پیرۆز لەبەر ڕۆشنایی زانستی تاقیکاری نوێ، ئەگەرچی پێچەوانەی دیاردەی قورئان و ئاماژەکانی زوبانی عەرەبیش بێت .**

***کردنەوەی دەروازەی ئیجتیهاد بەگشتی، وەك هەندێك ناوی دەبەن بە ئیجتیهادی میللی، واتا هەرکەسێك بۆخۆی ئیجتیهاد بکات گەرچی شیاو نەبێت بۆ ئەو کارەش .**

***ئجتیهادی پێچەوانە لەگەڵ دەقی قورئان وفەرمودە و کۆدەنگی پێشینان دەکەن، هەروەك ئیجتیهاد لای ئەوان جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییە، ئەگەرچی پێچەوانەی قورئان و فەرمودە و کۆدەنگی گشتی بێت .**

***لەپەسەندکردن ڕەتکردنەوەی فەرمودە دا، پشت دەبەستن بەو پێوەرانەی کەلای پێشینان نەناسراو و نادیارن، جگە لە فەرمودە پچڕاوەکان چیدیکەیان لاپەسەند نیە، لای هەندێکیان فەرمودە بەگشتی پەسەندنییەو تەنها سوننەتی کرداری پەسەند دەکەن .**

*له کەلەپوری ئوممەتی ئیسلامی وورد دەبنەوە بە وورد بوونەوەیەکی گاڵتە جاڕیانە ! پێیانوایە کە شیاو نییە بۆ چاکسازی کردنی ڕەشی موسڵمانانی ئەمڕۆ، گوایا بۆ واقیعێکی دیاری کراوە !

*گشتگیرن و ڕاشکاوانە بۆچوونەکانیان پێش چاو ناخەن، کە ئەمە شێوازی باوی زۆرینەی نوێگەرایانی ئەمڕۆیە، هیچکام لەوان بۆچوونەکانی خۆی بۆێرانە ناخاتە ڕوو، بەڵکو پەنا بۆ گشتاندن و دەربڕینی ڕوپۆشکراو دەبەن، وەکو (نوێکردنەوەی هزرو فکری ئیسلامی و پێشخستنی، باڵەکانی فکری ئیسلامی، پێشخستنی ڕۆحی ئایین، پێشخستنی یەکێتی نیشتمان، ئازادی گشتی، هەموو ئەو وشانە هەڵگری واتای ڕاست و پوچن، بەهۆی گشتگیریان،

گوماناوین، مەبەستیشیان لەنێو ئەو زاراوانەدا ڕوون نییە.(٣٩٨)

لەڕابردوودا، واتا لە زەمەنی موعتەزیلەکان، بەهۆی هوشیاری موسڵمانان و بوونی پێشەوایانێکی فرەی زانا و شارەزا لە ئیسلام، توانرا بەر بەو ڕەوتە لادەرو تەحریفیانە بگیرێت و گەمارۆی بیرو بۆچوونە مونحەریف و پڕو پوچەکان بدەن، بەم هۆیەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر موسڵمان نەبوو . هاوکات یەکگرتویی ئوممەتی ئیسلام و بونی دەوڵەتی خیلافەت، هۆکارێکی دیکە بوون لەسەرکەوتنی موسڵمانان لەو جەنگە فیکریە دا . وەلیٚ لەم سەدەیەداو بەهۆی بێئاگایی موسڵمانان لە عەقیدەو شەریعەتی ئیسلامی، هەروەها بەهۆی داڕمانی خیلافەت و پەرتوازەبوونی ئوممەتی ئیسلام و دەستکێشانی خۆرئاوا بۆنێو جیهانی ئیسلامی لەڕێگای پرۆسەکانی داگیرکردنی سەربازی ئیستعمارییەوە، توانیان کەمینەیەکی ناشارەزا لە ئیسلام بە بیرو بۆچوونە ساختەکانی خۆیان فریوبدەن و بیرۆکەی نوێگەری و عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی لە هزر و بیریاندا ڕەگاژۆ بکەن .

ئەم ڕاستیانە ئەوە دەردەخەن کە پڕۆژەی بەناو نوێکردنەوەی ئیسلام، دەستکردی خۆرئاوایە، واتا لەدەرەوە هەناردەی نێو جیهانی ئیسلامی کراوە .کەمینەی خۆرئاواخوازی عەلمانیش کەلە هەوڵی ڕەواج پێدانی ئەم پڕۆژە پیلانەدان،

---

(٣٩٨) العصرانيون و مفهوم تجديد الدين عرض و نقد–أ، د.عبدالعزيز مختار إبراهيم–ل٢٤–٢٥ .

لەژێر کاریگەری خۆرئاواو بەچاولێگەری عەلمانیەکانی ئەورووپا بەگشتی و عەلمانیەکانی فەرەنسا بەتایبەتی بانگەشە بۆ ئەم بیرۆکە خۆرئاواییە دەکەن، تاوەکو هاوشێوەی ئەورووپیەکان دووبارە تەفسیری قورئان بکەنەوە، هەڵبەت لەسەر بنەمای عەقڵی خۆیان، تاوەکو بەم شێوەیە ئیسلامێکی شێوە مەسیحیەت گەڵاڵە بکەن کە لەگەڵ فکرو ئایدۆلۆژیای عەلمانیەت و شێوە ژیانی خۆئاوایی دا تەبابێت ! یاخود ڕاشکاوانە بڵێین ئیسلام ملکەچی عەلمانیەت بکەن، یاخود عەلمەنەی بکەن بەشێوەیەك کە دای بڕن لە دەوڵەت و کۆمەڵگا و بیخزێننەوە نێو گۆشەی مزگەوتەکان .

## کشانەوەی ئستعمارو بەدەسەڵاتگەیشتنی کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخواز :

پاش کشانەوەی ئیستعمار، کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخواز دەسەڵاتی وڵاتانی ئیسلامیان بەدەستەوە گرت . هەڵبەت بەپاڵپشتی خۆرئاوا، ئیدی لەسەر هەمان شێوازیی مامۆستاکانیان و بەسودوەرگرتن لە ئەزمونی ئیستعمارو ڕێکخراوە خۆرئاواییەکان، هەوڵی چەسپاندنی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی و جێگیرکردنی شێوە ژیانی خۆرئاواییان بەسەر ئوممەتی ئیسلامی دا . درێژەیان بە پڕۆژەی بەخۆرئاوایی کردن دا . تاوەکو جیهانی ئیسلامی و موسڵمانان بەگشتی بکەنە شوێنکەوتە و پاشکۆی خۆرئاوا .

لەئەنجامی دەستگرتنیان بەسەر دەوڵەت و دامەزراوەکانی، عەلمانیەکان توانیان بەهۆی داودەزگا هەمەجۆرە دەوڵەتیەکانەوە جەنگەکەیان دژ بە ئیسلامخوازا بەڕێوە بەرن . لە گرنگترین ئەو دامەزراوانەش کە کردوویانن بە مەیدانی سەرەکی خۆیان لە جەنگی بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام و موسڵمانان، دامەزراوەی پەروەردەیە، واتا لە ڕەوزەوە بۆ خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆکان و خوێندنی باڵا، کە پێڕۆ و پرۆگرامی تێکڕایان لەسەر بنەمای لادینی-عەلمانی بونیاتنراوە و تەواوی وانەکانی پەروەردەی ئیسلامی لە عەقیدە و شەریعەتیان تێدا وەلاوە نراوە . ئەو وانانەی کە تێیاندا دەخوێندرێن چ وانەکانی زیندەورزانی و گەردوونناسی و کیمیا و فیزیا و ....هتد ، سەرجەمیان لەسەر بنەمای باوەڕی ماددی و فەلسەفەی عەلمانیەت دارێژراون، کە پێچەوانەو دژن لەگەڵ باوەڕی ڕاست و دروستی ئیسلام و بە خوێندکارانی موسڵمانیشی ئەزبەردەکەن ! ئەمە سەرەتای ئەو خاڵە بوو کە ئیستعمارو ڕێکخراوەکانی مژدەدەر و

ڕۆژهەڵاتناسان و ...هتد، لێرەوە دەستیان پێکرد، بە ئامانجی بێئاگا کردنی موسڵمانان و نەوەکانیان و دورخستنەوەیان لە ئیسلام . دەسەڵاتی حکومەتی عەلمانی کەوتە هەڵی کەمکردنەوە و داخستنی هێجگاری تەواوی خوێندنگا و کۆلێژە ئیسلامیەکان، ڕۆڵی مزگەوتەکانیان بەرتەسك کردەوە و هەوڵی کۆتایی پێهێنانی وانە فێرکارییەکانی خولی گوتنەوی قوئان و فەرمودە، لەهەمانکات سنوردارکردنی ووتاری مامۆستایانی ئایینی و ڕێگری کردنیان لە دوان لەسەر بابەتە فکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان و کورت کردنەوەی ووتارەکانیان تەنها لەهەندێك ڕێنومایی دان لەسەر پەرستشە ڕۆحییەکانی وەك نوێژ و ڕۆژ و حەج و چەند مۆژیارییەکی ئەخلاقی، دا ، تابەم شێوەیە گەمارۆی ئەم ئاینە بدەن .

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دووەمین مەیدانی کاران کە ئەوانیش هەر لەلایەن ڕەوتی عەلمانیەوە دەستیان بەسەرداگیراوە و بەشارەزایی و لێزانی و بەسود وەرگرتن لە ئەزمونی خۆرئاوا لەپێناو عەلمەنەکردنی گەلانی موسڵمان بەکاریان دەبەن . پێکدێن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراوی و بیستراو و نوسراو . هەموو ئەمانەش لە سەدان و هەزاران دەزگای تەلەڤزیۆنی و کەناڵی سەتەلایت و تۆڕی ئەنتەرنێتی، هەروەها ئیزگەکانی ڕادیۆ و لێشاوی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە جیاوازەکاندا خۆی دەبینێتەوە . زاڵیەتی ڕەوتی عەلمانیەکان بەسەر ئەم مەیدانەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستگرتنیان بەسەر دەوڵەت و سەرچاوە ئابووری و داراییەکانیەتی کە بەکاری دەبەن لەپێناو ئامانجەکانی خۆیان، لە هەمانکات بەهۆی هێزی سەربازی خودی دەوڵەت و بە پاساوی ساختەی وەك-پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، پاراستنی بەرژەوەندی گشتی،....هتد، دەستیان خستۆتە قەبرەغەیی گشت نەیارەکانیان و لەوانیش بەتایبەت ئیسلامخوازان . بەردەوام و بێپسانەوە هەوڵی خنکاندنی دەنگی نەیارە فکری و ئایدیۆلۆژی و سیاسیەکانیان کانیان دەدەن .

لە ڕێگای ئەم دامەزراوە ئیعلامیە زۆرو زەوەندانەو بیٚ پسانەوە خەریکی پڕۆپاکەندەکردنن بۆ بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا خۆرئاواییەکان، واتا (عەلمانیەت)، هەوڵی ڕازاندنەوە و برقاندنەوەی لەپێش چاوی موسڵمانی ڕۆژهەڵات دەدەن، وەك تاکە ڕێگا چارەی دەربازبوونی موسڵمانان لە گشت قەیرانەکان وێنای دەکەن بۆ گەلانی ناوچەکە . لەمەشیاندا درێغییان نەکردووە لە هیچ زیادەڕەوی و زۆربێژیی و چەواشەکارییەك بۆ فریودانی خەڵکی و وادرکردنیان بەم بیروباوەڕە

لادینییه . لەو پڕوپاگەندە ساختانەیان کە بۆ ڕەواج دان بە عەلمانیەت و ڕەونەق پێدانی لەپێش چاوی جەماوەری موسڵمانی ڕۆژهەڵاتی دووبارە و چەندبارەی دەکەنەوە گوێی خەڵکی پێ سیخناخ دەکەن و لە دیارترینیان: دەڵێن عەلمانیەت واتا : عەقڵ ! یاخود عەقڵانیەت و عەقڵگەرایی ! عەلمانیەت واتا : زانست و زانیاری و پێشکەوتن و داهێنان ! هەروەك دەبێژن عەلمانیەت بە واتای پێکەوەژیان و ئازادی و فرەڕەنگی و فرە بۆچوونی و ......هتد، بۆ ئەم بانگەشانەیان نموونەی فریودەرانەی ئەورووپا و ئەمریکا دێننەوە، گوایا ئەوەتا لەو دوو کیشوەرەدا گشت ئاین و ئاینزاکان بە ئاشتی پێکەوە و بۆخۆیان دەژین و هەرکەسە و ئازادانە دینداری خۆی دەکات ! گوایا کەس کاری بەسەر کەسی دیبیەوە نییە . بەڵێ لە پاش تەحریف کردنی ئەو ئایینانەو خاڵی کردنەوەیان لەجەوهەر و حەقیقەتیان و داماڵینیان لەتەواوی کاروبارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و....هتد، عەلمەنەکردنیان و کوت هەڵێنانیان لە تەنها نوێژ و ڕۆژو دا ئیدی لەژێر سایەی عەلمانیەتدا ئازاد دەبن . چوون لەوە بەدوا بوون و نەبوونیان وەك یەکی لێدێ و هیچ سەنگ و قورسایی و کاریگەرییەکیان لەنێو کۆمەڵگادا نامێنێت .

عەلمانیەکان دەڵێن موسڵمانان لە خۆرئاوا هەن و ئەوانیش لەژێر سایەی ئەو سیتمەو لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا ئازادانە نوێژ و ڕۆژ و ئیسلامەتی خۆیان دەکەن و کەسیش دەست ناخاتە ڕێگایان ! بەڵێ مزگەتیشیان هەیە و سەردانی دەکەن و پەرستشەکانیانی تێدا ئەنجام دەدەن . واتا ئەو خەڵکانە پێیانوایە ئایینەکان بەگشتی تەنها بریتین لە نوێژ و ڕۆژو هیچی دی بەس ! باوەڕیشیان وایە یاخود واتێگەیەنراون کە ئایینی ئیسلامیش هەر تەنها بریتیە لە نویژ و ڕۆژ و حەج ! ئەوجا بوونی مزگەوت ! بەڵێ عەلمانیەکان پێیانوایە بوونی مزگەوت نیشانەی بوونی ئیسلامە ! ئائەمەیە ئەو ئیسلامەی کە لەخۆرهەڵات و لەلایەن عەلمانیەکانەوە کاربۆ گەڵاڵە کردن و پێکهێنانی دەکەن .

ڕاستیەکەی لە خۆرئاوادا مرۆڤەکات ئازادن لە ئەنجامدان و مومارەسەکردنی هەر کردەیەکی فەردی دا . واتا هەرکارو کردەوەیەك کاریگەری باش یان خرپی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا نەبێ و دەستوەردان نەبێ لە ژیانی ئەوانی دیکە، هەڵبەت بە واتا عەلمانیەکەی، یاخود ڕونتر بڵێین ئەو گوفتار و ڕەفتارانە نەبەنە مایەی بەرتەسك کردنەوەی مەودای هەڵسوکەوتی مرڤەکانی دیکە،

جا به باری ئیجابی یان سلبی، ئەوا ئازادە . بەواتایەکی دی مرۆڤەکان لەو ژینگە عەلمانیەدا سەربەستن لە مومارەسەکردنی وەرزشەکانی فوتبۆڵێن و لەشجوانی و مەلەوانیو ....هتد، بەڵام لەنێو یاریگای تایبەت بەخۆیان، ئیدی ئایینداراانیش هەروەك ئەوان ئازادن لە مومارەسەکردنی پەرستشە ئایینی کانیان وەلیّ لە نێو مزگەتەکان، هەروەها لە ژیانی تایبەتی خۆیان . بەمشێوەیەو لە دیدی عەلمانیەتدا هیچ جیاوازییەك نییە لەنیوان وەرزشی وەرزشەوانێك و پەرستشی ئاییندارێکدا، جائیدی تۆ ناوی بنیّ نوێژ و فوتبۆڵێن و لەش جوانی و ڕۆژو حەج و پێش پێشێن و ....هتد، تەنها ناوەکانیان نەبێت . ئەمە پێشاندەری ئەو ڕاستەیە کە عەلمانیەت بەگشتی و نمونەش لەوان خۆرئاواییەکان، ئایین تەنها وەك نویژو ڕۆژو حەج و پەرستشە فەردانیەکانی دەبینن و بەس . هەر بۆیەش ئازادی ڕەهایان بەم جۆرە لە ئاییداری بەخشیوە، وەلیّ بەهیچ کلۆجیّ عەقیدە و شەریعەتی ئایینیان پیّ قەبووڵ نیە و شێلگیرانە ڕەتی دەکەنەوە و دژایەتی دەکە، نەك هێندەش بەڵکو سیماکانی ئاییینداریش ڕەتدەکەنەوە . لە فەڕەنسا و لە زۆرێك لە وڵاتانی دی خۆرئاوایی، ژمارەیەك لە وڵاتانی خۆرهەڵاتیش هەمان هەنگاوەکانی ئەوانیان دووبارە کردەوە، ئەوەبوو هەریەکە لەو دەوڵەتانە کەوتنە دژایەتی کردنی ڕدێن و حیجاب و منارە مزگەوت و هەر سیمایەکی دیکەی ئیسلام .

کەمینەی عەلمانی ڕۆژهەڵاتی هاوشێوەی خۆرئاواییەکان، ئیسلامێکیان دەوێت تەنها بریتی بێت لەو ڕەسم و سروت و بەس، واتا ئەو ئیسلامە تەداخولی دەوڵەت و سیاسەت نەکات و کاری بەسەر چالاکی ئابووری و پێوەندی کۆمەڵایەتی و گوفتار و ڕەفتاری مرۆڤەکانەوە نەبێت، لەم پێناوەش دا دژایەتی دامەزراندنی دسەڵاتی ئیسلامی و کارپێکردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن، جا بەهەر ڕێگاو شێوازێك بێت، ئیدی بەهۆی هەڵبژاردت و لە ڕێگاسی سندوقەکانی دەنگدانەوە بێت وەك لە میسر بینیمان، یان بە ڕگای چەکداری و ....هتد .

سێیەم ژانری کاریگەر کە عەلمانیەکان ڕۆڵی بەرچاوی تێدا دەبینن، بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەر و کلتورە . هەڵبەت باڵادەستیان لەم کایانە بەهۆی دەستگرتنیانە بەسەر گشت تواناکانی دەوڵەت، سەرباری پشتیوانی و کۆمەکی خۆرئاوایی .

ڕۆڵی ئەم مەیدانە لە لێدانی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی، هەروەها لە دارِماندنی قییەم و بەها و کلتورەکەی، کەمترنیە لەوانی دی . ئەمەش خۆی لە بەخەرج دانی توانا هزریەکانی قەڵەم بەدەستانی عەلمانی دەبینێتەوە لە ڕەشکردنەوەی ڕووی دەیان هەزار و بگرە سەدان هەزار سیپارە و دەرکردن و لە چاپدانی سەدان کتێب و نوسراوە لەسەر عەلمانیەت و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیاکەی، بەمەبەستی تەشەنە پێدان و بڵاوکردنەوەی لە نێو گەلانی موسڵمان، لەهەمانکات بۆ پەراوێزخستنی ئیسلام و دەرپەڕاندنی لە کۆمەڵگا، ئەوجا خزاندنەوەی بۆنێو مزگەوتەکان، پاشتریش خامۆشکردنی فیکر و عەقیدەکەی و هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتەکەی، گەر بکرێت . ئەمە سەرباری وەرگێڕانی سەدان و هەزاران کتێب و نوسراوی عەلمانی دانراوی نوسەرانی خۆرئاوایی و بڵاوکردنەوەی باوەڕو فەلسەفەکانی فەیلەسوفانی کۆنی یۆنان و ڕۆمانی، هەروەها فەیلەسوفانی نوێی ئەورووپا . لەگەڵ هەوڵدانیان بۆ زیندوو کردنەوەی بیرو باوەڕە ئینحرافیەکانی گشت تاقم پێڕە موتحەریفەکانی مێژووی هەزارو چوارسەد ساڵەی ئیسلام و ژیارو شارستانیەتەکەی .

لە بوارەکانی هونەریش، بە دەرکردنی چەندین شانۆ و فیلم و گۆرانی و ......هتد، هەوڵی تەشەنە پێدانی بەندو باوی خۆرئاوایی و تەنگ پێ هەڵچنینی قییەم و بەها باڵاکانی ئیسلامیان دا . هاوشان لەگەڵ بەرپاکردنی ئاهەنگگەلی بەنێو ڤیستیڤاڵ و میهرەجانات و کەرنەڤاڵ و....زهتد، لەگەڵ هاوردەکردنی کلتوری خۆرئاوایی و هاندانی خەڵی بۆ پێڕەوی کردنی، ئابەم چەشنە کەوتنە کار بۆ کاڵکردنەوەی گشت داب و نەریت و کلتوری ئیسلامی ڕەسەن، تاوەکو لەسەر ئەرزی واقیع کۆتایی پێ بێنن .

هەمو ئەم هەوڵ و کۆششانەیان بەمەبەستی وەرچەرخاندنی ڕووی گەلانی ڕۆژهەڵاتە لە ئیسلام و عەقیدە و شەریعەت و شێوە ژیانەکەی، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی موسڵمانانە لە داب و نەریت و کلتوری ئیسلام و دابڕینیانە لە مێژوو و لە شارستانیەت و شانازی و سەروەریەکانی ڕابردوویان . تا چیدیکە لەبیرکردنەوە و تێفکرین و جیهانبینی و هەروەها لە چۆنیەتی ئەنجام دان و ڕاییکردنی کاروبارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان، پاشان لە دیاریکردن و نرخاندنی ڕەوشت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکان و بەها و قیەم و داب و نەریتەکانیان، نەگەڕێنەوە بۆ ئیسلام،

بەڵکو چاو لە خۆئاوا ببڕن و تەقلیدی ئەوان بکەنەوە . واتا خۆرئاوا ببێتە گەورەو سەرداری موسڵمانانی ڕۆژهەڵات، ئیدی خۆرئاواییەکان وەك مامۆستا و پێشەوا بڕیار بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی بدەن و پێمان بڵێن کە دەبێت ئێمە چۆن چۆنی بیربکەینەوە و تێبفکرین، چۆن لە ژیان و بوون بگەین و لەسەر چ فیکر وفەلسەفەیەك کاروبارەکانمان ڕێك بخەین، هەروەها لەسەر کام بیروباوەڕ و بەپێی کام ئایدیۆلۆژیا یاساو ڕێسا بۆ ژیانمان داڕێژین . واتا لە ڕوانگەی ئەوان و بەپێی تێگەیشتن و خواست و ویستی ئەوان لە خوداو ئاین و ژین بگەین، بەپێی ڕێنماییەکانی ئەوان پەرستشەکانمان ئەنجام بدەین، لە پاشتر تێمان بگەیەنن کە دەبێت چۆن چۆنی ڕەفتار بکەین و چی بەباش و پەسەندو چی بە خراپ ناپەسەند بزانین ! ئەوجا چ بەرگ و پۆشاکێك بپۆشین ! چ بخۆین و چۆن بنوین ! لەسەر کام پەروەردە و پرۆگرام زارۆکەکانمان پەروەدە بکەین . پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان چۆن بن !.....هتد . تا بۆهەمیشە و هەردەم ئەوان ، واتا خۆرئاوای عەلمانی پێشەنگ و گەورەی جیهانی ئیسلامی بن، هەوەها بتوانن ئایینی ئیسلام کە سیتمێکی جیهانی گشتگیرە بۆ کۆی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە لایەنی فیکر و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری، هاوکات بەدیلی تێکڕای بیر و باوەڕە فەلسەفی ئایدیۆلۆژی و ئایینیەکانی دییە بەئاسمانی و زەمینیەوە، لە ڕێڕەوی خۆی بترازێنن و لە ئەرك و ئامانجە گرنگەکەی خۆی خاڵی بکەنەوە و لەنێو مزگەوتەکاندا ئابڵۆقەی بدەن موسڵمانانیش بکەنە شوێنکەوتەی فیکر و ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیان، پاشتر ببنە پاشکۆی خۆرئاوا .

لە پێناو ئەم خەونەیان، خۆرئاواییەکان کۆششی بەردەوامیان کردووەو دەکەن و پیلانی گەورەشیان گێڕاوە، جارێك لەژێر نێوی چاکسازی و جارێك بەدروشمی نوێگەری و عەقڵانیەت و ئێستاش بەپڕوپاگەندەی لێکبوردنی ئایینی دەکۆشن بۆ پوچ کردنەوەی حەققانیەتی تاکانەیی ئایینی ئیسلام، تا بەگشت جیهان و موسڵمانانی ڕابگەیەنن شتێك بەنێوی ئایینی ڕاست و ئایینی باتڵ بوونی نییە، بەڵکو هەموو ئایینەکان، واتا مەسیحی و جولەکایەتی و هیندۆسی و بوزی و ئیسلام، سەرجەمیان ڕاستن ! و هیچکامیان جیاوازییان نییە لەگەڵ ئەوی دیکەیان ! گشت ئەو کەسانەی کە پێڕەوی لەم ئاینانە دەکەن و ئەوانەشی هیچ ئایینێکیان نییە، هەر بەدیندار هەژماریان دەکەن و گوایا سەرجەمیان ڕاست و لەسەر حەقن ؟! هەڵبەت لە ڕوانگەی عەلمانیەتەوە کە باوەڕی بە زیندوبوونەوە و ژیانی دووەم نیە .

هەندێکی دی لە عەلمانیەکان کە بە چاکی لەم ئایدیۆلۆژیایەو سەرچاوە فیکریەکەی نەگەیشتوون، لەهەمانکات باوەڕیان بەئایین هەیە، وەلیٚ باوەڕێکی لاوازی بیٚ زانیاری کە زیاتر لەسەر بیروبۆچوونی عەقڵی خۆیان سەرچاوەی گرتووە، بانگەشەی میهرەبانی خوداو نەبوونی جەهەنم، یان کاتی بوونی دەکەن، گوایا خودا زۆر میهرەبان و خاوە سۆزە و عەزابی بەندەکانی نادات لەسەر هیچ کام لە کارو کردەکانیان، گەر لە حاڵێکیش دا سزایان بدات ئەوا هەر سزایەکی سوك و بۆ چەند ساتێکی کەم دەبێت، پاشان ڕزگاریان دەبێت ! لەهەمانکات عەلمانیەکان بیرۆکەی ڕێژەیی بوونی حەق گەشە پێدەدەن . گوایا حەق تەنها لای یەك کەس و گروپ نییە، بەڵکو هەر کەس و گروپێك بەشێك لە حەقیقەتی لایە ! لە حاڵێکدا تەنها یەك خودا بوونی هەیە و بڕیاریشی تەنها لەسەر پەسەندکردنی یەك ئایین و یەك پێغەمبەر داوە بۆ ئەم کۆتا زەمانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، کە ئەوانیش ئایینی ئیسلام و پێغەمبەر محەمەد (ص)ە .

ئابەم شێوەیە خۆرئاوای علمانی دەیەوێت فکیر و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای خۆی بکاتە چاوگی بیرکردنەوە و پێڕۆ و پرۆگرامی مرۆڤایەتی و بنەمای یاسایی دەوڵەت و کۆمەڵگاکان . بەومانایەی کە دەبێت کۆی مروڤایەتی و موسڵمانانیش وەك بەشێکی، لەڕوانگەی بیرو بۆچوونەکانی خۆرئاواوە لە مانای حەقیقەت و ئازادی و مافی مرۆڤ و.....هتد، بگەن . هەڵبەت دەبێت بیٚ چەندو چوونیش پەسەندی بکەن ! تاوە هەروەك چۆن خۆرئاوا لەمرۆدا بۆتە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و سەربازی جیهان، بەهەمان شێوە ببێتە ناوەندی فیکر و یاسا و شێوازی ژیانی گشت گەلانی سەر ڕووی زەمین و تێکڕای مرۆڤایەتی چاوی لێبکەن و تەقلیدی بکەنەوە !

## شۆڕشەکانی ئیسلامخوازان و بەربەرەکانی خۆرئاواخوازان :

بەکۆتایی هاتنی ئیستعماری سەربازی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و پاشەکشەی لەشکرەکانی دەوڵەتانی ئەورووپی، هەڵبەت پاش چەندان شۆڕشی چەکدرای کە ئیسلامخوازان ڕۆڵی پێشەنگیان تێدابینی و ملیۆنان شەهیدیان لەو پێناوە دا، گەلانی ناوچەکە لەژێر چەپۆکی داگیرکاری سەربازی سوپای دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی خۆرئاوایی ئازاد بوون، وەلیٚ لەئیستعماری فیکری

ڕزگاریان نەبوو، چوون لەکاتی دەست پێکردنی هەڵمەتە داگیرکاریەکەیان، خۆرئاواییەکان تەنها بەدەست بەسەرداگرتنی سیاسی و سەربازی و ئابووری ڕازی نەبوون، بەڵکو هاوشان لەگەڵ ئەوانە، کۆششی هەمەلایەنەی فراوانیان کرد بۆ داگیرکردنی بیرو باوەڕی موسڵمانان . تا عەقڵ و دڵ و دەروونیان لە ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی خاڵی بکەنەوەو لەهەمانکات فیکر و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا داهێنراو و دەستکردەکانی خۆیانی تێدا موتوربە بکەن و بیچێنن .

بەهۆی تەقەلا و کۆششی بەردەوامیان، خۆرئاواییەکان توانیان کەمینەیەك لە خەڵکی ڕۆژهەڵات مەدهۆش و سەراسیمە بکەم بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیاکانیان، واتا بە عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی و خۆرئاواخوازی گۆشیان بکەن، لە پاشتر پشتیوانی سیاسی و ئابوری وپاڵپشتی سەربازی ئیعلامیان پێکردن و کۆمەکیان کردن لەبەدەسەڵات گەیشتنیان بۆ سەر کورسی فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی ئیسلامی، بەم شێوەیە توانیان سواری پشت ملی گەلانی موسڵمان بن . ئەم کەمینە دەستپەروەردەیەی خۆرئاوا بەشێکیان لە زەمەنی عوسمانیەکان ڕویان لە ئەورووپا کرد گوایا بۆ فێربوونی زانست ! هەندێکی دیان لەو قوتابخانانەدا پەروەردەکران کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپی وەك بەریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و ئەمریکا وە دروست کران لەنێو هەرێمەکانی عوسمانی، کە مامۆستایانی مژدەدەری مەسیحی و ڕۆژهەڵاتناسانی حاقد و ماسۆنیەکانەوە وانەیان تێدا دەگوتەوە، پاش دەرچوون و گەڕانەوەی خوێندکارە عوسمانیەکانی ئەورووپا و دەرچوونی پۆلێکی دی لە خوێندکارانی عوسمانی لە قوتابخانەکانی دەوڵەتانی ئیستعماری ئەورووپی، ئیدی لەبری زانست و زانیاری و پێشخستنی دەوڵەتی عوسمانی و بوژاندنەوەی ژیاری موسلمانان، ئەم خوێندکارە دەستپەروەردانەی خۆرئا کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە خۆرئاواییەکانی عەلمانیەت و نەتەوەپەرستی و خۆرئاواخوازی.....هتد . ئەوەبوو پارتە نەتەوەپەرستەکان و ڕیکخراوە عەلمانیەکان و گروپە خۆرئاواخوازەکان سەریان هەڵداو بوون خۆرەی خیلافەت و لێکترازانی گەلانی ئیسلامی . بەڵێ ئەنجامی پرۆسەیەکی پەروەردەیی لەوچەشنە هەردەبێ بەوجۆرەبێ . قوتابخانەی ئیستعمار و مامۆستای مەسیحی و ڕۆژهەڵاتناس و ماسۆنی، دیارە هەر ئەوانە باردێنن بۆ ئوممەتی ئیسلامی، بەهەمان شێوازی ئەمڕۆی موسڵمانان کە خوێندکاران دەنێرنە خۆرئاوا بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە و فێربوونی زانست ! کەچی پاش تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی بڕاوانامە و گەڕانەوەیان، لەبری زانست و پێشکەوتنی خۆرئاوا،

بەهەمان شێوازی ئەوانی ڕابردوو ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەکانی خۆرئاوا و فەساد و بەدڕەوشتیەکانیان بۆ گەلانی موسڵمان دێننەوە! لەبری زانایەکی موسڵمان، نۆکەرێکی خۆرئاواییمان بۆ دەنێرنەوە کە هەر لەگەڵ گەڕانەی بەرلەوەی شتێکی باش و بەسوود پێشکەشی گەلەکەی بکات، دەست دەکاتە پەلاماردانی ئیسلام و کلتور و شارستانیەتەکەی، گوایا پێشکەوتوخوازە !

بەڵێ، ئەم کەمینە عەلمانیە توانیان چنگی خۆیان لە دەوڵەت و گشت دامەزراوەکانی گیربکەن، هەڵبەت بە پاڵپشتی خۆرئاوا، وەك لەسەر هەمان شێوازی ئەوان و بەپێی پێڕۆ و پرۆگرامی خۆرئاوا و بەسودوەرگرتن لە ئەزموونی ڕێکخراوەکانی مژدەدەری و ڕۆژهەڵاتناسی و ماسۆنیی، ئیدارەی دەوڵەتانی ئیسلامیان دا و گەلانیان بەڕێوە دەبرد .

خۆرئاواخوازنی عەلمانی، بێ لەبەرچاوگرتنی عەقیدە و شەریعەتی ئیسلام، بێ گوێدانە پیرۆزییەکانی گەلانی موسڵمان و مێژووی دوور و درێژیان بەگشت لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی، بێ ڕەچاوکردنی شانازی و سەروەرییەکانی ئەم ئوممەتە کە لە ماوەی دەسەڵاتە یەك لەدوایەکەکانی ڕاشیدین و ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی دا تۆماریان کردبوو، کۆششیانکرد بۆ دارماندنی هەموو ئەوەی کە ئیسلام و ئوممەت و خیلافەتەکەی بونیاتی نابوو . بێ هەڵاواردنیی هیچ بواریکی . ئیدی فیکرو ڕۆشنبیری ئیسلامی، عەقیدە و شەریعەتەکەی، کلتور و نەریتی، شارستانیەت و مێژووەکەی، سەروەریەکانی ئوممەتەکەی،....هتد، تێکرایان وە بەر ئەو شاڵاوە کەوتن . بەم کارەیان، ئیستعمارو ڕێکخراوەکانی، جگەلەوەی هەندێك لە بەرهەمی تێکۆشان و ماندوبوونی خۆیان بینییەوە، لەهەمانکات ئەرکێکی گەورەشیان لەکۆڵ کەوت کە ئەویش بەڕێوە بردنی جەنگە درێژماوەکەیان بوو لە دژی ئیسلام و موسڵمانان .

پاش بەدەسەڵات گەیشتنی نوخبەی خۆرئاواخواز، ئیسلام بە یەکجاری وەلاوەنرا . پاشتر خوێندنی وانەی ئایینی لە خوێندنگاکان یاساغ کرا . ئەوجا لەزۆرێك لەو دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیانەدا ڕدێن و حیجاب و....هتد، مەنع کران . چالاکییەکانی فێرکاری ئیسلامی و خولی نێو مزگەوتەکان بەتەواوی تەنگیان پێ هەڵچنرا و بگرە لە زۆر وڵاتیشدا قەدەغە کرا . کاربەدەستانی دەوڵەتی عەلمانی ئاگاداری گوتارخوێنانی هەینیان کرد کە دەبێت لە ووتارەکانیاندا توخنی سیاسەت و

ئابووری و کۆمەڵایەتی و....هتد، نەکەون، جگە لە نوێژ و ڕۆژ و حەج و هەندێ باسی ئەخلاقی و بابەتی سیلم و سەلامەت دوان لەسەر هیچی دیکە نەدەن ! هاوشان لەگەڵ ئەم کارانەیان، ئەم کەمینەیە دەستیی کردە هاوردەکردنی فیکرو ڕۆشنبیری خورئاوایی و پەرەی بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و بیرو باوەڕەکانیان دا، بەم شێوەیە یاساکانی خۆرئاوایان کردە دەستوری وڵات، ڕەوجیان بە کلتور و داب و نەریتە خۆرئاواییەکان داو بەرگ و پۆشاکیی خۆرئاوییان کردە باو . دامەزراوەکانی پەروەردە و ڕاگەیاندنیان بەکاربرد بۆ بڵاوکردنەوی هەموو ئەوانە و دەسەڵاتی دەوڵەتیشیان بەگەڕخست بۆ سەپاندنی، بەتایبەتی لە تورکیا و میسر .

نمونەی بەرچاو لەو پرۆسەی بەخۆرئاوایی کردنە، تورکیا و میسرە . کە دەسەڵاتی ئیستعماری بۆخۆی کۆمەکی دروست بوون و پێکهاتنی پارتە عەلمانیەکانی ئەو دوو وڵاتەی کرد، پاشتریش دەسەڵاتی ڕادەست کردن هەڵبەت ئەوەش بەمەرج .

لە تورکیا و میسر، دەوڵەتانی خاوەن ئیمتیاز ڕازی نەبوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازەکانیان تەنها بەمەرجی لادانی شەریعەتی ئیسلامی و جیگرتنەوەی بە یاسا عەلمانیەکان نەبێت . ئەوەبوو ئەو ئیمتیازانە لە تورکیا هەڵوەشێنرانەوە بە هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت، لە میسریش ئەو ئیمتیازانە هەڵوەشێنرانەوە بەهۆی بەستنی کۆنگرەیەك لە سویسرا لە (١٢\١ئەپریلی\١٩٣١ز)، لەنێوان میسر و وڵاتانی خاوەن ئیمتیاز، کە ژمارەیان دوازدە دەوڵەت بوون . لەوانیش: ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا و....هتد، بوون . ئەو دەوڵەتانە ڕەزامەند بوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازە بیانیەکان لە وڵاتی میسر بەڵام لەبەرامبەردا، دانوستانکاران (وەڤد)ی میسری بەڵێن بدەن کە نەگەڕێنەوە بۆ شەریعەتی ئیسلامی![399]

سەربەخۆیی باقی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی، لەبەرامبەر ملکەچی خۆرئاوا و پاشکۆیەتی بۆ ئەو ژیارە، لەهەمانکات بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام و هەر ڕەوت و بزاوتێکی ئیسلام خوازی بوو،

---

(٣٩٩) العصرانيون بين مزاعيم التجديد و ميادين تغريب-محمد حاميد الناصر-ل١٤٧-١٤٨ .

که تا ئەمێستاشی لەگەڵ بێت، خۆرئاواییەکان شێلگیرانە لەسەر ئەمە پێداگری دەکەن و مکۆمن لەسەر پارێزگاری کردن و هیشتنەوەی ئەو دەسەڵات و سیتمە عەلمانیانەی ڕۆژهەڵات،

ئەگەرچی بە بەرپاکردنی جەنگ و توندو تیژی بێت، یاخود بە کودەتای سەبازی و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی دیموکراسیەت و بڕیاری گەلانی بێت . هەروەك لە لێدانی ئیسلامخوازانیش درێغیان نەکردووە .

## شکستی خۆرئاواخوازانی عەلمانی :

پاش تێپەڕینی سەدەیەك و پتر بەسەر حوکمڕانی خۆرئاواخوازانی عەلمانی لە ڕۆژهەڵات، سەرباری هەوڵ و کۆششی هەمەلایەن و بەردەوامیان بۆ داسەپاندی بیروباروەڕی عەلمانیەت و شێوە ژیانی خۆرئاوا و تەشەنە پێدانی کلتوری خۆرئاوایی، لەهەمانکات کۆششی بێ پسانەوەیان بۆ دارماندنی عەقیدەی ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی شێوە ژیانیی ئیسلامی و تێکشکاندنی کلتوری ئیسلامی، سەرباری پشتیوانی هەمەلایەنەی خۆرئاوا، ئەوجا هەر ڕوبەڕی شکست بوونەوە، ئیدی موژدەکانی لە بابەت ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتن و ....هتد، نەیان توانی لایەنی کەمی بێننەدی بۆ گەلانیان . پاش بینینی ئەزموونەکانی فەرمانڕەوایی دەوڵەتانی ئیستعماری و دواتر ئەزموونی پارتە خۆرئاواخوازە عەلمانیەکان، لەهەمانکات تاقیکردنەوەی گشت باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا خۆرئاواییەکانی لە بابەت سۆسیالیستی و لیبراڵیەت و ئیشتراکیەت و سەرمایەداری و عەلمانیەت و عەقڵگەرایی و .....هتد، بەواقیعی بینینی شێواز و چۆنیەتی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی هەریەکە لەوانیش لەلایەن گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە، حەقیقەتی گشت پڕوپاگەندە و بانگەشەکانیان بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو . گەلانی ناوچەکەیان بەم ئاقارەی ئەمڕۆ گەیاند کە لە زۆنگاوی جەنگی ئایدۆلۆژی و جەنگی نەتەوەیی و جەنگی ناوچەگەری و جەنگی پێڕگەرایی دا گەوزاون و گینگڵدەدەن، سەرباری شکست هینانی ئابووری و بڵاوبوونەوەی هەژاری و دواکەوتوویی، جگەلە پەرەگرتنی دیاردە و دەردە کۆمەڵایەتیەکان و لێکهەڵوەشانەوەی خێزان پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و....هتد . هەموو ئەمانەش دەرەنجامی شوێنکەوتن و پاشکۆیەتی خۆرئاوا و پشت کردنە لە ئایینی ئیسلامە .

## گەڕانەوەی ئیسلام :

پاش سەدەیەك لە پاشكۆیەتی، سەدەیەك ملكەچی، سەدەیەك لە شكست خواردوویی، لە بێ هۆشی گەلانی موسڵمان، لە نوستوویی ئەممەتی ئیسلامی، هێدی هێدی گەلانی ڕۆژهەڵاتی خەریكە لە خەوی غەفلەت وەئاگادێن . هەست بە ژانی ئەوشكستە و كاریگەری ئازارەكانی ئەو گورزە گەورەیە دەكەن كە لێیان دراوە . ئەمەش لەپاش بێ ئومێدبونیان لە خۆرئاوا و لە گشت باوەڕو ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە پڕوپوچەكانیان، پاش بێ هیوابونیان لە بەڵێن و بانگەشە ساختەكانی خۆرئاوا، پاش یەك سەدە لە تاقیكردنەوەی هەموو ئەوانە و پشت بەستن بەخۆرئاوا، سەرەنجام مەئیوس بون .

لەمێستاو پاش سەدەیەك لە دارِماندنی خیلافەت و لادانی شەریعەت، گەلانی موسڵمان بەپەرۆشەوە ڕوو لە ئیسلام دەكەنەوە و دووبارە و سەرلە نوێ خواستی پێكهێنانەوەی خیلافەت و بەرپاكردنەوەی شەریعەت دەكەن . هەربۆیەش خۆرئاواخورازانی عەلمانی دوانموونەی ئەزمونی حوكمڕانی خۆیان لە ناوچە تاقیكردەوە و ئەنجامەكەشی جگە لە شكست چیدیكە نەبوو، هەروەك خودی ئایدیۆلۆژیاكەشیان ڕووی لە پوكانەوە كردووە، هەڵبەت بەهۆی فەشەلی ئەزموونە كرداریەكەی، لەهەمانكات دژوەستانەوەی باوەڕ و یاساكانی ئەم فەلسەفەیە لەگەڵ عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی . بزاوتی ئیسلامخوازی ڕووی لە گەشە و پەرەگرتن كردووە و جارێكی دی و لە پاش هەرەسی خیلافەت هەوڵی وەرگرتنەوەی دەسەڵاتە شكۆدار و پێگە مەزنە جیهانی و سەروەرییە مێژووییەكانی خۆی دەداتەوە . تاكە ڕكەبەری لەنێوخۆی جیهانی ئیسلامی، كەمینەی عەلمانی دەستپەروەدەی خۆرئاوا و لە ئاستی دەرەوەش دەوڵەتانی خۆرئاوایە بە گشتی .

## كۆتا پیلانی عەلمانیەكان :

لەپێناو بەرگرتن لە شەپۆلی ئیسلامخوازی و ڕێگری كردن لە بە ئیسلامكردنەوەی ناوچەكە، لەهەمانكات بۆ پارێزگاریكردنی دەسەڵاتی كەمینەی عەلمانی لە ناوچەكە، هاوكات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆرئاوا، كەمینەی عەلمانی و خۆرئاو، پێكەوە كەوتوونەتە هاویشتنی دواهەمین تەڵقەكانی خۆیان، كۆتا ڕمی دەستیان لە ئیسلام دەگرن . ئەمجاریش هەروەك جارانی

پێشوو، نوسەران و بیرمەندانی عەلمانیەکان دەبێژن هۆی پێشنەکەوتنمان لەماوەی ئەم سەدەی فەرمانڕەوایی عەلمانیەت هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئیسلام ! چون هێشتا خەڵکی گەلانی ناوچەکە هەر پێڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکەن و ڕێنمایی لە پێغەمبەرەکەیەوە وەردەگرن و بەهەمان شێوازی پێشینانیان، موسڵمانا ئامادە نەبوون کە چاو لە خۆرئاواییەکان بکەن و پێڕەوی لەوان بکەن و ڕێنمایی لەوانەوە وەربگرن !

ئالێرەوە و بۆ لەڕیشە دەرهێنانی ئیسلام، عەلمانیەکانی خۆرهەڵات بە ڕینمایی مامۆستا خۆرئاواییەکانیان پرۆژەیەکی دیکەیان خستە پێشچاو، واتا دوبارە تەفسیرکردنەوەی قورئان ! دەڵێن پێویستە گەلانی موسڵمان دەستبەرداری ئەو شێوازە لە دینداری بن و چیدی گویّ لەو ڕاڤە و تەفسیرانەش نەگرن کە لەلایەن زانایانی ئایینیەوە بۆ قورئان، کراون ! یاخود ئەو تەفسیرانەی کە لەلایەن هاوەڵان(ر،ض) داڕێژراون ! بەڵگو بانگەشەی ڕەتکردنەوی ئەو تەفسیرەش دەکەن کە خودی پێغەمبەر (ص) لە ڕێگای فەرموودەکانیەوە بۆ قورئانی کردووە ! گوایا ئەو لێکدانەوەیە و ئەو شێوازە لە ئاییندارى تەنها بۆ ئەو زەمەنە دیاریکراوە مێژووییەی ئەو دەمە بووە و گونجاو نییە بۆ ئێستا ! هەڵبەت بەگوتەی ئەوان، دەبێژن بۆئەوەی ئەم ئایینە لەگەڵ ئەم سەردەمە نوێیەی زانست و تەکنۆلۆژیادا بگونجێت، پێویستە جارێکی دی و دووبارە تەفسیر بکرێتەوە ! بەشێوازێکی نویّ و سەردەمیانە ! کە لەڕاستی دا مەبەستیان سازاندنی ئیسلام نییە لەگەڵ زانست و هەروەها لەگەڵ ژیانی ئەمێستای مرۆڤەکان، چوونە ئیسلام دژە زانست و نوێگەرایی نییە . بەڵکو هەر لەخودی خۆیدا زانست خواز و نوێگەرایە . وەلیّ ئەوەیی عەلمانییەکان بانگەشەی بۆدەکەن، مەبەستیان ژێربارخستنی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەیەتی بۆ تەواوی فیکر و فەلسەفە و یاسا و ڕێسا و شێوەژیانی خۆرئاوایی . هەربۆیە بانگەشەی وەلاوەنانی تەفسیری ڕاست و دروستی قورئان، کە بەپێی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ص) داڕێژراوە، لەهەمانکات دەیانەوێت لەڕوانگەی دید و تێڕوانینی خۆرئاوایی و بەپێی لێکۆڵینەوەی زانستی مادی پەتی، تەفسیری دەقەکانی قورئان داڕێژرێتەوە ! هەڵبەت لەسەر دەستی توێژەرانی زانستی و بەپێی زانستی مۆدێرن !

ئەو پێوەر و پێناو و شێوازەی کە عەلمانیە خۆرئاواخوازەکان دەیانەوێت بەکاری ببەن لە بەجێگەیاندنی ئەم خواست و مەرامەیاندا، سەرجەمیان ناشیاون و دەست نادەن بۆ بەکاربردنیان لە پرۆسەیەکی وەهادا . چوون بیرو بۆچوونی مرۆڤی خۆرئاوایی هەڵقوڵاوی عەقڵی مرۆڤە و لەژێر کاریگەری هەواو ئارەزوودا شێوەی گرتووە . بەڵام قورئان دەبڕاوی وەحی خوداییەو لەسەرو عەقڵی مرڤەوەیە، هەروەها لەسەرو کات و شوێنەوە دابەزیوە . لەهەمانکات زانستە مۆدێرنەکانیش تەنها دەتوانن لە تەن و بارستایی ماددی بەرجەستە و بینراو بکۆڵنەوە و ئاشکرای بکەن کەلەچی پێکهاتوون؟ و تایبەتمەندییان چییە؟ دووریان چەندە؟ و ....هتد، بەڵام ناتوانن لە بوونە نادیار و مەعنەوی و ڕۆحییەکان بکۆڵنەوە، چوون زانستی مۆدێرنە بێتوانایە لە زانینی مانای خودا و ئایین و وەحی و حەرام و حەڵاڵ و زیندووبوونەوە و ڕۆژی حیساب و بەهەشت و دۆزەخ و ژیانی دووەمی مرۆڤ و....هتد . بۆیە زانست بێتواناییە لەوەی بزانێت هۆی فەرماندانیی ئایین بە ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژو و حەج...هتد، چییە ؟ یان سودی دانی زەکات و خێر، هەروەها خراپی سوخۆری و قۆرخکاری لەچی دایە ؟ یان هۆی ڕیگری کردنی ئایین لە زینا و عەرەق، یاخود کوشتنەوەی بکوژ و بڕینی دەستیی دز و لێدانی جەڵد و ڕەجمکردنی زیناکار، هەروەها بەشکردنی میراتی بە دووبەش بۆ کوڕ و یەك بەش بۆ کچ،....هتد، چین ؟ لەگەڵ هەموو ئەوانە توێژەرانی زانستە مۆدێرنەکانیش بۆخۆیان شیاویەتی ئەنجامدانی وەها کارێکیان تێدا نییە، چوون ئەو ئامرازانەی کە ئەوان بەکاری دەبەن لەو پرۆسەیەدا، کە بریتین ل زانستی ئەزمونگەری و ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ماددی پەتی، تونای دەرککردنی حەقیقەتی غەیبی و نادیار ونابەرجەستەکانیان نییە و ناتوانن لە حیکمەتەکانیشی بگەن . ئیدی لێرەوە و لەیەکەمین هەنگاوەوە ئەم پرۆسەیە، واتا دووبارە ڕاڤەکردنەوەی قورئان یاخود ڕاستر بڵێین بەعەلمەنەکردنی هەر لەییەکەمین سەرەتا و دەستپێکەوە ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە و هەرەس دێنێت . سەرباری ئەوەی کە قورئان بۆخۆی لەسەرو کات و شوێنەوە دابەزیوە و هیچ پێوەرێکی ناوچەیی و مێژووی بەسەردا جێبەجی ناکرێت . هاوکات وەحی خوداییە و لەسەر و عەقڵی مرۆڤەوەیە، بۆیە پێوەرە مرۆڤکردەکانی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو دەبێت وەك خۆی قبوڵ بکرێت و کاری پێبکرێت لەبەر ڕۆشنایی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ص)، ئەو فەرموودانەش

جۆرێکی دین لە وەحی و ڕاستەوخۆ و لەلایەن خوداوە بۆ سەر دڵی پێغەمبەر (ص) نێردراون و پاشتر لەسەر زاری پێغەمبەرەوە ڕاگەیەنراون .

بیرۆکەیی نوێکردنەوەی قورئان یاخود دووبارە ڕاڤەکردنەوەی، گەڵاڵەکراوی نێو خودی گەلانی ئیسلامی نییە، بەڵکو پیلانێکی دارێژراوی خۆرئاواییە لەرێی خۆرئاواخوازانی عەلمانیەوە هەناردەی خۆرهەڵات کراوە . لە حاڵێکدا زەرورەتێك لەنێو جیهانی ئیسلامیی بۆ ئەنجامدانیی وەها کارێك لە ئاراد نییە . بەڵکو خودی بیرۆکەکەش پیلانە و بۆ هەڵتەکاندنی عەقیدەی ئیسلام و دارماندنی شەریعەتەکەیەتی، هاوکات مژدەدەرانی مەسیحیی و ڕۆژهەڵاتناسانیش ڕۆڵی لەمێژینەیان لەگەڵاڵەکردنی دا هەبووە . وەلێ کەمینەی عەلمانی هەوڵی ڕەواج پێدانی ئەم پرۆژە ساختەیە دەدەن !

## تەفسیرکردنەوەی قورئان؟! یان عەلمەنەکردنی؟! :

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هەندێك قەڵەمبەدەست و نوسەر و بیرمەندی عەلمانی دەستیان داوەتە تەئویلکردن(مانا داتاشن)بۆ هەندێك دەقی قورئانی، ئەمەش بەبێ ڕەچاوکردنی مانای زمانەوانی و بێ لەبەرچاوگرتنی بنەما چەسپاو و گۆڕاوەکان (**ثوابت و المتغيرات**)ە کانی ئاینی ئیسلام . ئەو لێکدانەوە و تەئویلانەش لەژێر کاریگەری فیکری خۆرئاوایی و لەوانیش بەتایبەت عەلمانیەت، دارێژراون، ئامانج لێی ملکەچکردنی دەق و بنەماکانی ئەم ئایینەیە لەهەمبەر فیکری عەلمانیەت و بە پاشکۆ کردن و ژێربارخستنیەتی بۆ شارستانیەتی خۆرئاوا . ئەنجامی ئەم کارەش لێکترازانی دەق و ماناکەیی لێکەوتۆتەوە . دەکرێ بڵێین ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە عەلمانیەکان لەو بوارەدا بەگەڕیان خستووە، جۆرە ئیسلامێکی نوێی بە ژێرخانێکی عەلمانییەوە پێشنیار کردووە ! واتا بەناو و ناونیشان ئیسلامەو بەنێوەرۆکیش عەلمانیە ! کە نێوەرۆکی ئەم ئیسلامە نوێیە دارێژراوی عەقڵی مرۆڤە و جیاوازە لەو ئیسلامە ڕەسەنەی کە واتا و نێوەرۆکی لە وەحی خوداییەوە سەرچاوەی گرتووە .

لەو ئیسلامە نوێیە، یان ڕاستر بڵێین لەو ئیسلامە ساختەکراوەدا، نوسەرانی عەلمانی لەبەر ڕۆشنایی دیدو تێڕوانینەکانی خۆرئاوا، تەفسیری چەند دەقێکی قورئانیان کردووە، کە جگە لە

ڕەتکردنەوەی مانای ڕەسەنی دەقەکەو لەبەرچاو نەگرتنی واتاو ئاماژەکانی بڕگەکەکانی پێکهێنەری، بەشێوەیەکی گشتگیر و لاستیکیانە واتایا بۆ داتاشیوون و بیرو بۆچوونی عەلمانیەتیان تێخزاندوون ! تا جارێکی دی و بەم ڕێگا نوێیە بیرو باوەڕە عەلمانیەکان دزە پێ بکەنە نێو هزرو فکری موسڵمانان . بەڵکو لەنێو دڵ و دەرونیشیاندا جێگیری بکەن بەهێجگاری . لەهەمانکات کۆتایی بەو ئیسلامە بێهێنن کە بۆ سەدەیەك پترە بەرەنگاری خۆرئاواخوازی و عەلمانیەت بۆتەوە و ڕێگای جێگربوونی نادات، لەگەڵ داگیرکردنیی خۆرهەڵات، ئیستعمار هەوڵی تەشەنە پێدانی ئەم باوەڕەی لەخۆرهەڵات دا، وەلێ ئیسلام دەرفەتی گەشەکردنی نەدا و لە ئەمێستاشدا هەڕەشەی ڕامالینی دەکات .

کەمینەی عەلمانی دەیانەوێت ئەمجارعەلمانیەت بە ئیسلامەوە و بەنێوی تەفسیری نوێی ئەم ئایینەوە ئەم باوەڕە خۆرئاواییە دەرخواردیی موسڵمانان بدەن و لەنێو دڵ و دەروونیاندا ڕەگاژۆی بکەن . ئەمەش لەڕێگای موتوربەکردنی عەلمانیەت لەسەر ئایینی ئیسلام ! بەو مانایەی کە عەقڵ بخرێتە جێگای وەحی و تەفسیری سەلەف مەسخ بکەن و دووبارە بەپێی خواستی خۆیان و بەنێوی زانست و لەڕوانگەی بۆچوونە خۆرئاواییەکانەوە، مانا بۆ دەقە قورئانیەکان دابتاشن و بەنێوی نوێگەرییەوە ئیسلامێکی نێوەرۆك عەلمانی پێشکەشی خەڵك بکەن، تا بەم شێوەیە ئیسلامی ڕەسەن هەڵوەشێننەوە و درێژە بە پرۆسەی بەخۆرئاوایی کردنی شێوازی ژیانی گەلانی ڕۆژهەڵات و بەپاشکۆکردنی بۆ ئەو شارستانیەتە ماددییە بدەن .

ئایینی ئیسلام خاوەنی عەقیدە و شەریعەتێکی جێگر و چەسپاوە . بەهیچ کلۆجێك گۆڕاکاری لە عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامیدا ناکرێت جاخۆ بەنێوی نوێگەرییەوە بێت یاخود پێشکەوتن و هاوچەرخ گەرایی و....هتد . ئەمەش بەو پاساوەی گوایا ئیسلام لەگەڵ ئەم سەردەمەدا نایەتەوە ! یاخود ڕاستر و ڕاشکاوانەتر بڵێین لەگەڵ عەلمانیەت و خۆرئاوا و شیوازی ژیانی خۆرئاواییدا نایەتەوە . چوون ئیسلام بۆ تێکڕای مرڤایەتی و بۆ ڕابردوو و ئەمێستا و داهاتوی نێردراوە . ملکەچی هیچ بیرۆکە و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەیکی مرۆیی نابێت، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن کە دەبێت بۆ خۆیان و تەواوی دید و بۆچوون و کردار و ڕەفتار و نەزمی ژیانیان ملکەچی ئیسلام بکەن . دەبێت خرۆئاواش وەك بەشێك لە مرۆڤایەتی چاو لە ئیسلام بکات، نەك چاوەڕوانی

ئەوەبکات کە ئەم ئایینە ببێتە پاشکۆی دوونیابینی و لێکدانەوەکانی ئەوان، یاخود بەهۆی کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخوازەوە هەوڵی عەلمەنەکردنی بدات، ئەوەش بەنێوی نوێکردنەوەی ئایین ! بەمشێوەیە هەوڵی داتاشینی تەفسیری ساختە بۆ ئایەتە قورئانیەکان بدا و ئیسلامێکی خورافی پێك بێنێت بەجۆرێك کە دڵخوازی خۆرئاوابێ و هاورێك بێت لەگەڵ فیکر و ئایدیۆلۆژیا و سیستمە عەلمانیەکەیان، واتا ئیسلامێك کە تەنها بریتی بێت لە چەند ڕەسم و سروت و پەرستشێکی ڕۆحی کاڵ و کرچ ، هاوشێوەیی ئایینە عەلمەنەکراوەکانی مەسیحیەت و جولەکایەتی .

عەقیدەی ئیسلامی نەگۆڕ و چەسپاوە، ئەوەی کە حەرام و یاساغی کردووە، تاهەتاییە، ئەوەش کە ڕەواو حەڵاڵی کردووە، تاهەتاییە . ئەمر و فەرمانەکانیشی هەمان شتە، بەدەر لە هەندێ حاڵەتی ناوەخت و کاتییەکان، کە تێیدا بەشێوەیەکی کاتی و ناچاری ڕێگا بە حەڵاڵکردنی جزئی حەرامکراوێك دەدرێت، وەك ڕەواکردنی خواردنی چەند قوومە عەرەقێك لەکاتی بێ ئاوی و ئەگەر مەرگ بەهۆیی تینویەتی، یاخود خواردنی گۆشتی بەراز و ئەسپ لەکاتی گرانی و نەبونی خۆراك و ئەگەری مەرگ بەهۆی برسیەتی، هەڵبەت ئەوەندەی کەمرۆڤ پێی ڕزگاربێت لەمەرگ، نەك تێرخواردنی . وەلێ لە ئایینی ئیسلام لەبری گۆڕینی عەقیدە، ئیجتیهادمان هەیە کە ئەویش بەپێی سەردەمەکان و بەپێی پێویستی و زەرورەتەکانی مرۆڤە، هەڵبەت بەبێ تەجاوزکردنی دەق، بەڵکو خودی ئیجتیهاد بۆخۆشی لەسەر دەقێکی قورئانی دادەمەزرێت .

دەبێت کەسی موجتەهید پسپۆڕبێت لەم زانستانە دا :

*زانستی هەبێت بە زوبانی عەرەبی وەك تایبەتمەندی قورئان، هەروەها زانیاری هەبێت بە قورئانیی ناسخ و مەنسوخ، لەهەمانکات زانابێت بە دەقی ئایەت و ئەحکامە ناسراوەکان .

*زانابێت بە سوننەتە گوفتاری و کرداریی و بڕیارییەکان .

*زانابێت بە بابەتە کۆڕاییەکان، لە نموونەشیان : بنەماکانی فەرزکراوەکان، میرات، هەروەها زانابێت بەو بابەتانەی کە زانایانی ئایینی جیاوازن لەسەری .

*زانابێت بە پێوانە (قیاس) و مەبەستی حوکمەکانی، وەك سۆز و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی .

*توانای وەدەست هێنانی تێگەیشتنی ڕاست و هەڵسەنگاندنی باشی هەبێت .

*لەگەڵ نیەتیی دروست و پارێزراوی عەقیدەی.(٤٠٠)

هەموو ئەمانە بەشێکن لەو سیفەتە گرنگانەی کە پێویستە لە کەسی موجتەهید دا هەبێت، لەگەڵ باقی مەرجە پێویستەکانی دی، هەڵبەت بەڕەچاوکردنی بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام و بوونی هۆیەکانی زەروورەتی ئیجتیهادکردن، ئەوکات کەسی موجتەهید ئەو مافەی هەیە کە دەست بۆ پرسێکی گرنگ و هەستیاری عەقیدەیی لەو چەشنە ببات . بەڵام ئەوەی خۆرئاواخوازانی عەلمانی مەبەستیانە و خواستی بە ئەنجام گەیاندنی دەکەن، نە نوێکردنەوەی ئایینە و نە ئیجتیهاد ، بەڵکو گۆڕینی ژێرخانی عەقیدەی ئیسلام و سڕینەوە و وەلانانی تەفسیر و لێکدانەوە دقاودەق و دروستەکانی پێشینان و لەهەمانکات دروستکردن و پێکهێنانی ژێرخانێکی عەلمانیە بۆی . بەواتاییەکی دی ئامانجیان گەڵاڵەکردنی ئیسلامێکی عەلمانیانەیە .

هەندێك لە قەڵەم بەدەستانی عەلمانی چەند هەنگاوێکیان بە ئاڕاستەی ئەو مەرامەیاندا ناوە و دەستیان بۆ چەند دەقێکی قورئانی درێژکردووە و هەندێك مانا و تەئویلاتیان بۆ داتاشیون . کە جگە لە تێپەڕاندنی سوننەت و دەرچوونیان لە تەفسری سەلەف، تەجاوزی مانای بنەڕەتی خودی دەقە قورئانیەکەشی کردووە، سەرباری فەرامۆشکردنی مانا و ئاماژەکانی زوبانی عەرەبی و چۆنیەتی کارکردن لەسەر خودی دەقەکە و ئەو ئامرازانەیی کە لەو پرۆسەیەدا بەکار براون .

## موفەسیرەکانی عەلمانیەت و تەفسیرە سەیروسەمەرەکانیان :

لەنمونەی موفەسیرە عەلمانیان: محمد ئارگۆنە کە داوای دووبارە ڕاڤەکردنەوەی قورئان دەکات و دەڵێت، پێویستە لێکدانەوەیەکی جیاواز لە لێکدانەوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ئیسلام بکرێت ! پێی وایە ئەو لێکدانەوانە زۆر ترسێنەرن و وزەی مرۆڤ لە جوڵە دەخەن لەوەی بوونی خۆی لەسەر زەوی بسەلمێنێت، هەروەك داوای دووبارە بونیاتنانەوەی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان مرۆڤ و (خودا) دەکات !

(٤٠٠) العصرانیون بین مزاعیم التجدید و میادین تغریب-محمد حامید الناصر-ل٣٦٢-٣٦٣ .

پێی وایە هەتا مرۆڤ ئازادنەکرێت لە وێناکردنی لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست ! ئەوا ناتوانێت ئازادبێت لەسەر ئاستی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و هەتا ئابووریش، دەڵێت سەیری مەسەلەی سوود بکە چۆن دەبێتە بەربەست لەبەردەم کاری بانکەکان ! هەروەها دەبێژێت ئازادکردنی زەوی بەندە بە ئازادکردنی ئاسمان ! بۆیە داوای چاکسازی ئایینی دەکات ئەمەش گوایا لەپێناو ئازادبوونە لەو کۆت و بەندانە؟! درێژەی پێدەداو دەڵێت کاری گرنگ بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە، دووبارە خوێندنەوەی هەموو کەلەپووری ئیسلامییە لەژێر سێبەری تازەترین میتۆدی زمانەوانی و مێژوویی و سیۆسیۆلۆژی"بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەموو کەلەپوور و پاشماوەی ئایینەکانی تر، بەتایبەت ئەوەی کە لە ڕۆژئاوای مەسیحیەتدا ڕوویدا" دواتریش هەڵسەنگاندنی فەلسەفی تەواو بۆ ئەو کەلەپوورە بکرێت بۆ لاخستنی ئەوەی کە مردووە لێی ! لەگەڵ وەرگێران و پێشختنی پێکهاتە باشەکانی لەپێناو بەکارهێنانی بۆ ژێرخانی تازە!(٤٠١)

ئەم گوتانە شایەتحاڵی ئەوەن کە نوێخوازانی عەلمانی لەژێر کاریگەری خۆرئاوا و ڕێکخراوەکانی مژدەدەری و ڕۆژهەڵاتناسی دان و درێژەپێدەری ئەو ڕەوتە گۆڕانخوازەن کە ئەوان لەنێو جیهانی ئیسلامی دا بەگەڕیات خستووە، وەك بۆخۆیان و ڕاشکاوانە داوای بەکاربردنی (میتۆدی خۆرئاوا)یی دەکەن بۆ دووبارە تەفسیرکردنەوەی قورئان . واتا هەموو تەفسیرەکانی زانایانی ئیسلامیان پێ ڕەفزە .

ئارگۆن دەڵێت پێویستە واتای کۆن و تەسك وێران بکرێت، ئەو واتایەی کە گونجاو نەماوە ! بۆئەوەی واتایەکی تازەی زیاتر مەودا فراوان جێگای بگرێتەوە؟!(٤٠٢) لەمەشی دا ئارگۆن مەبەستی داتاشینی واتا و تەفسیری لاستیکیە بۆ بۆ دەقە قورئانیەکان، تا بەو شێوەیە بتوانن بۆچوونە عەلمانیە خۆرئاواییەکان بخزێننە نێو دووتوێی ئەو تەفسیرە نوێیەی کە بۆخۆیان بانگەشەی بۆدەکەن و کار بۆ پێکهێنانی دەکەن، تا ئیسلامێکی شێوە مەسیحی عەلمەنەکراو گەڵاڵە بکەن،

---

(٤٠١)ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ئیسلامی-د. محمد ئارگۆن .

(٤٠٢)هەمان سەرچاوە .

بەجۆرێك كە هیچ ناكۆكی و پێكدژییەكی لەگەڵ بیر و باوەڕ و شێوە ژیانی خۆرئاوایی نەمێنێت، تاوەكو بۆخۆشیان نموونەی شێوە ژیانی خۆرئاوایی وەك مۆدێلێك بۆ خۆرهەڵات هاوردە بكەن و بەكردای لەسەر ئەرزی واقیع بی چەسپێنن، لەهەمانكات لەنێو بیر و هۆش و دەرونی مرۆڤەكانیش دا جێگری بكەن .

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئارگۆن دان بەو ڕاستیەش دا دەنێت كە مەركەزیەتی ئەورووپی هەوڵی وونكردنی بنەما ئیسلامەكانی داوە و كۆشاوە بۆ سەپاندنی فیكرە خۆرئاواییەكان بەسەر ئەو فیكرانەی كە نارۆژئاوایین، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی كۆمەڵگاكانی خۆیان، هەروەها بۆ كۆنترۆڵكردنی كلتوری میللەتانی تر.(٤٠٣) محمد ئارگۆن هەربەوەندەش ناوەستێ و داوای گۆڕانكاری لە بوارەكانی دیكەی ئایینی ئیسلام دەكات .

ئارگۆن دەڵێت: دەبێت كۆلیجەكانی شەریعەت و تەواوی پەیمانگا تەقلیدیەكان، ڕێچكەو شێوازی خۆیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، وەك چۆن پەیمانگای لێكۆڵینەوەی كاتۆلیكی لە فەرەنسا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، هاوشێوەی پەیمانگای تیۆلۆجی پرۆتستانتی كە لە ستراسبۆرگ كاری خۆی دەكات . هەمان شت بەنیسبەت پەیمانگە هاوشێوەكانی لە ئینگلتەرا و ئەڵمانیا و....هتد، ئارگۆن دەبێژێت، من داوای دامەزراندنی پەیمانگەیەكی تیۆلۆجیای ئیسلامی دەكەم لە فەرەنسا، وەك هەموو ئەو پەیمانگایانەی باس كران . ئەم پەیمانگەیە گەر دامەزرا، ئەوە پەیمانگەیەك دەبێت بۆ توێژینەوەی زانستی و مێژوویی لە بارەی ئیسلام، وەكو هەر پەیمانگەیەكی تر بۆ توێژینەوەی زانستی لە جیهاندا . مامۆستایانی تایبەتیش دادەمەزرین وەك چۆن مامۆستایانی زانكۆی فەرەنسی لە كۆلێجەكانی كۆمەڵناسی یان مێژوویی یاخود ئەنسرۆپۆلۆجیا یان دەروونناسی و....هتد، دادەمەزرێن، بەپێی هەمان پێودانگی لێهاتوویی و شارەزایی ئەوان . ئائەمەیە مانای دەوڵەتی عەلمانی پلۆرالیزمی؟!(٤٠٤) واتا ئارگۆن هەر بەهەمان چاوی زانستە مادییەكانی فیزیا و كیمیا و ئەحیا و ....هتد،

---

(٤٠٣)هەمان سەرچاوە .

(٤٠٤)ئاین، عەلمانیەت، فێندەمێنتالیزم-محمد ئارگۆن .

لە ئایین و زانستی ئایینی دەڕوانێت . دەیەوێت ئەو پێوەر و تیۆریا مادیانەش بەسەر دەقەکانی قورئان دا جێبەجێ بکات . تا ئیسلامێکی عەلمانی بەگوتەی خۆیان ئیسلامێکی نوێگەرا پێکبێنن ! هەڵبەت لەبەر ڕۆشنایی فیکر و فەلسەفەکانی خۆرئاوا دا .

ئارگۆن خواستی عەلمەنەکردنی ئیسلام ناشارێتەوە و ڕاشکاوانە دەری دەبڕێت و داوای هەوڵ و تێکۆشان لەو پێناوەدا دەکات . بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی ئیسلامێکی عەلمانی بەجۆرێك کە لەگەڵ بەها و پێوەر و شێوە ژیانی خۆرئاوایی دا یەك بگرێتەوە و هیچ پێکدژی و ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەو شارستانیەدا نەمێنێت .

ئارگۆن دەبێژێت: ئەم هەڵوێستە عەلمانیە بەرفراوان و کراوەیە، وەدەست هێنانی زۆر گرانە، چونکە پێویستی بە تێکوپێکدان و ڕوخاندنی ئەو دیوار و بەربەستانە هەیەکە سەردەمانێکی زۆر مرۆڤیان کۆنترۆڵ کردووە،" هەروەها ڕۆژگارێکیش خەڵکانی یەك نیشتمانیان لە یەکتری نامۆکردبوو، لێکیان جیاکردبوونەوە" بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەوڵی لە ناوبردنی (کتێبە ڕەشەکان) بدرێت؟!(٤٠٥) واتا گشت سنورە یاساغ و حەرامکراوەکانی ئیسلام کە لە نێوان کوفرو ئیماندا کێشراون، هەڵوەشێنرێنەوە، بەچەشنێك کە هەردووکیان ئاوێتە بکرێن . لەهەمانکات حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی لەکار بخرێن . سوتاندنی کتێبە ڕەشەکانیش بەمانای لەنێودانی تەواوی فەرموودەکانی پێغەمبەرە(ص) و تەواوی نەفسیرەکانی قورئان و تێکڕای زانستی ئیسلامییە ! بەواتایەکی دی سەرجەمی سەرچاوەکانی زانستی ئیسلامی دەربارەی عەقیدە و شەریعەت بسوتێنرێن؟! هاوکات ئارگۆن کۆششی عەلمانیەت و عەلمانیەکان بۆ داڕماندنی عەقیدەی ڕەسەنی ئیسلامی و، لێکهەڵوەشاندنی شەریعەتەکەی و وێرانکردنی شێوازی ژیانی موسڵمانانەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناشاریتەوە و بۆ خۆی پێی لێ دەنێت .

ئارگۆن دەڵێت: لەژێر پەردەی ئەم ئیسلامیەتەدا، پرۆسەی بەعەلمانیکردنێکی زۆر فراوان و تێکوپێکدەرتر ڕوودەدات کە دەڵێم بەرفراوانتر و تێکوپێکدەر تر، لەبەر ئەوەیە:

---

(٤٠٥) ئاین، عەلمانیەت، فێندەمێنتالیزم-محمد ئارگۆن .

جیهانە کۆنەکان تێکوپێکدەدا و لە جێگەیاندا جیهانێکی تازە تر دروست دەکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی لێکدانەوە و شیکردنەوەی زانستی وردەوە لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، ئەوا هیچ کەس ئاگای لەم مەسەلەیە نییە و خۆمان لەنێو پشێوی و ئاژاوەیەکی مەعنەوی تەواودا دەبینینەوە . ئەم پشێوی و بێ سەروبەرییە تەنیا سیستەمی زمان ناگرێتەوە، بگرە تەجاوزی ئەو سیستەمە دەکات و سەرجەمی دیاردە و بوارەکانی ژیانی ئیسلامی دەگرێتەوە.(٤٠٦)

لەنوسەرانی دیکەیی عەلمانی خۆرئاواخواز و هەواداری ئەم جۆرە تەفسیر و لێکدانەوانە، هاشم ساڵحە . ئەم نوسەرە دەبێژێت: خوێندنی زانستی بەراوردکاری ئایینەکان لە هەموو قوتابخانە ناوەندیەکان و هەموو زانکۆ عەرەبی و ئیسلامیەکان، هەنگاوی یەکەمینە بەرەو قەلاچۆکردنی فەندەمێنتالیزم ! چونکە ئەم چەشنە خوێندنە ڕێژەیەتی هەموو ئەو کلتورانە دەخاتە ڕوو کە خۆیان وەها پێشکەش دەکەن ڕەها و پیرۆز و باڵان، دەیسەلمێنێت چەندان ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بە خودا ! نەك تاقە ڕیگایەك ! ئەمەشە پاڵ بە هەموانەوە دەنێت بیرۆکەی پێکەوە ژیانی کلتورە ئاینییە جیاجیاکان قبوڵ بکەن، بەو پێیەی بریتین لە هەوڵی جدی بۆ گەیشتن بە پیرۆز، بەڵام هیچ کامێکیان ناتوانێت ئەو پیرۆزە بۆخۆی قۆرخ بکات ! یان خۆی بە تاکە کەلتوری ڕاست لەقەڵەم بدات و باقی کەلتورەکانی دیش بەدەستکاری کراو یان تەزویرکراو، یان هەرتەقەکردن...هتد، لەقەڵەم بدات.(٤٠٧)

لە گوتەکانی خۆیەوە، هاشم ساڵح ئامانجی پرۆژەی نوێگەری عەلمانیەکان ڕوون دەکاتەوە، کە مەبەستیانە و دەیانەوێت پێوەرەکانی زانستی ئەزمونگەری ماددی لەبەر ڕۆشنایی فیکری خۆرئاوایی دا بەسەر ئیسلام و دەقەکانی دا جێبەجێ بکەن . لەهەمانکات هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حەقانیەتی تاکانەیی ئایینی ئیسلام دەدەن . تابەم شێوەیەش جاڕی ئەوەبدەن بەگوێی خەڵکی دا،

---

(٤٠٦) ئاین، عەلمانیەت، فێندەمێنتاڵیزم-محمد ئارگۆن .

(٤٠٧) خەمەکانی ڕۆشنگەری-هاشم ساڵح .

گوایا هەموو ئایینەکان و ئایینزاکان لە ئیسلامەوە بیگرە بۆ مەسیحییەت و جولەکایەتی و هیندۆسی و بوزی و....هتد. هەروەها گشت شێوە و شێوازەکانی خواپەرستی ڕەواو ڕاستن ! واتا مرۆڤ بەهەر ڕێگاو شێوازێك خواپەرستی بکات ڕاستە و هیچ گرفتێکی تێدانیە، گەرچی باوەڕی بە هیچ کام لەپێغەمبەران و ئایینەکانیان نەبێت ! بەڵکو ئەگەر نوێژ و ڕۆژ و پەرستشە ئایینەکانیش ئەنجام نەدات ! ئامانجیان لەم بانگەشەیە، لێکهەڵوەشاندنەوەی بنەما و بنچینە ئەساسیەکانی ئیسلام و دارماندنی عەقیدە و شەریعەتەکەیەتی . هەوەك بۆخۆشیان نکولی لەو ڕاستیە ناکەن، تەنانەت هۆکاری دواکەوتویی جیهانی ئیسلامی دەگێڕنەوە بۆ ئەم ئایینە ! ئەوەش لەپاش تێپەڕنی یەك سەدە لە دارمانی خیلافەت و فەرمانڕەوایی عەلمانیەکان !

هاشم سالح دەڵێت: ناکرێت جیهانی عەربی هەستێتەوە تەنها ئەوکاتە نەبێت کە ئەو عەقیدە چەقبەستووە هەڵوەشێننەوە و لەسەر پاشماوەکەی دانەیەکی تازە دابمەزرێنن!(٤٠٨) ئەم تۆمەتانەی هاشم و باقی عەلمانیەکانی دیکە، هەمان تۆمەتی مژدەدەرانی مەسیحی و ڕۆژهەڵاتناسان و باقی نەیارانی ئیسلامە .وەلێ لەمرۆیا خەڵکانێکی کاریگەر بە فیکری عەلمانیەت و سەرسام بە خۆرئاوا، دووباتی دەکەنەوە و بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی دا دەبەخشنەوە .

عەفیف ئەخزەریش یەکێکی دییە لە نوسەرانی عەلمانی، کە بەسەختی پێداگری لەسەر بەخۆرئاوایی کردن و دووبارە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەوەی قورئان دەکات، لەهەمانکات ڕەفزی گشت تەفسیرەکانی قورئان بەوانی ڕابردوو و ئێستاشیەوە دەکات، هەروەك دژی هەرچەشنە دەسەڵاتێکی ئایینیە بەبێ هەڵاواردن . سەرباری نەیاریکردنی شێلگیرانەی لەهەمبەر گشت ئەحکامەکانیی شەریعەت . لەمەشی دا عەفیف پشتی بە پێوەر و بنەماکانی زانستی ماددی خۆرئاوایی بەستوە بۆ دووبارە ڕاڤەکردنەوەی دەقە قورئانیەکان . چەند دەقێکی قورئانیشی بەو پێوەر و بنەمایانە شرۆڤە کردووە و دووبارە و لەڕوانگەی فیکری نوێی خۆرئاواییەوە تەفسیری کردونەتەوە، واتا بەشێوازێك کە لەگەڵ عەلمانیەت دا بێنەوەو هیچ نەیارییەکیان لەگەڵ ئەو ڕێبازە فەلسەفیە ماددییە مرۆڤ کردە خۆرئاواییەدا نەمێنێت،

---

(٤٠٨) خەمەکانی ڕۆشنگەری-هاشم سالح .

تیایدا دەقە قورئانیەکانی خستۆەتە ژێرباری لێکدانەوە عەلمانیەکان و دید و تێڕوانینەکانی ئەم فەلسەفەیەی بەسەردا سەپاندوون ! عەفیف چەند دەقێکی قورئانی وەردەگرێت و وەك نمونەیەکی ئەو نوێگەرییەی کە عەلمانیەکان بەگشتی بانگەشەی بۆدەکەن، لەڕوانگەی فیکری خۆرئاوا و بەپێی بنەماکانی زانستی مادی شرۆڤەی دەکاتەوە و پێشچاومانی دەخات، تیایدا چەمکەکانی شەهیدبوون و بەهەشت و دۆزەخ تەفسیر دەکاتەوە و بەپێی ئەو شێوازە لێکدانەوەیەی کە بۆ خۆی باسی لێوەدەکات و ناساندویەتی، ماناکەیمان بۆ دەخاتە ڕوو .

عەفیف ئەخزەر چەمکی شەهید بوون بە ئەفسانە ناو دەبات و بەپێی زانستە مادییەکانی خۆرا ڕاڤەی دەکاتەوە، وەك لەم نمونەیەدا بەدیار دەکەوێت (وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا ۚ بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ(١٦٩-العمران) يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُؤْمِنِينَ (١٧٠-العمران)، (وەك خۆی دەڵێت) بابەکورتی زانستە مۆدێرنەکانی بەسەردا پراکتیزە بکەین ! (ئێستەش باپێکەوە گوێڕادێرین بزانین عەفیف ئەخزەر چۆن لەڕانگەی زانستە مۆدێرنەکانەوە تەفسیری ئەم ئایەتەمان بۆ دەکاتەوە)، عەفیف دەڵێت: بۆ ئەوەی ئەفسانەی شەهیدبوون لەبەریەك هەڵوەشێنین، سۆسیۆلۆجیای ئایینی فێرمان دەکات ئاین پێدراوێکی بێلایەن نیە، بەڵکو دەخرێتە خزمەتی ستراتیجگەلێك کە هەندێ جار ئاشکرایە و هەندێ جاریش شاراوەیە، هاوکات عەفیف ئەم ئایەتەش (إِلَّا تَنْفِرُوا يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْئًا ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (التوبة :٣٩) لەگەڵ ئەوی پێشتر هەردووکیان پێکەوە ڕاڤە دەکات .

عەفیف دەبێژێت: دوای پرسیارکردن لە سۆسیۆلۆجیای ئایینی لە دەلالەتی ئەو دوو ئایەتەی باس لە شەهیدبوون دەکەن، هەنووکە با لەبارەیانەوە پرسیار ئاراستەی مێژووی بەراوردکاری ئاینەکان بکەین، بۆئەوەی ئەو ئەفسانانە بەتاڵ بکەینەوە و تەفسیرێکی عەقڵانی باوەڕپێکراو شتەکان بکەین ! عەفیف درێژەی پێدەدات و دەڵێت: بەهەشت لەزۆربەی ئاین و ئەفسانەکاندا باسی هاتووە، تەنانەت لە ئاینە بتپەرستیەکانی پێش ئیسلامیش هەبوون . بەڵام جێ و شوێنی ئەو بەهەشتە لەسەر زەمین بووە ! وەکو بەهەشتی عەدەن کە لە تەوراتدا هاتووە، هەروەها بەهەشتی چینییەکۆنەکان وەکو بەهەشتی موسڵمانان، پڕیەتی لە باڵندەی سەوز کە سیمبولی فریشتەیە .

یان بەهەشتی ئەفسانە شەهوانییەکانی فارس کە (ڤۆڵتێر) پێی وایە، ئیسلام بەهەشتی خۆی لەسەر ئەم مۆدێلە فارسییە دارشتۆوەتەوە ! بەهەمان شێوە دۆزەخیش هەر لەدێر زەمانەوە، میسۆنێرە کۆنەکان و یۆنان و ڕۆمانەکان باسیان لێ کردووە و ناویان لێناوە (مەملەکەتی مردووەکان) ! مەملەکەتێك لێوانلێوبووە لە دڕندە و شەیتان . بۆتەواوکردنی ئەم لێکدانەوە مۆدێرن و عەلمانیە پێویستە زیاتر گوێ ڕادێرین بۆ عەفیف، تابزانین کۆتایی تەفسیری ئایەتەکان بەکوێ دەگەیەنێت .

عەفیف دەڵێت: لێرەدا لە پسکیۆلۆجیا دەپرسین، هۆکاری دەروونی چیە لەوەی مرۆڤ خەیاڵی لە دۆوەخ و بەهەشت کردۆتەوە؟ لەوەڵامدا پێمان دەڵێت: بەهەشت ئاماژەیە بۆ منداڵدانی دایك کە کۆرپە بۆ ماوەی هەشت نۆمانگ بێ هیچ رنجێك ژەمەخۆراکی خۆی دەدرێتێ و دوای لەدایکبونیش مەمکی دایك جێگەی منداڵدان دەگرێتەوە، بەڵام گڕی دۆزەخ تەعبیرە لە گڕی جیابوونەوە لە دایك و لەوەش سەختتر ئەو شۆکەیە منداڵ لە ئەنجامیی بڕینەوەی شیری دایکی لێی دووچاری دەبێت ! ئەمەش لەهەموو شۆکەکانی تر قورسترە و هەستی ڕقبوونەوە لەوانی تر لە مرۆڤ دا دروست دەکات و هەڵوەدای جیهاد و شەهیدبوون دەبێت لە پێناو خوا ! بۆئەوەی تۆڵەی تاوانی لەشیر بڕینەوەی بکاتەوە ! وەك خۆی دەڵێت: ئەو تاوانەی دایکێکی نەزان بی یارمەتی پزیشکێکی پسپۆڕ کردی تا لەو شۆکە سەخت و ترسناکەی کەم بکاتەوە ! لە کۆنیشەوە گوتراوە: ئاگری گەورە لە پزیسکی بچوکەوە دەکەوێتەوە.(٤٠٩)

بەڵێ ئائەوەیە ئەو لێکدانەوە نوێیەو دووبارە تەفسیرکردنەوەیەی کە محەمەد ئاگۆن و هاشم ساڵح و عەفیف ئەخزەر و باقی عەلمانیەکانی دی و خۆرئاواخوازان بانگەشەی بۆدەکەن و هەوڵی گەڵاڵەکردنی دەدەن !

بەپێی ئەم تەفسیرە عەلمانیە نوێیە بەهەشت و دۆزەخ و شەهیدوون ئەفسانەن و هیچ ئەسڵێکیان نیەو،

---

(٤٠٩)عەلمانییەت و ئسولیەت-عەفیف ئەخزەر .

ئیسلامیش لەگەڵ ئایینە تەحریفکراوەکانی مەسیحییەت و جولەکایەتی و هندۆسی و بوزایی و باقی ئایینەکانی دیکە جیاوازی نیە ! سەرچاوەکانی کە قورئان و سوننەتن، خورافات و هەڵبەستراون !

عەلمانیەت پێی وایە سەرەتای بوون و ژیان لە ماددەوە سەرچاوەی گرتووە و بەهۆی کارلێکی مادەوە گەردوون پێکهاتووە و دواتریش هەر لە مادەی وزەدار تەواوی گیانداران خولقاون، پاش تێپەڕبوونی بەچەند قۆناغێك و پەرەگرتن و پێشکەوتنی بەردەوامی لەهەریەك لەو قۆناغانە لە دواتر مەیمون دروست دەبێت ! پاش چەند گۆڕانکارییەکیدی و دوای تێپەڕینی چەند جیلێك لە مەیمونەکان، بەرەوپێش چوونی عەقڵی و بەدەنی لەهەریەك لەو وەچە نوێیانە ڕوودەدا و تا لەکۆتایی دا مرۆڤی عاقڵ بەم شێوەو شکڵەی ئێستای پێکدێت ! هاوکات پێی وایە کە مرۆڤ مادەیە و سەرچاوەی جوڵە و چالاکیەکانی وەزەی ناو لەشی خۆیەتی، بەتێپەڕبوونی کات ئەو ووزەیە کەم دەکات و مرۆڤ لاواز دەبێت ! بەتەواوبوونیشی ئەو مرۆڤە دەمرێت و دەبێتەوە بە هەمان ئەو مادەیەی کەلێی پێکهاتبوو ! بەم پێیە و لەدیدی عەلمانیەت دا ژیان هەر ئەم ژیانەی ئێستایە و بەهەشتیش هەر لەم سەر زەویەدایە ! بەمەرگی مرۆڤ ئیدی گشت شتێك کۆتایی دێت . واتا بەپێی ئەم بیرکردنەوە عەلمانیە بەهەشت و دۆزەخی پاشەڕۆژ بونی نیە و شەهیدیش جگەلە وەهم و خەیاڵ چیدیکە نیە . هەڵبەت لە دید و تێڕوانینی فەلسەفەی عەلمانیەت دا .

لەمەوە دەردەکەوێت کە عەلمانیەکان دەیانەوێت بڵێن قورئان وەحی خودایی نیە و لەلایەن ئەوەوە نەهاتوە، بەڵکو گومانیان وایە هەر لە ئەسڵدا زاتێك بوونی نیە بەنێوی (خودا-**العیاذ باللة**)، (محمد)یش (ص) پێغەمبەر نیە و بۆخۆی یان لەلایەن کەسانی ڕاهیب و ئەفسانەچی و جادووگەرەوە قورئانی فێرکراوە، هەروەك پێیانوایەی کە قورئان جگە لە خورافات و ئەفسانەی پێشینان چیدیکە نیە ! هاوشێوەی مژدەدەرانی مەسیحی و ڕۆژهەڵاتناسان و ماسۆنیەکان . کە لەڕاستیدا گوفتاری عەلمانیەکان لە بیرو بۆچوونی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە و دەنگدانەوەی وتەکانی ئەوانە .

لەکوردستان و لەنێو عەلمانی خوازانی کورد دا، شومارێك قەڵەمبەدەست و نوسەری عەلمانی هەن کە مەیلی بەخۆرئاوایی کردنی کۆمەڵگەی کوردی و ئایینی ئیسلام دەکەن، واتا دەیانەوێت

نەزمی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی بەئاڕاستەی بەخۆرئاوایی بووندا بەرن . هاوشێوەی عەلمانیەکانی عەرەب، لەم پێناوەدا کاری جیدی دەکەن بۆ دابڕین و دوورخستنەوی ئایینی ئیسلام لەگشت بوارەکانی ژیان و هەوڵی ناساندنی ئەم ئایینە دەدەن بەوەی کە گوایا ئیسلام تەنها بریتیە لە نوێژ و ڕۆژ و حەج ! ئەویش لەنێو مزگەتەکاندا و بەس . ئیدی شەریعەتیی ئیسلامیان لەکار خست و پەروەردە وخوێندنی ئیسلامیان لەگشت قۆناغ و ئاستە جیاوازەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆکاندا یاساغ کرد . لەهەمانکات خەریکی هاوردەکردنی باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەکانی خۆرئاوان و پەروەردە و کلتور و داب و نەریتەکانیانی ئەو شارستانیەتە هاوردە دەکەن بۆنێو کۆمەڵگەی کوردی . ئەوەش کاریگەری سلبی لەسەر بیرکردنەوە و گوفتار و ڕەفتار و بگرە لەسەر بەرگ و پۆشاکەکانی مرۆڤی کورد جیٚ هێشتوە . کاریگەری ژیاری خۆرئاوایی لەسەر کۆمەڵگای کوردی بەباری سلبی دا شکاوەتەوەو شێواندنێکی گەورە و مەترسیداری لەنێو ژیانی فیکری و سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و کلتوری دا خولقاندووە . ئەوەش خۆی لە ئاڵۆزکردنی بیروباوەڕی مرۆڤی کورد و سیخناخ کردنی بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا هەمەچەشن و هەمەڕەنگەکانی خۆرئاوا، هاوکات پەرتکردنی یەکڕیزی سیاسی و پێکدژکردنەوەی تاکی کوردی لەگەڵ یەکدی، لەگەڵ تیکدانی هاوسەنگی ئابووری تاکەکان، هەروەها لێکترازاندنی شیرازەی کۆمەڵایەتی و خولقاندنی چەندین قەیرانی کۆمەڵایەتی، سەرباری دزەکردنی کلتوری نەخوازراوی خۆرئاوایی بۆنێو کۆمەڵگای کوردی و....هتد . هەموو ئەمانە شێوازی ژیانی موسڵمانانەی کۆمەڵگای کوردی تاڕادەیەك ڕووبەڕووی مەترسی کردۆتەوە و بەها و قیەمە ئیسلامیەکانی خستۆتە ژێر هەڕەشەوە و تا ئاستێك لاوازی کردوون . وەلیٚ کاردانەوەی کۆمەڵگای کوردی چ وەك تاك و چ وەك دەستە جەمعی لەهەمبەر ئەو شاڵاوی بەخۆرئاوایی کردنە، تووند و بەبڕشتانە بووە . ئەنجامی ئەو پێکدادانە هەمەلایەنە فیکری و ڕۆشنبیری و کلتورییەش قەیرانی گەورەی بۆ کۆمەڵگای کوردی خولقاندووە، کە شوێنەواری کارەساتباری لەسەر مرۆڤی کوردی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا بەگشتی و لەتێکڕای کایە و بوارەکانی ژیانی دا، جی هێشتوە .

بەئامانجی عەلمەنەکردنی تەفسیری قورئان و ملکەچ کردنی واتای دەقەکانی بۆ بیروبرۆچوونە خۆرئاواییەکان و ئەو شێوە ژیانە خۆرئاواییە، هاوکات بۆ کوشتنی ڕۆحی بەرەنگاربوونەوەی

ئیسلام لەهەمبەر پرۆسەی بەخۆرئاوایی کردن، هەندێك لە قەڵەبەدەستانی عەلمانی کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایا تەفسیری قورئان کۆنە و لەگەڵ ئەمێستای سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا ناگونجێت ! داوای دووبارە تەفسیرکردنەوەی دەکەن، هەڵبەت بە پاساوی نوێگەری ئایینی !

لەو قەڵەمبەدەستانەی کورد کە خواستی وەها کارێك دەکەن و دەستیان بۆ چەند دەقێکی قورئان بردووە و دووبارە ماناو تەئویلاتیان بۆ دارِشتونەتەوە، شێرکۆ کرمانجە .

ئەم نوسەرە زانستی خۆرئاواو پێشکەوتنی مادی ئەو ژیارە دەکاتە پاساو بۆ ئەم کارەی، لەحاڵێکدا ئایینی ئیسلام هیچ دژایەتیەکی لەگەڵ زانست دا نیە . لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنجە هەموو عەلمانیەکان و باقی ئەو کەسانەی کە بە خۆرئاوا کاریگەرن، پێیانوایە ئەگەر هەر گەل و نەتەوەیەك بیەوێت لەبوارەکانی زانست دا پێشبکەوێت دەستی بە تەکنۆلۆژیا رابگات، ئەوا دەبێت فیکر و باوەڕ ئایدیۆلۆژیەکان و تێکرای یاسا و رێسا خۆرئاواییەکان پەسەند بکات و شێوازی ژیانی خۆرئاوایی پێڕەوی بکات، واتا ئەوان لەگشت بوارەکانی ژیانیاندا بکەن سەرمەشق بۆخۆیان ئەوجا ئەمانیش هەروەك خۆرئاواییەکان پێشدەکەون ! لەحاڵێکدا شێوازی ژیانی خۆرئاوایی، واتا باوەڕ و یاساکا و سیستمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان، هەروەها رۆشنبیری شێوازی ژیان دەگرێتەوە، کە هەموو ئەمانەش لەخۆرئاوا لەسەر بنەمای عەلمانیەت دامەزراون و کاردەکەن . وەلێ زانست و زانیاری لەلایەن زانایان و بەهۆی لێکۆڵینەوەکانیانەوە وەدەست هاتوون . هەر نەتەوەیەکیش بیەوێت بەرەوپێشەوە هەنگاوبنێت و لەبوارەکانی زانستدا داهێنان بکات، دەبێت سوود لە زانایانی خۆی وەربگرێت و یاریدەی لێکۆڵینەوەکانیان بدات، گەر بۆخۆیشی خاوەنی زانا گەلی لێهاتوو و توێژینەوەی زانستی نەبوو، ئەوا پێویستە سوود لە دۆزینەوە و داهێنانەکانی زانایانی گەلانی پێشکەوتوو، هەروەها لە توێژینەوە و تیۆریا و لێکدانەوەکانیان کەڵك وەربگرێت . ئەمەش لەڕێگەی وەرگێڕانی نوسراوەکانی زانایان و هاوردەکردنی داهێنراوە زانستیەکانیانەوە دەبێت . نەك وەك عەلمانی و خۆرئاواخوازانی رۆژهەڵاتی کە لەبری وەها کارێك، کەچی خەریکی وەرگێڕانی بیروباوەڕە فەلسەفی و رێبازە ئایدیۆلۆژیەکانی خۆرئاوا و هاوردەکردنیانن بۆ نێو گەلانی رۆژهەڵاتی . بەم کارەشیان نەك نەیانتوانیوە

وولاتەکانیان بەرەوپێش بەرن، بەڵکو چەندین قەیرانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵاتی و کلتوریان بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی خولقاندووە .

لێرەوە شێرکۆ کرمانج کاریگەربوونی خۆی بە فیکرو باوەڕە خۆرئاواییەکان ئاشکرا دەکات و دەشی کاتە پاساوێك بۆ دووبارە ڕاڤەکردنەوەی قورئان، تاوەکو تەفسیرێکی نوێ یاخود ڕاستر بڵێین تەئویلێکی عەلمانیانەی بۆ دابتاشێت بەجۆرێك کە بتوانێت بیگونجێنێت لەگەڵ خۆرئاوا و بیروباوەڕە ماددییەکانی و پاشتریش ئەو تەفسیرە عەلمانیە بکاتە تێگەیشتنی باو لای موسڵمانان .

ئەم نوسەرە دەبێژێت: لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاریە تازەکانی ئەم سەردەمە لە ڕێبازەکانی بیرکردنەوە و تێگەیشتنە فەلسەفیەکان و شێوازی نزیکبوونەوەی قوتابخانە مەعریفییەکان لە پرۆسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێ گەشە بە ڕێچکەی تازە بدەین بۆ تێگەیشتن لە دەقە قورئانیەکان . بۆنمونە، بەرجەستەکردنی میتۆدی مۆدیرنی زمانەوانی و فەلسەفی و فیکری، پێموایە میتۆدە تازەکان دەبێ خۆ وەدوور بگرن لە بنەما فقهییە تازەکانی بەرایی.(٤١٠) بەپێی ئەم گوتانەی ناوبراو بەهەمان شێوەی عەلمانیەکانی عەرەب، دەبێ زانستی ئیسلامی و تێکڕاسی مەزهەبەکانی، لەگەڵ سەرجەمی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ص) بەگشتی لەکاربخرێن، تەنها تەرکیز لەسەر قورئان بکرێت وەك تاقانە سەرچاوەی ئایینی ئیسلام، لەپاشتریش لێکدانەوە و تەفسیرەکانی ئەویش هەڵوەشێنرێنەوە و ئەمجار بەپێی بیرو باوەڕە فەلسەفیەکانی خۆرئاوا و لەوانیش فەلسەفەی ماددی عەلمانیەت لێکدانەوە بۆ یەك یەکی دەقە قورئانیەکان بکرێتەوە و مانان بۆ داتاشرێتەوە .

شێرکۆ دەڵێت: ئێمە پێمانوایە دەبێت دەقەکان لەمیانی ئەو چەمکانەی لەخۆیانی دەگرن، لێکبدەینەوە . نمونە: کاتێك قورئان دەڵێت "هەرکەسێ دزی بکات-نێربێ یان مێ فەرقی نیە- لەسزای دزیکردن دەبێ هەردوو دەستی ببڕن، کە ئەمە تەنبیێ کردنە لە خوداوە" شێرکۆ دەبێژێت: ئەگەر دەقاو دەق ئایەتەکە لێکبدەینەوە دەبێ هەردوو دەستی دز ببڕدرێ،

---

(٤١٠)بەسیاسی کردنی ئیسلام-شێرکۆ کرمانج-ل٢٢٦-٢٢٩ .

بەڵام تێگەیشتنی ئێمە بۆ دەقەکە ئەوەیە کە هەرکەسێك دزی بکات دەبێ سزا بدرێ، بەڵام سزاکە دەبێ بەپێی تێگەیشتنی ڕۆژ بێ؟! لەوانەیە کەسە تاوانبارەکە ئاگاداربکرێتەوە، یان غەرامە بکرێ یان زیندانی بکرێ، بەپێی بارودۆخ و یاساکانی کۆمەڵگە، چوونکە دەستبڕین بەپێی پێوەرەکانی ئەم ڕۆژگارە ناشیاوە!(٤١١) هەڵبەت بەگوتەی ئەو .

بەڵێ، دەبینین ئەم ئایەتە قورئانیە زۆر ڕاشکاوانە داوای بڕینی دەستی دز دەکات، تەنانەت مەجالی تەئویلات و مانا داتاشینی بۆ نەهێشتۆتەوە، کەچی دەبینین تەنها لەپێناو ژێربارخستنی بۆ یاساکانی خۆرئاوا و عەلمانیەت، چۆن لێکدانەوەی ساختەی بۆ دادەتاشن و لە ماناو مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی دەی ترازێنن .

شێرکۆ ئایەتێکی دیکەمان بۆ ڕاڤە دەکات وەك نمونەیەکی دی لەو نوێگەرییە، کە ئەویش ئایەتی فەرزکردنی حیجابی ئافرەتانە . وەك بۆ خۆی دەبێژێت: نمونەیەکی دیکە لە تێگەیشتن لە میانی چەمکەکانەوە دەکری مەسەلە هەستیارەکەی چارشێو(حیجاب)ی ژنان بێت . بەپێی ئایەتەکانی قورئان یەکێك لە هۆیە هەرە سەرەکیەکانی سەپاندنی حیجاب پاراستنی ژنە لە چاوچنۆکی پیاوان و پارێزگاری لێکردنیانە لە دەست بۆ بردن و تەعدا لێکردنیان . لە ئایەتێکی سورەتی ئەحزاب دا هاتووە " ئەی پێغەمبەر ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی خاوەن باوەڕان حاڵی بکە، با خۆیان بەچارشێوەکانیان داپۆشن، ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوەی بناسرێن و ئازار نەدرێن . خودا لە خەتا دەبورێ و دلۆڤانە" تێگەیشتنی دەقاو دەق بۆ ئەم ئایەتە ئەوەیە کە ژنان بۆئەوەی ئازار نەدرێن دەبێ چارشێو بپۆشن، کەچی تێگەیشتن لە میانی چەمکەکان بۆ ئەم ئایەتە لە وێستگەی چەمکی مافەکانەوە دەست پێدەکات: واتە، ئەوەی لە ئایەتەکەدا هاتووە چەمکی مافە . تیگەیشتن بەڕێبازی چەمگەرایی، دابینکردنی مافەکانی ژنە، نەك چارشێو و بەبەردەوامی بۆ دیوار و بۆ پاراستنی ژن!(٤١٢) ئەمەش نمونەیەکی دیکەی دووبارە لێکدانەوە و سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی قورئانە کە خۆرئاواخوازانی عەلمانی بانگەشەی بۆ دەکەن !

---

(٤١١) بەسیاسی کردنی ئیسلام-شێرکۆ کرمانج -ل٢٢٦-٢٢٩ .

(٤١٢) بەسیاسی کردنی ئیسلام-شێرکۆ کرمانج -ل٢٢٦-٢٢٩ .

حیجاب جگەلەوەی بۆ پارێزگاریکردنی شکۆی ئافرەتە، لەهەمانکات بۆ ڕێگریکردنی بەکاڵاکردنیەتی، وەك پارێزەری ئەخلاق و ڕەوشتی تاك و خێزا و باقی کۆمەڵگایە بەگشتی، لەگەڵ هەموو ئەوانەش حیجاب فەرمانێکی خودایە و بۆ هەرئامانجێك و بەهەر بەمەستێك بێت، دەبێت ئافرەتانی موسڵمان پابەندبن پێوەی، هیچ پاساوێکیش نیە بۆ تەئویلکردنی، چ جای ئەوەی ئەو تەئویلکردنە بۆ ملکەچ کردنی دەقێکی قورئارنی بێت بۆ یاسایەکی عەلمانی بە ئامانجی گونجاندنی بێـت لەگەڵ شێوازی ژیانی خۆرئاوایی دا .

ئەم نوسەرە نوێخوازە تەنها ئەو دوو ئایەتەی بەم شێوازە تازە و مۆدێرنە بۆ ڕاڤە کردوین ! خۆ ئەگەر بهاتبا و ئەو ئایەتانەی کە باس لە نوێژ و ڕۆژو ....هتد، بۆ تەفسیر بکردباین، پێ ئەچێ ڕاڤەگەلی سەیر و سەمەرەی زۆر و زەوەندی دیکەمان بەرچاو کەوتبا .

لەوانەیە لەڕاڤەی ئایەتی فەرزکردنی نوێژدا، گوتبای نوێژ بۆ یادکردنەوەی خودایە، وەلێ باشتروایە موسڵمانان لەبری بە نوێژ یادی خودابکەن، بچن لەنێو باخچەیەکدا دیقەت لە گوڵێك بگرن و فیکر لەچۆنیەتی دروستبوونی بکەنەوە، تاوەکو خودایان وەبیر دێتەوە و ئیدی دەتوانن بۆ هەمووکات و هەر بەوچەشنە یادی خودا بکەن و لەوەودواش پێویست ناکات نوێژ بخوێنن ! یاخود لەوانەیە لە تەفسیری ئایەتی فەرزکردنی ڕۆژوودا گوتبای ڕۆژوو بۆ ئەوەیە کە هەژاران وەبیری خەڵکی بکەونەوە تا خێرێکیان پێبکەن، جا با هەر موسڵمانە و لەو مانگەدا هەندێ خێروخێرات بکەن و ئیدی قەیدی نییە و هیچ پێویست ناکات سی دانە ڕۆژ خۆی برسی بکات ! هەڵبەت لە دووبارە تەفسیرکردنەوەی ئایەتەکانی حەرامی زینا و عەرەق و سوو، دەبی بڵێین خودا ڕەحم بکات .

بەپێی ئەم لێکدانەوای شێرکۆ و هاشم و ئارگۆن و عەفیف و باقی عەلمانیەکانی دیکە بێت، کەوا قورئان بۆ ئاگادارکردنەوەی مرڤە لەوەی کە سزای دز بدات و مافی ئافرەت بدات بەپێی ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤەکان لەهەر زەمەنێکدا تێی دا دەژین، ئەوا هەر لە بنەڕەتەوە پێویست نەبووە کە خودا قورئان بۆ مرۆڤایەتی دابەزێنێت . چوون گەر بگەڕێنەوە بۆ مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی، لە چەندین قوناغی ئەو مێژووەدا چاومان بە یاساگەلێك دەکەوێت کە بەرلە هاتنی ئیسلام و لەلایەن گەلانی شارستانیەکانی بابلی(یاسای حامورابی)، لەلای مەنغۆلیەکان(یاسای

جەنگیزخان)، لای یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکانیش یاسای داڕێژاوی تایبەت بەخۆیان هەبووە . هەرکام لەو یاسایانەش دزیکردن و ستەمیان بەخراپە وەسف کردووە و سزادانی تاوانکارانیشیان پێویستکردووە . لەهەرکام لەو یاسایانەدا باس لە مافی مرۆڤ و لەو نێوەشدا بەجۆرێك باس لە مافی ئافرەت کراوە و جەخت لەسەر پارێزگاریکردنی کراوەتەوە، هاوکات چەندین بنەما و پرەنسیپیان بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان داڕشتووە و ژیانی خۆیانیان پێ مودارا کردووە . بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی ئیسلام بۆ لەکارخستن و وەلاوەنان و ڕەشکردنەوەی گشت یاسا و ڕێسا دەستکردوو هەروەها ئاینە تەحریفکراوەکانی پێش خۆیەتی، لەهەمانکات بۆ ڕەتکردنەوە و ڕەفزکردنی تێکڕای هەڵسەنگاندن و پێوەرە مرۆڤکردەکانە، هاوکات بۆ جێگرتنەوەشی بەپێوەرەکانی ئیسلام و کارپێکردنیانە لەتەواوی کاروبارەکانی ژیان و لە تێکڕای سەردەمە جیازازەکانی ژیانی مرۆڤەکاندا، ئەویش هەر بەو شکڵەی کە بۆخۆیی و لەنێوەرۆکی واتای ئایەتەکانی دا ڕێنمایی و بڕیارو پێوەرەکانی خۆیی خستۆتە پێشچاوی مرڤەکان، واتا بەوشێوەیەی کە پێغەمبەر(ص) ڕای گەیاند، بەهەمان تێگەیشتنەکانی سەلەف . کە هەر مرۆڤێکی حەقخواز بەڕوونی دەرکی دەکات .

هاوشان لەگەڵ پەسەندکردنی قورئان، پەسەندکردنی پێغەمبەر(ص) وەك پێشەوا و بەڕاست دانانی فەرموودەکانی و پێڕەویکردنی، دووەمین مەرجی ئیسلام بوونە . لەحاڵێکداو عەلمانیەکان ڕەفزی دەکەن و گومان دەخەنە سەر حەقیقەتی تێکڕای ئەو فەرمودانە و ڕەتی دەکەنەوە . تابەم شێوەیە تەواوی عەقیدە و شەریعەتی ئیسلامی بلەرزێنن، دواتریش گشت زانستی ئیسلامی وەلاوە نێن .

لێرەدا ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە پرۆژەی نوێگەری و تازەکردنەوەی ئایینی، پیلانیکە بۆ داڕماندنی ئیسلام و خودی بیرۆکەکەش هەڵقوڵاوی خۆرئاوایە و لەدەرەوە هەناردەی جیهانی ئیسلامی کراوە . لەمەشیاندا، واتا لەو نوێگەرییەی کە عەلمانیەکان بانگەشەی بۆدەکەن، کایە و بوارەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤەکانی ڕۆژهەڵاتیان فەرامۆشکردووە و تەنها مەستیان ئایینی ئیسلامەو بەس، تەنها مەبەستیان عەلمەنەکردنی ئیسلام و بەخۆرئاوایی کردنی ژیانی موسڵمان و بەپاشکۆکردنی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتیە بۆ ژیاری خۆرئاوایی .

ئەم خواستی بەخۆرئاواییەکردنە قەیرانی قوڵی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی خولقاندوە، بەهۆی هاوردەکردنی هەر فیکر و ئایدیۆلۆژیا و باوەڕێك کە خۆرئاوایی بێت، یاخود هاوردەکردنی یاسا و ڕێساکانیان، یان کلتور و داب و نەریتەکانیان و بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانیان لەنێو گەلانی ڕۆژهەڵاتی، دواجار داسەپاندنیان بەهۆی هێزوبازوی دەوڵەت .

## گرفتی خۆرئاواخوازانی عەلمانی لەهەمبەر حەقیقەتی ژیاری خۆرئاوادا :

ڕاشکاوانەتر بڵێین کەمینەی عەلمانی خۆرهەڵاتی، لەبری کرۆك و جەوهەری شارستانیەتی خۆرئاوا کەخۆی لە زانست و تەکنۆلۆژیا و داهێنانەکانیدا دەبینێتەوە، سیماو ڕوخساری دەرەوەی ئەو شارستانیەتە سەرسام و مەدهۆشی کردوون . وەك تەنها ڕوکاری دەرەوەی ئەو ژیارە دەبینن، واتا شێوازی ژیانی مادیگەرایی و ڕۆچوون لەسەرف کاری، هەروەها ڕازاندنەوەی بەرگ و پۆشاك و هەندێك جوانکاری بیناسازی و شەقام و شوێنە گشتیەکان، لەگەل دروشم و بانگەشە زرق و برقەکانیان لە نمونەی ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ ! سەرسامن بەیاسا و دەستورە لادینی و فیکر و فەلسە و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازە فرە و هەمەچەشنەکانیان، بۆیە بەپێوەر و پێوانەی خۆرئاوایی، هەر بیر و باوەڕ و کردار و ڕەفتارێك دەکێشن و هەڵیدەسەنگێنن، ئەوجا پەسەند یاخود ڕەفزی دەکەن . بەواتایەکی دی گوفتار و ڕەفتار و ئایین و کلتوری مرۆڤی خۆرهەڵاتی بە پێوانەکانی خۆرئاوا دەکێشن و گەر لەگەڵ بنەما و باوەڕە خۆرئاواییەکان هاتەوە، ئەوا بەشیاوی دادەنێن، گەر لەحاڵێکدا و لاسەنگ دەرچوو، واتا ناتەبا و دژبوو لەگەڵ ئەوی خۆرئاوایی دا، ڕەتی دەکەنەوە و بە ناپەسەند و ناشیاو هەژماری دەکەن ! تەنانەت گەر ئەوە دەقی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەر(ص) و ڕەوشتی هاوەڵانی بێت !

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر دید و تێڕوانینێکی کەمینەی عەلمانی خۆرهەڵاتی لەهەمبەر هەر کایە و بوارێکی ژیان هەڵسەنگێنین، زۆر بەڕوونی بۆمان ئاشکرادەبێت لەهەمان بیرو بۆچوونەکانی خۆرئاواوە سەرچاوەی گرتووە، وەلێ عەلمانیەکانی خۆرهەڵات هەوڵدەدەن کت ومت وەك خۆی لە خۆرهەڵات کۆپی بکەنەوە ! ئەویش بەبێ هیچ جۆرە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێك، بەبێ پلان، بەم شێوەیە دەیسەپێنن . هەر ئەم ڕواڵەت بینییەی عەلمانیەکانە کەوای لێکردوون حەقیقەتی پێشکەوتنی ژیاری خۆرئاوایی بە ئاوەژوویی ببینن، دەرکی هۆکارە جەوهەرییەکانی

پێشکەوتنی زانستی ئەو شارستانیەتە نەکەن و لایەنە باش و بەسوودەکانی نەناسن، لەهەمانکات لایەنە خراب و زیانمەندەکانیشی دەرك پیێ نەکەن . ئەم نەزانی و ناشارەزاییەش وای لێکردوون کە بە سیما و ڕوخسارە باق و بریقەکەی خۆرئاوا فریوبخۆن و هەوڵی هاوردەکردنی ئەو شێوە ژیان خۆرئاواییە، واتا ئەو چەشنە ئەفکار و بیر وباروەڕە خۆرئاواییانە، لەگەڵ ئەو چەشنە کردار و ڕەفتارانە هاوردەبکەن و بەنێو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوی بکەنەوە و تەشەنەی پیێ بدەن، لەهەمانکات کار دەکەن بۆئەوەی بیکەنە بەدیل و جێگرەوەی بیرکردنەوە و ڕەوشتی ئیسلامیانە .

ئەم تێگەیشتنە سەقەتەی عەلمانیەکان لەهەمبەر پێشکەوتنی خۆرئاوا و موعجیب بونیان پیێی، وای لێکردوون کە پەلاماری بیر و باوەڕ و سیما و شێوازی ژیانی ئیسلامی بدەن و هەوڵی دارماندن و ڕامالێینی بدەن، لەهەمانکات باوەڕ و بەها خۆرئاواییەکان و شێوازی ژیانی ئەوان لەسەر زەمینی ڕۆژهەڵاتی موتووربە بکەن و بیڕوێنن !

پاش شکستی ئیستعمار و گەڕانەوەی، هاوکات لەگەڵ بەدەسەلاتگەیشتنی کەمینەی عەلمانی خۆرهەڵاتی، هەمووئەو ڕاستیانە بەڕوون و ئاشکرایی دەبینین کە چۆن ئەم دەسەڵاتە عەلمانیانەی ڕۆژهەڵات لەژێر نێوو دروشمی  پێشکەوتنخوازیدا هەوڵی وەلانانی هێجگاری دەقە قورئانیەکان و هەر ئەحکامێکی شەریعەتی ئیسلامی لەنێو دەستوور و لەهەمانکات جێگرتنەوەشی بە یاسای عەلمانی هاوردەکراوی خرۆئاوایی دەدەن ! یاخود بەنێوی ئازادی فیکرەو باوەڕەوە خەریکی هێنانی گشت فیکر و فەلسەفە وئایدیۆلۆژیا خۆرئاواییەکانن، بەنێوی ئازادی تاکەکەسییەوە هەوڵی ڕەوج پێدانی ڕەفتارو ئەدکارە بەدە خۆرئاواییەکانی لەبابەت تێکەڵی دوو ڕەگەز و پێوەندی ناباوی نێوانیان، هەروەها کردنەوەی باڕ و نادی و تیاترۆ و ....هتد، لەگەڵ پەرەپێدانی ئامرازە ورووژێنەرەکان دەدان . لەهەمانکات دژیەتی تەواوی داب و نەریت و گشت قییەم و بەها باڵا ئیسلامیەکان دەکەن و بە کۆنەپەرستی و دواکەوتوو خوازی وەسفیان دەکەن ! ئەم کارو کردەوەو پڕوپاگەندانەی عەلمانیەکان بوونەتە دیاردە لەنێو جیهانی ئیسلامی و بەبەردەوامی و لەلایەن ئەو کەمینە دەسەڵاتدارە خۆرئاواخوازەوە، دووبارە و چەندین بارە دەکرێنەوە .گوایا بەم جۆرە پێشدەکەوین و لە دواکەوتوویی ڕزگارمان دەبێت !

کەواتە کێشەکە خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە خۆرئاواخوازان شێوازی بیانیان بەکارهێناوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو کەسانە نەیانزانی چۆن بەکاری بهێنن، یاخود لەشوێنی دروستی خۆی بەکاری بهێنن، وەك نەیانتوانی سەرکەوتووبن لە پێشخستنی هەستێکی بەهێز بۆئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان ئەوەی دروستە و ئەوەشی کە نادروستە، پاشان هەڵبژاردنی بەهەمهێنەرێکی شارستانی بەسوودیان لەدەست دەرچوو، بۆیە لەبری ئەوە نمایشێکی پەسەند نەکراوی ئەو شارستانیەتەیان بۆ کۆمەڵگاکەیان خواست، بەرهەمەکەش زیانبەخش بوو، تەنانەت بکوژ بوو.(٤١٣) لەو شتە بەگوماناویانەی کەسە ڕۆژئاواییەکانمان لەگەڵ خۆیان بۆ وولاتەکەیان دەیهێننەوە، جۆرەها هزری (شۆڕشگێڕی) و بەرنامەی چاکسازی، لەگەڵ ئاینزای (ڕزگارکەر) بەشێوەیەکیش باسی دەکەن گوایا چارەی هەموو کێشەیەکە!(٤١٤) لەحاڵێکدا نەك هیچ یەکێك لەو پڕۆژانە چارەی گرفت و قەیرانەکانی گەلانی خۆرهەڵاتی نەکردووە، بەڵکوو هەریەکێك لەوانەبۆخۆیان بوونەتەگرفت بۆ خۆرهەڵات و گەلانی موسڵمانی، ئەمەش بەهۆی نامۆیی ئەو فیکر و ئایدیۆلۆژیا و باوەڕانە بەخۆرهەڵات و نەگونجانی لەگەڵ خەڵکانی ناوچەکە و تەنانەت ناتەبابوونی لەگەڵ تێگەیشتن و ناکۆك بوونی لەگەڵ ڕەوشت و شێوازی ژیانیان، لەهەموشی سەربارتر دژی ئیسلام و عەقیدە و شەریعەتەکەی دەوەستنەوە کە ئاینی گەلانی ناوچەکەیە .

ئەم دەرەنجامە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە عەلمانیەت وەك فیکر و ئایدیۆلۆژیا خۆرئاواییە و دەرهاویشتەی قەیرانەکانی ئەو کۆمەڵگایە و گرفتە هەمەچەشنەکانیەتی، کاردانەوەیەکی عەقڵی دونیاخوازی مرۆڤی خۆرئاوایی لەبەرامبەر قیامەتخوازی مەسیحییەت، کە لەو دەمانەدا و لە خۆرئاوا ئەم ئاینە تەنها بایەخی بەڕۆح و پاشەڕۆژی مرۆڤەکان دەداو ڕەتی گرنگی دان بە دوونیا و خۆشیەکانی ژیانی سەر زەمینی ئەمێستای مرۆڤی دەکردەوە، هاوکات دژی زانست و زانایان و ئازادی بیروڕا و مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان مرۆ وەستابوویەوە،

---

(٤١٣)کۆمەڵگای سەربازی-ستار باقی کەریم-ل٧٨ .

(٤١٤) هەمان سەرچاوە-ل٧٨ .

لەهەمانکات قۆرخی تەواوی کاروبارو چالاکییەکانی مرڤی خۆرئاوای کردبوو . عەلمانیەت وەك ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو بارە ناهەموارە و لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی خۆرئاواییەوە پێشنیارکرا، هەروەك کە ئایینی مەسیحی لە گرنگی دان بە ڕۆح و ئاخیرەتخوازی زیادەڕەوی کرد و ژیانی دونیای فەرامۆش کردو قەیرانی ماددیگەرایی خولقاند، عەلمانیەتیش بەهەمان شێوە لە بایەخدان بە ماددیگەرایی و ژیانی دونیا تەجاوزی کردوو مرۆڤی نوقمی نێو گرفتە ڕۆحی و دەروونیەکان کرد، تێکڕای قییەم و بەها و پێوەرە ئەخلاقیە ئایینی و مرۆییەکانی تێکشکاند، ئیدی خۆرئاوا لە گرفتارییەکەوە گواستیەوە بۆ گرفتارییەکی دی، لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دی . واتا هەر لە جیهانی خۆرئاوادا ئەم بیر و باوەڕە سەرکەوتوو نەبوو لەپێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئامانجداری خاوەن دامەزراوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کلتوری سەرکەوتوو، وەلێ توانی جەبەروتی پاپا وپیاوانی ئایینی و کڵێسا دوایی پێ بێنێت .

لەڕۆژهەڵات ڕەوشەکە تەواو پێچەوانە بوو بەهۆی بوونی ئایینێکی پارێزراوی خاوەن سیستمێکی فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری تۆکمە، کە لەسەر عەقیدەیەکی دروست و گونجاو لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ و سروشتی ژیانی، دامەزراوە . هاوکات خاوەنی شەریعەت و یاسا و ڕێسایەکی گشتگیر و شاملە کە تێکڕای بوارەکانی ژیانی مرڤی بە شکڵێکی گونجاو و هەماهەنگ ڕێکخستووە، چەندین سەدەیە گەلانی ناوچەکە پێڕەوی دەکەن . هەربۆیەش لەگەڵ هێنان و داسەپاندنی عەلمانیەت بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، جەنگ و ململانێی گشتگیر و هەمەلایەن لەنێوان ئەم دوو سیستمەدا بەرپا بوو . دەرگیربوونی باوەڕی عەلمانیەت لەگەڵ عەقیدەی ئیسلام، یاسای عەلمانیەت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام، سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عەلمانیەت لەگەڵ سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیسلامی، هەروەها ڕۆشنبیری و کلتوری عەلمانیەت لەگەڵ ڕۆشنبیری و کلتوری ئیسلامی کە لەمڕۆیدا لە ترۆپکی جەنگ و ململانێدایە لەگەڵی .

بەتێڕوانین لەم دەرەنجامانە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی عەلمانیەت لە خۆرئاوا بویە هۆی ڕزگار بوونی گەلانی خۆرئاوایی لە ستەمکاری کڵێسا، وەلێ هاوردەکردنی ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت بۆ ڕۆژهەڵات و داسەپاندنی بەزەبری هێز بەسەر گەلانی ئیسلامی، بۆخۆی بوویە قەیران بۆ

ناوچەکە . چوون هیچ پاساو و بیانوویەك لە ئارادا نەبوو بۆ وەلانانی ئاینی ئیسلام و جیاکردنەوەی لە دەوڵەت و لەکارخستنی شەریعەتەکەیی و دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی لە ژیانی گەلانی موسڵمان، ئەمە جگەلەوەی کە ئەم ئاینە خاوەنی مێژوویەکی درەوشاوەیە و چەندین سەدەیە تاقانە فەرمانڕەوای ڕۆژهەڵاتە و باوەڕەکانی بەقوڵی ڕەگاژۆ بۆتە نێو دڵ و دەرونی مرۆڤەکانی ناوچەکە . واتا گەلانی ڕۆژهەڵاتی، دار و نەداریان ئیسلامە و بێ ئەم ئاینە بوونیان نییە، چوون لە سایەی ئیسلام و بەهۆی ئەم ئاینەوە بوو توانیان گەورەترین و مەزنترین دەولەت و خیلافەت بونیات بنێن حوکمڕانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی بکەن ، هەروەها شارستانیەتەکانی عەباسی کە زانست و پێشکەوتنی لەبەرزترین ئاست دا بوو لەو زەمەنەدا، شارستانیەتی ئەندەلوسی کە بەشێك لە مێژوو نووسانی خۆرئاوایی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە لەڕێگای ئەندەلوسەوە زانست و زانیاری بەخۆرئاوای سەدە تاریکەکانی نێوەڕاست گەیشتووە و ڕوناکی کردۆتەوە و سودێکی فرەیان لێ وەرگرتووە لە بونیاتنانی ئەم ژیارەی ئێستایان . واتا لە ئیسلام دا هەمیشە عەقڵ پێگەی شیاوی خۆیی پێ دراوە و ئەم ئاینە بەردەوام بەچاوی شکۆمەندییەوە لە زانست و زانایانی ڕوانیوە و هانی زانستخوازی داوە . هاوکات لە ماوەی چواردە سەدەی باڵادەستی ئەم ئاینە بەسەر گەلانی ڕۆژهەڵاتی دا، مەزنترین دەسەڵاتی بۆ ئوممەتی ئیسلامی پێکهینا کە تائەمرۆشی لەگەڵ بێت موسڵمانان شانازی بەو مێژووەوە دەکەن، لەسایەی خیلافەتی ئیسلامیدا خاوەنی بڕیاربوون لەسەر ئاستی جیهان، وەلێ لەگەڵ داخل بوونی عەلمانیەت بۆ نێو جیهانی ئیسلامی، یەکەمین شت کە موسڵمانان لەدەستیاندا، دەسەڵات و پلەو پایە جیهانیەکەیان و دواتر لەلایەن ئیستعمارەوە و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان زیاتر لە پەنجا دەوڵەتۆکەی عەلمانیان لە ناوچەکەدا قوت کردەوە، کە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش خاوەنی هیچ سەنگ و قورساییەك نین و زیاتر پاشکۆی خۆرئاوا و ملکەچی ویستەکانی ئەوانن .

بەم چەشنە عەلمانیەت لە ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی ئیسلام بۆتەوە و لەپاشی سەدەیەك لە هێرشی هەمەلایەنەی سەربازی و فیکری و ....هتد، نەیتوانیوە لەم ناوچەیەدا جێگا بە ئیسلام لێژبکات وعەقیدەکەی بلەرزێنێت، یاخود شەریعەتەکەی لێکهەڵوەشێنێتەوە، یاخودسەرچاوەکانی تەحریف بکات، هەروەك کە نەشی توانی شێوازی ژیانی موسڵمانانەی کۆمەڵگای ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی تێکوپێکبدات و لەبری ئەویش شێوە ژیانی خۆرئاوایی بکاتە باو .

تاکە هۆکارێك کە عەلمانیەتی هێشتۆتەوە لە ناوچەکەدا، هەروەك کە ڕێگری چوونەوە سەر دەسەڵاتی ئیسلامە، خۆرئاوایە . کە هەر لە دەمی ئیستعمارەوە و بە بەردەوامی و تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت بەسەختی پشتیوانی لەم ئایدیۆلۆژیایە دەکات و زۆر شێلگیرانە پێداگری دەکات لەسەر داسەپاندنی بەسەر گەلانی موسڵماندا، دەبینین کە بەهۆی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نوسراو، لەگەڵ کۆمەکی ئابووری و لەهەموو هەموو ئەوانەش کاریگەرتر بە تانك و تۆپ و بە نوێترین چەکی بکوژی خۆی پشتیوانی لەم کەمینە عەلمانیە ڕۆژهەڵاتیە دەکات کە لەم ڕۆدا و بەهۆی خۆرئاواوە بوونەتە فەرمارەوای دەوڵەتانی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەیان بۆ خۆیان و گروپ و ڕێکخراو و پارتەکەیان قۆرخ کردووە و درێژە بە فەرمانڕەوایی ناشەرعیانەی خۆیان دەدەن تێی دا . ئەمەش وای کردووە کە بەدرێژای درووستبوونی ئەو وڵاتانە ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتن بەخۆوە نەبینن و بەردەوام کەمینەی عەلمانی خۆرئاواخواز لەگەڵ زۆرینەی نەتەوە موسڵمانەکەی خۆی دا لە جەنگ و ململانێدابێت و تەواوی سەروسامان و گشت تواناکانی ئەو گەلەش لەو پێناوەدا بەهەدەر بڕوات، هاوکات ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتیان ڕوو لە قەیرانی قوڵی هەمەلایەنە بکات .

## ئاشکرابوونی حەقیقەتی دروشمەکانی خۆرئاواخوازنی عەلمانی :

پاش تێپەڕینی سەدەیەك لە خۆسەپاندن و زەبروزەنگی عەلمانیەت و ژاوەژاوی نوێگەری پێشکەوتنخوازی و پڕوپاگەندەی ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ ودیموکراسی، ئەمجار حەقیقەتی گشت بیروباوەڕ و درووشم و بانگەشە ساختەکانیان بۆ گەلانی موسڵمانی ڕۆژهەڵات ئاشکرابوو، کە سەرجەمیان جگە لە وەهم و چەواشەکاری و فریودان چیدیکە نین . چوون هیچ کام لەو دەوڵەتە عەلمانیانە نەیانتوانی تاقە نموونەیەکی پێشکەوتنی زانستی پێشکەش بەگەلانی ڕۆژهەڵاتی بکەن، ئا لەوەی باسی دەکەن . ئەمە جگەلەوەی کە نەیانتوانی نموونەیەکی شیاوی ئەو ئازادی و یەکسانی و دیموکراسییەی کە پتر لە یەك سەدەیە بە شان و باهوی دا هەڵدەڵێن، پێشانی گەلانی ئیسلامی بدەن .

گەلانی موسڵمان لەسایەی دەسەڵاتی عەلمانیەکاندا لە دۆخێکی ناهەمواردا دەژین، کەمینەیەکی خۆرئاواخوازی دەستڕۆیشتوو قۆرخی دەسەڵاتی ئیعلامی و سیاسی و سەربازی و

ئابووریان کردووە و بوونەتە خاوەنی گشت ئیمتیاز و بەربژێرییەك، وەلێ باقی میللەت کە زۆرینەی هاوڵاتیانی وڵات پێکدێنن کەوتونەتە ژێرباری چەوساندنەوەی سیاسی، ئەمە جگەلەوەی لەژێرباری هەژارییەکی پڕوکێنەردا دەناڵێنن . بەدەست سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانیانەوەگیرۆدەن، کە ئەوانەش خۆیان لە بێکاری و نەبوونی یەکەی سەکەن و خراپی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و خراپی ڕەوشی ئەمنی و...هەروەها دواکەوتویی پەروەردە و زانست و.....هتد، دەبیننەوە . هەمیشەو بۆ دەستەبەرکردنی سەرەتاییترین پێویستی گەلەکانیان، ئەو دەوڵەت عەلمانیانەی ڕۆژهەڵات پەنا بۆ وڵاتانی خۆرئاوا دەبەن .

یەکێکی دی لەو دروشم و بانگەشانەی کە عەلمانیەکان بەبەردەوامی دووبارەی و سێ بارە و چەند بارەی دەکەنەوە و زۆر شانازی پێوە دەکەن (دیموکراسیەت)ە، ئەم بیرۆکە خۆرئاواییەی کە تائێستاشی لەگەڵ بێت بۆ یەك جاریش وەك خۆیی و بەڕاست و دروستی نەیان توانیوە جێبەجێی بکەن بیکەنە کردار لەسەر ئەرزی واقیع، ئیدی دیموکراسیەکەشیان هەروەك دروشم و بانگەشەکانی دیکەیان تەنها لەسەر زاریان و لەسەر شاشەی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیەکان و لە پەخشی ڕادیۆ و لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا دەبینرێت و دەبیسترێت، وەگەرنا بەکرداری و لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نییەو سەرجەمی حکومەتە عەلمانیەکانی ڕۆژهەڵات بە سێ شێواز و ڕێگا و بە بەکاربردنی چەند هۆکار و لە ڕێگای بەکاربردنی چەند ئامرازێکەوە دەسەڵاتیان وەچنگ خستووە . کە ئەوانیش لەڕێی داگیرکردنی بیانی، واتا بەهۆی ئیستعماری خۆرئاوایی، کە لەپاش داگیرکردنی خۆرهەڵات و پێکهێنان و دروستکردنی ئەو دەوڵەتانە، کورسی فەرمانڕەواییان ڕادەستی کەمینەی عەلمانی کردوو بۆخۆشیان پشتیوانینان لێ کردن، تورکیا و میسریش زەقترین نموونەی دیاری ئەو پرۆسەیەن . ڕێگای دووەمیش کودەتای سەربازیی و زەوتکردنی دەسەڵاتە لە گەلانی ئەو وڵاتانە، هەڵبەت ئەوەش هەر بە کۆمەك و پشتیوانی خۆرئاوایی دەبێت . لەو وڵاتانەش کە عەلمانیەکان بەهۆی کودەتاوە دەسەڵاتیان لەگەلەکانیان زەوتکردووە، بریتین لەجەزائیر و پاکستان و فەلەستین و سوریا و مۆریتانیا و میسر و.....هتد . ڕێگای سێەمیش کە هەر لەلایەن عەلمانیەکانەوە بەکاربراوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و چوونە سەر کورسی فەرمانڕوایی، فریودان و تەزویر و ساختەکاری و ترس و تۆقاندنە، کە گروپ و ڕێکخراو و پارتە عەلمانیەکان لە هەرکام لە وڵاتانی ئیسلامی ناچار بووبن پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و

کورسی فەرمانڕەوایی وڵات بخەن دەنگدانەوە، ئەوا تا ئەو جێیە پابەندبوون بە ڕێزگرتنی دیموکراسیەت و پارێزگاریکردنی پاکیەتی هەڵبژاردن و نرخاندنی دەنگی میللەتەوە کە دڵنیابووبن لەوەی کە هەر بۆخۆیان زۆرینەی دەنگەکانی گەل دەبەنەوە و سەرکەوتن مسۆگەر دەکەنەوەو حکومەتیان لەکیس ناچێ، وەلێ ئەگەر گومانی شکست و دۆڕاندنیان هەبووبێ، ئەوا ئیدی شتێك لەگۆڕێدا نامێنێت بەنێوی ئازادی و دیموکراسییەوە و بڕیاری گەل ژێرپێ دەنرێ و لەبری ئەویش تەزویر و ساختەکاری دەبێتە دیموکراسی ! خۆ ئەگەر لە حاڵێکیشدا و ئەم پیلانەش سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا کودەتای سەربازی و کوشتار و تۆقاندن و خوێنڕێژی و زەوتکردنی دەسەڵات و داگیرکردنی کورسی حکومڕانی و خۆسەپاندن دەبێتە دوا نموونە و کۆتا مۆدێلی دیموکراسی لای عەلمانیەکان لەپێناو چوونەوە سەردەسەڵات و وەرگرتنەوەی حوکم ! کودەتاکەی عەلمانیەکانی میسر و فەلەستین و پاکستا و....هتد، باشترین نموونەی نزیك و لەپێش چاون لەوبارەیەوە .

ئەو بانگەشانەی کە خۆرئاواخوازان دەربارەیی عەلمانیەت کردیان، وەك دەیانگوت گوایا عەلمانیەت واتا پێکەوە ژیان و یەکدی قبوڵکردن، یان عەلمانیەت واتا ڕێزگرتنی ئایینەکان و دەستەبەرکردنی ئازادی پەرستن، یاخود عەلمانیەت واتا مەیسەرکردنی ئازادی بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤ و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان، حەقیقەتی ئەم دروشم و پاگەندانە بەکرداری لەماوەی سەدەیەك فەرمانڕەوای عەلمانیەکانی ڕۆژهەڵات بەدیارکەوتن، بەکرداری و لەماوەی ئەزموونی دەسەڵاتداریان چەندین نموونەی دزێوی حوکمڕانیان پێشاندا کە لە مێژووی ناوچەکەدا و لەماوەی چواردەسەدەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا شتی وای بەخۆوە نەدیوە لە دڕندەیی و زۆرداری دا، ڕاوەدونان و گرتن و کوشتن و خنکاندنی دەنگە جیاوازەکان سیمای هەرەدیاری گشت ئەو حکومەتە عەلمانیانەی ناوچەکەن، هەروەك چەساندنەوەی ئایینی و دژایەتی کردنی ئایینداران و کۆسپ و لەمپەر دروستکردن لەپێش کار و چالاکییەکانیان بووە پیشەی هەمیشەیی دەسەڵاتدارانی عەلمانی، بەڕادەیەك کە مودمین بوون لەسەری و خویان پێوە گرتبوو . هەروەك ئیستاش درێژەی هەیە .

ئەم شێوازی دەوڵەتداری و فەرمانڕەوایی کردنەش وەنەبێ تەنها لای عەلمانیەکانی ڕۆژهەڵات باوبێ، بەڵکو لە خۆرئاواش هەمان نەزم و شێوازی حوکم بەرقەرارە و ستەمکاری ئایینی و سیاسی بوونی هەیە، وەلێ بەدەمامکێکی جیاواز لەوی ڕۆژهەڵاتی، وەك لە فەرەنسا دەبینین حیجاب و ڕدێن و لە سویسرا منارەی مزگەوت و لە تورکیا هەمان شت یاساغ دەکەن . هەروەها دەسەڵات تەنها بۆ عەلمانیە لیبراڵیەکانە و ئازادیش تەنها بۆ پیاوی سپی پێستی مەسیحییە، نموونەش لەو ئەزموونە عەلمانیانەی خۆرئاوا و لەدیارترینیان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، تیایدا دووپارتی عەلمانی (دیموکراتەکان-کۆماریەکان) قۆرخی دەسەڵاتیانکردووە و بۆ چەندین دەیەیە ئەو وڵاتە لەلایەن ئەو دووپارتەوە بەڕێوە دەبرێت، وەك نۆرەکردن، کە هەرجارە و یەکێکیان بەپێی ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجامی دەدەن کورسی دەسەڵات وەردەگرن . ئیدی هیچ پارتێکی دی تا ئەمێستاشی لەگەڵ بێت لەو وڵاتە و بۆ تەنها جارێکیش دەسەڵاتی بەدەستەوە نەگرتووە ! هۆکاری سەرکەوتنی هەریەکە لەو پارتانەش لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا وەستاوە لەسەر ڕادەی زۆر و زەوەندی سەرمایەی پارتەکە و بڕی ئەو دراوەی کە لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی چەواشەکاری سەرفی دەکات لەگەڵ زۆری و کارایی دامەزراوە ئیعلامیەکانی لە هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندە و فریواندن . واتا هەرکام لەو پارتانە توانیان بە بەکارهێنانی ئەو داودەزگایان سەرنجی زۆرترین ژمارەیی هاوڵاتیان بەلای خۆیدا کەمەندکێش بکات، ئەوا براوەی پرۆسەی هەڵبژاردن، خۆیەتی ! بەواتایەکی دی هەر پارتێك لەڕووی داراییەوە هەژاربێت و ماشێنی پڕوپاگەندەی لاوازبێت، ئەوا دۆڕاوی پرۆسەکە دەبێت !

لە بەریتانیاش هەمان ڕەوش بەرقەرارەو دووپارتیی عەلمانیی (کرێکاران-پارێزکاران) هەرجارە و یەکێکیان کورسی دەسەڵات وەردەگرێت و وڵات بەڕێوە دەبات، ئیدی نێو و نێوبانگی هیچ گروپ و پارتێکی دی لە ئارادا نییە ! و لە باقی وڵاتانی دیکەش هەمان ڕەوش بۆتە باو و بەرقەرارە .

لەم حاڵەدا و لەوەها پرۆسەیەکی هەڵبژاردن و دیموکراسیدا، هەر کەسێك یاخود هەر پارتێك کە خاوەنی سەرمایەی فرەو و دامەزراوەی ڕاگەیاندنی کارا بێت، دەتوانێت ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بباتەوە، وەلێ ئەگەر هەر کەس و لایەنێك خاوەنی سەرمایە و ڕاگەیاندی کارا نەبێت، دەبێتە دۆڕاوی هەڵبژادنەکان . چوون وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا لە کۆمەڵگای خۆرئاوایی دا دراو

و ڕاگەیاندن بڕیار دەدەن کێ ببێتە فەرمانڕەوا، واتا ئەوەی خاوەنی ئەو دوو ئامرازە گرنگ و کارایە نەبێت، ئەوا هەرگیز کورسی فەرمانڕەوایی نابێنێت . هەر بۆیەش عەلمانیەکانی خۆرئاوا ئازادی ڕەهایان داوەتە گشت کەس و لایەنێك بۆ خۆکاندید کردن، وەلێ بۆخۆیان جڵەوی پرۆسەکەیان بەدەستەوە گرتووە، کە ئەوانیش دراو و ڕاگەیاندنە . هاوکات عەلمانیەکات ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەتیان چەسپاندووە و ڕێگا بە گەڵاڵەبوون و سەرهەڵدانی هیچ بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکی دیکە نادەن، ئەگەر لە حاڵێکداو پارتێك بەنێوی ئایینی یاخود بەباوەڕێکی ناعەلمانی سەرهەڵبدا و داخڵی نێو پرۆسەی هەڵبژاردن ببێت، خوانەخواستە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەوا هەرگیز لەنێو ئەو سیتمە عەلمانیەدا جێی نابێتەوە و ناتوانێت تەنها یەك بەندی ئایین و بیر و باوەڕەکەی جێبەجێ بکات، یان هەر خودی عەلمانیەکان ڕێگای وەها کارێکی پێ نادەن، نموونەی نزیك و زیندووش سەرکەوتنی ئیسلامیەکا لە تونس و میسر و تورکیا و...هتد، سەباری ئەوەی نەیانتوانی شەریعەتی ئیسلامی بچەسپێنن، لەهەمانکات ناچارکران پێڕەوی لە یاسا و ڕێساکانی عەلمانیەت بکەن !

لەخۆرئاوای دیموکراسی دا تەنها کەسانی عەلمانی سپی پێست بۆیان هەیە مومارەسەی چالاکی سیاسەتوانی و دەوڵەتڕانی بکەن، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە لەدرێژایی مێژووی ئەو دەوڵەتە خۆرئاواییانە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت جگە لە کەسانی عەلمانی سپی پێستی مەسیحی خۆرئاوایی، هیچ کەسایەتیەکی دی وەك موسڵمان و هندۆسی و بوزی ،...هتد، هەروەها هیچ کەسایەتیەکی دی لە ڕەگەزەکانی ڕەش و زەرد و سوور و..زهتد، نەبوونەتە سەرۆك کۆمار یان سەرەك وەزیری یەکێك لەو وڵاتە خۆرئاواییانە ! لەحاڵێکدا و هەر لەو دەوڵەتە خۆرئاواییانە لاف و گەزافی ئازدی و یەکسانی و دیموکراسی لێدەدەن ! سەرباری ئەوەش هەرکام لەو دەوڵەتە خۆرئاواییانە بگری بە ملیۆنان موسڵمان و هندۆسی و بوزی و...هتد، هەروەها چەندین ملیۆن لە نەژادەکانی ڕەش و زەرد و سووری تێدا دەژین . وەلێ ئازادی و دیموکراسی و مومارەسەکردنی چالاکی سیاسی، تەنها بۆ عەلمانی سپی پێستی مەسیحی خۆرئاواییە ! واتا باقی ئایین و ئایینزا و نەژادە جیاوازەکانی دیکەی نیشتەجێی خۆرئاوا، دەبێ پاشکۆ و شوێنکەوتەی ئەوان بن ! هەروەك خۆرئاوا لەسەر ئاستی جیهان و بەتایبەتیش لەهەمبەر موسڵمانان هەمان سیاسەت پێڕۆ دەکات . لە ڕۆژهەڵاتیش کەمینەی عەلمانی بەچاولێگەری و پاشکۆیەتی و پشتیوانی

خۆرئاوا، هەمان سیاسەتی فریواندن و چەواشەکاری پێڕۆدەکەن لەهەمبەر تەواوی ئایین و ئایینزا و نەتەوە جیاوازەکانی ناوچەکە و بەتایبەتیش لەبەرامبەر ئیسلام و ئیسلامخوازان .

لە ڕۆژهەڵات کەمینەی عەلمانی دەسەڵاتدار پاگەندەی دیموکراسی و پێکەوە ژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان دەکەن، هەروەها بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕێزگرتنی بڕیاری گەل دەکەن، گوایا دەبێت گەل بۆخۆی فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی خۆی دیاری بکات، هەرکاتیش بەپێویستی زانی لایاندات، ئەوا هەربۆخۆی و لە ڕێگای هەڵبژاردن و بە دەنگی خۆی لەسەر کورسی دەسەڵات بیانهێنێتە خوارەوە و لەسەر کار لایاندات ! ئەمەش بەمانای ئاڵوویرکردن و دەستاو دەست کردنی دەسەڵات . بەڵام کەمینەی عەلمانی لەماوەی یەك سەدەی ئەزموونی حوکمڕانیان سەلماندیان کە دیموکراسی و دەسەڵات هەر بۆ خودی خۆیانە و بەس . چوون لەوماوە زەمەنیەدا ولە هیچ کام لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی، بۆ تەنها جارێکیش لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتان ڕادەستی هیچ کەس و لایەنیك نەکردووە . واتا لەهەر پرۆسەیەگی هەڵبژاردندا کە لایەنی ئۆپۆزسیۆن زۆرینەی دەنگی گەلی مسۆگەر کردبێت، ئەوا کەمینەی عەلمانی دەسەڵأتدار کورسی حوکمڕانی تەسلیم بەلایەنی براوە نەکردووە، واتا ڕێزیان لە بڕیاری گەلانی خۆیان نەگرتووە و ڕاستگۆش نەبوون لەگەڵ ئەو دروشم وبانگەشانەی کە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکەن . لەحاڵێکدا و گەر لایەنی براوەی ئەو هەڵبژاردنانە ئیسلامییەکان بوونایە، ئەوا جگەلەوەی کە عەلمانیەکان کۆرسی حوکمڕانیان ڕادەست نەدەکردن و ددانیان بە بڕیاری گەل و سەرکەوتنی ئەواندا نەدەنا، هاوکات لێشاوی درۆ و تۆمەتیان بەسەردا دەباراندن، هاوشان لەگەڵ ڕاوەدونان گرتن و کوشتن و دواجار بە کودەتای سەربازی کۆتاییان بەهەموشتێك دەهێنا ! نموونەی ئەم هەڵوێست و کاروکردەوانەی عەلمانیەکان هێجگار زۆرن، چ لە ڕابردوو، چ لەمێستاشدا .

لەوانیش بۆ ووێنەو لەساڵی ١٩٩١، پاش سەرکەوتنی (بەرەی ئینقازی ئیسلامی جەزائیری) لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە و بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینەی گەلی جەزائیر، هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، عەلمانیەکانی ئەو وڵاتە بە پاڵپشتی فەرەنسا و دەوڵەتانی دیکەی خۆرئاوا، سوپایان جوڵاند و بەزەبری هێز دەسەڵاتیان لە گەل زەوتکردوو کۆتاییان بە دیموکراسیەت هێنا و،

بڕیاری گەلیان پشتگوێ خست.(٤١٥)

هەمان ڕووداو لە تورکیاش دووبارە بوویەوە، ئەوەبوو لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٧ پارتی (ڕەفای ئیسلامی) زۆرینەی دەنگی خەڵکی تورکیای مسۆگەرکرد و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، وەلێ عەلمانیەکانی ئەو وڵاتە ئەو ئەنجامەیان پێ قووت نەچوو، وەك گومانی تێدانیە کە خۆرئاواش بوونی ئیسلام و کیانی ئیسلامی پەسەند ناکات، ئیدی ئەمانیش هاوشێوەی عەلمانیەکانی جەزائیر و بەهۆی سوپا و بە زەبری هێز حکومەتی هەڵبژێردراوی گەلیان لەکار خست و بۆخۆیان دەسەڵاتیان داگیرکرد.(٤١٦) لە پاکستان و پاش سەرکەوتنی پارتی( ڕابیتەی ئیسلامی) لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە، لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات و پێکهێنانی حکومەت و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە بۆ ماوەیەکی کورت، عەلمانیەکان بەهاوکاری سوپاو بەپشتیوانی خۆرئاوا و لە ساڵی ١٩٩٩ کودەتایان ئەنجامدا و حکومەتیان هەڵوەشاندەوە.(٤١٧)

نموونەی نزیکیش لەو جەنگ و توندووتیژی و کودەتا یەك لەدوایەکانەی کە کەمینەی شکست خواردووی عەلمانیەکان بەبەردەوانی لە دژی نەیارەکانیان بەرپایان کردوون، هەردوو کودەتا سەربازییەکەی فەلەستین و میسرە .

لە فەلەستین پاش سەرکەوتنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦ ئەو وڵاتە، (بزوتنەوەی حەماسی ئیسلامی) دەسەڵاتی گرتە دەست . بەڵام دوای تێپەڕینی چەند مانگێك و لەلایەن بزوتنەوەی فەتحی عەلمانی شکست خواردوی نێو پرۆسەی هەڵبژاردن، لە ساڵی ٢٠٠٧ کودەتای بەسەردا کراو لە پاش ڕشتی خوێنی چەندان هەواداری ئەو پارتە ئیسلامییە، دەسەڵاتی لە خەڵکی فەلەستین زەوتکرد، کە تا ئەمرۆشی لەگەڵ بێت ئەو ڕەوشە بەردەوامی هەیە.(٤١٨)

---

(٣١٥) www.aljazeera.net .

(٣١٦) www.swissinfo.ch .

(٣١٧) www.aljazeera.net .

(٣١٨) Digitl.ahram.org .

زیندوترین نموونەی حاڵی حازریش، کودەتا خوێناوییەکەی عەلمانیەکانی میسرە کە لەهەمبەر (بزوتنەوەی برایانی موسڵمان-الیخوان المسلیمون) ئەنجامیاندا . ئەم پارتە ئیسلامیەش هەر وەك ئەوانی پێشوو لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ ی ئەو وولاتە زۆرینەی دەنگی گەلی میسری مسۆگەرکرد، بەڵام عەلمانیەکان ئەمجاریش هەر وەك ئەوانی پێشوو نەیانتوانی ڕێز لە بڕیاری گەل بگرن، وەك کە نەشیان توانی حورمەتی دیموکراسیەکەی خۆشیان بگرن، ئەوەبوو بەزەبری هێز و بە پاڵشتیی خۆرئاوا و لە پاشی قەسابخانەیەکی گەورە کە بۆ خەڵکی ئەو وولاتەیان بەرپایانکرد بوو، لە تۆڵەی ئەوەی کە دەنگیان بە ئیسلام و ئیسلامیەکان دابوو، حکومەتیان هەڵوەشاندەوە و زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی میسریان کوشت و بڕ و قەلەپاچە کرد و دەیان هەزاری دیشیان زایندانی کرد، دواتر بەپێی ئەو یاسایەی کە خۆیان باسی دەکەن ! (الیخوان المسلیمون)یان هەڵوەشاندەوە و سەرکردەکانیان زیندانی کردن و هەندێکیشیان مەحکوم بە ئیعدام کردن.(٤١٩) پاشتر دیمکراسیەتیشیان سەربڕی و بەوپەڕی بێ شەرمی و ڕوقایمیەوە دەسەڵاتی ئەو وولاتەیان زەوتکردو خۆیان داسەپاندەوە بەسەر گەلی میسری دا، خۆرئاوای دیموکراسخوازیش چاوی نوقاندبوو لە ئاست ئەو وەحشی گەریانەی بەرپایان کرد، دواتر بە هەڵبژاردنێکی ساختە و تەزویر شەرعیەتێکی درۆزنانەیان بە دەسەڵاتە سەربازییەکەی خۆیان بەخشییەوە و خۆرئاواش پیرۆزبایی لێکردن، چوون عەلمانیەکان تیایدا زۆرینەی دەنگیان هێنا ! ئیدی گرنگ نیە تەزویرە یان نا، گرنگ ئەوەیە نۆکەرانی خۆرئاوا جڵەوی حوکم بگرنەوە دەست !

وەنەبی ئەم کەمینە عەلمانیە بەتاقی تەنێ و بۆخۆیان ئەم کودەتایانەیان ئەنجام دابێ، بەڵکو لەسەرجەمی ئەو خیانەتکاری و تاوانانەیاندا خۆرئاواییەکان پشتیوان و هاوکاریان بوون . بە بەڵگەی ئەوەی کە هەر لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتاکان، ئەوان دانیان پێدا ناون و مامەڵەیان لەگەڵدا کردون . لە حاڵێکدا کە ئەگەر لەو وولاتانەی کە عەلمانیەکان فەرمانڕەوایی دەکەن دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، کودەتایان بەسەردا بکرێت، ئەوا خۆرئاواییەکان زۆر بەتوندی ئیدانەی دەکەن، خوانەخواستە ئەگەر ئەنجامدانی ئەو کودەتایە لەلایەن ئیسلامیەکان بێت،

---

(٣١٩) www.aljazeera.net .

ئەوا خۆرئاوا هەر بە ئیدانەکردنەوە ناوەستێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ هێزی سەربازی بەفریای عەلمانیەکانەوە دەنێرێت، نموونەش دەوڵەتی مالی لە ئەفریقیا و مۆریتانیا و سۆمال و...هتد .

هەموو ئەم ڕاستیانە پێشاندەری ئەوەن کە عەلمانیەکان چ خۆرئاواییەکان و چ کەمینە ڕۆژهەڵاتیەکەی، سەرجەمیان کۆکن لەسەر دژایەتی ئیسلامیەکان، هەروەها هاودەنگن لەسەر لەنێوبردنی هەر دەوڵەتێکی ئیسلامی کە دروست ببێت، جا بە هەڵبژاردن و دیموکراسی بێت یاخود بەهۆی جەنگ و ململانێی سەربازییەوە بێت . هەوەرك عەلمانیەکان زۆربەتوندی دژایەتی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن و ڕازی نین لە دەوڵەت و دادگاکانیدا کاری پێ بکرێت، واتا نایانەوێت ئیسلام حوکم بکات .

## دەرەنجام :

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە عەلمانیەت و ئیسلام دوو فیکر و عەقیدە و شەریعەتن و پێچەوانە و دژی یەکترن و لەگەڵ یەکدی و لەنێو یەك وڵات و لەنێو یەك دڵ دا جێگایان نابێتەوە و پێکەوە نایانکرێت . چوون باوەڕی عەلمانیەت پێچەوانەی بیروباوەڕی ئیسلامە، هەروەك تێکڕای یاساکانی عەلمانیەت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە . بۆیە ناکرێت لەیەك کاتدا پەیڕەو بکرێن، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە هەر مرۆڤێك، هەر پارت و دەوڵەت و هەر کۆمەڵگایەك تەنها خاوەنی یەکێك لەم دوو بیروباوەڕێت و دەستبەرداری ئەوی دیکەیان بێت . چوون دەبێت مرۆڤ تەنها یەك فیکر و یەك عەقیدە و یەك شەریعەتی هەبێت . واتا ناکرێت لەیەك کات و ساتدا مرۆڤ هەم موسڵمان بێت و هەمیش عەلمانی . ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە هەموو مرۆڤەکان ئازادانە و بۆ خودی خۆیان ئیختیار بکەن، جاخۆ بەهەر بارێك کە ویستی دەکەن و بەشیاوی دەزانن بۆ ژیانیان، تا هەر فیکر و ئایدیۆلۆژیا و یاسایەك هەڵبژێرن و ژیانی خۆیانی لەسەر ڕێکبخەن، لەپێناو ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ژیانیاندا ڕووبەڕووی دووڕوویی سەرلێ شێوان نەبنەوە بەهۆی دوو بیرو باوەڕیی و دوو ئایدیۆلۆژی و دوو یاساییەوە . لەلایەك یاسای دەستکردی مرۆڤی، کارێك بەڕەوا و درووست دابنێت، بەڵام لە شەریعەتی خوادا حەرام ناپەسەند بێت، یان

بەپێچەوانەوە شەریعەتی خودا بڕیاری لەسەر حەڵاڵی و دروستی کارێك دابێت، کەچی لە یاسای دەستکردی مرۆڤدا بە خراپ باسی لێوەکرابێت و بڕیاری مەنع کردنی درابێت ....هتد .

مرۆڤەکان چ بەپێی بیروباوەڕی ئایینی و چ بەپێی بیروبۆچوونی مرۆڤی، خاوەنی مافی ڕەهان لە ئازادی هەڵبژاردن، یاخوود ڕەتکردنەوە، وەلێ بۆخودی خۆی هەڵگری بەرپرسیاریەتی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانیانن .

ڕاستیەکەی ئەو ڕەوشەی کە لەمێستادا و لە خۆرهەڵاتدا دەگوزەرێت، ململانێیە لەنێوان دوو باوەڕ و ڕێباز و یاسادا، لەلایەك باوەڕێکی خودایی و لە لایەکی دی باوەڕێکی مرۆڤی، واتا ململانێیە لەنێوان وەحی و عەقڵ دا، کە وەحی دەیەوێت سەرەڕۆیی و سەرکەشیەکانی عەقڵ کۆت بکات و لەهەمانکات ڕێنومایشی بکات لە ناسینی خودی خۆیی و ئەم گەردوونەی کە تێیدا زیندەگی دەکات، لە ئامانج و هۆی بونی وریای دەکاتەوە و ئەرك و بەرپرسیاریەکانی لەم ژینەدا بۆ دەستنیشان دەکا و ڕێنیشاندەری دەکات بۆ سەرفرازی . وەلێ عەقڵێکیش لەبەرامبەرییەوە وەستاوە، کە لەمڕۆدا خۆرئاوا ڕابەرایەتی دەکات و ئاڕاستەی دەکات، کە ئەم عەقڵە خۆرئاواییە چیدیکە بوونی ئایینی پێ قەبووڵ نیە و پێڕەوی لێ ناکات . لە پاش زاڵبوونی ئەم عەقڵە خۆرئاواییە بەسەر ئایینی جولەکایەتی و مەسیحییەت و شێواندنی حەقیقەت و جەوهەری هەریەکە لەم دوو ئایین ئاسمانییە، ئەم عەقڵە سەرکەشە پەلی بۆ ڕۆژهەڵاتیش کوتا و لەماوەی سەدەیەك و پترە لەگەڵ ئیسلام دەرگیربووە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت جەنگ و ململانێی لەگەڵ دەکات . ئەو دەرگیریانەش تێکڕای کایە و بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە، واتا عەلمانیەتی خۆرئاییی لە هەموو مەیدانەکاندا بۆ ئیسلام دابەزیوە و پێی دا هەڵدەشاخێ . لەبواری عەقیدە و باوەڕی ئیسلامیدا، بیردۆزوو گریمانەی ماددی داڕشتووە، لەبەرامبەر فیکری ئیسلامیدا، فەلسەفە و عەقڵگەرایی قوتکردۆتەوە، لەبەرامبەر شەریعەتی ئیسلامیدا، یاسای دەستکردی کاتی داڕشتووە، ئەمە جگەلەوەی کە عەلمانیەت ڕۆشنبیری و کلتوری تایبەت بەخۆیی هەیە و بەگژ ڕۆشنبیری و کلتوری ئیسلامی چۆتەوە و ململانێی لەگەڵ دەکات بەئامانجی داڕماندنی .

دەرەنجامی ئەم ململانێیە شوێنەواری مەترسی داری لەسەر تەواوی کایە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان جێ هێشتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانە و تا حاڵی حازر

جەنگی نێوان ئەم دووباوەڕە درێژەی هەیە، سەرباری هەڵکشانی بزاوتی ئیسلامی و بەرەی ئیسلامخوازان، کەمینەی عەلمانی لە جومگە گرنگەکانی وڵاتانی ئیسلامی بونیان ماوە و تائێستاشی لەگەڵ بێت بەهۆی دەوڵەت و دامەزراوەکانیەوە بەردەوامی بەم ململانێیە دەدەن، ئەم جەنگ و پێکدادانە فیکرییە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە قوڵ بوونەوە دەکات و برینی بەسوێش دەخولقێنیت، لەگەڵ خۆشی دا ڕیزەکانی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ڕووەو لێکترازانی زیاتر دەبات، وەلێ مەیلی گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی مێژوویی ڕوو لە پەر دەکات، مانەوەی هەرچی زیاتر و زۆرتری عەلمانیەکان وەستاوەتەوە لەسەر مانەوە و بەردەوامی خۆرئاوا وەك تاکە زلهێزی بڕیاردەر و فەرمانڕەوای باڵادەستی جیهان . ئەمەش دیسان ئەگەرێکی قورسە لەپێش عەلمانیەکانی خۆرهەڵات، بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین جەمسەری دیکەی جیهانی، کە بەسوپای زەبەلاح و ئابووری فراوان و ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە لەبەرامبەر خۆرئاوادا وەستاونەتەوە و هەڕەشەی لەنێوبردنی نەك تەنها باوەڕەکانی خۆرئاوا یاخود هێزەسەربازییەکەی دەکەن، بەڵکو هەڕەشەی سڕینەوەشی دەکەن لەسەر نەخشەی جیهان، لەوانیش دەوڵەتانی زلهێزی وەك ڕوسیا و چین و هیندستانن، ئەمە جگە لە چەندین زلهێزی ناوچەیی وەك کۆریای باکور و ئێران و کوبا و....هتد . لەهەموو ئەوانەش کاریگەرتر بێ متمانە بوونی گەلانی جیهان و بەتایبەت جیهانی سێ و بەتایبەتی تریش جیهانی ئیسلامییە، بنەما و باوەڕ و دروشمە خۆرئاواییەکانە .

سەرجەمی ئەو هۆکارانە شوێنەواری کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئایندەی ئەو جەنگ و ململانێ فیکرییەی نێوان هەردوو بەرەی کەمینەیی عەلمانی خۆرهەڵاتی و بەرەی ئیسلامی ڕەسانایەتی خواز، وەلێ ئێمە لێرەدا دەوستین هەموو ئەوانە جێدێڵین بۆ داهاتوو .

## کۆتایی :

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە عەلمانیەت ڕێبازێکی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی ماددیگەراییە و هەر لە ڕوانگەی ئەم دوونیا دیار و بەرجەستەیەوە ڕاڤەی بوون و ژیان و مەرگ دەکات، هەر لەو دیدگایەشەوە لێکدانەوەی واتای ئیجابی و سلبی دیاری دەکات،

ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی سوود و چێژی ماددی و جەستەیی مرۆڤەکان . بەواتایەکی دی، عەلمانیەت سیستمێکی گشتگیری خولقێنراوی هزری بیرمەندان و فەیلەسوفانی لادینییە، وەك بەدیل و جێگرەوەی ئایین، بەئامانجی دووبارە و جاریکی دی تەفسیرکردنەوەی ژیان و ڕێکخستنەوەی تەواوی بیر و باوەڕ و ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤەکان . هەروەها بۆ ڕاڤەکردنەوەی هەر کەینونەیەك کەلەم گەردوونەدا بوونی دیار و بەرچاو و ئاشکرای هەیە . لەگەڵ داڕشتنەوەی ماناکانی ئەخلاقی پەسەند و ناپەسەند . سەرباری هەوڵدان بۆ دووبارە تەفسیرکردنەوەی ئایین، یاخوود هەوڵدان لەو پێناوەدا .

عەلمانیەت لە بیر و بۆچوونی مرۆڤی ماددیگەراوە سەرچاوەی گرتووە، هەڵبەت ئەم نەزم و باوەڕەش هەر بۆ ئەو مرۆڤانە  یاخود بۆ ئەو کۆمەڵگایانەیە کە نەیارن بە ئایین و سیستم و نەزمی ئایینی، واتا عەقیدە و شەریعەتی ئایینی بەشیاوی بەکارخستن و کارپێ کردن نابینن بۆ ژیانی مرۆڤەکان .

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدژی عەلمانیەت و ئیسلام ناتەبابوونیان لە تێکڕای بوارەکانی ژیان ئاشکرادەکات . هەروەك لایەنەکانی ئەو ململانێیە و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەرزی واقیع بەدیاردەخات کە لە حاڵی ئەمێستا و لەسەر زەمینی ڕۆژهەڵات و لەنێوان ئەم دوو فیکرەیەدا ڕوودەدات .

ئەو ڕاستیەش بەیاندەکات کە مرۆڤەکان ناتوانن لەیەك کات و ساتدا ببنە هەڵگری ئەم دوو فیکر و عەقیدە و ئایدیۆلۆژیایە، خۆ ئەگەر هەرکەسێکیش پێی وابێت لە یەك کاتدا موسڵمان و هەمیش عەلمانی بێت، ئەوا جگەلەوەی دەیسەلمێنێت کە لە هیچ کام لەو دوو باوەڕە نەگەیشتووە، ئەوەش ئاشکرادەکات کە لە وەهم و خەیاڵ و بەڵکو لەنێو خورافات دا دەژی .

هاوکات دەگەینە ئەو ڕاستیەش کە عەلمانیەت مانای زانست و زانستخوازی نیە، وەك هەندێك لە هەوادارانی بانگەشەی بۆدەکەن، چوون علمانیەت وەك ڕێبازێکی فەلسەفی کار لەسەر دونیابینی تێگەیشتنی مرۆڤەکان ڕەوشت و ڕفتاریان دەکات، وەلێ زانست لەسەر دیاردەکانی بوون و خودی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و پێکهاتە و سوود و زیانی بوونە ماددیەکان ڕووندەکاتەوە و زانیاری لەسەر

چۆنیەتی ئیستغلالکردن دەبەخشێت . وەلێ زانست کاری بەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤەکان و کردار و ڕەوشتیانەوە نییە .

واتا زانست ئەو چاویلکەیەیە کە دووریەکان و تەنەکان و قوڵاییەکانیان بەنزیککراوەیی دەخاتە پێش چاوی مرۆڤەکان، بەڵام عەلمانیەت دەستکاری بیرکردنەوەی مرۆڤەکان ئەخلاق و ڕەوشتیان دەکات و پێناسەی ژیان دەکاتەوە و یاسا و ڕێسای بۆ دادەڕێژێت، لێرەوە و بەم جۆرە شێوازێکی دیکەی ژیان بۆ مرۆڤ پێشنیار دەکات کە جیاوازە لەو شێوە ژیانەی ئایین بەرجەستەی کردووە . لەگەڵ هەموو ئەوانەش مرۆڤەکان ئازدن و خاوەنی مافی هەڵبژاردنن و ڕەتکردنەوەن و سەربەستن لە پەسەنکردنی هەر باوەڕێك یاخود ڕەتکردنەوەی، بۆخۆشیان بەرپرسیاری ئیختیارەکانی خۆیانن .

((( **والحمدالله الرب العالمين** )))

## سەرچاوەکان:

١-ئەورووپا لەهەردوو سەردەمی بوژاندنەوە و ڕۆشنگەریدا-کەیوان ئازاد-لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری (ی ن ك)-ژمارەی سپاردنی (٤٣٤) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دراوەتێ-چاپی دووەم-٢٠٠٤ .

٢-فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لای کانت-عبدالرحمان بدوی-و/سامان عەلی-ژمارەی سپاردن(٨٥)-٢٠٠٣-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٣-فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا-حەمید عەزیز-چاپی یەکەم-ژمارەی سپاردن(٢٢٤٨)-٢٠١٠ .

٤-سەرهەڵدانی مەسیحییەت-داناردۆ-و/مەهدی خون دل-ژمارەی سپاردن(٦٣٣)-چاپی یەکەم-وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر) .

٥-مێژووی جەنگە خاچییەکان-د.ئاراس فەریق زەینەڵ-و/نهاد جلال حبیب الله-چاپخانەی پەیوەند-ژمارەی سپاردنی(٢١٩٤)ی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە .

٦-پوختەی مێژووی ئەورووپا-پرۆفیسۆر جفری برۆن-و/نیهاد حبیب الله-چاپی یەکەم-٢٠٠٩ .

٧-ڕەهەندەکانی ریفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا-سامان حوسێن ئەحمەد-ژمارەی سپاردنی(١٣٦١)ی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە-چاپی دووەم-٢٠٠٧-چاپخانەی موکریانی(هەولێر) .

٨-النظام السياسي الاسلامي و الفكر اليبرالي–محمد الجوهر حمد الجوهري–القاهرة–دار الفكر العربي–١٩٩٣ .

٩-سەردەمی فیوداڵی-تیموتی لیڤی بیەڵ-و/ڕزگار پشدەری-چاپی یەکەم-ژمارەی سپاردنی(٨٧٦)ی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر) .

١٠-مێژووی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاست دا-دکتور عبدالامیر محمد امین، محمد توفیق حسین-وەرگێڕانی/مستەفا سەعید عەلی-لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەورامان-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٢٨١٢) ی ساڵی ٢٠١٠ ی دراوەتێ-چاپی یەکەم-چاپخانەی چوارچرا-ساڵی چاپ-٢٠١١ .

١١-ئافرەت لە ڕوانگەی عەلمانی و ئاینیەوە-مسعود عەبدالخالق-لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٨١٦) ی ساڵی ٢٠١٠ ی دراوەتێ-چاپی یەکەم/٢٠١٠-چاپخانەی منارە-هەولێر .

١٢-ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی-جیمز. ئەی. کۆریك-و/ڕەسوڵ سوڵتانی-ژمارەی سپاردن(٨٦٩)-چاپی یەکەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر) .

١٣-چەندمەسەلەیەکی باوی سەردەم-عەلی باپیر-٢٠٠٥ .

١٤-بونیادە سیاسیەکانی ئیسلام-فاتح سەنگاوی-ژمارەی سپاردن(٤١٧)-چاپی یەکەم-٢٠٠٥ .

١٥-بەراوردی ئایینەکان-انور الجندی-و/نهاد جلال حبیب الله-ژمارەی سپاردن(١٣٨٦)-چاپی یەکەم-چاپخانەی نارین-١٠١٢ .

١٦-مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا-کەمال پولادی-و/ئازاد وڵەد بەگی-سیروان جەبار زەندی-ژمارەی سپاردن(١٣٢)-چاپی یەکەم-٢٠٠٥-دەزگای موکریانی(هەولێر) .

١٧-ئیسلام و سیاسەت-ئارام قادر -ژمارەی سپاردنی (٤٦٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ دراوەتێ-شوێنی چاپ/کۆمپانیای چاپ و پەخشی سەردەم-چاپی یەکەم-ساڵی چاپ/٢٠٠٧ .

١٨-چاکسازی ئایینی-سارا فلۆوەرز-و/هەژار ڕەحیمی-چاپی دووەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر)-٢٠١٠ .

١٩-جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ-ئارام ڕەشید-ژمارەی سپاردنی(٢٢)ی ساڵ ٢٠٠٦ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ-چاپی سێیەم-٢٠٠٨ .

٢٠-چیرۆکی ئایینەکان-سلێمان مەزهەر-و/لوقمان حاجی قادر-ژمارەی سپاردنی(٢٣٤٠)ی دراوەتێ-چاپی یەکەم-٢٠٠٨-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی .

٢١-فیمینیزم و چەند خوێندنەوەیەکی تازە-جەلال سەتاری-و/بەیان عەزیزی-چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر-٢٠١٢ .

٢٢-سۆسیالیزم و پرسی ژن-کۆمەڵێك نووسەر-ئامادەکردنی/عەلی مولود-لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی کۆمۆنیستەکانی عێراق-چاپخانەی ئەندێش-ساڵی چاپ-٢٠٠٧ .

٢٣-ڕێنیسانسی ئیتالی-کارێن ئۆسمەن-و/مەهدی خون دل-ژمارەی سپاردن(٨٨٧)-چاپی یەکەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر) .

٢٤-مێژووی ڕێنیسانس-سیدنی دارك-و/ئەبوبکر خۆشناو-ژمارەی سپاردن(٢٢٠)-ساڵی ٢٠٠١ وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ-چاپخانەی داناز-ساڵی چاپ-٢٠٠٢ .

٢٥-سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەری ئەورووپی-هاشم ساڵح-و/شوان ئەحمەد-ژمارەی سپاردنی(٢٠٩)-چاپی دووەم-٢٠٠٩-چاپخانەی ڕەنج .

٢٦-پشکنینی بیروباوەڕەکان-دیبۆرابەکراش-و/تەحسین تەها بەهائەدین-چاپی یەکەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-(هەولێر) .

٢٧-سەدەکانی ناوەڕاست . دادگاکانی پشکنین . شۆڕشی فەڕەنسا ١٧٨٩-کۆمەڵێك نووسەر-چاپی یەکەم .

٢٨-ڕێنیسانس-جەیمز . ئەی . کۆریك-و/هەژار ڕەحیمی-ژمارەی سپاردن(٨٥٦)-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر) .

٢٩-شۆڕشی شکۆمەند-کلایس سۆیشەر-و/مەهدی خوون دل-چاپی یەکەم-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-زنجیرەی کتێب (٤٨٦) .

٣٠-مێژووی ڕێنیسانس-سیدنی دارك-و/ئەبوبکر خۆشناو-ژمارەی سپاردن(٢٢٠)ی ساڵی ٢٠٠١ لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ-چاپخانەی داناز-ساڵی چاپ-٢٠٠٢ .

٣١-ڕێنیسانس لەگەڵ باسێکی تر بەنێونیشانی رئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ-د.کەمال مەزهەر-و/فوئاد مەجید میسری-ژمارەی سپاردن (٤٥٠)-چاپخانەی شڤان-چاپی دووەم-٢٠٠٤.

٣٢-سەدەکانی بەرایی نێوەڕاست-جیمس . ئا . کۆریك-و/عەلی بوداغی-ژمارەی سپاردن(٨٥٨)-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی .

٣٣-مێژووی ئەورووپا لەسەردەمی ڕێنیسانسەوە تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی-محمد محمد ساڵح-و/ئارام محمد-ژمارەی سپاردن(١٩٧٣)-ساڵی چاپ ٢٠١١-نارین .

٣٤-فەندەمێنتاڵیزم و ململانێ ژیارییەکان-هاشم ساڵح-چاپی یەکەم-و/دلێر محمد-ژمارەی سپاردنی (٨٦٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ-چاپی یەکەم-سلێمانی-٢٠٠٧-چاپخانەی ڕوون .

٣٥-سەردەمی ڕۆشنگەری-جۆن ئێم . دان-و/هەژار ڕەحیمی-چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر)-چاپی یەکەم .

٣٦-شۆڕشی فەڕەنسا-فیلیس کۆرزین-و/هەژار ڕەحیمی-ژمارەی سپاردن(٨٧٤)-چاپی یەکەم-وەزارەتی ڕۆشنبیری(هەولێر) .

٣٧-شۆڕشی فەڕەنسی١٧٨٩-هەورامان وریا قانع-ژمارەی سپاردن(٧٥٨)-چاپی یەکەم-چاپخانەی سەردەم .

٣٨-دەربارەی عەقڵی سێکیولار و کورد سێکیولار-ئازاد تۆفیق-چاپی یەکەم-بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخان گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(١٤٢٣)ی ساڵی٢٠١١ پێدراوە .

٣٩- ئیسلام و عەقڵ . سعودیە و تیرۆر . شیعر و فەلسەفە-هاشم ساڵح-هەورامان وریا قانع-سەرپرشتی چاپ-سەردەشت حمە ساڵح-ژمارەی سپاردن(١٠٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی لە وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ .

٤٠-عەلمانیەت چییە؟ مانا و پێناسەکانی-زاهیر شێرکۆ-بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران-ژمارەی سپاردنی(٢٠٤٩)ی ساڵی ٢٠١١ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخان گشتیەکان پێدراوە-دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی-سلێمانی-٢٠١١ .

٤١-عەلمانیەت لەنێوان خۆرئاوای مەسیحی و خۆرهەڵاتی ئیسلامی-ئەبوبکر عەلی-٢٠٠٠ .

٤٢-عەلمانیەت و کاریگەرییەکانی-جەمال پیرە-چاپی یەکەم-هەولێر-چاپخانەی ڕەنج-٢٠٠٤ .

٤٣-جەدەلی ئیسلامی و عەلمانی-عومەر عەلی غەفور-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، مەکتەبی باس و لێکۆڵینەوە، زنجیرەی باسە فیکریەکان(١)-٢٠١٠ .

٤٤-ئایین و مۆدێرنە-مستەفا مەلەکیان و یاسین عومەر-لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران-لەبەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(٢٦٥١) پیدراوە-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-٢٠١٠ .

٤٥-ئایین، فاشیزم، مەرگ-هاشم ساڵح-هەورامان وریا قانع-کۆمەڵە ووتار-ژمارەی سپاردنی (٤١٢) ی ساڵی ٢٠٠٦ ی دراوەتێ-لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری (ی . ن . ك)-٢٠٠٦ .

٤٦-دیالۆگ لەمەڕ عەلمانیەت-دکتۆر فەرەج عەلی فۆدە-و/ئاکۆ عبدالکریم شوانی-ژمارەی سپاردن (٢١٥)-وەزارەتی ڕۆشنبیری-بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان-چاپی یەکەم-سلێمانی-٢٠٠٣ .

٤٧-لەدەوڵەتی دەسەڵاتخوازەوە بۆ دەوڵەتی عەقڵ-کەمال پولادی و/یوسف خدر چۆپان-لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٢٤٧) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی دراوەتێ-چاپخانەی منارە-چاپی یەکەم-٢٠٠٧-هەولێر. .

٤٨-خەمەکانی ڕۆشنگەری-هاشم سالّح-و/ئاوات ئەحمەد-لێکۆڵینەوە-ژمارەی سپاردنی (٤٢٧) ی ٢٠٠٦ ی دراوەتیّ-چاپی یەکەم-٢٠٠٦-چاپخانەی کارۆ-لە چاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم-زنجیرەی (١٤) .

٤٩-سەردەمی ڕۆشنگەری-جان . أم . دان-و/جەهانگیر غەفار(ئاگرین)-ژمارەی سپاردن(٢٨٢)-چاپی یەکەم-٢٠٠٨ .

٥٠-ئیسلام و دیموکراسی-عومەر عەلی غەفور-لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(١٤٢٥)ساڵی ٢٠١٢ی دراوەتیّ-چاپی یەم-٢٠١٢-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .

٥١-بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست-دکتۆرغانم محمد سالّح-و/سەلام کەریم عەلی-ژمارەی سپاردنی (١٠٩) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی دراوەتیّ-چاپی سێیەم-چاپخانەی چوارچرا-چاپی سێیەم-٢٠٠٥ .

٥٢-ڕەوتەکانی فیمینیزم-کۆمەڵێك نووسەر-و/کارزان محەمەد-ژمارەی سپاردن(٢٢٤٥)ی ساڵی-٢٠٠٨پێدراوە-چاپی یەکەم-٢٠٠٨ .

٥٣-فیمینیزم-جیەن فریدمەن-و/فەرشید شەریفی-ژمارەی سپاردنی (٣٦٦) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە-چاپخانەی کارۆ .

٥٤-مافی ئافرەت لەنێوان رەگەز سالاری و مرۆڤ سالاریدا-عومەر عەلی غەفور-مافی چاپ پارێزراوە بۆ کتێبخانەی ڕۆشنبیری-ژمارەی سپاردنی (٢٦٦) ی ساڵی ١٩٩٧ ی دراوەتیّ-چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە-چاپی یەکەم-١٤١٨ھ/١٩٩٧ز-هەولێر .

٥٥-بەجیهانی کردنی دیدێکی ئیسلامی-دکیۆر محسین عبدالحمید-و/حەمەکەریم عەبدوڵڵا-ژمارەی سپاردن(١٠٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتیّ-چاپی یەکەم-٢٠٠٦-کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر-پڕۆژەی (تیشك) .

٥٦-وەڵامدانەوەی چەند ڕەخنەیەك دەربارەی ئیسلا-نقام الدین عبدالحمید-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(١٠١٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ-نوسینگەی تەفسیر-هەولێر-٢٠٠٧ .

٥٧-ئیسلام و گلۆباڵیزم-محمد ئارگۆن-و/نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد-ژمارەی سپاردن(٣٨٩)-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-٢٠٠٥ .

٥٨-دەربارەی عەلمانیەت-بەختیار عەلی-شاهۆ سەعید-هەڵکەوت عبدالله-ئیسماعیل کوردە-جەمال پیرە-توانا ئەحمد- چاپی دووەم-٢٠١٢-کوردستان(هەولێر)-چاپخانەی نما .

٥٩-سەرەتایەك دەربارەی سۆسیۆلۆژیا-کۆمەڵە ووتار-و/شوان ئەحمەد-ژمارەی سپاردن(١٥٠٣)-چاپی دووەم-٢٠٠٩-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-سلێمانی .

٦٠-عوسمانیەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتەوە تا کودەتا بەسەر خیلافەتدا-محمد تەقوش-و/نەریمان خۆشناو و مستەفا سەید مینە-چاپی دووەم-٢٠٠٩-کتێبخانەی ئاودێر .

٦١-دەڵەتی مەغۆل و تەتار لەنێوان بڵاوبوونەوە و تێکشکاندا-دکتۆر علی محمد صلابی-و/ئەبوبکر ڕەسول محمد-ژمارەی سپاردن(٢٤١١)ی ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ-شوێنی چاپ-بەیروت-لوبنان-٢٠١٠ .

٦٢-ئیسلامی سیاسی-شوان ئەحمەد-ژمارەی سپاردن (٢٦)-سلێمانی-٢٠٠٤-چاپی نوێ-٢٠٠٤ .

٦٣-عوسمانیەکان-کۆمەڵێك نووسەر-و/سەلام عەبدولکەریم-چاپی دووەم-چاپەمەنی گەنج-٢٠٠٨-سلێمانی.

٦٤-ئیسلامی و عەلمانیەت لە تورکیا-ئیدریس بووانو-٢٠٠٨-لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان-لەبەڕیوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(١١٤٢)ی دراوەتێ

٦٥-مستەفا کەمال ئەتاتورك-مەنسور عەبدولحەکیم-و/شەویار حەسەن-لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(٧٨٢)ساڵی ٢٠١١ دراوەتێ-شوێنی چاپ-چاپخانەی ڕۆژهەڵات(هەولێر) .

٦٦-سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلام دا-عەلی باپیر-چاپی دووەم-١٩٩٨-سلێمانی .

٦٧-مێژووی تورکیای هاوچەرخ-حەمید بوز ئەرسەلان-و/نەجاتی عەبدوڵڵا-چاپی یەکەم-١٠٠٩-چاپخانەی ئاراس .

٦٨-قەتڵوعامی کورد لە تورکیا-کۆمەڵەی خۆییبوون-و/نەجات عەبدوڵڵا-شوێنی چاپ-سلێمانی-چاپخانەی شڤان-٢٠٠٨ .

٦٩-مێژووی ئێران و تورکیا-ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، دکتۆر خەلیل عەلی مراد-و/بەهادین جەلال مستەفا-شوێنی چاپ-هەلێر-چاپخانەی ڕۆژهەڵات-٢٠١١ .

٧٠-مەغۆل لەمێژوودا-فوئاد عەبدولموغنی ئەلسەیاد-و/نیهاد جەلال-ژمارەی سپاردن(٩١٩)-چاپی یەکەم-٢٠٠٨-چاپخانەی ڕوون .

٧١-عەلمانیەت و ئسولێەت-عەفیف ئەخزەر-و/شوان ئەحمەد-کتێبی ئاراس، ژمارە ١٢٨٧-چاچی دووەم-چاپخانەی ئاراس .

٧٢-شاڵاوی فیکر و واقیعی جیهانی ئیسلامی-حەیدەر عوسمان-ژمارەی سپارد(٣٨٣)-چاپی یەکەم-١٩٩٩ .

٧٣-الإسلام يتصدى للغرب الملحد-دكتور محمد نبيل النيشواتي-دار القلم-ديمشق-الطبعة الأولى-٢٠١٠ .

٧٤-لە ئەنتەرنێتەوە-شیکە أنصار الحسین .

٧٥-المدرسة العصرانية في نزعتها المادية تعطيل للنصوص و فتنة بالتغريب-محمد بن حامد الناصر-مكتبة الكوثر-الرياض-الطبعة الاولى-٢٠٠٤ .

٧٦-الخطر اليهودي بروتوكولات حكماء الصهيوني-محمد خليفة تونسي-دار الكتاب العربي-بيروت .

٧٧-فەرهەنگی بانگخوازان-ئەندازیار عوسمان محمد ڕشید-چاپی سێیەم-ساڵی چاپ ٢٠١٠ز-١٤٣١ك .

٧٨-العصرانيون و مفهوم تجديد الدين عرض و نقد-أستاذ دكتور عبدالعزيز مختار إبراهيم-الطبعة الاولى-٢٠٠٩

٧٩-العصرانيون بين مزعيم التجديد و ميادين تغريب-محمد حامد الناصر-مكتبه الكوپر-الرياچ-الگبعه اليانيه-٢٠٠١م .

٨٠-ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ئیسلامی-د. محمد ئاگۆن-و/دلێر ئەحمەد بەرزنجی-لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (٤٨٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ ی دراوەتێ-چاپخانەی منارە-چاپی یەکەم-٢٠٠٦-هەولێر .

٨١-ئاین . عەلمانیەت . فەندەمێنتاڵیزم-محمد ئاگۆن-و/شوان ئەحمەد-لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٦٥٣) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە-چاپخانەی ئاراس-چاپی دووەم-٢٠٢١ .

٨٢-بەسیاسی کردنی ئیسلام-شێرکۆ کرمانج-ژمارەی سپارد(٣٢٥)-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم-٢٠٠٥ .

٨٣-کۆمەڵگای سەربازی-ستار باقی کەریم-لە ڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی(٢٤٩١)ی ساڵی ٢٠١٢ دراوەتێ-چاپی یەکەم-هەولێر-چاپخانەی شەهاب .

٨٤-www.aljazeera.net .

عەلمانیەت یان ئاین ، ئەم تویژینەوەیە رۆچوونێکە بە نێو قولاییەکانی مێژووی
سەدەکانی سەرەتایی ئاین و هەولێکە بۆ تێگەیشتن لە ئایینی مەسیحیەت و
چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئینجیل و پاشان بلاو بوونەوەی ئەم ئایینە لە خۆرئاوادا
دواتر باس لە سەر هەلدانی کلێسا و بە دەسەلات گەیشتنی پاپاو پیاوانی
ئاینی دەکات ، وە تیشك دەخاتە سەر ئینحرافات و ستەم کاریەکانیان کە لە
سەدەکانی نێوەراست و لە ئەوروپا لە هەمبەر مەسیحیەت و هاو ئایینەکانیان
پێرۆیان کرد . لە هەمان کات سەرەتاکانی گەلالەبوونی فیکری عەلمانیەت و
هۆیەکانی بلاو بوونەوە و زال بوونی ئەم ئایدۆلۆژایە لە خۆرئاوا و پاشان
پەرینەوەی بۆ رۆژ هەلات بەیان دەکات . دواتر رۆلی خۆرئاوا و عەلمانیەکان لە
هەلوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی ، لە کۆتایشدا هەلوێستە لەسەر ئەو
جەنگە فیکریە دەکات کە لەم رۆدا و لە نێوان عەلمانیەت و ئیسلام و هەوادارانی
ئەم دوو ئایینە دا بەرپا بووە و بەردەوام تا ئێستەش درێژەی هەیە

. digitl.ahram.org-٨٦

عەلمانیەت یان ئاین ، ئەم توێژینەوەیە رۆچوونێکە بە نێو قوڵاییەکانی مێژووی
سەدەکانی سەرەتایی ڕاین و هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ئایینی مەسیحیەت و
چۆنیەتی کۆکردنەوەی ئینجیل و پاشان بڵاو بوونەوەی ئەم ئایینە لە خۆرئاوادا
دواتر باس لە سەر هەڵدانی کڵێسا و بە دەسەلات گەیشتنی پاپاو پیاوانی
ئاینی دەکات ، وە تیشك دەخاتە سەر ئینحرافات و ستەم کاریەکانیان کە لە
سەدەکانی نێوەراست و لە ئەوروپا لە هەمبەر مەسیحیەت و هاو ئایینەکانیان
پێرۆیان کرد . لە هەمان کات سەرەتاکانی گەلاڵەبوونی فیکری عەلمانیەت و
هۆیەکانی بلاو بوونەوە و زاڵ بوونی ئەم ئایدۆلۆژایە لە خۆرئاوا و پاشان
پەرینەوەی بۆ رۆژ هەلات بەیان دەکات . دواتر رۆلی خۆرئاوا و عەلمانیەکان لە
هەلوەشاندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی ، لە کۆتایشدا هەلوێستە لەسەر ئەو
جەنگە فیکریە دەکات کە لەم رۆدا و لە نێوان عەلمانیەت و ئیسلام و هەوادارانی
ئەم دوو ئایینە دا بەرپا بووە و بەردەوام تا ئێستەش درێژەی هەیە